2020

# 2019نامە – وەشانی 1

## ڕووداوە گرنگەکانی ساڵی 2019 یە کە ڕێکخراوی کوردیپێدیا بەدەستی هێناوە.

ئامادەکردنی: هاوڕێ باخەوان

ڕێکخراوی کوردیپێدیا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی کوردستان و کورد
https://www.kurdipedia.org
01-01-2020

## چەند وتەیەک

ئەمەی بەردەستتان، لیستەیەکی رێکخراوی رووداوە گرنگەکانی ساڵی 2019یە کە رێکخراوی کوردیپێدیا بەدەستی هێناوە..
لەم لیستەیەدا رەچاوی ریزبەندیی ئەلفوبێی ناوەکان کراوە، پاشان زمان و شێوەزمانەکان.
تۆمارەکان بەپێی توانا و دەستکەوتنی زانیاری، پێناسیان نووسراوە، وێنە ئەگەر دەستمان کەوتبێت خراوەتە پاڵ تۆمارەکەیەوە.
هەروەها هەر مێتاداتایەکی تری پێویستیش وەک پاشکۆ لەگەڵ تۆمارەکاندا دانراون.
لەگەڵ هەر تۆمارێک لینکێک هەیە، ئەو لینکە گریدراوە بە تۆمارەکەوە لەسەر ماڵپەڕی کوردیپێدیا، بابەتەکان هەندێکجار گۆڕانکارییان بەسەردادێت و باشتر دەکرێن، مێتاداتا و وێنەیان دەخریتەسەر، بۆ ئەوەی لە دوا ڤێرشنی ئەو تۆمارە ئاگاداربیت، کلیک لە بابەتەکە بکە و لە ماڵپەڕی کوردیپێدیادا بیکەرەوە.
لە کۆتایی هەر بابەتێکدا، وێنەی کویک ریسپۆنس هەیە، بەم وێنەیە کە سکێن دەکرێت، یەکسەر دەتباتە سەر بابەتەکە لەسەر ماڵپەڕی کوردیپێدیا.
هەندێک بابەت پەیوەستکراوە بە بابەتی ترەوە، بۆ نموونە نووسەر بە پەڕتووکەکانییەوە، یان هەندێک بابەت فایلی پەیوەندیداری لەگەڵە، ئەوانە لێرەدە پیشان نەدراون و بۆ بینینیان دەبێت لە ماڵپەڕی کوردیپێدیادا سەیریان بکەیت.

تێبینی: وەشانی یەکەمی ئەم کوردیپێدیانامانە، تاقیکردنەوەن!
ئەم پەڕتووکە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لە بەرنامەیەکی کۆمپیوتەریی تایبەت بە دەزگای کوردیپێدیاوە ئافرێندراوە.
بەهیوای ئەوەی ئەم لیستەیە زۆرتر و پاکژتری بکەین و بەزووترین کات وەشانێکی تر بخەینە بەردەستی ئێوەی بەڕێز..

رێکخراوی کوردیپێدیا
http://www.kurdipedia.org
http://www.kurdipedia.info
contact@kurdipedia.org
01-01-2020

# بڵاوکراوەکانی کوردیپێدیا

| # | ناوی پەڕتووک | زمان | ژمارەی وەشان | لاپەڕەکان - A4 | بابەت | ڕۆژی دەرچوون |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 65 | ئاراسنامە – وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 385 | 669 | 2019-01-11 |
| 64 | ژینگەنامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 173 | 158 | 2019-01-10 |
| 63 | 2018نامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 624 | 365 | 2019-01-03 |
| 62 | 2017نامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 472 | 363 | 2018-01-03 |
| 61 | چۆنێتیی بەکارهێنانی کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 30 | 0 | 2017-04-02 |
| 60 | 2016نامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 208 | 348 | 2017-01-22 |
| 59 | شهدائنا في حرب ضد الدولة الاسلامية - داعش، الطبعة ١ | SA عربي | 1 | 1252 | 2028 | 2016-10-10 |
| 58 | دور احداث شنكال في تطوير القضية الكردية | SA عربي | 1 | 20 | 0 | 2016-09-26 |
| 57 | ڕۆڵی ڕووداوەکانی شنگال لە پێشخستنی دۆزی کورد | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 21 | 0 | 2016-08-08 |
| 56 | شەهیدانی شەڕی داعش - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 1734 | 3287 | 2016-05-12 |
| 55 | 2015نامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 153 | 339 | 2016-01-01 |
| 54 | یارینامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 11 | 9 | 2015-09-17 |
| 53 | ناندینامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 29 | 45 | 2015-09-17 |
| 52 | یاسۆکنامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست | 2 | 189 | 141 | 2015-09-11 |
| 51 | هونەرنامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست | 2 | 1219 | 2075 | 2015-09-10 |
| 50 | چالاکوانانامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست | 2 | 1249 | 2075 | 2015-09-10 |
| 49 | وێنەنامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست | 2 | 882 | 2333 | 2015-09-10 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| -09-10 2015 | 771 | 847 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | بەڵگەنامە - وەشانی 1ەم | 48 |
| -09-10 2015 | 93 | 42 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | ئەتڵەسنامە - وەشانی 1ەم | 47 |
| -09-09 2015 | 1191 | 901 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | ئامارنامە - وەشانی 1 | 46 |
| -09-09 2015 | 4563 | 2703 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | نووسەرنامە - وەشانی 2ەم | 45 |
| -09-08 2015 | 719 | 325 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | بڵاوکراوەنامە - وەشانی 2ەم | 44 |
| -09-08 2015 | 11223 | 5207 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | پەرتووکنامە - وەشانی 2ەم | 43 |
| -09-07 2015 | 476 | 190 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | گەینامە - وەشانی 2ەم | 42 |
| -09-07 2015 | 4294 | 1347 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | ناونامە - وەشانی 2ەم | 41 |
| -09-07 2015 | 5613 | 1579 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | پەندنامە - وەشانی 2ەم | 40 |
| -09-07 2015 | 7015 | 2849 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | زیندانینامە - وەشانی 2ەم | 39 |
| -03-18 2015 | 117 | 89 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | یاسۆکنامە - وەشانی 1ەم | 38 |
| -03-14 2015 | 92 | 58 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | داعشنامە - وەشانی 2ەم | 37 |
| -02-01 2015 | 191 | 136 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | کۆبانێنامە - وەشانی 2ەم | 36 |
| -01-24 2015 | 226 | 135 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | شوێنەوارنامە - وەشانی 2ەم | 35 |
| -01-22 2015 | 2957 | 1347 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | شوێننامە - وەشانی 2ەم | 34 |
| -01-21 2015 | 536 | 353 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | پێشمەرگەنامە - وەشانی 2ەم | 33 |
| -01-19 2015 | 113 | 75 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | وەرزشنامە - وەشانی 2ەم | 32 |
| -01-18 2015 | 287 | 140 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | جاشنامە - وەشانی 2ەم | 31 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 30 | ژنکوژینامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست | 2 | 30 | 41 | -01-18 2015 |
| 29 | ڕێکخراونامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست | 2 | 510 | 960 | -01-16 2015 |
| 28 | هاوڕێنامە - وەشانی 4ەم | کوردیی ناوەڕاست | 4 | 1859 | 5035 | -01-15 2015 |
| 27 | براکوژینامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست | 2 | 172 | 285 | -01-11 2015 |
| 26 | ئەنفالنامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست | 2 | 165 | 359 | -01-10 2015 |
| 25 | شەهیدنامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست | 2 | 3935 | 7345 | -01-04 2015 |
| 24 | 2014نامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 166 | 344 | -01-01 2015 |
| 23 | کۆبانێنامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 118 | 130 | -11-23 2014 |
| 22 | گەینامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 236 | 428 | -11-23 2014 |
| 21 | داعشنامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 26 | 27 | -11-16 2014 |
| 20 | پێشمەرگەنامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 403 | 514 | -06-10 2014 |
| 19 | هاوڕێنامە - وەشانی 3ەم | کوردیی ناوەڕاست | 3 | 1653 | 4811 | -06-03 2014 |
| 18 | وێنەنامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 722 | 1419 | -06-03 2014 |
| 17 | وەرزشنامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 78 | 101 | -06-02 2014 |
| 16 | چالاکواننامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 1284 | 1778 | -06-02 2014 |
| 15 | ژنکوژینامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 31 | 33 | -06-01 2014 |
| 14 | براکوژینامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 219 | 282 | -06-01 2014 |
| 13 | هونەرنامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 1204 | 1695 | -06-01 2014 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 12 | زیندانینامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 1812 | 3172 | 2014-06-01 |
| 11 | ناونامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 1238 | 3259 | 2014-06-01 |
| 10 | ڕێکخراونامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 546 | 937 | 2014-05-31 |
| 9 | شوێنەوارنامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 100 | 171 | 2014-05-31 |
| 8 | شوێننامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 1396 | 2887 | 2014-05-31 |
| 7 | بڵاوکراوەنامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 435 | 756 | 2014-05-31 |
| 6 | پەندنامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 110 | 404 | 2014-05-31 |
| 5 | جاشنامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 163 | 285 | 2014-05-30 |
| 4 | ئەنفالنامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 188 | 358 | 2014-05-28 |
| 3 | نووسەرنامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 2291 | 3289 | 2014-05-28 |
| 2 | شەهیدنامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 2753 | 6140 | 2014-05-27 |
| 1 | پەرتووکنامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 3562 | 12747 | 2014-05-25 |

## دەربارە!

کوردیپێدیا، پرۆژەیەکە بۆ کۆکردنەوەی هەر زانیارییەکی پەیوەست بە کوردستان و کورد و بەهیوایە لە پاشەڕۆژدا ببێتە پڕزانیاریترین سەرچاوەی کوردی و بەهۆیەوە بەئاسانی بزانرێت: کێ، کێیە؟! و کوێ، کوێیە؟! و چی، چییە؟...!
کوردیپێدیا وشەیەکی لێکدراوە و لە کوردی و پێدیا پێکهاتووە. وشەی پێدیا، وشەی دووەمی وشەی لێکدراوی گریکی ئەنسیکلۆپێدیایە (encyclopedia) کە بەواتای ناسین یان زانینی یاخود زانیاریی گشتی دێت. وشەی کوردیپێدیاش لەوەوە داتاشراوە و دەکرێت واتای کوردناسی، کوردیناسی یان کوردزانین یاخود زانیاریی کوردی بدات.

سەرچاوەکانی کوردیپێدیا بریتییە لە:

ئەو تۆمارانەی کە هاوکارانی کوردیپێدیا لەنێو ماڵپەڕەکانی ئنتەرنێت دەیدۆزێتەوە و لە یەکێک لە پۆلەکانی کوردیپێدیادا چروپڕیدەکاتەوە و هەندێکجاریش هەوڵی گۆڕینی ڕێنووسە هەڵەکانی دەدرێت و بەشێوەیەکی دروست تۆماریدەکاتەوە، بەبێ ئەوەی دەستکاریی ناوەڕۆکی بابەتەکان بکرێت. هەر بابەتێک لە هەر ماڵپەڕێکەوە وەربگیرێت، وەک ئەمانەتێکی زانستی ناوی ماڵپەڕەکە لە لیستی سەرچاوەکەدا تۆماردەکرێت.
ئەو بابەتانەی کە میوانانی کوردیپێدیا بۆماندەنێرن و لەڕێی فۆڕمی تۆمارکردنی بابەتێکەوە ئامادەیدەکەن. هەر بابەتێک لەلایەن هەر میوانێکەوە بەدەستمان بگات، ناوی ئەو میوانە دەبێتە سەرچاوەی ئەو بابەتە. تکایە هەر کەسێک نایەوێت ناوی لە لیستی سەرچاوەکانی کوردیپێدیادا ببێت با ئاگادارمانبکاتەوە.
ئەو نامە تایبەتییانەی کە بەدەست کوردیپێدیا دەگەن و پەیوەستن بە ژیان و کارنامەی ئەو کەسانەی کە دەخوازن وەک بابەتێک بێنە نێو ئەم کوردیپێدیایەوە.
ئەو بابەتانەی کە هاوکارانی کوردیپێدیا لە دوو توێی بڵاوکراوەکاندا ئامادەیدەکات و چروپڕیدەکاتەوە و پۆلێنی دەکات.
ئەو دیمانانەی کە هاوکارانی کوردیپێدیا لەگەڵ کەسانێکدا ئەنجامی دەدات، بەمەبەستی نووسینەوەی بیۆگرافیی کەسێک، شوێنێک، ڕێکخراوێک، بڵاوکراوەیەک یان هەر شتێکی تری پەیوەست بە کوردستان و کورد.
تەواوی بابەتەکانی پۆلی ڕێکەوت و ڕووداو لە داتابەیسی هاوڕێنامەوە وەرگیراوە، بڕوانە: هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی ڕوون – سلێمانی – 1999 .

هەر تۆمارێک بێتە نێو کوریدپێدیاوە، بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندیی بە کوردستان و کوردستانییانەوە هەیە، هیچ بابەتێک لە دەرەوەی ئەو تەوەرانە تۆمار ناکرێت. لەو تێڕوانینەوە هەندێکجار ژیان و کارنامەی کەسێکی ناکورد دەبینیت، ئەو کەسە یان کوردناسە و خاوەنی باسێکە لەسەر کورد یان کوردستانییەکی ناکوردە، یاخود پەیوەندیی بەڕووداوێکی کوردستانییەوە هەیە.

کوردیپێدیا، هیچ پەیوەندییەکی بە ویکیپێدیا و هەر ڕێکخراوێکی ترەوە نییە، پرۆژەیەکی سەربەخۆیە و ئەرکێکی تایبەتیی ڕێکخراوی کوردیپێدیایە.

تکایە ئەگەر هەر زانیارییەک لەم داتابەیسەدا بۆ بەڕێزتان گونجاو نییە و ناخوازن لێرەدا ببێت، ئەوا کوردیپێدیای لێ ئاگاداربکەنەوە.
کوردیپێدیا هەر زانیاری و وێنەیەک لە هەر سەرچاوەیەکەوە وەربگرێت، بۆ مەبەستێکی بازرگانی بەکاریناهێنێت.

کوردیپێدیا بەردەوامە لەسەر پاکژکردنی بابەتەکان و وەرگێڕانی ساڵە کۆچی و هەتاوییەکان بۆ ساڵی زایینی بەشێوەیەکی دروست، تکایە لە هەڵە و کەموکورتییەکانمان ببوورن.
هەر زانیارییەک لە کوردیپێدیاوە وەربگیرێت، پێویستە ناوی سەرچاوەکەیی و ناوی کوردپێدیای لەسەر بنووسرێت.

ماڵپەڕ و داتابەیسی کوردیپێدیا بە دۆت نێت #C - و SQL و لە هەندێک لاپەڕەشدا بە گووگڵ API ئامادەکراوە کە بەشێکی زۆر کەمی Adobe Flash Player بەکاردێنێت. ڕۆژانە لەسەر دوو سێرڤەری جوودا بەکئەپی داتا و وێنەکان دەکرێت، تاوەکو پارێزراوبن لەهەر هێرشێکی هاکەرەکان.!
ماڵپەڕی کوردیپێدیا لەسەر براوسەرەکانی ئنتەرنێت ئێکسپلۆرەر، فایەر فۆکس، سەفاری، ئۆپێرا و گووگڵ کرۆم بەتەواوەتی تێست کراوە و بەبێ کێشە کاردەکات، تکایە ئەگەر هەر کێشەیەکتان بوو ئەوا ئاگادارمان بکەنەوە..
بەهۆی هەوڵەکانی هاوکارمان کاک (هەڤاڵ نەژاد)ەوە، کوردیپێدیا لە ڕۆژی ١١-١١-٢٠١٣ بووە ڕێکراوێکی فەرمی و لە هەولێر لە

فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان تۆمارکرا.
بەهیوای ئەوەی کوردیپێدیا بکەینە پڕزانیاریترین سەرچاوەی کوردی و بانکی زانیاریی نەتەوەیی کورد!
لەگەڵ ڕێزی هاوکارانی کوردیپێدیا:

**👦زریان سەرچناری**
**👦هاوڕێ باخەوان**
**👦مانو بەرزنجی**
**👦سەریاس ئەحمەد**
**👧جوان عومەر ئەحمەد**
**👧بەناز جۆڵا**
**👧نالیا ئیبراهیم**
**👦ئاراس ئیلنجاغی**
**👧ئەڤین ئیبراهیم فەتاح**
**...**

دامەزرێنەری کوردیپێدیا: هاوڕێ باخەوان
Tel.: +31 (6) 54710293
2008 - 2020

**بابەت: 363**

**ڕۆژی دەرچوون: 2020-01-01 PM9:22:51**

بابەت: 1

**2019-01-01**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181012230212983l8




باکووری کوردستان
- کاتژمێر 05:09 خولەکی بەرەبەیانی ئەمڕۆ، بومەلەرزەیەک بە گوڕی 4.3 پلە بە پێوەری ڕیختەر و بە قوڵایی 5 کیلۆمەتر لە ژێر زەوی، ناوچەی چەرمگ-ی سەر چەولیکی هەژاند.[2]
- پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بەمەبەستی دیدار لەگەڵ ڕێبەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆ 777هەمین جارداواکارییان پێشکەشی سەرۆکایەتیی داواکاری گشتیی شاری بوورسا کرد، بەڵام ئەم جارەش داواکارییەکەیان ڕەتکرایەوە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- دۆناڵد ترەمپ بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا ماوەی چوار مانگی دیاریکردووە، ئەوەش لە کاتێکدایە پێشتر داوای کردبوو لەماوەی 30 ڕۆژدا پرۆسەی کشانەوەکە ئەنجامبدرێت.[1]

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ڕووداو - 2019-01-01
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-01-01


کاتی تۆمارکردن: 2018-10-12 11:02:12 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 2

**2019-01-02**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181201211157165052



باکووری کوردستان
- پارێزگەی جۆلەمێرگ ڕایگەیاند، لە 31 شوێنی ناوەندی شاری جۆلەمێرگ و ناوچەکانی بۆ ماوەی 15 ڕۆژ بە بیانووی (ئاسایشی) هاتووچۆ قەدەغە کراوە.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی ئامانج شوکری کوڕی تۆفیق خەڵکی نەوسوود بە هۆی تەقەی هێزە نیزامییەکان لە سنووری ئەو شارە بریندار کرا.[4]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی سابیر مۆحسێنی تەمەن 21 ساڵ کوڕی عومەر بە هۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران لە سنووری شاری بانە بریندار بوو.[4]
- فەرهاد محەممەدی، پارێزەری پلە یەکی دادگوستەری پاش بانگهێشت بۆ ستادی خەبەری ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە دەسبەسەر و بۆ گرتنگەی ئەو ئیدارەیە ڕاگوێزرا. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، لە ماوەی ڕابردوودا ئەو پارێزەرە کوردە چەندین جار بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە بانگهێشت و لەبارەی چالاکییەکانی لێپێچینەوە لێکرابوو.[4]
- یەکێک لە دەسبەسەرکراوانی گوندی نێی مەریوان بە ناوی موحسێن فەرهمەند تەمەن 24 ساڵ

کوڕی خوسرەو بە دانانی بارمتە بە شێوەی کاتی ئازاد کرا.[4]
- هاووڵاتییەکی کورد، بە ناوی سوهراب ڕەخشا دانیشتووی شاری ورمێ، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا. ئەو هاووڵاتییە کوردە، یەکێک لە ناسراوترین خێرخوازەکانی شاری شنۆ بووە و لە دروستکردنی قوتابخانەکانی شنۆدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە.[4]
باشووری کوردستان
- ڕێڤینگ هروری، سەرۆکی کاتی پەرلەمان رایدەگەیەنێت: ناکرێت لایەنەکان بەهۆی ڕێکنەکەوتن لەسەر پۆستە حکومییەکان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان وەلابنێن، بۆیە داوا لەلایەنە سیاسییەکان دەکەم دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێرن، دواتر لایەنە سیاسییەکان گفتوگۆ لەسەر پێکهێنانی حکومەت بکەن.[1]
- بەفر ڕێگەی 100 گوندی پارێزگای دهۆکی داخستووە، تیمەکانی شارەوانیش ڕێگەی زیاتر لە 80 گوندیان کردووەتەوە. لە شارۆچکەی کانی ماسێی سنووری پارێزگای دهۆک 110 سانتیمەتر بەفرباریووە، ئەمەش دەبێتە زۆرترین ڕێژەی بەفربارین لەو پارێزگایە.[2]
- لە کاتژمێر 12:50 خولەکەوە فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک دەستیان کردووە بە بۆردوومانکردنی گوندی گوهەرز-ی سەر بە شارۆچکەی ئامێدیی لە پارێزگای دهۆک.[3]
- ماوەی چەند ڕۆژێکە جۆرێک کرم لەناو زەوی چێنراو بە دانەوێڵەی گەنمدا پەیدابووە کە ئە و گەنمانەی شینبوون دەیانخوات، بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵیش دەڵێت: بەهۆی بەردەوامی بارانبارین ناتوانین دەرمانی قڕکەر بەکاربهێنین.[1]
- لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمان، پارتی داوای کرد پەلە بکرێت لە هەڵبژاردنی کابینەی نۆیەم و دۆسیەی کەرکوک و ناوچە دابڕێنراوەکان تێکەڵ بە گفتوگۆکانی پێکهێنانی حکومەت نەکرێت.[2]
- خەرجکردنی مووچەی ئەندامان و فەرمانبەرانی ئەنجومەنی شارۆچکەی داقوق پێویستی بە واژۆی ڕێبوار تاڵەبانییە، بەڵام بەهۆی ئەوەی فەرمانی گرتن و زیندانیکردنی بۆدەرچووە لە لایەن دادگاوە، کار بە واژۆکەی ناکرێت و بەو هۆیەشەوە مووچەی ئەندامان و فەرمانبەرانی ئەنجومەنی شارۆچکەی داقوق ڕاگیراوە.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئاژانسی هەواڵی هاوار بڵاویکردووەتەوە، شەوی ڕابردوو چەتەکانی سەر بە دەوڵەتی تورک هێرشیان کردووەتە سەر هەردوو گوندی بوغاز و بوهیج سەر بە شارەدێی عەریمە لە ڕۆژهەڵاتی شاری باب، شەرڤانانی ئەنجومەنی سەربازی بابی-یش بەرپەرچی هێرشەکانیان داوەتەوە، شەڕ و پێکدادانیش تا درەنگانی شەو بەردەوام بووە.[3]
- شیمار حیمۆ چالاکوانی سیاسی لەڕۆژئاوای کوردستان رایگەیاند: هێزەکانی هاوپەیمانان هێشتا لەناو منبج ماونەتەوە و کارەکانی خۆیان بەشێوەیەکی تۆکمە ئەنجام دەدەن.[6]
دەرەوەی کوردستان
- دۆناڵد ترمپ سەرۆکی ئەمریکا رایگەیاند لە پاش کشانەوەی هێزە سەربازییەکانیان لەسوریا کار بۆ پارێزگاریکردن لە کورد دەکەن لە و بەشەی کوردستان.[1] هەروەها وتیشی کورد تۆزێک نەوتیان هەیە، دەیفرۆشن بە ئێران، ئێمەش ئەو بابەتەمان پێخۆش نییە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ

شار و شارۆچکەکان: بانە

شار و شارۆچکەکان: سنە

🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ منبج
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ مەریوان
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ ورمێ
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ شنۆ
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ دهۆک
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ ئامێدی
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-01-02
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-01-02
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-01-02
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-01-02
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-01-02
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-01-02

کاتی تۆمارکردن: 2018-12-01 9:11:57 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 3

**2019-01-03**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181201211157165053




باکووری کوردستان
- دووەمین دانیشتنی پێنجەمین دادگەی سزا قورسەکانی شاری وان دەربارەی دۆسیەی ڕۆژنامەوان ئیدریس یڵماز کە بە تۆمەتی (ئەندامەتیی ڕێکخستن) بۆی کرابوویەوە، بەڕێوەچوو. یڵماز لە بەندیخانەی خارپێت-ەوە لە ڕێی سیستەمی دەنگ و ڕەنگ (SEGBÎS) بەشداری لە دانیشتنەکەدا کرد. ڕۆژنامەوان ئیدریس یڵماز لە چێوەی بەرگری لە خۆکردندا هەمان قسەکانی یەکەمین دانیشتنی دادگەی دووبارە کردەوە. هەروەها پارێزەرانی ناوبراو جارێکی دیکە داوایان کرد گوێ لە شایەتحاڵەکان بگیرێت و کاتی زیاتریان پێبدرێت. دەستەی دادگە هەموو داواکارییەکانی ڕەتکردەوە و بە بیانووی (ئەندامەتیی ڕێکخستن) سزای 6 ساڵ و 3 مانگ زیندانی کردنی بۆ ڕۆژنامەوان ئیدریس یڵماز بڕیەوە.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ژمارەیەک لە نوێنەرە کوردەکانی چوار پارێزگای ڕۆژهەڵات لە نامەیەکدا دەنگی نارەزایەتی خۆیان بەرامبەر بە هێرش و هەڕەشەکانی تورکیا بۆ سەر کوردانی ڕۆژئاوا دەگەیەننە سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان و داوا دەکەن ڕێگری بکەن لە هێرشکردنی حکومەتی تورکیا بۆ سەر سوریا و کۆمەڵکوژکردنی بێ بەزەییانەی هاووڵاتیانی کوردی ئە و وڵاتە.[1]

- بەڕێوەبەری ڕێگاوبان و گواستنەوەی مەهاباد ڕایگەیاند، سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ بارینی بەفر لە مەهاباد دەستیپێکردووە و نزیکەی 70 سانتیمەتر باریوە و بەفربارین بەردەوامیی هەیە.[5]
- کاروانێک لە کۆڵبەران لە شاخەکانی سنووری ناوچەی سۆمای برادۆستی ورمێ دەکەونە کەمینی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران و بە هۆی تەقەی ئەو هێزانە کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی یەعقووب (کامیان) نیک سیرەت کوڕی ڕەزاق خەڵکی گوندی جۆجەهی سەر بە سۆمای برادۆست گیانی لە دەست داوە.[7]
باشووری کوردستان
- ماڵپەڕی پوک میدیا کە میدیای فەرمی یەکێتییە، ئەمڕۆ بڵاویکردوەتەوە، کاتژمێر 10:30 خولەکی شەوی ڕابردوو، لە گەڕەکی برایەتی هەولێر هێزێکی سەربە ئاسایشی پارتی هەڵیانکوتاوەتە سەر ماڵی 'پێشڕەو ویستی' کارگێڕی مەڵبەندی سێی هەولێری یەکێتیی و ڕفاندویانە. ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە، لەلایەکی دیکەوە لە گەڕەکی ڕۆشنبیری شاری هەولێر هێزی ئاسایشی پارتی هەوڵی ڕفاندنی کادیرێکی یەکێتی بەناوی 'لێزان بەکر'-یان دا.[2][3]
- بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر ڕایدەگەیەنێت: بەهۆی ئەوەی هێزێکی یەکێتی کادیرێکی ئێمەیان دەستگیرکردوە، بۆیە ئەوانیش ئەو کادیرەی یەکێتیان دەستگیرکردوە.[1]
- بەهۆی بارینی بەفرێکی زۆرەوە، ڕێگای نێوان حاجی ئۆمەران – چۆمان گیراوە، ئەوەش بووەبەهۆی ئەوەی سەدان ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر و تایبەت بووەستن.[3]
- ڕاکان جبووری، پارێزگاری بەوەکالەتی کەرکوک هێزێکی ئەمنی لەگەڵ ئەحمەد ڕەجەب داود عوبێدی ناردووە و چوونەتە نێو بەڕێوبەرایەتی وەرزش و لاوانی کەرکوک بۆ ئەوەی ڕەجەب داود عوبێدی وەک بەڕێوەبەری نوێی بەڕێوەبەرایەتی وەرزش لاوان لە شوێنی بەڕێوەبەری ئێستا کە کوردە، دەستبەکاربێت.[6]
- ئەمڕۆ ژمارەیەک لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی هەولێر و سۆران لەبەردەم پەرلەمانی پەرلەمانی کوردستان گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا و لە گردبوونەوەکەدا یاداشتێکیان خوێندنەوە، یاداشتەکەشیان ڕادەستی پەرلەمان کرد. هاوار هەرکی، نوێنەری ڕێکخراوەکان، یاداشتەکەی خوێندوە، کە تیایدا هاتبوو: ئەمڕۆ هاتین بە پەرلەمانتاران بڵێین، کاربکەن بۆ ئەوەی چیتر ژنان نەبنە قوربانیی دەستی کۆمەڵگای بەبیانووی شەرف و هۆکاری تر.[3]
- بەشێک لە خوێندکارانی پۆلی 12ی شارۆچکەی کەلار، دژی جێبەجێکردنی سیستمی 50 بە 50 لە تاقیکردنەوەکانی وەرزیی یەکەم و دووەمی خوێندن، لە بەردەم بینای پەروەردەی گەرمیان گردبوونەوەیەکی نارەزایەتییان ئەنجامدا و داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارەیان کرد.[3]
دەرەوەی کوردستان
- موهەنەد عیقابی، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی دەستەی حەشدی شەعبی، ئاشکرای کرد: ژووری ئۆپراسیۆنی ئەمنی فریاکەوتن، لە نێوان عێراق و سوریا دروستکراوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر حاڵەت و کەموکوڕییەکی ئەمنی کە بەهۆی پاشەکشەی هێزەکانی ئەمریکاوە دروستببێت، هێزی پێشمەرگەش لە و ژوورەدا بەشدارە.[1]
- هەردوو سەرۆکی داگیرکەرانی ئێراق و تورکیا لە ئەنکەرە کۆبوونەوە.[4]
- ڕۆژنامەی لوپاریزینی فەرەنسیی بڵاویکردەوە، ئیمانوئێل ماکرۆن سەرۆک کۆماری فەرەنسا ڕۆژی چوارشەممە (دوێنێ) لەبارەی بڕیاری کشانەوەی دوناڵد ترامپ سەرۆکی ئەمریکا لە سوریا، بە تەلەفون قسەی لەگەڵ ڤلادیمیر پوتین سەرۆکی ڕووسیا کردووە. ڕۆژنامەی لوپاریزێنی فەرەنسی هەواڵەکەی لە کۆشکی ئیلیزێ وەرگرتووە و بەپێی ئەو هەواڵە، ماکرۆن لە پەیوەندییە تەلەفونییەکەیدا بە پوتینی وتوە، پێویستە کورد بپارێزێت.[5]
- سەرۆکی کۆمسیۆنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمانی ئەڵمانیا داوا و پێشنیار دەکات، کە لەپێناو پاراستنی ڕۆژئاوای کوردستان و باکوری سوریا ناوچەی ئارام و دژە فڕین دروست بکرێت، بۆ ئەوەش داوا لە حکومەتی وڵاتەکەی و فەرەنسا دەکات پێشنیارەکە بدەنە نەتەوە یەکگرتووەکان.[3]
- کوردەکانی نیشتەجێی تارانی پێتەختی ئێران، بە مەبەستی ڕێزگرتن و دەربڕینی ئەمەگناسیی خۆیان بەرانبەر بە دوو هونەرمەندی نەتەوەیی کورد، مریەم قازی و سمکۆ پاکزاد، کۆڕیادێکیان لە

نووسینگە کۆڕی کوردانی تاران بەڕێوە برد. ئەو کۆڕیادە کە لە لایەن لێژنەی نووسینگەی کۆڕی کوردانی تارانەوە ڕێکخرابوو، بە بەشداریی لێژنە ئەدەبیی کوردانی دانیشتووی تاران (ڕامان)، لێژنەی ژنانی کوردانی دانیشتووی تاران، ئەدیبان، هونەرمەندان، خوێندکارانی کوردی زانکۆوەکانی تاران، کەسایەتییە مەدەنی و ناسراوەکانی کورد و کوردانی دانیشتووی تاران، بەڕێوە چووە.[7]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | چۆمان (باڵەکایەتی) |
| شار و شارۆچکەکان: | سۆران |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| شار و شارۆچکەکان: | وان |
| شار و شارۆچکەکان: | کەلار (گەرمیان) |
| شار و شارۆچکەکان: | ورمێ |
| Quick Respons Code: | |


سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 03-01-2019

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 03-01-2019

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 03-01-2019

[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 03-01-2019

[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 03-01-2019

[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 04-01-2019


کاتی تۆمارکردن: 01-12-2018 9:11:57 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 4

**2019-01-04**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181201211157165054

باکووری کوردستان

- لەیلا گوڤەن ماوەی 58 ڕۆژە دژی گۆشەگیریی سەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان مانی لە خواردن گرتووە و ژووری پارێزەرانی ئامەدیش ڕایگەیاند، بارودۆخی لەیلا مەترسیدارە، چونکە ویستویانە سەردانی بکەن و چاویان پێی بکەوێت، بەڵام بەهۆی خراپی باری تەندروستییەوە نەیتوانیوە بچێتە دیدەنییان.[4]

- دایکی لەیلا گیوڤەن هاوسەرۆکی کەدەجە و پەرلەمانتاری هەدەپە، ماڵئاوایی لەژیان کرد.[3]

- شەوی ڕابردوو، لە شاری ئامەد گروپێک کە دەموچاوی خۆیان داپۆشیبوو، لەدژی بنکەی پۆلیس-ی شاری نوێی ئامەد، کارگەی گۆشت وشیر و مارکتێک چالاکییان ئەنجامدا و لەڕێگەی بۆمبی دەستییەوە ئەوشوێنانە کرانە ئامانج. ڕاگەیەنرا کە لەوچالاکییانەدا کەسێک بریندار بووە ورەوانەی نەخۆشخانە کراوە. لەلایەکی ترەوە پۆلیسی تورکیا ناوچەکەی بەچڕی گەمارۆدا وهاتووچۆیان بۆماوەیەک قەدەغە کرد.[3]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- کاروانێک لە کۆڵبەران لە شاخەکانی سنووری ناوچەی سۆمای برادۆستی ورمێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتووەتە کەمینی هێزە ئەمنییەکانی حکومەتی ئێران و بەهۆیەوە کۆڵبەرێک بە ناوی (یەعقوب نیک سیرەت) خەڵکی گوندی جۆجەهی سەر بە سۆما برادۆست گیانی لە دەستداوە.[4]

باشووری کوردستان

- بەڕێوەبەری گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێم لە ئامێدی رایدەگەیەنێت: بە بەراورد بە ساڵانی رابردوو ئەمساڵ زۆرترین ڕێژەی بەفر لە ئامێدی باریووە، بەشێوەیەک لەماوەی دوو ڕۆژا گەیشتووەتە 118 سم.[1]

ڕۆژئاوای کوردستان

- شەرڤانانی هێزەکانی سووریای دیموکراتیک قەسەدە لە چوارچێوەی هەڵمەتی گردەلوولی جەزیرەدا شەوی ڕابردوو زیاتر لە 700 کەسیان کە لە ژن ومنداڵ وب ەساڵاچوو پێکدەهاتن لەدەستی چەتەکانی داعش ڕزگارکرد و گوازرانەوە بۆ ناوچە ئارامەکان.[3]

دەرەوەی کوردستان

- سەرچاوەیەک لە ئەنجومەنی مەدەنی دێرەزور ڕایگەیاند: بەشێک لە هێزەکانی ئەمریکا، پێنجشەممە 3ی کانونی دووەمی 2019 سوریای بەرە و عێراق جێهێشتووە.[1]

- وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا، ڕایگەیاند ئەرکی وەزارەتی دەرەوە بریتییە لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەو وڵاتە. پۆمپیۆ ئاماژەی بەوەشدا کە یەکێک لە فەرمانەکان بریتییە لە دڵنیابوونەوە لەوەی سوپای تورکیا کوشتاری دژ بە کورد ئەنجام نادات و پێکهاتە ئاینییەکانی ناو سووریا پارێزراو دەبن.[2]



تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

شار و شارۆچکەکان: ورمێ

شار و شارۆچکەکان: ئامێدی

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-01-04
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-01-04
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-01-04
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-01-04

کاتی تۆمارکردن: PM 9:11:57 2018-12-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 5

**2019-01-05**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181201211157165055



باکووری کوردستان
- لەیلا گیوڤەن ماوەی 59 ڕۆژە لە چالاکیی مانگرتنی بێسنووردایە و باری تەندروستیی باش نییە و بەهۆیەوە ناتوانێت لەسەر پێ بوەستێت و بەشداری لە پرسەکەی دایکی دا بکات.[3]
- خانەوادەی عەبدوڵلا ئۆجەلان ، بەمەبەستی سەردانی ئیمراڵی دوێنێ داواکارییەکی دیکەیان پێشکەشی سەرۆکایەتیی داواکاری گشتیی کرد، بەڵام ئەم جارەش داواکارییەکەیان ڕەتکرایەوە.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزە ئیتلاعاتییەکانی سەر بە ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە هێرشیان کردووە سەر شوێنی کاری عیسا فەیزی، چالاکی ژینگەپارێز لە شەقامی ئەلک شاری کامیاران و ناوبراویان دەسبەسەر کردووە. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەم چالاکە ژینگەپارێزە لە کاتی دەسبەسەرکردندا کەوتووتە بەر لێدانی هێزە ئیتلاعاتییەکان و دوایی بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراوە.[5]
- زیندانیانی سیاسی دۆزی پەکەکە و پژاک و کۆدار، دژی ئەو گۆشەگیرییەی خراوەتە سەر عەبدوڵلا ئۆجەلان، ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان- پەکەکە، و بۆ پشتگیری مانگرتنی هاوڵاتیانی کورد لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان، لە زیندانییە جیاجیاکانی ئێران مانیان لە خواردن گرت.[2]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی نحۆ عیبادی تەمەن 24 ساڵ کوڕی ئیسماعیل لەگەڵ کاروانێک لە کۆڵبەران کەوتووەتە بەر دەسترێژی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران جێگیر لە پاسگای سنووری بردۆک سەر بە ناوچەی سۆمای برادۆستی ورمێ و بە تۆندی بریندار بووە.[5]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی یوسف (زانیار) محەممەدی ئەسڵ خەڵکی پیرانشار لە شاخە سنوورییەکانی ئەم شارە بە هۆی ڕەقبردوویی گیانی لە دەست دا.[5]
- هێزەکانی ئیتلاعاتی سەر بە ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە هێرشیان کردووە سەر ماڵی دوو چالاکی کورد بە ناوەکانی ڕاشد مۆنتەزری، چالاکی ژینگەپارێز و حسەین کەمانگەر، زیندانی پێشووی سیاسی لە کامیاران و ئەم دوو چالاکە کوردەیان دەسبەرسەر کردووە.[5]
باشووری کوردستان
- سێ بومەلەرزەی یەک لەدوای یەک شاری خانەقینی هەژاندو هیچ زیانێکی لێنەکەوتووەتەوە.[1]
- تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان سەبارەت بە تەندروستیی لەیلا گوڤەن و چالاکانی دیکەی مانگرتنی بێسنوور هۆشداریی دەدات و دەڵێت، کە مەترسیی گیانلەدەستدانیان هەیە، بۆیە داوا دەکات ڕێگا نەدەن کارەساتێک ڕووبدات، مرۆڤایەتیی پێی شەرمەزار بێت.[2]
- لە ماوەی دوو ڕۆژدا لە شارەدێی حاجیاوای شارۆچکەی ڕانیە، لە کاتی هەڵکردنی سۆپای نەوتدا

دوو ژن دەسوتێن و وتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕینیش دەڵێت: بەهۆی مامەڵەی هەڵەوە ئەو سۆپایانە گڕیان گرتووە.[4]

دەرەوەی کوردستان

- وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند:جەیمس جێفری نوێنەری ئەمریکا بۆ سوریا، وەک نوێنەری سەرۆکی ئەمریکا لە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژ بەداعش لە عێراق و سوریا و جێگرەوەی برێت مەکگۆرگ کە مانگی ڕابردوو دەستی لەکارکێشایەوە دەستبەکار بووە.[1]

- پۆلیسی دەوڵەتی تورک لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی پاکتاوی سیاسی لە دژی گەلی کورد، لە ئیستەنبول هەڵیکوتایە سەر چەندین ماڵی هاووڵاتییان. لەو هەڵکوتانەدا سەروەت ئاتاکلی هاوسەرۆکی دەبەپەی کوچوک چەکمەجە و 4 کەسی تر دەستگیرکران.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | پارتی ژیانی ئازاد - پژاک |
| پارت / لایەن: | پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە |
| پارت / لایەن: | تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان |
| شار و شارۆچکەکان: | ڕانیە (ڕاپەڕین - پشدەر) |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | کامیاران |
| شار و شارۆچکەکان: | ورمێ |
| شار و شارۆچکەکان: | پیرانشار - خانە |
| شار و شارۆچکەکان: | خانەقین |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-01-05
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-01-05
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-01-05
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-01-05
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-01-05


| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2018-12-01 9:11:57 PM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 6

**2019-01-06**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181201211157165056



رۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزە ئیتلاعاتییەکان هێرشیان کردووەتە سەر ئیدارەی ژینگەپارێزیی کامیاران و ئامانج قوربانی فەرمانبەری ئەو ئیدارەیە و چالاکی ژینگەپارێزیان دەسبەسەر کرد.[6]
- بوومەلەرزەیەک لە کرماشان و ناوچەکانی دەوربەری روویدا و بەهۆیەوە دەیان کەس بریندارببوون.[1]
- چەند رۆژ لەمەوبەر، دوو مێرمنداڵی کورد بە ناوەکانی مێهدی کانی سووری و بارزان بابەکری خەڵکی گوندی کانی سوور سەر بە شاری بانە لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کراون. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەو دوو مێرمنداڵە کوردە، پاش دەسبەسەرکردنیان بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراون.[6]
- زانیار زمیران، فەرمانبەری ئیدارەی گشتیی ئاوی ناوچەی کوردستان لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.[6]
باشووری کوردستان
- بۆ یەکەمجار لە مێژووی هەرێمی کوردستان، ئەمڕۆ، 6ی کانوون یادی دامەزراندنی سوپای داگیرکەری ئێراق، نەکرایە پشووی فەرمی.[1]
- وەزیری دارایی و ئابووری هەرێم رایدەگەیەنێت: ڕەوشی دارایی بە بەراورد بە ساڵانی شەڕی داعش و نەناردنی بودجە لەلایەن بەغداوە بەرەو پێشتر رۆشتووە و هەموو پێشبینیەکانیش بۆ حکومەتی داهاتووی هەرێم لەرووی ئابوورییەوە گەشبینانەیە.[2]
- هەردوو پارتی و یەکێتی رایانگەیاند کە کادرە گیراوەکانی هەردوولا ئازاد دەکرێن.[1]
- بوومەلەرزەیەک لە باشووری کوردستان روویدا و لە زۆربەی شار و شارۆچکەکان هەستی پێکرا.[1]
- کاژێر 5:30 خولەکی ئەمرۆ (یەکشەممە 6-1-2018) لە گەرەکی ئاشتی لە قەڵادزێ ژن و پیاوێک کە خاڵۆزا و پورازی یەکدین لە رووداوێکدا کوژران.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- درەنگانی شەوی ڕابردوو لە گوندی گۆرهیۆک کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری باب شەڕێکی قورس لە نێوان شەرڤانانی ئەنجومەنی سەربازی باب و چەتەکانی قەڵغانی فورات سەر بە دەوڵەتی تورک ڕوویداوە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- جۆن بۆڵتن، ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا رایگەیاند: جێبەجێکردنی بڕیاری کشاندنەوەی هێزە سەربازییەکانمان لە سوریا پەیوەستە بە کۆتایی هێنان بە گروپی داعش لە و وڵاتە و پارێزگاریکردن لە کورد لە سوریا.[2]
- بە بۆنەی جەژنی 98 ساڵیادی دامەزراندنی سوپای عیراق بەیانی ئەمرۆ بەرهەم ساڵح تاجە گوڵینەی لە سەر گڵکۆی سەربازی ون دانا.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ

شار و شارۆچکەکان: کرماشان

شار و شارۆچکەکان: کامیاران

شار و شارۆچکەکان: بانە

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-01-06
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-01-06
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-01-06
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-01-06
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-01-06

کاتی تۆمارکردن: PM 9:11:57 2018-12-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 7

**2019-01-07**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181201211157165057




باکووری کوردستان
- لە 10 گەڕەک و دێ و لادێی ناوچەکانی لیجە، هێنێ و کاراز باری نائاسایی ڕاگەیاندرا و هەموو جۆرە هاتووچۆیەک لە هاووڵاتییان قەدەغە کرا. ئەو قەدەغەکارییە لە کاتژمێر 06:00ی ئەم بەیانییەوە ڕاگەیاندراوە. پارێزگاری دەوڵەتی تورک لە ئامەد لەبارەی ئەو قەدەغەکارییەوە ڕاگەیاندراوێکی بڵاوکردووەتەوە و ڕایگەیاندووە، قەدەغەکارییەکە بەپێی یاسای ژمارەی 5442ی ئیدارەی شارەکان لە 10 گەڕەک، دێ و دلاێ و مەزرای ناوچەکانی لیجە، هێنێ و کاراز ڕاگەیاندراوە. پێش ئەوەی باری نائاسایی و قەدەغەکارییەکە ڕابگەیەنرێت، سوپای تورک لەو ناوچەیەدا ئامادەکاریی کردووە بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی.[4]
- پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە)، لەگەڵ حەوت پارت و کۆمەڵەی سیاسی باکووری کوردستان گەیشتووەتە ڕێککەوتن بۆ ئەوەی پێکەوە بەشداری لە هەڵبژاردنە خۆجێیەکانی باکووری کوردستان و تورکیادا بکەن.[2]
- پۆلیسەکانی دەوڵەتی تورک لە شاری ئامەد هەڵیانکوتایە سەر ماڵی هاووڵاتییان و لەو هەڵکوتانەیاندا 10 کەسیان دەستگیرکرد، کە 6 کەسیان منداڵن. کەسە دەستگیرکراوەکان لەلایەن پۆلیسەکانەوە براون بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی ئامەد.[4]
- گرووپێک چەتەی چەکدار، کە خۆیان بە ناوی ئێمە دەوڵەتین دەناسێنن لە ناوچەی قرەقەلیی وان و گوندەکاندیدا هەڕەشە لە هاووڵاتییان دەکەن، کە نابێت دەنگ بە هەدەپە بدەن. گرووپێکی تریش بە ناوی تیمی تۆڵە نامەی هەڕەشیان بۆ بەڕێوەبەرانی هەدەپە ناردووە.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- جەلیل بالای بەڕێوبەری گشتی قەیرانەکانی پارێزگای کرماشان ڕایگەیاندوە: ئەمڕۆ لەسەرانسەری پارێزگا بەهۆی بومەلەرزەکانی دوای بومەلەرزە بەهێزەکەی دوێنێ کەپلەکەی 5،9 پلەی ڕێختەربووە، تاقیکردنەوەی خوێندنگاکانی لەدەوامی بەیانی و دوای نیوەڕۆدا ڕاگرتووە.[3]
- ماڵپەری شهدای ناجا لە هەواڵێکدا باسی لە کوژرانی یەکێک لە مەئموورانی هێزە ئینتزامییەکانی

خۆی بە ناوی مەیسم نژادوەلی لە سنووری شاری ورمێ کرد.[6]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی هێدی تەمەن 25ساڵ خەڵکی گوندی گۆیجکەدەری شاری مەهاباد بە هۆی بەربوونەوە لە بەرزاییەکانی بێتووشی شاری سەردەشت گیانی لە دەست دا.[6]
- بەشێکی بەرچاوی لە شتومەکی کۆڵبەران و کاسبکارانی کورد لە سنووری نەوسوود لە لایەن هێزە نیزامییەکانی حکوومەتییەوە دەستی بەسەر داگیرا. یەکێک لەو کۆڵبەرانە کە شتومەکەکەی لە لایەن هێزە نیزامییەکانەوە دەستی بەسەر داگیرابوو، بە ئاژانسی کوردپا ڕایگەیاند: هێزە نیزامییەکان پاش دەسبەسەردا گرتن و ڕاگواستنی کەلوپەلی کاسبکاران و کۆڵبەران بۆ پایگا، شتومەکەکانیان ئاگر تێبەردا.[6]
- دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی ئارام ئەدوایی و بورهان ئەدوائیان خەڵکی گوندی سلێن لە بەخشی هەورامانی سەوڵاوا دەسبەسەر کردووە.[6]
باشووری کوردستان
- تەرمی گەریلا مەدینە چەتین ناسراو بە هاڤین نسێبین، بە دروشمی شەهید نامرێ لە مەزارگەی شەهید محەمەد قەرەسونگول لە بناری قەندیل بەخاکسپێردرا.[5]
- ماوەی چەند ڕۆژێکە فڕۆکەیەکی هەواڵگری سوپای تورکیا لە سنوری شارۆچکەی ئامێدی کەوتووەتە خوارەوە، میتی تورکیاش لە بارەگای شیلادزێ 40 هەزار دولاری وەکو خەڵات دیاریکردووە بۆ هەر کەسێک کامێرای نێو فڕۆکەکە بدۆزێتەوە.[1]
- لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لوقمان عەبدولقادر، سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارنی هەڵەبجە، وردەکاری دۆزینەوەی منداڵێکی بۆ دەزگاکانی راگەیاندن ئاشکراکرد و وتی: ئە و منداڵە ونبووەی هەڵەبجە ناوی (محەمەد ئەمین)ە و لە شاری قوم لە ئێران نیشتەجێ بووە، خوێندنی تەواوکردووە و هاوسەرگیری کردووە و ئە وکاتەی لە ئێران لە خێزانەکەی دابڕاوە تەمەنی حەوت مانگ بووە.[1]
- بەڕێوەبەری کەشناسی و بومەلەرزە لە شارۆچکەی ئامێدی رایگەیاند: بەهۆی بەفربارینەوە رێگەی هاتوچۆ لە شارەدێی شێلادزێ و دێرەلۆک بۆ سەنتەری قەزاکە نەماوە.[1]
- بەرپرسی میحوەری پردێ هێزی پێشمەرگە رایگەیاند، هێزێکی زۆری ئەمریکی چووەتە سەربازگەی K1ی کەرکوک و داوایانکردووە سەربازگەکەیان پێبدرێت.[2]
- لە 24 کاژێری رابردوودا 21 سانتیمەتر بەفر لە کانی ماسێ باریوە، بەفربارین ئێستاش بەردەوامە و چاوەڕێ دەکەین تاوەکو چوارشەممە 40 سانتیمەتری دیکەش بەفر ببارێت.[2]
- چالاکییەکانی مانگرتن لە خواردن بۆ شکاندنی گۆشەگیریی سەر عەبدوڵلا ئۆجەلان ڕێبەری پەکەکە لە شەنگال، بە سەردانی چین و توێژە جیاوازەکان بۆلای مانگرتووان بەردەوامە.[5]
- بەرپرسێکی یەکێتی مامۆستایان هۆشداری دەدات لەوەی ناڕەزایی ئێستای مامۆستایان و فەرمانبەران بۆ رووداوی دیکە سەرنەکێشێت و داوا دەکات پەلە لەپێکهێنانی حکومەتی نوێ هەرێم بکرێت و پاشەکەوتی مووچە نەمێنێت.[1]
- 3 ئەندامی کۆمەڵەی گەنجانی وەڵاتپارێز بەناوەکانی ئارام قادر عەزیز، ڕێژوان عەمەر و هۆزان عەلی لە کاتی بڵاوکردنەوەی کتێبەکانی عەبدوڵلا ئۆجەلان لە لایەن ئاسایشی سلێمانی دەستگیر کران.[4][5]
- ئەمڕۆ، لە بارەگای حزبی شیوعی کوردستان، لە شارۆچکەی خورماتووی سەر بە پارێزگای سەڵاحەدین، هەر یەک لە حزبی شیوعی و تەڤگەری ئازادیی و یەکێتی نیشتیمانی و بزوتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسلامی و بێ ئامادەبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق، کۆبونەوەی مانگانەی حزبە کوردستانیەکانیان ئەنجامدا. بە پێی زانیارییەکانی ڕۆژنیوز، کۆبونەوەی حیزبە سیاسیەکانی خورماتوو، تایبەت بوو بەدوو خاڵ، یەکەمیان پۆستە ئیدارییەکان و دووەمیان بەزۆر سەپاندنی باج و سەرانە بەسەر هاولاتیانی کوردی لە خورماتوو، دوای نزیکەی کاتژمێر و نیوێک کۆبوونەوە، حزبەکان گەیشتنە ئە و بڕیارەی ئە و پۆستانەی بە کورد دراوە پڕ بکرێنەوە.[5]
- تەڤگەری ئازادیی لەسەر بڕیاری داخستنی بارەگاکانی، لەرێگای دادنووسی هەولێر-ەوە هۆشدارییەکی ئاراستەی حکومەت کرد، بۆ ئەوەی بە بڕیارەکەیدا بچێتەوە، ئەگەریش لەماوەی

15 ڕۆژدا حکومەت بەدەم هۆشدارییەکەی تەڤگەرەوە نەچێت، ئەوا لە دادگای ئیداریی هەولێر سکاڵای لەسەر تۆمار دەکەن.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەدەسە) لە بەیاننامەیەکدا ئەوەیان ئاشکراکردووە، هێزەکانیان دوو تیرۆرستی داعشیان دەستگیرکردووە کە بە ڕەگەز ئەمریکیین.[3]
- شەڕڤانانی قەسەدە لە شارۆچکەی سوسە لە پارێزگای دێرەزۆر سەدان هاووڵاتییان لە دەست چەتەکانی داعش ڕزگارکرد، کە چەتەکانی ئەو هاووڵاتییانەیان وەک قەڵغانی زیندوو بەکاردەهێنا. زۆربەی هاووڵاتییە ڕزگارکراوەکان ژن و منداڵن. هاووڵاتییە ڕزگارکراوەکان گواستراونەتەوە بۆ ناوچە ئارامەکان.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| شار و شارۆچکەکان: | سەردەشت |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامێدی |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامەد |
| شار و شارۆچکەکان: | وان |
| شار و شارۆچکەکان: | شنگال |
| شار و شارۆچکەکان: | کرماشان |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | ورمێ |
| شار و شارۆچکەکان: | هەڵەبجە |
| شار و شارۆچکەکان: | خورماتوو |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2019-01-07
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2019-01-07
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی یوک میدیا - 2019-01-07
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-01-07

[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 07-01-2019
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 07-01-2019
کاتی تۆمارکردن: PM 9:11:57 2018-12-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 8
**2019-01-08**
https://www.kurdipedia.org/?q=20181201211157165058



باکووری کوردستان
- پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بەمەبەستی سەردانی ئیمراڵی، جارێکی دیکە داواکارییان پێشکەشی سەرۆکایەتیی داواکاری گشتیی شاری بوورسا کرد.[5]
- پارێزگەی شرناخ چەندین شوێنی دەوروبەری شاری شرناخی بە (ناوچەی ئاسایشی تایبەت) ڕاگەیاند و هاتووچۆی هاوڵاتییانی سیڤیلی لە و ناوچانە قەدەغە کرد.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، 7 هاووڵاتیی کورد خەڵکی شاری ڕەبەت بە ناوەکانی جەعفەر ڕەسووڵپوور، بەهمەن دەندانساز، محەممەد لەیلانە، محەممەد سویرو و ڕەسووڵ محەممەدئەمینی، هەر کامیان بە یەک ساڵ و 6 مانگ زیندان و وەفا و محەممەد خەڵکی گوندی جێربەند، سەر بە شاری ڕەبەت بە 10 ساڵ زیندانی مەحکووم کراون. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەم 7 هاووڵاتییە کوردە لە لایەن دادگای ئینقلابی شاری سەردەشت بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیونی حکوومەتی ئێران مەحکووم کراون.[6]
- مامۆستای زانکۆ و پارێزەری زیندانییانی سیاسیی کورد مەسعوود شەمسنەژاد لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتی ئێران دەستگیر کرا.[4]
- سوپای پاسداران لە شاری ماکۆ هۆشداریان بە دانیشتوانی گوندەکانی یارمیقی سەرەوە و خوارەوە، خەرمانیەری، قوولیشکا، تیکمە، بیری، گریک، سڵبەند و حاجی حەسەن سەر بە شاری بازرگان داوە، لە کاتژمێر 10ی شەو بە دواوە مافی هاتوچۆیان نییە.[6]
باشووری کوردستان
- ڕێکخراوی هیومان رایتس ووچ ئەمڕۆ رایگەیاند کە مێردمنداڵان لە هەرێمی کوردستان ئەشکەنجە دراون بۆ ئەوەی ناچار بکرێت کە دان بەوەدا بنێن لەگەڵ گروپی داعش کاریان کردووە. لەبەرامبەردا ڕێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێم لە وەڵامی ڕێکخراوی هیومان رایتس ووچ دەڵێت: هیچ کەسێک بەبێ بڕیاری دادگا دەستگیر نەکراوە و ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە 18 ساڵ کەمترە و گومانیان لێدەکرێت پێشتر پەیوەندییان بە داعشەوە هەبووبێت، ئەوا وەک قوربانی دەستی داعش مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت نەک تاوانبار.[1]
- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئاڵای کوردستانی لەسەر بارەگای مەکتەبی سیاسی لە کەرکوک و بارەگای مەڵبەندی دووی کەرکوک هەڵکرد.[7]
- فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک گەلی بەدران لە بناری قەندیل بۆردوومان دەکەن و بە ئاسمانی باڵەکایەتییشدا دەسوڕێنەوە.[4]
- بەهۆی ئامادەنەبوونی رێژەی یاسایی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک هەوڵی دوورخستنەوەی ڕێبوار تاڵەبانی لە پۆستەکەی شکستیهێنا.[2]
- ئەندامێکی لیژنەی بەرگری و ئاسایش لەپەرلەمانی عێراق رایدەگەیەنێت: بەغدا پێشنیازیکردووە، ڕێژەی لە 14% تا 17%ی کۆی گشتی بودجەی تەرخانکراو بۆ هێزە وشکاییەکانی عێراق بدرێتە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بەڵام ئەوان ئەمەیان ڕەتکردۆتەوە.[1]

- بەهۆی ئامادەکاریی بۆ نمایشکردنی کورتە فیلمێک لەسەر ژیانی ساکینە جانسز، ئاسایشی سلێمانی دەرگای سینەما سالم-ی داخست.[4]
- سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە ئاشکرایدەکات: پرۆسەی دادگاییکردنی کۆمپانیاکانی چەکی کیمیایی لەسەر داوای پارێزەرانی ئەوان بۆ مانگی ئازاری داهاتوو دواخراوە.[1]
- ئەمڕۆ بە ناونیشانی (ژوانگەی شێوەکاری) لە کتێبخانەی گشتیی شاری کەرکوک پیشانگەیەکی شێوەکاری بۆ 10 منداڵ و نەوجەوانی کچ کرایەوە.[5]
- کەشناسی پێنجوێن رایدەگەیەنێت: لە ئەمشەو سێشەممەوە کەشوهەوای قەزاکە گۆڕانکاری بەسەرردادێت و پلەکانی گەرما بۆ 10 پلەی ژێر سفری سەدی دادەبەزێت.[1]

رۆژئاوای کوردستان

- ئەمشە و لە باخی زەیتوون لەسەر رێگەی جزیر کە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی شاری منبج مینێک تەقییەوە. لە ئەنجامدا هاوڵاتییەکی سیڤیل بریندار بوو. هەر دوای تەقینەوەکە، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ دەستیان بە لێکۆڵینەوە و پشکنین کرد.[5]

دەرەوەی کوردستان

- رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا رەتیکردەوە چاوی بکەوێت بە جۆن بۆڵتن راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا، بەهۆی مەرجی کشانەوەی ئەمریکا بۆ پارێزگاریکردن لە کورد و نێوبراو بەهۆیەوە تورکیا جێدەهێڵێت. سەرچاوەکان باس لەوەدەکەن کە ئەم رووداوە دەبێتەهۆی قوڵتربوونەوەی کێشەکانی نێوان تورکیا و ئەمریکا.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| شار و شارۆچکەکان: | پێنجوێن |
| شار و شارۆچکەکان: | منبج |
| شار و شارۆچکەکان: | شرناخ |
| شار و شارۆچکەکان: | ماکۆ |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سەردەشت |
| شار و شارۆچکەکان: | هەڵەبجە |
| Quick Respons Code: | |


سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-01-08
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-01-08
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-01-08

[5] 🗞️ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-01-08
[6] 🗞️ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-01-08
[7] 🗞️ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-01-08

کاتی تۆمارکردن: 2018-12-01 9:11:57 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 9

**2019-01-09**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181201211157165059



باکووری کوردستان
- هێزە چەکدارەکانی تورکیا لە گوندەکانی ئۆرەنبورچ و کاراهیسار-ی سەر بە ناوچەی سارای هەڵیانکوتایە سەر ماڵان و بە بیانووی (ئەندامەتیی ڕێکخستن) هەریەکە لە عەرەفات گیدەرئۆغلوو، نیهاد ئایان، سەلیم گۆنول، ئیران دوومانلی، ئەحمەد بویوک، قەدری دوورانەر، سەیدخان بارگر، محەمەد شیرین کلچئۆغوللاری و کەسێکی دیکە کە ناوی نەزانرا دەستگیر کران.[6]
- شەپۆلی بەفر، باران و تەزرە بارین لە باکووری کوردستان کاریگەری لە ژیانی هاوڵاتییانی کردووە و زۆر ناوچەی سەر بە ئامەد ڕەنگی سپییان پۆشیوە و لە چەندین گوند مەترێک بەفر باریوە. هەر بە و هۆیەوە ڕێگەکانی نێوان پاسوور و مووش و چەندین گوند و لادێ داخراون. لەسەر ڕێگەی ئامەد - وێرانشار ئامبولانسێک و 4 کامیۆن بەهۆی داخرانی ڕێگەکە گیریان خواردووە.[6]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی حەسەن ڕەسووڵی تەمەن 40 ساڵ خەڵکی شاری بانە بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکان لە سنووری چەمپارەی ئەو شارە بریندار کرا.[7]
باشووری کوردستان
- ڕێکخراوی بەدر لەسەر هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکوک لەلایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە هاتەدەنگ و بەرپرسێکی ئەو ڕێکخراوەش دەڵێت، خوازیارین لە 17ی ئۆکتۆبەر وانەیەکتان وەرگرتبێت، ئامۆژگاریشتان دەکەین لەگەڵ پێکهاتەکانی کەرکوک لە عەرەب و تورکمان دانیشن و کات بەفیڕۆنەدەن.[2]
- لقی کەرکوکی بەرەی تورکمانی ڕایدەگەیەنێت: دوبارە هەڵکردنەوەی ئاڵای کوردستان لەناوچە کێشەلەسەرەکان هەوڵێکە بۆ تێکدانی نێوان نەتەوەکانی ناوچەکە و پارێزگاریش دەڵێت: ئە و پرۆسەیە نایاساییە.[1]
- جێگری مەڵبەندی دووی کەرکوکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دەنگۆی داگرتنی ئاڵای کوردستانی لەدوای هەڵکردنی لە و شارە ڕەتکردەوە و تەئکیدیکردەوە، کە هیچ کەس و هێز و لایەنێک ئاڵای کوردستانی لەو شارە دانەگرتووە و لە ئێستادا ئاڵای کوردستان لەسەر شارەکە دەشەکێتەوە.[3]
- وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بە سەردانێک گەیشتە هەولێر و لە پیرمام لەگەڵ مەسعود بارزانی کۆبووەوە و دواتریش لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی و مەسرور بارزانی کۆبووەوە.[5]
- ئێوارەی ئەمڕۆ هێزەکانی ئاسایشی گەرمیان هەڵیانکوتایە سەر (ئەکادیمیای شەهید گیڤارا گەرمیانی) لە شارۆچکەی ڕزگاریی سەر بە شاری کەلار و دایانخست. بە گوێرەی زانیارییەکانی ڕۆژ نیووز، هێزێکی زۆری ئاسایش بە زەبری هێز ئەکادیمیاکەیان داخستووە و 9 کەسیشیان دەستگیر کردووە کە لەنێویاندا ژن هەیە. پاش چەند کاژێرێک گیراوەکان ئازادکران.[4]
- دانیشتوانی ژمارەیەک گوندی سنوری شارۆچکەی دەربەندیخانی سەر بە پارێزگای سلێمانی، لەبەر خراپی ڕێگاوبانی گوندەکانیان خۆپیشاندانیان کرد و بۆ ماوەیەک شەقامی نێوان دەربەندیخان و قەرەداغ-یان داخست.[4]

- بڕیاربوو کاتژمێر 02:00ی ئەمڕۆ لە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی گەرمیان لە شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان، لەلایەن ڕێکخراوی ژنانی ئازادی کوردستان-ڕژاک-ەوە، حەوتەمین ساڵیادی شەهیدان ساکینە جانسز، فیدان دۆغان و لەیلا شایلەمەز بکرێتەوە، بەڵام ئاسایشی کەلار ئاگاداری کردوونەتەوە، کە بەپێی نووسراوی فەرمیی ئاسایشی گەرمیان، نابێت ئەو یادە لە شارۆچکەکە بکرێتەوە.[4]
- نیوەڕۆی ئەمڕۆ لە گوندی زەنقەر لە شارۆچکەی داقوق-ی سەر بە پارێزگای کەرکوک بۆمبێکی چێندراوە تەقیەوە، باوک و کوڕێک، کە لەنەتەوەی کورد-ن بوونە قوربانی.[4]
- دوای هەوڵ و فشارێکی زۆر، جارێکی دیکە دەرگای سینەما سالم کرایەوە و ئەو فیلمەی بووە هۆی داخستنی سینەماکە، لە کاتێکی دیکەدا نمایش دەکرێت.[4]
- بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی شارۆچکەی شەقڵاوە لە راگەیەنراوێکدا ئاماژەی بەوەکردوە: کە بەهۆی بەفربارینەوە ڕێگەی چیای سەفین گەرۆتە بەرەو گوندی سولاوکە (هەولێر) گیراوە.[1]
- بەهۆی بارینی بەفرێکی زۆرەوە، ڕێگەی مەرزی کێلێ لە نێوان باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سنوری شارۆچکەی پشدەر داخرا.[1]
- لە سەیرانگای چنارۆکی نزیک کۆیە، ئاوات بۆکانی، گۆرانیبێژی میللی تەقەی لە دوو کەس کرد و هەردوو کەسەکەشی بریندار کردن.[2]
دەرەوەی کوردستان
- یەکێتی ئەوروپا سزای سەپاند بەسەر بەشێک لە وەزارەتی ئیتڵاعاتی ئێران و دوو کەس لە کارمەندەکانی ئە و وەزارەتەی خستە لیستی تیرۆرەوە و داراییەکانیشیانی بلۆک کرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
پارت / لایەن: بەرەی تورکومانی ئێراق
شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ◯ شەقڵاوا (خۆشناوەتی)
شار و شارۆچکەکان: ◯ رانیە (راپەڕین - پشدەر)
شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: ◯ دەربەندیخان
شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ◯ قەرەداغ
شار و شارۆچکەکان: ◯ بانە
شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد
شار و شارۆچکەکان: ◯ کۆیە
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 09-01-2019
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 09-01-2019
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 09-01-2019
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 09-01-2019
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 09-01-2019
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 09-01-2019

کاتی تۆمارکردن: 2018-12-01 9:11:57 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 10

**2019-01-10**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181201211157165060



باکووری کوردستان
- پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، نەورۆز ئوسال، مەزلوم دێنچ و فوئاد جوشاجاک، بەمەبەستی دیدار لەگەڵ ئۆجالان، بۆ جاری 780هەم داواکارییەکی دیکەیان پێشکەش بە سەرۆکایەتی داواکاری گشتیی لە شاری بوورسا کرد. بەڵام ئەمجارەش داواکارییەکەیان ڕەتکرایەوە.[2]
- ئێوارەی ئەمڕۆ ئەمرۆ سالیحە ئایدەنیز و سەمرا گوزەل و موسا فارسۆگوڵەر پەرلەمانتارانی هەدەپە، لەگەڵ هاوڵاتیان و چالاکوانان لە شاری ئامەد بە رێپێوان بەرەو بەردەم زیندانی پیتی E رۆیشتن، بەڵام رێگریيان لێکرا. ئەوان ویستیان بەو رێپێوان پشتیوانی خۆیان بۆ لەیلا گوڤەن نیشان بدەن، کە ماوەی 64 رۆژە مانی لە خواردن گرتووە دژی گۆشەگیریی سەر ئۆجالان.[3]
- بە هۆی بەفربارین و رەهێڵەوە، رێگای 778 گوند و ناوچەی نیشتەجێبوون لە شارەکانی وان، بەدلیس، موش و جۆڵەمێرگ داخراون. سەرۆکایەتیی شارەوانی وان رایگەیاند کە لە سەرتاسەری پارێزگاکە، رێگای 373 ناوچەی نیشتەجێبوون داخراون. لە جۆڵەمێرگیش رێگای 169 گوند و ناوچەی نیشتەجێبوون داخراون.[1]
باشووری کوردستان
- ئەمرۆ کاتژمێر 02:00ی پاش نیوەرۆ هاوڵاتیانی شارۆچکەی قەڵادزێ-ی سەر بە ئیدارەی راپەرین لە باخی گشتیی شارۆچکەکە کۆبوونەوە بە مەبەستی یادکردنەوەی شەهیدانی پاریس، بەڵام لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە هێرشیان کرایە سەر. هێزەکانی ئاسایش پەلاماری ئامادەبووانی مەراسیمەکەیان دا و دوو چالاکیان دەستگیر کرد.[3]
- ئەمشە و لە ناوچەی حەلوانی نێوان خانەقین-جەلەولا، چەکدارانی داعش هێرشیانکردووەتەسەر کارگەیەکی بلۆک کە خاوەنەکەی کوردە و پاسەوانانی کارگاکانیان دەستگیرکردووە و دواتر ئازادیان کردوون و هەروەها کارگەکانیان بە تەواوەتی سوتاندووە بە بێ ئەوەی هیچ لایەنێکی ئەمنی سەردانی ناوچەکە بکات.[1]
- بەرپرسێکی کەشناسی هەرێم رایدەگەیەنێت: ئەگەری هەیە ئەمشە و لە سەنتەری شارەکانی سلێمانی و دهۆک بەفر ببارێت و دەشڵێت: تا رۆژی شەممەی داهاتوو کەش وهەوای هەرێم بەفر و باراناوی دەبێت.[4]
- سەرچاوەیەک لە سەرۆکایەتی کۆماری عیراق رایگەیاند: لە ماوەی دوو هەفتەی داهاتوودا گەشتە ئاسمانییەکانی نێوان فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی و فڕۆکەخانەکانی تورکیا دەستپێدەکاتەوە.[1]
- فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی سەبارەت بەبڵاوبونەوەی هەواڵی دەستپێکردنەوەی

گەشتەکانی بۆ تورکیا لە روونکردنەوەیەکیدا دەڵێت: بەهەموولایەکی رادەگەیەنین کە وەک فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی تا ئێستا بەرەسمی هیچ بڕیارێکمان بەدەست نەگەیشتووەو هیچ زانیارییەک نیە بەدیاریکردنی وادەیەک بۆ دەسپێکردنەوەی گەشتەکان.[5]
دەرەوەی کوردستان
- مەولوود چاوشئۆغلو، وەزیری دەرەوەی تورکیا هەروەها رایگەیاند بەبێ کشانەوەی ئەمریکاش، ئێمە ئۆپەراسیۆنەکەمان بۆسەر یەپەگە ئەنجامدەدەین. جەختیشی کردەوە لەوەی ترەمپ بەڵێنیداوە سەردانی تورکیا بکات.[1]
- وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا رایگەیاند: مایک پۆمپیۆ پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان کرد لە بەربژێرکردنی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان.[1]
- وتەبێژی فەرمیی سوپای نیشتمانی لیبیا هۆکاری ئەو ئاژاوەی وڵاتەکەی گرتوەتەوە دەخاتە ئەستۆی تورکیا، باس لەوەش دەکات چەند بژاردەیەک هەن بۆ لێپرسینەوە لە ئەنقەرە بەهۆی دەستێوەردانی لە کاروباری ناوخۆی لیبیا، هەروەها دەوڵەتی تورک بە ڕابەری فەرمیی تیرۆر ناودەبات.[3]
- کاتژمێر 4ی بەرەبەیانی ئەمرۆ، 51 پەنابەری کورد کاتێک ویستوویانە لەrێگەی ئیتاڵیاوە بڕۆنە وڵاتانی دیکەی ئەوروپا، بەڵام بەر لەوەی بگەنە شوێنی مەبەست بەختەکەیان لە دەریای ناوەڕاست ژێرئاو کەوتووە و دواتر لەلایەن پۆلیسی مالیسا بە بەلەمی بچوک کۆچبەرە کوردەکانیان رزگار کردووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| شار و شارۆچکەکان: | قەڵادزێ |
| شار و شارۆچکەکان: | وان |
| شار و شارۆچکەکان: | بەدلیس |
| شار و شارۆچکەکان: | جوڵەمێرگ |
| شار و شارۆچکەکان: | موش |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامەد |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | دهۆک |
| شار و شارۆچکەکان: | خانەقین |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 10-01-2019

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 10-01-2019

[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی ڕۆژنیوز - 10-01-2019
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی دوارۆژ - 10-01-2019
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی یوک میدیا - 10-01-2019

کاتی تۆمارکردن: 01-12-2018 9:11:57 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 11

**2019-01-11**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181201211157165061




باکووری کوردستان
- ئەندامانی مەجلیسی پارتی دیموکراتیکی گەلان-هەدەپە بەدری یورگوون و ئیزەت کارداغ لەسەرداوای دادگای کۆماری ئانتالیا لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکران.[5]
باشووری کوردستان
- بەپێی زۆرینەی سەرچاوەکان، ئالای کوردستان لە کەرکوک لەسەر بارەگاکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان داگیرا. تەنیا لەسەر بارەگای مەڵبەند و مەکتبی سیاسیی یەکێتی ماون.[1]
- ئایەتوڵڵا موجتەبا حوسێنی، نوێنەری عەلی خامنەیی، ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران، بەیاوەری عەلی ئیقباڵپوور، فەرماندەیەکی باڵای سوپای پاسداران و نوێنەری قاسم سولەیمانی لە عێراق، سەردانی شارۆچکەی خورماتوو و گوندە تورکماننشینەکانی کرد.[2]
- لە سەکۆی ئازاد لە پارکی ئازادی شاری سلێمانی، هێزەکانی ئاسایش ڕێگریان کرد لە یادکردنەوە و نمایشکردنی فیلمی ساکینە جانسز و نزیکەی 50 کەسیشیان دەستگیر کرد.[6] ئە و بەڕێوەبەرانەی تەڤگەری ئازادی کە دەستگیرکراون بریتین لە: تارا حسێن گوتەبێژی تەڤگەری ئازادی، بێریڤان محەمەد، دکتۆر ئازاد، دکتۆر بەکر، وەهاب ئەحمەد و نەریمان محەمەد ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەریی تەڤگەری ئازادی. ئازاد عومەر و شەهێن محەمەد هاوسەرۆکی هەرێمی سلێمانیی تەڤگەری ئازادی. هاوکات هەریەکە عادل عوسمان ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری بەرەی دیموکراتیی گەل و جیهان خەلیل نوێنەری کۆنگرەی ستار لە باشووری کوردستان دەستگیر کراون. لەنێو دەستگیرکراواندا منداڵێکی تەمەن 3 ساڵان بە ناوی فەرهاد محەمەد، هەروەها ڕۆژنامەوانان کەلسوم حسێن و سەلاح خدر هەن. ئە و هاوڵاتییانەی دیکەش کە دەستگیر کراون ناوەکانیان بریتییە لە: محەمەد، تەوار عادل، کیشوەر شەریف، دڵشاد عوسمان، سۆزدار، زارا ئەحمەد، ڕەحمان ڕەسوڵ، ئەسکەندەر، ئارین، میرشاد، گوڵبەهار، هۆژین، نیشتیمان، ڤیان، جیهان، یەکتا، ڕەوشەن، بێریتان، چیمەن، شەهبا، ئەلمیریا، فاتمە، عەبدول، تانیا، چنور، ژیان، شەماڵ، غەریب، ئیبراهیم، ماردین، کاوە، مەحەد، جەمیل، سلاوە، محێدین، سەیران، محەمەد جەلال، میران و لەیلا.[5] پاشتر ئاسایش هەندێک لە ژنە گیراوەکانی ئازادکرد.[1]
- لە شارۆچکەی چەمچەماڵ هێزەکانی ئاسایش ڕێگریان کرد لە ئەنجامدانی سیمینارێک بۆ بیرهێناوەوەی ساکینە جانسز و هاوڕێکانی.[6]
- زیاتر لە 300 سەربازی سوپای تورکیا لە ڕێگەی دەروازەی ئیبراهیم خەلیل-ەوە هاتنە ناو هەرێمی کوردستان و ڕوویان لە ناحیەکانی بامەڕنێ و ناوچەکانی شارۆچکەی ئامێدی کرد.[3]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، لە هۆڵی ڕۆشنبیری شاری سلێمانی، چلەی ماتەمینی عەبدولڕەحمان خەلیفە، ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بەڕێوەچوو.[6]
- بەرپرسی دۆسیەی ئێران لە حکومەتی هەرێم ڕایدەگەیەنێت: حکومەتی هەرێم ڕەزامەندیداوە لەسەر ڕادەستکردنەوەی 150 زیندانی ئێران کە لە بەندیخانەکانی هەرێم حکومدراون، دەڵێت: زیندانیانی سیاسی ڕادەستی ئێران ناکرێتەوە.[3]
- بەهۆی گەشتکردنی خەڵکێکی زۆر بۆ ناو بەفر لە هەولێر ماوەی چوار کاتژمێرە نزیکەی هەزار

ئۆتۆمبێل گیریانخواردووە هەر ئەمشەویش پارێزگاری هەولێر بڕیاریدا بۆ کۆتایی هێنان بەم کێشەیە تونێلی پیرمام بە شێوەیەکی کاتی بکرێتەوە.[3]
- دوای ئەوەی ئەمڕۆ ئاسایشی سلێمانی 52 کەسی دەستگیرکرد، لە بەیاننامەیەکدا جوڵانەوەی نەوەی نوێ ئیدانەی دەستگیرکردنەکان دەکات و بە مەترسیدار لە قەڵەمی دەدات.[6]
- لیستی هاوپەیمانی نیشتیمانی، لەئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی نارەزایەتییان دژی دەستگیرکردنی چالاکوانان و ڕۆژنامەنووسان و هاوڵاتیان دەردەبرن و لە لایەن ئاسایشی سلێمانییەوە و دەڵێن: ماوەیەکە کۆمەڵێک کاری نەخوازراو و دوور لەبنەماکانی ئازادی ڕادەربڕین دەبیندرێن، هەرلەداخستنی دەرگای سینەما سالم وگرتنی چالاکوانان و ڕۆژنامەنووسان، داواکارین کۆتای بەودیاردە ناشیرینە بهێندرێت.[6]
- لە ڕاگەیەندراوێکدا حزبی شیوعی کوردستان ئیدانەی دەستگیرکردنی هەڵسوراوانی سیاسی لە سلێمانی دەکات لە لایەن ئاسایشی سلێمانییەوە و دەڵێت: ئەوکارە بە پێشێلکاری ڕاستەوخۆ و مەترسیدارلە سەر ئازادییە سیاسیەکان و ئازادیی ڕادەربرینی دەزانین.[6]
- فیدراسیۆنی زیندانیانی سیاسی کوردستان، ئیدانەی ڕەشبگیرییەکەی سلێمانی دەکات و دەڵێت: دەستگیرکردنی چالاکوانانی سیاسی و مەدەنی شاری سلێمانی بەتوندی ئیدانە و مەحکوم دەکەین و داوای ئازادکردنی دەستبەجێی سەرجەم گیراوان دەکەین.[6]
- لە شارۆچکەی خانەقین، ژمارەیەک چەکداری نەناسراو دەسترێژی گولە-یان لە کۆمەڵێک گەنج کردوو بە هۆیەوە دوو گەنج بریندار بوون.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بە گوێرەی هەواڵێکی ئاژانسی هەواڵی هاوار (ANHA)، سوپای تورکی داگیرکەر بە چەکی بی کەی سی و کلاشینکۆف هێرشی کردووەتە سەر گوندی سووسک-ی سەر بە شاری گرێسپی.[5]
دەرەوەی کوردستان
- بەیانی ئەمڕۆ، وتەبێژی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی ڕایگەیاند کە پرۆسەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا دەستپێکردووە.[4]
- وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیا جەختی لەوە کردەوە، کە کورد بەشێک لە کۆمەڵگای سوریایە، کە دابەش ناکرێت و دانوستاندنی نێوان کورد و دیمەشقی بە خاوەن گرنگیەکی تایبەت وەسف کرد.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏣 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
🏣 پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
🏣 پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان
🏣 پارت / لایەن: جووڵانەوەی نەوەی نوێ
🏣 پارت / لایەن: ☭ حزبی شیوعی کوردستان
🏣 پارت / لایەن: کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان - کەنەکە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ خانەقین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ئامێدی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ گرێ سپی
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ خورماتوو
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ چەمچەماڵ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان
[1] ⚫دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 11-01-2019
[3] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 11-01-2019
[4] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 11-01-2019
[5] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 11-01-2019
[6] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 11-01-2019

کاتی تۆمارکردن: 01-12-2018 9:11:57 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 12
**2019-01-12**
https://www.kurdipedia.org/?q=20181201211157165062



باکووری کوردستان
- عومەر ئۆجالان پەرلەمانتاری هەدەپەی ڕوحا، ئاشکرای کرد کە عەبدوڵڵا ئۆجەلان ئەمڕۆ چاوی بەبراکەی محەمەد ئۆجالان کەتووە.[5] ئەو دیدارە دوای ئەوە دێت، کە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر پلاتفۆرمی ئازادی دژ بە گۆشەگیریی سەر ئۆجالان ڕایگەیاند، لە زیندانەکانی دەوڵەتی تورکدا دژی گۆشەگیریی سەر ئۆجالان، لانی کەم 600 زیندانی مانیان لە خواردن گرتووە و داوا دەکەن گۆشەگیریی سەر ئۆجالان هەڵبگیرێت. جگە لە تورکیا، لە پارچەکانی دیکەی کوردستان و ئەورووپاش بە سەدان کەس لە مانگرتندا بوون بۆ شکاندنیی گۆشەگیریی سەر ئۆجالان.
مانگرتنەکان بۆ شکاندنی گۆشەگیریی سەر ئۆجالان بە مانگرتنی لەیلا گوڤەن، هاوسەرۆکی کەجەدە و پەرلەمانتاری هەدەپە دەستیپێکرد، کە ماوەی 65 ڕۆژە مانی لە خواردن گرتووە دژی گۆشەگیریی سەر ئۆجالان، لەیلا ئێستا باری تەندروستی خراپ بووە و ژیانی لە مەترسیدایە، داواکاریی لەیلا ئەوە بوو، کە ڕێگە بدرێت سەردانی ئۆجالان بکرێت، بۆیە پێدەچێت ئەم دیدارە مانگرتنەکان بشکێنێت.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی شەهریار خزری تەمەن 20 ساڵ خەڵکی شاری سەردەشت بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی بە سەختی بریندار کرا.[6]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی ئەیووب ئەمینی، کوڕی محەممەد، خەڵکی گوندی دەشوان سەر بە شاری سەڵماس، بە هۆی سەرمابردووییەوە گیانی لە دەست دا.[6]
باشووری کوردستان
- فەرهاد محەمەد، منداڵە 3 ساڵەکە و نۆ ژنی دیکە لە دەستگیرکراوانی دوێنێی سەکۆی ئازادیی شاری سلێمانی، ئازاد کران.[2]
- وتەبێژی تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان ڕایگەیاند، کە ڕێکاری یاسایی دژی

دەستگیرکردنی ئەندامان و لایەنگرانی تەڤگەر دەگرنەبەر، ئاشکراشی کرد: ئاسایش هەوڵیانداوە بەڵێننامەیان پێ پڕبکەنەوە، بەڵام ئەوان ڕەتیان کردووەتەوە.[2]

- فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دەڵێت، کە دەستگیرکردنی هاوڵاتیان و چالاکان لە دەرەوەی بڕیاری دادوەر، پێچەوانەی یاسا و هەموو ئە و بانگەشانەیە لە بەرنامەی حزبە سیاسیەکاندا هەیە، دەشڵێت: پێویستە پارتی و یەکێتی دەستبەرداری ئەم دەستێوەردانە خراپانە ببن.[2]

- دژی دەستگیرکردنی چالاکوانان، ڕۆژنامەنووسان، هاوڵاتیان و نوێنەری لایەنەسیاسییەکان، کە دوێنێ لەلایەن ئاسایشی سلێمانییەوە دەستگیرکران، سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکیکردن لە مافی ڕۆژنامەنووسان، ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە، تێیدا ڕایگەیاندووە: داوا دەکەین دەسبەجێ دەسبەسەرکراوەکان بە بێ مەرج ئازاد بکرێن.[2]

- ژمارەیەک لەسەرکردەکانی هاوپەیمانی عەرەبی لەکەرکوک لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا دژایەتی خۆیان بۆ هەڵکردنی ئاڵای کوردستان دووپاتکردەوە.[3]

- ئەمشەو لە شاری هەولێر نوێنەرایەتی هەدەپە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی لەسەر دیدارەکەی ئۆجالان و بەردەوامی مانگرتن ئەنجامدا. لە کۆنگرە ڕۆژنامەنووسیەکەدا، عابد ئیکە هاوسەرۆکی نوێنەرایەتی هەدەپە لە هەولێر وتی: وەک دەزانرێت محەمەد ئۆجالان چوەتە ئیمرالی و لەگەڵ بەرێز ئۆجالان چاوپێکەوتنی ئەنجامداوە، بەڵام هێشتا وردەکاری چاوپێکەوتنەکە نازانرێت. باسی لەوەش کرد، ئەوان بەردەوام دەبن لە مانگرتن و چالاکییەکانیان تا ئەوکاتەی لێدوانێکی فەرمیی لە هەدەپەوە دەدرێت.[2]

- دوو فڕۆکەی جەنگی عێراقی چەند پێگەیەکی داعشیان لە لە نێوان شارۆچکەی خانەقین و و شارەدێی جەلەولا بۆردومان کرد.[3]

- شەوی ڕابردوو ئە و سێ هاووڵاتییەی کە ڕۆژی 24-12-2018 لەلایەن داعشەوە لە گوندی پارە پارەی سەر بە شارۆچکەی خورماتوو ڕفێندرابوون لەسنووری شارەدێی ڕەشاد لەبەرامبەر بڕێک پارەدا ئازاد کران و بەیانی ئەمڕۆ بە کەسوکاری خۆیان شاد بوونەوە. ئە و سێ هاووڵاتییە ناوەکانیان کەنعان عەزیز قادر، ساڵم سەردار محەمەد وادی و محەمەد ئەحمەد هەدل-ە.[4]

- تەرمی منداڵێکی تازە لە دایکبوو لە نزیک گەڕەکی قەڵای نوێ لە شاری هەولێر دۆزرایەوە، پۆلیسی هەولێریش دەڵێت: گیانی لەدەستدابوو و تەرمەکەی ڕەوانەی پزیشکی دادوەری کراوە.[3]

- لە شاری هەولێر، دوو مێردمنداڵ کە دانیشتووی یەک گەڕەکن لە سەر کۆتر بووەتە شەڕیان و لەئەنجامدا باوک و کوڕێک بەناوەکانی (ئیبراهیم و رابەر) کوژراون.[3]

ڕۆژئاوای کوردستان

- مینێک بە ئۆتۆمبێلێکی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی منبج تەقیەوە و دوو ئەندامی هێزەکانی ئاسایش شەهید بوون و ئەندامێکی دیکەش بریندارببووە.[2]

دەرەوەی کوردستان

- هاوڵاتیانی کورد و دۆستانی کورد، لە چوار گۆشەی ئەوروپا-وە بەرەو شەقامەکانی پاریس هاتن و بەرەو کۆڵانی لا فایەتە کە شەش ساڵ لەمەوبەر سێ ژنە سیاسەتمەداری کورد تێدا کۆمەڵکوژ کران ڕێپێوانیان کرد. خۆپێشاندەران کە وێنەکانی ساکینە جانسز، ئەندامی دامەزرێنەری پەکەکە، فیدان دوغان، نوێنەری کەنەکەی پاریس و لەیلا شایلەمەز، ئەندامی تەڤگەری گەنجان-یان هەڵکردبوو، دەوڵەتی تورکیان شەرمەزار کرد.[2]

- سوپای ئیسرائیل چەند پێگەیەکی لە دەورووبەری فڕۆکەخانەی نێودوڵەتی دیمەشق بۆردوومانکرد و سوپای سووریاش دەڵێت، بۆردوومانەکە زیانی ماددی زۆری هەبووە، بەڵام زیانی گیانی نەبووە.[1]

- وەزیری دەرەوەی ئێران لە کاردانەوە بەرامبەر بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی نێوەدەوڵەتی دژ بە ئێران لە وڵاتی پۆڵەندا، کۆنفرانسەکە بە پەڵەیەکی ڕەش و فەزاحەت بۆ پۆڵەندا ناودەبات.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان

پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: ◯ روحا
شار و شارۆچکەکان: ◯ سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: ◯ سەڵماس
شار و شارۆچکەکان: ◯ خانەقین
شار و شارۆچکەکان: ◯ خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: ◯ منبج
شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 12-01-2019
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 12-01-2019
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 12-01-2019
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 12-01-2019
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 12-01-2019
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 13-01-2019

کاتی تۆمارکردن: 01-12-2018 9:11:57 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 13

**2019-01-13**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181201211157165063

باکووری کوردستان
- شاندێکی ئەورووپی کە سەردانی تورکیای کردووە، هەوڵی دا بچێتە زیندانی پیتی (ئە)ی ئامەد بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ لەیلا گیوفەن پەرلەمانتاری پارتیی دیموکراتیی گەلان (هەدەپە)، بەڵام پۆلیس ڕێگری کرد.[4]
- پارێزەری لەیلا گوفەن چوو بۆ زیندانی ئامەد بە مەبەستی بینینی گوفەن، بەڵام بەهۆی خراپی باری تەندروستیی لەیلا گوڤەن، نەیتوانی دیداری لەگەڵ ئەنجام بدات.[2]
- پۆلیسی تورکی داگیرکەر لە شاری ئێلح هێرشی کردە سەر خۆپیشاندانێک کە دژی گۆشەگیریی سەر عەبدوڵلا ئۆجەلان سازکرابوو. پۆلیس کاندیدێکی هەدەپە بۆ هاوشارەداری ئێلح-یان دەستگیر کرد.[4]



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- شۆفیری لودێرێک بە ناوی مەحموودزادە فەرمانبەری ئیدارەی ڕێگاوبانی شاری مێهران لە ناوچەی قەڵاوێزان لە حاڵی دێپۆ و بارکردنی چەو و لەم، بە هۆی لێدانی مینێکی دژە تانک و تەقینەوەی ئەو مینە بە لۆدێرەکەدا، بریندار بوو.[5]
باشووری کوردستان
- سەدان ڕۆژنامەنووس و چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی و کەسایەتی و مامۆستای زانکۆ لە بانگەوازییەکدا، داوای دەستبەجێ ئازادکردنی ئە و کەسانە دەکەن، کە لە سەکۆی ئازادیی دەستگیکران و هێشتا لە زینداندان.[2]
- هاوسەرۆکی تەڤگەری ئازادیی لەبارەی دەستگیرکردنی ئەندامەکانیانەوە ڕایدەگەیەنێت، کە ئەوان داوای ئازادی ئەندامەکانیان ناکەن و دەشڵێت: دەبێت ئاسایشی سلێمانی داوای لێبوردن لە خوێنی شەهید ساکینە جانسز و هەڤاڵانی بکات.[2]
- کاتژمێر 3ی دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ کەسوکاری ئەندامانی تەڤگەری ئازادیی و چالاکوانان، کە ڕۆژی هەینی ڕابردوو دەستگیرکران، ویستیان سەردانی گیراوەکان بکەن، بەڵام ئاسایشی سلێمانی ڕێگەی پێنەدان.[2]
- جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی هەولێری یەکێتی ڕایگەیاند، هێشتا 6 ئەندامیان لەلای ئاسایشی هەولێر گیراوە و ئاسایشی هەولێریش ڕەتیدەکاتەوە، هیچ ئەندامێکی یەکێتی لەلای ئەوان مابێت و لەسەر پرسی سیاسی گیرابێت.[1]
- محەمەد زەریف وەزیری دەرەوەی ئێران سەردانی شاری سلێمانی دەکات و لەگەڵ بازرگانانی کوردستان و چەند شارێکی عێراق کۆدەبێتەوە.[3]
- محەمەد مەحمود بەرپرسی مەڵبەندی 16ی حەمرینی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان ڕایدەگەیەنێت: دەنگۆی گەڕانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بۆ خورماتوو لە ئارادایە، بە وتەی سەرچاوەیەکیش: هێزەکانی حەشد ئاگادارکراونەتەوە فرۆکەخانەی خورماتوو چۆڵبکەن کە شوێنی هێزەکانی ئەمەریکا بووە.[3]
- پۆلیسی هەولێر ئەو دوو تۆمەتبارەی دەستگیرکرد کە لەسەر کێشەی کۆتر کوڕو باوکێکیان کوشت.[6]
- کارمەندانی کەرتی خۆبەخشی تەندروستی، ئەمڕۆ کاتژمێر 10:00، لە بەردەم نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شاری سلێمانی، گردبوونەوەیەکی ناڕەزایەتییان بە دروشمی 'ئیتر بەسە دانەمەزراندنی کارمەندانی تەندروستی' ئەنجامدا، تێیدا لە بەیاننامەیەکدا داواکارییەکانیان خستەڕوو. کارمەندە ناڕازییەکان زۆرینەیان دەرچووی بەشە پزیشکییەکانی پەیمانگان و ژمارەیان پێنج هەزار خوێندکار دەبێت، لە سەرجەم ناوەندەکانی تەندروستی لە شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان ماوەی پێنج ساڵە دانەمەزراون و بە خۆبەخش کار دەکەن، ئەمەش سێیەم گردبوونەوەیە کە ئەنجامی دەدەن بۆ دامەزراندنیان.[2]
- بەڕێوبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان ئاشکرایدەکات: لە ئەمڕۆ یەکشەممەوە شەپۆلێکی بەهێزی بارینی بەفر و باران تەواوی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە و پێشبینیشدەکرێت تاوەکو ڕۆژی هەینی بەردەوام بێت.[3]
- لە سنووری پارێزگای دیالە بە تایبەتی لە ناوچە کێشە لەسەرەکانی جەلەولا و سەعدییە

چەکدارانی حەشدی شەعبی دەخرێنە حاڵەتی ئامادەباشییەوە بۆ رێگریکردن لە گەڕانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بۆ سنوورەکە.[3]
دەرەوەی کوردستان
-هاوسەرۆکانی پارتیی دیموکراتیی گەلان (هەدەپە)؛ سامەت ئایاس لە ناوچەی زەیتینبوورنوو، حەقی جەنگیز لە ناوچەی ئوسکودار، سەلما کۆرکماز و خەلیل سالک لە ناوچەی چەکمەکۆی، دەستگیر کران. دەرکەوت کە ئایاس بە بیانووی هەبوونی بڵاوکراوە دەربارەی گۆشەگیریی سەر ئۆجالان لەنێو ئۆتۆمبێلەکەیدا، هەروەها حەقی جەنگیز بە بیانووی پۆستەرەکانی سەر بینای ناوچەی هەدەپە دەستگیر کراون. بە گوێرەی زانیارییەکان، سامەت ئایاس بۆ بنکەی ئاسایشی فاتیح لە سیرکەجی، حەقی جەنگیز بۆ ئاسایشی ناوچەی ئوسکودار، کۆرکماز و سالیک-یش بۆ بنکەی ئاسایشی ناوەندی چەکمەکۆ گوازراونەتەوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: باتمان - ئێلح
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-01-13
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-01-13
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-01-13
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-01-13
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-01-13
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-01-13

کاتی تۆمارکردن: 2018-12-01 9:11:57 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 14

**2019-01-14**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181201211157165064




باکووری کوردستان

- پارێزگاری دەوڵەتی تورک لە ئامەد لە 13 گوند و مەزرای ناوچەی لیجە و لە 9 گوند و مەزرای ناوچەی هەزرۆ و لە گوندێکی ناوچەی کاراز هاتوچۆکردنی لە هاووڵاتییان قەدەغە کرد.
قەدەغەکارییەکە لە کاتژمێر 6:00ی ئەم بەیانییەوە دەستپێکردووە و تاوەکو بڵاوکردنەوەی راگەیاندراوێکی تر لەلایەن پارێزگاری دەوڵەتی تورکەوە لە ئامەد بەردەوامیی دەبێت. هاوکات لەگەڵ راگەیاندنی قەدەغەی هاتووچۆ لەو ناوچانەدا، سەربازانی سوپای تورک دەستیان بە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی کردووە.[4]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- هێرش بۆسەر کۆڵبەران لەلایەن هێزە ئەمنیەکانی ئێرانەوە بەردەوامە و لە دوو ڕۆژی ڕابردوودا لەسەر سنوورە دەستکردەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان چوار کۆڵبەر بە تەقەی ڕاستەوخۆ بریندارکراون.[5]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی عوسمان ڕەمەزانی خەڵکی گوندی داوودئابادی سەر بە شاری سەردەشت، لە ئاوی ڕووباری نۆکاندا خنکا.[6]
- دوو سەربازی ئەرتەشی ئێران لە خاڵی سیفری سنووری ناوچەی خان لەیلی شاری قەسری شیرین بە هۆی تەقینەوەی یەکێک لە مینە بە جێماوەکانی شەڕی ئێران و عێراق، بریندار بوون و بە هۆی کاریگەری بوونی برینەکەیانەوە، گیانیان لە دەس دا.[6]
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی ئەنوەر سەعیدی، خەڵکی شاری جوانرۆ، بە بێ ئیزنی یاسایی لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەستبەسەر کرا. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، هێزە ئیتلاعاتییەکان ئەم هاووڵاتییە کوردەیان لە بەشی کلاشی جوانرۆ دەستبەسەر کردووە و لە کاتی لێپرسینەوەدا، ئەشکەنجەیان داوە.[6]
- کۆڵبەرێکی لاو بە ناوی ئەمیر تاهیری، تەمەن 20 ساڵە خەڵکی گوندی گرگرە سەر بە شاری چاڵدیران، بە هۆی سەرمابردووییەوە گیانی لە دەست دا.[6]

باشووری کوردستان

- لەو 60 کەسەی کە ڕۆژی هەینی لە سەکۆی ئازادیی سلێمانیی دەسگیرکران، 23 کەسیان کە تاوەکو ئەمڕۆ ئازادنەکراون، ئەمڕۆ گواستراونەتەوە بۆ دادگای سلێمانی و وتەیان لێ وەردەگیرێت. پاشتر 14 کەسیان ئازادکران و بڕیاریشە سبەی ئەوانی تر ئازادبکرێن.[5]
- لە گوندێکی سنووری چەمچەماڵ چەکدارێکی داعش بەناوی (مناور ماجد وسنی) ناسراوە بە ئەبوعوبەیدە لەلایەن ئاسایشی ڕۆژئاوای سلێمانی-ەوە دەستگیرکرا کە چەندین لێپرسراوێتی جیاوازی هەبووە.[2]
- کۆبوونەوەی باڵای شاندی یەکێتی و پارتی لە ماڵی نێچیرڤان بارزانی لە هەولێر دەستپێکرد کە لەلایەن نێچیرڤان بارزانی لەپارتی و کۆسرەت ڕەسول عەلی لەیەکێتی سەرپەرشتی دەکرێت. لەکۆبوونەوەکەی ئەمڕۆدا گفتوگۆ لەبارەی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و تەواوکردنی کابینەی نوێی حکومەتی عێراق و بارودۆخی کەرکوک و دانانی پارێزگارێک لە و شارە دەکرێت، لەکۆبوونەوەکەی ئەمڕۆدا، رێگە بە میدیاکاران نادرێت کۆبوونەوەکە روماڵ بکەن.[2]
- هونەرمەندی شانۆکار تەڵعەت سامان بە ڕووداوی هاتوچۆ لەنێوان پیرمام و هەولێر کۆچی دوایی کرد.[1]
- ژان ئیڤ لودریان، وەزیری دەرەوەی فەرەنسا گەیشتە هەولێر.[1]
- بەمەبەستی دەستپێکردنەوەی گەشتە ئاسمانییەکانی نێوان فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی و تورکیا وەفدێکی هێڵی ئاسمانی تورکیا سەردانی فرۆکەخانەی سلێمانیان کردو بڕیاردراوە ڕۆژی 24ی ئەم مانگە یەکەم گەشت دەستپێبکاتەوە.[3]
- ئەحمەد عەسکەری سەرۆکی لیژنەی نەوت و غاز لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لە چاوپێکەوتنێکی دوارۆژدا باس لەوەدەکات: ڕۆژانە نزیکەی 100 هەزار بەرمیل نەوتی کەرکوک

لەرێگەی بۆری هەرێمەوە هەناردە دەکرێت، دەڵێت: 51 ملیۆن دۆلاری کەرکوک لای هەرێمی کوردستانە و سکاڵاش تۆمارکراوە.[2]
- پۆلیسی هەولێر دوو تۆمەتباری کێشەی کۆترەکەی هەولێری دەستگیرکرد، کەبەهۆیەوە کوڕ و باوکێک کوژران.[3]
دەرەوەی کوردستان
- دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەمریکا لە تویتێکدا رایگەیاند: ئەگەر تورکیا هێرش بکاتە سەر کورد، ئەوا لە رووی ئابوورییەوە تێکی دەشکێنین و باسیش لە ناوچەیەکی پارێزراو دەکات بۆ رۆژئاوای کوردستان بە قوڵایی 20 میل. ئەم تویتەی ترەمپ بەشێوەیەکی زۆر بەرفراوان بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوبووە و خۆشحاڵی کورد و تووڕەییەکی زۆری تورکەکانی لێکەوتەوە.[1]
- دوای ئەوەی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا هەڕەشەی لە تورکیا کرد کە ئەگەر هێرش بکاتە سەر کوردانی رۆژئاوای کوردستان رووبەڕووی قەیرانی ئابوری دەکاتەوە، وتەبێژی سەرۆک کۆماری تورکیا وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت: بەردەوام دەبین لە شەڕکردن دژی پەکەکە، یەپەگە و پەیەدە.[2]
- هونەرمەند فەرهاد تونج لە کاتی گەڕانەوەیدا بۆ ئەڵمانیا لە فرۆکەخانەی ئەتاتورک لە ئیستەنبول دەستگیرکرا.[4]
- وەزارەتی بەرگری ئەمریکا، رەزامەندی لەسەر پێشنیارێکی جۆن بۆڵتن، راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی دەربڕیوە سەبارەت بە ئەنجامدانی هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران ئەوەش بەپێی راپۆرتێک کە رۆژنامەی وۆڵ ستریت جۆرناڵی ئەمریکی بڵاویکردووەتەوە.[2]
- کۆشکی سپی لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند: دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا داوای لە ئەنقەرە کردووە مامەڵەی خراپ لەگەڵ کوردەکانی رۆژئاوای کوردستان نەکات.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | سەردەشت |
| شار و شارۆچکەکان: | قەسری شیرین |
| شار و شارۆچکەکان: | جوانرۆ |
| شار و شارۆچکەکان: | چەمچەماڵ |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامەد |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |

Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان
[1] ⚫دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 14-01-2019
[3] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 14-01-2019
[4] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 14-01-2019
[5] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 14-01-2019
[6] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 14-01-2019

کاتی تۆمارکردن: 2018-12-01 9:11:57 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 15

**2019-01-15**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181201211157165065



باکووری کوردستان
- دوای ئەوەی دەوڵەتی تورک لە 23 دێ و لادێی ناوچەکانی لیجە، هەزرۆ و کاراز لە ئامەد هاتوچۆکردنی لە هاووڵاتییان قەدەغە کرد، سەربازانی تورک هەڵیانکوتایە سەر 11 ماڵ و 7 هاووڵاتییان دەستگیرکرد، کە یەکێکیان منداڵە.[2]
- ئیبراهیم بیلمەز، جەنگیز چیچەک و موهدی ئۆزتوزن پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆ ئەوەی بتوانن بڕۆن بۆ ئیمراڵی و چاویان بە ئۆجالان بکەوێت سەردانی داواکاری گشتیی کۆماری تورکیایان لە بورسا کرد.[2]
- دایکی ئاشتی ساکینە گیوڤەن بۆ ئەوەی بەشداری لە کۆبوونەوەی فراکسیۆنی هەدەپە لە پەرلەماندا بکات، چووە بۆ پەرلەمانی تورکیا، بەڵام بە پاساوی ئەوەی دادگا بڕیاری ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکردن لەگەڵی بۆ دەرکردووە، دەستگیرکرا.[2]
- هێزەکانی دەوڵەتی تورک لە نێو شارۆچکەی ئەردیش-ی سەر بە شاری وان و گوندەکانی دەوروبەری هەڵیکوتایە سەر ماڵان. چەندین کەس دەستگیر کران و گوازرانەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایش. ئە و کەسانەی دەستگیرکراون بریتین لە: ئەحمەد پۆڵات، مەحموود بیلیجی، گوڵستان بیلیجی، مەحموود بۆشجەڤیز، فەرمان ئاسڵان، تووران دەنیز، ئەحمەد دەنیز، فەتاح ئەسڵان، ئایشە پیشیرگەن، سەعادەت کوورشوون، ئیحسان کوورشوون، ڕەفعەت پیشیرگەن و حیکمەت پیشیرگەن.[2]
باشووری کوردستان
- باری تەندروستیی ناسر یاگز ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبێت. یاگز لە دژی گۆشەگیریی سەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ماوەی 56 ڕۆژە لە چالاکیی مانگرتنی بێسنووردایە لە شاری هەولێر.[2]
- کۆچی دوایی محەمەد مەلا قادر، ئەندامی پێشووی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان.[1]
- لە گەڕەکی ڕوناکی شاری کەرکوک لەلایەن دوو چەکداری نەناسراوەوە دەستڕێژی گوللە لە هاوڵاتیەکی کورد کراوە بەناوی (جەبار عارف ڕەشید) کە بەرپرسی ڕێکخراوی موسەڵای پارتیە. قوربانییەکە بە برینداری گەیەندراوەتە نەخۆشخانەی ئازادی، بەڵام بەهۆی ئەوەی گوللەیەک بەر سەری کەوتبوو گیانی لەدەستدا.[5]
- بومەلەرزەیەک بەگوڕی 3.9 پلە بەپێوەری ڕێختەر خانەقینی هەژاند.[3]
- شەوی ڕابردوو چەتەکانی داعش ویستیان دزە بکەنە نێو گوندی مەحمەد شیربەگ لە خانەقین و لە دوولاوە تەقەیان ئاڕاستەی گوندەکە کرد، بۆیە چەند خولەکێک پێکدادان دروست بوو لە

نێوان پۆلیس و چەتەکانی داعش و لە ئەنجامدا چەتەکان هەڵهاتن بەرەو چەمی ئەڵوەن.[4]
- پارتی و گۆڕان لە سلێمانی کۆبوونەوە.[1]
- محەمەد جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران بۆ بەشداری لە دیدارێکی بازرگانی گەیشتە هەولێر و لەلایەن نێچیرڤان بارزانی، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان پێشوازی لێکرا.[4]
- محەمەد جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران پاش هەولێر، سەردانی سلێمانیی کرد بۆ بەشداریکردن لە کۆڕبەندی بازرگانی هاوبەشی نێوان ئێران و هەرێم کە لەهۆڵی گراند میلینیۆم بەڕێوەچوو.[1]
- ئەمڕۆ لە کتێبخانەی گشتی شاری سلێمانی، بە بەشداری توێژە جیاوازەکان، کۆڕێک لە ژێر ناونیشانی 'کورتە باسێک لەبارەی کوردەکانی قەفقاس'، بۆ ڕۆژنامەنووس عەلی زاڵۆ بەڕێوەچوو.[4]
- لە شارۆچکەی ڕواندزی سەر بە پارێزگای هەولێر، لە مەراسیمێکدا بە ئامادەبوونی هونەرمەند، هاوڵاتیان و دامودەزگا حکومییەکان، پەردە لەسەر پەیکەری وەرداش کە بە خۆشەویستەکەی ڕواندز ناسراوە لادرا، ئەرکی چاودێریکردنی پەیکەرەکەش ڕادەستی شارەوانی کرا.[4]
- بەهۆی شەڕی نێوان هێزەکانی پۆلیس و تیرۆرستانی داعش لەسنوری گوندی مەحمود عەباسی سنوری خانەقین پۆلیسێک گیانی لەدەستدا.[3]
- لە گەڕەکی زیلان سیتی لە شاری هەولێر باترییەک بە کارمەندانی پاکەوانیدا تەقییەوە، بەهۆیەوە پاکەوانێک گیانی لەدەست دا و یەکێکی دیکەش بریندار بوو.[2]
- بەشێک لە شاخی سارا لە سنووری شارۆچکەی دوکان داڕما و مەترسی زۆری بۆ چەند هاوڵاتیەک لەگەڕەکی چەوەسپی دروست کرد.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە شاری عەفرین کە لە لەژێر داگیرکاریی دەوڵەتی تورکدایە، تەقینەوەیەک ڕوویدا. بە گوێرەی زانیارییەکان تەقینەوەکە لە خاڵێکی چەتەکانی گرووپی هەمزە ڕوویداوە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- ئەحمەد حاجی ڕەشید، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە لیژنەی داراییی ئەمڕۆ ڕایگەیاند: ماوەی پێنج ساڵە پێشمەرگە تەنها تێکستێکیان لە بوجەدا بۆ دانراوە، بەڵام لە پڕۆژەیاسای ئەمساڵدا لە بوجەی وەزارەتی بەرگری بەشە بودجەکەی بۆ هەر مانگێک بە (68) ملیار دینار دیاریکراوە.[5]
- لە دژی هەڕەشەکانی دەوڵەتی تورک، 45 پەرلەمانتاری فەڕەنسا لە 7 فراکسیۆنی جیاواز، یاداشتێکیان ئاراستەی سەرۆک کۆماری فەڕەنسا ئیمانوئێل ماکرۆن کرد و داوایان لێ کرد پشتگیرییەکانی بۆ هێزەکوردییەکانی سووریا و هێزەکانی سووریای دیموکراتی (قەسەدە) زیاتر بکەن.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏣 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏣 پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
🏣 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
🏣 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
🏣 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ خانەقین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ڕواندز
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی

🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ وان
🏢 شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
🏢 شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ⬤دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-01-15
[3] ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-01-15
[4] ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-01-15
[5] ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-01-15

کاتی تۆمارکردن: 2018-12-01 9:11:57 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 16

**2019-01-16**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181201211157165066



باکووری کوردستان
- جەمیلە توورهالی باڵساک پارێزەری لەیلا گیوڤەن ڕایگەیاند، لەیلا گیوڤەن ناوتوانێت بخوێنێتەوە. کێشەی بینین وتەرکیزی بۆدروستبووە. وەک جاران ناتوانێت بجوڵێتەوە.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لەشەوی ڕابردووەوە هەتا بەیانی ئەمڕۆ بوومەلەرزە سێ ناوچەی جیاواز لە پارێزگای کرماشان لەرۆژهەڵاتی کوردستانی هەژاندووە.[2]
- شەوی ڕابردوو، ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە ناوچەی قوتووری شاری خۆی، دەکەونە بۆسەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی و لەو پەیوەندییەدا، کۆڵبەرێکی گیانی لە دەستداو کۆڵبەرێکی دیکە بە سەختی بریندار بوو. شوناسی ئەو دوو کۆڵبەرە کوردە بە ناوەکانی عەبدوڵا یووسفی کوژرا و، و ئیحسان خالیدی بریندار، خەڵکی گوندی ڕازی ناوچەی قوتوور ڕاگەیاندراوە.[3]
- سپای پاسداران چەکوچۆڵی قورس و کەرەستەی شەڕ لە ڕێگای ورمێ – مەهابادەوە بەرەو ناوچە سنوورییەکانی کوردستان ڕەوانە دەکات.[3]
- هێزە ئیتلاعاتییەکان هێرشیان کردووە سەر گوندی نگڵ سەر بە شاری سنە و دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی ئیدریس محەممەدی و ئاوات کەریمییان دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار گواستووەتەوە.[3]
باشووری کوردستان
- درەنگانی شەوی ڕابردوو، بەهۆی تەقەکردنی هەڕەمەکییەوە شەڕ لەنێوان گروپێکی حەشدی شەعبی و دژەتیرۆری عێراق لەنێو نەخۆشخانەی گشتیی کەرکوک دروستبوو، پاشان دژەتیرۆر چەکدارەکانی حەشدی چەککرد.[1]

- لەسەر سکاڵایەکی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق. ڕۆژنامەنووس ڕێبوار کاکەیی بەرپرسی نوسینگەی هەولێری کەناڵی 'ئێن ئار تی' لەلایەن پۆلیسی هەولێرەوە دەستگیرکرا.[5]
- ئاگرێک لە کەمپی هەرشەم لە نزیک بەحرکەی هەولێر کەوتەوە و بەرگری شارستانیش دەڵێت: هۆکاری کەوتنەوەی ئاگرەکە شۆرتی کارەبا بووە، بەهۆیەوە 12 ماڵ سووتان و زیانی گیانیی لێنەکەوتەوە.[1]
- دووەمین فێستیڤاڵی ڕۆشنبیری و هونەری لە هۆڵی چالاکیی قوتابخانەکان لە شاری کەرکوک بەڕێوەچوو. فێستیڤاڵەکە بە کردنەوەی پێشانگەیەکی وێنەیی دەستی پێکرد کە لە لایەن فێرخوازانی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدا کێشرابوون.[5]
- ژمارەیەک لە دەرچووانی بەشی یاسا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، لە بەرامبەر وەرنەگرتنیان وەک ئەندام لە سەندیکای پارێزەرانی کوردستان، گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا، تێیدا ڕایانگەیاند، ئەگەر وەڵامیان نەدانەوە سکاڵا تۆمارەکەن.[5]
- کارمەندانی خۆبەخشی تەندروستی لە سنوری ئیدارەی ڕاپەڕین لەبەردەم بەڕێوبەرایەتی تەندروستی ڕاپەڕین گردبوونەوە بۆ داواکردنی دامەزراندنیان.[1]
- بەڕێوەبەری گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە لەوەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێم ڕایگەیاند، دوا مۆڵەت بە 32 کەناڵی ئاسمانی و لۆکاڵی دەدرێت، ئەگەر تا کۆتایی ئەم مانگە مۆڵەتەکانیان نوێنەکەنەوە و رسومات نەدەن پەخشەکانیان رادەگیردرێت.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە نێو خواردنگەیەکی منبج تەقینەوەیەکی بەهێز ڕوویدا، بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان زۆرتر لە 10 کەس کوژراون چەند کەسێکی دیکەش بریندارن. لەنێو کوژراوەکاندا چەند سەربازێکی ئەمریکی هەن.[7] هەندێک سەرچاوە باس لە کوژرانی سەربازی فەرەنسیش دەکەن، داعش بەرپرسیارێتیی تەقینەوەکەی ڕاگەیاند.[8]
- ئەنجومەنی سوریای دیموکرات دروستکردنی ناوچەی ئارام لەسوریا ڕەتدەکاتەوە و ڕایگەیاند، ئەگەر تورکیا هەوڵ بدات بۆ دروستکردنی ناوچەی ئارام لە ڕۆژئاوای کوردستان ئەوا داگیرکاریە.[6]
دەرەوەی کوردستان
- باڵیۆزی تورکیا لە بەریتانیا هەڕەشەی لە و سەندیکایانە کرد کە پشتگیری لە کوردان دەکەن. لە بەرانبەردا سەرۆکی 14 سەندیکای بەریتانی وەڵامی هەڕەشەکانیان دایەوە و گوتیان: (بەردەوام لەپشت کوردان دەبین).[4]
- مانگرتن لە خواردن، کە لە شاری ستراسبۆرگ لەپێناو هەڵگرتنی گۆشەگیریی سەر ئۆجالان بەڕێوەدەچێت، لە ڕۆژی 31هەمدا بەردەوامە، هاوکات لە بەردەم پەرلەمانی ئەوروپا بە سەدان هاوڵاتی دژی گۆشەگیریی سەر ئۆجالان گربوونەوە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏫 پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| 🏫 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ورمێ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ مەهاباد |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ کرماشان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ رانیە (ڕاپەڕین - پشدەر) |

🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ منبج
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🖧 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-01-16
[2] 🖧 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-01-16
[3] 🖧 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-01-16
[4] 🖧 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-01-16
[5] 🖧 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-01-16
[6] 🖧 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری زەمەن - 2019-01-16
[7] 🖧 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-01-16
[8] ⬤ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2018-12-01 9:11:57 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 17
**2019-01-17**
https://www.kurdipedia.org/?q=20181201211157165067




رۆژهەڵاتی کوردستان
- هاووڵاتییەکی کورد، بە ناوی عەلی ئیسماعیلی، کوڕی محەممەد تەمەن 40 ساڵە خەڵکی گوندی جاشێران، سەر بە شاری شنۆ، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.[6]
- دوو هاووڵاتی کورد بە ناوەکانی عوسمان حەسەنی و حەسەن مووسەوی، خەڵکی شاری شنۆ، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کران.[6]
باشووری کوردستان
- پلاتفۆڕمی دابڕان و خانەی زانستە مرۆییەکانی پاریس، کۆنفرانسێکی هاوبەش لەژێر ناونیشانی (زەبروزەنگ و چونەدەرەوە لە زەبروزەنگ) لەشاری سلێمانی دەستپێکرد، کە تێیدا چەندین توێژەر و سۆسیۆلۆگی بەناوبانگی جیهانی و ناوخۆیی بەشداریی لە کۆنفرانسەکەدا دەکەن.[3]
- کچێکی کوردی ئێزیدی تەمەن 18 ساڵان لە دەستی داعش ڕزگاری بوو و گەیشتەوە لای کەس وکارەکەی لە پارێزگای دهۆک.[4]
- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پرسی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکوک دەباتە دادگای ئیتیحادی و سکاڵایەکیش لەدژی پارێزگاری کاتی پارێزگاکە تۆماردەکات.[2]
- سەعید کاکەیی، ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیارانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق رەتیدەکاتەوە لەسەر ساختەکاری هەڵبژاردنی ساڵی رابردووی پەرلەمانی عێراق داوای لێبوردنی لە کۆمسیۆن کردبێت، بەڵکو تەنها داوای لێبوردنی لە ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیاران کردووە.[2]
رۆژئاوای کوردستان

- ئەنجوومەنی سەربازیی منبج ڕایگەیاند، لە تەقینەوەکەی دوێنێدا 13 کەس ژیانیان لە دەستداوە و 18 کەسی تریش بریندار بوون.[1]
- سەربازێکی ئەمریکی و یاریدەرێکی کە لە تەقینەوەکەی دوێنێی منبج دا بریندار بوو بوون، بەهۆی قورسی برینەکانیانەوە گیانیان لە دەستدا و بەوەش ژمارەی سەربازە کوژراوەکانی ئەمریکا لە تەقینەوەکەی منبج دا گەیشتە 4 سەرباز.[1]
- تەندروستی هەرێم تۆمارکردنی یەکەم حاڵەتی ئەنفلۆنزای بەراز - (H1N1)ی ڕاگەیاند و دەشڵێت: توشبووەکە لەژێر چاودێری تەندروستیدایە و بارودۆخی تەندروستی جێگیرە، ڕەتیشیدەکاتەوە لەهەرێم هیچ حاڵەتێکی ئەنفلۆنزای باڵندە تۆمارکرابێت.[3]
- هاتووچۆی سلێمانی بەمەبەستی ڕێگرتن لەڕووداوی نەخوازراو بەهۆی بەفربارینەوە، ڕێگەی هاتووچۆی لە شەقامی تاسلوجەی سلێمانی کە یەکێکە لە دەروازە سەرەکییەکانی سلێمانی داخست.[2]
- بەهۆی بەفربارینەوە، ڕێگەی دۆڵی سماقوڵی، کە ڕانیە و هەولێر بە یەکەوە دەبەستێتەوە، داخرا و چەندین ئۆتۆمبێل لەو ڕێگەیە گیریان خواردووە.[5]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا (پنتاگۆن) لەبارەی هێرشە خۆکوژییەکەی منبجەوە ڕاگەیاندراوێکی بڵاوکردەوە. لە ڕاگەیاندراوەکەدا هاتووە، 2 سەربازی ئەمریکی، پاسەوانێک و کارمەندێکی مەدەنیی گرێبەستیان کوژراوە.[1]
- سەرۆکی فەرەنسا ڕایگەیاند: کە هێزەکانی وڵاتەکەی لە سوریا و عێراق دەمێننەوە لە ماوەی ئەمساڵدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش و پاشماوەکانی.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| شار و شارۆچکەکان: | ڕانیە (ڕاپەڕین - پشدەر) |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | شنۆ |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | دهۆک |
| شار و شارۆچکەکان: | منبج |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-01-17
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-01-17

[3] 🎭مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 17-01-2019
[4] 🎭مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری زەمەن - 17-01-2019
[5] 🎭مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 17-01-2019
[6] 🎭مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 19-01-2019

کاتی تۆمارکردن: 01-12-2018 9:11:57 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 18

**2019-01-18**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181201211157165068



باکووری کوردستان
- پارتی دیموکراتی گەلان هەدەپە رایگەیاند، تەنیا لە جۆلەمێرگی باکووری کوردستان هەشت هەزار ناو کە بوونیان نییە و هیچ ناونیشانێکیان دیارنییە و نیشتەجێی ئەم شارەش نین، ناویان خراوەتەسەر تۆماری دەنگدەرانی جۆلەمێرگ.[4]
- بنەماڵەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان و 3 زیندانیی تر لە دوورگەی ئیمراڵی بۆ ئەوەی بڕۆن بۆ ئیمراڵی و چاویان بە ئۆجالان و زیندانییەکانی تر بکەوێت، سەردانی داواکاری گشتی بورسایان کرد.[3]
- هەریەکە لە عیرفان سابای، مەرڤان ئۆرهان و عەبدوڵا ئۆزکان لە چوارەمین دادگەی سزا قورسەکانی وان بە تۆمەتی (ئەندامەتیی ڕێکخستن) دادگەیی کران. دەستەی دادگە سزای 100 ساڵ زیندانی بەسەر ئە و 3 گەنجەدا سەپاند.[3]
باشووری کوردستان
- شەپۆلی سەرما و بەفر زۆرینەی ناوچەکانی باشووری کوردستانی گرتووەتەوە و بەفر ئاستەنگی لە هاتووچۆی هەندێک لە ناوچەکان دروستکردووە.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەوی ڕابردوو لە منبج تەقینەوەیەک پوچەڵکراوەتەوە و ئەو چەتەیەشی کە ویستوویەتی تەقینەوەکە ئەنجام بدات، کوژرا.[2]
- سوپای داگیرکەری تورکیا وگروپەچەتەکانی کە لە گوندی کێمارای ناوچەی شێراوای عەفرین جێگیربوونە، بە تانک وچەکی قورس گوندی سوخانکێ-ی شێراوای عەفرین تۆپباران دەکەن.[3]
- بەپێی ئەوزانیارییانەی کە سەرچاوە هەرێمییەکان بڵاویان کردووەتەوە، گەنجێکی کورد بەناوی عەگید محەمەدشێخ حەسەن 24 سال تەمەن کە باوکی دوو منداڵە و دانیشتووی گوندی ئیفراز-ی ناوچەی ماباتای عەفرینە، 3 ڕۆژ لەمەبەر لەلایەن چەتەکانی دەوڵەتی تورکیاوە ڕفێندرابوو، بەکوژراوی دۆزراوەتەوە.[3]
- تیمێکی دەزگای لێکۆڵینەوەی فیدراڵی ئەمریکا بۆ لێکۆڵینەوە لە تەقینەوەکەی منبج دەگاتە ئەو شارە.[5]
- ئەمشە و لە بەردەم فێرگەی سینا لە گەڕەکی مەحموودیەی شاری عەفرین تەقینەوەیەک ڕوویدا.[3]
دەرەوەی کوردستان
- پۆلیس وهێزە ئەمنییەکانی تورکیا لە ئیزمیر هەڵیانکوتایە سەر چەندین شوێن ودەیان کەسیان دەستگیرکرد. زۆربەی دەستگیرکراوەکان ئەندامی پارتی دیموکراتی گەلان-هەدەپە و بەڕێوەبەرانی هەدەپەن. لە کۆی ئەو کەسانەی کە دەستگیرکراون ناوی 8 کەس ئاشکرا کراون کە بریتین لە، جەمیل ئایدین، محەمەد دەمیر، فاتما یەتیم، حەیات ئێزگل، دونیاماڵ ئارنج، سەبری ئادبەلێ، زەریف قەرەسوونگوور و بەهیە یاڵچن لەئەندامانی دایکانی ئاشتییە.[3]
- حکومەتی فیدراڵی ئەڵمانیا داوای کرد، گۆشەگیریی سەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان کۆتایی پێبێت،

میشێل رۆت راوێژکاری وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەڵمانیا ئەوەی خستەڕوو کە، پێویستە ئۆجەلان بەبێ کشێە و رێکوپێک چاوی بە پارێزەران و خانەوادەکەی بکەوێت.
- هاوپەیمانی سائیرون بۆ وەدەرنانی هێزە دەرەکییەکان، بەتایبەت هێزەکانی تورکیا و ئەمریکا لە عێراق، پرۆژەیاسایەکی پێشکەشی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کرد، هەروەها هاوپەیمانێتی بینا-ش ئەو بابەتە دەخاتە رۆژەڤی ئەنجومەنی نوێنەران و داوا دەکات هێزە دەرەکییەکان لە عێراق وەدەر بنرێن.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 18-01-2019
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 18-01-2019
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 18-01-2019
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 18-01-2019


کاتی تۆمارکردن: 2018-12-01 9:11:57 PM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 19

**2019-01-19**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181201211157165069




باکووری کوردستان

- سوپای تورکی داگیرکەر سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ لە چیای جودی لە پارێزگای شرنەخ بە پشتیوانیی کۆپتەری جەنگی دەستی بە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن کرد.[1]
- هەزاران کەس بە دروشمی لەیلا گیوڤەن شکۆمانە بەرەو کۆبوونەوەکەی گۆڕەپانی ستاسیۆن دەڕۆن. چالاکییەکە بۆ پشتیوانیکردنە لە چالاکیی مانگرتنی لەیلا گیوڤەن، کە ماوەی 73 رۆژە بۆ نەهێشتنی گۆشەگیری سەر عەبدوڵلا ئۆجەلان رێبەری گەلی کورد لە مانگرتندایە.[1]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی یاسر موجبی تەمەن 38 ساڵ کوڕی غۆڵامحوسێن خەڵکی بەخشی بێلوار سەر بە شاری کرماشان لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراوە.[5]

باشووری کوردستان

- لە شاری سلێمانی چلەی ماتەمینیی جەمال نەبەز بەڕێوەچوو.[2]
- بەئامادەبوونی هاوسەرۆکی گشتی و چەند ئەندامێکی دەستەی هاوسەرۆکایەتی و دەستەی بەڕێوبەریی تەڤگەریی ئازادیی، دووەمین کۆنفرانسی هەرێمی هەولێری تەڤگەری ئازادیی بەڕێوەچوو، تێیدا ئەنجومەن و هاوسەرۆکانی نوێ-یان هەڵبژارد. هەردوو 'زیلان ئیدریس و ئاسۆ محمود' وەک هاوسەرۆکی نوێ هەڵبژێردران.[2]
- ئەمشەو فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک دەوروبەری گوندی ئێندزە-یان لە بناری قەندیل و دەڤەری نهێلێ لە سنوری ئامێدی لە بادینان بۆردوومان کرد.[2]
- خێزانێکی کوردی ئێزدی لەژێر دەسەڵاتی داعش ڕزگاریان بوو و بە ئەندامانی دیکەی خانەوادەکەیان شادبوونەوە.[3]
- بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەرکی لایەنە سیاسییەکان لەم دۆخەی ئێستای هەرێمی کوردستان، دەزگای ستاندارد گفتوگۆیەکی کراوەی رێکخست و تێیدا جەخت لەسەر گرنگیی هەبوونی پرۆژەیەکی هاوبەشی لایەنە سیاسییەکان کرایەوە.[2]
- هاتنی شەپۆلی نوێی بەفر بارین، پلەکانی گەرمای سنووری شارۆچکەی پێنجوێنی دابەزاندووە و بەپێی پێشبینییەکان بۆ ماوەی یەک هەفتە پلەکانی گەرما بۆ زیاتر لە 10 پلەی ژێر سفر دادەبەزێت.[4]

ڕۆژئاوای کوردستان

- لە بەردەم بینای ماڵی ژن لە ناوەندی شاری عەفرین تەقینەوەیەک روویدا. بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان تەقینەوەکە کوژراو و برینداری لێکەوتووەتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| 🏛 پارت / لایەن: | تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ پێنجوێن |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ئامێدی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ کرماشان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🕊 ئەفرین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ شرناخ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 19-01-2019](https://www.kurdipedia.org/)
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەڕی رۆژنیوز - 19-01-2019](https://www.kurdipedia.org/)
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەڕی رووداو - 19-01-2019](https://www.kurdipedia.org/)
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەڕی دوارۆژ - 19-01-2019](https://www.kurdipedia.org/)
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەڕی کوردیا - 20-01-2019](https://www.kurdipedia.org/)

کاتی تۆمارکردن: PM 9:11:57 2018-12-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 20

**2019-01-20**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181201211157165070



رۆژهەڵاتی کوردستان
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی محەممەد پەتایشی کوڕی محەممەد کەریم خەڵکی گوندی قەمتەرە سەر بە شاری پیرانشار بە تۆمەتی هاوکاریی لەگەڵ یەکێک لە حیزبەکانی ئۆپۆزسیۆنی حکوومەتی ئێران لە لایەن دادگایی ئینقلابی ورمێوە بە 7 ساڵ زیندان مەحکووم کرا.[6]
باشووری کوردستان
- ئەمڕۆ لە شارۆچکەی خانەقین، ماڵی ڕوناکبیری سەلام پێشانگایەکی کتێبی بۆ کتێبەکانی 'خانەی سمۆرە و هەژار موکریانی' کردەوە، بڕیارە پێشانگاکە ماوەی دوو ڕۆژ بخایەنێت.[3]
- پاش چاوەڕوانییەکی زۆر، بە بڕیاری دادگای هەولێر، (مریەم باروتجیان) یەکێک لە منداڵە دۆزراوەکانی هەڵەبجە ناوەکەی گۆڕدرا بۆ (ژیان کامەران) ئەوەش دوای ئەوەی لە ساڵی ڕابردوودا بە هاوناز ئەحمەد ناسرابوو.[4]
- ئەمڕۆ ژمارەیەک لە دەرچووانی یەکەم، دووەم و سێیەمی زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵەکانی 2016-2017 و 2017-2018، لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە هەولێر گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا. خوێندکاران داواکارن، کە وەک ساڵانی ڕابردوو دابمەزرێن، کە ساڵانی پێشتر دەرچووانی ئاستەکانی یەکەم، دووەم و سێیەم ڕاستەوخۆ دادەمەزران.[3]
- لە گوندێکی نزیک خانەقین چەکدارانی داعش هێرشیان کردەسەر پۆلیسی فیدراڵی و دوو پۆلیس کوژران و بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکیشەوە هاووڵاتییەکی مەدەنی بریندارببوو.[4]
- بڕیار وابوو ئەمڕۆ هەردوو ڕێکخراوی گەنجانی وڵاتپارێز و ژنانی گەنجی شۆڕشگێڕ لەدژی داگیرکاری دەوڵەتی تورکیا لەبەردەم باخی گشتیی سلێمانی کۆببنەوە و ڕێپێوانێکی هێمنانە ئەنجام بدەن، بەڵام لەلایەن هێزەئەمنییەکانی سلێمانییەوە ڕێگرییان لێکرا.[1]
- لە شارەدێی حاجیاوای سەر بە ئیدارەی ڕاپەڕین کوڕ و باوکێک لەبەردەم ماڵەکەی خۆیاندا بەدەستڕێژی گوللە کوژران.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- دوو تەقینەوە لە نزیک فولکەی کاوەی ئاسنگەر و سالۆن ژین لە شاری عەفرین ڕوویدا.[3]

- له یەکەم ساڵیادی هێرش و داگیرکەری و پاکتاوکاریی سوپای تورک و چەتەکانی بۆ سەر عەفرین، هاووڵاتییانی عەفرین لە شەهبا ڕیپێوانێکیان لە دژی ئەو هێرش و داگیرکەرییە ئەنجامدا.[1]
دەرەوەی کوردستان
- لە شاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا و لە کاتی ئەنجامدانی چالاکییەکی گەنجانی کورد دا بۆ ئیدانەکردنی گۆشەگیریی سەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان، چەتەکانی ئاکەپە – مەهەپە هێرشیان کردە سەر چالاکوانەکان و 2 گەنجی کورد برینداربوون.[1]
- سەرۆکی ئەمریکا لە شاری دۆڤەری ویلایەتی دێلوەر پێشوازی لە تەرمی ئەو چوار سەربازە ئەمریکییە کرد کە هەفتەی ڕابردوو لە تەقینەوەیەک لە منبج کوژران.[2]
- هێزی ئاسمانی ئیسرائیل هێرشی بۆ سەر چەند ئامانجێکی نێو خاکی سوریا ئەنجامدا و وەزارەتی بەرگری سوریاش دەڵێت بەرپەرچمان داونەتەوە.[4]
- فلۆرێنس پارلی، وەزیری بەرگریی فەرەنسا ڕایگەیاند، ڕاستە ئەمریکا بڕیاریداوە هێزە سەربازییەکەی لە سووریا بکشێنێتەوە، بەڵام لە گرنگی پاراستنی کورد تێدەگات.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | ڕانیە (ڕاپەڕین - پشدەر) |
| شار و شارۆچکەکان: | پیرانشار - خانە |
| شار و شارۆچکەکان: | ورمێ |
| شار و شارۆچکەکان: | منبج |
| شار و شارۆچکەکان: | خانەقین |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | هەڵەبجە |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-01-20
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-01-20
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-01-20
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-01-20
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-01-20
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-01-21


کاتی تۆمارکردن: 2018-12-01 9:11:57 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 21

**2019-01-21**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181201211157165071



باکووری کوردستان

- پارێزگاری دەوڵەتی تورک لە بەدلیس هاتووچۆکردنی هاووڵاتییانی لە 43 دێ و لادێی پارێزگای بەدلیس قەدەغە کرد.[3]

- ئەمڕۆ سەبیحە تەمیزکان کچی لەیلا گیوڤەن ویستی چاوی بە دایکی بکەوێت، بەڵام بەهۆی تێکچوونی باری تەندرووستییەوە گیوڤەن نەیتوانی چاوپێکەوتن ئەنجام بدات.[3]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- هێزە ئیتلاعاتییەکان هێرشیان کردووە سەر ماڵی لێکۆڵەرێکی کورد بە ناوی ناسر ئەمینیخا دانیشتوی دەوڵەتاوای شاری کرماشان و ناوبراویان دەسبەسەر کردووە. بەوتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار لە کرماشانەوە، هێزە ئیتلاعاتییەکان پاش پشکنینی ماڵەکەی ئەم لێکۆڵەر کوردە، کامپیوتێر و کەلوپەلی تایبەتی ناوبراویشیان لەگەڵ خۆ بردووە.[7]

- لاوێکی کورد بە ناوی مێهران محەممەدی خەڵکی گوندی بزلانەی سەر بە شاری سنە، لە گەڕەکی عەباساوای ئەم شارەدا لە لایەن هێزەکانی سپای پاسدارانەوە دەستبەسەر کرا.[7]

باشووری کوردستان

- مامۆستایانی گرێبەست، لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران گردبوونەوە ئەنجام دەدەن و داوای دامەزراندنیان دەکەن بەشێوەیەکی هەمیشەیی، جیگری سەرۆکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان دەڵێت، پشتگیری لەداواکاریەکانیان دەکەین.[2]

- لە هۆڵی تەواری شاری سلێمانی بە ئامادەبونی کەسوکار و هاوڕێ و ژمارەیەک لە ڕۆشنبیر و نوسەران و کەسایەتی سیاسی چلەی ماتەمینی مستەفا ساڵح کەریم بەڕێوەچوو.[1]

- لیوا قارەمان کەمال، جێگری سەرۆک ئەرکانی وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند: بۆ ساڵی 2019 هاوکاری ماددی پێشمەرگە لەلایەن ئەمریکاوە کە بڕی 450 ملیۆن دۆلاری مانگانەیە بەردەوامدەبێت، ئە و پارەیەش تەنها بۆ مووچە خەرج دەکرێت و مانگانە بۆ 36 هەزار پێشمەرگە تەرخاندەکرێت.[1]

- هێزێکی ئەمنی ئاگاداری دانیشتووانی کوردی گەڕەکی عەرەفەی کەرکوک دەکاتەوە کە خانووەکانیان بۆ کۆمپانیای نەوتی باکوور جێبهێڵن.[4]

- لە خانەقین، لە ماوەی 10ڕۆژی رابردوودا بەهۆی پەلاماری گروپی تیرۆرستی داعش بۆسەر هێزەکانی پۆلیس چوار پۆلیس کوژراون.[5]

- سەرۆکی یەکێتی گشتی جوتیارانی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، سەبارەت بەشایستەی دارایی جوتیاران و وەرگرتنی گەنمی جوتیارانی هەرێم، بەغدا مامەڵەی نادروست و نادەستووری لەگەڵ هەرێمدا دەکات، دەشڵێت: ڕێکاری یاساییمان دژی بڕیارەکانی حکومەتی عێراق گرتووەتەبەر.[6]

- هاوپەیمانی نیشتمانی جێگری سەرۆکی حیزبەکەیان هەڵبژارد کە ئەویش (د. ئاڤێستا کەمال) مامۆستای زانکۆی سلێمانییە.[1]

ڕۆژئاوای کوردستان

- ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو کاروانێکی سەربازی سوپای ئەمریکای لە باشووری حەسەکە کردۆتە ئامانج.[6] هەندێک سەرچاوە باسی گیان لەدەستدانی 8 شەڕڤان و برینداربوونی چەند سەربازێکی ئەمریکی دەکەن.[4] میدیاکانی نزیک لە پەیەدە باس لە برینداربوونی 2 شەڕڤان و یەک سەربازی ئەمریکی دەکەن.[3][6]

- هەردوو پەرلەمانتاری چەپی فەرەنسا دانیلا ئۆبۆنۆ و ماتهیلدا پانۆت و جێگری سەرۆکی شارەوانیی گریگنی پاسکال ترۆدەک سەردانی ڕۆژئاڤایان کرد. شاندەکە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتییە

خۆجێییەکانەوە پێشوازی لێ کرا، دواتریش سەردانی کەمپی ئێزدییەکانیان کرد. ئۆبۆنۆ لە کاتی سەردانەکەیدا بۆ ئاژانسی ڕۆژنامەوانیی فەڕەنسا (AFP) دوا و ڕایگەیاند، بۆ ئەوە هاتووینەتە ئێرە، تا پشتیوانی خۆمان بۆ ڕۆژاڤا پیشان بدەین.[3]
دەرەوەی کوردستان
- سوپای ئیسرائیل بە 40 موشەک هێرشی کردە سەر چەند ئامانجێک لە ناو خاکی سوریا کە بە پێگەی ئێرانی ناوی بردوون و سوپای سوریاش دەڵێت زۆربەرەیان بەرپەرچدراونەتەوە.[1]
- سەرپەرشتیاری فیدراسیۆنی پەنابەران ڕادەگەیەنێت: تەرمی گەنجێکی کوردی دانیشتووی سلێمانی لە دووری 300 مەتر لە شوێنی ژێرئاوکەوتنی بەلەمەکەی ئیتاڵیا کە ڕۆژی 2019-01-19 نقوم بوو، دۆزراوەتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | هاوپەیمانی دیموکراسی و دادپەروەری |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | کرماشان |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | خانەقین |
| شار و شارۆچکەکان: | حەسەکە |
| شار و شارۆچکەکان: | بەدلیس |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| Quick Respons Code: | |


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-01-21
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری زەمەن - 2019-01-21
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-01-21
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-01-21
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-01-21
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-01-21
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-01-24


کاتی تۆمارکردن: 2018-12-01 9:11:57 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 22

**2019-01-22**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181201211157165072



باکووری کوردستان

- ڕێکخستنی پارتیی دیموکراتیی گەلان (هەدەپە) لە ناوچەی یەنیشەهری ئامەد بەمەبەستی سەرنجڕاکێشانە سەر مانگرتنی هاوسەرۆکی کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتی (کەجەدە) و پەرلەمانتاری هەدەپە لەیلا گیوڤەن کە 76 ڕۆژە دژی گۆشەگیریی سەر ئۆجالان لە زیندان مانی لە خواردن گرتووە، پۆستەرێکیان بە دیواری بارەگەکەیان هەڵواسی کە لەسەری نووسرابوو (بەرخۆدانی زیندانەکان گەورە دەکەین). بەهۆی هەڵواسینی ئە و پۆستەرە، پۆلیس هەڵیکوتایە سەر بارەگەکە و سەرەڕای دەستبەسەرداگرتنی پۆستەرەکە، هاوسەرۆکی هەدەپە لە ناوچەی یەنیشەر وەهاب گونایدن و بەرپرسێکی هەدەپە ئارەزوو جاندان دەستگیر کران و گوازرانەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی ئامەد.[5]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- ئەمرۆ کارمەندان و کرێکارانی شارەوانی مەریوان-ی سەربە پارێزگای سنە، بە مەبەستی ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر پێنەدانی مووچەکانیان لەلایەن حکومەتەوە، گربوونەوەیەکی ناڕەزاییان ئەنجامدا.[2]

- هێزەکانی سپای پاسداران چوونە نێو نانەوایی گوندی حەسەنوران سەر بە شاری شنۆ و پاشان دەستیان بە سەر مۆبایلی منداڵێکی کورد بە ناوی ڕەشید مستەفا کوڕی مستەفادا گرتووە. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، هێزەکانی سپای پاسداران پاش وەرگرتنی مۆبایلی ئەم منداڵەدا، ناوبراویان بانگهێشت کردووە.[4]

باشووری کوردستان

- لە شاخی سەیدسادق لە شارۆچکەی سەیدسادق سەر بە پارێزگای سلێمانی، هەڵمەتێکی نەمام چاندن دەستپێکرد و لە ڕۆژانی داهاتووش هەڵمەتەکە بەردەوامیی دەبێت. بڕیارە لە هەڵمەتەکەدا هەزار نەمام بچێندرێن، ئەمرۆ 600 نەمام چێندران و ڕۆژانی داهاتووش نەمامەکانی دیکە دەچێندرێن، کە سەرجەمیان سنەوبەرن و لەلایەن شارەوانیی شارۆچکەکەوە دابین کراون.[2]

- لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق بڕی 1 ملیار دیناری بۆ شارۆچکەی رانیە و 1 ملیار دیناریشی بۆ شارۆچکەی سەیدسادق جێگیر کرد.[3]

- ئەمرۆ فیستیڤاڵی (هەفتەی سپی خلیسکانی سەر بەفر) لە شارۆچکەی پێنجوێن سەر بە پارێزگای سلێمانی دەستپێکرد، کە بۆ ماوەی هەفتەیەک بەردەوام دەبێت.[2]

- بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی هەرێم رایدەگەیەنێت: لە کاتژمێر 7:25 خولەکی ئەمشەو بوومەلەرزەیەک لە پارێزگای دهۆکی داوە و هاووڵاتیان هەستیانپێکردووە.[3]

- حکومەتی تورکیا دەروازەی سنووری سەرزێری لە سنووری شارۆچکەی ئامێدی لەنێوان باشوور و باکووری کوردستان داخست.[1]

ڕۆژئاوای کوردستان

- ژنە ئێزیدییەکی دیکەی دیلی داعش بە ناوی ئیلهام دەخیل عەلی بە یارمەتی شەڕوانانی یەپەگە و یەپەژە لە دەستی داعش لە دێرەزوور ئازاد کرا.

دەرەوەی کوردستان

- لەسەر داوای ڕەوەندی کوردی لە ئەمریکا ، بۆردی گشتی پەروەردەی شاری ناشڤیل بڕیاریدا زمانی کوردی بخرێتە ناو پرۆگرامەکانی خوێندنەوە.[3]

- زۆرترین پەیج و ئەکاونتی هاووڵاتیانی ئیتاڵی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک وێنەی ئەو ژنە کوردە و منداڵە سێ مانگییەکەیان بڵاوکردەوە کە لە بەلەمێکدا ڕۆژانی رابردوو رزگارکرابوون. کۆمێنتی بەشداربووانیش دەربڕینی دڵگرانی بوو بۆ ئەو پەناخوازە کوردانە کە ڕێگایەکی سەخت دەبڕن لە پێناوی ژیانێکی باشتر.[1]

- برێت مەکگورگ، نوێنەری پێشووی سەرۆکی ئەمریکا لە هاوپەیمانی دژی داعش، کە دوای

بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا دەستی لەکار کشایەوە، لە وتووێژێکدا لەگەڵ تەلەفیزیونی سی ئێن ئێن، ڕایگەیاند ئەمریکا هیچ بەرنامەیەکی بۆ سوریا نییە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ
شار و شارۆچکەکان: ◯ ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: ◯ سەیدسادق (شارەزوور)
شار و شارۆچکەکان: ◯ ڕانیە (ڕاپەرین - پشدەر)
شار و شارۆچکەکان: ◯ مەریوان
شار و شارۆچکەکان: ◯ پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: ◯ شنۆ
شار و شارۆچکەکان: ◯ دهۆک
شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-01-22
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-01-22
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-01-22
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-01-22
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-01-22

کاتی تۆمارکردن: 2018-12-01 9:11:57 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 23

**2019-01-23**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181201211157165073



رۆژهەڵاتی کوردستان
- لقی 2ی دادگای ئینقلابی سنە حوکمی سێ ساڵ زیندانی بۆ موختار زارعی، چالاکی مەدەنیی کورد دەرکرد.[4]
- بەهۆی پێنەدانی مووچەکانیان، ماوەی زیاتر لە 24 کاتژمێرە کرێکاران و کارمەندانی شارەوانی شاری مەریوان، لەبەردەم بینای شارەوانیدا گردبوونەتەوە و سفرەی بەتاڵیان راخستووە.[5]
- خەڵاتی زێڕینی ماملێ بۆ ساڵی 2019، درایە هونەرمەند حوسێن سەفامەنێش.[1]
باشووری کوردستان
- فڕۆکەجەنگییەکانی سوپای تورکی داگیرکەر ئەمڕۆ بۆردومانی ناوچەی ڕەشاوا-ی سەر بە پارێزگەی دهۆکیان کردووە. بۆردومانەکە 3 کاتژمێر بەردەوام بوو و هاوڵاتییانی سیڤیل بوونە قوربانی.[2] هەندێک لە سەرچاوەکان باسی گیان لەدەستدانی 2 هاووڵاتی و برینداربوونی 2ی تریش دەکەن. بەپێی زانیارییەکان ناوی چوار کەسەکە ئەمانەن: ئازاد شاهین پێپەرخی، ئازاد مەجید پێپەرخی، وەحید عەبدولباقی پێپەرخی و جێگر محەمەد شاجی.[1]
- لە هۆڵی کوردستانی نوێ لە سلێمانی، کۆڕێکی تایبەت بۆ سینەماکاری گەورەی کورد ڕەحیم زەبیحی جوانەمەرگ رێکخرا و تێیدا هەریەک لە هونەرمەند عەبدولی حەمەجوان و هاوار مستەفاخان و سەڵاح ڕەش باسیان لەژیان و بەرهەمە سینەماییەکانی زەبیحی کرد.[6]
- بەهۆی بۆردومانی فڕۆکە هەواڵگرییەکانی سوپای تورکیا لە شارەدێی دەرکاری سەر بە شارۆچکەی زانۆ پێشمەرگەیەک بەناوی ئەمین عیسا رەشۆ کوژرا و دواتر فڕۆکە هەواڵگرییەکەش کەوتووەتە خوارەوە.[5]
- کارمەندانی خۆبەخشی تەندروستی لەبەردەم بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندوستی سلێمانی گردبوونەوە و داوایانکرد بکرێنە کارمەندی هەمیشەیی.[6]
- سەربازانی سوپای تورکی داگیرکەر لە ناوچەی برادۆست دەستڕێژی گوللەیان لە گوندنشینان کرد. بە و هۆیەوە زیان بە ئۆتۆمبێل و کەلوپەلی نێو ماڵان گەیشت.[2]
- عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی عێراق بڕیاریدا کە هێزی دژە تیرۆری عێراق لە کەرکوک بکشێتەوە و هێزێکی تری ئەمنی جێگەی بگرێتەوە کە دوو فەوجی سەرۆکایەتیی کۆماریان لەگەڵدایە کە زۆرینەیان کوردن.[5]
- فراکسیۆنە کوردستانییەکانی ناو پەرلەمانی عێراق ڕایانگەیاند: مووچەی فەرمانبەری هەرێم و هێزەکانی پێشمەرگە بە یاسا لە بودجەی دارایی ساڵی 2019-دا جێگیرکراوە.[5]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لەنێوان گوندەکانی جەلکان و مەمکان سەربە شارەدێی سەنگەسەر شەڕە تەقە روویدا، قوربانیی لێ نەکەوتەوە.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لەسەر ڕێگای ناوچەی راجۆ لە عەفرین تەقینەوەیەک لە ناوەندێکی چەتەکانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەردا روویداوە و تەقینەوەکەش کوژراو و برینداری لێکەوتووەتەوە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- وەزیری گواستنەوەی تورکیا رایگەیاند رۆژی 25-012019 گەشتەکانی نێوان تورکیا - سلێمانی دەستپێدەکەنەوە.[1]
- میدیای تورکیا بڵاویکردەوە، ئەمڕۆ پرۆسەی دادگاییکردنی سەڵاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی پێشووی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) لە دادگەی سنجان لە ئەنقەرە بەڕێوەدەچێت.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: دهۆک

🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ رانیە (راپەڕین - پشدەر)
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏢 شار و شارۆچکەکان: 🕊 ئەفرین
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ⚫دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-01-23
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-01-23
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-01-23
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-01-23
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-01-23

کاتی تۆمارکردن: 2018-12-01 9:11:57 PM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 24

**2019-01-24**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181201211157165074



باکووری کوردستان
- پارتی دیموکراتیکی گەلان (هەدەپە) ئەمڕۆ بە بەشداریی پەروین بوڵدان و سزای تەمەلی هاوسەرۆکانی گشتی لە هۆڵی کۆنفرانسی ئەیاز ئێلەگانس لە ناوچەی پەیاسی ئامەد بە رێکخستنی کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانی ناوی پاڵێوراوەکانی بۆ هەڵبژاردی شارەوانییەکان ئاشکرا دەکات، بەڵام پۆلیسی تورک هەڵیکوتایە سەر هۆڵەکە. دوای هەڵکوتانەکەی پۆلیسی تورک ئەمرۆڵا یاڵچن راوێژکاری فراکسیۆنی هەدەپە و موراد گۆکداغ خەباتکاری هەدەپە دەستگیرکران. یاڵچن و گۆکداغ لەلایەن پۆلیسەکانەوە بران بۆ ناوەندی پۆلیس و دوای وەرگرتنی وتەکانیان ئازاد کران.[1]
- هەدەپە لە شاری ئامەد بە مەراسیمێکی بەرفرەوان کاندیدەکانی بۆ هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی باکووری کوردستان و تورکیا ناساند. لە مەراسیمەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە کرا کە کوردان ئەم دەرفەتە گەورەیە بەکاردێنن و وانەیەک دەدەنە ئاکەپە.[1]
باشووری کوردستان
- ژمارەی قوربانییەکانی بۆردوومانەکەی دوێنێی داگیرکەری تورک لە دێرەلووک بەرزبووەوە بۆ 4 قوربانی و 2 بریندار.[2]
- لە ئەنجامی هێرشی فڕۆکەکانی سوپای تورکدا چوار هاوڵاتی شەهید بوون، بەڵام دوانیان نادیارن، هاوڵاتیانیش کە دەیانەوێت بەشوێن کەسوکاریاندا بگەڕێن، ڕێگریان لێدەکرێت و بنکەکانی سوپای تورک لە سنوری دێرەلوک ئاستەنگیان بۆ دروست دەکەن.[4]
- سامی ئۆشانا، بەڕێوەبەری شارەدێی دێرەلوک لەبارەی هێرشەکانی سوپای تورکەوە بانگەوازی لە حکومەت و پەرلەمانی هەرێم کرد، کە لە دژی هێرشەکانی دەوڵەتی تورک دەستبەکاربن و

هۆشداریی بدەنە دەوڵەتی تورک بۆ کۆتاییهێنان بە هێرشەکانی.[4]
- ڕژاک، لە ڕاگەیەندراوێکدا ئیدانەی هێرشی فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک بۆ سنووری دێرەلوک کرد و داوایان کرد، هەموو لایەن و پێکهاتەکان هەڵوێستیان هەبێت، ڕاشیانگەیاند: بەکاربەدەستانی باشور دەڵێین، ئەوانەی خوێنیان ڕژا خەڵکی مەدەنی ئەم هەرێمەن، پێویستە بە سیاسەتی تەسلیمکارانەی خۆیاندا بچنەوە.[4]
- کۆچی دوایی ئەرشیڤوانی بەناوبانگی شاری سلێمانی ئەکرەمی مەحمودی ساڵحی ڕەشە.[2]
- بەپێی بڕیارەکەی دەسەڵاتی فڕۆکەوانی تورکیا سەعات 12ی ئەمشە و گەمارۆی سەر فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی کۆتایی پێدێت.[3]
- هێزێکی ئەمنی لە شارەدێی دینارتەی سەر بە شارۆچکەی ئاکرێ هەڵیان کوتایە سەر بارەگای کۆمیتەی دینارتەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەرپرسی ئەو کۆمیتەیەیان بەناوی عاسف حسێن زێباری دەستگیر کرد.[5]
- ڕاوێژکارێکی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لەگەڵ پێکهاتەکانی کەرکوک لە بەغدا کۆبووەتەوە و گوتوویەتی نابێ حەشدی شەعبی لە کەرکوک بمێنێت و دەبێت پێشمەرگە بگەڕێتەوە چونکە لە نەمانی پێشمەرگە ناوچەکە بەرەوڕووی هێرشی تیرۆریستی بووەتەوە.[6]
- لەسنوری گوندەکانی ناوچەی ئیسلاحی سەربە جەلەولا گروپی تیرۆرستی داعش پەلاماری هێزەکانی پۆلیسیان داوە و شەڕێکی سەخت بەردەوامە.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە ناوچەکانی ژێر داگیرکاریی دەوڵەتی تورک و چەتەکانی لە جەرابلووس، 3 تەقینەوەی یەک بەدوای یەک ڕوویاندا. بە گوێرەی زانیارییەسەرەتاییەکان لە ئەنجامی تەقینەوەکان 2 کەس کوژران و 13 کەسی دیکەش بریندار بوون.[1]
- چەتەکانی سەر بە دەوڵەتی تورکی داگیرکەر تۆپبارانی گوندی ئووم هۆش-ی سنووری کانتۆنی شەهبا-یان کرد لە باکووری حەلەب.[1]
دەرەوەی کوردستان
- فایەق ئۆزگیور ئەرۆڵ، ڕەزان ساریجا و مەزلوم دینچ پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆ ئەوەی بچن بۆ ئیمراڵی و چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەنجام بدەن، بۆ جاری 784هەم سەردانی داواکاری گشتیی کۆماریی تورکیایان لە بورسا کرد.[1]
- 50 براوەی خەڵاتی نۆبڵ بۆ کۆتایهاتن بە گۆشەگیریی سەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان نامەیەکی هاوبەشیان بۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان نارد.[1]
- جۆن پۆڵتۆن ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا ڕایگەیاند: سوپای وڵاتەکەمان لە سوریا ناکشێنینەوە تاکو گرنتی پاراستنی کوردەکان نەکەین.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| شار و شارۆچکەکان: | خانەقین |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | ئاکرێ |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامەد |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 24-01-2019
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 24-01-2019
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 24-01-2019
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری زەمەن - 24-01-2019
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 24-01-2019

کاتی تۆمارکردن: 2018-12-01 9:11:57 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 25

**2019-01-25**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181201211157165075



باکووری کوردستان
- دادگای تورک لە ئامەد، بڕیاریدا لەیلا گوڤەن ئازادبکرێت. لەیلا گوڤەن ئەندامی پەرلەمانی تورکیا و هاوسەرۆکی کۆنگرەی جڤاکی دیموکراتی کەجەدە، ئەمڕۆ 79 ڕۆژە لە مانگرتن لە خواردندایە. پۆلیسی تورک ڕێگەی نەدا کەس پێشوازیی لەیلا بکات و هەروەها ڕۆژنامەنووسانیش بۆیان نەبوو ئامادەی ئازادکردنەکە ببن لە زیندانی ئامەد، پاشان گوێزرایەوە بۆ نەخۆشخانە.[1]
- ئەمڕۆ دانیشتنێکی دیکەی دادگەیی کردنی هاوسەرۆکی پێشووی پارتیی دیموکراتیی گەلان (هەدەپە) سەلاحەدین دەمیرتاش لە لایەن نۆزدەمین دادگەی سزا قورسەکان لە هۆڵی زیندانی سینجان بەڕێوەچوو. دەمیرتاش لە ڕێی سیستەمی دەنگ و ڕەنگ (SEGBÎS) بەشداری لە دانیشتنەکەدا کرد و گوتی، بەهۆکاری سیاسی زیندانی کراوم، (داوای ئازادکردنم ناکەم). دەستەی دادگە دانیشتنەکەی بۆ 24-25ی نیسان دواخست.[6]
- دادگەیەکی دەوڵەتی تورک لە موش بە بیانووی (ئەندامەتی ڕێکخستنی پەکەکە) و (پروپاگەندەکردن بۆ ڕێکخستن) سزای 8 ساڵ زیندانی کردنی بۆ ڕۆژنامەوانی ئاژانسی هەواڵی دیجلە (DÎHA) ئیدریس سایلگان بڕیەوە.[6]
باشووری کوردستان
- ژمارەیەک پێشمەرگەی دێرین بەرێێوان چوونە بەردەم نوسینگەی کەناڵی NRT لە سلێمانی و داوایان لێکردن سوکایەتییەکانیان بەرامبەر بەخوێنی شەهیدان خەباتی پێشمەرگە ڕاگرن.[2]
- هاوڵاتیانی دێرەلۆک دژی بۆردوومانەکانی دەوڵەتی تورک گردبوونەوەیان ئەنجامدا و ئیدانەی بۆردوومانکردنی ناوچەکەیان دەکەن لە لایەن فڕۆکە جەنگیاکانی دەوڵەتی تورکەوە، کە بووە هۆی شەهیدبوونی دوو هاوڵاتی و بێسەروشوێن بوونی چوار هاوڵاتی دیکە.[3]
- بەیانی ئەمڕۆ بە سەدان هاوڵاتی لە گەلی ڕەش لە سنوری دێرەلوک لە بادینان دەستیان بە گەڕان کرد، بۆ دۆزینەوەی ئەو چوار گەنجەی بەهۆی بۆردوومانی فڕۆکەکاکی سوپای تورکەوە بێسەروشوێن بوون.[3]

- له گوندی چەمکێ توویێ لە نزیک گەلی رەشاڤەی سەر بە شارۆچکەی دێرەلووک لە سنووری شارۆچکەی ئامێدی، دوو کەسی سڤیل بە بۆردوومانی فڕۆکەکانی تورکیا گیانیان لەدەستدا.[4]
- حازم تەحسین بەگ، کوڕی میری ئێزدیان لەبارەی بڵاوبوونەوەی هەواڵی کۆچی دوایی میر تەحسین بەگ میری ئێزدیان رایگەیاند، بارودۆخی تەندروستی میر تەحسین تێکچووە و لەژێر چاودێری پزیشکی دایە.[4]
- لە سنووری شارۆچکەی خورماتوو و خانەقین، هەروەها پارێزگای دیالە، هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان دەرکەوتوونەتەوە و باس لەوەشدەکرێت لە دیالە بەرپرسێکی حەشدی شەعبیان دەستگیر کردووە، بەوتەی سەرچاوەیەکیش حەشدی شەعبی چەکە قورسەکانی گواستووەتەوە.[5]
رۆژئاوای کوردستان
- هێزەکانی رزگاریی عەفرین لە عەزاز چالاکییەکیان بە چەکی قەناس ئەنجامدا و لەو چالاکییەدا چەتەیەکی داگیرکەر بە ناوی سەعد نەمیعات کوژرا.[6]
دەرەوەی کوردستان
- ئەردۆغان لە وتارێکی تەلەڤزیۆنیدا رایگەیاند: چاوەڕێدەکەن ئەو پەیمانە ببرێتەسەر کە بڕیاربوو ناوچەیەکی پارێزراو بۆ پاراستنی سنورەکانمان پێکبهێنرێت، ئەگەر لە ماوەی چەند مانگی داهاتوودا ئەوە نەکرا، ئەوا خۆمان دەیکەین، وتیشی: ئارامگرتنیش سنوری هەیە و چاوەڕێ ناکەین بێکۆتا بۆ ئەوەی پەیمانێک ببرێتەسەر.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏣 پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| 🏣 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏣 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◉ ئامەد |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ خانەقین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ خورماتوو |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ ئامێدی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ موش |

Quick Respons Code:


سەرچاوەکان

[1] ⬤ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-01-25
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-01-25
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-01-25
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-01-25

[6] 🎥 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-01-25

کاتی تۆمارکردن: 2018-12-01 9:11:57 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 26

**2019-01-26**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181201211157165076



باکووری کوردستان

- سەزای تەمەلی هاوسەرۆکی گشتیی پارتی دیموکراتیکی گەلان-هەدەپە سەردانی لەیلا گیوڤەنی کرد کە ماوەی 80 ڕۆژە لەدژی گۆشەگیری سەر عەبدوڵلا ئۆجەلان مانی لەخواردن گرتووە.[3]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی عەلی والایی بۆ ئیدارەیی ئیتلاعاتی سەرپێلی زەهاو بانگهێشت و دەسبەسەر کرا. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، هێزەکانی ئیتلاعات لە ڕێگەی پێوەندیی تەلەفوونیەوە ئەم هاووڵاتییە کوردەیان بانگهێشت کردووە. ئەو سەرچاوەیە گوتیشی: ئەم هاووڵاتییە کوردە بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی حکوومەتی ئێران دەسبەسەر کراوە.[6]

- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی محەممەد پارەکار تەمەن 30 ساڵ کوری کەریم خەڵکی گوندەوێڵە سەر بە شاری شنۆ بۆ تێپەڕاندنی ماوەی حوکمەکەی بۆ زیندانی شاری شنۆ ڕاگوێزرا.[6]

باشووری کوردستان

- لە شیلادزێ خۆپیشاندان دژی بۆردوومانکردنی داگیرکەری تورک بەڕێوەچوو. خۆپیشاندەران چوونە ناو بارەگایەکی سوپای تورکیاوە لە کۆمەڵگەی سیریێ-ی سەر بە شارەدێی شیلادزێ و چەندین ئۆتۆمبێل و تانکی سەربازییان سووتاند، لە سوپا و میتی تورک کوژراو و دیل هەیە و لە خۆپیشاندەرانیش شەهید و بریندار هەن. فڕۆکەکانی داگیرکەری تورک بۆ ترساندنی خۆپیشاندەران بە نزمی بە ئاسمانی شیلادزێ و ناوچەکەدا دەسووڕێنەوە.[2]

- تەرمی دوو هاونیشتمانیی دیکەی ئامێدی کە بەهۆی بۆردوومانەکەی داگیرکەری تورکیا کە لە گەلی رەشاڤا لە ئامێدی گیانیان لەدەستدا، بەیانیی ئەمڕۆ بەخاک سپێردران. [2]

- دەستەی بەڕێوەبەرایەتی تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان لەسەر خۆپیشاندانەکانی خەڵکی شیلادزێ ڕایگەیاند، ڕاپەڕینی جەماوەریی شێلادزێ دژ بە داگیرکاریی پێویستە هەموو باشور بگرێتەوە.[2]

- هێزە ئەمنییەکان هێرشیان کردە سەر تیمەکانی کەناڵی ئێن ئار تی، کە ڕووماڵی گواستنەوەی بریندارانی خۆپیشاندانەکانی شێلادزێیان دەکرد و دەستگیریان کردن. پاشتر هەندێکیان ئازادکران.[2]

- فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دەڵێت، داواکارین دەوڵەتی تورکیا کۆتایی بە تۆپبارانکردنی خاکی باشوری کوردستان بهێنێت و هێزە سەربازیەکانیان بگەڕێنەوە خاکی تورکیا.[5]

- هێزێکی زێرەڤانی گەییشتە سێرێ بۆ پاراستنی بنکەکانی سوپای تورک.[2]

- فرۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیای داگیرکەرناوچەکانی شیلادزی، دێرەلوک وهەرێمی زاپ بۆردومان دەکات.[3]

- هێزەکانی حەشدی شەعبی ماڵ بە ماڵی گوندی حەسار لە کەرکوک دەپشکنن.[2]

- بەرەبەیانی ئەمڕۆ سەعات 3:15 یەکەم گەشتی هێڵی ئاسمانی تورکش ئێر گەیشتە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی.[1]

- ژمارەیەک تیرۆرستی داعش دوای ئەوەی دزەیان کردبووە ناو گەرەکی بەختیاری لەباشوری خانەقین لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە وەڵام دراونەتەوە و تێکشکاون.[1]

ڕۆژئاوای کوردستان

- شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکراتیک (قەسەدە) لە چوارچێوەی هەڵمەتی گەردەلولی جزیر دا ئەمڕۆ ڕێڕەوێکی ئارام و پارێزەراویان لە نێوان گوندەکانی مەراشلی و باغوزی ژووردا کردەوە و لەو ڕێگەیەوە هەزار و 300 هاووڵاتییان لە دەست چەتەکانی داعش ڕزگار کرد. زۆربەی ئەو هاووڵاتییانەی لە دەست چەتەکانی داعش ڕزگارکراون ژن و منداڵن.[3]

دەرەوەی کوردستان

- وەزارەتی بەرگریی تورکیا ڕاگەیێندراوێکی لەبارەی خۆپیشاندانەکەی شیلادزێ بڵاوکردەوە و ڕایدەگەیێنێت "بەهۆی هاندانی پەکەکە هێرشکرایە سەر بنکەیەکی سەربازیمان لە باکووری عێراق و زیان بە بەشێک لە ئۆتۆمبێل و کەلوپەلمان گەیشتووە".[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان

شار و شارۆچکەکان: شنۆ

شار و شارۆچکەکان: زەهاو

شار و شارۆچکەکان: خانەقین

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: ئامێدی

Quick Respons Code:


سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-01-26

[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئیف نیوز - 2019-01-26

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-01-26

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-01-26

[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-01-27


کاتی تۆمارکردن: 2018-12-01 9:11:57 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 27

**2019-01-27**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181201211157165077



ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە سنووری ماکۆ، دەکەونە بۆسەی هێزە چەکدارەکانی ئێرانەوە و لە ئاکامی تەقە کردنی ئەو هێزانەدا، کۆڵبەرێکی لاو بە ناویحوسێن بەڵخکانلوو ئەقدەمگیانی لە دەست دا.[5]

- شەوی یەکشەممە گرووپێک لە کۆڵبەرانی کورد، لە سنووری هەنگەژاڵی بانە کەوتوونەتە ناو مەیدانی مین و بە هۆی تەقینەوەی مین دوو کۆڵبەر بە توندی بریندار بوون. هەواڵنێری کوردپا، شوناسی ئەو دوو کۆڵبەرە کوردەی بەم جۆرە ڕایگەیاندووە: ئەسعەد زەمانی خەڵکی گوندی حەوتاش و خالق خەڵکی گوندی مێرگە نەقشینە. ئەسعەد زەمانی بە هۆی تەقینەوەی مین لاقی پەڕیوە و خالقیش دەموچاوی بە توندی بریندار بووە.[5]

باشووری کوردستان

- نێچیرڤان بارزانی ڕەخنەی توند لە هەڵسوکەوتی ئەو حیزبانە دەگرێت کە خاکی هەرێمی کوردستان بۆ دژایەتی دراوسێکان بەکاردەهێنێت و ڕایدەگەیێنێت، پەکەکە لێرە ڕاهێنان دەکات و خەڵکی ئێمە باجەکەی دەدات.[2] هەروەها وتی: بەرپرسانی ئەو ناوچەیە هاوڵاتیانیان ئاگادار کردووەتەوە کە نەچنە ئەو شوێنانەی تورکیا بۆردوومانی دەکات، بەڵام هاوڵاتیان گوێ بە ڕێنماییەکان نادەن.[3]

- گەنجانی وڵاتپارێز و ژنانی گەنجی تێکۆشەر لە لێدوانی نوسراودا وەڵامی نێچیرڤان بارزانیان دایەوە و دەڵێن، ئەو قسانە وەکو شەرمەزارییەک بۆ دەسەڵاتدارانی باشور دەزانین، کە ناتوانن گەلی ئێمە بپارێزن و خاوەندارێتیان لێ بکەن.[3]

- مەڵبەندی سێ-ی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، لە شاری دهۆک، لە ڕاگەیەندراوێکدا ئیدانەی بۆردوومانکردنی سنورەکانی هەرێمی کوردستان و شەهیدکردنی هاوڵاتیانی کرد لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورکە و ڕایدەگەیەنێت، کە ئەرکی حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقە چارەسەری ئەو دۆخە بکات.[3]

- دانیشتوانی بناری قەندیل خۆپیشاندانێکیان بۆ پشتگیریکردنی خەڵکی شیلادزێ ئەنجامدا.[1]

- هێزە ئەمنییەکان لە دهۆک و شیلادزێ دەستیان کرد بە دەستگیرکردنی خۆپیشاندەران و ئەو چالاکوانانەی کە پشتگیریی خۆپیشاندانەکانیان کردووە، خالید جەحفەر، بەدەل بەرواری و کۆڤان سالح ڕێکانی لەنێو گیراوەکاندان.[3]

- لە مەراسمێکدا بە ئامادەبوونی قایمقامی شارۆچکەی کەلار و ژمارەیەک لە بەڕێوەبەری فەرمانگەکان، ئیدارەی گەرمیان خەڵاتی ڕێزلێنانی بەخشییە دەیان کرێکاری سنورەکە کە ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە پاکراگرتنی ژینگەی گەرمیان.[4]

- لە شارۆچکەی سۆرانی سەر بە پارێزگای هەولێر بەهۆی بارانەوە ئاو چووە چەند ماڵێک. قایمقامی شارۆچکەی سۆرانیش دەڵێت، تیمەکان فریایان کەوتوون و زیانی گیانی بەدواوە نەبووە.[2]

ڕۆژئاوای کوردستان

- ئاژانسی ئەنادۆڵی تورکیا بڵاویکردوەتەوە، بەپێی ڕاپۆرتی دەستەی هاوبەشی سوپای تورکیا، تۆپخانەکانی تورکیا و سوپای ئازادی سوریا سەنگەرەکانی شەرڤانانیان لەناوچەکانی ئەعزازو معرە بۆردومان کردوە.[4]

دەرەوەی کوردستان

- وەزارەتی دەرەوەی عێراق لەبارەی ڕووداوەکەی دوێنێی شارەدێی شیلادزێ کە تیایدا هاوڵاتیانی ناوچەکە هێرشیان کردەسەر بنکەیەکی سەربازیی تورکیا لەکۆمەڵگەی سیریە، ڕایدەگەیەنێت: یاداشتێکی نارەزایی دەدەینە باڵیۆزی تورکیا لەبەغدا و داواشدەکەین ئەوە دووبارە نەکاتەوە.[1]

- لەکاتی بەسەرکردنەوەی چەند یەکەیەکی سەربازیی سوپای وڵاتەکەی لە ناوچە سنوورییەکاندا هوڵوسی ئاکار، وەزیری بەرگریی تورکیا باسی لە خۆپیشاندانەکانی شیلادزێ کرد، کە خۆپیشاندەران چوونە نێو سەربازگەیەکی سوپای تورکیا لە سنوورەکە، لە ئەنجامدا دوو کەس گیانیان لەدەستدا و چەند ئۆتۆمبێلێکی سەربازیش ئاگریان گرت. هوڵوسی ئاکار، پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)ی بە هۆکاری خۆپیشاندانەکە دانا و گوتی کاتێک زانیان ناتوانن رووبەڕووی سەربازانمان ببنەوە، هەوڵدەدەن خەڵکی بێتاوان هانبدەن و بەمشێوەیە بگەن بە شتێک. بەڵام سەربازانمان ئەو هەوڵەیان لەباربرد.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان |
| شار و شارۆچکەکان: | کەلار (گەرمیان) |
| شار و شارۆچکەکان: | سۆران |
| شار و شارۆچکەکان: | دهۆک |
| شار و شارۆچکەکان: | ماکۆ |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامێدی |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-01-27
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-01-27
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-01-27
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-01-27
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-01-28

کاتی تۆمارکردن: 2018-12-01 9:11:57 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 28

**2019-01-28**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181201211157165078



باکووری کوردستان
- بە بڕیاری پارێزگار (والی)ی دەوڵەتی تورک لە گوندەکانی ئاغاچپنار و ئایرانجلار-ی سەر بە شاری بەدلیس هاتووچۆ قەدەغە کرا.[5]
- دادگای سزا قورسەکانی ئامەد دۆسیەی لێکۆڵینەوەی بۆ سەرۆکی سەندیکای پارێزەرانی ئامەد و 40 ئەندامی دیکەی سەندیکاکە کردووەتەوە. بەڕێوەبەرانی سەندیکای پارێزەرانی ئامەد پێیانوایە، گرنگی ئەو سەندیکایە لە ئاستی نێودەوڵەتی وایکردووە کە حکومەت گوشاری زیاتری لەسەر دروستبکات.[6]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی ڕزگار محەممەدی لە بەخشی لاجانی شاری پیرانشار و لە نزیک شاری گەردکشانە، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە، بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپوزسیونی حکوومەتی ئێران دەسبەسەر کرا.[7]
- سامان ساڵحی تەمەن 24 ساڵ خەڵکی گەڕەکی قەوەخی سەقز و محەممەد کەریمی خەڵکی گوندی شوێ سەر بە شاری بانە لە چیاکانی دەورووبەری گوندی بروێشکانی سەر بە بەخشی نەنۆر بە هۆی سەرما گیانیان لە دەست دا.[7]
باشووری کوردستان
- بڕیار بوو دژی بۆردوومان و داگیرکارییەکانی دەوڵەتی تورک لەسەر باشوری کوردستان، هاوکات بۆ پشتیوانی سەرهەڵدانەکانی بادینان دژی داگیرکاریی، گردبوونەوەیەکی نارەزایی لە شاری دهۆک بەڕێوەبچێت.[3] ئاسایشی پارتی ڕێگری لە خۆپیشاندانەکە کرد و چەندین هاوڵاتی، ڕۆژنامەوان و چالاکیی مەدەنی دەستگیر کرد. بە گوێرەی زانیارییەکان، ڕۆژنامەوان گوهدار زێباری و دوو چالاکی دیکە لە بازگەی ئاکرێ – دهۆک لە لایەن هێزەکانی ئاسایشی پەدەکە-وە دەستگیر کراون.
سەرچاوەیەک بە بۆ ڕۆژ نیووزی ڕاگەیاندووە، ئە و ڕۆژنامەوان و چالاکانەی کۆمەڵگەی سیڤیل ویستوویانە بچنە دهۆک بۆ ئەوەی بەشداری بکەن لە خۆپیشاندان بەمەبەستی پشتیوانی کردن لە ڕاپەڕینی گەلی شیلادزێ و ئیدانەکردنی داگیرکاریی تورکیا.[5][3]
- ئەیهان سەعید، ڕۆژنامەنووس و بەرپرسی سەنتەری میترۆ لە پارێزگای دهۆک، لەلایەن ئاسایشی پارتییەوە دەستگیرکرا.[3]
- لیژنەی داکۆکی لە مافی ڕۆژنامەنوسان ئیدانەی دەستگیرکردنی ڕۆژنامەنوسان دەکات لەلایەن ئاسایشی پارتیەوە لە شاری دهۆک لە کاتی ڕوماڵی خۆپیشاندان بۆ پشتگیری کردنی خۆپیشاندەرانی شیلادزێ.[4]
- بەهۆی بەرزبوونەوەی زۆری ڕێژەی ئاستی ئاو، ڕێگەی سەرەکی نێوان سۆران–هەولێر داخرا و تیمەکانیش سەرقاڵی کردنەوەی ڕێگەکەن.[2]
- بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوی بەنداوی سماقوڵی جارێکی دیکە، ڕێگەکە بە ڕووی شۆفێراندا داخرا، بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی کۆیەش هۆشداری بە شۆفێران دەدات لەئەگەری ڕۆیشتنیان بەناو ئاوەکەدا مەترسی لەسەر ئۆتۆمبێلەکانیان دروستدەبێت.[2]
- لە ڕۆیاڵ مۆڵی هەولێر ئاگرێک کەوتەوەو بەهۆی ڕووداوەکەشەوە کەسێک گیانی لەدەستدا.[4]
- ڕۆژنامەنووس گوهدار زێباری و دوو چالاکوانی دیکە لە بازگەی ئاکرێ – دهۆک لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی پارتییەوە دەستگیرکران.[3]
- خوێندنگایەکی خوێندنی کوردی لە خانەقین گڕیگرت. بە و هۆیەشەوەێکی زیانێکی زۆری ماددی بەر خوێندنگاکە کەوتووە.[4]
- لە هۆڵی سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە فێستیڤاڵێک بۆ شاعیران ڕێکخراو یەکەم تا سێیەمی سەرکەوتوان خەڵات کران.[2]
- ناوەندی جەمال عیرفان پێشانگایەکی کتێبی لە چەمچەماڵ کردەوە و تێیدا زیاتر لە 650 ناونیشانی کتێبی تێدا نمایشکرا.[4]
- هێزێکی لیوای 61 ناسراو بە (یەکەی شەرکەری تایبەت) لەبەغداوە گەیشتنە سەنتەری شاری کەرکوک، بڕیاریشە لەچەند ڕۆژی داهاتوودا تەواوی هیزەکە بگات بۆ ئەوەی مەلەفی ئەمنی بگرنەدەست.[2]

- بەهۆی بەردەوامی بارانبارین و بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوی چەمی چەقان و کەنی زەرد، لە ژمارەیەک گەڕەکی شارۆچکەی سەیدسادق لافاو دروستبووە و پردێک لافاو بردویەتی و تیمەکانی بەرگری شارستانیش لە ئامادەباشیدان بۆ بەدەمەوەچوونی هاووڵاتیان.[2]

رۆژئاوای کوردستان

- دەوڵەتی تورک، ئەمڕۆ گوندی سۆخانەکێ-ی سەر بە ناوچەی شێراوا-ی عەفرینی بۆردومان کرد. بە گوێرەی زانیارییەکان، بۆردومانەکە تا کاتژمێر 16:30 بە کاتی ناوچەکە بەردەوام بووە و لایەنی کەم 10 گولەی تۆپ بە ناوچەوکە کەوتوون، بەڵام هیچ زیانێکی گیانی لێ نەکەوتووەتەوە.[5]

- لەسەر ڕێگەی عەفرین - جندرێس لە کاتی تێپەڕبوونی تراکتۆرێکدا مینێک تەقییەوە. بە گوێرەی زانیارییەکان لە ئەنجامی تەقینەوەکەدا 2 کەس کوژراون کە لەنێو تراکتۆرەکەدا بوون.[5]

دەرەوەی کوردستان

- میر تەحسین بەگ، میری ئێزدییان لە نەخۆشخانەیەکی شاری هانۆڤەری ئەڵمانیا کۆچی دوایی کرد.[1]

- لە شاری هانۆڤەری ئەڵمانیا پرسەی میر تەحسین بەگ، میری ئێزدییانی کوردستان و جیهان بۆ ماوەی سێ رۆژ بەڕێوەدەچێت. دواتریش تەرمەکەی دەهێندرێتەوە کوردستان.[6]

- 27هەمین کۆنگرەی مانگی سووری کوردستان بە بەشداریی 100 ئەندام و چەندین میوان لە شاری بۆن-ی ئەڵمانیا ساز کرا.[5]

- پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسا بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەورووپا کە مانگی ئایاری ئەمساڵ بەڕێوەدەچێت، 2 ژنی کوردی کاندید کرد.[5]

- کاربەدەستانی تاران و شام لەسەر 11 پەیمانی هاوکاریی ئابووریی (ستراتیژ و ماوەدرێژ) ڕێککەوتن. ئەم پەیمانانە هانی وەبەرهێنەرانی ئێران دەدەن بۆ ئەوەی ڕوو لە سووریا بکەن.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سۆران

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ دهۆک

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کۆیە

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ خانەقین

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ چەمچەماڵ

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ئاکرێ

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەیدسادق (شارەزوور)

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ بەدلیس

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🕊 ئەفرین

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ پیرانشار - خانە

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ بانە

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەقز

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ⬤دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 28-01-2019
[3] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 28-01-2019
[4] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 28-01-2019
[5] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 28-01-2019
[6] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 28-01-2019
[7] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 29-01-2019

کاتی تۆمارکردن: 01-12-2018 9:11:57 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 29

**2019-01-29**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181201211157165079



باکووری کوردستان
- لە ناوەندی شاری شرنەخ و ناوچەی جزیر پۆلیسی تورک هەڵیکوتایە سەر ماڵی هاووڵاتییان. لەو هەڵکوتانەدا بێریڤان کوتلو پاڵێوراوی هەدەپە بۆ هاوسەرۆک شارەوانیی جزیر و چەندین ژنی تر دەستگیرکران. ناوی بەشێک لەو کەسانەی دەستگیرکراون بریتین لە: لەیلا کلچ و نوریيە بیلیر بەڕێوەبەرانی هەدەپە لە شاری شرنەخ، عایشە ئاڵتای هاوسەرۆکی دەبەپە لە شرنەخ، زەینەب ئیدین، کومرو یۆروک، ئەمینە ئەرکوش، سەدات ئەدین، تایبەت بیلگی لە شرنەخ و بێریڤان کوتلو لە جزیر دەستگیرکران. هەورەها شیرین کلچ کە ناوی خۆی بۆ هاوسەرۆک شارەوانی تۆمارکردبوو، لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی تورکیاوە دەستگیرکرا.[2]
- پۆلیسی دەوڵەتی تورک لە ناوچەی ڕێیا ئارمووش لە وان، ئایفەر شاهین بیلیجی نوێنەری وەقفی مافی مرۆڤی تورکیا (تیهەڤ - TIHV) دەستیگرکرد. ئەو ژنە چالاکوانە دووگیانە و دووگیانەکەی 8 مانگە.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دەزگای قەزایی حکوومەتی ئێران، 6 هاووڵاتیی کوردی خەڵکی شاری شنۆی، بە 16 ساڵ و نیو زیندانی تەعزیری مەحکووم کرد. بەپێی ڕەیی داسەپاو لە لایەن دادگای ئینقلابەوە، فەتاح عەلیکورد خەڵکی گوندی نرزیوێی شاری شنۆ، بە سێ ساڵ شەش مانگ زیندانی، یوونس شەریفی خەڵکی شنۆ بە سێ ساڵ و شەش مانگ زیندانی، حامید زەریفی خەڵکی گوندی خۆرشت بە سێ ساڵ زیندانی، محەممەدئەمین فەزڵی خەڵکی گوندی بێمزورتێ بە دوو ساڵ زیندانی، مەجید دەریایی خەڵکی شاری شنۆ بە دوو ساڵ زیندانی و محەممەد مەحموودتاش خەڵکی گوندی خۆرشتبە دوو ساڵ و شەش مانگ زیندانی مەحکووم کراون. دەزگای قەزایی ئەم شەش هاووڵاتییە کوردەی بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپوزسیونی حکوومەتی ئێران، تاوانبار کردووە.[4]

- مانگرتنی کرێکار و فەرمانبەرانی بەگرێبەستی شارەوانی مەریوان بەردەوامە و کار ناکەن چونکە نۆ مانگە مووچەیان وەرنەگرتووە. بەو هۆیەوە زبڵ و پاشماوەی زۆر لەسەر شەقام و کۆڵانەکاندا کەڵەکە بووە و دانیشتووانی شارەکەی بێزارکردووە.[7]
باشووری کوردستان
- بەهۆی ئە و شەپۆلە باران بارینەی شەوی رابردوو رووی لە سنوری پارێزگای هەڵەبجە و شارۆچکەی سەیدسادق کردووە، 30 سەرئاژەڵی گوندنشینان لافاو بردویەتی و بۆماوەیەکیش رێگای هاتوچۆی نێوان پارێزگای هەڵەبجە و سلێمانی داخرا و لە هەردوو شارۆچکەی سەیدسادق و پێنجوێن خوێندن راگیرا.[1]
- بەڕێوبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان ئاشکرایدەکات: کاتژمێر 9.2 خولەکی بەیانی ئەمڕۆ، بومەلەرزەیەک بە گوڕی 3.7 پلەی رێکختەر بە قوڵایی 17 کیلۆمەتر لە شارۆچکەی خانەقین ڕوویدا.[1]
- بەهۆی بارانبارین دروستبوونی لافاوەوە، پردی نێوان شاربازێر - پێنجوێن روخاو هێڵی کارەبای سنوورەکەش پچڕا.[3]
- سوپای تورکی داگیرکەر تۆپبارانی دەڤەری برادۆست-یان کرد. بە گوێرەی زانیارییەکان گوندەکانی بێسنۆک، کەندەگەری و کۆرتەک کراونەتە ئامانجی هێرشەکە.[2]
- سەنتەری راگەیاندنی ئەمنی عێراق، ئەمڕۆ رایگەیاند: هێزێکی دەزگای ئاسایشی نیشتمانی لە پارێزگای کەرکوک بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزە ئەمنییەکانی هەرێمی کورستان، لەناو سنوری هەرێم، نۆ تیرۆرستیان دەستگیرکردووە کە لەلایەن دادگاوە داواکراوبوون.[1]
- بڕیار بوو ئەمڕۆ یەکێتی و پارتی بۆ تاوتوێکردنی رەوشی سیاسی عیراق و هەرێم و پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت کۆببنەوە. بەڵام کۆبوونەوەکە ئەنجام نادرێت.[3]
- بەیانی ئەمڕۆ لە هەڵەبجە لەلایەن پۆلیسەوە تەرمی ژنێک لەماڵەکەی خۆیدا بە خنکاوی دۆزرایەوە.[3]
- ساڵۆنی کوردستانی نوێ کۆڕی ناساندن و بڵاوکردنەوەی دوو تۆپی تایبەت بە دیاردەی ساختەهەواڵ لە ئامادەکردنی ڕۆژنامەنووس سۆران عەلی ساز کرد.[3]
- پۆلیسی سلێمانی رایگەیاند، پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ لە گەڕەکی زەرگەتەی شاری سلێمانی گەنجێک براگەورەکەی خۆی بە چەقۆ کوشتووە.[5]
- فراکسیۆنی پارتی لەپەرلەمانی کوردستان پێی وایە تورکیا بەپاساوی بونی پەکەکە ناوچە سنورییەکانی هەرێمی کوردستان بۆردومان دەکات و بۆیە بەپێویستی دەزانێت پەکەکە خاکی هەرێمی کوردستان جێبهێڵێت و داواش لەهەردو حکومەتی هەرێم و بەغدا دەکات ئە و پرسە چارەسەر بکەن.[6]
- تەرمی گەنجێکی دانیشتووی سلێمانی بەناوی هەڵکەوت محەمەد، کە لەڕێگەی کۆچکردن بۆ ئەوروپا خنکابوو، گەیێندرایەوە سلێمانی و بەخاکسپێردرا. [7]
- بەهۆی بارانبارینی زۆر و داڕووخانی بەشێک لە و ڕێگەیەی بەناو رووباری حەمریندا دەچێت لە ئێوارەی دوێنێوە ئە و رێگەیەی نێوان خانەقین – بەعقوبە داخراوە.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە شاری منبج بۆمبێکی لکێنراو بە ئۆتۆمبێلێکدا تەقییەوە. بە گوێرەی زانیارییەکان تەقینەوەکە لەسەر ڕێگەی شەهیدگە ڕوویداوە و شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە برینداربووە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- کۆمەڵێک چالاکوانی کورد لە بەلژیک لە دژی ڕەشبگیریی چالاکوانانی بادینان بەهۆی راپەڕینەکەی شیلادزێ-وە هێرشیان کردەسەر نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێم لە بەلژیک و ئاڵای کوردستانیان هێنایەخوارەوە و باڵەخانەکەشیان هێلکەباران کرد.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏢 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت)
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-01-29
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-01-29
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-01-29
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-01-29
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2019-01-29
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-01-29

کاتی تۆمارکردن: 2018-12-01 9:11:57 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 30

**2019-01-30**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181201211157165080




باشووری کوردستان

- سەنتەری راگەیاندنی ئەمنی، ئەمرۆ رایگەیاند: مەفرەزەکانی بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری و دژەتیرۆری سەر بە هەواڵگری و لێکۆڵینەوەی فیدراڵی لە کەرکوک مەفرەزەیەکی چوار کەسی داعشیان دەسگیرکردوە کە یەکێکیان ژنە.[1][2]

- بڕیاربوو کاتژمێر 11:00ی پێشنیوەڕێ ئەمڕۆ، بەرەی نیشتمانیی دژی داگیرکاریی لە باخچەی نالیی شاری سلێمانی، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیی بۆ پشتیوانیی ڕاپەڕینەکەی ڕۆژی 26ی ئەم مانگەی خەڵکی شارەدێی شیلادزێ و دەوروبەری دژ بە بارەگاکانی سوپای تورک ئەنجام بدەن، بەڵام هێزێکی ئاسایش لە باخچەکە کۆکراونەتەوە و ڕێگرییان لە ئەنجامدانی کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکە کرد.[3]

- هەردوو حکومەتی هەرێم و عێراق ڕێککەوتن لەسەر پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی دەستی تیرۆر.[1]

- بەئامادەبوونی بنەماڵەی شەهیدان و کۆمێتەی خانەوادەی شەهیدانی پەکەکە لە باشووری کوردستان و هەروەها تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان و نوێنەرایەتیی کەمپی شەهید ڕۆستەم جودی، پرسەی گەریلای شەهید عەبدولباس ئەحمەد لە شارۆچکەی چوارقوڕنە بەڕێوەچوو.[4]

- لە شاری سۆران مەراسیمێکی تایبەت بە بۆنەی ساڵیادی ئازادکردنی کۆبانێ ڕۆژئاوای کوردستان ئەنجامدرا و هەر لە مەراسیمەکەدا یادی یەکەم شەهیدی پێشمەرگە زێرەڤان ئەکرەم لە کۆبانێ ڕۆژئاوایی کوردستان کرایەوە.[4]

- ڕاگەیاندنی نەخۆشخانەی لەدایکبون و منداڵانی شارۆچکەی سۆران رایگەیاندوە: شەوی رابردوو ژنێکی دووگیان سەردانی نەخۆشخانەی کردووە بەمەبەستی دەرهێنانی کۆرپەکەی لە سکی، کاتێک منداڵەکە لەدایک دەبێت دەردەکەوێت کە شێوەی منداڵەکە وەک ماسی وایە و تەنها یەک قاچیشی هەیە. ئاماژە بەوەشکراوە: منداڵەکە بە شێوەیەکی سروشتی لەدایکبووە و دوای یەک کاتژمێر مانەوە هەر لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.[1]

- بەڕێوەبەری ڕێگا وبانی کۆیە رایگەیاند، هاتووچۆی ئۆتۆمبێل بە ڕێگای سماقوڵیدا ئاسایی بووەتەوە، ئەمەش دوای ئەوەی لە دوو ڕۆژی ڕابردوودا بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاوی بەنداوی جەلی ئاستەنگ بۆ هاتووچۆی ئۆتۆمبێل لەو ڕێگایەدا دروست ببوو.[2]

- فرۆکەجەنگییەکانی سوپای تورک بۆردومانی دەوروبەری ئاوی زێ-ی ناوچەی زێ و گردی هەقاریی سەر بە ناوچەی مەتینان-یان کرد لە هەرێمەکانی پاراستنی مەدیا.[4]

- کۆمەڵێک لە ژنانی وارگەی شەهید ڕۆستەم جوودی لە مەخموور، دژی گۆشەگیریی توندی سەر ڕێبەری گەلی کورد عەبدوڵا ئۆجالان ئەمڕۆ لە بەردەم نوێنەرایەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری هەولێر دەستیان بە مانگرتن لە خواردن کرد.[4]

- بەڕێوەبەری گومرگی کەرکوک – هەولێر و ژمارەیەک لە فەرمانبەرانی گومرکەکە لە لایەن دەستەی دەستپاکی عێراقەوە بە تۆمەتی کەمکردنەوەی باج بۆ ئامێری کشتوکاڵی دەستگیرکران.[3]

دەرەوەی کوردستان

- باڵیۆزی عێراق لە هۆڵەندا بەهۆی دانانی ئاڵای کوردستان لەنێو هۆڵی کۆنفرانس، بەشداری لە کۆنفرانسی هاوبەشی خۆراک و کشتوکاڵی نێوان عێراق و هۆڵەندای نەکرد.[2]

- جۆن کەنەدی، سیناتۆری ئەمریکا ڕەشنووسی یاسایەکی پێشکەشی کۆنگرێسی وڵاتەکەی کردووە، جەخت لە سەر بەکارهێنانی هێز لەپێناو پاراستنی کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان دەکاتەوە، ئەوەش بۆ بەهێزکردنی ئاسایشی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.[2]

-لە لێدوانێکی پۆلیسی ئەڵمانیا، کە بۆ ئاژانسە ئەڵمانییەکانی داوە هاتووە، دوای یەک مانگ چاودێری پۆلیس، سەرلەبەیانی ئەمڕۆ لە شاری شلسویگ-هۆڵشتاین، سێ کەس پێش پێکانی ئامانجەکەیان، دەستگیر کراون. هەروەها ئەوەش هاتووە کە دوانیان تەمەنیان 23 ساڵە بەناوەکانی شاهین و هێرش (کوردی باشوورن)، سێیەمیشیان تەمەنی 36 ساڵە، هاوکات ئەوەش ڕاگەیاندراوە، کە سەربە گرووپە ئیسلامییەکانن.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان

شار و شارۆچکەکان: رانیە (راپەڕین - پشدەر)

شار و شارۆچکەکان: کۆیە

شار و شارۆچکەکان: کۆبانێ

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: سۆران

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-01-30

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-01-30

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-01-30

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-01-30

کاتی تۆمارکردن: 2018-12-01 9:11:57 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 31

**2019-01-31**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181201211157165081



باکووری کوردستان

- پارێزگاری دەوڵەتی تورک لە شاری ئێلح-ی باکووری کوردستان هاتووچۆی لە 55 شوێن قەدەغە کرد و ئە و شوێنانەی بە (ناوچەی کاتیی سەربازی) دەستنیشان کرد. بە گوێرەی بڕیارەکە لە 1ی کانوونی دووەم تا 31ی کانوونی یەکەمی 2019 واتە بۆ ماوەی ساڵێک هاتووچۆ لە و 55 شوێنە کە دەکەونە سنووری ناوچەکانی حەسکیف، سۆسان و هەزۆ-ی سەر بە ئێلح قەدەغەیە.[5]

باشووری کوردستان

- بەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لەهاوڕێ و هاوخەبات و کەسوکاری، مەراسمی ساڵیادی شەهیدکردنی (شەهید ئارام) لە تەنگیسەر کرایەوە.[2]

- لە نێوان کەلار و خانەقین چەکدارانی داعش هێرشیانکردەسەر هێزەکانی پێشمەرگە، بە وتەی فەرماندەیەکیش رووبەڕووی چەکدارەکان بوونەتەوە و لەئەنجامدا هەڵاتوون و دوو بۆمبیشیان

پوچەڵکردوەتەوە.[1]
- جارێکی تر ژمارەیەک چەکدار پەلاماری بازگەی باوە مەحمودیان لە باکووری خانەقین دا.[2]
- بۆ باشترکردنی رەوشی ئەمنی خانەقین هێزێکی سوپای عێراق و ئاسایشی گەرمیان رەوانەی ناوچەکە دەکرێن و هێزەکانی پۆلیسی دیالە لە ناوچەکە دوردەخرێنەوە.[1]
- دەیان چالاکی سنووری بادینان بانگەوازێکیان بڵاوکردەوە و داوای دەرکردنی بنکە سەربازی و سیخوورپیەکانی دەوڵەتی تورک دەکەن لەسەر خاکی کوردستان، داواش دەکەن سنوورێک بۆ هێزە ئەمنییەکانی دهۆک دابنرێت.[5]
- لەبەردەم نووسینگەی لیژنەی داکۆکی لە زیانلێکەوتووانی تیرۆر لە هەولێر، ژمارەیەک لە زیانلێکەوتووانی دەستی تیرۆر گردبوونەوەیەکیان ئەنجامداوە و داوا لە بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن یاری بە هەستیان نەکرێت و دەڵێن ئەو نووسینگەیەی کراوەتەوە هیچ بنەمایەکی نییە و پارە لە خەڵک وەردەگرن.[3]
- لە لایەن دەستەی باڵای هەماهەنگی نێوان پارێزگاکانەوە بە رەسمی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک ئاگادار کراوەتەوە کە لەجێی رێبوار تاڵەبانی بەتەمەنترین ئەندام کارەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بەڕێوەبەرێت.[2]
- ئاسایش لە هەولێر کاتژمێر 19:30ی ئەمرۆ هەڵیکوتایە سەر ئەندامانی ئەنجومەنی ژنانی عەشتار-ی مەخموور کە ماوەی 7 رۆژە دژی گۆشەگیرىی سەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەستیان بە مانگرتن لە خواردن کردووە و لە بەردەم نوێنەرایەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر چادریان هەڵداوە.[5]
- بەرپرسانی سەربازی ئەڵمانیا نەخۆشخانەی پێشمەرگەیان لە هەولێر کردەوە و جەختیشدەکەنەوە: لە هاوکاریکردنی پێشمەرگە بەردەوامدەبن.[1]
- ئامانج هەورامی رایگەیاند: سەبارەت بە لێدوانێکم بۆ بەرنامەیەکی کەناڵی NRT کەتێیدا بەمەبەست دەستکاری قسەکانم کراو ئەمەش بووە جێگەی ناڕەزایی و رەخنەی خانەوادەی شەهیدان و پێشمەرگە و کیمیا باران، لێرەوە رایدەگەیەنم، راستە ئە و وتانە هی منن، بەڵام دەستکاریی کراون و داوای لێبوردن لە سەرجەم پێشمەرگە دێرینەکان و خانەوادەی شەهیدان و کیمیاباران و ئەنفال دەکەم.[2]
- قایمقامی هەولێر رایدەگەیەنێت: لەماوەی دوو رۆژی رابردوودا 20 دەرمانخانەیان داخستووە و بڕێکی زۆری دەرمانی بێ ستیکەریشان دەست بەسەرداگرتووە.[1]
- لە دووەم رۆژی دیداری هونەری گەرمیاندا لە شارۆچکەی کەلار، لە پێشانگایەکی رەنگاڵەدا کاری دەستی شێوەکارانی گەرمیان و ژنانی یارانی مێخەک، پیشاندرا.[4]
- کونسڵی گشتی نوێی یۆنان لە هەولێر رایدەگەیەنێت: شاندێکی باڵای بازرگانان و گەشتیاری دێنە هەرێم و حکومەتی یۆنانیش بڕیاریداوە پاشکۆی بازرگانی لە هەرێم بکاتەوە.[1]
رۆژئاوای کوردستان
- شەرڤانانی قەسەدە لە قۆناغی کۆتایی هەنگاوی گەردەلولی جزیرە، زیاتر لە 150 سڤیلیان رزگار کرد، کە دوو ژن و منداڵێکی ئێزدیان تێدایە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- بەڕێوەبەری زانیاری نەتەوەیی ئەمریکا لە کۆبوونەوەی زانیاری ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا رایگەیاند: لە ماوەی بیست و چوار کاتژمێری رابردوودا، سێ زانیاری ستراتیژییان لەسەر چالاکی هێزەکانی حەشدی شەعبی عێراقی سەر بە ئێرانمان بە بەرپرسانی بەغدا راگەیاندوە. وتیشی: داوامان لە بەغدا کردوە لە نزیکترین کاتدا ئە و هێزانە هەڵپەسێرێت و چەکەکانیان لێوەربگرێتەوە.[1]
- ماڵپەڕی گاردیان ئەمرۆ بڵاویکردەوە، رۆژنامەوان و نووسەری رۆژهەڵاتی کوردستان بەهرۆز بوچانی کە لە دوورگەی مانووس لە ئوسترالیا پەنابەرە، بەهادارترین خەڵاتی ئەدەبیی ئوسترالیای پێ بەخشراوە. گاردیان باسی لەوە کردوە، خەڵاتی ئەدەبیی ڤیکتۆریا پریمیەر کە بەهادارترین خەڵاتی ئەدەبییە، بەهۆی نووسینی رۆمانی (جگە لە چیاکان دۆستی دیکەمان نەبوو) ئەمرۆ بەبێ ئامادەبوونی نووسەرەکەی، پێشکەشی رۆژنامەنووس و نووسەری کورد بەهرۆز بوچانی کراوە.[5]

- سیناتۆرەکانی ئەمریکا لە ئەنجومەنی پیران بە 68 دەنگی ئەرێ لە بەرامبەر 23 دەنگی نەخێر، دەنگیان دا بە تەواوکەری یاسایەک بۆ درێژەدان بە مانەوەی هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سوریا و ئەفغانستان.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: باتمان - ئێلح
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-01-31
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-01-31
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-01-31
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-01-31
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-01-31

کاتی تۆمارکردن: 2018-12-01 9:11:57 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 32

**2019-02-01**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190112153013191968



باکووری کوردستان
- لە شاری وان هێرش کرایەسەرپاسی هەڵبژاردنی هەدەپە، لەوهێرشەدا جامی پاسەکەیان شکاند و هێمای نژادپەرەستانەیان لەسەریدا نووسی.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ژمارەیەک لە کاسبکارانی کورد، لە دەوروبەری گوندی بێتووش سەر بە شاری سەردەشت، دەکەونە بۆسەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتیی و هێزە حکوومەتییەکان، بەبێ ئاگادار کردنەوەی پێشوو، تەقە لە کاسبکاران دەکەن. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگاداری ڕووداوەکە، لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی، ب5 سەر ئەسپی کاسبکاران لە ناوچوون و هەروەها هێزە نیزامییەکان، دەستیان بە سەر 15 سەر ئەسبی کاسبکاراندا، گرت.[6]
باشووری کوردستان
- دوای ئەوەی ئاسایش هێرشی کردە سەر چالاکوانانی بەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە دژی گۆشەگیریی عەبدوڵلا ئۆجەلان لە هەولێر و چادرەکەیان-یان تێکدا، چالاکوانان تا بەیانی لەبەر سەرما مانەوە و درێژەیەیان بەچالاکیی مانگرتن لەخواردن دا.[1]
- سەرۆکایەتی زانکۆی هەڵەبجە رایدەگەیەنێت: ئە و کوڕ و کچە خوێندکارانەی کە دەیانەوێت هاوسەرگیری ئەنجامبدەن، خەرجی ئاهەنگی هاوسەر گیرییەکەیان لە ئەستۆی زانکۆی هەڵەبجە دەبێت.[2]
- لە مەزارگەی شەرفەدین و شیخان 3 رۆژ پرسە دانراوە بۆ میر تەحسین بەگ.[3]
- دوای تێپەڕبوونی نزیکەی هەشت مانگ بەسەر رفاندنیان، چەکدارانی داعش وێنەی شەهیدکردنی پێشمەرگەیەک و کارمەندێکی ئاسایشیان لەسنوری کەرکوک بڵاوکردەوە.
پێشمەرگەکە ناوی شاکر محەمەدە و لەمانگی حوزەیرانی ساڵی رابردوو لەنزیک چەمی رۆخانە لەکاتی کارکردن لەلایەن چەکدارانی داعشەوە رفێندراوە. یەکێکی دیکەیش لەو کەسانەی وێنەی شەهیدکردنەکەی بڵاوکراوەتەوە نەوشیروان محەمەدە، گەنجێکی دانیشتوی ناوچەی حەفتەغارە شەوی 13-09-2017 لەلایەن ژمارەیەک چەکداری داعشەوە لەنێو گوندی حەفتەغار رفێندرا.[2]
- مانگرتنی ناسر یاگز، ئەندامی نوێنەرایەتی هەدەپە لە هەولێر دژ بە گۆشەگیریی سەر ئۆجالان لە 73هەمین رۆژیدا بەردەوامە، ئەو سوریشە لەسەر مانگرتنەکەی تا کۆتایی بە گۆشەگیریی دێت.[4]
- پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ لە سنوری شارەدێی شوان دوو پێشمەرگە کە بە تانکەر ئاویان بەسەر بنکەکانی هێزی پێشمەرگەدا دابەشکردووە، بەهەڵە چوونەتە ناو بازگەیەکی پۆلیسی فیدراڵیەوە. سەرچاوەکە ڕوونیکردەوە دوای ئەوەی پێشمەرگەکان چوونە ناو بازگەکە لەلایەن پۆلیسی فیدراڵیەوە چەک کراون و ئیهانەیان پێکراوە. سەرچاوەکە وتیشی بۆ بەهاناوەچوونی ئەو دوو پێشمەرگەیە، هێزێکی پێشمەرگە چووە بازگەکە و بەهۆیەوە ئاڵۆزی هاتەئاراوە و هەردوولا تەقەیان لەیەکدی کرد.[5]
دەرەوەی کوردستان
- کەناڵی بی بی سی بەدواداچوونێکی کردووە دەربارەی دزین و فرۆشتنی زەیتوونی عەفرین لە لایەن حکوومەتی تورکی داگیرکەر. بە گوێرەی ڕاپۆرتی کەناڵەکە حکوومەتەکانی ئەورووپا لێکۆڵینەوە لە و زەیتوونە دەکەن کە تورکیا هەناردەی دەکات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-02-01
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-02-01
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-02-01
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-02-01
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری وێستگە - 2019-02-01
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-02-03

کاتی تۆمارکردن: 2019-01-12 3:30:13 PM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 33

**2019-02-02**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190102141528182372




باکووری کوردستان
- دادگای دەوڵەتی تورک لە مەلەتی سزای 14 ساڵ و 3 مانگ زیندانیکردنی بەسەر گوڵتان کشاناک و سزای 15 ساڵ زیندانیکردنی بەسەر سەباحەت تونجەل دا سەپاند.[1]
- دەیان چالاکوان و هاووڵاتیی و پەرلەمانتارانی هەدەپە سەمرا گیوزەل، ڕەمزییە تۆسون و حوسێن کاچماز لەگەڵ پاڵێوراوی هەدەپە بۆ هاوسەرۆک شارەوانیی ناوچەی سووری ئامەد فلیز بولتەکین لە بەردەم ماڵی لەیلا گیوڤەن لە ئامەد کۆبوونەوە و ویستیان ڕێپێوانێکیش ئەنجام بدەن. پۆلیسی دەوڵەتی تورک گەمارۆی چالاکوانانی دا و ڕێگای نەدا ڕێپێوانەکە ئەنجام بدەن و بە چالاکوانانیان ڕاگەیاندبوو، جگە لە چەپڵە ئەگەر تیلیلی و فیکە لێ بدەن، دەست لە گردبوونەوەکەش وەردەدەن، هاووڵاتییانیش بە چەپڵە سەرنجێکی زۆریان ڕاکێشایە سەر مانگرتنەکەی لەیلا گیوڤەن.[1]
- لە شاری وان بە ڕێپێوان و ڕاگەیەنراوێک سیاسەتی گۆشەگیریی سەر ئۆجالان ئیدانە کرا و ئاماژە بۆ ئەوە کرا، کە تا گۆشەگیریی سەر ئۆجالان نەشکێت، وڵات ئازادیی بە خۆیەوە نابینێت.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هاووڵاتییەک بە ناوی جەواد کەریمی تەمەن 28 ساڵ خەڵکی گوندی تەختان سەر بە شاری دیهلۆران، بە هۆی تەقینەوەی مین بریندار بوو.[6]
- کاسبکارێکی کورد بە ناوی عۆسمان کلاوگیز، بە هۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکان لە نزیک گوندی نێروانی شاری بانە، بریندار کرا.[6]
- لاوێکی کورد بە ناوی''حەمید پەروازە تەمەن 28 ساڵ خەڵکی گوندینێی سەر بە شاری مەریوان،

دوای 90 ڕۆژ دەسبەسەری لە ژووری تاکەکەسی بەندیخانەی سنە و دوو هەفتە لە بەندیخانەی مەریوان، بە دانانی بارمتە بە شێوەی کاتی، تا بەڕێوەچوونی کاتی دادگاییەکەی، ئازاد کرا.[6]
باشووری کوردستان
- لە هەولێر، لە گەڕەکی هەولێری نوێ، شەڕە تەقەیەکی زۆر لەنێوان چەند بنەماڵەیەکدا ڕوویداوە. بەڵام هیچ کەسێک بەهۆی ئەو تەقەوە گیانی لەدەستنەداوە. پاشتر پۆلیس ڕایگەیاند، شەڕەکە لەسەر کتێبێک بووە.[2]
- وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژی ژنان ڕایدەگەیەنێت: لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێم و چەند ڕێکخراوێکدا، یاداشتێکیان ئاڕاستەی پەرلەمان کردوە بۆ قەدەغەکردنی دراما تورکییەکان. دەشڵێت: بەڵێنمان پێدراوە بڕیارەکە سەد لە سەد جێبەجێدەکرێت.[3]
- لە شیلادزێ کۆبوونەوەیەک لە دژی بوونی پەکەکە لە باشووری کوردستان بەڕێوەچوو. میدیاکانی نزیک لە پەکەکە دەڵێن: ئەم کۆبوونەوەیە بە زۆری پارتی و میتی تورکی بووە.[4]
- سەرۆکی بەشی مێشک و دەمار لە نەخۆشخانەی ڕۆژئاوای هەولێر ڕایدەگەیەنێت: ماوەیەکە نەخۆشی زەردوویی لە هەولێر سەریهەڵداوەتەوە، بەوهۆیەوە هاوڵاتیان تووشی ڤایرۆسی هەوکردنی جگەر دەبن، دەشڵێت: لە 2019 چەند حاڵەتێکی گیان لەدەستدان بەهۆی نەخۆشییەکە تۆمارکراوە.[3]
- لە شاری کەرکوک ساڵیادی شەهیدبوونی، گەریلا لەیلا والی ناسراو بە شەهید ڤیان سۆران لە مەراسیمێکدا بەشکۆوە کرایەوە.[5]
- نوسینگەی ڕاگەیاندنی وتەبێژی یەکێتی ڕایدەگەیەنێت: ئە و هەواڵەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکراوەتەوە گوایە یەکێتی کۆبوونەوەکانی لەگەڵ پارتی هەڵپەساردووە و ئاخۆ پارتی بەبێ یەکێتی دەتوانێت حکومەت پێکبهێنێت ئەم جۆرە قسانە دوورە لە ڕاستییەوە.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئاژانسی هەواڵی هاوار (ANHA) بڵاویکردەوە، ئەمڕۆ لە منبج لە کاتی تێپەڕینی ئۆتۆمبێلێکی مەدەنیدا تەقینەوەیەک ڕوویدا. ئاماژ بەوەشکراوە، ئەو ئۆتۆمبێلە ئۆتۆمبێلی گواستنەوەی مامۆستایان بووە. ئەوەش خراوەتەڕوو، تەقینەوەکە لەسەر ڕێگای باشووری ڕۆژهەڵاتی منبج ڕوویداوە. لەو تەقینەوەیەدا شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە کوژراو و مامۆستاکانی ناو ئۆتۆمبێلەکەش بریندار بوون.[1]
دەرەوەی کوردستان
- هێزە ئەمنیەکانی تورکیا سەرۆکی دەزگای ئیسرائیل- کورد داود باغستانی-یان لە شاری ئەدەنە لەگەڵ دوو کەسی دیکە دەستگیرکرد.[3]
- تۆماس هامربەر، جێگری سەرۆکی پارتی سۆشیال دیموکراتی سوید، لە پەیامێکدا پێشنیاری کاندیدکردنی سەلاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی پێشووی پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە، کرد بۆ ئەوەی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی پێبدرێت.[5]
- تەلەڤزیۆنی کۆماری ئیسلامی ڕایگەیاند: وڵاتەکەی تاقیکردنەوەیەکی بەسەرکەوتوویی ئەنجامداوە بۆ هەڵدانی موشەکێکی تازەی کیشوەربڕ کە مەوداکەی زیاتر لە 1350 کیلۆمەترە.[3]
- تەرمی سێ منداڵی کورد کە دانیشتووی پارێزگای هەولێرن لەئاوی نێوان تورکیا- یۆنان دەرهێنرانەوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♜ هەولێر |

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ منبج
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ مەلاتیە
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ وان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ بانە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ مەریوان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-02-02]
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ڕووداو - 2019-02-02]
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری دوارۆژ - 2019-02-02]
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | [تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن]
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-02-02]
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری کوردیا - 2019-02-03]

کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02 2:15:28 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 34
**2019-02-03**
https://www.kurdipedia.org/?q=20190102141528182373




باشووری کوردستان
- بەشێک لە کەمئەندامانی کوردستان گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا و یاداشتێکیان سەبارەت بە کێشەکانیان پێشکەش بە نووسینگەی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە شاری سلێمانی و سەرجەم فراکسیۆنەکان کرد.[4]
- ئەمڕۆ بەپێی فەرمانی دادوەر، حەوت کەس لە دەستگیرکراوانی بادینان ئازادکران، ئەمانە ناوەکانیانە: 1- دلوڤان زێباری، 2- ڕێدیر ڕێکانی، 3- نژیار ڕێکانی، 4- ئومێد بەروشکی، 5- شوکری محەمەد، 6- محەمەد مشیر و 7- سەلام سەدیق.[4]
- دوای ئەو نیگەرانیانەی کە لەلایەن کەسوکاری شەهیدانەوە دروست بوو لە بارەی بڕیارێکی سەرۆکایەتی زانکۆی هەڵەبجە کە بڕیاریدابوو لە ڕۆژی 3/16 ئاهەنگی هاوسەرگیری بۆ ژمارەیەک لە کوڕ و کچی خوێندکار ئەنجام بدات، بەڵام ئەمڕۆ سەرۆکی زانکۆی هەڵەبجە و پارێزگار بڕیاریاندا ئەو چالاکییە لەو ڕۆژەدا نەکرێت.[1]
- بومەلەرزەیەک بەگوڕی 3.3 پلە بەپێوەری ڕێختەر و بەقوڵای 18 کم لە خانەقین ڕوویدا.[3]
- لە ناوچەی قوڵای سەربە خانەقین بۆمبێکی چێنراو تەقییەوە.[3]

- ئەمشە و لەلایەن ژمارەیەک چەکداری سەربە داعشەوە عەلوەی شارۆچکەی جەلەولا تەقێنرایەوە.[2]
- شاندێکی ئەنجومەنی ژنانی عەشتار لە کامپی شەهید ڕۆستەم جودی لە مەخمور، جارێکی دیکە لەگەڵ نوێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر کۆبوونەوە، نوێنەرانی یوئێن بەڵێنیانداوە بەدواداچوون بۆ هێرشەکانی ئاسایشی هەولێر بۆ سەر چالاکوانان بکەن.[4]
- گەلەری فەیحا بۆ ڕۆشنبیری و هونەر و ڕاگەیاندن لە شاری هەولێر، پێشانگەیەکی شێوەکاریی دەیان هونەرمەندی کورد و تورکمان و مەسیحی و هەروەها عەرەبی عێراق و چەندین وڵاتی دیکەی عەرەبیی لەخۆگرت.[1]
- شۆفێرانی تاکسی و ئەوکەسانەی کاری کڕین و فرۆشتنی پێوەدەکەن، نارازین لەو بڕیارەی وەزارەتی ناوخۆی هەرێم کە لێخوڕینی تاکسی لە بەشێکی زۆری فەرمانبەران و هێزە ئەمنییەکان قەدەغە کردوە، دەشڵێن: تەنیا ئەمڕۆ نرخی تاکسی نزیکەی دوو هەزار دۆلار (20 وەرەقە) دابەزیوە و بازاڕی کڕین و فرۆشتنی وەستاوە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- دۆناڵد ترەمپ ڕایگەیاند، بەشێک لەو هێزانەی وڵاتەکەی کە لە سووریا دەکشێنەوە، دەچنە بنکە سەربازی ئەسەد لە عێراق و لەوێوە چاودێری ئێران دەکەن.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-02-03
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-02-03
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-02-03
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-02-03

کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02 2:15:28 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 35
**2019-02-04**
https://www.kurdipedia.org/?q=20190102141528182374

رۆژهەڵاتی کوردستان
- ئارام زەندی، چالاکێکی کرێکاری خەڵکی شاری سنە، لە لایەن قەراگای فەرماندەیی هێزە ئینتزامییەکان لەو شارە بانگهێشت کرا.[6]
- چوار مامۆستای کورد بە ناوەکانی سوویلا سەعیدی، مامۆستای زمانی عەرەبی، حەمید ئاریانا، مامۆستای زمانی ئینگلیسی، ئەسعەد ئەولیایی بەڕێوەبەری نووسیگەی کۆمەڵایەتی و عەتا ئیسفەندیاری مامۆستای وێژەیی زمانی فارسی، بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری دیواندەرە کران. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەم چوار مامۆستا کوردە بە هۆی بەشداری کردن لە مانگرتنی سەرەتاسەری فەرهەنگیان، بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری دیواندەرە کراون.[6]
- چالاکێکی کرێکاری کورد بە ناوی ئومید ئەسەدی، بانگهێشتی لقی دووی پرسکەر و دادسەرای گشتیی و ئینقلابی شاری کامیاران کرا.[6]



باشووری کوردستان
- تەرمی میر تەحسین بەگ لە ئەڵمانیاوە دەگاتەوە باشووری کوردستان و لە فڕۆکەخانەی هەولێر هەشت پێکهاتەی ئاینی لە هەرێمی کوردستان بە جلوبەرگی تایبەتی خۆیان لە پێشوازییدا بەشداربوون و تاجەگوڵینەیان لەسەر تەرمی میر تەحسین بەگ، میری ئێزدیانی کوردستان و جیهان دانا. بڕیارە سبەینێ لە لە کۆشکی میری لە پەرستگای لالش بە خاکبسپێردرێت.[1]
- درەنگانی شەوی ڕابردوو بەهۆی تەقینەوە مینەوە دوو کۆڵبەر بە سەختی برینداربوون و گەیەندرانە نەخۆشخانەی شارۆچکەی چۆمان-ی سەربە پارێزگای هەولێر. یەکێک لە بریندارەکان قاچێکی لە دەستداوە، دوای وەرگرتنی چارەسەریی سەرەتایی ڕەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر کراون.[3]
- لە نزیک سایلۆی ناوەندی شاری شەنگال لە کاتی دروستکردنی ڕێگەدا، ئێسک و پروسکی چەندین کەس دۆزرایەوە. ڕاگەیەنرا لە و شوێنە گۆڕێکی بەکۆمەڵ هەیە و لە کاتی هێرشی چەتەکانی داعش کۆمەڵکوژی لێ کراوە. بەهۆی ئەوەی تا ئێستا لێکۆڵینەوەی پێویست نەکراوە، نازانرێت تەرمی چەند کەس لە و گۆڕە بەکۆمەڵەدا هەیە.[5]
- دوای 13 ڕۆژ لە داخستنی، ئەمڕۆ دەروازەی سەرزێریێ لەنێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان لەسنوری شارەدێ کانی ماسێ سەر بە شارۆچکەی ئامێدی کرایەوە.[2]
- بەپێی زانیارییەکان، سوپای تورک ژمارەیەک سەربازی ناردووەتە گەلیی باڵندە، کە ناوچەیەکی گەشتیارییە لە سنووری شارۆچکەی ئامێدی سەربە پارێزگای دهۆک.[3]
- هێزەکانی بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی گەرمیان دوو ئەمیر و چەکدارێکی داعش دەستگیردەکەن و لە ڕاگەیێندراوێکیشدا ئاماژە بەوە دەکەن، چەکدارەکان لە سنووری ئیدارەی گەرمیان و سلێمانی دەستگیرکراون.[4]
- کۆپتەرە جەنگییەکانی سوپای تورکی داگیرکەر لە کاتژمێر 8:30 بۆ 9:00 دەورووبەری گوندی خەلیفان و چیادێل-یان بۆردومانکرد.[5]
- لە ناو بازاڕی شارۆچکەی سەیدسادق-ی سەر بە پارێزگای سلێمانی، گردبوونەوەیەک لەلایەن چالاکوانان و ڕۆژنامەنووسانی سەیدسادق-ەوە ڕێکخرا دژی بەرتەسکردنەوەی ئازادیی و دەستگیرکردنی چالاکوانان و ڕۆژنامەنووسان لە بادینان.[3]
- ژمارەیەک لە شۆفێر و خاوەن تەکسییەکان لە سلێمانی خۆپیشاندانێکی ناڕەزایەتیان دژ بە بڕیارێکی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم ئەنجامدا و شەقامێکی سەرەکیشیان داخست.[2]
- لیژنەی هاوبەشی وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی بەرگریی عێراق لە هەولێر کۆبوونەوە. ئاساییکردنەوەی پەیوەندی نێوان هەردوولا و بارودۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان گفتوگۆیان لەبارەوە کراوە.[4]
- جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سەردانی کەرکوکی کرد و ڕایگەیاند، کەرکوک هێڵی سوورە و بەهیچ شێوەیەک سازش لەسەر کوردستانیبوونی ناکەین.[4]
دەرەوەی کوردستان
- بە مەڕاسیمێک تەرمی هونەرمەندی ناوداری کورد عەگیدێ جمۆ کە بە (میری باڵەبان) ناسراوە، لە شاری ئەریڤانی ئەرمەنستان بەخاک سپێردرا.[5]

- لەسەر داوای دانیەل سیمۆنێت ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانیی پاریس، لەیلا گیوڤەن هاووڵاتیبوونی فەخریی شاری پاریسی پایتەختی فەرەنسای پێبەخشرا.[5]
- حسێن سەلامی، جێگری فەرماندەی گشتی سوپای پاسداران لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی ئێران رایگەیاند: داوادەکەین ولاتانی ئەوروپا دەست لە کاروباری ئێمە وەرنەدەن، بە پێچەوانەشەوە ئەو بابەتە ناچارمان دەکات گۆڕانکاری لە رەوتی سیاسی، ستراتیژی و بەرگریکارانەمان بکەین.[2]
- بەرهەم ساڵح، سەرۆککۆماری عێراق وەڵامی لێدوانەکەی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکای دایەوە و رایگەیاند، ئەمریکا داوای مۆڵەتی نەکردووە و مافی ئەوەی نییە لە عێراقەوە چاودێری ئێران بکات.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | سەیدسادق (شارەزوور) |
| شار و شارۆچکەکان: | شنگال |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | دیواندەرە |
| شار و شارۆچکەکان: | کامیاران |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامێدی |
| شار و شارۆچکەکان: | دهۆک |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | کەلار (گەرمیان) |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-02-04
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-02-04
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-02-04
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-02-04
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-02-05

کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02 2:15:28 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 36

**2019-02-05**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190102141528182375



باکووری کوردستان

- لە 17 گەڕەک و دێ و لادێی ناوچەکانی لیجە و پاسووری ئامەد لە کاتژمێر 6:00ی ئەم بەیانییەوە 'قەدەغەی هاتووچۆ' ڕاگەیاندرا. لە گەڕەک و دێ و لادێکانی چرالی، کایکۆی، دالجا، کوتلو، ئۆیوکلو و تورلی لە لیجە و لە گەڕەک و دێ و لادێکانی کاراگاج، کامشلی، چوکلورجا، دەمیرلی، بایرکۆی، باگجلار، ئاکبولاک، دوزجە، تەرمەن، ئوبوگیور و تاش کۆپروی پاسووری ئامەد 'قەدەغەی هاتووچۆ' ڕاگەیاندرا. هاوکات لەگەڵ ڕاگەیاندنی قەدەغەی هاتووچۆ، سوپای تورک بە بەشداریی یەکەی تایبەت دەستیکرد بە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لەو ناوچانەدا.[2]

- پۆلیسی ڕژێمی ئاکەپە بۆ بۆمبی گازی هێرشی کردە سەر مەڕاسیمی کردنەوەی بنکەیەکی بانگەشەی هەڵبژاردنی هەدەپە لە ناوچەی سەرێکانی. هەروەها کاندیدێکی هەدەپە بۆ هاوشارەداری ناوچەکە دەستگیر کرا.[2]

- ڕێزان ساریجا، فایق ئۆزگیور ئەرۆل، نەرۆز ئویسال و ئیبراهیم بیلمەز پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆ جاری 787هەم سەردانی داواکاری گشتیی کۆمارییان لە بورسا کرد بۆ ئەوەی چاوپێکەوتن لەگەڵ ئۆجالان ئەنجام بدەن.[2]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- فەرماندەی پۆلیسی پارێزگای سنە هۆشداری دەداتە کۆڵبەران و دەڵێت، هێزی سنوورپارێزی پارێزگای سنە بۆیان هەیە تەقە لە هەر کەسێک بکەن کە لە سنوورەکانەوە بە نایاسایی هاتووچۆ دەکەن.[3]

- هێزە ئەمنییەکانی ڕژێمی ئێران هەڵیانکوتایە سەرماڵی موحسن ئەدوایی و ئەویان گواستەوە بە بەندیخانەی ئیدارەی ئیتلاعات-ی مەریوان.[2]

باشووری کوردستان

- شەوی ڕابردوو ئاگر لەکەمپی ئاوارەکانی نزاراوە لە کەرکوک کەوتوەتەوە و بەهۆیەوە یەکێک لەخێمەکان سوتا، سەرچاوەکان باس لە گیان لەدەستدانی 3 منداڵ دەکەن.[1]

- تەرمی میر تەحسین بەگ، لە شێخان و لەنێو ماڵەکەی خۆیدا بەخاکسپێردرا.[1]

- سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ باڵیۆزی ئەڵمانیا لە عێراق کۆبووەوە و بەردەوامی هاوکارییە سەربازییەکانییان بۆ هەرێمی کوردستان دووپاتکردەوە.[2]

- بەڕێوەبەری هاتووچۆی پارێزگای سلێمانی ئاشکرایکرد کە پلانی گۆڕینی ئاراستەی شەقامەکانی سلێمانی سەرکەوتوو بووە.[5]

- لە زانکۆی سلێمانی پانێڵێک لەسەر دۆخی سیاسی ئێستاو ئایندەی کوردستان بۆ چەند کەسایەتیەکی سیاسی و ئەکادیمی سازکرا و تیشک خرایە لایەنە هەمەجۆرەکانی کوردستان لە ڕابردوو و داهاتوودا.[5]

- بەرپرسێکی وەزارەتی پێشمەرگە ڕایدەگەیەنێت: تاوەکو قوتی پێشمەرگە باشتر نەکرێت، بڕیارەکەی وەزارەتی ناوخۆ بۆ ڕێگری لەکاری تەکسی پێشمەرگەکان، جێبەجێناکەن، پسپۆڕێکی یاسایی_ش دەڵێت: بڕیارەکە یاسایی نییە.[6]

- ئێوارەی ئەمڕۆ لە گوندی کێلەکەوەی سەربە شارۆچکەی سەیدسادق ژنێک گیانی لەدەستدا، بەڵام هۆکار و چۆنێتی گیانلەدەستدانەکەی گوماناوییە.[4]

ڕۆژئاوای کوردستان

- ئەمڕۆ سوپای تورک و چەتەکانی گۆڕستانی شەهید سەیدۆ-یان لە گوندی کەفەر سەفر لە ناوچەی جندرێس-ی سەر بە عەفرین وێرانکرد. گۆڕستانی شەهید سەیدۆ (ڕودی حاجی) کە

تەرمی 183 شەهیدی یەپەگە و یەپەژەی تێدا نێژراوە، لە ساڵی 2011 دروستکراوە، بۆ بە بیرهێنانەوەی تێکۆشەری دێرسیمی ڕووداو حاجی ناسراو بە سەیدۆ ئەو ناوەی لێنراوە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا بەزۆرینەی دەنگ پڕۆژەکەی سەرۆکی ئەمریکای ڕەتکردەوە سەبارەت بەکشانەوەی هێزەکان لە سوریا و ئەفغانستان.[6][1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-02-05
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-02-05
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-02-05
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-02-05
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-02-05

کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02 2:15:28 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 37

**2019-02-06**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190102141528182376




باکووری کوردستان
- لە گەرەک و دێ و لادێکانی عەجەمی، شەنلک، بیرلیک، ئابالی، ئەرگینکۆی، توزلاکۆی و چەپەری لیجەی ئامەد و لە لادێکانی کالادبی، ئاکچالایورت، تۆپچلار، یوکارتولاریی ناوچەی هێنێی ئامەد لە کاتژمێر 6:00ی ئەم بەیانییەوە قەدەغەی هاتووچۆ راگەیاندرا. پێش راگەیاندنی قەدەغەی هاتووچۆ سوپای تورک بە بەشداریی یەکەی تایبەت دەستیکردبوو بە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی.[1]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- سێ هاووڵاتیی کورد، خەڵکی شاری پیرانشار بە ناوەکانی باپیرە بەرزە، ئەحمەد قەلاتەڕەشی و سڵێمان محەممەمژاد، بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیونی حکوومەتی ئێران لە لایەن لقی 102ی دادگای کەیفەری 2ی شاری پیرانشار بە 25 مانگ زیندانی تەعزیری مەحکووم کرا. بەپێی ئەو حوکمە، باپیرەبەرزە بە 8 مانگ زیندان، ئەحمەد قەڵاتەڕشی بە 5 مانگ و سڵێمان محەممەدنژاد، بە یەکساڵ زیندانی تەعزیری مەحکووم کرا.[6]
- لاوێکی کورد بە ناوی ئاروین ئیقبالی، تەمەن 22 ساڵ، کوڕی هوشیار خەڵکی شاری پاوە، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراوە.[6]
- مامۆستایەکی ئایینی کورد، بە ناوی مامۆستا عیسا ئازەری پێشنوێژی گوندی کورانە سەر بە ناوچەی سۆمای برادۆستی ورمێ، لە لایەن سپای پاسدارانەوە دەسبەسەر کراوە.[6]
باشووری کوردستان
- پۆلیسی کەرکوک رایگەیاند، ئەمڕۆ لە گەڕەکی غەرناتەی کەرکوک باوکێک بە چەقۆ کوڕەکەی خۆی کوشت.[2]
- بۆ جاری دووەم ئاسایشی هەولێر هێرشی کردە سەر چالاکوانانی مانگرتوو لەبەردەم نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە 30ی کانوونی دووەمەوە دەستیان بە مانگرتن دژی گۆشەگیرییەکانی سەر ئۆجالان و پشتیوانی لە لەیلا گوڤەن کردووە. لە هێرشەکەی ئەمڕۆدا پێنج خوێندکاریان دەستگیرکردووە، کە خوێندکارن و بۆ پشتیوانی چالاکوانان چونەتە سەردانی چالاکییەکە.[2]
- سەرۆکوەزیرانی ئیتاڵیا دوای سەردانەکەی بۆ بەغدا گەیشتە هەولێر و لەلایەن سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانیەوە پێشوازی لێکرا.[5]
- کاتژمێر 19-20ی ئەمشە و بە کاتی باشووری کوردستان، کۆپتەرەکانی سوپای تورکی داگیرکەر هێرشیان کردە سەر گوندەکانی کەندەگەری، بێسنۆک و گەرووی خەلیفان. بە گوێرەی زانیارییەکان کۆپتەرەکان بەچڕی بۆمبارانی ئە و شوێنانەیان کردووە و زیانیان بە ژینگە و سرووشتی ناوچەکە گەیاندووە.[2]
- ئەمشەو ئاسایشی هەولێر، جارێکی دیکە هێرشی کردەوە سەر چالاکوانانی بەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر و هەموویانیان دەستگیر کرد، کە لە ژنانی ئەنجومەنی عەشتار پێکهاتوون، ئاشایش ئەو ژنانە لە هەولێر دەردەکات.[3]
- لەهێرشێکی هاوبەشی هێزە سەربازییەکانی عێراق و هاوپەیمانی نیودەوڵەتیدا لەناوچەیەکی باشوری کەرکوک ژمارەیەک چەکداری داعش کوژران.[4]
رۆژئاوای کوردستان
- سەرچاوە هەرێمییەکان بڵاویانکردەوە، لە نزیک بازاڕی سەوزە و میوە لە ناوەندی شاری باب ماتۆڕ سکیلێکی بۆمبڕێژکراو تەقیوەتەوە. ئاماژە بەوە دەکرێت، بەهۆی ئەو تەقینەوەیە چەندین کەس بریندار بوون و زیانێکی ماددیی زۆریش بە بازاڕەکە گەیشتووە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- ئەنقەرە وڵامێکی توندئامێزی ئاڕاستەی ئیمانوئێل ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسای کرد کە لە ڕاگەیەندراوێکدا ڕۆژێکی دەستنیشان کردوە بۆ زیندووکردنەوەی یادی جینۆسایدکردنی ئەرمەنەکان، کە لە سەدەی رابردوو تورکیا دژ بەو وڵاتە ئەنجامیداوە. لەو بارەیەوە ئبراهیم کالن، وتەبێژی سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا، ئیدانەی ئەو بڕیارەی ماکرۆنی کرد سەبارەت بە دەستنیشانکردنی رۆژی 24 نیسان بۆ یادکردنەوەی ئەو جینۆسایدە لە فرەنسا.
ئبراهیم کالن دەڵێت: ئەو چیرۆکانەی باس لە جینۆسایدکردنی ئەرمەنەکان دەکەن، درۆیەکی

سیاسییە و هیچ بنەمایەکی یاسایی نییە و دوورن لە راستییەوە، بۆیە تورکیا گرنگی بەو درۆیانە نادات.[4]
- فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق، لە بەیاننامەیەکدا ئاشکرایکرد، کە هەندێک لەمیدیاکان باس لەوە دەکەن گوایە عادل عەبدولمەهدی، سەرۆک وەزیرانی عێراق و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق ڕەزامەندی نیشانداوە بۆ گەڕانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ ناوچە دابڕێنراوەکان بەڵام ئەو دەنگۆیە درۆیە و هیچ ڕاستییەکی تێدا نییە.[3]
- ئیسماعیل ئۆزەن پاڵەوانی بۆکسێنی کورد، کە دانیشتوانی ئەڵمانیایە، بە پاساوی ئەوەی 'لە تورکیا بڕیاری دەستگیرکردنی هەیە' لە کۆنسوڵخانەی تورکیا دەست بەسەر پاسپۆرتەکەیدا گیرا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: پاوە (هەورامان)
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-02-06
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-02-06
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-02-06
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-02-06
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-02-07

کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02 2:15:28 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 38
**2019-02-07**
https://www.kurdipedia.org/?q=20190102141528182377



باکووری کوردستان
- شەوی رابردوو، لە ناوچەی ئاداکلی لە پارێزگای چەولیک بومەلەرزەیەک بە گوری 4.1 پلە بە پێوەری رێختەر روویدا.[1]
- هێزە چەکدارەکانی رژێمی تورک ئەمڕۆ لە ناوەندی مێردین و ناوچەکانی مێردین هەڵیانکوتایە سەر دەیان ماڵ. لەو هەڵکوتانەدا عەلی سینجار هاوسەرۆکی هەدەپە لە مێردین، عابدین ئونای، خەلیل یاگان و عادل باشاران بەڕێوەبەرانی هەدەپە لە شاری مێردین دەستگیرکران.[1]
- بێریتان ئۆنەن ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەندیی پارتی دیموکراتیکی هەرێمەکان (دەبەپە) لە ناوچەی سەیهانی ئەدەنە لە ماڵەکەی خۆیدا لەلایەن پۆلیسەکانی دەوڵەتی تورکەوە دەستگیرکرا.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بە پێی هەواڵێکی کۆڵبەر نیوز، لەسەر سنوورە دەستکردەکانی نێوان باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان چوار کۆڵبەر، کە خەڵکی هەورامان و مەریوان-ن لەلایەن هێزەکانی باشوری کوردستانەوە دەستگیرکراون و گوازراونەتەوە بۆ شوێنێکی نادیار.[3]
باشووری کوردستان
- کارمەندانی تەندروستی و کۆمیتەی مانگرتن لەخواردن بۆ لابردنی گۆشەگیری سەر عەبدوڵلا ئۆجەلان رێبەری پەکەکە، شەش هەزار و 200 واژۆیان کۆکردەوە و لەگەڵ دۆسییەیەک دایانە نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەرێمی کوردستان.[3]
- سەنتەری میترۆ، داوای ئازادکردنی دەستگیرکراوەکانی ڕاپەڕینەکەی شیلادزێ دەکات و ڕاشیدەگەیەنێت: فەرزکردنی کۆت و بەند لەسەر فەزای مەدەنی هەوڵێکی شکستخواردووی هێزە ئەمنییەکانە بۆ بێدەنگکردنی خەڵک لە ئاست ئەو پێشێلکارییانەی سوپای داگیرکەری تورکیا بەرامبەر خەڵکی مەدەنی ئەنجامی دەدەن.[3]
- لەسەر رێگای گشتی نێوان شەنگال و تل عوزێر، گۆڕێکی بەکۆمەڵ لەلایەن یەکینەکانی بەرخۆدانی شەنگال- یەبەشە، دۆزرایەوە.[3]
دەرەوەی کوردستان
- سەرۆک کۆماری ئێران رایگەیاند، ئەگەر ئەمریکا لە رەفتارەکانی رابردووی بەرامبەر بە تاران پەشیمان ببێتەوە و بەرێزەوە قسە لەگەڵ گەلی ئێران بکات، ئەوکاتە ئێمەش تۆبەکەی قبوڵ دەکەین.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏣 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

🏣 پارت / لایەن: پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە

🏣 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

🏣 پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ مەریوان

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ماردین

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ شنگال

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-02-07
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-02-07
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-02-07

کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02 2:15:28 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 39

**2019-02-08**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190102141528182378




باکووری کوردستان
- دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ، ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکای پارێزەرانی ئامەد کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانییان سازکرد و ڕاپۆرتی بەشی دادپزیشکی ئەنستیتۆی لەندەن لەبارەی کەیسی کوژرانی تاهیر ئەڵچییان بڵاوکردەوە کە دوای تێپەڕبوونی 36 مانگ بەسەر ئەم کەیسەدا هێشتا بکوژانیان ئاشکرا نەکراون. لە ڕاپۆرتەکەدا ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکای پارێزەرانی ئامەد ڕایانگەیاند، بەپشتبەستن بەگرتە ڤیدیۆییەکان، وێنە گیراوەکان، دەنگە تۆمارکراوەکان، ڕاپۆرتی دەرخستنی ڕاستییەکان، گوتەی شایەتحاڵەکان، بۆمان دەردەکەوێت کە لە ئەنجامی تەقەکردنی سێ پۆلیس، تاهیر ئەڵچی کوژراوە.[2]
- سزای 7 ساڵ و 6 مانگ زیندانی کردن بەسەر گولسەر یڵدرم پەرلەمانتاری پێشووی پارتیی دیموکراتیی گەلان (هەدەپە)دا سەپێنرا.[4]
- بەرپرسێکی پارتیی دیموکراتیی گەلان (هەدەپە) بە ناوی باسری کارتال لە ناوچەی کەپەزێی سەر بە شاری ئەنتالیا بەهۆی بڵاوکراوەیەک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زیندانی کرا.[4]
- بەفربارین ڕێگای 254 ناوچەی نیشتەجێبوونی لە هەردوو پارێزگای وان و مووش داخستووە. سەرۆکایەتی شارەوانی وانیش ڕایگەیاند کە لە سەرتاسەری پارێزگاکە، ڕێگای چوار ناوچەی نیشتەجێبوون داخراون.[2]
باشووری کوردستان
- سەنتەری بومەلەرزەزانی ئێران، ئاشکرایکردووە: بەرەبەیانی ئەمڕۆ سەعات 02:00 بومەلەرزەیەک بەگوری 4 پلەی ڕێختەر شارۆچکەی کفری هەژاندوە. ڕونیشکراوەتەوە: بومەلەرزەکە لەقوڵای 13 کیلۆمەتر لە ناخی زەوییەوە بووە. هاوکات بومەلەرزەکە کاریگەری لەسەر شارۆچکەی کەلار و شارەدێیەکانی سەرقەڵا و ڕزگاری هەبووە و هەستی پێکراوە.[1]
- بەبڕیاری دەستەی گشتیی گومرگەکانی عێراق، خاڵە گومرگییەکانی فایدە و شێراوە و لەیلان هەڵگیران و داوا لە سەرجەم دەروازە سنوورییەکان بە هەرێمی کوردستانیشەوە دەکات پابەندی بڕیارەکان بن.[2]
- لە ئەنجامی ڕووداوێکی هاتوچۆ لەسەر ڕێگای سەرەکی عەربەت-سلێمانی، چوار کەس گیانیان لەدەستدا.[3]
- لە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری سۆران پیشانگایەکی شێوەکاری لە ژێر ناونیشانی (نەوای خەرەند) نمایشکرا.[3]
- پۆلیسی هاتوچۆی گەرمیان ڕایگەیاندوە، بەهۆی بارانبارینەوە بەشێک لەپردی قەڵاتوپزان ڕووشاوە و مەترسی لەسەر پردەکە دروست کردووە.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورکی داگیرکەر و چەتەکانی ئەمشە و بۆمبارانی گوندی برجقووس-ی سەر بە ناوچەی شێراوا-ی عەفرین-یان کردووە. هێزە داگیرکەرەکان بە تۆپهاوێژ هێرشەکەیان ئەنجام داوە و

تۆپبارانی گوندەکەیان کردووە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- رۆژنامەی وۆڵ ستریت جۆرناڵی ئەمەریکی لەسەر زاریی بەرپرسانی پێشوو و ئێستای ئەمریکا-وە وردەکاری نوێی پلانی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکای لە سوریا بڵاوکردەوە و ئاشکرایکرد تا کۆتای مانگی نیسانی ئەمساڵ تەواوی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە سوریا دەکشێنەوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ◯ وان
شار و شارۆچکەکان: ◯ موش
شار و شارۆچکەکان: ◯ سۆران
شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-02-08
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-02-08
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-02-08
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-02-08
کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02 2:15:28 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 40
**2019-02-09**
https://www.kurdipedia.org/?q=20190102141528182379



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هاووڵاتییەکی کورد، بە ناوی مەنسوور فەرەجزادە، تەمەن 29 ساڵ، کوڕی ڕەجەب، لە لایەن دادگای شاری قووچانەوە، بە پێنج مانگ زیندان مەحکووم کراوە. ئەو حوکمە بە تۆمەتی هاوکاریی لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی حکوومەتی ئێران بۆ ئەم هاووڵاتییە کوردە دەرچووە.[3]
باشووری کوردستان
- لە نزیک گوندێکی کوردنشینی ڕۆژئاوای کەرکوک چەکدارانی داعش هێرشیان کردەسەر هێزە سەربازییەکانی عێراق و کوژراو و بریندارى لێکەوتەوە.[1]
- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ لە شارۆچکەی کۆیە-ی سەربە پارێزگای هەولێر، لەبەردەم بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی کۆیە شۆفێران گرد بونەوەیەکیان دژی ئەو بڕارەکەی وەزارەتی ناوخۆ کە کاری شۆفیریی تەکسی بۆ گشت ئەفسەر و کارمەندانی میلاکی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و کارمەندانی میلاکی سەربازی لە وەزارەتی پێشمەرگە و گشت هێزە چەکدارەکان و کارمەندانی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێم قەدەغەکرد، ئەنجامدا.[2]
- ئەمڕۆ لە شەنگال بە مەراسیمێکی جەماوەریی پێشوازیی لەو 12 ژن و منداڵە کرا، کە لەلایەن شەڕڤانانی قەسەدەوە لە هەنگاوی گەردەلولی جزیرە لە دێرەزۆر ڕزگارکرابوون لە دەستی چەتەکانی داعش. ناوی ئەو ژن و منداڵانەی ئازادکراون: وەها عەباس خەڵەف تەمەن 15 ساڵ، گوندی تل عەزێر، نادین فەرمان ساڵح تەمەن 18 ساڵ، گوندی سولاخ، سەبحا حەسەن کمۆ تەمەن 30 ساڵ، ناوچەی سنونێ، کە دایکی پێنج منداڵە بە ناوەکانی، فەرهاد حەربی، فەدی، لێندا، لێزا، سەلاح، ڕانیە جەلال خودێدا تەمەن 12 ساڵ، گوندی زارۆڤا، مەقبولە خدر تەمەن 33 ساڵ، گوندی تلقەسەب، بەهار بادەل لە گوندی زارۆڤا و بەسێ حەمەد تەمیر تەمەن 30 ساڵ، گوندی تلبەنات.[2]
- کاتژمێر 10:30 خولەکی سەرلەبەیانی ئەمڕۆ، لە هۆڵی مستەفا زەڵمی، لە شاری هەڵەبجە، پانێڵی ڕۆڵی کورد و سەقامگیریی لە ڕۆژهەڵاتی ناوڕاستدا، دەستپێکرد، کە لەلایەن کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان- کەنەکە، وە ڕێکخرابوو. ئامانجی پانێڵەکە گفتوگۆکردن بوو لەسەر ڕەوشی هەرچوار پارچەی کوردستان و دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست و ڕێگە چارەی دیموکراتیانە بۆ گرفتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست.[2]
- پارێزگاری کاتی کەرکوک رایدەگەیەنێت: لەگەڵ یەکێتی ڕێککەوتین لەسەر رادەستکردنەوەی عەرەبە دەستگیرکراوەکان کە بەبێ تاوان دەستگیرکراون. بەرپرسێکی یەکێتیش بێئاگایی خۆی لەو پرۆسەیە دەردەبڕێت.[1]
- دەنگۆی تێکچوونی تەندروستیی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد لەلایەن چەند سەرچاوەیەکەوە بڵاوکرایەوە، بەڵام هەر ئەمڕۆ وێنەیەکی ناوبراو لە شارۆچکەی دوکان لەگەڵ شاناز ئیبراهیم ئەحمەدی خوشکی بڵاوکرایەوە.[5]
- کەشناسی هەرێم رایدەگەیەنێت: شەپۆلێکی تەم بەشێکی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە و مەودای بینین کەمتر دەبێتەوە بۆ 500 مەتر.[1]
- شانۆگەریی لە چوارەوە بۆ گڵپەی ئەبەدی لە شاری کەرکوک نمایش کرا، شانۆکە باسی لە ئازارەکانی ژنانی کوردستان کرد و پێشکەش بە ڕۆحی سێوان قادر کرا.[2]
- لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا دوو پێشمەرگە لەسنوری شارۆچکەی خورماتوو گیانیانلەدەستدا. ئەوانیش هەریەک لە فەرهاد شوکر و سەرکەوت رەحیم لە فەوجی 2ی لیوای 144ی هێزەکانی پێشگەرگەبوون.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان - کەنەکە |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ خورماتوو
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ شنگال
🏙️ شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ کۆیە
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ هەڵەبجە
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-02-09
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-02-09
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-02-09
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-02-09
[5] ● دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02 2:15:28 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 41
**2019-02-10**
https://www.kurdipedia.org/?q=20190102141528182380



باکووری کوردستان
- سەرۆکایەتی داواکاری گشتی دادگای باڵای تورکیا دۆسیەی لە دژی سێ پارتی کوردی باکووری کوردستان کردووەتەوە کە پاشگری کوردستانیان هەیە. سەرۆکایەتی داواکاری گشتی تورکیا، داوا دەکات چالاکی ئەو سێ پارتە لە باکووری کوردستان و تورکیا قەدەخەبکرێت. بەڵام بەرپرسانی پارتە کوردستانییەکان ئامادە نین پاشگری کوردستان لەناوی پارتەکانیان بسڕنەوە و دەڵێن، ئەگەر حیزبەکانیان داشبخرێن ئامادە نین وشەی کوردستان لەسەر ناوی پارتەکانیان لابدەن. دۆسیەکە لە دژی هەر یەک لە: پارتی دیموکراتی کوردستان - تورکیا، پارتی ئازادی کوردستان و پارتی سۆسیالیستی کوردستان کراوەتەوە.[5]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- ژنە هاووڵاتییەکی دانیشتووی شاری سنە بە ناوی لەیلا (نازەنین) حوسێن پەناهی لە لایەن مێردەکەیەوە لە پارکی منداڵی ئەو شارە، کوژرا.[6]
باشووری کوردستان
- ئەمڕۆ سێیەمین فێستیڤاڵی خلیسکانەی سەر بەفر لە چیای کۆرەکی گەشتیاری شارۆچکەی رواندز بەڕێوەدەچێت و تیایدا چەندین یاریزانی ناوخۆیی و بیانی بەشداری فێستیڤاڵەکە دەکەن.[1]
- سەعات 10:30 بەیانی ئەمڕۆ بە ئامادەبوونی ژمارەیەک نووسەر و رۆژنامەنووس و پەرلەمانتار کۆڕی ناساندن و بڵاوکردنەوەی کتێبی وەرزی تەمومژ لە نووسینی ئارێز عەبدوڵڵا لە ساڵۆنی

کوردستانی نوێ بەڕێوەچوو.[2]
- بە ئامادەبوونی 30 کۆمپانیای گەشتیاری بیانی و ناوخۆیی، کۆڕبەندێکی گەشتیاری لە رواندز ئەنجامدرا، ئەوەش بە ئامانجی برەودان بە کەرتی گەشتیاریی و چارەسەرکردنی کێشەکانی بەردەم ئە و کەرتە.[1]
- نیوەڕۆی ئەمڕۆ کاتژمێر 11:45، لە شارەدێی قەسرێ سەر بە شارۆچەکەی چۆمان لە سنووری پارێزگای هەولێر، خۆپیشاندانێک لە ناو سەنتەری بازاری شارەدێکەوە تا بەردەم بەڕێوبەرایەتی شارەدێیەکە بەڕیوەچوو. خۆپیشاندانی هاوڵاتیان دژی نەبوونی کارەبایە، کە وەک خۆیان باسیان کرد، لە شەو و ڕۆژێکدا کەمترین کات کارەبایان هەیە.[3]
- بە بۆنەوەی چوارەمین ساڵیادی دامەزراندنی ڕێکخراوی کورستان فۆتۆ، ئەمڕۆ پێشانگایەکی تایبەت بە تاڤگەکانی کوردستان بە ناوی ململانێ لەگەڵ تاڤگە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کەرکوک کرایەوە.[3]
- ئەمڕۆ ئەو پێنج خوێندکارە ئازادکران، کە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لە کاتی سەردانی چالاکوانانی بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان لەلایەن ئاسایشی هەولێرەوە دەستگیرکرابوون.[3]
- درەنگانی ئەمشە و لەلایەن ژمارەیەک چەکدارەوە پەلاماری هێزەکانی پاسەوانی سنور لەدەروازەی خانەقین دراوە.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەڕڤانانی لە چوار بەرەوە بەردەوامن لە هەڵمەتەکانیان بۆ کۆتاییهێنان بە دوایین پێگەی چەتەکانی داعش، لەو چوارچێوەیەشدا لە هەرێمی باخۆز لە دێرەزۆر، چەتەکانی داعشیان گەمارۆ داوە، کە تەنها ڕووبەری دوو کلیۆمەتریان بەدەستەوە ماوە، فەرماندەکانی قەسەدەش جەختدەکەنەوە، داعش دواین هەناسەکانی دەدات و دەسەڵاتی هەشت ساڵەی لەناوچەکە کۆتایی پێدەهێنرێت.[3]
- هێزەکانی سووریای دیموکراتیک-قەسەدە، لەهەڵمەتی کۆتایی نەهێشتنی داعشدا لەباخۆز 200 هاووڵاتی تری لەدەستی چەتەکانی داعش ڕزگارکرد.[4]
- سیروان بارزانی دژی دروستکردنی ناوچەی ئارامە لە باکوری سوریا، کە بکەوێتە ژێر چاودێریی تورکیاوە و دەڵێت: ئەردۆغان ئەو ناوچە جیاکراوەیە بۆ ئاوارەکردنی کوردەکان بەکاردەهێنێت و دەبێتە ناوچەی شەڕ و ململانێ.[3]
دەرەوەی کوردستان
- لە ئیسپانیا کەشتییەکی ڕزگارکردنی کۆچبەران بە ناوی ئالان کوردییەوە کرا و، باوکی ئالان و پووری بانگهێشتی مەراسیمەکە کرابوون.[5]
- سەرۆکی ڕێکخراوی لوتکە ئاشکرای دەکات، ئە و حەوت کۆچبەرە بێسەروشوێنبووەی ماوەی چەند ڕۆژێکە لە دەریای سپی ناوەڕاستدا لە کەسوکاریان دابڕابوون، گەیشتنەوە پارێزگای ئەزمیر لە تورکیا و سەرجەمیان سەلامەتن. وتیشی ئە و کۆچبەرانە ژمارەیان حەوت کەسە و سەرجەمیان هاوڵاتی هەرێمی کوردستانن بە ناوەکانی (هەنگاو محەمەد ئەمین، محەمەد نەوزاد عەلی، بەرهەم مستەفا عەلی، ئاری جەمال قادر، گەیلان ئەنوەر رەشید، مستەفا محەمەد مستەفا و ڤانکۆ جیڤارا موسا.[1]
- لە یادی 40 ساڵەی شۆڕشی گەلانی ئێراندا، کە دەوڵەت بە شۆڕشی ئیسلامی ناوی دەبات، گەنجانی کورد لە لەندەن چالاکییەکیان دژی سیستمی دەسەڵاتداریی ئێران ئەنجام دا.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سنە

🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ رواندز
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ چۆمان (باڵەکایەتی)
Quick Respons Code:

📋سەرچاوەکان
[1] 🗞ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-02-10
[2] 🗞ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-02-10
[3] 🗞ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-02-10
[4] 🗞ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-02-10
[5] 🗞ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-02-10
[6] 🗞ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-02-11

کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02 2:15:28 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 42
**2019-02-11**
https://www.kurdipedia.org/?q=20190102141528182381




باکووری کوردستان
- سەربازانی دەوڵەتی تورک لە شارۆچکەی مسرجێ لە پارێزگای سێرت 13 کەسیان دەستگیرکرد.[2]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- مەسعود شەمس نژاد، پارێزەری کوردی خەڵکی شاری ورمێ بە تۆمەتی پرۆپاگاندە دژی نیزام و هەوڵدان دژی تەناهی نەتەوەیی لە لایەن لقی 3ی دادگایی ئینقلابی ئەو شارە بە 6 ساڵ زیندان مەحکووم کرا.[5]
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی مەحەمەد سەلیمی تەمەن 31 ساڵ، کوڕی جەلال، لە بەخشی سیروان سەر بە شاری سنە، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار گواستراوەتەوە.[5]
باشووری کوردستان
- جارێکی دیکە بەشێک لە سێ یەکەمەکانی زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێم بۆ ساڵی (2015-2016) خۆپیشاندانیان دەستپێکردەوە و رێگەی بەردەم ئەنجومەنی وەزیرانیان لە هەولێر داخست.[1]
- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ دوو تەرم لە نزیک شەقامی پشتێنەیی کەلار دۆزراونەتەوە کە خەڵکی رۆژئاوای کوردستانن و پێدەچێت بەهۆی غازەوە خنکابن.[3] ئەو دوو کەسە کرێکار بوون و ناویان 'موسا سەبری منجی، جودی فارس سەبری-یە'، و دانیشتوی کامپی ئاوارەکانی شارەدێی عەربەتی سەربە پارێزگای سلێمانیین.[4]
- بەپێی ئەو رێککەوتنەی لەنێوان لیژنەکانی وەزارەتی بەرگری و پێشمەرگەدا هەیە، سەر لەبەیانی

ئەمڕۆ هێزێکی پێشمەرگە لەسەر ڕێگەی کفری نزیکەی 7 کیلۆمەتر چوونەتە پێشەوە بۆ ناو دوو ڕەبیەی پێشووی خۆیان (پێش 16ی ئۆکتۆبەر) لەنزیک گوندی قۆری چای.[1]
- ئەمڕۆ لە کاتژمێر 07:30ی بەیانیدا لە لێلیکانی ناوچەی برادۆست لە باشووری کوردستان شەڕ لە نێوان هێزەکانی گەریلای پەکەکە و سەربازانی سوپای تورکدا ڕوویدا.[2]
- شەوی ڕابردوو خانووی دوو خانووی دوو خێزانی کورد لە گوندی دارا-ی سنوری شارۆچکەی خانەقینی پارێزگای دیالە لەلایەن داعشەوە سوتێندرا.[4]
- لە کەرکوک لە گەڕەکی شوراوی یەک، نارنجۆکێک خرایە ماڵی موقەدەم فەرهاد مەحمود، کە بەڕێوبەری بنکەی پۆلیسی ئازادییە، جگە لە زیانی ماددیی، زیانی گیانی بە دواوە نەبووە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- پەرلەمانتارانی پارتیی دیموکراتیی گەلان (هەدەپە) بە ئامادەبوونی پەروین بوڵدان و سەزای تەمەلی هاوسەرۆکی گشتیی هەدەپە، سەرەڕای ڕێگریی پۆلیسی تورکیا، لە مەیدانی تەقسیم-ی ئیستەنبووڵ دژی گۆشەگیریی سەر ئیمراڵی خۆپیشاندانیان کرد.[2]
- سەرۆکی ئەمریکا دووبارە دڵنیاییدا لەوەی لە ماوەیەکی زۆر نزیکدا 100%ی ئەو ناوچانە کۆنترۆڵدەکەنەوە کە داعش گرتبووی و دەستدەگرن بەسەر هەموو ئەو دەستکەوتانەی هەیانبووە لە سوریا.[1]
- لە ناوچەی چەکمەکۆی ئیستەنبووڵ کۆپتەرێکی سەربازیی تورکیا کەوتە خوارەوە. پارێزگاری ئیستەنبووڵ ڕایگەیاند 4 سەرباز مردوون.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| شار و شارۆچکەکان: | TR ئەستەمبوڵ |
| شار و شارۆچکەکان: | خانەقین |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | ورمێ |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سێرت |
| شار و شارۆچکەکان: | کەلار (گەرمیان) |
| شار و شارۆچکەکان: | کفری |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 11-02-2019
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 11-02-2019
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 11-02-2019

[4] 🕵 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 11-02-2019
[5] 🕵 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 11-02-2019

کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02 2:15:28 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 43

**2019-02-12**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190102141528182382




باکووری کوردستان
- دەوڵەتی تورک لە 21 گەڕەک و دێ و لادێی ناوچەی لیجەی ئامەد قەدەغەی هاتووچۆ ڕاگەیاند. پێش ڕاگەیاندنی ئەو قەدەغەکارییە سوپای تورکیا دەستی بە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی کرد.[1]
- ئیبراهیم بیلمەز، جەنگیز یورەکلی، فائیک ئۆزگور ئەرۆل و نەورۆز ئوویسال پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، بەمەبەستی دیداری ئۆجالان بۆ جاری 789هەم داواکاریان پێشکەشی سەرۆکایەتیی داواکاری گشتیی بوورسا کرد، بەڵام ئەم جارەش داواکارییەکەیان ڕەتکرایەوە.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- چالاکێکی ژینگەپارێزی، خەڵکی شاری کامیاران، بە ناوی سیروان قوربانی، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.[2]
- ڕێکخراوی UNPO بە هاوکاریی چەند پارلەمانتارێکی پارلەمانی ئەورووپا بۆ ڕاکێشانی سەرەنجەکان بۆ پرسی کۆڵبەرەکان لە کوردستان کەمپەینێکیان لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتر دامەزراندووە. بەڕێوەبەرانی ئەم کەمپەینە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران لە کۆڵبەران پێشێلکردنی یاسا و پێبەند نەبوون بە یاسای نێونەتەوەیی دەزانن.[2]
باشووری کوردستان
- ژنێکی کوردی ئێزدی بەناوی مەهدیە بەشار لەگەڵ دوو منداڵی لە دەستی داعش ڕزگارکران.[5]
- پۆلیسی سلێمانی کەسێکی دەستگیرکرد کە تۆمەتبارە بەوەی دوێنێ ژنبرایەکی خۆی بە چەقۆ کوشتووە، تاوانبارەکە خەڵکی ڕۆژاوای کوردستانە.[3]
- ئاسایشی پارتی سێ کەسی دیکەی بە تۆمەتی بەشداریکردن لە خۆپیشاندان لە سنووری شیلادزێ دەستگیرکرد، کە یەکێکیان گەنجێکە بە ناوی ئەیاد ڕەمزی سەیدۆ و دوو کەسەکەی تر ناسنامەیان ئاشکرا نەبووە.[4]
- تەرمی پێشمەرگەی دێرین و کارگێری مەڵبەندی 24 ی ڕاپەڕین شەهلا عەبدوڵا لەگۆڕستانی گەورەی شاری قەڵادزێ بەخاکسپێدرا.[6]
- وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی لێژنەیەکی تایبەتەوە نزیکەی 10 هەزار پارچە چەکی جۆراوجۆر لەنێودەبات، بەشی هەر زۆری ئەو چەکانەش دەمانچەی تورکی و چەکی ڕاوکردن و کلاشینکۆفن.[5]
دەرەوەی کوردستان
- مەنسور بعێجی، پەرلەمانتاری هاوپەیمانی (البناء) لەبارەی گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ کەرکوک هۆشداری دەدات و پێیوایە ئە و کارە بەواتای گەڕانەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم و هەڵوەشانەوەی ئۆپراسیۆنی سەپاندنی یاسایە کە دەسەڵاتی فیدراڵی کردوویەتی.[3]
- پۆلیسی ئەڵمانیا بەیانیی ئەمڕۆ لە شاری نۆیس هەڵیکوتایە سەر بینای وەشانخانەی میزۆپۆتامیا و کۆمپانیای بەرهەمهێنانی هونەریی میر موزیک. لە کاتی ئە و هێرشەدا وەزارەتی ناوخۆی ئەڵمانیا ڕاگەیەنراوێکی بڵاوکردەوە و ئاشکرای کرد کە بڕیاری داخستنی 2 ناوەند دراوە. پۆلیس دەرگەی میر موزیک و وەشانخانەی میزۆپۆتامیای داخست و دەستی بەسەر کەلوپەلەکاندا گرت.[1]
- لە بارەگای پارتی یەکێتی یەکێتی دیموکراتی- پەیەدە، لەشاری ئەسینا-ی پایتەختی یۆنان،

هەریەک لە نوێنەرانی حزبی دیموکراتی ئێران، کۆمەڵەی کۆمۆنیستی ئێران، بزوتنەوەی گۆڕان، پارتی یەکێتی دیموکراتی- پەیدە، کۆبوونەوە. لە کۆبوونەکەدا قسە لەسەر دروستکردنی هەماهەنگی و هاوکاری لەنێوان پارتە کوردییەکان کراوە، هەروها باس لەوەکراوە، کە کۆمیتەیەکی هاوبەش لەنێوان خۆیاندا پێکبهێنن بۆئەوەی بەدواداچوون بۆ کێشەی پەنابەران و کۆچبەرانی کورد لە وڵاتی یۆنان بکەن.[4]
- پۆلیسی ئەڵمانیا لە نزیک شاری کارلاروە هێرشی کردە سەر ئە و گەنجانەی دژ بە پیلانگێڕیی نێودەوڵەتی دژ بە ئۆجالان لە شاری مانهایم-ی ئەڵمانیا بەرە و شاری ستراسبۆرگی فەرەنسا دەستیان بە ڕێپێوانی درێژ کردبوو.[1]
- ئەمڕۆ بەهۆی گومانکردن لە بوونی پەیوەندیان بە هەوڵی کودەتا شکستخواردووەکەی ساڵی 2016، دەسەڵاتدارانی تورکیا 641 کەسیان دەستگیرکردوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ
شار و شارۆچکەکان: کامیاران
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-02-12
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-02-12
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-02-12
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-02-12
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-02-12
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-02-12

کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02 2:15:28 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 44

**2019-02-13**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190102141528182383



باكووری كوردستان
- زیندانیی كورد محەمەد گۆک (62 ساڵان) لە زیندانی پیتی (ت)ی دەوڵەتی تورک لە تەرسووس، بەهۆی نەخۆشی دڵ كۆچی دوایی كرد.[2]
- لەیلا گیوڤەن هاوسەرۆكی كۆنگرەی كۆمەڵگەی دیموكراتی (كەجەدە) و پەرلەمانتاری پارتیی دیموكراتیی گەلان (هەدەپە) كە لەپێناو هەڵگرتنی گۆشەگیریی سەر ئۆجالان ماوەی 98 ڕۆژە مانی لە خواردن گرتووە، ئەمڕۆ باری تەندرووستی زیاتر تێكچوو و ڕەوانەی نەخۆشخانە كرا.[2]
- لەیلا گوڤەن لە نەخۆشخانە ڕەتیكردەوە چارەسەری بۆ بكرێت، بۆیە برایەوە ماڵەكەی و بەردەوامە لە چالاكیی مانگرتن دژی گۆشەگیریی سەر ئۆجالان.[6]
- پۆلیسی توركیا لە شاری چەولیک هەڵیكوتایەسەر ماڵی هاووڵاتیان وبەرێژیری ئەنجوومەنی شارەوانی هەدەپە محمەد باخچادوورمووش و چەندین كەسی تری دەستگیركرد.[2]
- ئۆرهان دەمیر ئەندامی مەجلیسی گەنجانی هەدەپەی شاری وان، بەرەبەیانی ئەمڕۆ لەماڵەكەی خۆیدا دەستگیركرا.[2]
- لە شاری مەڵەتیی باكووری كوردستان و شارەكانی ئیستەنبووڵ و كۆجائەلیی توركیا لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنی قڕكردنی سیاسیدا 25 كەس دەستگیر كران.[2]
- بەیانیی ئەمڕۆ پۆلیسی توركیا لە ناوچەی بازید-ی ئاگری هەڵیكوتایە سەر چەندین ماڵ. لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنەكەدا 8 كەس دەستگیر كران، لەنێویاندا منداڵێک و دایكێكی خاوەن كۆرپەیەكی 6 مانگی هەن. پۆلیس هەڵیكوتایە سەر ماڵی م.س-ی 17 ساڵان، دەرگەیان شكاند و كاتێک زانیان ناوبراو لە ماڵ نییە، چەكیان لە باوكی ڕاكێشا و پێیان گوت دەبێت بانگی م.س بكات كە بگەڕێتەوە ماڵەوە. پۆلیس فشاریان خستە سەر ماڵەكە و دەستیان بە گەڕان و پشكنین كرد. 3 ڕۆژ پێشتریش پۆلیس چووبوویە ماڵەكە و پێیان گوتبوون: (هەواڵمان پێگەیشتووە كە دز هاتوونە ماڵەكەتان). خاوەنی ماڵەكە گوتبوویان ئەوە ڕاست نییە، دواتر پۆلیس ڕۆیشتبوون. م.س-ی 17 ساڵان بەر لە 4 ساڵ بەهۆی بڵاوەكراوەكانی لە تۆڕەكۆمەڵایەتییەكان دەستگیركرابوو، بڕیارە سبەینێ ببرێتە دادگە. ڕاگەیەنرا هەر 8 كەسەكە كە دەستگیر كرابوون گواستراونەتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایش.[2]
باشووری كوردستان
- بەشداربووی پرۆژەی گوندی كۆری لە شاری هەولێر بۆ جاری سێیەم گردبوونەوەیان لە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران ئەنجامدا. ئەوان وەک سێ هەزار و 786 خێزان، ماوەی پێنج ساڵە چاوەڕێی حكومەتی هەرێم دەكەن خانووەكانیان رادەستبكەن، بەڵام تاوەكو ئێستا پرۆژەكە تەواونەكراوە، ئەمە لەكاتێكدایە كۆی ئە و پارانەی لەسەرجەم بەشداربووانی ئەم پرۆژەیە وەرگیراوە گەیشتووەتە 28 ملیۆن دۆلار.[1]
- تەرمی شوانێک بەناوی محەمەد كەریم حەمەجان تەمەن 35 ساڵان لە شارەدێی ناڵپارێز لە سنووری پێنجوێن بەخنكاوی دۆزرایەوە.[3]
- مەكتەبی سیاسی (ی.ن.ک) كاندیدی پۆستی وەزیری داد لە حكومەتی فیدراڵیدا دەستنیشانكرد بەكاندیدكردنی (سمكۆ ئەسعەد ئەدهەم) راوێژكاری یاسایی مەكتەبی سیاسی.[3]
- بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر رایدەگەیێنێت، پێویستە لە ماوەی شەش مانگدا سەرجەم ئەو هاووڵاتیانەی چەكیان لە ماڵەوە هەیە، سەردانی بنكەكانی تۆماركردن بكەن و چەكەكانیان تۆمار بكەن، بە پێچەوانەوە هەركەسێک چەكەكەی تۆمار نەكردبێت و دەست بەسەر چەكەكەیدا بگیرێت، رێكاری یاسایی لەگەڵدا دەكرێت و بەپێی یاسا سزا دەدەرێت.[4]
- لە ناوچەی پیشەسازی شارۆچكەی سۆران كارگەیەكی بەرهەمهێنانی نایلۆن سوتا و بەوهۆیەوە دوو كرێكاری كارگەكە بەسەختی بریندداربوون.[1]
- ئەمشە و لەسەر رێگەی ئیمام وەیس لەسنوری شارەبان بەرە و ناوچەكانی سەعدیە و خانەقین داعش پەلاماری هێزەكانی پۆلیسدا. پۆلیسێک كوژراوە و یەكێكی تریش بریندداربووە.[3]
ڕۆژئاوای كوردستان
- سوپای تورک و چەتەكانی كە كانتۆنی عەفرینیان داگیركردووە، ئەمشە و بۆمبارانی گوندی برج قاس-یان كرد لە ناوچەی شێراوا-ی سەر بە كانتۆنی عەفرین.[2]

دەرەوەی کوردستان
- لە شاری زاهیدان هێرشێکی خۆکوژی کرایەسەر پاسێکی سوپای پاسداران و 40 پاسدار کوژران و بریندداربوون.[5]
- عادل عەبدولمەهدی، سەرۆک وەزیرانی عێراق رایگەیاند: دەبێت هەرێمی کوردستان 250 هەزار بەرمیل نەوتی رۆژانە رادەستی کۆمپانیای سۆمۆ بکات.[1]
- لە شاری ئیستانبوول پۆلیس هەڵیکوتایە سەرماڵی چالاکانی سیاسی و مەدەنی، لەو ئۆپەراسیۆنەدا رۆژنامەوان مەلەک جیهان و چەندین کەسی تری دەستگیرکران.[2]
- لە وارشۆی پایتەختی پۆڵەندا کۆنفرانسی پەرەپێدانی ئاشتی و ئاسایش لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست کە بڕیارە رێکارەکانی جێگرکردنی ئاشتی و ئاسایشی هەمیشەیی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تاوتوێ بکات، بە ئامادەبوونی کاربەدەستانی باڵای زیاتر لە 70 وڵاتی جیهان دەستی بە کارەکانی کرد.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: چەویلک
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 13-02-2019
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئیف نیوز - 13-02-2019
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 13-02-2019
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 13-02-2019
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 13-02-2019


کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02 2:15:28 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 45

**2019-02-14**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190102141528182384




باکووری کوردستان
- پۆلیسی تورکیا لە ناوچەی نسێبین هێرشی کردە سەر پەرلەمانتارانی هەدەپە کاتێک بۆ پشتگیریی لە بەرخۆدانی لەیلا گیوڤەن کۆببووبوونەوە. بەهۆی هێرشەکە پەرلەمانتار پەرۆ دوندار-یش بەسوکی بریندار بووە.[3]
- پۆلیس ئەمڕۆ دەوری ماڵی لەیلا گیوڤەنی گرت کە دەکەوێتە سەر شەقامی ئارام تگران. بە گوێرەی زانیارییەکان پۆلیس هەموو ڕێگەکانی دەوروبەری ماڵی لەیلا گیوڤەنی داخستووە.[1]
- ئیبراهیم بیلمەز، جەنگیز یورەکلی، فائیک ئۆزگور ئەرۆل و نەورۆز ئوویسال پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ئەمڕۆ بۆ جاری 790هەم داواکارییەکیان پێشکەشی سەرۆکایەتیی داواکاری گشتیی شاری بوورسا کرد بەمەبەستی دیدار لەگەڵ ئۆجالان، بەڵام ئەم جارەش داواکارییەکەیان ڕەتکرایەوە.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئەمڕۆ کاتژمێر 10:00 بە کاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چوارچێوەی نارەزایەتی دەربڕینەکانی خەڵک لە بەرامبەر سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئێران ماموستیان لە پارێزگاکانی کرماشان، سنە و ورمێ رژاونەتە سەر شەقامەکان و بە هەڵگرتنی پانکارد و وتنەوەی دروشم، دەستیان بە خۆپێشاندان و نارەزایەتی دەربڕین کردووە.[3]
- ئەمڕۆ کیومەرس، فەرماندەی هێزی پاسەوانی سنووری پارێزگای سنە، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا کە لە سنە بەڕیوەچوو، ڕەوایەتی بە بەردەوامی کوشتاری کۆڵبەران دەدات و دەڵێت: ئەو کەسانەی بیانەوێت خاڵە سنوورییەکان و ئەو هەرێمە ئەمنی سنووریانە دیاری کراون ببەزێنن، چیتر بە کۆڵبەر هەژمار ناکرێن و دەبنە هاتووچۆکەریی نایاسایی و دەستدرێژی کەری بیانی و تاوانکار لەقەڵەم دەدرێن.[3]
- کۆمەڵێک لە چالاکانی مافی ژنان لە شاری سنە، لە پێوەندی لەگەڵ توندوتیژی دژی ژنان لە بەهەشتی محەممەدی ئەو شارە، لە سەر مەزاری لەیلا حوسێن پەناهی ڕێورەسمێکیان بەڕێوە برد. ئەم ڕێورەسمە بە ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ یادی هەموو ژنانی قوربانیی توندوتیژی دەستی پێکرد و دواتر پارچە شێعرێک لە لایەن یەکێک لە بەشداربووانەوە خوێندرایەوە.[5]
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی ڕزگار محەممەدی بە بارمتەی 70 میلیۆنی تا کاتی بەڕێوەچوونی دادگا بە شێوەی کاتی ئازاد کرا. هاوکات لەگەڵ ئازادی کاتیی ئەم هاووڵاتییە، هاووڵاتییەکی دیکەی کورد بە ناوی عادڵ قادری تەمەن 27 ساڵ کوڕی ڕەسووڵ خەڵکی پەسوێ سەر بە شاری پیرانشار بە شێوەی کاتیی ئازاد کراوە.[6]
باشووری کوردستان
- ڕێڤینگ هروری سەرۆکی کاتیی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان کۆبووەوە و دوای کۆبوونەوەکەش کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیی ئەنجامدا. لە کۆنگرەکەدا، هروری، داوایکرد، پەرلەمانتاران ڕۆژی دووشەممە 18ی شوبات ئامادەبن بۆ تەواوکاریی یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمان کە بە کراوەی ماوتەوە، بۆ هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی هەرێم.[3]
- وەزارەتی دارایی و ئابوری حکومەتی هەرێم فەرمانی کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گومرگی هەڵەبجەی دەرکرد و بەپێی فەرمانەکەش چەند بنکەیەکی گومرگی ناوچەکە دەبەسترێنەوە بە و بەڕێوەبەرایەتییەوە.[4]
- تورکیا لە شاری کەرکوک ناوەندێک دەکاتەوە بۆ پێدانی فیزا بە هاوڵاتیان پارێزگاری بەوەکالەتی کەرکوکیش ڕایدەگەیەنێت: تورکیا داوای مۆڵەتی کردووە بۆ کردنەوەی کۆنسوڵخانە لە شارەکە.[3]
- دوای بڵاوبوونەوەی دەنگۆی ئەوەی ئەمساڵ بەهۆی زۆری بارانبارینەوە بەرهەمی دانەوێڵەی جوتیاران زیانی بەرکەوتووە، کشتوکاڵی گەرمیان دەڵنیایی دەداتە جوتیاران کە مەترسی لەسەر بەرهەمەکانیان نییە و حاڵەتی زەردبوونی دانەوێڵەش ئاساییە.[4]

- له شارۆچكەی چەمچەماڵ و بە ئامادەبوونی قایمقامی قەزاكە و ژمارەیەک لە بەرپرسانی پێشانگایەکی فۆتۆگرافی شەهیدانی حزبی شیوعی كوردستان كرایەوە.[4]
- له ناوەندی دەستەی كوردستانی بۆ لێكۆڵینەوەی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی، لە گەرەكی قرگە-ی شاری سلێمانی، سیمینارێک، لە ژێر ناونیشانی 'بەهاكان لە ناوسیستمی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی كوردستان' رێكخرا، بۆ هەریەک لە بەهمەن تاهیر، پسپۆڕ لە بواری پەروەردە و زمان و ئومێد قەرەداغی، نووسەر و مامۆستای زانكۆ.[3]
- مەراسیمی بەخشینی یەكەمین خەڵاتی ئاڵتونی شاعیر شیخ ئەحمەد شاكەلی بەڕێوەچوو. له كۆتایی مەراسیمەكەشدا خەڵاتی ئاڵتونی بنەماڵەی شاعیر، بەخشرایە، پێشمەرگە و نووسەر و كەسایەتی دیاری گەرمیان مامۆستا عەلی عەبدوڵا ناسراو بە عەلی پەرلەمان.[4]
- له شارەدێی بێتواتەی شارۆچكەی رانیه زیاتر له 14 هەزار پەنجە ماسی لە جۆری ماسی كارب خرایە ناو ئاوی بەنداوی سەروچاوەوە.[4]
دەرەوەی كوردستان
- 20 ژنە پەرلەمانتاری ئەڵمانیا لە ویلایەتە جۆراجۆرەكانی ئەڵمانیا داوایانكرد، داواكەی لەیلا گیوڤەن بۆ كۆتاییهێنان بە گۆشەگیریی سەر عەبدوڵلا ئۆجەلان بە خێرایی جێبەجێ بكرێت.[1]
- سوپای پاسداران ئاماری قوربانییانی دوێنێی تەقینەوەی پاسێكی لە سیستان و بەلوچستان راگەیاند و ئاشكرای كرد، لەو تەقینەوەدا 27 پاسدار كوژراون و 13ی دیكەش بریندارببوون.[2]
- لەئۆپراسیۆنێكی هاوپەیمانی نێودەوڵەتیدا لەگوندی باغوز لەسەر سنووری عیراق- سوریا لە تونێلێكدا كە لە لایەن تیرۆرستانی داعشەوە لێدرابوو، 40 تۆن ئاڵتون و ملیۆنان دۆلاری ئەمریكی دۆزرایەوە.[5]

تایبەتمەندییەكانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموكراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچكەكان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچكەكان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچكەكان: نوسەیبین
شار و شارۆچكەكان: رانیە (راپەڕین - پشدەر)
شار و شارۆچكەكان: كرماشان
شار و شارۆچكەكان: ورمێ
شار و شارۆچكەكان: سنە
شار و شارۆچكەكان: هەڵەبجە
شار و شارۆچكەكان: كەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچكەكان: كەركوک
شار و شارۆچكەكان: سلێمانی
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-02-14
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-02-14
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-02-14
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-02-14
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-02-14
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-02-16


کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02 2:15:28 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 46

**2019-02-15**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190102141528182385




باکووری کوردستان
- هێزە ئەمنییەکانی تورکیا بەهۆی بڕیاری قەدەغەی ئەنجامدانی چالاکییەکانیان، ڕێگەیان بەرێپێوانی ئەندامان و لایەنگرانی هەدەپە لە چەند شارێکی باکووری کوردستان نەدا.[1]
- محەمەد ئۆجالان برای عەبدوڵلا ئۆجەلان و پارێزەر مەزلوم دینچ پارێزەری ڕێگەپێدراوی بنەماڵی ئۆجالان بۆ ئەوەی سەردانی ئیمراڵی بکەن لە ڕێگەی پارێزەرەکانیانەوە سەردانی داواکاری گشتیی کۆمارییان لە بورسا کرد. بەڵام ئەمجارەش داواکەیان لەلایەن تورکەکانەوە ڕەدکرایەوە[4]
- کاندیدی پارتیی دیموکراتیی گەلان (هەدەپە) بۆ هاوسەرۆکایەتیی شارەوانیی ئاگری یەلیز قەرەئەسلان زیندانی کرا.[4]
- هاوسەرۆکی هەدەپە لە جۆلەمێرگ سینان کایا بە بیانووی ئەوەی بەشداری کردووە لە چالاکییەک بۆ پشتگیری لە مانگرتنی لەیلا گیوڤەن، زیندانی کرا.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە چوارچێوەی ناڕەزایەتی دەربڕینەکانی خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئێران و گربوونەوەی ناڕەزایی ماموستایان، چەندین کەس لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێرانەوە دەستگیرکراون.[2]
- موختار ئەسەدی، مامۆستای زمانی ئینگلیزی و ئەندامی کانوونی سێنفیی مامۆستایانی کوردستان لە بەرانبەر ماڵەکەیدا لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەستبەسەر کراوە.[3]
- لە بیستەمین ساڵیادی پیلانگێڕیی نێودەوڵەتیی 15ی شوباتی 1999ی دژ بە عەبدوڵلا ئۆجەلان، زیندانییانی سیاسیی کورد لە زیندانەکانی ئێران دەستیان بە مانگرتن لە خواردن کرد.[4]
- بەرپرسانی خۆجێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوا لە حکومەتی ئێران دەکەن بڕیاری قەدەغەکردنی کاری کۆڵبەری هەڵبوەشێنێتەوە و ڕێگە بە دانیشتووانی ناوچە سنوورییەکان بدرێت لە ڕێڕەوە ڕێگەپێدراوەکانەوە کەلوپەل بگوازنەوە.[5]
باشووری کوردستان
- لە سلێمانی، هەریەکە لە ڕێکخراوی ژنانی ئازادی کوردستان-ڕژاک و تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان، گردبوونەوەیەکیان بۆ شەرمەزارکردنی گەلەکۆمەی نێودەوڵەتی 15ی شوباتی ساڵی 1999 ئەنجامدا.[4]
- کۆمیتەی ئامادەکاریی چالاکییەکانی 15ی شوبات، لە شاری هەولێر خۆپیشاندانێکیان ئەنجام داو چوونە بەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان.[2]
- بەرپرسی ڕێکخراوی بەدر لقی باکوور ڕایگەیاند، ئەمریکا هێزی سەربازی نوێی ڕەوانەی

سەربازگەی K1 لە پارێزگای کەرکوک کردووە، داواشی لە حکومەت کرد پرسی ئەو هێزانە ئاشکرابکات و هۆکاری بوونیان لەکەرکوک رابگەیەنێت.[5]
- پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ بەشێک لە چالاکوانان و رۆژنامەنووسانی سنوری ئیدارەی راپەڕین، بۆ پشتگیری لە چالاکوانان و رۆژنامەنووسانی شێلادزێ و سنوری بادینان، گردبوونەوەیەکی نارەزایەتیان لە رانیە ئەنجامدا.[2]
- پارتی و یەکێتی لە سلێمانی کۆبوونەوە، سەرچاوەکان باس لەوەدەکەن کە کەسیان بە پاکێجی ئەوی تریان رازی نەبوون.[1]
- ئەمڕۆ گروپی پارێزەرانی خۆبەخشی دۆسیەی گیراوانی شیلادزێ و گیراوانی دهۆک، لێدوانێکی نوسراویان لەسەر گیراوانی بادینان بڵاوکردەوە. پارێزەرانی خۆبەخشی دۆسیەی گیراوانی خۆپیشاندانی شیلادزێ و گیراوانی دهۆک لە لێدوانەکەدا دەڵێن: ماوەی 48 کاتژمێرە شێروان شێروانی لە زیندانی زرکا لەلایەن هێزێکی چەکداری نەناسراوەوە، بە بێ بڕیار و ئاگاداری دادگا گواستراوەتەوە بۆ شوێنێکی نادیار، کە یەکێک بوو لەو 18 گیراوەی بە ماددەی 156 یاسای سزادانی عێراقی تۆمەتبار کراون.[2]
- هەناردەی نەوت لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ ئێران راگیرا ئەوەش بە بڕیارێکی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێم.[6]
- بەهۆی بارینی بەفرەوە، رێگەی نێوان سۆران، رواندز و چۆمان-رانیە لە دیوی سنووری شارەدێی وەرتێ داخراوە.[6]
- بەهۆی بارینی بەفرەوە، سبەی شەممە لەسەرجەم ناوەندەکانی خوێندنی سنوری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی پێنجوێن کرایە پشوو.[6]
دەرەوەی کوردستان
- ئەمڕۆ کۆنفرانسی (چارەسەرێ قەیرانی رۆژهەڵاتی ناوین؛ تێروانینەکانی عەبدوڵلا ئۆجەلان) لە ئەنجومەنی لۆردان-ی بەریتانیا دەستی پێکرد. ماوریس گلاسمان ئەندامی ئەنجومەنەکە لە لیستی پارتیی کرێکاران میوانداری کۆنفرانسەکەی کردووە و بە پشتگیریی سەندیکاکانی بەریتانیا کە ملیۆنان ئەندامیان هەیە، هەروەها ناوەندەکانی گەلی کورد لە و وەڵاتە بەڕێوەدەچێت.[4]
- پۆلیسی بەریتانیا هێرشی کردە سەر رێپێوانی درێژمەودای هەرێمی وێلز کە بەمەبەستی ئیدانەکردنی پیلانگێڕیی نێودەوڵەتیی 15ی شوباتی 1999ی دژ بە ئۆجالان و گۆشەگیری، بەڕێوەدەچوو.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامەد |
| شار و شارۆچکەکان: | نوسەیبین |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | رانیە (راپەڕین - پشدەر) |
| شار و شارۆچکەکان: | چۆمان (باڵەکایەتی) |
| شار و شارۆچکەکان: | سۆران |

شار و شارۆچکەکان: رواندز
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: جولەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 15-02-2019
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 15-02-2019
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 15-02-2019
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 15-02-2019
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 15-02-2019

کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02 2:15:28 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 47

**2019-02-16**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190102141528182386



باکووری کوردستان
- عومەر یلدرم هاوسەرۆکی پارتی دیموکراتیکی گەلان - هەدەپە، لەناوچەی هەواگ-ی ڕەحا لەلایەن پۆلیسی تورکەوە دەستگیرکرا و رەوانەی بەندیخانەکرا.[4]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی بەختیار حەسەنی کوری ئەحمەد، خەڵکی گوندی بلەسەن سەر بە شاری بانە، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییە حکوومەتییەکان لە سنووری هەنگەژاڵ گیانی لە دەست دا.[2]
- سەحەر کازمی، چالاکی مەدەنیی خەڵکی شاری سنە، لە لایەن دادگای ئینقلابی ئەم شارەوە بە 5 ساڵ زیندان مەحکووم کرا.[2]
- شەپۆلێکی نوێی سەرماوسۆڵە و بەفربارین لە رۆژی هەینییەوە جارێکی دیکە رۆژهەڵاتی کوردستانی گرتووەتەوە و بەفرێکی زۆر بەتایبەت دوو پارێزگەی ورمێ و سنەی سپیپۆش کردووە. بەهۆی بەرفربارینەوە ئەمڕۆ قوتابخانەکانی زۆربەی شار و گوندەکانی ئەو دوو پارێزگەیە داخراون. بەگوێرەی راگەیاندنی پەروەردەی پارێزگای سنە ئەمڕۆ شەممە 2019-02-16 هەموو قوتابخانەکانی شار و گوندەکان لە بانە، سەقز و دیواندەرە هەروەها ناوچەکانی زێویە، کەلاتەرزان، سەرشیو، کۆماسی و جانەوەرەش داخراون. رێگای پەیوەندیی زیاتر لە 150 گوند لە

ناوچەکانی مەریوان، بانە و سەقزیش داخراون.[3]
باشووری کوردستان
- گوتەبێژی میحوەری (باکووری عێراق)ی حەشدی شەعبی رایگەیاند، تاوەکو ئێستا حەشدی شەعبی لە سنووری خورماتوو و هیچ ناوچەیەکی دیکە نەکشاوەتەوە و هیچ گفتوگۆیەکیشی لەوبارەوە نەکردووە.[3]
- ئاستی ئاوی بەنداوی دوکان گەیشتووەتە زیاتر لە 505 مەتر لەئاستی رووی دەریا، بەڕێوەبەری بەنداوەکەش دڵنیایی دەدات کە زۆربوونی ئاوەکە زیانی بۆ ناوچە گەشتیارییەکان نابێت.[5]
- ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتیی بە کۆی دەنگ بڕیاریداوە بە دوورخستنەوەی نەجمەدین کەریم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە حیزبەکە.[5]
- ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتیی بڕیاریداوە بە دانانی لەتیف شێخ عومەر، وەک وتەبێژی نوێی یەکێتیی.[5]
- دوای وەرگرتنی مۆڵەت لە لایەنە پەیوەندیدارەکانی شاری خانەقین و پارێزگاری دیالە، تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان بە ئامادەبوونی هاوسەرۆکی گشتی و ئەندامان ولایەنگرانی بەفەرمی بارەگای خۆی لە خانەقین کردەوە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەرڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات دوا پێگەی داعشیان کۆنترۆڵکردەوە و هەسەدەش رایدەگەیەنێت: لەنزیکترین کاتدا مژدەی سەرکەوتن رادەگەیەنن.[1]
- چیا فورات، فەرماندەیەکی هێزەکانی سوریای دیموکرات- قەسەدە، لەسەر کۆتا قۆناغی شەڕی کۆتایی هێنان بە تیرۆر لە هەنگاوی گەردەلوولی جزیرە، لە دێرەزۆر کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیی بەڕێوەبرد. چیا فرات ڕایگەیاند: لە باخۆزی سەروو چەتەکانی داعش گەمارۆ دراون و لە مەودایەکی 600 بۆ 700 مەتر ماونەتەوە، بەهۆی ئەوەی چەتەکان خەڵکی سڤیل وەک قەڵغان بەکار دێنن، هێزەکانمان بە ئارامی پێشڕەوی دەکەن.[5]
- لەناوچەی باغوزی رۆژهەڵاتی فورات لەسوریا، لەلایەن شەرڤانان 10 شەرڤان کەلەلایەن داعشەوە بەدیلگیرابوون رزگارکران.[7]
دەرەوەی کوردستان
- زۆرینەی سەرچاوە کوردییەکان بڵاویانکردەوە کە دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، مێژوونوسی ناوداری کورد، لە شاری بۆن ئەڵمانیا کۆچی دواییکردووە، بەڵام پاشتر ئەم هەواڵە بەدرۆ خرایەوە.[1]
- لە زۆریک لە شارەکانی ئەوروپاوە دەیان هەزار کەس روویان لە ستراسبۆرگ کرد. جەماوەری گەل دروشمەکانی ئازادی بۆ ئۆجالان و لەیلا گیوڤەن شکۆ و کەرامەتمانە دەڵێنەوە.[4]
- دەیان سیناتۆر و پەرلەمانتاری فەرەنسی داوایانکرد، حکومەتی فەرەنسا بە خێرایی لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان خاوەنداری لە رۆژئاوا بکات، کە تورکیا کردوویەتییە ئامانج و خاوەنداریش لە بەرخودانی ژنانی کوردی مانگرتوو بکات.[4]
- ئەنگێلا مێرکڵ ڕاوێژکاری ئەڵمانیا لەسەر کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا هۆشداریی داوە و ڕایگەیاندووە: کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا دەبێتە هۆی بەهێز بوونی ئێران و ڕوسیا لە ناوچەکە، هاوکات جێگری سەرۆکی ئەمریکا ڕایگەیاند، ئەمریکا هەروا دەستبەرداری چەتەکانی داعش نابێت.[6]
- ئەردۆگان رایگەیاند: بەهیچ شێوەیەک لە بڕیاری کڕینی سیستمی موشەکی ئێس 400ی روسی ناکشێینەوە و هیچ فشارێکیش لە و بارەیەوە کاریگەری نابێت.[7]
- لە لێدوانێکی هاوبەشدا، 12 تۆڕ و هاوپەیمانیی عێراقیی، داوای ئازادکردنی چالاکوانانی بادینان دەکەن و دەڵێن، پێمانوایە خودی دەستگیرکردنە، پێشلکارییە بۆ مافێکی دەستووریی، کە بریتییە لە مافی رێکخستنی خۆپیشاندان.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ◯ بانە
شار و شارۆچکەکان: ◯ خانەقین
شار و شارۆچکەکان: ◯ روحا
شار و شارۆچکەکان: ◯ خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە
شار و شارۆچکەکان: ◯ ورمێ
شار و شارۆچکەکان: ◯ دیواندەرە
شار و شارۆچکەکان: ◯ سەقز
شار و شارۆچکەکان: ◯ مەریوان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ⬤ دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-02-16
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-02-16
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-02-16
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-02-16
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-02-16
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-02-16

کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02 2:15:28 PM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 48
**2019-02-17**
https://www.kurdipedia.org/?q=20190102141528182387




رۆژهەڵاتی کوردستان
- هاووڵاتییەکی کورد، بە ناوی ئاکام قادری، کوڕی ڕۆستەم و تەمەن 31 ساڵە، بۆ لێپێچینەوە لە گرتنگەی ئیتلاعاتی بۆکانەوە گواسترایەوە بۆ گرتنگەی ئیتلاعاتی ورمێ.[4]
- ڕێوڕەسمی کرانەوەی نووسینگەی وەشانگەی باشوور، بە بەشداریی کۆمەڵێک لە نووسەران، شاعێران و هۆگرانی زمانی کوردی لە شاری ئیلام بەڕێوە چوو.[4]
- مەسعود شەمس نژاد پارێزەرێکی پلە یەکی دادگا بە دانانی بارمتە لە زیندانی ناوەندیی ورمێ ئازاد کرا.[6]
- دوو چالاکیی ژینگەپارێز بە ناوەکانی ئارمان وەفایی و شاهۆ فەرەجی خەڵکی شاری سنە لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کران.[4]
- چالاکێکی ژینگەپارێزی بە ناوی ئیرەج رەحیم زادە خەڵکی شاری مەریوان، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.[4]
- چالاکێکی کورد، بە ناوی ئەفشین شەیخولئیسلامی وەتەنی، خەڵکی شاری سنە، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.[4]
- هێزە ئیتلاعاتییەکان هێرشیان کردە سەر ماڵی چالاکێکی ژینگەپارێزی بە ناوی زەکریا نەقشبەندی لە شاری سنە و ناوبراویان دەسبەسەر کرد.[4]
باشووری کوردستان
- فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، یاداشتێکیان ئاراستەی نووسینگەی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە سلێمانی کرد و، داوای ئازادکردنی دەستگیرکراوانی بادینان-یان کرد.[5]
- پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ تۆڕی پارێزەرانی خۆبەخش بە مەبەستی زانینی چارەنووسی شێروان شێروانی، چالاکوانی کۆمەڵگەی مەدەنیی و ڕۆژنامەنووس سەردانی زیندانی زرکا-یان کرد. ڕێبین شەمامکی یەکێک لەو پارێزەرانە بە ڕۆژنیوزی وت: لە زیندانی زەرکا، ڕێکان ڕەشید و تاکور زەردەشتی-مان بینی، بەڵام شێروان شێروانی لەوێ نەبوو. سەبارەت بە شوێنی شێروان شێروانی، کە لە ڕۆژی 13ی ئەم مانگە لە زیندانی زەرکا بردرا، ئەو پارێزەرە، وتی: ئێمە لێکۆڵینەوەمان کرد و دادوەری ئاسایش پێی ڕاگەیاندین، کە شێروانی گواستراوەتەوە بۆ ئاسایشی گشتیی دهۆک و دۆسیەیکی دیکەی بۆ کراوەتەوە.[5]
- سەرۆکی کاتی پەرلەمانی کوردستان رایدەگەیەنێت: ئەگەر ڕێککەوتنی سیاسی لەنێوان پارتی و یەکێتی نەکرێت، ئەوا کۆبوونەوەی سبەی پەرلەمانی کوردستان دواناخرێت و هەڵبژاردن بۆ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکرێت و تەنیا سەرۆکی پەرلەمانی هەڵنابژێردرێت.[2]
- فراکسیۆنی نەوەی نوێ لە پەرلەمانی کوردستان هەڵوێستی فراکسیۆنەکەیانی لەبارەی کۆبوونەوە چاوەڕوانکراوەکەی پەرلەمانی کوردستان ئاشکرا دەکات و رایدەگەیێنێت، بەشداری دانیشتنی پەرلەمان دەکەین و بەربژێرمان بۆ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانیش دەبێت.[3]
رۆژئاوای کوردستان
- چەتەکانی دەوڵەتی تورک بە چەکی قورس و مامناوەندی هێرشیان کردە سەر خاڵەکانی ئەنجوومەنی سەربازیی باب لە گوندی ویران لە رۆژهەڵاتی باب.[1]
- لە ناوچەی شەرا-ی عەفرین لەڕێگەی ئۆتۆمبێلی بۆمرێژکراو بنکەی چەتەکانی سوڵتان موراد کرایە ئامانج. لەلایەکی ترەوە لە ناوچەی جندرێس عەفرین مینێک بە چەتەکانی سەربەدەوڵەتی تورکیادا تەقییەوە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- لە شاری ستراسبۆگی وڵاتی فەرەنسا، ڕێکخستنەکانی ئەورووپای تەڤگەری ئازادی کۆمەڵگەی کوردستان، لە بەردەم باڵەخانەکانی کۆنسە و پارلەمانی ئەورووپا و کۆمیتەی بەرگرتن لە ئەشکەنجەی ئەورووپا (سی پی تی-CPT، دژی دەستگیری و ڕەشبگیریەکانی هەرێمی بادینان و داگیرکاری رژێمی تورکیا و تاوانەکانی ئەو رژێمە لە باشور کوردستان چالاکیان ئەنجامدا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: جووڵانەوەی نەوەی نوێ

پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: ئیلام
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: بۆکان
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 17-02-2019
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 17-02-2019
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 17-02-2019
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 17-02-2019
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 17-02-2019

کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02 2:15:28 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 49
**2019-02-18**
https://www.kurdipedia.org/?q=20190102141528182388
بەپەلە..
باکووری کوردستان


- تیپی وەرزشی جیزرە سپۆرت کە تیپێکی تۆپی پێیە، بۆ بەشداریکردن لە یارییەک لە جزیر-ی باکوری کوردستانەوە چووبوونە ئەنتالیا، تووشی هێرشی نەژادپەرەستانەی لایەنگرانی تیپی بەرامبەر هاتن. پێش ئەوەی یارییەکە دەستپێبکات، لایەنگرانی تیپی بەرامبەر دژی جزیرە سپۆرت دروشمی نەژادپەرەستانەیان وتەوە، دوای یارییەکە گروپێک لە لایەنگرانی تیپی بەرامبەر هێرشیان کردە سەر یاریزانانی تیپی جزیرە سپۆرت و سێ یاریزانیان و ڕاهێنەرێکیان بریندار‌بوون و بە ناچاری شارەکەیان جێی هێشت.[3]
- دادگەیەکی دەوڵەتی تورک جارێکی دیکە بڕیاری دا کە ئە و منداڵانەی لە کاتی هێرشەکانی سەر ناوچەی نسێبین دەستگیر کراون، بە زیندانیکراوی بمێننەوە.[3]
- کاتژمێر 19:31 بە کاتی باکووری کوردستان، بوومەلەرزەیەک بە گوڕی 4.2 ناوچەی سەرا-ی شاری وانی هەژاند. بە گوێرەی زانیارییەکان بوومەلەرزەکە هیچ زیانێکی گیانی و ماددی لێ

نەکەوتووەتەوە، بەڵام ترسی لای هاوڵاتییانی دروست کردووە. لایەنەپەیوەندیدارەکان ڕایانگەیاند، چەقی بوومەلەرزەکە لە قووڵایی 5 کم لەژێر زەویدا بووە.[3]

باشووری کوردستان

- یەکێتی رایدەگەیەنێت: تا پرسی پارێزگاری کەرکوک یەکلانەکرێتەوە بەشداری کۆبوونەوەی پەرلەمان و پێکهێنانی حکومەت ناکەن.[2]

- کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان بۆ چەند کاژێرێک دواخرا و پاشتر بەبێ فراکسیۆنی یەکێتی دەستی بە کۆبوونەوەکانی کرد.[1]

- هەریەک لە حزبی شیوعی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان دەنگیان بە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی پەڕلەمان نەدا.[1]

- میدیاکانی یەکێتی باس لەوە دەکەن کە پەڕلەمانتارانی گۆڕان دەنگیان بە کاندیدەکانی پارتی داوە.[2]

- سەرۆک و جێگری سەرۆکی پەرلەمان هەڵبژێردران، ڤالا فەرید بە سەرۆکی پەرلەمان و هێمن هەورامی، وەک جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و مونا قەهوەچی بە جێگری دووەم هەڵبژێردران.[6]

- بڕیاربوو ئەمڕۆ کۆبوونەوەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک ئەنجامبدرێت، بەڵام بەهۆی ڕێکنەکەوتنی پارتی و یەکێتی ئەنجامدانی هەڵوەشایەوە.[1]

- ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتی پەیامێک ئاراستەی پارتی دەکات و داوادەکات پابەندبێت بە ناوەرۆکی ڕێککەوتنی 5ی شوبات و دەشڵێت: ئەگەر دەیانەوێت خۆشگوزەرانی بۆ خەڵک بێتەکایەوە، ئەوا دەبێت بە بەشداری هەمووماں حکومەت پێبهێنرێت.[5]

- ئەمشە و ژمارەیەک چەکداری داعش پەلاماری دانیشتوانی گوندی حسێن مەمەیان لە خانەقین داو و شەڕ و پێکدادان روویدا، لە ئەنجامدا شوانێک بە سەختی بریندارابوو.[2]

- ئەمشە و ژمارەیەک لە تیرۆرستانی داعش پەلاماری گوندی عەساکرەیان لەشارەدێی سەعدیە دا، لەئەنجامی ئە و پەلامارەدا دوو چەکداری داعش برینداربوون و چەکدارێکی حەشدی شەعبیش بەسەختی پێکراوە.[2]

- کارمەندانی خۆبەخشی ناوەندە تەندروستییەکان، لە سنوری ئیدارەی گەرمیان، بۆ جاری سێیەم گردبوونەوە و داوای دامەزراندنیان کرد، داواکارییەکانیان بە یاداشتێک گەیاندە ئیدارەی گەرمیان.[4]

دەرەوەی کوردستان

- وەزیری بەرگری فەرەنسا سەبارەت بە چارەنووسی کورد کە هێشتاش لەگەڵ داعش-دا دەستەو یەخەن، هۆشداریی دەدات و ڕایدەگەیەنێت: نابێت ڕێگە بدەین کوردەکان دوای کشانەوەی ئەمریکا لە سوریا جارێکی دیکە لە سوریا ببنە قوربانی.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏛 پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
🏛 پارت / لایەن: ☪ یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان
🏛 پارت / لایەن: ☭ حزبی شیوعی کوردستان
🏛 پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ نوسەیبین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ وان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ خانەقین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)

🏢 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ جزیرا بۆتان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | [تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن](#)
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری یوک میدیا - 18-02-2019](#)
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 18-02-2019](#)
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ڕۆژنیوز - 18-02-2019](#)
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری دواڕۆژ - 18-02-2019](#)
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ڕووداو - 18-02-2019](#)

کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02 2:15:28 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 50

**2019-02-19**

[https://www.kurdipedia.org/?q=20190102141528182389](https://www.kurdipedia.org/?q=20190102141528182389)




باکووری کوردستان
- کۆمەڵێک ژنی هونەرمەند، سەردانی لەیلا گوڤەنیان کرد، کە 104 ڕۆژە لەپێناو هەڵگرتنی گۆشەگیریی توندی سەر عەبدوڵلا ئۆجەلان مانی لە خواردن گرتووە، ژنان ڕایانگەیاند، ژنان هێز لە لەیلا گیوڤەن وەردەگرن و لەیلا پێشەنگایەتیی تێکۆشانی ژنان دەکات.[3]
- هاوسەرۆکی لقی شرناخ-ی پارتیی هەرێمە دیموکراتییەکان (دەبەپە) ئایشە ئالتای زیندانی کرا.[5]
- دەروازەی سنووری و گومرگی کاپی کۆی لەنێوان باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شارۆچکەی سەرای سەر بە پارێزگای وان کرایەوە و دەستی بە کارەکانی کرد. دوو ساڵ لەمەوبەر بەردی بناخەی ئەم دەروازە گومرگییە نوێیە دانرا و بە گوژمەی 18 ملیۆن و 850 ملیۆن دۆلار دروستکرا.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- چالاکێکی کرێکاری بە ناوی ئیقبال شەعبانی لە یەکێک لە شەقامەکانی شاری سنە لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.[6]
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی سەلمان عابدی خەڵکی شاری سنە لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراوە. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەو هاووڵاتییە کوردە، بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران، دەسبەسەر کراوە.[6]
باشووری کوردستان
- فێستیڤاڵی هونەریی نێوان شارەکانی سلێمانی و سنە لە هۆڵی مۆزەخانەی نیشتمانیی ئەمنە سوورەکەی سلێمانییەوە دەست پێدەکات کە چەندین چالاکیی لەخۆدەگرێت.[1]

- له یەکەم کۆبوونەوەیاندا دوای هەڵبژاردنیان وەک دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، ئەمڕۆ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، لەگەڵ فراکسیۆنەکان کۆبوونەوە بۆ دیاریکردنی لیژنەی یاسایی.[2]
- ئەندامانی فراکسیۆنی یەکێتی لەپەرلەمانی کوردستان کۆبونەوە و بڕیاریاندا، بەشداری هیچ کۆبوونەوەیەکی پەرلەمان نەکەن تا ئە و کاتەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بڕیاردەدات یەکێتی بەشداری پەرلەمان بکات.[4]
- مانگرتن لە خواردن دژی گۆشەگیریی سەر ئۆجالان لە شاری هەولێر، زیاتر سێ مانگە بەردەوامیی هەیە، چالاکوانان دووپاتیدەکەنەوە، کە تا گۆشەگیریی بەردەوامبێت، چالاکییەکانیان درێژەی دەبێت، هاوکات ڕەشی ناسر یاگز لە مەترسیدایە.[3]
- بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی زمان-ەوە، کە 21-شوباتە، لە کۆلێژی ئاداب-ی زانکۆی سەلاحەدین لە شاری هەولێر پانێلێک بۆ م. فەرەیدوون سامان، سەرۆکی ڕێکخراوی خانی بۆ لێکۆڵینەوە بەناونیشانی زمان و ئیتنیکەکانی کوردستان، ڕێکخرا.[3]
- لە کافتریای ئەمنە سورەکە لە شاری سلێمانی، یادی 3755 ساڵەی جەژنی سپەندەرمەزدیان، واتە جەژنی خۆشەویستی ژنانی زەردەشتی لە لایەن ڕێکخراوی یەسنا، بە ئامادە بوونی چەندین کەسایەتی زەردەشتی کرایەوە.[3]
- چەند دەرگایەکی بەنداو و دەریاچەی دوکان بۆ ماوەیەکی کورت کرانەوە، ئامانجیش لێی ڕێگرتنە لە سەرڕێژکردنی ئاوی دەریاچەکە، چونکە بەهۆی بارانبارینی زۆرەوە ئاوی دەریاچەی دووکان بەشێوەیەکی بەرچاو بەرز بووەوە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- خەڵاتی (مۆنتلۆک) کە ساڵانە و لە شاری لیۆن-ی فەرەنسا بە ناوی خەڵاتی ئازادی و بەرخۆدان دەدرێتە بەرهەمێکی ئەدەبی، بۆ ئەمساڵ بەخشرایە سەلاحەدین دەمیرتاش-ی هاوسەرۆکی پێشووی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) کە لە زیندانەکانی تورکیادایە. ئەم خەڵاتە لەبەرامبەر کتێبی سەحەر بەخشراوەتە دەمیرتاش کە بریتیە لە 16 کورتەچیرۆک و دەمیرتاش ساڵی 2017 لە ناو زیندانداا نووسیویەتی.[1]
- لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ تەلەفیزیۆنی ئایسلەندا مایک پۆمپیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا رایگەیاند: دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا لە نزیکەوە چاودێری مامەڵەکانی تورکیا لە باکوری سوریا دەکات، وتیشی: پێشتر هۆشداریمان داوەتە تورکیا لەبارەی مامەڵەی لەگەڵ کورد لە سوریا، هەروەها وتی: ئەمریکا دەیەوێت کوردەکان لە و ناوچەیە بپارێزێت و ڕێگەش بە تورکیا نەدات هێرشبکاتە سەریان. پۆمپیۆ راشیگەیاند: کوردەکان لە باکوری سوریا بەهیچ شێوەیەک هێرش ناکەنە سەر تورکیا لە ناوچەکە، بۆیە وەک ئەمریکا بەهیچ شێوەیەک ڕێگە بە تورکیا نادەین هێرش بکاتە سەر کوردەکان لە سوریا، ئەگەر شتێکی لە و شێوەیە رووبدات تورکیا باجی قورس دەدات.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏣 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
🏣 پارت / لایەن: پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە
🏣 پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ وان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ شرناخ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-02-19
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-02-19
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-02-19
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-02-19
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-02-19
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-02-19

کاتی تۆمارکردن: PM 2:15:28 2019-01-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 51

**2019-02-20**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190102141528182390




باکووری کوردستان
- مارتینا ئەندرسۆن پەرلەمانتاری ئیرلەندی لە پەرلەمانی ئەوروپا، سەردانی لەیلا گوڤەن هاوسەرۆکی کەجەدەی کرد، کە ماوەی 105 ڕۆژە لە چالاکیی مانگرتندایە.[2]
- سوپای تورکی داگیرکەر لە بەیانیی ئەمڕۆوە سەرباز و ئۆتۆمبێلی زرێپۆش دەنێرێتە گوندی مارینە-ی سەر بە ناوچەی نسێبین-ی مێردین. بە گوێرەی زانیارییەکان کە لە گوندنشینان وەرگیراون، گوندەکە کە لە بناری چیای باگۆک هەڵکەوتووە لە لایەن 16 ئۆتۆمبێلی سەربازی و پۆلیسی، هەروەها 2 ئۆتۆمبێلی زرێپۆش و چەندین ئۆتۆمبێلی مەدەنی گەمارۆ دراوە.[4]
- پارێزگاری شاری وان، چالاکیی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکیی بە بیانووی (ئاڵۆزی) قەدەغە کرد.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزە ئەمنییەکانی ئێران گروپێک لە کۆڵبەرانیان لە لەسەرسنووره دەستکردەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان لە ناوچەی سنووری هەنگەژاڵەی بانە دایە بەر دەستڕێژی گوللە، لە ئەنجامی ئەو هێرشە کۆڵبەرێک بەناوی 'غەریب تاجی' تەمەن 28 ساڵ برینداربوو.[2]
- بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی، ئەنجومەنی فەرهەنگی ئەدەبیی مەریوان، سیمینارێک لە ژێر ناوی زمانی کوردی و جیهانی مودێرن بۆ دوکتور بەختیار سەججادی سەرۆکی بەشی زمان و وێژەی کوردیی زانستگەی کوردستان ساز کرد.[6]
باشووری کوردستان
- لە هەولێر پێشانگای نێودەوڵەتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ماڵی نمونەیی بە بەشداری 70 کۆمپانیای ناوخۆیی و بیانی دەکرێتەوە.[1]
- پاش کۆتاییهاتنی کۆبوونەوە فراوانەکەی یەکێتی لە تەلاری هونەری لە سلێمانی لەتیف شێخ عومەر وتەبێژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕایگەیاند: قۆناغێکی تازە هاتۆتە پێشەوە و یەکێتی قسەی جیاوازی دەبێت. لەتیف شێخ عومەر وتیشی: یەکێتی دوای هەڵبژاردنی دەستەی

سەرۆکایەتی پەرلەمان قسەی جیاوازی دەبێت و پێداگری لەسەر بەرنامە گشتگیرییەکەی خۆی
دەکات.[3]
- لەناو ئاسایشی ئێزیدخاندا بەشێکی تایبەت کرایەوە کە لەلایەن ژنانەوە بەڕێوە دەبرێت، بە
هاوبەشی لەگەڵ ئاسایشی ئێزیدخان دەستیان بە کارکردن کرد.[2]
- ئەمڕۆ لە قوتابخانەی ئاوێسەری بنەڕەتی لە شارەدێی خورماڵ-ی سەر بەپارێزگای هەڵەبجە،
فێستیڤاڵی خواردنی میوە بۆ خوێندکاران بەڕێوەچوو.[2]
- لە کاتی گردبوونەوەیەکدا بۆ ئازادکردنی دەستیگرکراوانی خۆپیشاندانەکانی شیلادزێ و دهۆک، نۆ
ئەندامی نەوەی نوێ و ڕۆژنامەنووسێک لە دهۆک دەستگیرکران.[4]
- هێزەکانی بنکەی پۆلیسی بەختیاری لە سلێمانی تۆمەتبارێکیان دەستگیرکرد کە ساڵی رابردوو
هاوسەرەکەی خۆی کوشتوە.[3]
- دوای تێپەڕبوونی 31 ساڵ بەسەر ونبوونی منداڵێکی هەڵەبجەیی لە کاتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا،
ئێوارەی ئەمڕۆ بە کەسوکارە راستەقینەکەی شادبوویەوە. ئە و منداڵەی دۆزراوەتەوە لەلای
خێزانە راستەقینەکەی ناوی خەلیل-ە و لە ئێران ناوی محەمەد بووە، لە ئێستادا هاوسەرگیری
کردووە و کچێکی هەیە و خوێندنی تەواوکردووە و خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری پزیشکی
دادوەریدا.[5]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە کۆتایی شەقامی عەبدولڕەحمان لە گەڕەکی یەکی حوزەیران لە شاری کەرکوک،
لەلایەن هەواڵگری حەشدی شەعبی چاودێری سەرچەتەیەکی داعش کرا، کە پلەی ئەمیرە لەناو
داعش و هەوڵی دەستگیرکردنی درا، بەڵام ئەو چەتەیە تەقەی لە چەکدارانی حەشدی شەعبی کرد
و هەڵات و چەکدارێکی حەشدی شەعبی کوژرا.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- لە شاری کۆبانێ دووەمین کۆنفرانسی گەنجانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە هۆڵی جاند و هونەر لە
شارکە دەستی بەکارەکانی کرد، میوانانی گەنج لە نەتەوەکانی کورد، عەرەب، ئەرمەن، سوریان،
فارس، ئەفغان و تورک کە بانگهێشتکراون و بەشدارن لە کۆنفرانسەکەدا. کۆنفرانسەکە بە
دروشمی بە پێشەنگایەتی گەنجان بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی فرەڕەنگ و دیموکراتیک بەڕێوە
دەچێت و بڕیارە سێ ڕۆژ بخایەنێت.[2]
- منداڵێکی تەمەن 16 ساڵان بە ناوی عەبدولا شیلاش لە کاتێکدا لە گوندی خربەت بەنات-ی
ناوچەی سەرێکانیی سەر بە هەرێمی جزیر مەڕەکانی دەلەوەڕاند، مینێکی پێدا تەقییەوە کە پێشتر
لە لایەن چەتەکانی داعش جێگیر کرابوو. لە ئەنجامی تەقینەوەکە شیلاش بریندارببوو و ڕەوانەی
نەخۆشخانەی سەرێکانی کرا. ڕاگەیەنرا بەهۆی سەختیی برینەکەی، ناوبراو گوازراوەتەوە بۆ
نەخۆشخانەی قامیشلۆ.[4]
دەرەوەی کوردستان
- کوردێکی دانیشتووی ئەڵمانیا بە ناوی ئووغوور شاکار کە تەمەنی 40 ساڵانە و خەڵکی شاری
دێرسم-ی باکووری کوردستانە، کاتژمێر 10ی ئەمڕۆ لە بەردەم دادگەی شاری کریفێلد بۆ
ئیدانەکردنی گۆشەگیریی سەر عەبدوڵلا ئۆجەلان خۆی سووتاند. بە گوێرەی زانیارییەکان، شاکار
لە بەردەم دادگە بەنزینی بەخۆیدا کردووە و خۆی سووتاندووە. ناوبراو ڕەوانەی نەخۆشخانە
کراوە و باری تەندرووستی ناجێگیرە.[4]
- لە ئەنجامی تەقینەوەیەک لە کۆگەیەکی چەک و تەقەمەنیی بارەگەی سەربازیی ساریکایا لە
ناوچەی پۆڵاتی ئەنقەرە 5 کەس بریندار بوون. وەزارەتی بەرگریی میللی تەقینەوەکەی پشتڕاست
کردەوە و ڕایگەیاند، 5 سەرباز بریندار بوون.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | جووڵانەوەی نەوەی نوێ |
| پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |

شار و شارۆچکەکان: ◯ بانە
شار و شارۆچکەکان: ◯ مەریوان
شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ◯ کۆبانی
شار و شارۆچکەکان: ◯ نوسەیبین
شار و شارۆچکەکان: ◯ دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: ◯ وان
شار و شارۆچکەکان: ◯ قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: ◯ سەرێکانی
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ◯ هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: ◯ دهۆک
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ● دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-02-20
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-02-20
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-02-20
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-02-20
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-02-22


کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02 2:15:28 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 52

**2019-02-21**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190102141528182391




باکووری کوردستان
- هاوسەرۆکانی گشتیی پارتیی دیموکراتیی گەلان (هەدەپە) پەروین بوڵدان و سەزای تەمەڵی لە بارەگەی پەدەکە-تورکیا لە شاری ئامەد لەگەڵ نوێنەرانی پارتییەکوردییەکان دەربارەی هاوپەیمانەتیی هەڵبژاردن پرۆتۆکۆڵێکیان ئیمزا کرد.[4]
- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ، ئیبراهیم بیلمەز، سەربای کۆکلو، ڕەزیە توورگووت و مەزڵووم دینج، پارێزەرانی عەبدوڵلا ئۆجەلان، ڕێبەری پەکەکە، بۆ جاری 792مین سەردانی سەرۆکایەتی داواکاری گشتیی بوورسایان کرد، بۆ ئەوەی سەردانی ئیمرالی بکەن و چاویان بە ئۆجالان بکەوێت.[6]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لقی سێی دادگای ئینقلابی شاری ورمێ بە سەرۆکایەتی نەجەفی، حوکمی 5 ساڵ زیندانی تەعزیری بۆ مەجید تیباش کوڕی خالید خەڵکی گوندی دزەی مەرگەوەڕدا، بڕییەوە. دادگای ئینقلابی شاری ورمێ، ئەم لاوە کوردەی بە تۆمەتی ئەندامبوون و پڕوپاگەندە لە بەرژەوەندی یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران تاوانبار کردووە.[1]
- دۆسیەی هاشم حوسێن پەناهی، چالاکی مەزهەبی کورد بە تۆمەتی پڕوپاگەندە دژی نیزام و تێکدانی بیرورای گشتیی ڕەوانەی لقی یەکی دادگای ئینقلابی شاری سنە کرا و ناوبراو بۆ پێڕاگەیشتن بە دۆسیەکەی بانگهێشتی ئەو لقە کرا.[1]
- وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران دەستگیرکردنی دوو گرووپی داعش لە پارێزگای سنە ڕادەگەیێنێت کە بەگوتەی ئەوان بەنیاز بوون کاری تیرۆریستی ئەنجام بدەن.[5]
- ئومید شامحەمەدی، چالاکی فەرهەنگی خەڵکی شاری دیواندەرە، لە لایەن لقی یەکی دادگای ئینقلابی شاری سنە، بە یەکساڵ زیندانی تەعزیری مەحکووم کرا.[1]
- لە ناوەندی فەرهەنگی و فێرکاریی بەیان لە بۆکان، ڕێوڕەسمێک بۆ پیرۆزی ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی و بۆ یادی مامۆستا هەژار گیرا. لەو ڕێوڕەسمەدا کە بە بەشداری مامۆستایان و لایەنگرانی زمان و ئەدەبی کوردی بەڕێوە چوو، گرینگی خوێندن و نووسین بە زمانی زگماکی و پێویستی بایەخدان بە زمانی کوردی و ئەرک و خزمەتەکانی ناوەندی فەرهەنگی و فێرکاریی بەیان خرا بەر باس و وتووێژ.[1]
- گۆرانیبێژێکی کورد بە ناوی پەیمان میرزازادە کوڕی نوردەین خەڵکی گوندی گەنگەچینی ناوچەی سۆمای برادۆستی ورمێ، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.[7]
باشووری کوردستان
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا سنووری سیدەکان-یان بۆردوومان کرد.[6]
- بە بەشداری زیاتر لە 200 کۆمپانیای گەشتیاری ناوخۆیی و عێراقی و وڵاتانی دوروبەر و ئەوروپا، یەکەمین دیداری نێرگزی گەشتیاری لە هۆتێل گراند ملینیۆم لە سلێمانی دەستپێکرد.[2]
- چوارەمین کۆنفرانسی پلاتفۆرمی دابڕان بە دروشمی (ئاین بۆ تاک و دیموکراسی بۆ هەموان) و دووەمین کۆنفرانسی فێمێنیزمی ڕۆشنگەری بە دروشمی (فێمێنیزمی ڕۆشنگەری و تێپەڕاندنی نەریتسالاری) لە هۆڵی تەواری شاری سلێمانی دەستپێکرد.[3]
- بومەلەرزەیەک سنوری پارێزگای هەڵەبجەی گرتەوە و هاووڵاتیان هەستیانپێکرد، بەڵام زیانی گیانی و ماڵی لێنەکەوتەوە.[2]
- لەژێر ناوی ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی، سەرۆکی (ئاژانسی تیکا بۆ یارمەتیدان و هەماهەنگی) لەگەڵ باڵوێزی تورکیا لە عێراق، سەردانی شارۆچکەی خورماتوو-یان کرد، ئەوان دەیانەوێت بە ناوی خزمەتگوزارییەوە دەستێوەردان لە کەرکوک و خورماتوو بکەن.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- چەکدارانی داعش لە ناوچەی باغوزی سوریا داوا لە هێزەکانی سوریای دیموکراتی (هەسەدە) دەکات کە ڕێیان پێبدات تێپەڕ بن بەرە و دوو ناوچەی تر ئەوەش لە پاش ئەوەی ئە و ناوچەیە وەک دوا مۆڵگەی داعش ڕازگارکراو بەشێکی زۆری چەکدارانی ئە و گروپە خۆیان ڕادەستی هەسەدە کردووە.[2]
- پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ لە شاری عەفرین تەقینەوەیەکی گەورە ڕوویدا. ڕاگەیەنرا تەقینەوەکە لەسەر ڕێگەی فەیلەق لە کاتی بەڕێوەچوونی مەڕاسیمێکی چەتەداگیرکەرەکان ڕوویداوە. بە گوێرەی

زانیارییە سەرەتاییەکان، تەقینەوەکە کوژران و بریندابوونی چەندین چەتەی سەر بە ڕژێمی تورکی داگیرکەری لێکەوتووەتەوە. دەنگۆی ئەوە هەیە کە تەقینەوەکە لە ڕێی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراوەوە کرابێت.[4]
- تەقینەوەیەک لە بنکەیەکی سەربازیی سەر بەهێزەکانی یەپەگە لە گوندی کۆرپینکار سەر بە شاری کۆبانێ ڕوویداوە و، بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان پێنج شەڕڤان گیانیان لەدەستداوە و شەڕڤانێکیش بریندارابووە.[5]
- لە ناوچەی خەندوورا-ی سەر بە شاری جەرابلووس کە لەژێر داگیرکاریی دەوڵەتی تورک و چەتەکانی-دایە، ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو تەقیوەتەوە. ئاشکرابوو کە بەهۆی تەقینەوەکە لانی کەم 4 سەربازی تورکیا و 3 چەتەی جەبهەی شامیە کوژراون.[4]
دەرەوەی کوردستان
- لە مەراسیمێکی تایبەتدا بە ئامادەبوونی نوێنەرانی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی دەرەوەی ئێران و کۆمەڵەی قوربانیان، ئەو منداڵە ونبووەی هەڵەبجە کە پێشتر سەردانی هەڵەبجەی کرد و سکاڵای تۆمارکردبوو، بە دایکی ڕاستەقینەی خۆی شاد کرایەوە کە خەڵکی شارەدێی بیارەن.
محەمەد عەبدوڵڵا پێشتر ناوی (خەلیل سالح) بووە و لە تەمەنی 10 مانگیدا لە شاری کرماشان لەکاتی چونیان بۆ ئێران لە کیمیابارانەکەی هەڵەبجە منداڵەکەیان لێونبووە.[2]
- دادگەی مافی مرۆڤی ئەوروپا سکاڵایەکی ڕەتکردەوە کە لە دژی ژێرئاوخستنی ناوچەی شوێنەواریی حەسکیف تۆمار کرابوو.[4]
- لە راپۆرتێکدا بانکی ناوەندی تورکیا رایگەیاندووە، لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی 2018 قەرزە دەرەکییەکانی تورکیا بە بەراورد بە هەمان مانگی ساڵی 2017 نزیکەی 10.9 ملیار دۆلار زیادیکردووە و گەیشتووەتە 210.6 ملیار.[2]
- وەزیری ناوخۆی تورکیا، رایگەیاند، هەڕەشەکانی پەکەکە لەناوخۆی تورکیا بەڕێژەی 65% کەمبوونەتەوە، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە رەوشی پەکەکە لە خراپیدایە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: دیواندەرە
شار و شارۆچکەکان: بۆکان
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
شار و شارۆچکەکان: سیدەکان
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کرماشان

🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ بیارە (هەورامان)

Quick Respons Code:

📄سەرچاوەکان

[1] 🔗ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-02-21

[2] 🔗ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-02-21

[3] 🔗ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-02-21

[4] 🔗ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-02-21

[5] 🔗ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-02-21

[6] 🔗ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-02-21

[7] 🔗ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-02-27

کاتی تۆمارکردن: PM 2:15:28 2019-01-02

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 53

**2019-02-22**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190102141528182392




باکووری کوردستان

ئەمڕۆ لە شارەدێی ئەرجیش سەر بە وان، پۆلیسی دەوڵەتی تورک هەڵیکوتایە سەر ماڵی هاوڵاتیان و سێ کەسیان دەستگیرکرد. لەو ئۆپەراسیۆنەدا، مەحمود چەلەبی، مەلا موزەفەر چاگان و سدیق چیچەک دەستگیرکراون و گوازراونەتەوە بۆ ناوەندی دژە تیرۆری ئەمنییەتی ئەرجیش.[5]

- بۆ جارێکی تر داواکارییەکی دیکەی پارێزەران و خانەوادەی عەبدوڵلا ئۆجەلان و 3 زیندانیی دیکەی ئیمراڵی بۆ چاوپێکەوتن ڕەتکرایەوە.[2]

- هەدەپە، سەرپیل کەمالبای، پەرلەمانتاری شاری ئیزمیر وەک کاندید بۆ سەرۆکی پەرلەمانی تورکیا دەستنیشان کرد.[5]

- داواکاری گشتیی شاری ڕوحای باکووری کوردستان لە چوارچێوەی پشکنینی دادی-دا، گەشتی دەرەوەی وەڵاتی لە فاتمە ئۆجالان و محەمەد ئۆجالان خوشک و برای عەبدوڵلا ئۆجەلانی قەدەغە کرد.[2]

باشووری کوردستان

- بەیانی ئەمڕۆ هێزێکی لیوای 16ی حەشدی شەعبی و خەلیەی صقور توانیان شوێنی (مەیزەر جەوالی) یەکێک لەچەکدارە مەترسیدارەکانی داعش لەنێو گەڕەکی یەکی حوزەیران لە کەرکوک دەستنیشانبکەن و هەڵبکوتنە سەری، چەکدارەکەی داعش کە پلەی ئەمیری ناوچەی ڕەشادە ڕووبەڕووی هێزەکە بوەتەوە و لەئەنجامدا کوژراوە.[1]

- شەوی ڕابردوو، ژمارەیەک چەکداری سەربە داعش پەلاماری گوندی مەحمود عەزیزی خانەقینیان دا و شەڕو پێکدادان ڕوویدا و بە و هۆیەوە کەسێک برینداربووە.[3]

- لە شارۆچکەی دوکان یادی 31 ساڵەی ئەنفالی دۆڵی جافایەتی بەڕێوەدەچێت.[3]

- پرۆژەی ماڵی مام ڕاگەیەنرا، کە پرۆژەیەکە لە سەر مەزاری مام جێبەجێ دەکرێت و پێکدێت لە مۆنۆمێنت و کتێبخانەی نیشتیمانیی هۆڵ و گەلەری و سەکۆی ئازاد و پارک و داری بەردار.[3]
- ئاژەڵی دڕندەی گورگ لە دەشتی هەریر زیاد بووە، لە ماوەی هەفتەیەکدا زیانی بە چوار ماڵە مەڕدار گەیاندووە و پەلاماری نزیکەی 200 سەر مەڕ دراون، مەڕدارەکان دەڵێن زیاتر لە سەدەیەکە بە و شێوەیە گورگ زیانی لێ نەداون و زۆر نەبوون.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- دووەمین کۆنفرسانی گەنجانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دروشمی بە پێشەنگایەتیی گەنجان، بەرەوە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی فرە ڕەنگ و دیموکراتیک لە کۆبانێ لەڕۆژی 3هەمین-ی خۆیدا ئێوارەی ئەمڕۆ کۆتایی هات. لە کۆنفرانسەکەدا ئەنجومەنی گەنجانی شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵاتی دامەزرا.[2]
- بە گوێرەی زانیارییەکان، یەکینەتایبەتەکانی قەسەدە لە ناوچەی باغۆز-ی دێرەزۆر هەزار سیڤیلی دیکەیان لە دەستی چەتەکانی داعش ڕزگار کردووە و لە ناوچە ئارامەکان جێگیریان کردوون. لە لایەکی دیکەوە قەسەدە ڕاگەیەنراوێکی بڵاوکردەوە و ئاشکرای کرد، 3 شەڕڤان کە کۆتایی ساڵی 2018 لە لایەن چەتەکانی داعشەوە بە دیل گیرابوون، ڕزگار کراون. ئە و شەڕڤانانە بە چەپڵە و تی لی لی لە لایەن هاوڕێکانیانەوە پێشوازییان لێ کرا.[2]
دەرەوەی کوردستان
- کۆشکی سپی ڕایگەیاند، ئەمریکا تەواوی هێزە سەربازییەکانی لە سوریا ناکشێنێتەوە، بەڵکو بەشێکی کەمیان لەو وڵاتە دەهێڵێتەوە، کە نزیکەی 200 سەرباز دەبن.[5]
- سیاسەتمەداری کورد مەحموود کایا کە خەڵکی شاری چەولیک-ی باکووری کوردستانە و لە مانگی حوزەیرانی 2018 لە شاری دۆسلدۆرفی ئەڵمانیا لە لایەن پۆلیسی ئەڵمانیا دەستگیرکرابوو، ئەمڕۆ بەمەرج ئازاد کرا.[2]
- نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی سیڤیل، ڕۆشنبیر، سیاسەتمەدار، ئەکادیمیسیەن و حقووقناسان لە شاری دۆرتمۆندی ئەڵمانیا کۆبوونەوە و بۆ کۆتایی هێنان بە گۆشەگیریی سەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان و پشتگیری کردن لە مانگرتنەکانی دژ بە گۆشەگیری، پلاتفۆڕمێکیان دامەزراند. (پلاتفۆڕمی ژیان لە دژی گۆشەگیری) بە و مەبەستەی وەڵامی داواکارییەکانی مانگرتوان بدرێتەوە، لە ئاستی ئەورووپادا کاری دیپلۆماتی و سیاسی دەکات.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: دوکان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: وان
Quick Respons Code:

📚سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 22-02-2019
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 22-02-2019
[3] 📡ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 22-02-2019
[4] 📡ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 22-02-2019
[5] 📡ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 22-02-2019

کاتی تۆمارکردن: PM 2:15:28 2019-01-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 54

**2019-02-23**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190102141528182393




باکووری کوردستان
- پۆلیس وجندرمەی تورک لە چوارچیوەی ئۆپەراسیۆنی قرکردنی سیاسیدا لە وان و ناوچەی باشکالای وان هەڵیان کوتایەسەرماڵی هاووڵاتیان و لە وان 8 کەس و لە باشکالای 4 کەسیان دەستگیرکرد.[2]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- زیندانییەکی کورد بە ناوی سەلاح شەریف زادە لە زیندانی ناوەندیی ورمێ بۆ زیندانی خەلخاڵ لە پارێزگای ئەردەبێل ڕاگوێزرا.[5]
باشووری کوردستان
- کاتژمێر 05:00ی بەیانی ئەمڕۆ، تەرمی ژنێک براوەتە نەخۆشخانەی شارۆچکەی سەید سادق-ی سەربە پارێزگای سلێمانی، کە بە پەت خنکاوە و هێشتا هۆکارەکەی نازاندرێت.[1]
- کۆمیتەی بەرگریی لە رۆژنامەنووسان CPJ ئیدانەی دەستگیرکردنی رۆژنامەنوس شیروان شیروانی دەکات کە بەبێ ئەوەی هیچ تۆمەتێکی ئاراستە بکرێت دەستگیرکراوە، داواشیکرد دەستبەجێ ئازاد بکرێت.[4]
- بۆ یەکەمجار لە دوای فەرمانەکەی 3ی ئابی 2014وە، هونەرمەندان و رۆشنبیرانی ئێزدی لە ناوچەی سنوونێ-ی سەر بە شەنگال، یەکەمین فێستیڤاڵی کلتوریيان بەرێوەبرد و بە دەیان هۆنەرمەند و میوان تێیدا بەشدارییان کرد. فێستیڤاڵەکە لە هۆڵی هێژیر لە ناوچەی سنوونێ بەرێوەچوو، جەلۆ شەنگالی، کالۆ گرنووز و دەیان هۆنەرمەندی دیکە لەوێ ئامادە بوون.[1]
- دژی هاوردەکردنی ئاژەڵ لەدەرەوەی هەرێم، ئاژەڵدارانی سنوری پارێزگای هەولێر گردبوونەوە و داوایانکرد هاوردەکردنی ئاژەڵ سنووردار بکرێت.[1]
- لە ڕووداوێکی تەقەکردندا لە کۆمەڵگای شکارتەی سەربە شارەدێی سەروچاوە لە سنوری شارۆچکەی ڕانیە، دوو کەس تەقەیان لە کوڕ و باوکێک کرد و بە هۆیەوە باوکەکە گیانی لەدەستدا و کوڕەکەش بریندار بوو.[1]
رۆژئاوای کوردستان
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە گوندی برج حەیدەر-ی شێراوای عەفرین تەقینەوەیەک ڕوویدا، بەڵام لە بارەی زیانەکانەوە زانیاری لەبەردەست نییە.[2]
دەرەوەی کوردستان

- وەزیری بەرگریی تورکیا دەڵێت، لە کۆبوونەوەکانیاندا لەگەڵ هاوتا ئەمریکییەکانیان لە واشنتن، جەختیان لەوە کردووەتەوە، نابێ یەپەگە و پەکەکە لە ناوچەی ئارامی سووریادا بن.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

شار و شارۆچکەکان: شنگال

شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)

شار و شارۆچکەکان: ئەفرین

شار و شارۆچکەکان: رانیە (راپەرین - پشدەر)

شار و شارۆچکەکان: ورمێ

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: وان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-02-23

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-02-23

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-02-23

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-02-24

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-02-24


کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02 2:15:28 PM

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 55

**2019-02-24**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190102141528182394


مالئاوایی لە خۆرێکی نیشتمان

رووناک نوری

ئادرەس و کات:

Plaats: Sumatraweg 22
1335JM Almere
Datum: Zondag 24 februari 2019 ... tijd 13:00 tot 16:00 uur
Tel: -31614733501

باکووری کوردستان
- ڕۆژنامەوان و شێوەکار زەهرا دۆغان کە بەهۆی سازکردنی هەواڵ و شێوەکارییەکانی دەربارەی دڕندەیی دەوڵەتی تورک لە نسێبین دەستگیرکرابوو، ئەمڕۆ ئازاد کرا.[1]
- 3 کەس بە ناوەکانی س.د، ب.ب و م.ک لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی بەشی (دژەتێرۆر)ی فەرمانداریەتی جەندەرمەی ئامەد لە شارەکانی ئێزمیر، چاناککالە و ئیستەنبووڵ دەستگیر کران و ڕەوانەی دادگەی ئامەد کران. دادگەکەی دەوڵەتی تورک بە تۆمەتی (ئەندامەتیی ڕێکخستن) بریاری زیندانی کردنی بۆ س.د و م.ک دەرکرد. کەسەکەی دیکەش بە مەرجی کۆنترۆڵی دادی ئازاد کرا.[1]
- ئەمڕۆ لەبەردەم 'شاروانی 3' لە شاری هەولێر، ژمارەیەک لە دانیشتووانی گەڕەکی هەولێری نوێ، بە هۆی نەبوونی خزمەتگوزاریی ڕێگاوبان و کەمی ئاو و کارەبا، گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- شەش لاوی خەڵکی گوندی هانەگەرمەڵەی شاری پاوە، لە لایەن مەئموورانی حکوومەتییەوە دەسبەسەر کراون. سەرچاوەیەکی ئاگادار شوناسی ئەو شەش هاووڵاتییە کوردەی بە ناوەکانی هونەر محەممەدی، مەجید لەهۆنی، هەژیر قادری، دیار بەکری، میلاد محەممەدئەمینی و بەهمەن ڕەحمانی ڕاگەیاندووە. ئەو سەرچاوەیە هەروەها دەڵێت: ئەو شەش هاووڵاتییە کوردە، لە لایەن مەئموورانی حکوومەتییەوە لە کاتی دەسبەسەر کردنیاندا، ئازار ئەشکەنجە دراون و لەو پەیوەندییەدا، هونەر مەجیدی لووتی بریندار و مەجید لەهۆنی لاقی بە بریندار بووە. ئەو شەش هاووڵاتییە کوردە، پاش دەسبەسەر کردنیان بۆ کلانتەری شاری نۆدشە ڕاگوێزراون.[6]
- هێزە چەکدارەکانی ڕژیمی ئێران لەسەرسنووری دەستکردەکانی نێوان باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوچە سنوورییەکانی خوی گرووپێک لە کۆڵبەرانیان داوەتە بەر دەسترێژی گوللە و لە ئەنجامی ئەو هێرشە کۆڵبەرێک بە ناوی مەجید عەزیمی کە تەمەنی 26 ساڵە بە سەختی بریندار بووە.[1]
باشووری کوردستان
- لە ئەنجامی داڕوخانی سەقفی بینای فەرمانگەیەکی حکومی لە هەڵەبجە 14 کرێکار برینداربوون و بەرپرسێکی تەندروستیش رایدەگەیەنێت: زۆربەی برینەکان شکاوییە و مەترسی لەسەر ژیانیان نییە.[4]
- لەیلا عەلی خان هاوسەری تاکور زەردەشتی و یەشاری کوڕی، بۆ بەدواداچوون لە دۆخی چالاکوان تاکور زەردەشتی، کە ماوەی 27 ڕۆژە لە ڕەشبگیرییەکەی دهۆکدا دەستگیرکراوە و تا ئێستا لە زینداندایە، سەردانی نوێنەرایەتی سلێمانی ڕێکخراوی خاچی سووری نێودەوڵەتییان کردووە.[2]
- چەند ڕۆژێکە بەهۆی داواکردن بۆ دامەزراندن لە کارگەیەکی گوندێکی سەر بە شارەدێی بازیانی سنوری پارێزگای سلێمانی پشێوی لەنێوان دانیشتوانی گوندەکە و بەرپرسانی کارگەکە دروست بووە و تەقەش لە کارگەکە کراوە و بەڕێوبەری شارەدێی بازیانیش دەڵێت: گرفتەکان چارەسەرکراون.[4]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە گوندی خەربەندەلووی سەر بە شارۆچکەی ئاخجەلەر لە سنووری شارۆچکەی چەمچەماڵ کچێک بەناوی (ک.ئ.م) تەمەن 21 ساڵ بە گوللەیەک کۆتای بە ژیانی خۆی هێنا.[5]
- نیوەڕۆی ئەمڕۆ ژنێک بە ناوی (م، ع، ق)، لەدایکبووی ساڵی 1951 لە ماڵەکەی خۆی لە گەڕەکی شەهیدانی ئازادی لە شاری سلێمانی، بە چەقۆ خۆی بریندار کرد، دوای گەیشتنی هێزەکانی بنکەی پۆلیسی ئازادی و تیمەکانی بەشی پۆلیسی بەڵگەی تاوان، کەشف و هێڵکاری شوێنی ڕووداوەکە کرا و بریندارەکە بۆ نەخۆشخانە گواسترایەوە، بەڵام بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گیانی لەدەستدا.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەوی رابردوو، لە کۆگەی بوتڵی غاز لە کەمپی هۆلێی باشووری شاری حەسەکە تەقینەوەیەک

ڕوویدا. بە و هۆیەوە 14 کەس بریندار بوون.[1]
- شەوی ڕابردوو سوپای تورک بە قووڵایی پێنج کیلۆمەتر لەسەر سنووری کۆبانێ لە ڕۆژئاوای کوردستان، تۆپبارانی گوندی زۆرئاڤای کرد.[2]
دەرەوەی کوردستان
- فەوزی ئەتروشی بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری عێراق، بەهۆی جەڵتەی دڵەوە لە بەغداد کۆچی دوایی کرد.[3]
- بەبۆنەی 21ی شوبات ڕۆژی جیهانی زمانی دایکی بە دەسپێشخەری ئەنیستیتۆی کوردو پلاتفۆرمی یارسان لە شاری ستۆکهۆڵم-ی سوید دەربارەی مێژوو و ئایینی یاری (یارسان)سمینارێک بەڕێوەچوو.[1]
- نرخی تمەن بەرامبەر دۆلار تادێت بەرەو دابەزین دەڕوات و لە ئێستادا هەر دۆلارێک بەرامبەر 13 هەزار و 700 تمەن مامەڵەی پێوەدەکرێت.[4]
- ڕژێمی ئێران ڕایگەیاند، لە چوارچێوەی تاقیکردنەوەی سەربازیدا لە کەنداوی هورمز، مووشەکێکی ژێردەریایی بەشێوەیەکی (سەرکەوتوو) تاقی کردووەتەوە.[1]
- لە کۆنفرانسی نێونەتەوەیی گەلاندا کە لە ڤەنزوێلا لە لایەن بزووتنەوەی گوندنشینانی بێخاک ساز کراوە، یادی ژنەشۆڕشگێری کورد ساکینە جانسز کرایەوە.[1]
- لە کۆنگرەی پارتیی چەپی ئەڵمانیادا لە شاری بۆن، پشتگیری بۆ بەرخۆدانی مانگرتوان ڕاگەیەنرا. هاوکات هاوشارەداری جزیر لەیلا ئیمرەت لە کۆنگرەکەدا گوتەیەکی پێشکەش کرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ حەسەکە
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ کۆبانێ
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ هەڵەبجە
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ چەمچەماڵ
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏢 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ پاوە (هەورامان)
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ دهۆک
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-02-24
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-02-24
[3] ⬤ دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-02-24
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-02-24

[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردیا - 2019-02-25

کاتی تۆمارکردن: PM 2:15:28 2019-01-02


ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 56

**2019-02-25**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190102141528182395



ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- ئارام بەهرامی تەمەن 30 خەڵکی شاری سەقز، پاش یەک حەوتوو لە دەسبەسەری، لە گرتنگەی ئەو شارە بە شێوەی کاتی ئازاد کرا.[6]
- دادگاییکردنی سێ چالاکی کرێکاری بە ناوەکانی ئارمین شەریفە، جەمیل شەهابی و یەدووڵا سەمەدی لە لقی چواری دادگای پێداچوونەوەی شاری سنە بەڕێوەچوو.[6]
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی عەلی ئەڵلاوەیسی تەمەن 45 ساڵ خەڵکی گوندی کۆرکۆرە سەر بە شاری سنە لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا. ئەو هاووڵاتییە کوردە بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بۆ لێپێچینەوە ڕەوانەی گرتنگە کراوە.[6]

باشووری کوردستان

- لەتیف شێخ عومەر وتەبێژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رایگەیاند: یەکێتی سوورە لەسەر هەڵوێستەکانی و بەپێی ئە و پرۆژەیەی پێشکەشمان کردووە، تا چاکسازی سیاسی نەکرێت بەشداری کۆبوونەوەی پەرلەمان ناکەین. وتیشی: بڕیارە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان کۆببینەوە، بەڵام تا ئێستا کاتەکەی دیاری نەکراوە.[2]
- بەڕێوەبەری نووسینگەی ڕزگارکردنی ڕفێنراوانی ئێزدی لە دەستی داعش، رایگەیاند: 14 منداڵ لە گوندی باغۆزی سوریا لە دەستی داعش ڕزگارکراون.[3]
- بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی دەستگیرکردنی 47 تۆمەتباری لەلایەن مەفرەزەکانی بەشی پۆلیسی چەمچەماڵەوە راگەیاند.[2]
- ئاسایشی گەرمیان دەستگیرکردنی تیرۆریستێکی لە سنوری شارۆچکەی دەربەندیخان ئاشکرا کرد کە بەڕەگەز عەرەبە و لەگەڵ سێ گروپی تیرۆریستی لە عێراق کاری کردوە و لە کاتی ئەنجامدانی کردەوەیەکی تیرۆریستیش چاوێکی لەدەستداوە.[3]
- پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ لە بینای سەرای شاری سلێمانی بە ئامادەبونی شێوەکاران کۆمەڵێک لە گەنجانی شاری سلێمانی پێشانگایەکی هاوبەشی شێوەکاریان کردەوە. ئەم کۆمەڵە گەنجە لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە یەکتریان ناسیوە، هەڵی ئەوەیان بۆ خۆیان ڕەخساندووە کە پیکەوە ئەم پیشانگایە بکەنەوە. لە پێشەنگاکەدا زیاتر لە 40 تابلۆ نمایشکرابوو، کە هەندێک لە تابلۆکان پۆترەیتی کەسایەتییەکان بوون و هەندێکیشیان کێشانەوەی شێوەژیانی کەلەپوری کوردەواریی بوون.[5]
- بەمەبەستی پەرەپێدانی کەرتی تایبەت و داڕشتنی نەخشەڕێگەیەک بۆ کەرتی تایبەت کۆڕبەندی هاوبەشی نێوان یەکێتی ژوورە بازرگانییەکانی هەرێم و ڕێکخراوی (undp) لە هەولێر ئەنجامدەدرێت.[3]
- بەهۆی ڕووداوێکی ئاگرکەوتنەوە لە ماڵێک لەنێو سەنتەری شارۆچکەی ئاکرێ، دایکێک و دوو منداڵی سووتان و گیانیان لەدەستدا.[4]
- ئەمڕۆ لە ماجدی مۆڵ لە شاری سلێمانی، پێشانگایەکی کاری دەستی بۆ 25 گەنجی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، لە هەر دوو نەتەوەی کورد و فارس کرایەوە. ئەو پێشانگایە 18جۆر بابەتی لە خۆ گرتبوو، لەوانە جۆرەکانی ئامێری میوزیک، کەلوپەلی جوانکاری ناوماڵ، دارتاشی، مس، خاتەمکاری و شیرینی و چەند جۆرێکی دیکە، 25 کەس تێیدا بەشدارن کە چوار کەسیان

ژنن.[5]
- ناسر یاگز دوای لەیلا گیوڤەن لەبەرخۆدانێکی هەرە درێژماوەدایە. یاگز 97 ڕۆژە دەستی داوەتە مانگرتن لە خواردنی بێسنوور. لەم هەفتانەی داوییدا دۆخی تەندروستی ناسر یاگز هەتاکو دەڕوات خراپتردەبێت. یاگز ناتوانێت بخەوێت و لەسەر جێگەکەی خۆی ڕابێت.[1]
- ئاسایشی ڕاپەڕین، دەستگیرکردنی 16 کەسی بەتۆمەتی بەکارهێنان و بازرگانیکردن بەماددەی هۆشبەرەوە ڕاگەیاند.[5]
- لە گەڕەکی ڕزگاری شەڕ لەنێوان دوو ماڵە درواسێ دروستبووە و پەرەیسەندوە بۆ شەڕە گوللە و بەهۆیەوە کەسێک کوژراوە و یەکێکی دیکەیش بریندارببووە. کوژراوەکە ناوی (چاودێر فریاد زەنگەنەیە) و کارمەندی ئاسایشی یەکێتییە لە کەرکوک.[3]
- پیشانگەیەکی تایبەت بە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئاشوری لە شارۆچکەی سۆران کرایەوە و تیایدا بەشێکی زۆری ئە و ڕۆژنامە و گۆڤارانە نمایشکران کە لە سەدەکانی رابردوودا بە زمانی ئاشوری دەرچوون.[3]
- وەزیری نەوتی عێراق ئاشکرایدەکات: تائێستا هیچ برە نەوتێکی هەرێمیان رادەستنەکراوە و دەشڵێت: ڕۆژانەش 80 هەزار بەرمیل نەوتی کەرکوک بە بۆری هەناردەی تورکیا دەکرێت.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- مەزاری شێخ حامید لە گوندی قەستەل جندۆ-ی سەر بە ناوچەی شەرا لە عەفرین، شوێنێکی پیرۆزی کۆمەڵگەی ئێزدییە. سوپای تورکی داگیرکەر و گرووپە چەتەکانی کە عەفرینیان داگیرکردووە، پەلاماری مەزارەکەیان دا و وێرانیان کرد.[1]
- لەمیانەی ئە و رێکەوتنەی لەنێوان هەردوولادا هەیە، شەرڤانانی سوپای سوریای دیموکرات 20 چەکداری داعشی بیانی رادەستی حکومەتی عیراق دەکەن.[2]
دەرەوەی کوردستان
- ئەنجومەنی ژنانی شەهید ڕۆناهی لە شاری هانۆڤەری ئەڵمانیا شەشەمین کۆنگرەی خۆی ساز کرد. لە کۆنگرەکەدا پەیامی بزووتنەوەی ئازادیی ژنانی ئێزدی (TAJÊ)، ئەنجومەنەکانی ژنانی گوڵان گولۆ، ئارین میرکان و بارین کۆبانێ خوێندرانەوە. دواتر هاوگوتەبێژ و ئەندامانی کۆمسیۆن هەڵبژێردران.[1]
- ژمارەیەک لە گەنجانی کورد بەئامانجی ئیدانەکردنی بێدەنگی سی پی تی لەهەمبەر چالاکانی مانگرتوو لە خواردن کە زیاتر لە 3 مانگە لەدژی گۆشەگیری سەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەستیان داوەتە مانگرتن، لەبەردەم ئەو ڕێکخراوەیەدا دەستیان بەچالاکی کرد و بێدەنگی ئەورێکخراوەیان بەتووندی ئیدانەکرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ئاکرێ
شار و شارۆچکەکان: رانیە (راپەڕین - پشدەر)
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-02-25
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-02-25
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-02-25
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-02-25
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-02-25
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-02-26

کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02 2:15:28 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 57
**2019-02-26**
https://www.kurdipedia.org/?q=20190102141528182396



باکووری کوردستان
- 4 کەس لە و 11 کەسەی رۆژانی رابردوو لە لایەن پۆلیسی تورکیا لە سنووری شاری بەدلیس دەستگیر کران، بریاری زیندانی کردنیان بۆ دەرکرا. ئە و کەسانەی زیندانی کران بریتین لە، گەنج مالگر چاکماک هاوژینی کاندیدی پارتیی دیموکراتیی گەلان (هەدەپە) بۆ هاوشارەداری تاتوان، جاهید کاچان، عیسا ئەرکۆچ و کەسێکی دیکە کە ناوی نەزانرا.[4]
- بە تۆمەتی (کەمکردنەوە لە ئەردۆغان) سزای ساڵێک و 6 مانگ زیندانی کردن بەسەر فیگەن یوکسەکداغ-دا سەپێنرا.[4]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی محەمەد سادق ئەحمەدی نیا خەڵکی شاری سنە، بانگهێشتی لقی چواری لێپرسی دادسەرای گشتیی و ئینقلابی ئەو شارە کرا. لێپرسی دادسەرای گشتیی و ئینقلابی شاری سنە، هۆکاری بانگهێشت کردنی ئەو هاووڵاتییە کوردەی بە تۆمەتی بێڕێزی بە رێبەری حکوومەتی ئێران لە رێگای وتار لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و بێڕێزی بە ئیمام حوسێن ڕاگەیاندووە.[5]
باشووری کوردستان
- کۆبوونەوەی نائاسایی پەرلەمانی کوردستان دەستپێکرد و ئەندامانی لیژنەی یاسایی هەڵبژێردران، فراکسیۆنی یەکێتی بەشداری نەکرد.[1]
- فەرماندەیەکی سوپای عیراق ڕایگەیاند یەکێک لە ناوچەکانی موسڵ ئێسک و پروسکی 23

هاووڵاتی ئێزدیان دۆزیوە کە بە دەستی داعش کوژراون.[2]
- ناسر یاگز، ماوەی 97 ڕۆژە دژی گۆشەگیریی سەر ئۆجالان، لە شاری هەولێر مانی لە خواردن گرتووە، بەڵام باری تەندروستی دووبارە تێکچووە و گەیەندرایە نەخۆشخانە.[3]
- درەنگانی شەوی ڕابردوو سوپای تورکیای داگیرکەر لە ڕێی تۆپخانە و فڕۆکەی جەنگی، چەندین شوێنیان لە سنووری ناوچەی برادۆست بۆردومان کرد. بە گوێرەی زانیارییەکان، بۆردومانەکە هەریەک لە گوندەکانی بێسنۆک و دەوروبەری، گوندی لێلیکان و گەرووی سێگرکان و گوڕەشانی گرتووەتەوە. زیان بە ژینگە و سرووشتی ناوچەکە گەیشتووە. گولەتۆپێک لەنێو گوندی گوڕەشان کەوتووە و زیانی ماددی لێکەوتووەتەوە. هاوکات بەردەوام فڕۆکەی سیخووڕیی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر بەسەر ئاسمانی ناوچەکەدا دەسوڕێنەوە.[4]
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری پارێزگای سلێمانی، لە شاری چەمچەماڵ دووەمین دیداری لەتیف حامید ئەدیب و چیرۆکنوسی بەناوبانگی کورد بەڕێوەدەبات.[1]
- بەهۆی زۆری ڕێژەی دەرنەچوونیان، خوێندکارانی بەشداربووی تاقیکردنەوە دەرەکییەکان لە کەرکوک گردبوونەوە و داوادەکەن پێداچوونەوە بە نمرەکانیاندا بکرێت.[3]
- لە دیوەخانی سەرا لە شاری سلێمانی، هاوڵاتییەک بەناوی بورهان محەمەد، بە جلە کوردییەکانی خۆی پێشەنگایەکی جلوبەرگی کوردی کردەوە، ئەو تەنها ئەو جلە کوردییانەی خۆی نمایش کرد، کە چەندین ساڵە دەیانکڕێت و لەبەریان دەکات.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- دوو هەزار هاوڵاتی مەدەنی و بنەماڵەی چەتەکانی داعش لە سنووری گوندی باغۆز و دەورووبەری، خۆیان گەیاندە هەرێمە ڕزگارکراوەکانی دەست شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات.[3]
- هێزە داگیرکەرەکانی دەوڵەتی تورک لەنێوان گوندەکانی ئەردائ و فەقیران لەسەر سنووری شارۆچکەی دربێسیێ-ی سەر بە کانتۆنی حەسەکە دەسترێژی گولەیان لە خێزانێک کرد. لە کۆمەڵکوژییەکەی دەوڵەتی تورکدا 4 هاوڵاتیی سیڤیل کوژران کە سیانیان ژنن.[4]
دەرەوەی کوردستان
- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ، ڕەزان سارجا فایک، ئوزگور ئە ڕۆل، نەڤرۆز ویسال و جەنگیز یورەکلی لە پارێزەرانی ڕێبەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆ 793مین جار سەردانی دۆزگەری گشتی تورکیان لە شاری بورسای تورکیا کردەوە، بەو مەبەستەی مۆڵەتیان پێبدات تا لە سەردانی دورگەی ئیمرلی بکەن و لەوێ چاویان ئۆجالان بریگرتەیان بکەوێت.[4]
- شارەوانیی چوێزی لی روا-ی شاری پاریسی پایتەختی فەڕەنسا گوڵتان کشاناک هاوسەرۆکی شارەوانیی گەورەی ئامەد خەڵات دەکات.[4]
- ئامینە کاکە باوە پارلەمانتاری سوید تاوان و داگیرکاری و کۆمەڵکوژیەکان کە ڕژێمی تورکیا دژی گەلی کورد ئەنجامی داون و دەستگیرکردنەکانی بادینان دەباتە پارلەمانی سوید و گفتوگۆیان لە سەر دەکرێت.[4]
- لە شاری ڤیەنای پایتەختی نەمسا گرووپێک لە نەژادپەرستانی تورک هێرشیان کردە سەر تیمێکی تۆپی پێی کوردان.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏣 پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
🏣 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏣 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
🏣 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ بەدلیس
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: ◯ حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە
شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد
شار و شارۆچکەکان: ◯ موسڵ و دەشتی نەینەوا
شار و شارۆچکەکان: ◯ چەمچەماڵ
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ⬤ دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | [تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن]
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری یوک میدیا - 2019-02-26]
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-02-26]
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-02-26]
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری کوردیا - 2019-03-01]

کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02 2:15:28 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 58

**2019-02-27**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190102141528182397




باکووری کوردستان
- لە بەردەوامی ئۆپەراسیۆنی قرکردنی سیاسی لەتورکیا، بەرەبەیانی ئەمڕۆ پۆلیسی تورک هەڵیکوتایە سەر 6 گەڕەکی ناوچەی تاتوسێ-ی ئەرزڕۆم و لە ئەنجامدا 10کەسی دەستگیرکرد. ناوی ئەوکەسانەی کە دەستگیرکراون بریتین لە، سەنول سوڤارێگولو، زەکەریا کالدر ئەندامی مەجلیسی شارەوانی هەدەپە، یوکسەل کەکالدر، عەلی ساین، فەرهاد گووڵ، ئوندر ئوزون، سوات کانماز، عەبدوڵا کانماز و ئوزال سەیهان وکەسێکیبتر کە ناوەکەی هێشتا ئاشکرا نەکراوە..[2]
- بەرەبەیانیی ئەمڕۆ پۆلیسی تورکیا هەڵیکوتایە سەر بینای پارتیی دیموکراتیی گەلان (هەدەپە) لە ناوچەی نازلّلی سەر بە شاری ئایدن. هێزەکانی پۆلیس گەمارۆی بیناکەیان دا و چوونە نێو بیناکە و دەستیان بە گەڕان و پشکنین کرد. دەستیان بەسەر زۆر کەلوپەلی نێو بیناکەدا گرت و هاوسەرۆکی هەدەپە لە ناوچەکە سینان بایراک-یان دەستگیر کرد. بە گوێرەی زانیارییەکان ناوبراو گوازراوەتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی ناوچەکە.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەپێی ڕاپۆرتی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، زیاتر لە 35 لاوی خەڵکی گوندی نێ، بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری مەریوان کران و هێزە ئیتلاعاتییەکان هەڕەشەیان لێکردوون لە بەشداری کردن لە کردنەوەی ئاگری نەورۆز خۆببوێرن.[4]

باشووری کوردستان
- بە ئامانجی دەرخستنی تواناکانی ژنان، زانکۆی ڕاپەڕین، فیستیڤاڵێکی بۆ خوێندکارە کچە بەهرەمەندەکات ڕێکخست، کە تێیدا چەندین نمایشی کلتوری کوردی ئەنجامدرا و هەروەها هۆندراوە و گۆرانی پێشکەشکران.[3]
- دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ، لەسەر مەزارەکەی لە شاری سلێمانی، ئاژانسی ڕۆژنییوز مەراسیمێکی بە بۆنەی سێیەمین ساڵیادی کۆچی دوایی ڕۆژنامەنووسی ئاژانسەکە، شۆڕش مستەفا عەلی ڕێکخست. لە مەراسیمەکەدا، ژمارەیەکی بەرچاو لە خانەوادە و کەسوکاری شۆڕش مستەفا و ڕۆژنامەنووسان و ژمارەیەک لە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەریی تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان ئامادەیبوون.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- چەتەکانی داعش و هاوڵاتیانی مەدەنی کە لە باغۆز هەڵهاتوون، بەلێشاو خۆیان گەیاندە خاڵەکانی پشکنینی شەڕڤانانی قەسەدە. بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی فوراتنیوز، شەڕڤانان دوای ئەوەی بەوردی کۆنترۆڵیان دەکەن دەیانگوازنەوە بۆ کامپی تایبەت. بەپێی زانیاریی و ڤیدۆی ئاژانسەکە، لەگەڵ هاوڵاتیانی مەدەنیدا بەسەدان چەتەی داعش خۆیان ڕادەستی قەسەدە کردووە.[3]
دەرەوەی کوردستان
- سەرچاوەکان باس لەوەدەکەن کە چەند سیاسییەکی دیاری ئاکەپە نیازی جیابوونەوە و دامەزراندنی حزبێکی نوێیان هەیە. ئەردۆگان ئەمە بە خیانەت ناوزەد دەکات.[1]
- کوردستانیان و دۆستانیان لە شارەکانی ڕۆژئاوای فەرەنسا، ناوەڕاستی ئەڵمانیا، سویسرا، هۆڵەندا و چەندین شاری دیکەی ئەورووپا، بەیانیی ئەمڕۆ ڕوویان لە برۆکسلی پایتەختی بەلجیکا کرد. بەمەبەستی سازکردنی خۆپیشاندانێکی بەرفرەوان بۆ بەردەم پەرلەمانی ئەورووپا. خۆپیشاندانەکە بەمەبەستی پشتگیری کردن لە مانگرتوانی دژ بە گۆشەگیریی سەر ئیمراڵی، بە سەرپەرشتی کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتیی کوردستانیانی ئەورووپا (KCDK-E) ساز کرا و ئاپۆڕای خۆپیشاندەران دانی نیوەڕۆ لە ناوەڕاستی شارەکەوە دەستیان بە خۆپیشاندان کرد.[2]
- لە شاری یۆتەبۆریی سوێد دەستپێشخەریی ژنان یەکەمین کۆنگرەی بەست و کۆمینی ژنانی سەمای دامەزراند. هەروەها بۆ یادی فاتۆش ساگلامگۆز (سەما) کتێبخانەی شەهید سەما کرایەوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: ئەرزەروم
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: رانیه (ڕاپەڕین - پشدەر)
Quick Respons Code:

📋سەرچاوەکان
[1] ⚫دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-02-27
[3] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-02-27
[4] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-02-27

کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02 2:15:28 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 59

**2019-02-28**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190102141528182398



باکووری کوردستان
- پارێزەرانی ڕێبەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان مەبەستی چاوپێکەوتن لەگەڵ ئۆجالان جارێکی دیکە داواکارییان پێشکەشی سەرۆکایەتیی داواکاری گشتیی شاری بوورسا کرد.[3]
- ماوەی چوار ڕۆژە بەفر بەشێوەیەکی چڕ بەشی ڕۆژهەڵاتی باکووری کوردستانی گرتووەتەوە. بەهۆی بەفربارین و ڕەهێڵەوە ڕێگای 737 گوند و یەکەی نیشتەجێبوون لە ئەرزەڕووم، 351 گوند لە ئاگری، 160 گوند لە ئەرزینجان، 150 گوند لە دێرسم، 52 گوند لە ئیدر و 50 گوند لە قارس داخران.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- سیمین چایچی، شاعیر و داکۆکیکار لە مافی ژنان، خالید حوسێنی و موزەفەر ساڵح نیا، چالاکی کرێکاری و ئەندامی هاوئاهەنگی بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان، بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنە کران و لێپرسینەوەیان لەگەڵ کرا.[6]
باشووری کوردستان
- دوای چوار ساڵ لە ڕفاندنیان ئەمڕۆ ژنێک و سێ منداڵی ئێزدی شنگال لە سوریا ڕزگارکران کە لە سەرەتای هێرشەکانی داعش بۆ سەر ئە و شنگالرفاندبوونی.[2]
- لە ئەنجامی دوو تەقینەوە، لە شاری موسڵ 18 کەس بوونە قوربانی کە چواریان چەکداری حەشدی شەعبی بوون.[2]
- ئەمڕۆ لە هەڵەبجە مەراسیمی ڕێزلێنان و پەردەلادان لەسەر پەیکەری مامۆستا حەکیم مەلا ساڵح بەڕێوەچوو، لە مەراسیمەکەدا چەندین کەسایەتی و ڕۆشنبیر و ڕێکخرا و نوێنەری زۆربەی حزب و لایەنە سیاسییەکان ئامادەبوون.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- گوتەبێژی هەڵمەتی گەردەلوولی جزیر لیلوا عەبدولا ڕایگەیاند، داعش لە ڕووی سەربازییەوە لە سووریا کۆتایی پێهاتووە.[3]
- هێزەکانی سوریای دیموکراتی-قەسەدە ئاشکرای کرد: لە باغۆز گورزی قورس لە داعش دراوەتەوە و 24 شەڕڤانمان کە بە دیلی کەوتبوونە دەستی چەتەکانی داعش لە باغۆز ڕزگارمان کردوون.[3]
- هێزەکانی سوریای دیموکرات ڕایانگەیاند: لە ناوچەی باغوس گۆڕێکی بەکۆمەڵیان دۆزیوەتەوە کە پێدەچێت ئە و ئێزیدیانە بن کە پێشتر تیرۆرستانی داعش لەشەنگال و دەوروبەری ڕفاندویانن و لەوێ کردونیانەتە ژێر گڵەوە.[5]
دەرەوەی کوردستان
- ڕێپۆرتەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری ئێران، دووەمین ڕاپۆرتی خۆی لەسەر دۆخی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران پێشکەشی ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ لە ڕێکخراوی نەتەوە

یەکگرتووەکان کرد، تێیدا ئاماژەی بەوەداوە، کە ئێران بەردەوامە لە پێشلکاری مافەکانی مرۆڤ و لە سێدارەدانی مێردمنداڵان.[1]
- بە سەرپەرشتی سازمانی بەلجیکا بۆ رێگرتن لە تاوانەکانی قڕکردن و نکۆڵی، Women For Justîce، UGAP Europe و ناوەندی کۆمەڵگەی یەهوودیی لائیک داڤید سوسکیند کۆنفرانسێک لە پەرلەمانی برۆکسل دەربارەی تراژیدیای ئێزدییەکان ساز کرا. نوێنەرانی رێکخراوەکانی گەلانی ئەرمەنی، ئاشووری و توتسی ئامادە بوون کە ئەوانیش رووبەرووی قڕکردن و جینۆساید بوونەتەوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| شار و شارۆچکەکان: | شنگال |
| شار و شارۆچکەکان: | موسڵ و دەشتی نەینەوا |
| شار و شارۆچکەکان: | قارس |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەرزینجان |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەرزەروم |
| شار و شارۆچکەکان: | دێرسیم |
| شار و شارۆچکەکان: | هەڵەبجە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-02-28
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-02-28
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-02-28
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-02-28
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-02-28
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-02-28

کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02 2:15:28 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 60

**2019-03-01**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190102141528182399



باکووری کوردستان
- بنەماڵەی ئۆجالان بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئۆجالان سەردانی داواکاری گشتییان کرد.[1]
باشووری کوردستان
- هاوڵاتیانی ئێزدی کە لەلایەن شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات- قەسەدەوە لەدەستی چەتەکانی داعش ئازادکرابوون، ئەمڕۆ لەلایەن ماڵی ئێزدیانی هەرێمی جزیرەوە بە ئامادەبوونی فەرماندەکانی قەسەدە ڕادەستی خۆبەڕێوەبەری شەنگال کران، ئەو ئێزدیانەی ئەمڕۆ دەربازی شەنگال بوون، سێ ژن و 18 منداڵن.[5]
- لەئەنجامی بۆردومانی تۆپخانەکانی سوپای تورکیای داگیرکەر لەسەرسنوور، دارستان، باخ ومەزرای هاووڵاتیانی گوندی خەلیفان-ی برادۆست ئاگری گرتووە و زیانێکی زۆری لەهاووڵاتیان دا.[3]
- کچێکی تەمەن 29 ساڵ بە ناوی (ک.ن.م) بە دەستی براکەی لە چەمچەماڵ کوژرا.[4]
- یەکەمین کۆبوونەوەی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بەبێ بەشداریی فراکسیۆنی یەکێتی بەڕێوەچوو.[1]
- بەهۆی ئە و شەپۆلە بەفربارینەی کە ناوچە شاخاوییەکانی هەرێمی کوردستانی گرتووەتەوە ئەمڕۆ، ڕێگای زینی وەرتێ داخرا کە هەرسێ قەزاکانی سۆران، ڕواندز و ڕانیە بە یەکەوە دەبەستێتەوە.[2]
- کەشناسی هەرێم رایدەگەیەنێت: ئە و شەپۆلەی باران و بەفرەی دوو ڕۆژە هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە لە ئێوارەی ئەمڕۆ-وە کۆتایی پێدیت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| شار و شارۆچکەکان: | سۆران |
| شار و شارۆچکەکان: | ڕانیە (ڕاپەڕین - پشدەر) |
| شار و شارۆچکەکان: | ڕواندز |
| شار و شارۆچکەکان: | چەمچەماڵ |
| شار و شارۆچکەکان: | شنگال |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-03-01
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-03-01
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-03-01
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-03-01

کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02 2:15:28 PM


ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 61

**2019-03-02**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190206092715253348




ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی سەید عەبدولواحید بەرزەنجی تەمەن 30 ساڵ کوڕی سەید ئەحمەد خەڵکی شاری پیرانشار، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکان، گیانی لە دەست دا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 05-03-2019

کاتی تۆمارکردن: 2019-02-06 9:27:15 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 62

**2019-03-03**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190206092715253349




ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- فەرهەنگییانی کورد لە شارەکانی سنە، مەریوان، سەقز و کرماشان بەپێی بانگەوازی شۆرای هاوئاهەنگی دامەزراوەکانی سێنفی فەرهەنگییانی ئێران، بە ئامادبوون لە نووسینگەی قوتابخانەکاندا، لە چوون بۆ پۆلەکانی خوێندن، خۆیان بوارد. مامۆستایانی مانگرتووە خوازیاری بە دەستهێنانی داواکارییە باس کراوەکانیان لە لایەن شۆرای هاوئاهەنگی دامەزراوەکانی سێنفی فەرهەنگییانی ئێران بوون.[1]

باشووری کوردستان
- فەرمانی دەستگیرکردن بۆ شاسوار عەبدولواحید دەرچوو.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: کرماشان

شار و شارۆچکەکان: سنە

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەڕی کوردیا - 2019-03-05](https://www.kurdipedia.org)
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | [تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن](https://www.kurdipedia.org)

کاتی تۆمارکردن: 2019-02-06 9:27:15 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 63

**2019-03-04**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190206092715253350




رۆژهەڵاتی کوردستان
- حوکمی دوو ساڵ زیندانی تەعزیری بە پەیمان میرزازادە گۆرانیبێژی کورد، لە گرتووخانەی ورمێ، ڕاگەیەندرا.[2]
باشووری کوردستان
- پارتی و یەکێتی لەسەر پرسی پێکهێنانی حکومەت و رەوشی کەرکوک ڕێککەوتن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | [تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن](https://www.kurdipedia.org)
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەڕی کوردیا - 2019-03-07](https://www.kurdipedia.org)

کاتی تۆمارکردن: 2019-02-06 9:27:15 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 64

**2019-03-05**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190206092715253351



باکووری کوردستان
- سزای ساڵێک و 6 مانگ زیندانی کردن بەسەر پەرلەمانتارێکی پێشووی هەدەپەدا ئایجان ئیرمەز سەپێنرا.[1]
- پارێزەرانی ئۆجالان بە مەبەستی بینینی ئۆجالان، بۆ جاری 795مین داواکارییەکیان پێشکەشی سەرۆکایەتیی داواکاری گشتیی شاری بوورسا کرد.[3]
- سەرچاوە هەرێمییەکان بەئاژانسی هەواڵی فورات-یان راگەیاندووە چەند تیمێکی تایبەتی سوپای داگیرکەری تورکیا لە گوندی ڕەمۆی سەربە هەرێمی چیای جوودی لە ناوچە ودەشتاییەکانی شڕنەخ دەستیان کردووە بەئۆپەراسیۆنی سەربازیی. ڕاگەیەنرا کە ئۆپەراسیۆنەکە 3ڕۆژە دەستیپێکردووە و چەندین کەس بە جلی مەدەنییەوە بەشداری لە ئۆپەراسیۆنەلەدا دەکەن.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- شەوی ڕابردوو، 9 کەس لە هاووڵاتییانی خەڵکی شاری بۆکان بە هۆی خواردنەوەی ئەلکولی ناستاندارد و دەسکرد، تووشی ژەهراوی بوون هاتن و خرانە ژێرچاوەدێری پزیشکییەوە.[4]
باشووری کوردستان
- ئەمڕۆ لە ساڵیادی ڕاپەرینە مەزنەکەی 5ی ئاداری 1991، لە شاری کەرکوک پیشانگەیەکی شێوەکاری لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی کوردی لە کەرکوک بۆ مامۆستایانی هونەری شێوەکاریی کورد کرایەوە. لە پیشانگەکەدا زیاتر لە 65 مامۆستای پسپۆڕ لە هونەری شێوەکاریدا بەشداریان کرد. تابلۆکان گوزارشتیان لە ئازادی، شەڕی کورد دژی داعش، بەرخۆدانی عەفرین، بەرخۆدانی گەلی کورد دژ بە داگیرکاران و پێکەوەژیانی نەتەوەکان دەکرد.[1]
- پارتی و یەکێتی لیژنەیەکی هاوبەش پێکدێنن بۆ ئاساییکردنەوەی کەرکوک، لیژنەکە لە سبەینێوە چوارشەممە 06-03-2019 دەستبەکار دەبێ و هەفتەی داهاتووش دەچێتە بەغدا.[2]
- لە ئەنجامی شۆرتی کارەبا، کارگەی غازی شارۆچکەی خورماتوو ئاگری گرت و دوای کاتژمێر و نیوێک ئاگرەکە کۆنترۆڵ کرا، هیچ زیانێکی گیانیشی لێنەکەوتەوە.[3]
- لە گوندێکی نزیک شارەدێی سەرگەڕان بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتی لە نێوان دوو بنەماڵەدا کەسێک کوژراو و سێ کەسی تریش برینداربوون.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئاژانسی هاوار ئێوارەی ئەمڕۆ بڵاوی کردەوە، کە چەتەکانی داعش بەردەوامن لە تەسلیمبوون بە شەڕڤانان و ئەمڕۆش نزیکەی دوو هەزار چەتە خۆیان ڕادەستکردووە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| شار و شارۆچکەکان: | خورماتوو |
| شار و شارۆچکەکان: | بۆکان |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-03-05
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-03-05
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-03-05
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-03-05
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-03-05

کاتی تۆمارکردن: 2019-02-06 9:27:15 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 65

**2019-03-06**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190206092715253352



باکووری کوردستان
- لە شاری دێرسیم، سەمرا توران پەیامنێری ئاژانسی میزۆپۆتامیا لە کاتی سەردانی ماڵەوەیاندا لە لایەن هێزە ئەمنیەکانی تورکیاوە دەستگیر کرا. هێزە ئەمنیەکان دەستیان گرتووە بە سەر کامێرا و کەلوپەلە رۆژنامەوانیەکانیدا و شتومەکی ماڵەکەیان تێکداوە و سوکایەتیان بە بەخۆی و کەسوکارەی کردووە.[3]
- ئەمڕۆ هێزەئەمنییەکانی دەوڵەتی تورک لە شاری ئاگری ئەندامی ئەنجومەنی هەدەپە زەلال یەرلیکایا-یان دەستگیر کرد. ناوبراو بە بیانووی گوتارێک کە لە ناوچەی بازید پێشکەشی کردبوو، دەستگیر کراوە و گواستراوەتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی ئاگری.[3]
- پارێزەران ڕازیە توورگووت، سەربای کۆکلو، ئیبراهیم بیلمەز و مەزلووم دینچ بەمەبەستی دیدار لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان دوێنێ داواکارییەکیان پێشکەشی سەرۆکایەتیی داواکاری گشتیی شاری بوورسا کرد. بەڵام ئەمڕۆ داواکارییەکەیان ڕەتکردەوە.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئیدارەی پەروەردە و بارهێنانی شاری سەقز، پاش مانگرتنی سەرتاسەری فەرهەنگییان، هەڕەشەی لە مامۆستایانی ئەو شارە کردووە و خستوویانییەتە ژێر گوشارەوە.[6]
- مامۆستایەکی کورد بە ناوی پەیمان نەقشبەندی پاش سازکردنی دۆسیەیەکی قەزایی بە تۆمەتی پڕۆپاگەندە دژی نیزام، لە لقی 5ی دادسەرای گشتیی شاری ورمێ، بە دانانی بارمتەی 20 میلیۆن تەمەنی لە زیندانی ورمێ ئازاد کرا.[6]
- لە یادی بیست و هەشتەمین ساڵی دامەزراندنی ئەنجومەنی فەرهەنگی ئەدەبیی مەریوان کۆڕێک لە ژێر ناونیشانی ئاوڕێک لە فەرهەنگی کوردەواری بەڕێوەچوو.[6]
باشووری کوردستان
- شەشەمین دیداری سلێمانی بە ناونیشانی (عیراق و وڵاتانی دراوسێ، بەرەو سیستمێکی نوێی هەرێمایەتی) بەبەشداری چەندین کەسایەتی جیهانی و عیراقی لەلایەن سەنتەری لێکۆڵینەوەی هەرێمی و نێودەوڵەتی لە زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی بەڕێوەدەچێت.[1]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە شارۆچکەی خورماتوو دوو چەکدار لەسەر ماتۆڕسکیلێکەوە دەسترێژی گوللەیان لە پۆلیسێکی تورکمان کرد و کوشتیان.[2]
- لە کەلار دیداری ژنان، کە بڕیاربوو لەلایەن پێنج ژنی پێنج ڕێکخراوی جیاوازی تایبەت بە ژنان بەڕێوەبچێت، بەڵام بە پێچەوانەوە پێنج پیاو دیدارەکەیان پێشکەشکرد، ئەوەش ناڕەزایی ژنانی لێکەوتەوە.[5]

- دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ ماڵی مینا لە شاری سلێمانی بە مەراسیمێک کرایەوە، کە تێیدا ژمارەیەکی زۆر ژنان و گەنجان و هونەرمەند و ئەکتەرانی کورد بە جلی کوردییەوە ئامادەبوون.[5]
- ئەمشە و لەکاتی گەڕانەوەیان کاروانێکی هێزەکانی حەشدی شەعبی لەنزیک گوندێکی سنوری مەخموور کەوتوونەتە بۆسەی داعشەوە و ژمارەیەک کوژراو بریندارییان لێکەوتووەتەوە.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەرڤانانی قەسەدە 13 منداڵی دیکەیان لە دەستی چەتەکانی داعش ڕزگار کرد کە زۆرینەیان منداڵی ئێزدیین.[3]
- هێزەکانی سوریای دیموکراتیک-قەسەدە لە ئۆپەڕاسیۆنێکی تایبەتدا توانیان 3 شەرڤانی دیلی دەستی داعش ئازاد بکەن.[3]
- د. زاهیر عەلیکۆ کە خەڵکی گوندی کەفەر سەفرەی سەر بە شارۆچکەی جندرێسە لە هەرێمی عەفرین، لەلایەن چەکدارانی گرووپی زەنگی ڕفێندرا و بۆ ئازادکردنیشی داوای هەزار و 500 دۆلار دەکەن.[4]
دەرەوەی کوردستان
- وەزیری ناوخۆی تورکیا رایدەگەیەنێت: وڵاتەکەی بەنیازە لەگەڵ ئێران دژ بە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) ئۆپراسیۆنێکی هاوبەش ئەنجامبدات.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] 🖇مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەڕی یوک میدیا - 2019-03-05]
[2] 🖇مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2019-03-06]
[3] 🖇مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-03-06]
[4] 🖇مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەڕی ڕووداو - 2019-03-06]
[5] 🖇مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2019-03-06]
[6] 🖇مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەڕی کوردیا - 2019-03-06]

کاتی تۆمارکردن: 2019-02-06 9:27:15 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 66

**2019-03-07**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190206092715253353



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەپێی ڕاپۆرتی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، وەکوو نەریتی ساڵانی پێشوو، هاووڵاتیانی گوندی پاڵنگان، ئامادەکاریان بۆ بەرێوەچوونی نەورۆزی ئەمساڵ لەو گوندە کردبوو، کە لە ژێرگوشاری ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری کامیاران، ئەو ڕێورەسمەیان هەڵوەشاندەوە.[4]
- بە هۆی کەرەستەی چێ کراوی تەقەمەنی لە شاری بۆکان لە ماڵێکدا، هاووڵاتییەک گیانی لە دەستدا و چوار کەسی دیکە بریندار بوون.[4]
باشووری کوردستان
- ئەمرۆ لە شاری هەولێر، بە نزیکبوونەوە لە 8ی ئادار ڕۆژی جیهانی ژنان، ژنان وەک چالاکییەک 6 هەزار واژۆ کە ماوەیەک بەرلە ئێستا لەلایەن ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی کۆکرابوونەوە و لەگەڵ یاداشتێک ڕادەستی پارلەمانی هەرێمی کوردستان کرد.[2]
- بەبۆنەی هەشتی ئازار ڕۆژی جیهانی ژنان، لە شاری کەرکوک، لەسەنتەری ڕۆشنبیری و ماڵی ڕۆشنبیری شارەکە چەندین چالاکی هونەری و جۆراو جۆر و پێشگانگا و کاری دەستی تایبەت بە ژنانی نەتەوە جیاوازەکان بەرێوەچوون.[3]
- لە شارۆچکەی کەلار، گروپی کچانی فۆتۆگرافەری گەرمیان، بە ناونیشانی 'خەمی ئێمە و چاوی ئێوە'، پێشانگایەکی فۆتۆگرافیان کردەوە، تیایدا، خەم و ئازارەکانی ژنان و ئەو بەربەستانەی ڕووبەڕوویان دەبنەوە لەناو کۆمەڵگادا، نیشاندرا.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە گوندی باغۆز-ی سەر بە شارۆچکەی هەجین-ی پارێزگەی دێرزوور، هێزەکانی سووریای دیموکراتی (قەسەدە) لە چوارچێوەی دوایین هەڵمەتی کۆتایی هێنان بە چەتەکانی داعش بەردەوامن لە تۆمارکردنی سەرکەوتن.
لەوچوارچێوەیەدا، شەڕڤانانی قەسەدە 8 هاوڵاتی ئێزیدی دیکەیان ڕزگار کرد. زانرا 2 لە ڕزگارکراوەکان ژنن و 6شیشان منداڵن و ناوەکانی وەهان: ژنەکان/ تایسەر سلێمان و ئەدیبە موراد. منداڵەکان/ ئەیمەن خەلیل حەجی، دلبرین جەلەر، خەیری شەرەف، موسا هادی، ئایشە و ئیبراهیم.[2]
- بە گوێرەی سەرچاوەکانی هەواڵ لە ناوچەکە، بەیانیی ئەمرۆ لەسەر ڕێگەی گوندی ترندێ لە خاڵێکی پشکنینی هێزەداگیرکەرەکان تەقینەوەیەک ڕوویدا. لە ئەنجامی تەقینەوەکە سەربازێکی تورکیا کوژرا و 2 ئەندامی گرووپی چەتەی فرقەی هەمزە بریندار بوون.[2]
دەرەوەی کوردستان
- خەڵاتی سەرکەوتنی پارلەمانی بەریتانیا کە ساڵانە دەدرێتە کەسایەتیەک، ئەمساڵ لە ئاهەنگی نەورۆزدا کە ساڵانە لە پارلەمانی بەریتانیا ڕێکدەخرێت، بەخشرایە بەسیمە باشار هاوسەرۆکی

ئەنجومەنی گەلی کورد لە بەریتانیا.[2]
- بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی ژنانەوە یەکێتی ژنانی کوردستان لانەی ئارام و تۆڕی نێودەوڵەتی بۆ توندوتیژی دژی ژنان لە سوید کۆنفرانسێک سازدەکات.[1]
- هاوسەرۆکی هەدەپەی ناوچەی تۆربالی دەستگیر کرا.[2]
- لەچوار چێوەی یادکردنەوەکانی 8ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان دا لەناوەندی پێکەوە ژیانی کورد و ئەڵمان هونەرمەند ئیسماعیلی مامڵێ پێشانگایەکی فۆتۆگرافی دیکۆمێنتاری تایبەتی بەژنە تەوارە شۆڕشڤانەکانی کۆبانێ کردەوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: بۆکان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان



[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-03-04
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئێن ئار تی - 2019-03-07
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-03-07
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-03-07


کاتی تۆمارکردن: 2019-02-06 9:27:15 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 67

**2019-03-08**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190127154641232941



باکووری کوردستان
-لەچوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی قرکردنی سیاسیدا لە ئەنکەرا و جەزیر چەندین کەس دەستگیرکران. لە ناو دەستگیرکراوەکاندا بەڕێوەبەرانی هەدەپەی تێدایە.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزە ئەمنییەتییەکانی حکوومەتی لە شاری کەنگاڤەری کرماشان، دوو ژنە هاووڵاتیی خەڵکی ئەو شارەیان بە هۆی نارەزایەتی دەربڕین لە هەمبەر خۆداپۆشینی زۆرەملی حجاب اجباری، دەسبەسەر کرد.[6]
باشووری کوردستان
- حکومەتی هەرێمی کوردستان پاشەکەوتی موچەی لابرد.[2]
- هەر سێ رێکخراوی (گەشەپێدانی مەدەنیەت CDO-، نازی بێسەرپەرشتاران و نوێگەر) بە پاڵپشتی دەزگای میدیایی کوردسات و بە هەماهانگی لەگەڵ بەرێوبەرێتی رۆشنبیری سلێمانی و بە میوانداری هونەرمەند (هانی) فیستڤاڵی (رۆژی ژن) لە رۆژی جیهانی ژنان رێکدەخات. ئەم کۆنسێرتە خێرخوازیە و داهاتەکەی بۆ هاوکاری منالانی بێسەرپەرشت دەبێت.[1]
- لە رۆژی جیهانی ژناندا، 150 کچی کوردی ئێزدی رزگاربووی دەستی داعش چوونە پەرستگای لالش و یادی ئەو رۆژەیان کردەوە، داوایانکرد ئەو کچ و منداڵانەی لەبن دەستی داعشدا ماون رزگاربکرێن.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- کرستیان ئێمدە کە بەرپرسی بانگەشەی چەتەکانی داعش بوو و لە زۆر دیمەنی ڤیدیۆییدا هەڕەشەی کردەوەی تێرۆریستی لە وەڵاتانی رۆژئاوا دەکرد، لە ئەنجامی هەڵمەتێکی یەپەگەدا لە رۆژهەڵاتی سووریا کوژرا.[3]
- هەرچەند حکومەتی هەرێمی کوردستان پاشەکەوتی مووچەی هەڵوەشاندەوە، بەڵام مامۆستایانی نارازیی دەڵێن، بەردەوام دەبن لەسەر فشارەکانیان هەتا تەواوی مووچەی باشەکەوتی مامۆستایان دەگێرینەوە و مامۆستایانی گرێبەست و وانەبێژ دادەمەزرێن.[5]
دەرەوەی کوردستان
- جارێکی دیکە دادگەی تەمیزی بەلجیکا بڕیاری دا کە خەباتی پەکەکە تێرۆریستی نییە. هەر بۆیەش دادگەیی کردنی 37 سیاسەتمەداری کورد پەسەند نەکرا.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 27-02-2019

[2] ⚫دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | [تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن]
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-03-08]
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەڕی ڕووداو - 2019-03-08]
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2019-03-08]
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەڕی کوردیا - 2019-03-08]

کاتی تۆمارکردن: 2019-01-27 3:46:41 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 68

**2019-03-09**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190206092715253354




ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هاووڵاتییەکی کورد خەڵکی شاری مەڵکشا سەر بە پارێزگای ئیلام، بە هۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە، سێ کەس لە ئەندامی بنەماڵەیەکی خەڵکی ئەو شارەی کوشت.[1]
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی عەبدوڵسەلام حوسێنی تەمەن 29 ساڵ کوڕی پەرویز لە شارەکی فەرهەنگییانی پیرانشار، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی سەر بە سپای پاسدارانەوە، دەسبەسەر کرا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شار و شارۆچکەکان: ئیلام
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەڕی کوردیا - 2019-03-09]


کاتی تۆمارکردن: 2019-02-06 9:27:15 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 69

**2019-03-10**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190206092715253356



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کەسەرا نووری، خوێندکاری باڵا لە بەشی ماف، لە زانکۆی تاران و یەکێک لە بەڕێوەبەرانی ماڵپەڕی مجذوبان نور، بە حوکمی دادوەر ئەحمەدزادە، بەرپرسی لقی 26ی دادگای ئینقلابی شاری تاران، بە 12 ساڵ زیندانی تەعزیری، 74 زەربە قامچی و 2 ساڵ دوورخرانەوە بۆ ناوچەی سەلاسی باوەجانی، 2 ساڵ بە نەچوونەدەرەوە و 2 ساڵ بێبەریکردن لە ئەندامەتی لە گرووپەکان و حیزبەکان و لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و چالاکیی میدیایی مەحکووم کرا بوو، ئەو حوکمە بە شێوەی فەرمی ڕۆژی یەکشەممە 19ی ڕەشەممە، لە زیندان بە ناوبراو ڕاگەیەندرا.[2]
باشووری کوردستان
- سەرجەم گیراوانی ڕاپەڕینەکەی شیلادزێ شێروان شێروانی و تاکۆر زەردەشتی و ڕێکان ڕەشید و مستەفا بامەڕنێ بە بارمتەی پارە ئازادکران.[1]

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردیا - 2019-03-11

کاتی تۆمارکردن: 2019-02-06 9:27:15 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 70
**2019-03-11**
https://www.kurdipedia.org/?q=20190206092715253357



باشووری کوردستان
- 17 منداڵی دیکە کە لە لایەن شەڕڤانانی هێزەکانی سووریای دیموکراتی (قەسەدە) لە گوندی باغۆزی دێرەزۆر لە دەستی چەتەکانی داعش ڕزگار کرابوون، لە شەنگال ڕادەستی خانەوادەکانیان کرانەوە.[2]
- بە بۆنەی یادی 28 ساڵەی ڕاپەڕینی شاری هەولێر، 11 مین فیستیڤاڵی ئازادیی و نەورۆز لە شاری هەولێر دەستپێکرد و ماوەی 10 ڕۆژ بەردەوام دەبێت.[3]
- وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێم رایدەگەیەنێت: بەهۆی ناجێگیری کەشوهەواوە کردنەوەی بەشی کۆتایی شەقامی 120 مەتری هەولێر دوادەکەوێت، دەشڵێت: تائێستا هیچ بودجەیەک بۆ دروستکردنی شەقامی 100 مەتری سلێمانی دابین نەکراوە.[1]
- لە شاری کەرکوک کرێکاران و بێکاران و ئەو دەرچوانەی زانکۆ کە دانەمەزراون خۆپیشاندانیان ئەنجامدا و داوای ڕەخساندنی هەلی کار و وەگەڕخستنەوەی کەرتی پیشەسازییان لە کەرکوک دەکرد.[3]
- لیوا روکن سەعد حەربیە، فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنە سەربازیەکانی کەرکوک لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا رایگەیاند: پلانی پاراستنی ڕۆژانی نەورۆز بەبەشداری سەرجەم هێزە ئەمنیەکانی کەرکوک بەڕێوەدەچێت، تێیدا حەشدی شەعبی و حەشدی عەشایەری و پۆلیسی ئیتیحادی بەشداردەبن و هێزی ئاسمانی عێراقیش بەشێک دەبن لەئۆپراسیۆنەکە.[1]

رۆژئاوای کوردستان
- 27 ڕێکخستن و لایەنی سیاسیی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان بەمەبەستی پێکهێنانی یەکێتی بە سەرپەرشتیی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان (کەنەکە) کۆبوونەوە.[2]
- دوای 24 کاتژمێر تێپەڕبوون بەسەر دەستپێکردنی دواهەمین قۆناغی هەڵمەتی لەناوبردنی چەتەکانی داعش لە گوندی باغۆز، دەیان چەتە لەگەڵ خێزانەکانیان خۆیان ڕادەستی قەسەدە کرد.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی

پارت / لایەن: کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان - کەنەکە

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری خەندان - 2019-03-11

[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-03-11

[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-03-11

کاتی تۆمارکردن: 2019-02-06 9:27:15 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 71

**2019-03-12**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190206092715253358



Kurdistan parliament- Iraqi
General Directorate of Divan
Directorate Of
Parliament and committee
Affairs

پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان و لیژنەکان

بانگهێشت

بۆ/ گشت ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمانی کوردستان

بەپێی حوکمی برگە (سێیەم)ی ماددە (١٨) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانی ـ عیراق، بڕیارماندا بانگهێشتی گشت ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان بکەین بۆ دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی، سالی یەکەم لە خولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق، لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٣/١٢ دا، تکایە لەکاتی دیاریکراودا ئامادەبن.

لەگەڵ ڕێزدا

د.ڤالا فرید ابراهیم
سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق

باکووری کوردستان
- لە ئۆپەراسیۆنی پاکتاوکردنی سیاسیی ڕژێمی ئاکەپە لە دژی گەلی کورد 7 کەس لە جزیر و سەلیم ساداک ئەندامی دەستەی دیوانی کەجەدە زیندانیکران.[3]
- بەمەبەستی دەربڕینی پشتگیری، شاندێکی باشووری کوردستان چووە باکووری کوردستان و ئەمڕۆ لە شاری ئامەد سەردانی لەیلا گیوڤەن هاوسەرۆکی کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتی (کەجەدە) و پەرلەمانتاری پارتیی دیموکراتیی گەلان (هەدەپە)ی کرد کە لەپێناو هەڵگرتنی گۆشەگیریی سەر ڕێبەر عەبدوڵلا ئۆجەلان ماوەی 125 ڕۆژە دەستی بە مانگرتن لە خواردن کردووە.[3]
- حوریەت کزل، هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە لە ناوچەی ئارتەمێتان-ی وان، بەرەبەیانیی ئەمڕۆ لە ماڵەکەیدا لە شاری بالکئەسیر دەستگیرکرا و دواتر ڕەوانەی زیندان کرا.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- چالاکێکی کرێکاری بە ناوی تەوفیق محەممەدی خەڵکی سنە لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار گوازرایەوە.[5]
- بە هیمەتی کانوونەکانی شێعر و ئەدەب، نالی، تاوژین و ئەهورا و جێگیری فەرهەنگی کۆمەڵایەتی زانکۆی کوردستان لە تالاری مەولەوی ئەو زانکۆیە، سمێنارێک بۆ ساڵیادی کیمیای باران کردنی شاری هەڵەبجە، بەڕێوەچوو.[5]
باشووری کوردستان
- لە شاری سلێمانی ملیارێک دینار مووچەی کارمەندانی نەخۆشخانەی شار لەلایەن باندێکەوە دزرا. بەو هۆیەوە سەدان بازگە لە شاری سلێمانی و دەوروبەری بۆ دۆزینەوەی باندەکە دانرا.[1]
- لە شاری کەرکوک وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێم، یادی 32 شەهیدی کردەوە، کە 28 ساڵ لەمەوبەر لە گەڕەکی شۆریجە لەلایەن حکومەتی بەعسەوە گوللە باران کرابوون.[4]
- فەرماندەی ئۆپراسیۆنە هاوبەشەکانی کەرکوک ڕەتیکردوەتەوە ڕێگا بدەن ئاهەنگی نەورۆز لەسەر قەڵای شارەکە ئەنجام بدرێت، بەرپرسێکی یەکێتیش دەڵێت: بڕیارە لەو بارەیەوە لەگەڵی کۆببینەوە و سورین لەسەر داگیرساندنی ئاگری نەورۆز لەسەر قەڵا.[2]
- ئەمڕۆ، لە بینای وەرزش و لاوان، لە شارۆچکەی کفری سەر بە ئیدارەی گەرمیان، هەڵمەتێکی هوشیارکردنەوە لە سەر ماددەی هۆشبەر و نێرگەلە و چۆنیەتی وازهێنان، بۆ دورێد سەلیم، بەرپرسی فەرمانگەی ژینگەی گەرمیان و سیروان ئەحمەد ڕاهێنەر لەبەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستن ی تەندروستی گەرمیان، سازکرا.[4]
- لەلایەن ئاسایشی کەلارەوە، بە تەلەفۆن بانگهێشتی ئەندازیار هەرێم مەحمود کراوە، کە ماوەی 18 ڕۆژە دژ بە گۆشەگیریی سەر عەبدوڵلا ئۆجەلان مانی لە خواردن گرتووە، بە وتەی خۆشی، هەڕەشەی لێکراوە ئەگەر نەچێتە ئاسایش ئەنجامەکی باش نابێت.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هەڵمەتی هێزەکانی سوریای دیموکراتی- قەسەدە، لە گوندی باغۆز-ی ناوچەی هەجین بۆ کۆتایی هێنان بە داعش بەردەوامە، لە و چەتانەی داعش کە لە شوێنێکی بەرتەسکدا گیریان خواردووە، سەدان چەتە خۆیان ڕادەستی قەسەدە کرد، ئە و چەتانەی خۆیان ڕادەست دەکەن لە ڕێی ئە و ڕێڕەوە دەگوازرێنەوە کە قەسەدە کردوویەتییەوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: کفری

🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ هەڵەبجە
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏢 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ جزیرا بۆتان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ⬤ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-03-12
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-03-12
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-03-12
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-03-12

کاتی تۆمارکردن: 2019-02-06 9:27:15 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 72

**2019-03-13**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190206092715253359



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئیدارەی ئەماکنی شاری کامیاران، لە ڕێگای پەیوەندیی تەلەفوونییەوە لەگەڵ هونەرمەندانی ئەو شارە، داوای لێکردوون کە کارتی هونەرمەندیی خۆیان بەو ناوەندە حکوومەتییە بدەن تاوەکو بەشداری لە ئاهەنگی نەورۆزدا نەکەن.[5]
- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، مەهناز هۆژەبر، خەڵکی گوندی جووجەهی، سەر بە ناوچەی سۆمای برادۆستی ورمێ، بە هۆی کێشەی بنەماڵەییەوە گیانی لێ ئەستێندراوە.[5]
باشووری کوردستان
- پارە دزراوەکەی نەخۆشخانەی شار لە سلێمانی دۆزرایەوە و 7 تاوانبار دەستگیرکران.[2]
- هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی ڕێککەوتن بە هاوبەشی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی شنگال هەڵبدەنەوە و بڕیاریشە لە دوو ڕۆژی داهاتوودا یەکەم گۆڕی بەکۆمەڵ هەڵبدرێتەوە.[1]
- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ هێزەکانی ئاسایش هەردوو بارەگەی تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان ڕێکخراوی ژنانی ئازادی کوردستان (ڕەژاک)یان لە شاری سلێمانی داخست. بەڵام دوای چەند کاتژمێرێک دەرگەی هەردوو بارەگەکە کرانەوە.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئەمڕۆ شەرڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات-قەسەدە، دوو منداڵی دیکەی ئێزدیان لە باغۆز

ڕزگار کرد، بەوەش تا ئێستا شەڕڤانان سەدان هاوڵاتی ئێزدیان لە دەستی داعش ڕزگارکردوە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- بە پەسەندکردنی ڕاپۆرتی پەرلەمانی ئەورووپا دەربارەی تورکیا، دانوستانی نێوان یەکێتیی ئەورووپا و تورکیا بۆ بەئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتییەکە، ڕاگیرا.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: کامیاران
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 13-03-2019
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 13-03-2019
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 13-03-2019
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 13-03-2019

کاتی تۆمارکردن: 2019-02-06 9:27:15 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 73

**2019-03-14**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190206092715253360



باکووری کوردستان
- پۆلیسی دەوڵەتی تورک دیسان هەڵیکوتایەوە سەر بارەگای هەدەپە لە ئامەد. 3 کەس بە ناوەکانی عەبدولخالق کورت، یوسف ئاتەش و ساڵح جان سەڤەر کە پێشتر دەستگیرکرابوون و دوای ئازادبوونیان هەر بەردەوامبوون لە مانگرتنەکەیان، دیسانەوە دەستگیرکرانەوە.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی ڕەووف عارفی تەمەن 50 ساڵ بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە سنووری بانە، بریندار کرا.[5]
- بەپێی ڕاپۆرتی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، کەمتر لە 24 کاتژمێر، 315 کەس لە هاووڵاتییانی خەڵکی شاری قورووە، بە هۆکاری نادیار ژەهراوی بوون.[5]
- چالاکێکی ژینگەپارێزی بە ناوی جەلال ڕۆستەمی خەڵکی گوندی شاییئی سەر بە کامیاران دانیشتووی ڕامسەر لە باکووری ئێران، لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتییەکانەوە لە شوێنی کارەکەیدا دەسبەسەر کرا.[5]
باشووری کوردستان
- چەکدارانی داعش لە سنووری ژمارەیەک گوندی شارەدێی قەرەتەپەی سەر بە شارۆچکەی خانەقین بە ئاشکرا جموجۆڵ دەکەن و لە شەواندا بە تەواوەتی ئە و ناوچانە دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵیانەوە.[1]
- شاندێکی کەنەکە دەیویست بەمەبەستی چەند دیدارێک سەردانی ڕۆژاڤا بکات، بەڵام لە لایەن پەدەکە ڕێگری لێ کرا دەربازی ڕۆژاڤا بێت.[2]
- لەشاری ڕانیە ژنێک ئاگری لەجەستەی خۆی بەرداو دوای گەیشتنیشی بەنەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئەمڕۆ لە باغوزی دێرەزۆر سەدان چەتەی تری داعش خۆیان رادەستی شەرڤانانی قەسەدە کرد.[2]
دەرەوەی کوردستان
- نەژادپەرستانی تورک لە شاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا لەسەر دیواری چێشتخانەیەکی کوردان دروشم و نووسراوی دژ بە کوردیان نووسی.[2]
- بەهۆی پێشلکارییەکانی تورکیا لە بواری مافەکانی مرۆڤ، پەرلەمانتارانی ئەوروپا داوا دەکەن گەمارۆی چەک بخرێتەسەر تورکیا و یەکێتی ئەوروپا و وڵاتانی ئەندام چەکی پێنەفرۆشن.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان - کەنەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین - پشدەر)
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: کامیاران
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری دوارۆژ - 2019-03-14]
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-03-14]
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری یوک میدیا - 2019-03-14]
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-03-14]
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری کوردیا - 2019-03-14]

کاتی تۆمارکردن: 2019-02-06 9:27:15 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 74

**2019-03-15**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190206092715253361



باشووری کوردستان
- یەکەم گۆڕی بە کۆمەڵی کوردانی ئێزدی لە گوندی کۆچۆ هەڵدرایەوە چالاکوانێکیش دەڵێت :تەنیا لە گوندی کۆچۆ 14 گۆڕی بەکۆمەڵ دۆزراونەتەوە.[1]
- لە شارەکانی هەڵەبجە و ڕانیە 2 ژن بەهۆی ئاگر گیانیان لەدەست دا و پۆلیسیش ڕایگەیاند، خۆیان سووتاندووە.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بە گوێرەی زانیارییەکان، کاتژمێر 19ی ئەمشە و لە بەردەم گەراجی شاری عەفرین تەقینەوەیەک ڕوویدا. دەربارەی وردەکاری زیاتر هێشتا زانیاری بەدەستنەخراوە.[2]
- ئەمڕۆ ژمارەیەک چەتەی داعش خۆیان ڕادەستی هێزەکانی قەسەدە کرد لە باغۆز، لەناویاندا منداڵێکی تەمەن 11ساڵی ئێزدیی دۆزرایەوە. ناوی ئەو منداڵە تەمەن 11 ساڵە ڕیحاد نایف کووتێیە و خەڵکی گوندی تل بەناتی سەربە شەنگالە، کە لە فەرمانەکەی 2014 بۆسەر شەنگال بە دیل کەوتووەتە دەستی چەتەکانی داعش.[3]
دەرەوەی کوردستان
- ڕێکخستنەکانی گەنجان لە ئیستەنبووڵ ویستیان بۆ یادکردنەوەی کۆمەڵکوژیی بەیازید و هەڵەبجە لە زانکۆی ئیستەنبووڵەوە تا میترۆی ڤەزنەجیلەر ڕێپێوان بکەن. بەڵام پۆلیس هێرشی کرد و بە لێدان 33 گەنجی دەستگیر کرد.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: بایەزید
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین - پشدەر)

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-03-15

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-03-15

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-03-15

کاتی تۆمارکردن: 2019-02-06 9:27:15 AM


ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 75

**2019-03-16**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190206092715253362




باکووری کوردستان

- جارێکی دیکە داواکاریی خانەوادەی عەبدوڵلا ئۆجەلان و خانەوادەی زیندانییانی دیکەی ئیمراڵی بەمەبەستی سەردانی ئیمراڵی، ڕەتکرایەوە.[1]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- بەڕێوەبەری گشتیی وەرزش و لاوانی شاری کرماشان، ڕایگەیاند: وەرزشوانانی شاری کرماشان لە کێبڕکێیە ئاسیایی و نێونەتەوەییەکانی، توانییان، سەرجەم 32 میداڵ بە دەست بهێنن. بە وتەی سابیر ڕەحیمی، وەرزشوانانی کرماشانی لە ئاستی جیهاندا، ئەمساڵ توانیان 5 میداڵی زێڕ، 8 میداڵی زێو و 3 میداڵی برونزیان، کە سەرجەم دەگاتە 16 میداڵ، بۆ خۆیان مسۆگەر کردووە.[4]

- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی مەسعوود تەیمووری خەڵکی گوندی کلاش سەر بە شاری جوانڕۆ، بە هۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکان، لە سنووری شاری نەوسوود، بە سەختی بریندار بوو.[4]

باشووری کوردستان

- لە ساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجەدا ژمارەیەک چالاکیی هونەری ئەنجامدرا و پێشانگایەکی کاری دەستیش بۆ ژنان کرایەوە.[3]

- ئەمڕۆ لە دەڤەری برادۆست-ی سنووری پارێزگای هەولێر، لەنێوان گەریلاکانی هەپەگە و سوپای تورکدا شەڕ ڕوویداوە. سەرچاوە هەرێمییەکان باس لەوە دەکەن، کە سوپای تورک کوژراو و برینداریی هەبووە و بەهێلیکۆپتەر لە مەیدانی شەڕەکە دووری خستووە.[3]

- تەرمی هاونیشتمانییەک لە گوندی سینای نزیک کۆمەڵگەی شاریا لە پارێزگای دهۆک بە سووتاوی دۆزرایەوە. هاونیشتمانییەکە ناوی قاسم متۆ بووە و کوردی ئێزدی بووە و تەرمەکەی لەناو ئۆتۆمبێلەکەیدا بە سووتاوی دۆزراوەتەوە. "قاسم متۆ کادیری لقی 17ی پارتی بوو، سەرۆک هۆزی قەیرانی بوو و خەڵکی ناوچەی شنگال بوو".[2]

- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکی داگیرکەر چەندین شوێنیان لە هەرێمی سیدەکان بۆردومان کرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ هەڵەبجە
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ کرماشان
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ جوانرۆ
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ دهۆک
🏢 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 16-03-2019
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 16-03-2019
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 16-03-2019
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 16-03-2019


کاتی تۆمارکردن: 2019-02-06 9:27:15 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 76

**2019-03-17**

https://www.kurdipedia.org/?q=2019011709400865764


/إعلان/

في يوم الأربعاء الموافق ٢٠ مارس (آذار) ٢٠١٩ أو أي أيام أخرى ، لا توجد عطلة رسمية مطلقًا في عيد نيروز. ستواصل جميع المؤسسات الرسمية العمل في المجلس المحلي والمحاكم والتعليم والمركز الصحي والمدارس. في ٢١ مارس ٢٠١٩ وأيام أخرى ، لن يتم السماح لمواطنين في عيد نيروز .(مظاهرة ، والمشي ، وحرق الإطارات والترفيه)

/ Duyurudur /

20Mart 2019 Çarşamba günü veya diğer günlerde nevruz gerekçesiyle kesinlikle resmi tatil diye birşey yoktur. Tüm resmi kurumlar meclis, nüfus, Adliye, Milli Eğitim, Sağlık ocağı ve okullar mesaiye devam edeceklerdir. 21 Mart 2019 günü ve diğer günlerde kesinlikle Vatandaşların nevruz kutlamasına müsaade edilmeyecektir. ( Gösteri, yürüyüş, lastik yakma ve eğlenme gibi ) Tarafımızca .bu husus kontrol edilecektir duyurulur

Meclis Baskani
Müh. Abdul Mutalib Sikh Nasan

باکووری کوردستان
- لەچوارچێوەی بانگەشەی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا وباکووری کوردستان بەبەشداری پەروین بوڵدان هاوسەرۆکی گشتیی هەدەپە لە ناوچەی بازیدێ-ی ئاگری میتینگێک بەڕیوەچوو. هونەرمەندی کورد قادرچات لە لەمیتینگەکەدا ئامادەبوو وچەند بەرهەمێکی پێشکەشی ئامادەبووان کرد، دوای کۆتایی هاتنی میتینگەکە ناوبراو لەلایەن هێزەئەمنییەکانی توکیاوە دەستگیرکرا.[3]
- یوسف ئاتەش ئەندامی هەدەپە کە لە ئامەد لەدژی گۆشەگیری عەبدوڵڵا ئۆجەلان مانی لەخواردن گرتووە لەلایەن پۆلیسی تورکیاوە دەستگیرکرا و برایەبەردەمی دادگە.[3]
- زولکوف گەزەن کە لە لەبەندیخانەی تەکیرداغ لە دژی گۆشەگیریی سەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان، لە 1ی ئادارەوە دەستی دابووە مانگرتن لەخواردن، شەهید بوو.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بە هۆی شەڕ و تێکەڵچوونی مەئموورانی هێزە ئینتزامییەکان لەگەڵ کەسانێکی چەکدار لە سنووری شاری بانە، گرووبانێکی هێزە ئینتزامییەکان کوژرا. هەواڵدەرییە حکوومەتییەکان شوناسی ئەو مەئموورە کوژراوەیان گرووبان یەکەم ئەبووزەر حەمزە کورد خەڵکی شاری مەلایری پارێزگای هەمەدان، ڕاگەیاندراوە.[7]
باشووری کوردستان
- لە هەولێر، بە بەشداری 250 کۆمپانیا دووەمین پێشانگەی نێودەوڵەتی لە بواری گەشتیاریی کرایەوە.[1]

- بەڕێوەبەری پاسپۆرت و نشینگەی حاجی ئۆمەران ڕایدەگەیەنێت: باج لەسەر ئەو گەشتیارانە هەڵگیرا کە لەدەروازەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران دێنە هەرێمی کوردستان، ئاماژەی بەوەشدا: کە ئەو بڕیارە تا 25ی مانگی ئازاری ئەمساڵ کاری پێدەکرێت.[2]
- لە دوو ڕۆژدا پێنج کەس لە دهۆک بە ڕووداوی هاتووچۆ گیانیان لەدەستداوە، 22 کەسیش بریندماربوون، هۆکاری ڕووداوەکانی هاتووچۆش باران و لافاوی سێ ڕۆژە کە بێ وەستان لە دهۆک دەبارێت. بارانی بە خوڕ و لافاو 40 ڕێگەی سنووری دهۆکیان پەکخستووە، لەماوەی 26 ساڵی ڕابردوودا یەکەمجارە بارانی هاوشێوەی سێ ڕۆژی ڕابردوو لە دهۆک ببارێت.[4]
- لە مۆزەخانەی نیشتمانی ئەمنەسورەکەی شاری سلێمانی پێشانگای شێوەکاری 10 هونەرمەندی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەناونیشانی هەنگاوی ڕەنگەکان لە سنە و تارانەوە کرایەوە.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- دەوڵەتی تورک لە ڕێگەی 'ئەنجومەنی خۆجێی' ئاگادارییەکیان بڵاوکردووەتەوە کە پیرۆزبایی نەورۆز لە عەفرین قەدەغە دەکات.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-03-17
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-03-17
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-03-17
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-03-17
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-03-17
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-03-18


کاتی تۆمارکردن: 2019-01-17 9:40:08 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 77

**2019-03-18**

[https://www.kurdipedia.org/?q=20190206092715253363](https://www.kurdipedia.org/?q=20190206092715253363)




باکووری کوردستان

- زولکوف گەزەن کە لە زیندانی تەکیرداغ لە ئەنجامی چالاکییەکدا شەهید بوو. پۆلیسەکانی تورکیا تەرمەکەی گەزەنیان فڕاند و لە گەمارۆیەکی توندی ئەمنیدا خۆیان تەرمەکەیان لە ئامەد خاکسپارد.[2]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- بە بۆنەی 31 کەمین ساڵیادی کارەساتی شیمیاییبارانکردنی شاری هەڵەبجە، ڕێز لە عەلی عابدی هونەرمەندی کورد خەڵکی شاری سەقز، گیرا.[3]

باشووری کوردستان

- سوپای تورکیای داگیرکەر بەردەوامە لە بۆردومانکردن و دەستدرێژیکردنە سەر ناوچەکانی باشووری کوردستان و سنووری ناوچەی سیدەکانیان تۆپبارانکرد.[2]

ڕۆژئاوای کوردستان

- لە ناوچەی مەحموودیەی سەر بە عەفرین کە ساڵێکە لەژێر داگیرکاریی دەوڵەتی تورکدایە، تەقینەوەیەکی کاریگەر ڕوویدا. ڕوون نەبووەتەوە کە ئەم تەقینەوەیە کێ بە ئامانج گرتووە و زیانەکانی چی بوون.[2]

دەرەوەی کوردستان

- عەلی عەبدوڵا ئەیوب، وەزیری بەرگری سوریا ڕایگەیاند کە سوپای وڵاتەکەی ئەو ناوچانە کۆنترۆڵدەکاتەوە کە ئێستا لەژێر دەسەڵاتی شەڕڤانانداندان.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ئەفرین

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

شار و شارۆچکەکان: سیدەکان

شار و شارۆچکەکان: سەقز

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری خەندان - 2019-03-18]

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-03-18]

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری کوردیا - 2019-03-18]

کاتی تۆمارکردن: 2019-02-06 9:27:15 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 78

**2019-03-19**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190206092715253364



باکووری کوردستان

- سەلاحەدین کۆلانچ هاوسەرۆکی پارتی دیموکراتیکی هەرێمەکان (دەبەپە) لە شاری جزیری پارێزگای شرنەخی باکووری کوردستان لەلایەن دەوڵەتی تورکەوە دەستگیرکرا.[2]

رۆژهەڵاتی کوردستان

- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، هێزەکانی سپای پاسداران لە گوندی ئاڵیاوێی سەر بە شاری شنۆ، پێشیان بە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی جێژنی نەورۆز گرتووە.[4]

- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ڕێوڕەسمی جێژنی نەورۆزی مەلەکشاهی بە هۆی گوشاری هێزە ئیتلاعاتییەکان لەو شارەدا هەڵوەشایەوە.[4]

باشووری کوردستان

- شەڕێکی سەخت لە نێوان هێزەکانی یەبەشە و سوپای عێراق ڕوویداوە و بەردەوامە، بەوتەی فەرماندەی یەبەشەش: ژمارەیەک هەمەری سوپای عێراق سوتێنراون و دوو سەربازیش بریندارن.[1]

- خەڵکی شەنگال بە ڕێپێوانێک هەڵوێستی حکومەتی عێراقیان شەرمەزارکرد.[3]

- وەزارەتی نەوتی عێراق ئاشکرای دەکات، هەوڵەکانیان چڕۆکردووەتەوە بۆ ڕاکێشانی بۆرییەکی گواستنەوەی نەوت، لە کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوک بۆ بەندەری جەیهان لە تورکیا.[1]

- جێگری سەرۆکی پەرلەمان ڕایگەیاند، بەپێی پەیڕەو و بەرکەوتەی هەڵبژاردن بابەتی لیژنەکان یەکلاکرایەوە و سەرۆک و جێگر و بڕیاردەری لیژنەکان هەڵبژێردران.[3]

ڕۆژئاوای کوردستان

- شەرڤانانی قەسەدە 7 ئێزدییان لە گوندی باغۆزی سەر بە ناوچەی هەجینی دێرەزۆر لە دەستی چەتەکانی داعش ڕزگار کردووە. ئە و هاوڵاتییە ئێزدییانە کە 5 ژن و 2 منداڵی خەڵکی شەنگالن گوازراونەتەوە بۆ ناوچە ئارامەکان. ئە وکەسانەی ڕزگار کراون بریتین لە: پاکیزە مەهال حەسۆ (30 ساڵان، خەڵکی گوندی کۆجۆ)، خەولا سمایل خوەدێدا (19 ساڵان، خەڵکی گوندی کۆجۆ)، ئەمینە خالۆ ئزر (44 ساڵان، خەڵکی گوندی کۆجۆ)، شامل ئیسماعیل خوەدێدا (15 ساڵان، خەڵکی گوندی کۆجۆ)، سۆلین سلێمان (17 ساڵان، خەڵکی گوندی کۆجۆ)، خوناو خدر ئادەم (32 ساڵان، خەڵکی گوندی کۆجۆ)، ئایدن حەدید تالی (12 ساڵان، خەڵکی گوندی خردان). [2]

- شەرڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) گوشارەکانیان بۆ سەر پاشماوەکانی داعش لە گوندی باغۆز لە سوریا زیاتر کردووە و لە پەیامێکدا وتەبێژی ئە و گروپەش دانبەوەدا دەنێت گە شەرڤانان گورزیان لێوەشاندوون و داوا لە چەکدارەکانی دەکات شەڕیان لەدژ بکەن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

شار و شارۆچکەکان: شنگال

شار و شارۆچکەکان: شنۆ

شار و شارۆچکەکان: ئیلام

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-03-19
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئیف نیوز - 2019-03-19
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-03-19
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-03-19

کاتی تۆمارکردن: 2019-02-06 9:27:15 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 79

**2019-03-20**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190206092715253365



باکووری کوردستان
- پارێزگاری دەوڵەتی تورک لە جۆلەمێرگ لە 31 ناوچەی پارێزگای جۆلەمێرگ قەدەغەی هاتووچۆی ڕاگەیاند. ئەو قەدەغەکارییەی دەوڵەتی تورک ناوچەکانی گەڤەر، چەلێ، شەمزینان و جۆلەمێرگ دەگرێتەوە. قەدەغەکارییەکەی دەوڵەتی تورک بە پاساوی ئاسایشی هاووڵاتییانی مەدەنی بۆ ماوەی 15 ڕۆژ بەردەوام دەبێت.[3]
- پۆلیسەکانی دەوڵەتی تورک ئەمڕۆ هەڵیانکوتایە سەر چەندین ماڵی هاووڵاتییان و بەرێوەبەرایەتییەکانی هەدەپە و دەبەپە و پاڵێوراوی هەدەپە بۆ هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە وان و 22 کەسیان دەستگیرکرد. ناوی کەسە دەستگیرکراوەکان بریتین لە: خەدیجە بارشتران، گولای یڵماز، کانییە شەکەر، بەریتان تایان، حەمید بایهان، ئەلیف یگت، بازی ئاشکان، چەتین ئویار، سۆنگول تاش، موستەفا ئەرزنگین، ئەحمەد کایا، حیکمەت ئوزنیای، دەلیل ئاکسۆی، ستار ئەمەک، گیورسەل کاماچ، فەیسەل پارلاک، جەمیل دەمان، قادر تۆپراک، هاکان دەمیر، دەلیل ئاکسۆی، م. عەلی سۆنمەز، ڕەمەزان دومان و ئازاد گوندۆگان.[3]
- دادگای تورک ساڵێک و 8 مانگ و 15 ڕۆژ سزای زیندانیکردنی بەسەر عایشە سوروجو پەلەمانتاریی هەدەپەی ڕحا دا سەپاند.[3]
- لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنی پاکتاوی سیاسی لە شارەکانی جۆلەمێرگ و ئێلح چەندین کەس لە لایەن پۆلیسی تورکیاوە دەستگیر کران.[3]
- لە شاری ڕوحا 38 کەس کە لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی پاکتاوی سیاسیدا بە تۆمەتی (پروپاگەندەکردن بۆ ڕێکخستن) لە لایەن هێزەئەمنییەکانەوە دەستگیر کرابوون، ڕەوانەی دادگە کران. دادگە بڕیاری زیندانی کردنی بۆ 13 کەس دەرکرد. 25 کەسەکەی دیکەشی بە مەرجی پشکنینی دادی ئازاد کرد.[3]
باشووری کوردستان
- سوپای داگیرکەری تورک هەڕەشەی لە هاووڵاتییانی گوندەکانی هەرێمی برادۆستی سنووری پارێزگای هەولێر کردووە، کە نابێت ئاگری نەورۆز بکەنەوە.[3]
دەرەوەی کوردستان
- و. ناوخۆی تورکیا ڕایگەیاند: فەرماندە سەربازییەکانی وڵاتەکەی و ئێران لە پەیوەندییەکی

تەلەفۆنیدا ڕێککەوتون لەسەر ئۆپراسیۆنی هاوبەش لە دژی هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان.[1]
- دۆناڵد ترمپ سەرۆکی ئەمریکا ڕاگەیاند کە ئەمشە و دواین مۆڵگەی داعش لە سوریا کۆنترۆڵ دەکەن.[2]
- پۆلیسی دەوڵەتی تورک هەڵیکوتایە سەر بارەگای ڕێکخستنی هەدەپە لە ئەدەنە و بە ناوی پشکنینەوە دەستیان کردووە و تێکوپێکدانی کەلوپەلەکانی بارەگاکەی هەدەپە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە
شار و شارۆچکەکان: ڕوحا
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: باتمان - ئێلح
شار و شارۆچکەکان: شەمزینان
شار و شارۆچکەکان: جولەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: وان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-03-20
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-03-20


کاتی تۆمارکردن: 2019-02-06 9:27:15 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 80

**2019-03-21**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190206092715253366

...




Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: AM 9:27:15 2019-02-06

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان


---

بابەت: 81

**2019-03-22**

[https://www.kurdipedia.org/?q=20190206092715253367](https://www.kurdipedia.org/?q=20190206092715253367)

...




Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: AM 9:27:15 2019-02-06

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 82

**2019-03-23**

[https://www.kurdipedia.org/?q=20190206092715253368](https://www.kurdipedia.org/?q=20190206092715253368)

...

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: AM 9:27:15 2019-02-06

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 83

**2019-03-24**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190206092715253369



ڕاگەیاندنی هاوبەشی وەفدی دانوستانکاری پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان

لە درێژەی کۆبوونەوەکانی هەردوو وەفدی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان

ئەمڕۆ ٢٠١٩/٣/٢٤ لە بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆبوونەوەی هاوبەشی هەردوولا ئەنجام درا

هەر وەکو لە کۆبوونەوەی ڕابردوو ڕامان گەیاندبوو کە دەستمان بە گفتوگۆی جدی و بەرهەمدار کردووە لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی سیاسی کە لە نێوان هەردوولا ئیمزا کراوە، ئەمڕۆش لە وردەکاری کارکردنی هاوبەش هەنگاوی باش نران و بڕیاردرا لەم هەفتەیەدا کۆبوونەوەی تر ئەنجام بدرێت و هەردوولا ئامادەکاری بکەن بۆ سەرخستنی پرۆسەی دانوستاندن و گەیشتن بە ڕێککەوتن

یەکێتی نیشتمانی کوردستان     پارتی دیموکراتی کوردستان

...

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2019-02-06 9:27:15 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 84

**2019-03-25**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190206092715253370




...

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2019-02-06 9:27:15 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 85

**2019-03-26**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190206092715253371

...




Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: AM 9:27:15 2019-02-06

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 86

**2019-03-27**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190206092715253372

...


القرار الأمريكيّ الأخير لا يغيّر من واقع الجولان أرضاً سوريّة محتلّة

بيان

الى الرأي العام

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: AM 9:27:15 2019-02-06

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان


---

بابەت: 87

**2019-03-28**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190206092715253373

...




Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: AM 9:27:15 2019-02-06

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 88

**2019-03-29**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190206092715253374

...

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: AM 9:27:15 2019-02-06

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 89

**2019-03-30**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190330122929283899

...




Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: PM 12:29:29 2019-03-30

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 90

**2019-03-31**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190405143729284048




...

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2019-04-05 2:37:29 PM

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 91

**2019-04-01**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180824152234104664




...

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2018-08-24 3:22:34 PM

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان


---

بابەت: 92

**2019-04-02**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190301160812279613

...



Quick Respons Code:

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | PM 4:08:12 2019-03-01 |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 93

**2019-04-03**

[https://www.kurdipedia.org/?q=20190301160812279614](https://www.kurdipedia.org/?q=20190301160812279614)



بۆ/ سەرۆکایەتی بەشە زانستییەکانی کۆلێژ

ب/ ئاگادارکردنەوە

سڵاو و ڕێز ...

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی (2019/4/3) کاتژمێر (10:30) خولەک )ی بەیانی لە هۆڵی (فەرهادی) سیمینارێک لەلایەن بەڕێزیان بەرپرسی ماڵپەری کوردیپێدیا (هاورێ باخەوان)، لە ژێر ناونیشانی (زانیاری چییە؟ سەرچاوەکانی چین؟ بۆچی گرنگە، چۆن بەرهەمیدەهێنین و دەیپارێزین؟)، بۆ ئەم مەبەستە داوا لە سەرجەم مامۆستایانی بەشەکان دەکەین ئامادەی سیمینارەکە بن.

لەگەڵ ڕێزدا...

پ.د.قادر محمد حسن

ڕاگر

باشووری کوردستان

- ڕێکخراوی کوردیپێدیا لە کۆلێژی ئاداب، بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆی سەڵاحەدین، سمینارێکی لەسەر بابەتی زانیاری پێشکەشکرد.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏢 شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر

:Quick Respons Code


| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | PM 4:08:12 2019-03-01 |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 94

**2019-04-04**

[https://www.kurdipedia.org/?q=20190301160812279615](https://www.kurdipedia.org/?q=20190301160812279615)



...

Quick Respons Code:

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | PM 4:08:12 2019-03-01 |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 95

**2019-04-05**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190301160812279616



ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- خەڵکی زیانلێکەوتووی لافاوەکەی ڕۆژهەڵات و ئێران، بەهۆی بەهاناوەنەچوونی حکومەتی ئێران گردبوونەوە و نارەزایەتییان ئەنجامداوە، بەڵام هێزەکانی ڕژیمی ئێران هێرشیان کردووەتە سەریان و لە ئەنجامدا چوارکەس گیانیان لەدەستداوە و چەندین کەسی تریش بریندارببوون.[1]

باشووری کوردستان

- ئەمڕۆ لە یەک چرکەدا 800 مەتر سێجا ئاو لە دەریاچەی دوکان دەڕژێتە زێی بچوکەوە هاوکات بێڵ ماوس 60 سانتیمەتر بەرزبووەتەوە سەررێژ دەکات.[2]
- بەهۆی بەرزبونەوەی ئاستی ئاوی زێی بچوک، گەشتی ناو ئاو لە دوکان ڕاگیرا.[2]
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکی داگیرکەر بۆردومانی دۆڵی بەدرانی گوندی بۆکریسکان دەکەن لە بناری قەندیل.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: لورستان

شار و شارۆچکەکان: دوکان

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-04-05

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-04-05

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | PM 4:08:12 2019-03-01 |

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 96

**2019-04-06**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190301160812279617



باکووری کوردستان

- معسووم پامای گیراوی سیاسی کورد کە لەبەندیخانی خارپێتێ لەدژی گۆشەگیری سەر ئۆجالان چالاکیی فیدایی ئەنجامدا و شەهیدبوو. ئەمڕۆ تەرمی پامای لە جەزیر-ی شرناخ لەناو گەمارۆی هێزەئەمنییەکانی تورکیادا بەخاک سپێردرا.[2]

باشووری کوردستان

- تۆپخانەکانی سوپای داگیرکەری تورکیا، کاتژمێر 16:00 بەکاتی باشووری کوردستان گوندی شەرانشێ-ی ناوچەی هەفتەنێن-ی تۆپباران کرد. لەئەنجامی ئەوتۆپبارانەدا زیان وزەرەربەر خانووی هاووڵاتیان کەوتووە.[2]

- بەڕێوەبەری بەنداوی دوکان ڕوونکردنەوە لەبارەی ئە و دەنگە دەدات کە لەنزیک بەنداوی دوکانەوە هەستی پێکراوە و سەرجەم هاووڵاتییان و دانیشووانی قەزاکەش دڵنیادەکاتەوە کە هیچ مەترسییەک لەسەر بەنداوەکە نییە و دەنگە بیستراوەکەش دەرئەنجامی چوونە دەرەوەی هەواو ئاوە لە بێل ماوس-ەوە.[3]

- لە شاری سلێمانی کەمپەینێک بۆ هاوکاریکردنی خەڵکی زیانلێکەوتووی لوڕستان ڕاگەیەندرا و جەبار یاوەر-یش ڕایگەیاند.[4]

- رژێمی تورکیا لە درێژەی داگیرکاری و تاوانەکانی لە باشوری کوردستان داوا لە گوندنشینانی سنوری پارێزگای هەولێر دەکات، تا دەستبەرداری گوندەکانیان ببن و چۆڵیان بکەن. لەو بارەوە ئاژانسی هەواڵی رۆژنیوز بڵاوی کردووەتەوە: بەپێی ئەو زانیاری و ڤیدیۆیەی لە هاوڵاتیانی سنوورەکەوە دەستی کەوتووە، لە گوندی خەلیفانی سەر بە ناوچەی سیدەکان سپای تورکیا لە رێی سیستەمێکی دەنگی تۆمارکراوەوە کە فرۆکەیەکی بێ فرۆکەوان بڵاوی کردووەتەوە، بە زمانی کوردی داوا لە هاوڵاتیان دەکات تا سنوورەکە چۆڵ بکەن.[3]
- لە سنووری شارۆچکەی پێنجوێن ژنێک گیانی لەدەستدا و بەرپرسێکی تەندروستی ناوچەکەش دەڵێت: لەناو حەفری کشتوکاڵیدا خنکاوە.[1]

- فەرماندەی ئۆپراسیۆنەکانی کەرکوک رایگەیاند، رێکخراوی داعش لە پشت تەقینەوەکانی شەوی رابردووی کەرکوکەوەیە و ناهێڵن ئاسایشی شاری کەرکوک تێکبدەن.[2]
- لە کاتژمێر 11ی پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆوە ئاگر لە دەغڵودانی جوتیارانی گوندی پەلکانەی سەر بە شارەدێی سەرگەڕان بەربوو.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بە بەشداریی سەدان پزیشکی دڵ لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا و بە میوانداری پزیشکان زەینەب بینیجی لە دانمارک، ئیڤان ئۆسێ و سەلام حوسێن لە هەولێر و خوێندکارانی ئەکادیمیای تەندرووستیی ڕۆژئاڤا یەکەمین کۆنگرەی پسپۆڕیی نەخۆشی و نۆژداریی دڵ دەستی پێکرد.[3]
دەرەوەی کوردستان
- ئەمڕۆ دیمیتری پسکۆڤ وتەبێژی کۆشکی کرملین لە وەڵامی پێشنیاری ئەردوغان سەرۆک کۆماری تورکیا بۆ پێکهێنانی ئاگربەست لە ئیدلب، هۆشداریی داوەتە تورکیا. دیمیتری پسکۆڤ ڕایگەیاندووە، کە تورکیا بەرپرسیاری هێرشی گروپە چەکدارەکانە لە ئیدلب بۆسەر خەڵکی سڤیل و پێگەکانی ڕوسیا لەو پارێزگایە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: سیدەکان
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: زاخۆ
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-05-31
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-05-31
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-05-31
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-05-31

کاتی تۆمارکردن: 2019-04-05 2:54:29 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 151

**2019-06-01**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190511091306286870




رۆژهەڵاتی کوردستان
- لەبناری هەڵگورد کێشە کەوتووەتە نێوان هەر سێ حیزبی (حدکا، حدک و سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران) خەباتی سازمان دەڵێت: هەردوو دیموکراتەکە گەمارۆی پێشمەرگەکانی ئێمەیان داوە فەرماندەیەکی حدکاش دەڵێت: ئەوان بێ پرس هاتوون بارەگایان لە نزیک بارەگای ئێمە داناوە و ئێمەش داوای ڕۆیشتنیان دەکەین.[3]
باشووری کوردستان
- لەسنوری ئیدارەی گەرمیان، لە دوو کاتی جیاوازدا، دوو ئاگری گەورە کەوتەوە و لەلایەن تیمەکانی بەرگری شارستانی گەرمیان و قۆرەتوو، لەماوەی زیاتر لە دوو کاتژمێردا کۆنترۆڵکرا، بەهۆیەوە نزیکەی 50 دۆنم دەغڵ و دانی جوتیاران سوتا و کارمەندێکی بەرگری شارستانیش بریندار‌بوو.[2]
- ئاگر لە زەویە کشتوکاڵییەکانی گوندی دارا لە ناوچەی حەفتەغاری سەر بە شارۆچکەی داقوق کەوتەوە.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سەرچاوە خۆجێیەکان رایانگەیاند، لە عەزاز لە نێوان چەتەکانی دەوڵەتی تورک و عەشیرەتی لەجێل شەڕ روویدا. بەپێی زانیاریە سەرەتاییەکان بەهۆی ئەو شەڕەوە 7 کەس لە هەر دوولا کوژراون.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: سازمانی خەبات
پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستانی (ئێران) - حدک و حدکا
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-06-01
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-06-01
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-06-01

کاتی تۆمارکردن: 2019-05-11 9:13:06 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 152
**2019-06-02**
https://www.kurdipedia.org/?q=20190511091306286871




رۆژهەڵاتی کوردستان
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی پووریا وەیسی، خەڵکی شاری سنە، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە، دەسبەسەر کرا.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- بەپێی زانیارییەکان سوپای تورک و چەتەکانی بە چەکی دۆشکا و هاوەن هێرشیان کردە سەر گوندی عەین دەقنە لە شەهبا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: سنە
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-06-02
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-06-02

کاتی تۆمارکردن: 2019-05-11 9:13:06 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 153

**2019-06-03**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190511091306286872



رۆژهەڵاتی کوردستان
- دەیان سەر ئەسپی کاسبکاران، لە نزیک گوندی ماشکان، سەر بە شاری پیرانشار، بە هۆی تەقەی ڕاستەوخۆی نیزامییانی حکوومەتەوە، کوژران.[3]
باشووری کوردستان
- هەردوو پارتی و یەکێتی لەڕێی دوو بەیاننامەوە دەیانەوێت کۆتایی بە جەنگی راگەیاندن بهێنن.[1] (بڕوانە بابەتە پەیوەستکراوەکان)
رۆژئاوای کوردستان
- لە گوندی باسوتی ناوچەی شێراوای عەفرین تەقینەوەیەک روویدا. دەوترێت تەقینەوەکە کوژراو و برینداری لێکەوتووەتەوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-06-04
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-06-05

کاتی تۆمارکردن: 2019-05-11 9:13:06 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 154

**2019-06-04**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190511091306286873



باشووری کوردستان
- بەهۆی دەستڕێژی گوللەی سەربازانی سوپای تورکیا، گەنجێکی کوردی ئێزدی بەناوی ئەمین ساڵح عومەر لە نزیک ڕوباری دیجلە لە زاخۆ کوژرا.[1]
- ئاگر لە بازاڕێکی سەوزە و میوە لە شاری ڕانیە کەوتەوە و زیانی ماددی لێکەوتەوە و زیانی گیانی نەبووە.[2]
- ئاگر لە بەشێک لە شاخی گوێژە لە شاری سلێمانی بەهۆکاری نەزانراو کەوتەوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شار و شارۆچکەکان: زاخۆ
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین - پشدەر)
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-06-04
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-06-04

کاتی تۆمارکردن: 2019-05-11 9:13:06 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 155

**2019-06-05**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190511091306286874



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزە نیزامییەکانی حکوومەت، لە گوندی شووشمێی سەر بە شاری پاوە، ئاگریان لە دارستانەکانی ئەو گوندە بەرداوە. لەو ئاگرکەوتنەوەدا، ژمارەیەک لە دارستانەکان و هەروەها پووش و پاوان و لەوەڕگەی ئەو گوندە سووتان.[4]
- کچێکی لاو بە ناوی سۆما خدری، کچی محەمەد، خەڵکی گوندی کێلوێی شاری بانە، بە هۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.[4]
باشووری کوردستان
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک ئەم بەیانییە گوندەکانی گەلیی شێخ زادەیان لە سیدەکان بۆردومانکرد. لەو بۆردومانەدا 4 هاووڵاتی بریندار بوون.[1] هەندێک لە سەرچاوەکان باسی برینداربوونی 3 پێشمەرگە دەکەن کە یەکێکیان قاچی پەڕیوە.[2]
- شەوی ڕابردوو لە شارۆچکەی شارەزووری سەر بە پارێزگای سلێمانی، ئاگر لە بازاڕی سەوزە و میوە فرۆشان کەوتەوە، پێش ئەوەی تیمەکانی ئاگرکوژێنەوە ئاگرەکە کۆنترۆڵ بکەن، تەواوی شوێنەکە سووتا.[3]
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێم رایدەگەیەنێت بەرەبەیانی ئەمڕۆ لە کاتژمێر 6:36 و 6:33 دوو بومەلەرزە بە گوڕی 4.9 و 4.4 بە پێوەری ڕێختەر و لە قوڵایی 29 کم لە خانەقین لە سنوری گەرمیان ڕوویداوە.[5]
- کاتژمێر 12:30 خولەکی نیوەڕۆی ئەمڕۆ ئاگر لە گۆڕستانی گەورەی شارەدێی چوارقوڕنەی سەر بە ئیدارەی ڕاپەڕین کەوتەوە و بەشێکی زۆری گۆستانەکە سووتا. بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی، حسێن عەبدوڵا، وتەبێژی بەرگری شارستانی ڕاپەڕین بە ڕۆژنیوزی داوە، ئاگرەکە بەهۆی فڕێدانی جگەرەوە کەوتووتەوە.[3]
- زەوییەکی کشتوکاڵی بەرفراوانی شارەدێی سەرگەڕان لە سنوری پارێزگای کەرکوک ئاگری گرتووە و بەڕێوەبەری ناحیەکەش داوایەکی بەپەلە ئاراستە هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی دەکات بۆ ئەوەی بەهانایانەوە بچن.[5]
- سەرچاوەیەکی ئەمنی لە شارۆچکەی مەخموور، ڕایگەیاند؛ لە مەخموور ئاگر لە بەروبوومی جووتیاران کەوتەوە و 80 دۆنم زەویی جووتیاران سووتا.[2]
- لە سنوری گەرمیان لە ئاکامی سێ حاڵەتی ئاگرکەوتنەوە بڕێکی زۆر لە پوشوپاوان و جۆی جوتیاران سوتان، وتەبێژی بەرگری شارستانی گەرمیان-یش دەڵێت: تا ئێستا هۆکاری ئە و ئاگرانە نەزانراون.[5]
- هەرێم عەبدولڕ ەحمان، کە کادیری مەکتەبی دارایی یەکێتییە، سێ ڕۆژ بەر لە ئێستا لە گوندی خەلەکانی سەر بە شارۆچکەی دوکان مار پێیەوە داوە و بەهۆیەوە ڕەوانەی نەخۆشخانەی شار کراوە لە سلێمانی، لەوێش دوای سێ ڕۆژ مانەوە و چاودێریکردنی تەندرووستی ئەمر ۆ گیانی لەدەستدا.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورکی داگیرکەر بە ئۆبوس هێرشی کردووەتە سەر گوندی ئاقیبێ سەر بە ناوچەی شێراوا-ی عەفرین و تۆپبارانی دەکات.[1]
دەرەوەی کوردستان
- ئەنجومەنی شەنگال لە دەرەوەی وەڵات (مەشەدە) ڕاگەیەنراوێکی بڵاوکردەوە و ئیدانەی کوشتنی گەنجێکی ئێزدی بە ناوی ئەمین ساڵح عومەر کرد کە لە لایەن سەربازانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر لە سنووری شارۆچکەی زاخۆی باشووری کوردستان کوژرا. لە ڕاگەیەنراوەکەدا هاتووە، فەرمانی شەنگال ڕۆژ بە ڕۆژ لە لایەن خوانەناسانەوە دەبێتە ڕۆژەڤ و برینەکانی ئێزدییەکان نوێ دەکرێنەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سیدەکان
شار و شارۆچکەکان: پاوە (هەورامان)
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: زاخۆ
شار و شارۆچکەکان: دوکان
شار و شارۆچکەکان: رانیە (راپەرین - پشدەر)
شار و شارۆچکەکان: بانە
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-06-05
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-06-05
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-06-05
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-06-05
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-06-05
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-06-05

کاتی تۆمارکردن: 2019-05-11 9:13:06 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 156
**2019-06-06**
https://www.kurdipedia.org/?q=20190511091306286875



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دادگای ئینقلابی شاری سەقز، حوکمی سێ مانگ زیندانیی بەسەر وەرزشوانێکی کورد بە ناوی میلاد فازڵپوور، کوڕی محەمەد، خەڵکی گوندی مەڵقەرەنی شاری سەقزدا سەپاند. ئەو لاوە کوردە، بە بۆنەی لەبەرکردنی تێشرتێک لە جێژنی نەورۆزی ئەمساڵدا، کە بە ئاڵای کوردستان نەخشێندرابوو، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی شاری سەقزەوە دەسبەسەر و دواتر بە شێوەی کاتی ئازاد کرابوو.[3]
- کاسبکارێکی کورد بە ناوی سیروان عەزیززادە، خەڵکی خەلیفانی نەغەدە، لە ناوچەی چۆمانی سەردەشتدا، بە تەقەی ڕاستەوخۆی نیزامییانی حکوومەت، بەتوندی بریندار بوو.[3]
باشووری کوردستان
- هێرشی سوپای تورک بۆ دەڤەری برادۆست بەردەوامیی هەیە، بەهۆیەوە چەندین گوند چۆڵکراون.[1]
- لە شارۆچکەی چەمچەماڵی باشووری کوردستان ژنێک بەناوی (ل.ف.ع) لەدایکبووی ساڵی 1997 خۆی کوشت. ڕاگەیەنرا ئە و ژنە هاوسەرگیری کردووە و دایکی دوو منداڵە.[2]
- ماڵی ئێزدییان-ی کانتۆنی جەزیر-ی ڕۆژئاوای کوردستان 13ئێزدیی تر کە لەدەستی چەتەکانی داعش ڕزگارکراون، ڕادەستی مەجلیسی خۆسەری دیموکراتیکی شەنگال-یان کرد، چاوەڕوان دەکرێت کە ئەو ئێزدییە ڕزگارکراونە ئەمڕۆ دەربازی شەنگال ببن. ناوی ڕزگارکراوەکان: فەهەد قسم 15 ساڵان، شاها ڕەڤۆ 30 ساڵان لەگەڵ دوو منداڵی خۆی بەناوەکانی هادی 6 ساڵان و خەڵات 5ساڵان. زێنێ ئیبراهیم 19 ساڵان- تەلبەنات، ناڤین دەرویش 24 ساڵان- شەنگال، جیلان جوقی 11 ساڵان- تەل عوزێر، وەتفا نایەف 10 ساڵان- تەل عوزەیر، هەڤال ڕەشۆ 12 ساڵان -سولاخ، لەیلا سادۆ 20 ساڵان- شەنگال، هەیفا سادۆ 16 ساڵان- ڕەمبووسێ، حازیم حسێن 17ساڵان- ڕەمبووشێ، ئەسرا موستەفا 22 ساڵان- کۆچۆ.[2]
- سکرتاریای کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێک، گیانلەدەستدانی دوو پێشمەرگەی ئەو حیزبەی کە بە ڕووداوی هاتوچۆ لە شاری ڕانیەی هەرێمی کوردستاندا گیانیان لەدەست دابوو، پشتڕاست کردەوە. شوناسی ئەو دوو پێشمەرگەیە بە ناوەکانی فەرهاد وەکیلی و لیمۆ کەریمی، ڕاگەیاندراوە. لەم ڕووداوەدا، پێشمەرگەیەکی دیکەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، بە سەختی بریندار بووە و هەنووکە لەژێرچاوەدێریی پزیشکیدایە.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لەگوندی جب مەخزووم هەڵکەوتوو لە ڕۆژئاوای منبج، لەڕێگەی ئۆتۆمبیلێکی بۆم ڕێژکراوەوە تەقینەوەیەک ئەنجامدرا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - ڕۆژهەڵات |
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ڕانیە (ڕاپەڕین - پشدەر) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سەقز |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سەردەشت |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ نەغەدە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ منبج |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ چەمچەماڵ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ جەزیر - ڕۆژاوا |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ شنگال |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-06-06
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-06-07

کاتی تۆمارکردن: 2019-05-11 9:13:06 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 157

**2019-06-07**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190511091306286876




باکووری کوردستان
- عەبدوڵا ئۆجەلان، پەیامێکی نوێی لە ڕێگەی براکەیەوە بڵاوکردەوە و دەڵێت هەم دەوڵەت هەم پەکەکە دەبێ شێوازی دیکەی پرۆسەی چارەسەریی بگرنەبەر، بەکوشتن و خوێنڕشتن هیچ ئەنجامێکی چارەکردن بەدیناکرێت.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی دانیال عەزیزی، خەڵکی ڕەبەتی سەردەشت، بە هۆی تەقینەوەی مین، لاقێکی لەدەست دا. ئەم کۆڵبەرە کوردە، لە بەرزاییەکانی گوندی کانی زەرد، سەر بە بەخشی ناوەندیی سەردەشت، تووشی ئەم ڕووداوە بووە.[7]
باشووری کوردستان
- شەوی ڕابوردوو تەقە لە هۆڵێکی سینەمای شاری سلێمانی لە سیتی سینەماکرا و بریندارێ لێکەوتەوە.[2]
- لە هەردوو شارەدێی جەبارە و جەلەولا لە سنووری خانەقین ئاگری گەورە لە بەرهەمی دانەوێڵە و باخ و ڕەزی هاووڵاتیان کەوتووەتەوە و تیمەکانی بەرگری شارستانی و هاووڵاتیان لە هەوڵی کوژاندنەوەیدان.[1]
- درەنگانێکی شەوی ڕابردوو، لە گوندی حەفتەغاری سەر بەشارۆچکەی داقوق سەر بە پارێزگای کەرکوک، ئاگر لە دەغڵودانی جوتیارانی کورد بەردارو زیانی زۆری لێکەوتەوە.[6]
- سوپای تورکی داگیرکەر گوندی خەلیفان و سیران-ی سەر بە شارۆچکەی سۆران-ی باشووری کوردستانی بۆمباران کرد. ڕاگەیەنرا زیانێکی زۆر بە ڕەز و باخی هاوڵاتییان گەیشتووە.[3]
دەرەوەی کوردستان
- زەید یوسف بەڕێوەبەری گشتی پزیشکی دادوەری بەغدا لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی هەواڵی فرانس پرێس ڕایگەیاند، ڕێوشوێنی ناسینەوەی 141 ڕوفاتی دەرهێنراوی گۆڕە بەکۆمەڵەکەی شنگال دەستپێکردوە و سەرەتا پشکنین بۆ ڕوفاتەکان دەکرێت و دواتر نمونەی دی ئێن ئەی لە ڕوفاتەکان وەردەگیرێت و بەراورد دەکرێت لەگەڵ ئە و داتایانەی کە لە خێزانەکانەوە وەرگیراون، بۆ ئاشکراکردنی ناسنامەی ڕوفاتەکان.[5]
- ئەمریکا پرۆسەی مەشقپێکردنی فڕۆکەوانە تورکەکانی لەسەر فڕۆکەی ئێف 35ی سەربازیی وڵاتەکەی ڕاگرت ئەوەش وەک کاردانەوەیەک بەرانبەر بە گرژبوونی پەیوەندی نێوانیان لەپاش

ئەوەی ئەنقەرە بڕیاریدا سیستمی موشەکی بەرگری ئاسمانی لە روسیا بکڕێت.[1]
- راگەیاندنی سوپای نیشتیمانی لیبیا ئاشکرایکرد کە هێزی ئاسمانی ئە و وڵاتە فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانی تورکیایان تێکشکاندووە کاتێک ویستویەتی لە بەشی سەربازیی فڕۆکەخانەی معیتیقەی ئە و وڵاتە نزیک ببێتەوە و ئەمە دووەم روداوی لە و جۆرەیە کە لەماوەی دوو رۆژدا روبدات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سۆران
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 07-06-2019
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 07-06-2019
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 07-06-2019
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 07-06-2019
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 07-06-2019
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 08-06-2019


کاتی تۆمارکردن: 11-05-2019 9:13:06 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 158
**2019-06-08**
https://www.kurdipedia.org/?q=20190511091306286877



رۆژهەڵاتی کوردستان

- 28 سەر ئەسپی بارهەڵگری کاسبکاران لە گوندی زێوکەی شاری پیرانشاردا، بە تەقەی هێزە نیزامییەکان لەنێو چوون.[3]

باشووری کوردستان

- کاتژمێر 6:40 خولەکی بەرەبەیانی ئەمڕۆ جارێکی دیکە سوپای دەوڵەتی تورک بە دوو فڕۆکەی جەنگی بۆردومانی گوندەکانی سیران و خەلیفانیان کرد، ئەوەش لە کاتێکدایە شەوی ڕابردووش سوپای تورک لە ڕێگە دوو هێلیکوپتەری جەنگییەوە بۆردومانی هەمان ناوچەی کرد.[1]
- شەوی ڕابردوو، لە سنوری شارەدێی کۆکسی سەر بە شارۆچکەی کفری ئیدارەی گەرمیان، دەڕاسەیەک سوتا، هەروەها لە باشووری هەمان شارۆچکە و لەشارەدێی زنانە ئاگر کەوتەوە و زیانی زۆر بەر جوتیاران کەوت.[1]
- ئێوارەی ئەمڕۆ کاتژمێر 06:00 لیژنەی ئاشتی و خۆشەویستی، کە لە کۆمەڵێک چالاکوانان و کەسایەتیی شارۆچکەی خانەقین-ی سەر بە پارێزگای دیالە پێکهاتووە، کۆبوونەوەیەکی جەماوەرییان ئەنجامدا و تیایدا تاوتوێی ڕەوشی ئەمنیی سنوورەکەیان کرد. لە کۆبوونەوەکەدا داوا کرا، کە حزبە کوردستانییەکان لەسەر هەمان بابەت لە خانەقین کۆببنەوە و ڕێگا چارەیەک بۆ دۆخەکە بدۆزنەوە. هەروەها، داوایان لەهەردوو حکومەتی بەغدا و هەرێم کرد، بە دەنگ خەڵکی خانەقینەوە بچن و ماددەی 140 ی دەستووری عێراق جێبەجێ بکەن.[1]

رۆژئاوای کوردستان

- ئەمڕۆ لەکاتژمێر 12:00 زەوییەکانی سەرسنووری تورکیا لە نزیک سایلۆی گەنمی شاری دیربێسییەی ڕۆژئاوای ئاگری کرت. ئاگرەکە لەلایەن سوپای داگیرکەری تورکیاوە بەردراوەتە ناوچەکە و بەهۆی ئەو ئاگرەوە زیاتر لە 130 دۆنم لە زەوییەکانی گەنم و جۆی هاووڵاتییەک بەناوی موختارسووتاوە.[2]
- لە ئەنجامی تەقینەوەی متۆرسیکلێتێکی بۆمڕێژکراو لە گەڕەکی غوێران-ی حەسەکە لە ڕۆژئاوای کوردستان 2 کەس برینداربوون.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ◯ کفری

شار و شارۆچکەکان: ◯ حەسەکە

شار و شارۆچکەکان: ◯ تەربەسپی

شار و شارۆچکەکان: ◯ خانەقین

شار و شارۆچکەکان: ◯ پیرانشار - خانە

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-06-08

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-06-08

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-06-09


کاتی تۆمارکردن: 2019-05-11 9:13:06 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 159

**2019-06-09**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190511091306286878



باکووری کوردستان
- یادی سیهەمینساڵگەردی تیرۆری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، ڕێبەری کاریزماتیکی نەتەوەی کورد، بە بەشداریی نوێنەرانی حیزبەکان، ڕۆشنبیران و کەسایەتییە سیاسییەکان، لە شاری ئامەدی باکووری کوردستان، بەرز ڕاگیرا.[5]
باشووری کوردستان
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ لە سنووری شارۆچکەی شنگال ئاگر لە دەغل و دانی هاونیشتمانییان کەوتەوە، دوو هاونیشتمانیش لەکاتی کوژاندنەوەی ئاگرەکەدا سووتان.[1]
- بەیانی ئەمڕۆ لە گوندی یوسف بەگی شارۆچکەی خانەقین، بۆمبێکی چێنراو تەقیوەتەوە و بە هۆیەشەوە جوتیارێک بریندار بووە. جوتیارەکە ناوی (عەباس عەلی ڕۆستەم)ە و لەکاتی تەقینەوەی بۆمبەکە لە ناوکێڵگەکەی خۆی سەرقاڵی کارکردن بووە.[2]
- پۆلیسی دهۆک، ڕایدەگەیەنێت، کە بکوژی دلین وەلید هاوڕێی باوکی دلین بووە و هەوڵیداوە دەستدرێژیی بکاتەسەر، دوای ئەوەی دلین هاواری کردووە و ڕێگای پێنەداوە، بە دار کوشتوویەتی.[3]
- شەوی ڕابردوو و پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ، فڕۆکە جەنگییەکانی ڕژێمە داگیرکەرەکەی تورکیا چەند جارێک گوندەکانی برادۆست و سیدەکانی سەر بە پارێزگای هەولێری باشوری کوردستانیان بۆردومان کردوەتەوە. زانرا بۆردومانەکە زیانی گیانی لێنەکەوتووەتە، بەڵام زیانی زۆری بە ژینگە و لەوەڕگە و دارستانەکان گەیاندووە و هاوکات بووەتە هۆی ئافراندنی ترس و دڵەڕاوکێ زۆر بۆ هاوڵاتیانی مەدەنی.[4]
- گوتەبێژی پۆلیسی دهۆک رایگەیاند، لە سەنتەری شارۆچکەی زاخۆ کەسێک هاوژینەکەی خۆی خنکاند. پیاوەکە تەمەنی 42 ساڵە و هاوژینەکەیشی 34 ساڵە، بەگوتەی هێمن سلێمان: پیاوەکە لە بەریتانیا گەڕاوویەوە کوردستان، دوای ڕووداوەکە ویستوویەتی خۆی لە هێزەکانی ناوخۆ بشارێتەوە، بەڵام دواتر تۆمەتبارەکە بە ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی دەستگیرکراوە.[1]
- ئێوارەی ئەمڕۆ هاووڵاتیەک لە کەلار دوای ئەوەی ویستبووی زەویەکەی خۆی لە جاڕ پاکبکاتەوە 600 دۆنم زەوی لەدەخڵ و دانی هاووڵاتیانی سوتاند.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

- شار و شارۆچکەکان: ◯ شنگال
- شار و شارۆچکەکان: ◯ خانەقین
- شار و شارۆچکەکان: ◯ دهۆک
- شار و شارۆچکەکان: ◯ سیدەکان
- شار و شارۆچکەکان: ◯ زاخۆ
- شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)
- شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-06-09
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-06-09
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-06-09
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-06-09
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-06-10


کاتی تۆمارکردن: AM 9:13:06 2019-05-11
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 160

**2019-06-10**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190511091306286879



باشووری کوردستان
- هاوکات لەگەڵ سەردانەکەی مەولود چاوشئۆغلو، وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان، سوپای تورک بۆردوومان و تۆپبارانی گوندەکانی برادۆست دەکات. کاتژمێر 12:00ی نیوەڕۆ، گوندی بێرکم بۆردوومان و گوندی خەلیفان سنووری برادۆست لەلایەن سوپای تورکەوە تۆپباران کرا. بۆردوومان و تۆپبارانەکان زیانی گیانیی بەدواوە نەبووە، بەڵام زیانی سروشتی ناوچەکە گەیاندووە.[2]
- بەرهەم ساڵح بۆ بەشداریکردن لە سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێم گەیشتە هەولێر.[1]
- وەزیری دەرەوەی تورکیا و شاندێکی باڵای ئێران بۆ بەشداریکردن لە سوێندخواردنی نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکی هەرێم گەیشتنە هەولێر. مەهدی ئەکەر پەرلەمانتاری ئاکەپە، هاکان کاراچای کۆنسوڵی تورکیا لە هەولێر، فاتیح یڵدز باڵیۆزی تورکیا لە بەغدا یاوەرەکانی چاوش ئۆغڵو بوون.[1]
- پاش ئەوەی لە تەمەنی هەشت ساڵیدا منداڵێکی ئێزدی لەگوندی کوچۆ سەر بە شارۆچکەی شنگال لەلایەن چەکدارانی داعشەوە رفێندرا، دوای پێنج ساڵ لە کەمپی هۆلێ لە سوریا دۆزرایەوە. ئەو منداڵە ئێزدییە ناوی (حازم قاسم عەفدو)یە کە ئێستا تەمەنی 13 ساڵە، لە کەمپی چەکدارانی داعش لە سوریا دۆزراوەتەوە و دراوەتەوە بە ماڵی ئێزدییەکان لە هەرێمی جزیرەی رۆژئاوای کوردستان.[3]
- بڕیاربوو ئەمرۆ کاتژمێر 11:00 کۆمەڵێک لە رۆشنبیر، رۆژنامەنووس، نووسەر و کەسایەتیی دژ بە داگیرکاریی دەوڵەتی تورک لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسییدا بەیاننامەیەکی هاوبەش بخوێننەوە، بەڵام ئاسایش رێگای پێنەدان. ئاسایشی سلێمانی بە بیانووی نەبوونی مۆڵەت رێگری کرد، لەکاتێکدا بەستنی کۆنگرەی رۆژنامەنووسیی پێویستیی بە مۆڵەت وەرگرتن نییە.[2]
- بەپێی هەواڵێکی سایتی ژیان، بافڵ تاڵەبانی مەراسیمی سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان-ی لە شاری هەولێر جێهێشت. بەپێی هەواڵەکە، بافڵ تاڵەبانی، بەهۆی شوێنی دانیشتنەکەیەوە لەتەنیشت ئیدریس نێچیرڤان بارزانی تورە دەبێت و بەشداری مەراسیمی سوێند

خواردنی نێچیرڤان بارزانی ناکات و گەڕایەوە.[2]
- سەرۆکی فراکسیۆنی نەوەی نوێ لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیێنێت، سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێویستی بە کۆشک و تەلار و ئاهەنگ گێڕا نەبوو، دەشڵێت پێویستە پەرلەمان کار لەسەر داخوازییەکانی خەڵک بکات، نەک مەراسمی لەو شێوەیە.[2]
- لە ئەنجامی ئاگرکەوتنەوە لە گوندی سفەیەی سەر بە شارۆچکەی خەبات لە سنووری پارێزگەی هەولێر سەدان دۆنم دەغڵودانی جووتیاران سووتا.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سەربازانی تورکیا لە ناوچەی سەرێکانی ئاگریان لە دەغڵودانی هاوڵاتییان بەردا. هەروەها بە هۆکاری نادیار لە تربەسپی ئاگرێکی گەورە کەوتەوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: جووڵانەوەی نەوەی نوێ
شار و شارۆچکەکان: تەربەسپی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شنگال
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-06-10
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-06-10
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-06-10

کاتی تۆمارکردن: 2019-05-11 9:13:06 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 161
**2019-06-11**
https://www.kurdipedia.org/?q=20190511091306286880




ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە سنووری نێوان باشوور و ڕۆژهەڵات لە ناوچەی قۆرەتوو، ئاگرێکی گەورە دەکەوێتەوە و بەشێکی زۆر لە پوش و پاوان و دەخڵودانی هاووڵاتیان دەسوتێنێت.[2]
باشووری کوردستان
- پەرلەمانی کوردستان بە دەنگی 87 پەرلەمانتار مەسرور بارزانیی ڕاسپارد بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان.[1]
- کاژێر 1:30 دەقیقەی شەوی ڕابردوو، تەقە لە مەکۆی سەرەکی بزووتنەوەی گۆڕان کرا و بەهۆیەوە پاسەوانێک بەناوی ڕێبەند فەرهاد گیانی لەدەستدا، هاوکات دەستبەجێ لەلایەن پاسەوانانی مەکۆی سەرەکی بزووتنەوەی گۆڕانیشەوە وەڵامی تەقەکان دراوەتەوە.[2]
- قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، شەوی ڕابردوو یەکێتی هێرشی نەکردووەتە سەر گۆڕان.[4]
- چەتەکانی داعش سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ هێرشیان کردە سەر سەنگەری شەرڤانانی یەبەشە لە مەدیوانی شەنگال. یەبەشە بە توندی بەرەنگاری هێرشەکە بوویەوە و لە ئەنجامدا ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراوی چەتەکان تەقێنرایەوە و هێرشەکە تێکشکێنرا.[3]
- بۆرییەکی نەوت لە ڕێگای سەرەکی کەرکوک-سلێمانی گڕی گرت.[2]
- لەپێش نیوەڕۆی ئەمڕۆوە ئاگرێکی گەورە لەناوەندی خانەقین و لەناوچەی دارەکونارە کەوتووەتەوە و زیانێکی زۆری بەدارستان و پاوانی ناوچەکە گەیاندوە.[2]
- دەوروبەری کاتژمێر 15ی ئەمڕۆ گەریلاکانی هێزەکانی پاراستنی گەل (هەپەگە) لە گردی شەهید دەروێش-ی خواکورک چالاکییەکیان لە دژی سەربازانی سوپای تورک ئەنجام دا.[3]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە نێو شەقامێکی شاری هەولێردا ئاسایشێک کوژرا، پاش ئەوەی بکوژ و کوژراو ڕووداوێکی هاتووچۆ لەنێوانیاندا ڕوویدا.[5]
- تەرمی ژنێکی تەمەن 75 ساڵان لە شارۆچکەی ڕواندز دۆزرایەوە. پۆلیس ڕایگەیاند، ژنەکە کوژراوە و دەموچاوی شێوێنراوە.[3]
- لەکاتی کارکردن لەناو باخەکەیدا هاووڵاتی سیروان حەسەن تەمەن 21 ساڵان لەگوندی محەمەد شێرگی سەربە شارۆچکەی خانەقین بۆمبێکی پێدا تەقیوەتەوە و بە سەختی بریندابووە.[2]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە سنووری نێوان باشوور و ڕۆژهەڵات لە ناوچەی قۆرەتوو، ئاگرێکی گەورە دەکەوێتەوە و بەشێکی زۆر لە پوش و پاوان و دەخڵودانی هاووڵاتیان دەسوتێنێت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ڕواندز
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: خانەقین

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-06-11
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-06-11
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-06-11
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-06-11

کاتی تۆمارکردن: 2019-05-11 9:13:06 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 162
**2019-06-12**
https://www.kurdipedia.org/?q=20190511091306286881



باکووری کوردستان
- پارێزەر ڕێزان ساریجە و نەورۆز ئوویسال کە ئەمرۆ بەمەبەستی دیدار لەگەڵ ئۆجالان سەردانی ئیمرالییان کرد، گەڕانەوە. دوای 8 ساڵ، 2 و 22ی ئایاری 2019 پارێزەران سەردانی ئیمرالییان کردبوو و چاویان بە ئۆجالان کەوت.[2]
- گەنجانی هەدەپە هەوڵیان دا لە دژی تێکدانی شاری مێژوویی حەسکیف لێدوانێکی رۆژنامەوانی بدەن، بەڵام پۆلیسی تورک هێرشی کردنەسەر. ڕاگەیەنرا 33 کەس دەستگیر کراون و ڕووبەڕووی ئەشکەنجە بوونەتەوە.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ژنێکی لاو بە ناوی ژیلا موزەفەری، تەمەن 25 ساڵ، کچی عارف، خەڵکی گوندی پشتەی سەر بە شاری کامیاران، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.[4]
باشووری کوردستان
- نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی نوێی هەرێمی کوردستان مەسرور بارزانی، بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم ڕاسپارد.[3]
- پاش نیوەڕۆی ئەمرۆ لە بناری چیای مەتین، هێزە ئاسمانییەکانی تورکیا ئۆتۆمبێلێکی گەریلاکانی پەکەکەیان بۆردومان کرد و سووتا.[1]
- ئێوارەی ئەمرۆ فرۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکی داگیرکەر بەنزیخانەی ئامێدی-یان بۆردومان کرد کە دەکەوێتە نزیک لقی 18 پارتی دیموکراتی کوردستان.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە عەفرین لە ئەنجامی تەقینەوەیەکدا چەتەیەک کوژرا و 2 چەتەی تریش بریندار بوون.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە


پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ◯ کامیاران
شار و شارۆچکەکان: ◯ باتمان - ئێلح
شار و شارۆچکەکان: ◯ ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری دوارۆژ - 12-06-2019](#)
[2] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 12-06-2019](#)
[3] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن](#)
[4] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری کوردیا - 14-06-2019](#)

کاتی تۆمارکردن: 2019-05-11 9:13:06 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 163
**2019-06-13**
https://www.kurdipedia.org/?q=20190511091306286882




باکووری کوردستان
- دادگەیەکی دەوڵەتی تورک سزای ساڵێک و 6 مانگ زیندانیکردنی بۆ محەمەد ئایدنەر هاوسەرۆکی پارتیی دیموکراتیی گەلان (هەدەپە) لە ناوچەی دۆغانشەهیر-ی سەر بە شاری مەلەتیی باکووری کوردستان بریەوە.[4]
- سەرچاوەهەرێمییەکان رایانگەیاندووە کە لە بەرزاییەکانی ناوچەی ئومەریانی نسێبین شەڕهاتووەتە ئاراوە، بەپێی زانیارییەکان سوپای تورکیا و یەکە شاراوەکانی دەستیان کردووە بە ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەش، لەو ئۆپەراسیۆنەدا دەیان زرێپۆشی سەربازیی بەشداریان کردووە. لەناوچەکە شەڕهاتە ئاراوە. ئاگرلە هەرێمەکە کەوتووە و سەربازانی تورک رێگە نادەن کە ئاگرەکە بکوژێننەوە. گرووپی هاوکاری بۆ کوژاندنەوەی ئاگرەکە بەنیازن بچنەهەرێمەکە بەڵام سوپای تورکیا رێگری دەکات.[4]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- ئەمڕۆ لە گوندی زەڵێی سەر بە شارۆچکەی بانەی رۆژهەڵاتی کوردستان، لەسەر سنور کۆڵبەرێک بە ناوی محەمەد حسێن زادە، تەمەن 28 ساڵ، کە باوکی دوو منداڵە لە لایەن هێزەئەمنییەکانی ئێرانەوە تەقەی لێکراوە و بەو هۆیەوە گیانی لە دەستداوە.[2]
باشووری کوردستان
- جوتیارێک بەناوی ئیسماعیل بەکر، کە 9ی ئەم مانگە لە کۆمەڵگەی بۆرک-ی سەربە شەنگال لەکاتی کوژاندنەوەی ئاگر سووتابوو، دوای چوار رۆژ مانەوە لەنەخۆشخانەی دهۆک گیانی لەدەستدا، بڕیارە ئەمڕۆ لەشەنگال بەخاک بسپێردرێت.[1]

- حزبی شیوعی کوردستان و بزووتنەوەی دیموکراسی گەلی کوردستان، هێرش , بۆردمان و داگیرکارییەکانی دەوڵەتی تورکیایان بۆسەر خاکی باشووری کوردستان ئیدانەکرد و داوایان لە حکومەتی هەرێم کرد کە رێگا نەدات تورکیا هاووڵاتیانی هەرێمەکە بکاتە قوربانی.[1]
- هەرچەندە بڕیاربوو ئێوارەی ئەمڕۆ کاتژمێر 05:00، لە شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان، دژ بە داگیرکاریی بۆردوومانەکانی دەوڵەتی تورک بۆ سەر باشوری کوردستان و سووتانی دەغڵودانی جووتیاران و تەعریبکردن لە ناوچە دابڕاوەکان، گردبوونەوەی نارەزایی بەرێوەبچێت، بەڵام ئاسایش رێگا بەو گردبوونەوەیە نادات.[2]
- لەلایەن دوو چەکدارەوە کەجلی سەربازییان لەبەردابووە تەقە لە خوێندنگەیەک لە دهۆک دەکرێت و خوێندکارێک بریندار دەکرێت.[1]
- دوای ئەوەی شەرە تەقە لە نێوان هەردوو هۆزی زێباری و هەرکی لە شارۆچکەی ئاکرێ روویدا، هێزێکی پێشمەرگەی زێرەڤانی گەیشتووە شوێنەکە و ژمارەی برینداەکانیش بەرز بووەتەوە و چوار کەسی عەشرەتێکیان لەلایەن عەشیرەتەکەی ترەوە دەستگیرکراوە.[3] هەندێک سەرچاوەی تر باس لە سووتانی زۆرتر لە 10 خانووی گوندەکە دەکەن. یەک لە بریندارەکان منداڵێکە و باری تەندروستیی زۆر خراپە.[5]
- خوێندکارانی دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکان لە گەرمیان، گردبوونەوەیەکی نارەزایەتییان ئەنجامدا و داوای دامەزراندنیان کرد، بۆ ئەو مەبەستەش یاداشتێکی داواکاریيان پێشکەش بە سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان کرد.[2]
- لە شارەدێی هەڵشۆی سەر بە شارۆچکەی پشدەر، کچێک بەهۆی تەقەی نێوان دوو بنەماڵە لەسەر کێشەی زەویوزار کوژرا.[3]
- ئاگرێکی بەهێز سنوری گەرمیانی گرتەوە، بەرێوەبەری بەرگری شارستانیش دەڵێت: زیاتر لە دوو هەزار دۆنمی لە بەرهەمی جوتیاران سوتاندووە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☭ حزبی شیوعی کوردستان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ کەلار (گەرمیان) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ قەڵادزێ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ شنگال |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ مەلاتێ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ نوسەیبین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ئاکرێ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ بانە |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان


[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 13-06-2019
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 13-06-2019

[3] 🖇️ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 13-06-2019
[4] 🖇️ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 13-06-2019
[5] 🖇️ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 13-06-2019

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 11-05-2019 9:13:06 AM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 164

**14-06-2019**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190511091306286883




باکووری کوردستان
- لە ناوچەی ئۆمەریان-ی سەر بە شارۆچکەی نسێبینی پارێزگەی مێردین، بەهۆی ئۆپەراسیۆنی سوپای تورکیا کە شەڕ هاتە ئاراوە ، ئاگر کەوتەوە.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ژنێکی تەمەن 32 ساڵە بە ناوی شیوا خوسرەوی، کچی وەلی، خەڵکی باینگانی سەر بە شاری پاوە، بە هۆی کێشەی بنەماڵەییەوە، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.[4]
باشووری کوردستان
- تۆڕی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی سۆران سەبارەت بەو ڕەوشەی ئێستا لەناوچە کێشە لەسەرەکاندا پەیدا بووە، داوا لە پەرلەمانی کوردستان دەکات بەجددی بێتە سەرخەت و کێشەکانی ئەو ناوچانە لەڕێگەی تیمێکی خێرا چارەسەربکەن و هەوڵی قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوان بدەن.[1]
- ئەمرۆ لەگوندی گۆمەشینی سنوری شارۆچکەی کۆیە ئاگر لەناو دەغڵودانی جوتیاران کەوتەوە، دواتر تیمەکانی بەرگریی شارستانی توانیان ئاگرەکە کۆنترۆڵ بکەن. بەهۆی ئاگرەکەوە زیاتر لە 50 دۆنم دەغڵودانی جوتیاران سوتاوە.[2]
- ئاگر لە زەوییە کشتوکاڵییەکانی کوردانی شەبەک بەربوو لە نەینەوا و بە سەدان دۆنم زەوی سوتاون.[3]
- لە شاری خانەقین بە بەشداریی دەیان بەهرەمەند و لە ژێر ناونیشانی لاوان بونیادنەری ژیانن، سێیەمین فێستیڤاڵی ئەڵوەن ئەنجامدرا و تێیدا چەندین برگەی جۆراوجۆر پێشکەش کرا.[1]
دەرەوەی کوردستان
- موقتەدا سەرد، ڕابەری ڕەووتی سەدر ئیدانەی هێرشەکانی دەوڵەتی تورک دەکات بۆسەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان و داوا لە حکومەتی عێراق دەکات ئەو ڕێککەوتنانە هەڵوەشێنێتەوە، کە مایەی هەڕەشەن بۆ سەر سەرەوەریی عێراق. دوای پەیامەکەی سەدر، فاتح یڵدز باڵیۆزی دەوڵەتی تورک لە بەغدا، لەسەر تویتەرەکەی نارەزایەتیی نیشاندا و بانگەشەی ئەوەی کرد کە 'پەکەکە ئۆپۆزیسیۆن نییە'.[2]
- مەولود چاوش ئۆگلو وەزیری دەرەوەی تورکی سەبارەت بە ئەگەری سەپاندنی سزاکانی ئەمریکا هۆشداریدا کەئەگەر ئیدارەی کۆشکی سپی هەنگاوێکی لەو شێوەیە بنێت، ئەنکەرە وەڵامی دەبێت.[3]
- فەرماندەیی هێزەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بە سنتکام دەناسرێت لە ڕاگەیەندراوێکدا، ڕایگەیاندووە کە وڵاتەکەی لایەنگری شەڕێکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە، بەڵام بۆ بەرگریی لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەوانە ئازادیی کەشتیوانیی، کەشتییەکی جەنگیی دیکەش دەنێرێتە ناوچەکە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: پاوە (هەورامان)
شار و شارۆچکەکان: نوسەیبین
شار و شارۆچکەکان: سۆران
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-06-14
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-06-14
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-06-14
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-06-15
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-06-14

کاتی تۆمارکردن: 2019-05-11 9:13:06 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 165

**2019-06-15**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181221161237104962



باکووری کوردستان
- بەهۆی ناکۆکی و شەڕ لەنێوان ئەندامانی دوو بنەماڵەی خێڵی ئیزۆل لە شارۆچکەی سێورەکی سەر بە شاری رووها لە باکووری کوردستان، ئەمڕۆ 6 کەس کوژران و 10 کەسی دیکەش بریندداربوون.[3]
باشووری کوردستان
- ئاگرێک سنوری شاخەکانی بۆین و چنار و مۆردین و چەند گوندێکی دیکەی سنوری پارێزگای هەڵەبجەی گرتوەتەوە، وتەبێژی بەرگری شارستانیش دەڵێت: تائێستا زیاتر لە 100 دۆنم دارستان و رەز و باخی هاووڵاتیان سوتاوە.[4]
- بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی بازرگانی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، سبەی یەکشەممە (2019-06-16) بەغدا دەست بە وەرگرتنی گەنمی هەولێر و سلێمانی دەکات و بۆ ئەمساڵ 340 هەزار تۆن گەنم لە جووتیارانی هەرێمی کوردستان وەردەگرێت.[3]
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ لە شارەدێی شۆڕش بەهۆی دەستڕێژی گوللەوە لە ماڵێک ژن و پیاوێک کوژران و کەسێکی دیکەش بریندداربوون.[4]
- بەهۆی ئاگرێکەوە گۆڕستانی سەیدسادق سووتا.[5]

رۆژئاوای کوردستان
- لە نزیک پەیمانگەی پیشەسازیی حەسەکە لە گۆڕەپانی شەقامی تەلایع ماتۆڕ سکیلێکی بۆمبڕێژکراو لە کاتژمێر 11:15 دا تەقێنرایەوە. بەڕێوەبەرانی ئاسایشی ناوخۆ رایانگەیاند، لە تەقینەوەکەدا 2 کەس بە سوکی بریندار بوون و گواستراونەتەوە بۆ نەخۆشخانە بۆ ئەوەی چارەسەریان بۆ بکرێت.[2]
دەرەوەی کوردستان
- تەرمی لۆرێنزۆ ئۆرستی شەرڤانی ئینتەرناسیۆنالیستی یەپەگە گەینرایەوە زێدی خۆی لە شاری فلۆرانسی ئیتالیا.[2]
- لە چوارچێوەی فێستیڤاڵی وەرزی هاوینەی کلتوری شاری لودڤیکس هاڤنی ئەڵمانیادا قەڵای هەولێر لە زووی کامێرای رۆژنامەنوس یوسف ئەحمەد مەنتکەوە دەبێتە جێی سەرنجی میوانە ئەڵمانی و بیانیەکان و مێژووی شارستانی قەڵای هەولێر لە ماوەی رۆژانی 15 تا 29ی حوزەیرانی 2019 لە ڤێستیڤاڵەکەدا نمایش دەکرێت.[1]


تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: روحا
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 13-06-2019
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 15-06-2019
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 15-06-2019
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 15-06-2019
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 21-12-2018 4:12:37 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 166
**2019-06-16**
https://www.kurdipedia.org/?q=20190511091306286884




باشووری کوردستان
- هونەرمەند ئیسماعیل سابووری لە سلێمانی بەهۆی جەڵتەی دڵەوە کۆچی دوایی کرد.[1]
- چەندین هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان لە خورماتوو وازیان لە بزووتنەوە هێنا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2019-05-11 9:13:06 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 167
**2019-06-17**
https://www.kurdipedia.org/?q=20190511091306286885




باکووری کوردستان
- شارەوانیی ئاکەپە لە بەدلیس پێش کۆکردنەوە و لابردنی تابلۆ کوردییەکان، گۆڕی شەرەفخانی بەدلیسیی نووسەر و بنەماڵەکەیان تێکدا.[1]
باشووری کوردستان
- تەرمی هونەرمەند ئیسماعیل سابووری لە سلێمانی نێژرا.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئەمڕۆ لە چوارڕیانی سۆنیی نێو شاری قامیشلۆ تەقینەوەیەک ڕوویدا. هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و ئامبولانس ڕەوانەی شوێنی ڕووداوەکە کراون. بە گوێرەی زانیارییە سەرەتاییەکان هاوڵاتییەک بە ناوی سەڵاحەدین ئەمین حەسەن بەهۆی تەقینەوەکە بریندار بووە. زیانێکی زۆریش بە دوکان و باڵەخانەکانی ناوچەکە گەیشتووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شار و شارۆچکەکان: بەدلیس
شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-06-17](https://www.kurdipedia.org)

[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن](https://www.kurdipedia.org)

کاتی تۆمارکردن: 2019-05-11 9:13:06 AM

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 168

**2019-06-18**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190511091306286886




باکووری کوردستان

- پارێزگاری تورک جۆلەمێرگ، بڕیاری قەدەغەکردنی چالاکی و خۆپیشاندانی لە شارەکە بۆ مانگێکی دیکە درێژکردەوە.[1]

باشووری کوردستان

- بەبۆنەی کۆچی دوایی محەمەد مورسیی سەرۆکی زیندانیکراوی میسر، ئیخوانییە کوردەکان پرسەی ماتەمینییان گێڕا.[2]

- بەهۆی وتارێکی مەحمود سەنگاوییەوە ناکۆکی و شەڕە بەیاننامە کەوتە نێوان یەکێتی و پارتییەوە.[2] (بڕوانە بابەتە پەیوەستکراوەکان)

دەرەوەی کوردستان

- کۆچی دوایی ڕەوەند جەبار فەرمان لە ئەڵمانیا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

شار و شارۆچکەکان: جولەمێرگ

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-06-18](https://www.kurdipedia.org)

[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن](https://www.kurdipedia.org)

کاتی تۆمارکردن: 2019-05-11 9:13:06 AM

بابەت: 169

**2019-06-19**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190511091306286887




باکووری کوردستان

- پۆلیسی تورک لە ئامەد هەڵیکوتایە سەر ماڵی سەرۆکی لقی ئامەدی کۆمەڵەی 78 گانی ئالکان. پۆلیس دەرگەی ماڵەکەی شکاند و چوونە ژوورەوە. پاش پشکنینی ماڵەکە پۆلیس ئالکانی دەستگیر کرد و بردیانە بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی.[1]

- پارتیی دیموکراتیی گەلان (هەدەپە) لیژنەیەکی پێکهێنا بۆ لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵکوژییەکەی ناوچەی سیوەرەگ-ی سەر بە پارێزگەی ڕها لە باکووری کوردستان.[1]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- لاوێکی کورد بە ناوی عەلی جەوازک، خەڵکی شاری بۆکان، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە بانگهێشت و دواتر دەسبەسەر کرا.[3]

- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی سامی محەممەدنژاد، کوری جەماڵ، خەڵکی شاری سەڵماس، لە شوێنی کارەکەی خۆیدا لە شەقامی ڕەزایی، بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکنی دژبەری حکوومەتی ئێران، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.[3]

باشووری کوردستان

- بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی ڕاپەڕین ڕایگەیاند، لە شارۆچکەی قەڵادزێ (ژنێک خۆی سووتاندووە و لەسەر ڕووداوەکەش هاوژینەکەی دەستگیر کراوە.)[1]

دەرەوەی کوردستان

- سەڵاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی پێشوی هەدەپە، لە ڕێگەی سیستەمی پەیوەندی ڤیدیۆیی (تەلەکۆنفرانس)، لەزیندانی ئەدرنەوە بەشداریکرد لە پرۆسەی دادگایکردنی، لە 19یەمین دادگای سزای قورسی سینجانی ئەنقەرە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

شار و شارۆچکەکان: ◯ ڕوحا

شار و شارۆچکەکان: ◯ بۆکان

شار و شارۆچکەکان: ◯ سەڵماس

شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد

شار و شارۆچکەکان: ◯ قەڵادزێ

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-06-19

[2] 🕭 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] 🕭 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-06-24
کاتی تۆمارکردن: 2019-05-11 9:13:06 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 170

**2019-06-20**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190511091306286888




باشووری کوردستان
- ناهیدە ڕەفیق حیلمی لە سلێمانی بەخاک سپێردرا.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە کاتژمێر 7ی بەیانییەوە سوپای داگیرکەری تورک و چەتەکانی گوندەکانی مالکیە وشەوارخێ-ی ناوچەی شەرانی سەربەکانتۆنی عەفرین تۆپباران دەکەن. لە ئەنجامی ئەو هێرشانەدا زیانی مادی بەرناوچەکە کەوتووە.[1]
- لە شەقامی سیاسی لە ناوەندی شاری عەفرین تەقینەوەیەک ڕوویدا. ڕاگەیەنرا کە چالاکییەکە لەرێگەی ئۆتۆمبێلی بۆم ڕێژکراو ئەنجام دراوە و لەئەنجامی ئەو چالاکییەدا چەتەیەک کوژرا و برینداریش هەیە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- ئێران فرۆکەیەکی بێفرۆکەوانی ئەمریکیی لە کەنداو خستەخوارەوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🕊 ئەفرین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🕭 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-06-20
[2] 🕭 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2019-05-11 9:13:06 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 171

**2019-06-21**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190511091306286889




رۆژهەڵاتی کوردستان
- سپای پاسداران لە شاری شنۆ، دەستیان بە سەر 25 سەر ئەسپی کاسبکاران لەو شارەدا گرت.[2]
باشووری کوردستان
- دوو فرۆکەی جەنگیی سوپای تورکی داگیرکەر لە کاتژمێر 16:40-ەوە دەستیان بە بۆردومانکردنی دەڤەری خواکورک و شەکیف کرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-06-21
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-06-22

کاتی تۆمارکردن: 2019-05-11 9:13:06 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 172
**2019-06-22**
https://www.kurdipedia.org/?q=20190511091306286890



باکووری کوردستان
- خەدیجە بوشرا ئەندامی ئەنجوومەنی ژنانی گەنجی هەدەپە و حوسامەدین تانریکولو ئەندامی ئەنجوومەنی گەنجانی هەدەپە لە ئامەد لە کاتی پشکنینی ناسنامەکانیاندا و لە دوای پشکنینی زانیاریی گشتی (BGT) لەسەر ناسنامەکانیان دەستگیرکران.[2]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆر لە خێزانە کەم دەرامەتەکان و ژنانی سەرپەرشتی خانەوادە (بێوەژن)، بۆ نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر دۆخی ژیانیان و بەرزبوونەوەی کرێی خانوو، لە شاری کرماشان لە رۆژهەڵاتی کوردستان گردبوونەوە و نارەزایەتییان دەربڕی.[3]
باشووری کوردستان
- بەڕێوەبەری هاتوچۆی کۆیە رایدەگەیەنێت بەهۆی نۆژەنکردنەوە، لە کاتژمێر 12ی ئەمڕۆوە رێگەی سەرەکی هەولێر-کۆیە دادەخرێت.[1]
- لێپرسراوی راگەیاندنی قائیمقامیەتی شارۆچکەی کەلار رایدەگەیەنێت، سەدان مریشکی بۆگەن لەکەنار رووباری سیروان فڕێدراون و بەدواداچونی بۆ دەکەین.[5]
- پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ، لە مەراسیمێکدا لە سەرای سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەر لە سلێمانی بەهاوکاری کۆمەڵەی کەلەپوری مەراسیمی تەواوکاری جەژنی نەورۆزیان سازکرد بۆ بەخشینی (خەڵاتی نەجمەدین مەلا) بەوکەسایەتییانەی رۆڵیان لەپێشخستنی جەژنی نەورۆزدا بینیووە.[1]
- لە گوندی ساماڵ لەنێوان کۆیە و شۆڕش، گەنجێک تەقەی لە برایەکی بچووکتر لە خۆی

کردووە و کوشتوویەتی.[4]
- بەپێی هەواڵێک کە ئاژانسی هەواڵی فورات بڵاوی کردووەتەوە، شەوی ڕابردوو، پێشمەرگەکانی پارتی، گردی ستراتیژی کانی ماسی و چەند گوندێکیان لەسنوری پارێزگای دهۆک، چۆڵکردووەو سوپای تورک هاتووەتە جێگایان.[4]
دەرەوەی کوردستان
- 10هەمین کۆنگرەی پێنی کورد، یەکێتیی نێونەتەوەیی نووسەرانی کورد لە شاری ئۆلدێبورگی ئەڵمانیا بە بەشداریی ڕۆشنبیران و نووسەرانی کورد لە 4 پارچەی کوردستان و دیاسپۆرا (مەنفا) دەستپێکرد.[2]
- 15هەمین فستیڤالی نێونەتەوەیی ژنانی زیلان لە شاری لێڤیرکووسێنی ئەڵمانیا بە پانێلی لەسەرناوی، توندووتیژی لەسەرژنان سیاسەتە، دەبێت ئەمە بە سەرتۆداهاتبێت دەستپێکرد.[2]
- دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا جەختدەکاتەوە، هێشتا بڕاردەی سەربازی دژی ئێران لەبەردەستە و ناهێڵن ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد
شار و شارۆچکەکان: ◯ کرماشان
شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ◯ دهۆک
شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ◯ کۆیە
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-06-22
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-06-22
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-06-22
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-06-22
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-06-22

کاتی تۆمارکردن: 2019-05-11 9:13:06 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 173

**2019-06-23**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190511091306286891



باشووری کوردستان
- تۆپخانەکانی تورکیا چیای خامتیر لە سنووری شارۆچکەی دەرکاری سەر بە شارۆچکەی زاخۆ تۆپباران دەکەن. تۆپبارانەکە ترسی بۆ هاونیشتمانیانی ناوچەکە دروستکردووە.[2]
- بەشێک لە خوێندکارانی پۆلی 12ی ئامادەیی بەهۆی هەڵەی زۆر لە تاقیکردنەوە ئەزموونییەکان جارێکی دیکە لەهەولێر هاتنەوە سەرشەقام داوای دەستلەکارکێشانەوەی وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێم دەکەن.[3]
- بەشێک لەخوێندکارانی 12ی ئامادەیی لە هەڵەبجە و سلێمانی و چەند شارۆچکەیەک بۆ نارەزایی دەربڕین لەسەر چەند گرفتێک لەسەر تاقیکردنەوەکان و شێوازی پرسیارەکان، دەستیان بەخۆپیشاندان و نارەزایی دەربڕین کردووە.[4]
- کۆنفرانسی نێودەوڵەتی دیداری خۆرهەڵات و خۆرئاوا لەشاری دهۆک بە ئامادەبوونی پسپۆڕانی تەندروستی 12 وڵاتی جیهان دەستپێیکرد. لە کۆنفرانسەکەدا کە دوو ڕۆژ دەخایەنێت پسپۆڕانی تەندروستی 12 وڵاتی جیهان لەبارەی چارەسەرکردنی نەخۆشییە دەروونییەکان گفتوگۆ دەکەن.[3]
- ئاگرێکی بەرفراوان لەگوندی (باخان)ی سنوری قەرەداغ کەوتەوە، دەستبەجێ مەفرەزەکانی بەشی پۆلیسی دارستان و ژینگەی قەرەداغ گەیشتە شوێنی ڕووداوەکە بەهاوکاری هاووڵاتیانی سنورەکە و ئاگرکوژێنەوە توانرا لەماوەیەکی کەمدا ئاگرەکە کۆنترۆڵ بکرێت زیانی ئاگرەکە (40) دۆنم لەپوش و پاوان سوتاو بەهۆکارە (3) هاووڵاتی دەستگیرکرا.[3]
- ئاگرێک لەگوندی (بیران) ی سەر بە شارۆچکەی پیرەمەگروون کەوتەوە دەست بەجێ مەفرەزەیەکی بنکەی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پیرەمەگرون گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە توانرا لەماوەیەکی کەمدا ئاگرەکە کۆنترۆڵ بکرێت رێگە لەزیاتر تەشەنەکردنی ئاگرەکە بگیرێت، زیانی ئاگرەکە (50) دۆنم لە پوش و پاوان سووتاوە هۆکاری کەوتنەوەی ئاگرەکە نادیارە.[3]
- وەزارەتی شارەوانی وگەشتوگوزار زیاتر لە چوار ملیار دیناری بۆ ئاودانی باخچە و سەوزاییەکانی ناوەڕاستی شەقامەکانی سلێمانی دابینکرد.[2]
- لە کاتژمێر 14:00 سوپای داگیرکەری تورک لە رێگەی تۆپخانە و هاوەن دەورووبەری گوندی بێدەحێ و دەربیشک-ی ناوچەی مەتینای کردووەتە ئامانج. سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە لە ئەنجامی ئەوهێرشەدا زیانێکی زۆر گەییشتووەتە باخ ورەزی هاووڵاتیان.[1]
- پارێزگاری هەولێر دەستپێکردنی پرۆژەیەکی نۆژەنکردنەوەی رێگەی سەرەکی کۆیە هەولێری بە درێژایی 52 کیلۆمەتر راگەیاند و ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە لە ماوەی 3 ساڵی داهاتوودا پرۆژەی جووتسایدی هەولێر کۆیە تەواو دەبێت.[2]
- لە نەخۆشخانەیەکی چەمچەماڵ هێرش دەکرێتە سەر موقیمێک و بریندار دەکرێت، سەرچاوەیەکیش لە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی چەمچەماڵ رایدەگەیەنێت، ئە و هێرشکەرەکە خەڵکی چەمچەماڵ نییە.[3]
دەرەوەی کوردستان
- دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی شارەوانیی گەورە شاری ئیستەنبول لە کاتژمێر 8ی ئەم بەیانییە بە کاتی ئیستەنبول دەستپێکرد و تاوەکو کاتژمێر 17 (5)ی ئێوارە بەردەوام دەبێت. لە 39 ناوچەی ئیستەنبول، 10 ملیۆن و 560 هەزار و 963 هەزار دەنگدەر دەچنە سەر 31 هەزار و 342 سندوقی دەنگداادان، دەنگەکانیان دەدەن.[1]
- گەنجێکی کورد بە ناوی وڵات عومەر بیواسیە کە خەڵکی سۆرانە، دوای ئەوەی هەوڵدەدات لە فەرنساوە بچێتە بەریتانیا تووشی ڕووداوێکی هاتووچۆ دەبێت و بەهۆیەوە ئەمرۆ گیانی لەدەستدا.[2]
- وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی هۆلەند، لە ڕاگەیەندراوێکدا داوای لە هاووڵاتییانی خۆی کردووە لە هاتوچۆکردنی سنوورەکانی سیستان و بلوچستان و کوردستان خۆیان ببوێرن. وەزارەتی دەرەوەی هۆلەند، هۆکاری قەدەغەکردنی چوونی هاووڵاتییانی بۆ سنوورەکانی ئەو دوو پارێزگایەی بۆ گرژی و

ئاڵۆزییە سیاسی و نیزامییەکانی نێوان ئێران و ئامریکا، گەڕاندەوە. لەم پەیوەندییەدا، وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی دانمارک بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک، داوای لە هاووڵاتییانی ئەو وڵاتە کردووە کە لە کاتی ڕۆیشتن بۆ ئێراندا، لە چوون بۆ کوردستان، خووزستان و بەلووچستان، دووربەرێزی بکەن.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: TR ئەستەمبوڵ
شار و شارۆچکەکان: زاخۆ
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: قەرەداغ
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-06-23
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-06-23
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-06-23
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-06-23
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-06-23


کاتی تۆمارکردن: 2019-05-11 9:13:06 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 174

**2019-06-24**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190511091306286892



رۆژهەڵاتی کوردستان
- جێگری سیاسی، ئەمنی و کۆمەڵایەتی پارێزگاری سنە لە رۆژهەڵاتی کوردستان، دەڵێت: شەوی رابوردوو رووناکییەکە لە ئاسمانی سنەدا بینراوە کە جێی ترس و نیگەرانی نییە. خۆش ئیقبال دەشڵێت: ئەو رووناکییە تەنە ئاسمانییەکان بووە تەنها و هیچ شتێکی دیکە نەبووە و داوا لە دانیشتووانی شاری سنە و ئەو چەند شارەی دیکە دەکات گوێ بە پڕوپاگەندەکان نەدەن و نەترسن.[3]
- سوپای پاسداران رایگەیاند، لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان باکوور و رۆژهەڵاتی کوردستان پێکدادان لەنێوان هێزەکانیان و گەریلاکانی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک) روویداوە.[5]
- دیاکۆ توتونچی، هەواڵنێری پایگای خەبەریی رێکار، لە کاتی ئامادەکردنی راپۆرتی رێورەسمی چاوپێکەوتنی بەرپرسانی قەزایی لە شاری مەهاباددا، لە لایەن حامد حەیدەری، بەرپرسی شۆرای شاری مەهاباد، هێرشی کرایە سەر.[6]
باشووری کوردستان
- سوپای تورک کاتژمێر 08:10 دا چیای خانتور و گەلی پساخا-یان لە هەرێمی سندیان لە ناوچەی زاخۆ لە پارێزگای دهۆک بۆردومان کرد.[1]
- پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر بۆردومانی گوندی ناودارۆک-ی دەڤەری برادۆستیان کرد. بەهۆی بۆردومانەکە ئاگر کەوتەوە و زیانێکی زۆر بە رەز و باخی هاوڵاتییانی سیڤیل گەیشت.[1]
- بەرێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی رایگەیاند، بە مەبەستی چاکسازی و پاککردنەوەی کامێرا و سێنسەرەکانی و گۆڕینی هەندێک لە گڵۆپەکانی ناو تونێلی پێشڕەو، تونێلەکە ئەمشە و و سبەی شە و دادەخرێت. ئاماژە بەوەشدراوە، داخستنەکە لە سەعات 8 ی ئێوارە بۆ 1 ی شە و دەبێت.[2]
- ژمارەیەک لە کارمەندانی گرێبەستی کۆمپانیای نەوتی باکوور لە کەرکوک، لە گردبوونەوەیەکی نارازیدا داوا دەکەن وەکو کارمەندی هەمیشەیی دابمەزرێنرێن.[3]
- بەپێی میدیاکانی نزیک لە پەکەکە: پارتی 5 شاخی تری لە زاخۆ رادەستی دەوڵەتی تورک کردووە.[1]
- پەیمانگای ژنانی سەرکردە بە هاوکاریی بەشی ژنانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە چوارچێوەی پرۆژەیەکدا کۆنگرەیەکی لە شاری کەرکوک ئەنجامدا. ئەو کۆنگرەیە بۆ هەڵسەنگاندنی پرسەکانی تایبەت بە ژنان و چارەسەرکردنی کێشەکان و فێرکردنی پیشە بۆ ژنان و رووبەڕووبوونەوەی گێچەڵ بە کچان و ژنان لە قوتابخانە و شوێنی کارکردن بوو.[1]
دەرەوەی کوردستان
- بەپێی ئەنجامی نافەرمیی دووبارە هەڵبژاردنەوەی شارەوانیی ئیستانبول، ئیمام ئۆغلو پاڵێوراوی جەهەپە 4 ملیۆن و 741 هەزار و 868 دەنگی بەدەستهێناوە و بینالی یلدرم پاڵێوراوی ئاکەپە 3 ملیۆن و 935 هەزار و 453 دەنگی بەدەستهێناوە.[1]
- لیژنە چوار قۆڵییەکەی (ئەمریکا، بریتانیا، سعودیە و ئیمارات) لە راگەیاندراوێکدا نیگەرانییەکانی خۆیان لەمەڕ ئەو بارگرژییانە دەربڕی کە لە ناوچەی کەنداوی عەرەبی هاتۆتە ئاراوە و مەترسییەکانی هەژموونی ئێران-یشیان بە تێکدانی ئاسایشی ناوچەکە و یەمەن وەسف کرد.[3]
- لە دەیەمین کۆنگرەی ناوەندی (PEN)ی کورد، (شێرزاد حەسەن)ی چیرۆکنووسی باشووری کوردستان، وەکو سەرۆکی شانازی هەڵبژێردرا.[4]



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کاسبکارێکی کورد بە ناوی ناسر نووری، خەڵکی شاری شنۆ، بە تەقەی هێزەکانی سپای پاسداران، لە بەرزاییەکانی کێلەشیندا پێکرا. ئەو کاسبکارە کوردە، لە لای لاقیەوە پێکراوە و بۆ چارەسەریی پزیشکی ڕەوانەی نەخۆشخانەی شاری نەغەدە کراوە. لە لایەکی دیکەوە، هەر ئەمڕۆ، ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە دێهستانی برادۆستی شاری ورمێ، کەوتنە بۆسەی هێزە نیزامییەکان و لە ئاکامی تەقەی هێزە نیزامییەکان، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی سادق ئەورازی کوڕی هاروون، بەسەختی بریندار کرا.[5]
باشووری کوردستان
- وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو رایدەگەیەنێت، نیگەرانین بۆ جوتیاران کە بەروبومەکانیان بەفیرۆدەچێت، بەڵام دڵنیایان دەکەینەوە هەموو هەوڵێک دەدەین بۆ بەبازاڕکردنی بەرهەمەکانیان و ساڵی داهاتووش ئەنجامی کارەکانمان بەدیار دەکەوێت.[1]
- لەسنووری پێنجوێن 100 دۆنم پوش و پاوان سووتان و سێ هاووڵاتیش دەستگیرکران.[2]
- بڕیار محەمەد، پەیامنێری ڕۆژنیوز لە شاری هەولێر، لەلایەن ئاسایشی تۆپزاوای سەر بە هەولێرەوە دەستگیرکرا و دواتر ڕەوانەی ئاسایشی هەولێر کرا.[3]
- لە ڕاگەیێندراوێکدا بەشی راگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی راپەڕین ئاشکرایکرد، کاژێر 8:25 خولەکی ئەمشەو تەرمی ژنێکی دانیشتووی قەڵادزێ گەیێندراوەتە نەخۆشخانەی گشتی قەڵادزێ کە بە حەبل خنکاوە.[4]
- دوای سەردانەکەی بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان (ئانگرێت کرامپ کارنباوەر) وەزیری بەرگری ئەڵمانیا و (شۆڕش ئیسماعیل) وەزیری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆبونە وە و دواتریش کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی هاوبەشیان ئەنجامدا.[2]
دەرەوەی کوردستان
- ڕێکخراوی جیهانیی هیومان رایتس وۆچ، کە تایبەتە بە چاودێرییکردنی مافەکانی مرۆڤ لە جیهاندا، لەبارەی دوورخستنەوەی هاوسەرۆکانیی شارەوانییەکانی ئامەد، مێردین و وان و دانانی خۆسەپێنەر لە شوێنەکانیان، راپۆرتی خۆی بڵاوکردەوە. لە ڕاپۆرتەکەدا هیومان رایتس وۆچ، نووسیوێتی: دوورخستنەوەی سەرۆک شارەوانییەکانی ئامەد، مێردین و وان، پێشێلکاریی ڕوونی مافی دەنگدەرانە و دیموکراسیی لەناوخۆی وڵاتەکەدا پەک دەخات.[3]
- دوای ئەوەی سێ سەرۆک شارەوانی لەباکووری کوردستان لەکارەکانیان لادران و شوێنەکانیان بە قەیوم پڕکرانەوە، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا نیگەرانی خۆی لەو بڕیارەی وەزارەتی ناوخۆی تورکیا دەردەبڕێت.[4]
- سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل لە یەکەمین کاردانەوەی بەرامبەر هێرشەکانی ئەم دواییە بۆ سەر حەشدی شەعبی لە عێراق، دەڵێت: ئێران ناتوانێت لە هیچ شوێنێک لە دەستمان دەربچێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: نەغەدە
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-08-21
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-08-21
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-08-21
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-08-21
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-08-22

کاتی تۆمارکردن: 2019-07-02 8:45:17 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 232
**2019-08-22**
https://www.kurdipedia.org/?q=20190702204517346231



باکووری کوردستان
- تا ئێستا لە خۆپیشاندانەکانی باکوری کوردستاندا پۆلیسی دەوڵەتی تورک لە مێردین 5 و لە ئامەد 3 رۆژنامەنووسی دەستگیر کردووە و هێشتا ئازاد نەکراون.[1]
- بە بڕیاری قەییومەکانی شارەوانی، ئەنجوومەنی شارەوانیی مێردین و وان هەڵوەشێنرانەوە، کە زۆربەیان ئەندامی هەدەپەن و، لیژنەیەک بۆ راپەڕاندنی کارەکانی ئەنجوومەن پێکهێنرا.[2]
- بەرخۆدانی گەلی ئامە لە دژی داگیرکەریی رژێمی ئاکەپە لە رۆژی چوارەمی دایە. پەرلەمانتارانی هەدەپە مووسا فارسۆگولەر، هۆشیار ئوزسۆی، دێرسم داغ، رەمزییە تۆسوون، فەلەکناس ئۆجا و دلشاد جامبازییش لەناو جەماوەری هەدەپە لەبەردەم بینای شارەوانی کە لە لایەن پۆلیسی تورکەوە گەمارۆ دراوە دەستیان بە چالاکی دانیشتن کرد. جەماوەری گەل لە کۆڵانی لیسە گردبوونەوە.[4]
باشووری کوردستان
- وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێم بڕیاریدا لەبەرژەوەندی جوتیارانی هەرێم و بەرهەمی ناوخۆ هاوردەکردنی بەرهەمی تەماتە تا کاتێکی نادیار قەدەغە بکرێت.[3]

- دوو ڕۆژە بە هۆکارێکی نادیار، ئاگر لە پاوان و چیایی گوندی جونان لە شارۆچکەی ئاکرێی پارێزگای دهۆک کەوتووەتەوە و لە ژێر کۆنترۆڵی هاوڵاتیان و تیمەکانی بەرگری شارستانی ناوچەکە دەرچووە.[1]
- نەقیبێکی پێشمەرگە بەناوی عەلی عیسا ئۆرەماری لەگەڵ چوار هاوڕێی لەسەر ڕێگای نێوان دێرەلۆک و ئامێدی سنوری پارێزگای دهۆک لەلایەن ئاسایشی ناوچەکەوە دەستگیرکران.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ئاکرێ
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: ماردین
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-08-22
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-08-22
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-08-22
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-08-22

کاتی تۆمارکردن: 2019-07-02 8:45:17 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 233

**2019-08-23**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190702204517346232



دەرەوەی کوردستان
- بەگوێرەی زانیارییەکان، پۆلیسی تورک هەڵیکوتایە سەرماڵی هاوسەرۆکانی هەدەپەی ناوچەکانی پەندیک، بایرامپاشا و بەشیکتاش-ی ئەستەنبوڵ. لە دەستبەسەرگرتنەکاندا، هاوسەرۆکانی هەدەپەی پەندیک و بایرامپاشا دەستگیر کران، هاوسەرۆکی هەدەپەی بەشیکتاش-یش بەهۆی ئەوەی لە ماڵ نەبوو، دەستگیرنەکرا.[1]
باشووری کوردستان
- وتەبێژی کەمپی مەخموور دەڵێت:بەهۆی ئەوەی ئاسایشی هەولێر ڕێگایان پێنادات بێنە هەولێر، دۆخی کوردانی باکوور لە کەمپەکە زۆر خراپە، وتەبێژی ئاسایشی هەولێر-یش دەڵێت:دوای کوشتنی دیپلۆماتکارەکەی تورکیا، ڕێگە بە هاووڵاتیانی کەمپەکە نادرێت بێنە هەولێر.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏢 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

🏭 شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر

🏭 شار و شارۆچکەکان: ◯ مەخموور

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-08-23]

[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری دوارۆژ - 2019-08-23]

کاتی تۆمارکردن: 2019-07-02 8:45:17 PM

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 234

**2019-08-24**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190702204517346233




باکووری کوردستان

- چالاکی دانیشتن کە هەدەپەییەکان لەدژی کودەتای قەیوم بەسەر گەورە شارەوانییەکانی ئامەد دەستیانپێکردووە، لە کۆڵانی لیسە بەردەوامە.[1]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- بە نیشانەی ڕێزگرتن لە شەهیدان شەریف باجوەر، ئومید کۆنەپۆشی و دوو هاورێکەی دیکەیان، پاسکیل سوارانی شاری بانە، مەودای 143 کیلۆمیتریی ئەو شارە هەتا مەریوان، دەپێون.[2]

- چواردەهەمین شانۆی سەرشەقامی مەریوان، بە بەشداریی 11 وڵاتی جیهان، دەستی پێکرد.[2]

باشووری کوردستان

- چوار گوڵلە هاوەن لە چەمی ڕۆخانەوە ئاراستەی گەڕەکی ئیمام زەینەلعابدین-ی داقوق کراوە، کە دوو لە گوڵلە هاوەنەکان لە نزیک تەکیەی ئیمام زەینەلعابدین کەوتونەتە خوارەوە و دوو گوڵە هاوەنەکەی دیکە کەوتوونەتە ناو یاریگای خوماسیی تۆپی پێ، کە بووە هۆی برینداربوونی ژمارەیەک یاریزانی ناو یاریگاکە و شەهدبوونی دوو منداڵ، کە برابوون بەناوەکانی ئەحمەد حەسەن و محەمەد حەسەن کە یەکێکیان تەمەنی 10 ساڵ بووە.[1]

ڕۆژئاوای کوردستان

- لە شاری حەسەکەی ڕۆژئاوای کوردستان کۆبوونەوەی ساڵانەی قەسەدە بە بەشداری 600 ئەندام و فەرماندە بە دروشمی لە تێکشکاندنی تیرۆریزمەوە بەرەو سەقامگیری دەستی پێکرد.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏢 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

🏭 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد

🏭 شار و شارۆچکەکان: ◯ مەریوان

شار و شارۆچکەکان: حەسەکە

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 24-08-2019

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 24-08-2019

کاتی تۆمارکردن: 2019-07-02 8:45:17 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 235

**2019-08-25**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190702204517346234



باکووری کوردستان

- بەرخودانی ئامەد لە دژی دەستبەسەرداگرتنی شارەوانییەکان لە رۆژی حەوتەمدایە. هەدەپەییەکان دیسانەوە و سەرلەنوێ لە شەقامی لیسەی ئامەد کۆبوونەوە.[2]

رۆژهەڵاتی کوردستان

- بەپێی راپۆرتی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی سەلام ئەمینی، کوڕی محەممەد، تەمەن 30 ساڵ، خەڵکی بانە، بە تەقەی راستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت لە ناوچەی سنووریی نەنووری ئەم شارستانە، گیانی لەدەست دا. ئەم کۆڵبەرە بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوو، راستەوخۆ تەقەی لێکراوە. ناوبراو خاوەن منداڵێکی 3 ساڵەیە و هاوسەرەکەشی دووگیانە.[5]

- لە رێورەسمێکی گەورەدا، خەڵکی مەریوان و کوردستان، لەسەر گڵکۆی کاک شەریف باجوەر و کاک ئومید کۆنەپۆشیدا ئامادە بوون و یادی شەهیدانی ژینگەیان بەرز ڕاگرت.[5]

- بە بۆنەی یەکەمین ساڵیادی شەهیدانی ژینگە، کاک شەریف باجوەر و سێ هاوڕێکەی دیکەی، کۆڕیادێک لە لایەن رێکخراوەی ژینگەپارێزانی پیرانشارەوە بەرێوەچوو.[5]

- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی عادڵ ئوموی بەدرەش، خەڵکی گوندی کەرکۆشی شاری خۆی، بە تەقەی هێزەکانی سپای پاسداران، پێکرا.[5]

باشووری کوردستان

- وەزارەتی بەرگری تورکیا ئاشکرایکرد کە سێ سەربازیان لە ناوسنووری هەرێمی کوردستان کوژران و حەوتی تریش بریندارب‌وون کاتێک لەگەڵ ژمارەیەک لە چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) بەشەرهاتووە.[1]

- کارگێڕێکی مەڵبەندی دووی یەکێتی رایدەگەیەنێت: ئەمڕۆ، هێزەکانی هاوپەیمانان دوو تۆپی دوورهاوێژیان هێناوەتە سنووری مەخموور و جێگیریان کردوون، دەشڵێت: بۆردومانی داعش لە چیای قەرەچوغ دەکەن.[1]

- حەمەی فەرەج یاریدەدەری سکرتێری گشتیی یەکێتی بۆ کارو باری کۆمەڵایەتی بەهۆی نەخۆشیەوە لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد.[3]

- بڕیاری تەمەن 4 ساڵان کوڕی شەهید ئاسۆ مام جەلال مەسۆیی دوای دوو رۆژ مانەوە لەنەخۆشخانە بەهۆی ئەو نەخۆشیەی لە حەسرەت دووری باوکی دووچاری هات، دواجار

ئێوارەی ئەمڕۆ بەیەکجاری چاوەکانی لەیەکنا و کۆچی دوایی کرد و بۆ هەمیشەیی گەڕایەوە ئامێزی باوکی.[3]
دەرەوەی کوردستان
- شەوی رابردوو فڕۆکەکانی ئیسرائیل بۆردوومانی حەشدی شەعبیی لە داقوق کرد.[4]
- شەوی رابردوو فڕۆکەکانی ئیسرائیل بۆردوومانی هێزەکانی ئێرانی لە دەوروبەری شام لە سووریا کرد.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 25-08-2019
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 25-08-2019
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 25-08-2019
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 25-08-2019


کاتی تۆمارکردن: 2019-07-02 8:45:17 PM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 236
**2019-08-26**
https://www.kurdipedia.org/?q=20190702204517346235



باشووری کوردستان
- جارێکی دیکە یەکەمەکانی سەرئاستی زانکۆکان لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان خۆپیشاندانیان ئەنجامدا و ئەمجارە بڕیاری مانگرتنیاندا.[1]
- لە مەراسیمێکی شایستەدا تەرمی حەمەی فەرەج لە گردی سەیوان بە خاک سپێردرا.[2]
دەرەوەی کوردستان
- قاسم سلێمانی، فەرماندەی فەیلەقی قودسی ئێران لەتویتێکیدا لەتۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر بەڵێنی بەرپەرچدانەوەی ئیسرائیل دەدات و ئۆپراسیۆنەکانی ئەم دواییەی تەلئەبیب لە عێراق و سوریا بە ترسنۆکانە وەسف دەکات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-08-26
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-08-26

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2019-07-02 8:45:17 PM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 237
**2019-08-27**
https://www.kurdipedia.org/?q=20190702204517346236



باکووری کوردستان
- حەلیمە بایرام وتەبێژی ئەنجومەنی هەدەپەی شارەوانی ئامەد دەستگیرکرا.[2]
- پارێزگاری دەوڵەتی تورک لە شرنەخ بۆ ڕێگریکردن لە چالاکیەکانی نارەزایەتی لە دژی دەستبەسەرداگرتنی شارەوانییەکانی هەدەپە بۆ ماوەی 15 ڕۆژ چالاکی و خۆپیشاندانی لە شرنەخ قەدەغە کرد.[2]
باشووری کوردستان
- لە قەڵادزێ ژنێکی تەمەن 36 ساڵان لەلایەن کەسوکارەکەیەوە بەسوتاوی گەیەندراوەتەوە نەخۆشخانەی گشتی شارەکە.[3]
- سەر لە ئێوارەی ئەمرۆ، بەچاودێری لیژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان و بەسەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی سەوڵ و کانۆی کوردستان لەسەر ئاستی کوڕان و کچان پاڵەوانێتیەک بۆ پێنج یانەی بەشداربوو لە دەریاچەی دوکان بەڕێوەچوو.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە ناوبازاڕی شارۆچکەی شەداد-ی سەر بە پارێزگای حەسەکە-ی ڕۆژاڤای کوردستان لە ڕێگەی مۆتۆرسکیلتێکەوە تەقینەوەیەک ڕوویداوە. بە گوێرەی لێدوانی بەرپرسانی ئەمنی شارۆچکەکە، تەقینەوەکە بریندابوونی 3 هاوڵاتی و شەرڤانێکی هێزەکای سوریای دیموکراتیک - قەسەدەی لێکەوتووەتەوە. لە نێو بریندارەکاندا یەکێکیان منداڵێک بووە بەناوی حارس حەسەن تەمەن 13

ساڵان.[2]
- هێزەکانی ڕژێمی تورکیا ناوچەی شەرای عەفرینی بە تۆپی دوورهاوێژ و چەکی قورس بۆردومان کرد.[2]
- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و چەتەکانی گوندی مەرەناز لە ناوچەی شەرای عەفرین بۆردومانکرد.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ
شار و شارۆچکەکان: دوکان
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 27-08-2019
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 27-08-2019
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 27-08-2019
کاتی تۆمارکردن: 2019-07-02 8:45:17 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 238
**2019-08-28**
https://www.kurdipedia.org/?q=20190702204517346237



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- شەوی ڕابردوو، هێزێکی پۆشتەوپەرداخی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی پەلاماری گوندی "قەڵەڕەش"ی ناوچەی سەردەشت دەدەن و تەقە لە خەڵک دەکەن. لەم تەقە و هێرشەی هێزە پەلاماردەرەکانی کۆماری ئیسلامیدا دوو ئەندامی چالاکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەناوەکانی ئیبراهیم عەزیزنیژاد و عەلی بایزپەروەر بەداخەوە شەهید بوون و کەسێکی خەڵکی ئەم گوندەش بە توندی بریندار بووە.[5]
باشووری کوردستان
- قۆناغی دووەمی پارەی گەنمی جووتیارانی هەرێم کە بڕەکەی 30 ملیار دینارە گەیشتووەتە هەرێم و سبەی 10 ملیار دینار لە پارێزگای سلێمانی دابەشدەکرێت.[1]
- سەرۆکی یەکێتی نووسەران و ئەدیبانی عێراق بە ڕووداوێکی هاتووچۆ لەنێوان هەولێر- ئاکرێ گیانی لەدەستدا، بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەڵێت؛ ئامادەکاری دەکەن بۆ گەڕاندنەوەی تەرمەکەی بۆ بەغدا.[3]
- دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ فڕۆکە شەڕخوازەکانی دەوڵەتی تورک، سنووری شارۆچکەی ئامێدی سەربە پارێزگای دهۆکیان بۆردوومان کرد. فڕۆکەکان نزیکەی دوو کاتژمێر بۆردوومانی ناوچەی بەری گارێ یان کردووە و ئاگر لە سنوورەکە کەوتووەتەوەو زیانێکی زۆری بە ژینگەی ناوچەکە گەیاندووە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- فڕۆکەجەنگییەکانی ڕووسیا وسووریا خالە چاودێرییەکانی سوپای تورکیا لە شێرمەخار وئیدلب بۆردومان دەکەن.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ئاکرێ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ئامێدی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ دهۆک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەردەشت
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 28-08-2019
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 28-08-2019
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 28-08-2019
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 28-08-2019
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان و کورد - 28-08-2019


کاتی تۆمارکردن: 2019-07-02 8:45:17 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 239

**2019-08-29**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190702204517346238



باکووری کوردستان
- چالاکی دانیشتن لەدژی دەسبەسەرداگرتنی شارەوانییەکانی هەدەپە لە ئامەد لە ڕۆژی 11هەمینی خۆیدایە.[2]
- لە بەردەوامی ئۆپەراسیۆنی قڕکردنی سیاسی دەوڵەتی تورکدا پۆلیسی تورک هەڵیکوتایە سەرماڵی هاووڵاتیان لە ناوچەی ئاف کەڤەری ئاگری و لەئەنجامدا 4کەسی دەستگیرکرد.[2]
باشووری کوردستان
- فڕۆکە شەڕخوازەکانی دەوڵەتی تورک، گوندەکانی دەڤەری گارە-یان بۆردوومان کرد، بەوهۆیەوە ئاگر لە گوندی گوزێ کەوتووەتەوەو چەندین زەوی و دارستانی گوندەکە دەسووتێن و ئاگرەکەی بەردەوامە و بە جۆرێکە هاوڵاتیان ناتوانن کۆنترۆڵی بکەن.[3]
- ئاگرێکی بەهێز لەچەند کۆگایەکی جۆراوجۆری هەولێر کەوتەوە و زیانێکی گەورەیان پێگەیشت.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە بەردەوامی کردەوە دژە مرۆییەکانی سوپای داگیرکەری تورک و چەتەکانی، سوپای تورک گوندی باشەمرای ناوچەی شێراوای عەفرینی تۆپبارانکرد.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 29-08-2019
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 29-08-2019
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 29-08-2019
کاتی تۆمارکردن: 2019-07-02 8:45:17 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 240

**2019-08-30**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190702204517346239



باشووری کوردستان
- ئەمڕۆ لە ناوەندی شارۆچکەی شەنگال گۆڕێکی بەکۆمەڵی ئێزدییەکان دۆزرایەوە، ڕووفاتی 10 کەسی تێدایە کە لەلایەن چەتەکانی داعشەوە کۆمەڵکوژ کراون.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: شنگال
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-08-30
کاتی تۆمارکردن: 2019-07-02 8:45:17 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 241
**2019-08-31**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190702204517346240



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆچی دوایی نووسەر و مێژوونووس مەلا ئەحمەد نەزیری لە سنە.[4]
باشووری کوردستان
- بەڕێوەبەری بەنداوی دەربەندیخان ئاشکرایدەکات ئە و درزانەی بەهۆی بوومەلەرزەوە لەسەر کۆنکرێتی بەنداوەکە دروستبوون، چارەسەر کراون و لەئێستادا مەترسی لەسەر ئە و بەشە نەماوە کە تایبەتە بە کۆکردنەوەی ئاو.[1]
- لە شارەدێی شۆڕش لەلایەن کەسێکی نەناسراوەوە دەسترێژی گووللە لە دوو گەنج کرا، دەستبەجێ کەسێکیان گیانی لەدەستدا.[1]
- ئێوارەی ئەمڕۆ ڕێکخراوی چاند و هونەری باشوری کوردستان لە ئۆفیسی خۆیان لە شاری سلێمانی، بەیاننامەیەکیان لەسەر گەمارۆی سەر کامپی پەنابەرانی شەهید ڕۆستەم جودی لە شارۆچکەی مەخموور بڵاوکردەوە.[3]
- بەهۆی جێبەجێکردنی پرۆژە یاسایەکەوە 250 هەزار کورد لە هەڵبژاردنی نیسانی داهاتوو بێبەشدەکرێن، سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی پەرلەمانیش دەڵێت: دژی بێبەشکردنی کوردانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، سکاڵا لە دادگای فیدراڵی تۆماردەکەین.[1]
- ئێوارەی ئەمڕۆ ڕێکخراوی کوردیۆ فێستیڤاڵێکی تایبەتی بە نمایشکردنی کاری دەستی ژنان لە سەیدسادق کردەوە لە فێستیڤاڵەکەدا شانۆگەرییەکی تایبەت بە منداڵان نمایشکرا و گرووپی هەڵپەڕکێی ڕێکخراوی کوردیۆ چەند تابلۆیەکی هەڵپەڕکێیان پێشکەش کرد.[3]
دەرەوەی کوردستان

- سەرۆک کۆماری ئەمریکا لەتویتێکیدا جەختلەوە دەکاتەوە وڵاتەکەی هیچ رۆڵێکی لە شکستهێنانی تاقیکردنەوەی موشەکەکەی پێگەی ئاسمانی سمناندا نەبووە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ دەربەندیخان
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ مەخموور
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەیدسادق (شارەزوور)
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-08-31
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-08-31
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-08-31
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-09-01


کاتی تۆمارکردن: 2019-07-02 8:45:17 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 242

**2019-09-01**

88701https://www.kurdipedia.org/?q=201905192102472



باشووری کوردستان
- لەبەردەم دادگای هەولێر، پیاوێک ژنەکەی خۆیی بە گوللە کوشت.[4]
- رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم رایدەگەیەنێت: هێزە ئەمنییەکانی هەرێم هیچ کەسێک بە زۆر ناگەڕێننەوە شوێنەکانی خۆیان و رێگریش نین لە گەڕاندنەوەی خەڵکی ناوچەکانی خوارووی عێراق بۆ سەر زێدی خۆیان ئەوەش لە وەڵامی راپۆرتێکی رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ کە ئاماژەی بەوەدابوو بەسەدان ئاوارە لەهەرێم بەزۆر گەڕێندراونەتەوە شوێنەکانی خۆیان.[1]
- ئەرشەد ساڵحی سەرۆکی بەرەی تورکمانی سەر بەدەزگای سیخوری دەوڵەتی تورک (میت) لە لێدوانێکی بۆ چەند کەناڵێکی حزبە تورکمانیەکان ووتی : دارخورما لەسەر گەورەترین کەس دەرچێت ناهێڵین دۆخی کەرکوک بگەڕێتەوە پێش16ی ئۆکتۆبەری ساڵی 2017بە واتایەکی دیکە رێگە نادەینەوە جارێکی دیکە پێشمەرگە و کورد دەسەڵاتی هەبێ لەم شارە.[2]
- ژمارەیەک مەلا، رۆشنبیر، نووسەر، چالاک و مامۆستای زانکۆ داوا دەکەن وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بە رەسمی قورئانخوێندن لە پرسەکان هەڵبگرێت. وەزارەتی ئەوقاف-یش دەڵێت: ئێمە بەبێ بوونی پرۆژە ئەو بڕیارە نادەین، هاوکات مەلایەکیش دەڵێت: هیچ دەقێکی قورئان نیە

باس لە خوێندنی قورئان بکات لە پرسەکاندا و ئەوە عورفە.[1]
- حزبێکی سیاسی نوێ، لە شاری سلێمانی بە ناوی بزوتنەوەی چاکسازی نیشتمانی خۆی ڕاگەیاند، کە پێشتر وەک باڵی نارازی ناو حزبی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان خۆیان نیشاندابوو، لە ساڵی 2014 ەوە داوای چاکسازیی دەکەن لەناو سۆسیالست-دا.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: بەرەی تورکومانی ئێراق
پارت / لایەن: حزبی سۆسیال دیموکراتی کوردستان - حسک
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-09-01
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-09-01
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-09-01
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2019-05-19 9:02:47 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 243
**2019-09-02**
https://www.kurdipedia.org/?q=20190802074659362594



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئاژانسی میهر لە زاری جەلال قەڵاشاخانی بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری پارێزگای سنە بڵاویکردۆتەوە نۆهەمین پێشانگای کتێبی لەڕۆژانی 2 بۆ 7 ی مانگی ئۆکتۆبەر ئەمساڵ بەڕێوەدەچێت و لە و پێشانگایە دەزگاکانی چاپ و پەخشی ناوخۆیی و بیانی بەشدار دەبن.[2]
باشووری کوردستان
- مامۆستایانی گرێبەستی سەرجەم شارەکانی هەرێمی کوردستان لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران گردبوونەوە و بڕیاری بەردەوامی خۆپیشاندان دەدەن تا ئەوکاتەی وەڵامیان دەدرێتەوە. دەستەی نوێنەرانی گرێبەست لە بەیاننامەیەکدا ڕایانگەیاند: ماوەی 6 ساڵە وانە دەڵێینەوە، بەڵام تائێستا هیچ تروسکاییەک بۆ کردنمان بە هەمیشەیی نابینرێت و هیچ ئومێدێکمان بە بەڵێنەکانی حکومەت نیە.[1]
- بەهاوبەشی لەگەل ڕێکخراوی سی پی تی، خانەوادەی ئەوکەسانەی لەبۆردوومان و تۆپبارانەکانی تورکیاو ئێران شەهیدبوون، لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا داوایان کرد ئەوکەسانەی بەهۆی بۆردوومانەکانەوە کوژراون بەشەهید بناسێنرێن.[3]

دەرەوەی کوردستان
- دادگای ئەنقەرە بڕیاری ئازادکردنی هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپەیدا، نوێنەری هەدەپەش لە باشوری کوردستان دەڵێت: دوای شەش مانگی تر بە تەواوی ئازاد دەبێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

شار و شارۆچکەکان: سنە

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-09-02

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-09-02

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-09-02

کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02 7:46:59 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 244

**2019-09-03**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190802074659362595




باشووری کوردستان
- ئاسایشی سلێمانی بەبیانووی نەبوونی مۆڵەت، ڕێگریی لە سازدانی کۆڕێک کرد کە کەمپەینی دژی داگیرکاریی تورکیا بە هاوکاریی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان-کەنەکە ڕێکیانخستبوو.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- دەوڵەتی تورک و گرووپە چەتەکانی کە عەفرینیان داگیر کردووە، لە ماوەی ئەم دوو ڕۆژەی دواییدا، 20 کەسی سڤیلی تریان ڕفاند. لە دوو مانگی ڕابردوودا زیاتر لە 500 کەس ڕفێندراون.[1]
دەرەوەی کوردستان
- لەنێو 50 بیرمەند و زانای جیهانیی بوارە جۆراوجۆرەکان، پرۆفیسۆری کورد کۆچەر بیرکار لەلایەن گۆڤاری پرۆسپێکتی بەریتانییەوە وەک یەکەمین بیرمەندی جیهان بۆ ساڵی 2019 هەڵبژێردرا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان - کەنەکە

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: ئەفرین


Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-09-03
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-09-03
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-09-03

کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02 7:46:59 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 245
**2019-09-04**
https://www.kurdipedia.org/?q=20190802074659362596



باشووری کوردستان
- دوای ئەوەی سێ پێشمەرگەی هێزی زێرەڤانی لە کاتی گەڕانەوەیان لە هەولێرەوە بۆ دهۆک بێسەروشوێن بوو، باوکی یەکێک لە دەستگیرکراوەکان ئاشکرایدەکات کوڕەکەی لەلایەن حەشدی شەعبیەوە لە موسڵ دەستگیرکراوە.[1]
- شەوی رابردوو، بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراوی چەتەکانی داعش، لە سنوری شارۆچکەی خانەقین 3 سەربازی سوپای عێراق کوژران و فەرماندەیەک و 3 سەربازی دیکەش برینداربوون.[2]
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەری سلێمانی چوارەمین پێشانگای هونەرمەند دانا رەشید مەڵکەندی دەکاتەوە.[3]
رۆژئاوای کوردستان
- سوپای داگیرکەری تورک وچەتەکانی لە عەفرین دە هاووڵاتی عەفرینیان ڕفاند. لە دوومانگی ڕابردوودا زیاتر لە 500 کەس ڕفێندراون. ناوی ئەوکەسانەی کە ڕفێندراون بریتین لە، نەبیح خەلیل ئیجلێ55 ساڵان، هاوسەری هاووڵاتییەک بەناوی هورۆ مەنان عوسمان، لەتیفە 35ساڵ تەمەن، مولێدا عەبدولڕەحمان خەلیل، ویدات وەقاس، ئەمیرە شەهمێ، عەدنان عومەرمەجید و دایکی فەهیمە 50ساڵ تەمەن، حەسەن ئەحمەد و دایکی بەناوی زەینەب.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: دهۆک

شار و شارۆچکەکان: ◯ موسڵ و دەشتی نەینەوا

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-09-04

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-09-04

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-09-04

کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02 7:46:59 AM


ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 246

**2019-09-05**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190802074659362597



باکووری کوردستان

- حکومەتی ئاکەپە بە دانانی بەربەست ودیوارلە گەڕەکەکانی جولەمێرگ بەردەوامی بە باری نا ئاسایی دەدات. لە چەلێ، گەڤەر، شەمزینان و رووبارۆک و هەندێک گەڕەک ماوەی 15 رۆژە بە شێوازێکی سیستماتیک وەک هەرێمی تایبەتی پارێزراو ڕادەگەینرێن و قەدەغە لە ناوشاری جولەمێرگ بەردەوامە.[1]

دەرەوەی کوردستان

- نوێنەری لایەنە کوردییەکان لەگەڵ لایەنی تورکمانی لە شاری بەغدادی پایتەختی عێراق دەربارەی چارەنووسی کەرکوک کۆبونەوە. کۆبوونەوەکە بە بێ ئەنجام کۆتایی هات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ◯ جولەمێرگ

شار و شارۆچکەکان: ◯ شەمزینان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-09-05

کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02 7:46:59 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 247

**2019-09-06**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190802074659362598



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئەندامێکی خۆجێیی سپای پاسداران بە ناوی مەنسوور ئەمینی کوری عەبدوڵڵا خەڵکی گوندی زەکەریانی شاری سەوڵاوا، لە لایەن کەسانێکی نەناسراوەوە، کوژرا.[3]
باشووری کوردستان
- کاتژمێر 05:30ی ئێوارەی ئەمڕۆ، فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک گوندی قەلاتوکان-سەربە شارەدێی سەنگەسەر لە شارۆچکەی پشدەریان بۆردوومان کرد.[2]
- لە گوندی سێدەر و لە مەڕاسیمی شایستەدا کتێبی فەرماندە شەهید مەحمود سێدەری بڵاوکرایەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین - پشدەر)
شار و شارۆچکەکان: دوکان
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-09-06
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-09-06
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-09-09

کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02 7:46:59 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 248

**2019-09-07**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190802074659362599



باشووری کوردستان
- شاندی پارتی دیموکراتیکی گەلان (هەدەپە) و کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتیک (کەجەدە) بۆ ئەنجامدانی دیدار لەگەڵ بەرپرسانی هەرێمی کوردستان و لایەنە سیاسییەکانی هەرێم گەیشتنە شاری هەولێر.[1]
- ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەکۆی دەنگ لەکەشێکی هەڤاڵانەدا بڕیاریدا کۆنگرەی خۆی لە ڕۆژی 7-12ی ئەمساڵدا ببەستێت.[2]
- لە هۆڵی ئازادی حزبی شیوعی، لە شاری سلێمانی لە لایەن کەمپینی پشتیوانی لە ئازادی ڕادەربڕین و مافی مرۆڤی کۆڕبەندی کۆمەڵایەتی کوردستان، یەکەمین ساڵیادی لە سێدارەدانی چالاکوانی سیاسی ڕامین حوسێن پەناهی کرایەوە.[3]
- پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ، شاخەوانی کورد، هەوراز ڕەزا، لە کاتی مەشقکردن لە شاخی هەزارمێرد کەوتووەتە خوارەوە و دەست بەجێ گیانی لە دەست داوە.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- چەتەکانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر لە عەفرین 2 هاووڵاتییان ڕفاند. کەسە ڕفێنراوەکان ناویان نوری مستەفا لە گوندی بادینا و حەنان خەلیل جندۆ لە گوندی مسکایای ژوورن لە ناوچەی ڕاجۆی عەفرین.[1]


تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | ☭ حزبی شیوعی کوردستان |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-09-07
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-09-07
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-09-07

کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02 7:46:59 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 249
**2019-09-08**
https://www.kurdipedia.org/?q=20190802074659362600




ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە نزیک جادەی سنووری کانی زەردی سەردەشت، درانە بەر دەسڕێژی گوللە و لە ئاکامدا، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی ئازاد نێعمەتی، تەمەن 22 ساڵ، کوڕی جەلال، بەسەختی بریندار کرا.[3]
باشووری کوردستان
- شاندی پارتی دیموکراتیکی گەلان (هەدەپە) و کۆنگرەی کۆمەڵگای دیموکراتیک (کەجەدە) دوور لە میدیاکان لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە.[1]
- لە کەرکوک سێ تەقینەوە ڕوویانداو بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکانی پۆلیسیش سێ کەس بەهۆیانەوە بریندار بوون.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 08-09-2019
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 10-09-2019
کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02 7:46:59 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 250

**2019-09-09**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190802074659362601



باشووری کوردستان
- فەرماندەیەکی پێشمەرگە ڕایدەگەیەنێت: هێزەکانی هاوپەیمانان و پێشمەرگە لە چیای قەرەچووغ هێرشیان کردووەتەسەر مۆڵگەکانی داعش و بۆردومانەکەش بەردەوام دەبێت.[1]
- شاندی هەدەپە و کەجەدە لە هەولێر سەردانەکانیان لە ماوەی دوو ڕۆژ کۆتایی پێهێنان و چوونە سلێمانی، لە سلێمانی شاندەکە لەگەڵ سەرۆک کۆماری عێراق د.بەرهەم ساڵح کۆبووەوە.[2]
- لایەنە کوردییەکانی پارێزگای کەرکوک بێجگە لە جولانەوەی نەوەی نوێ ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی بە یەک لیست و بەناوی (کەرکووکی کوردستانی) بەشداریی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق بکەن.[2]
دەرەوەی کوردستان

- درەنگانی شەوی ڕابوردوو، چەند فڕۆکەیەکی نەناسراو بۆردومانی چەند گروپێکی حەشدی شەعبیان لە خاکی سووریادا کردووە، بەوهۆیەشەوە کوژراو و بریندارییان هەیە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | جووڵانەوەی نەوەی نوێ |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | مەخموور |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-09-09

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئیف نیوز - 2019-09-09

کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02 7:46:59 AM


ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 251

**2019-09-10**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190802074659362602



باکووری کوردستان

- لە شاری وان و لە 8 ناوچەی سەر بە شاری وان، سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ پۆلیس هەڵیانکوتاوەتە سەر ماڵان و 17 کەسیان دەستگیر کرد. هاوکات هاوسەرۆکی گشتیی پارتی سۆسیالیستی بندەستان (ئەسەپە – ESP) شاهین تومولکو-ش لەناو دەستگیرکراوەکاندایە.[1]

باشووری کوردستان

- دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ کاتژمێر 15:30 خولەک فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی داگیرکەری تورک گوندی خالەتا-ی سەر بە شارەدێی چەمانکێ-ی سنوری شارۆچکەی ئامێدی-یان لەپارێزگای دهۆک بۆردومان کرد. بەهۆی بۆردوومانەکەشەوە ئاگرلە دارستان و پوش و پاوانی ناوچەکە کەوتۆتەوە.[1]

- جێگری سکرتێر و 6 ئەندامی جڤاتی گشتی بزووتنەوەی گۆڕان بەهۆی ناڕەزاییان لە ئەدای بزووتنەوەکە دەستیان لەکارکێشایەوە. ناوی ئە و ئەندامانەی جڤاتی گشتی گۆڕان کە دەستیان لە جڤاتی گشتی و ئەندامێتی بزووتنەوەی گۆڕان کێشاوەتەوە. 1- مامۆستا. ساڵح ژاژڵەیی جێگری سەرۆکی جڤات 2- پرۆفیسۆر د.عەلی تاهیر 3- دکتۆر.شەریف قادر لە تەقتەق 4- دکتۆر.سابیر ئیسماعیل لە هەولێر 5- حەیدەر حەسەن شوان لە کۆیە 6- ئاوات بەهادین محەمەد لە سلێمانی

7- عادل کاکەیی لە کەرکوک.[2]
- لە مەراسیمی عاشورادا لە خانەقین 80 کەس بە قەمە خۆیان بریندارکردووە و 10 کەسیان گەیەندراونەتە نەخۆشخانە.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- چەتەکانی دەوڵەتی تورک کە خۆیان وەک' پۆلیسی سەربازی' بەناودەکەن، لەگەل دەزگەی هەواڵگری تورکیا هەڵیانکوتایەسەرچەند ماڵی گوندی کەفەرسەفرێ-ی ناوچەی جندرێسی عەفرین و دوای گەڕان لە ناوگوندەکەدا 7 کەسیان ڕفاند کە ناوەکانیان بەم شێوەیە: خەلیل مووراد، خەلیل محەمەد، برمێجێ، خورشید محەمەد، شەرەفەدین عەلوش و عەلی خەلیل.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | بزووتنەوەی گۆڕان |
| شار و شارۆچکەکان: | خانەقین |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامێدی |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |
| شار و شارۆچکەکان: | وان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-09-10
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-09-10
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-09-10

کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02 7:46:59 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 252
**2019-09-11**
https://www.kurdipedia.org/?q=20190802074659362603




باشووری کوردستان
- لەشاری کەرکوک، کەمپینی 'خوێندن بەزمانی دایک' ڕاگەیەندرا، ڕێکخەرانی کەمپینەکەش کار دەکەن بۆ هاندانی هاووڵاتییانی کورد بۆ ئەوەی نەوەکانیان بخەنە بەر خوێندنی کوردی.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی هەواڵی هاوار، سوپای داگیرکەری تورک و چەتەکانی بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی جیهان دکتۆر سابیر حەنان-ی 75 ساڵ تەمەنیان ڕفاندووە. تائیستا هیچ زانیارییەک دەربارەی چارەنووسی ئەو هاووڵاتییە لەبەردەستدا نییە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-09-11
کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02 7:46:59 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 253
**2019-09-12**
https://www.kurdipedia.org/?q=20190802074659362604




باکووری کوردستان
- لە سەر ڕێگایەکی ناوچە پاسوری سەر بە ئامەد و شاری موش تەقینەوە ڕووی داوە و بەهۆیەوە 7 کەس ژیانیان لەدەستداوە و چەندین کەسی دیکە برینداربوون.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: موش
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-09-12
کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02 7:46:59 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 254

**2019-09-13**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190802074659362605



باکووری کوردستان
- لە پیران-ی ئامەد، لە دەشتایی گەڕەکی پیرەژمان، ڕۆژی 10ی ئەیلول لە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیدا سدکا ئاککوم و حسێن ئۆلگاچ دەستگیر کرابوون، ئەمڕۆ بە بیانووی 'هاوکاریی ڕێکخستن'یان کردووە زیندانیی کران.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- عیرفان ڕەشیدی، چالاکی مەدەنیی کوردی خەڵکی شاری پاوە، لە لایەن دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە، بە تۆمەتی پڕوپاگەندە دژی نیزام، بە ساڵێک زیندانیی تەعزیری و دوو ساڵ ممنوع الخروجی لە ئێران، خۆناساندن و واژۆدانی بەردەوام بە ئیدارەی ئیتلاعات بۆ پشتڕاستکردنەوە لە ئەنجامنەدانی چالاکیی سیاسی و مەدەنی بۆ ماوەی دوو ساڵ، مەحکووم کرا.[3]
- چالاکێکی کرێکاری بە ناوی نەبەز (کاوە) کیانپوور خەڵکی شاری سنە، لە لایەن هێزە لیباس شەخسییەکانی سەر بە ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارەوە، بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.[3]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی محەممەد هادیزادە، تەمەن 25 ساڵ، کوڕی ئەسەد، خەڵکی گوندی یووسف ئاوای ناوچەی قوتووری خۆی، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سپای پاسداران بەسەختی پێکرا.[3]
باشووری کوردستان
- سوپای تورکیا لە ڕێگەی فڕۆکەی جەنگییەوە دەستی کردووە بە بۆردومانکردنی گوندەکانی دۆڵی باڵەییانی شارەدێی قەسرێ و بەوهۆیەوەش کارەبای ناحیەکە پچڕا.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە شاری عەفرین کە لە لایەن دەوڵەتی تورکەوە داگیرکراوە، تەقینەوەیەکی بەهێز ڕوویدا. دەوترێت کە بەهۆی تەقینەوەکەوە کوژراو و بریندار هەیە.[2]
- چەتەکانی فەیلەقی شام سەربە دەوڵەتی تورک بەرەبەیانی ئەمڕۆ لە گوندی دێربەلووتی ناوچەی جندرێس-ی عەفرین 9 کەسی مەدەنییان ڕفاندووە.[2]
- سوپای داگیرکەری تورک وچەتەکانی گوندەکانی بێنێ و ئیقێبەی ناوجەی شێراوای عەفرین تۆپباران دەکەن.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: پاوە (هەورامان)
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
Quick Respons Code:

🗄️سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-09-13
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-09-13
[3] 📡ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-09-13


کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02 7:46:59 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 255

**2019-09-14**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190802074659362606




باشووری کوردستان
- لە هەڵبژاردنی ناوخۆیی بزووتنەوەی گۆڕاندا بۆ هەڵبژاردنی ڕێکخەری گشتی و ئەندامانی خانەی ڕاپەڕاندن، عومەر سەید عەلی بە ڕێکخەری گشتی هەڵبژێردرایەوە.[3]
- فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان دەکات، بەدواداچوون بکات بۆ ئاشکراکردنی چارەنووسی حەوت رفێندراوی بێسەروشوێنی کۆمەڵی ئیسلامی.[1]
- لەشارۆچکەی خانەقین بەهۆی کەوتنەوەی ئاگرێکەوە، بیست و پێنج دۆنم زەوی پوش و پاوان و لەوەڕگا سووتا و دەیان دۆنمی دیکەش لە سووتان ڕزگارکرا.[4]
دەرەوەی کوردستان
- لە شاری ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید، کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان - کەنەکە کۆنفرانسی ڕاوێژی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەناونیشانی دۆخی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەڵوێست و چارەسەریی دەستپێکرد و کۆنفرانسەکەش دوو ڕۆژ دەخایەنێت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: ☪️ کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان
پارت / لایەن: کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان - کەنەکە
پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
شار و شارۆچکەکان: ◯ خانەقین
Quick Respons Code:

🗄️سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-09-14
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-09-14
[3] ⚫دیارینەکراو | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[4] 🗞️ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-09-14
کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02 7:46:59 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 256

**2019-09-15**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190802074659362607



رۆژهەڵاتی کوردستان
- ئەفشار فەتحی، کوڕی ئەحمەد، خەڵکی گوندی تەنگیسەری سەر بە ژاوەرۆی شاری سنە، لە لایەن لقی یەکی دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە، بە 6 ساڵ زیندانیی تەعزیری مەحکووم کرا.[4]
- کاسبکارێکی کورد بە ناوی ئیدریس وەیسی، کوڕی عەزیز، خەڵکی گوندی گردەشەیتانی شاری پیرانشار، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت، گیانی لەدەست دا.[4]
- شوانێک بەناوی جەعفەر ئەحمەدی دانیشتووی گوندی تورشئاوا-ی سەربە شارۆچکەی خوی، بەهۆی تەقەی هێزە ئەمنییەکانی ئێران ڕاستەوخۆ گیان لەدەست دەدات.[3]
باشووری کوردستان
- لە بارەگای حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە شاری کەرکوک حزبە کوردستانییەکان لەسەر ئاستی ڕاگەیاندنی حزبەکان کۆبوونەوە بۆ ڕێکەوتن لەسەر میکانزمی کارکردنی ڕاگەیاندنی حزبەکان لەکاتی بانگەشە کردن بۆ لیستە هاوبەشەکەی حزبە کوردستانیەکانی شاری کەرکوک.[1]
- دوای دیاریکردنی 3ی ئاب وەک رۆژی کۆمەڵکوژی کوردانی ئێزدی لەلایەن پەرلەمانی کوردستان، ئەمڕۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ زیندووڕاگرتن و ڕێزلێنان لە قوربانییەکان، بڕیارەکەی واژۆکرد و 3ی ئابی وەکو رۆژی کۆمەڵکوژی کوردانی ئێزدی ناساند.[2]
- پۆلیسی دهۆک ڕایگەیاند، ئەمڕۆ لە گوندی مەغارەی سەر بە شارەدێی قەسرۆک لە شارۆچکەی شێخان ی سنوری پارێزگای دهۆک، لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی، پیاوێکی 50 ساڵ هاوسەرەکەی خۆی و پیاوێکی دیکەی کوشتووە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏛️ پارت / لایەن: حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ پیرانشار - خانە
🏙️ شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] 🗞️ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-09-15
[2] 🗞️ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-09-15
[3] 🗞️ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-09-15

[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەڕی کوردیا - 15-09-2019](2019-09-15)
کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02 7:46:59 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 257
**2019-09-16**
https://www.kurdipedia.org/?q=20190802074659362608




ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە سنووری شاری سەردەشتدا، کەوتنە بۆسەی هێزی سپای پاسداران و لە ئاکامی تەقەی ئەو هێزانە، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی مەحیەدین مام خدری، بەسەختی بریندار کرا.[6]
باشووری کوردستان
- فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر کاتژمێر 10:45ی ئەمڕۆ بە کاتی ناوچەکە گوندەکانی سنووری گارە-یان لە ناوچەی ئامێدی لە پارێزگای دهۆک بۆردومانکرد. بۆردومانەکە لە یەک کاتدا لە دژی چەندین گوند ئەنجامدراوە. بۆردومانەکە بەشێوەیەکی تایبەت و چڕ گوندی سپیێندار و دەورووبەری کردووەتە ئامانج. بۆردومانەکە زیانی بە زەویی و زاری هاووڵاتییان گەیاندووە.[2]
- لە شاری سلێمانی لە مەراسیمێکی تایبەتدا کۆی بەرهەمەکانی شاعیری بەناوبانگی کورد (شێخ سەلام عازەبانی) لە سێ بەرگدا بڵاوکرایەوە.[1]
- هەشتەمین پێشانگەی نێودەوڵەتی خواردن، جلوبەرگ و کەلوپەلی نێوماڵ لە دهۆک کرایەوە و بۆ ئەمساڵ 60 کۆمپانیای ناوخۆیی و بیانی بەشداری دەکەن.[3]
- بەڕێوەبەری گومرگی گەرمیان دەستگیردەکرێت، گوتەبێژی پۆلیس دەڵێت: لەسەر بڕیاری دادگەی دەستپاکی عێراق بڕیاری دەستگیرکردنی دەرچووە و ئێستا دۆسیەکەی لای پۆلیسە تاوەکو یەکلایی دەکرێتەوە، دەستبەسەردەبێت.[3]
- بڕیاربوو ئەمڕۆ، لەپارێزگای هەڵەبجە لەزیادکردنێکی ئاشکرادا ژمارەی تابلۆی ئۆتۆمبێلی 1 تا 9ی ئەو پارێزگایە بفرۆشرێت، بەڵام بەهۆی زۆری نرخەکەیەوە هیچ کەس ئامادە نەبوو ئەو بڕە پارەیە بدات.[4]
- سەنتەری چالاکی گەنجانی کەلار، پێشانگایەکی شێوەکاریان بۆ نیشاندانی دەستڕەنگینی فێرخوازانی سەنتەرەکەیان کردەوە، هەشت کوڕ و 16 کچی شێوەکار بە 51 تابلۆی ڕەنگاوڕەنگ بەشداریان کرد.[5]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، لە مۆزەخانەی شاری سلێمانی، بە هاوکاری ناوەندی حەوت ڕەنگە، پێشانگایەکی شێوەکاری بۆ شێوەکار فائیزە فاتحی خەڵکی شاری سنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرایەوە. بەرهەمەکانی ئەو شێوەکارە پێکهاتووە لە 17تابلۆ، چواری گرافیکە و 13ی بە ناوی شاخە و زۆرێک لە ڕەنگی جیاواز تێیدا بەکار هاتووە.[5]
دەرەوەی کوردستان
- پارتی ئازادی هۆڵەندا کە پارتێکی ئۆپۆزسیۆنە لە پێشنیارپرسێکدا بۆ پارلەمانی ولاتەکەی ڕاگەیاند: لە عەفرین چەتەکانی داعش لە بری دەوڵەتی تورکیا شەڕ دەکەن و پێسیوستە لە سەر پەیوەندی و هەماهەنگی لەگەڵ داعش ناتۆ لێپرسینەوە لە ڕژێمی تورکیا بکات.[2]
- پەیمانگەی ئاماری تورکیا ڕایگەیاند: تادێت ڕێژەی بێکاریی لە تورکیا بەرزدەبێتەوە و بەهای لیرە-یش لە دابەزینی بەردەوامدایە، لەکاتێکدا لەچەند ساڵی ڕابوردوودا بەڕێژەی 30% بەهاکەی لەدەستداوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: ◯ ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: ◯ دهۆک
شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: ◯ هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە
شار و شارۆچکەکان: ◯ سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 16-09-2019
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 16-09-2019
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 16-09-2019
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 16-09-2019
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 16-09-2019
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 17-09-2019

کاتی تۆمارکردن: 02-08-2019 7:46:59 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 258

**17-09-2019**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190802074659362609



باکووری کوردستان
- لە ئەرزەرۆم و قەرەیاز پۆلیسی تورک هەڵیانکوتایە سەرچەندین ماڵ. لە ئەنجامی ئەو هەڵیانکوتانەی سەرماڵاندا، 7 کەسیان دەستگیر کرد کە مەلیکە گۆکسو-ی هاوسەرۆکی شارەوانی قەرەیاز-ی هەدەپە و دوو ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی تێدایە. جگە لە مەلیکە گۆکسو، سەردار گۆکسو، سەرکان گۆکسو، ئەمەل توران، ئەردال بایرام و فەرهاد کایا-ش دەستگیر کران.[3]
- بنەماڵەی ئۆجالان و سێ گیراوی دیکەی زیندانی ئیمرالی بۆئەوەی سەردانی ئیمرالی بکەن داواکارییان پێشکەشی دادگا کرد، بەڵام داواکەیان ڕەتکرایەوە.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئەمرۆ ژمارەیەک لە جوتیارانی پارێزگای کرماشان بە ئامانجی دەربڕینی نارەزایەتیی لەدژی دیاریکردنی نرخێکی کەم بۆ بەرهەمی تەماتەکەیان لەلایەن دەوڵەتەوە لە بەرامبەر بینای پارێزگاری کرماشان گردبوونەوە و نارەزایەتییان دەربڕی.[5]

- نەجەف مێهدیپوور، ڕۆژنامەنووسی زیندانیی کوردی خەڵکی شاری ئیلام، بەهۆی بارودۆخی خراپی جەستەی، ڕەوانەی نەخۆشخانەی ئیلام لە دەرەوەی زیندان کرا.[6]
- کرێکارانی بەنداوی کانی سێوی شاری پیرانشار، بەهۆی ڕاگیرانی ئەو پرۆژەیە، هەتا کاتی دیاریکراو، بێکار بوون.[6]
- کاتژمێر 12ی شەو بە کاتی ڕۆژهەڵات، دوو هاووڵاتی لە شاری سەوڵاوا بە ناوەکانی ئێران قادرمەرزی تەمەن 37 ساڵ و ڕامیار سارمی نژاد، تەمەن 24 ساڵ، بەهۆی هاتنی بوومەلەرزە لەو شارەدا، بریندار بوون.[6]
باشووری کوردستان
- لە هەولێر پەردە لەسەر پەیکەری گاندی لادرا.[2]
- لەسەر سکاڵای داواکاری گشتی گەرمیان لە لایەن پۆلیسەوە هەردوو بەڕێوەبەری گومرک و بەڕێوەبەری وەبەرهێنانی گەرمیان دەستبەسەرکراون و ماوەی دوو ڕۆژە لە زینداندان.[1]
- بەرەی عەرەبیی یەکگرتوو لە شاری کەرکوک لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، لیستی هاوپەیمانیی حزبە کوردستانییەکانی کەرکوک ناوەکەی نەتەوەپەرستی دروست دەکات، بۆیە لە کۆمسیۆن سکاڵا لە دژی ناوەکەی تۆمار دەکەین.[3]
- بەرهەم ساڵح سەرۆک کۆماری عیراق ئەمڕۆ، گەیشە شاری هەولێر و لەلایەن نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆ و فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر و ژمارەیەک لە بەرپرسانی هەرێم پێشوازی لێکرا.[4]
- کاربەدەستانی بەرەی تورکمانی لە کاتی کردنەوەی بارەگاکەیان لە کفری، هەڕەشەیان لە کاربەدەستانی هەرێم کرد و وتیان: ئەگەر ئەو کەسانەی ساڵی 2017 بارەگاکەیان سووتاندووە دەستگیر نەکرێن ئاڵۆزی لە نێوان حکومەتی هەرێم و بەرەی تورکمانی ڕوودەدات.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | بەرەی تورکومانی ئێراق |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەرزەروم |
| شار و شارۆچکەکان: | ئیلام |
| شار و شارۆچکەکان: | پیرانشار - خانە |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | کرماشان |
| شار و شارۆچکەکان: | کفری |
| شار و شارۆچکەکان: | کەلار (گەرمیان) |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 17-09-2019
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[3] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-09-17
[4] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی یوک میدیا - 2019-09-17
[5] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2019-09-17
[6] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردیا - 2019-09-18

کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02 7:46:59 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 259

**2019-09-18**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190802074659362610



باکووری کوردستان
- ڕژێمی ئاکەپە – مەهەپە دەستیان بەسەر شارەوانیی گۆگسیی هەدەپە لە ناوچەی قەرەیازی ئەرزرۆم داگرت و لە بریی مەلیکە گۆکسو هاوسەرۆک شارەوانیی هەدەپە، قائیمقامەی دەوڵەتی تورک لە ناوچەیە وەک قەیوم سەپێنرا بەسەر ئەو شارەوانییەدا.[1]
- ئانیک جان دایکی مەتین جان سەرۆکی لقی کۆمەڵەی مافی مرۆڤ (ئیهەدە - ÎHD) لە خارپێت دوای 26 ساڵ لە چالاکی بۆ بە سزاگەیاندنی بکوژانی کورەکەی کۆچی دوایی کرد.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- زارا محەمەدی، ئەندامی دەسبەسەرکراوی ئەنجومەنی فەرهەنگی-کۆمەڵایەتیی نۆژین بەبێ ئامادەبوونی پارێزەرەکەی مێهرداد عەلیخانی، براوەتە دادگای ئینقلابی شاری سنە.[4]
باشووری کوردستان
- ئەمڕۆ یەکەم پێشانگەی وەبەرهێنان و خانووبەرە لە هەولێر کرایەوە، کە 150 کۆمپانیا لە 10 وڵات تێیدا بەشدارن، ئەو وڵاتانە دەیانەوێ لە ڕێگەی ئەم پێشانگەیەوە وەبەرهێنان لە کەرتی بیناسازیدا بکەن لە هەرێمی کوردستان.[2]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، لە باخی گشتی شاری هەڵەبجە، لەژێر دروشمی"کۆتا ڕۆژەکانی پشوو بەئاهەنگێک بەڕێدەکەین"ڤیستیڤاڵێک بۆ منداڵانی شارەکە بەڕێوەچوو، ئامانج لەم ڤیستیڤاڵەش هاندانێکە بۆ ئەوەی منداڵان بتوانن بە خۆشەویستییەکی زیاترەوە ڕوو لە خوێندن بکەن.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لەبەردەوامی داگیرکاری دەوڵەتی تورک وچەتەکانی لەعەفرین، سوپای داگیرکەری تورک وچەتەکانی گوندی عاقێبە-ی ناوچەی شێرِوای عەفرین تۆپباران دەکات. گوندەکە هاووڵاتیانی خەڵکی عەفرینی تێدا دەژین و سوپای تورک بە بێ ڕەچاوکردنی گیانی هاووڵاتیان، گوندەکە بەخەستی تۆپباران دەکات.[1]
دەرەوەی کوردستان
- سەرۆککۆماری تورکیا لەبارەی کارەکانی تایبەت بە دامەزراندنی ناوچەی ئارام بە هاوئاهەنگی لەگەڵ ئەمریکا رایدەگەیێنێت، ئەگەر تاوەکو دوو هەفتەی دیکە ئەنجامێکی نەبێت، ئیدی قسە رازییان ناکات و پلانی ئۆپەراسیۆنی خۆیان جێبەجێدەکەن. چاوەڕوانی پشتگیری زیاترن لەلایەن وڵاتانی ئەوروپاوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ئەرزەروم

شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: ◯ هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-09-18
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-09-18
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-09-18
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-09-18

کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02 7:46:59 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 260

**2019-09-19**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190802074659362611




باکووری کوردستان
- هێزە ئەمنییەکانی دەوڵەتی تورک گرووپێک لە کۆڵبەرانیان لە سەر سنوورە دەستکردەکانی نێوان باکور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کردووەتە ئامانج و لە ئەنجامدا کۆڵبەرێک کوژراوە. ئەو کۆڵبەرەی کوژراوە ناوی خالس حەمیدزادە-یە و تەمەنی 22 ساڵە و خەڵکی گوندی بالولەی ماکۆ-یە لە پارێزگای ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.[2]
باشووری کوردستان
- مەحمود سەنگاوی ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی لە کاتێکدا لە دێگەڵەوە دەیویست بچێتە هەولێر، ئاساییشی پارتی ڕێگیریان لێیکرد و بووە هۆی ئاڵۆزتربوونی پەیوەندییەکانی هەردوولا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ◯ ماکۆ
شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر
Quick Respons Code:

🗄️سەرچاوەکان
[1]     ⚫دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2]     📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 21-09-2019

کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02 7:46:59 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 261

**2019-09-20**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190802074659362612



باکووری کوردستان

- پارێزگاری مووش ڕاگەیەنراوێکی بڵاوکردەوە و تێیدا ڕایگەیاندووە کە لە ڕۆژی 20ی ئەیلوول هەتاکوو 4ی تەشرینی یەکەم/13ی ڕەزبەر هەمووجۆرە چالاکی، ڕاگەیاندنی چاپەمەنی، کۆبوونەوە، ڕێپێوان و خۆپیشاندانی قەدەغە کردووە.[1]

باشووری کوردستان

- لە سلێمانی تەقە لە بارەگای لقی چواری پارتی کرا.[2]
- چەند کەسێکی نەناسراو دەسترێژی گوللەیان لە کۆمیتەکانی چوار و پێنجی یەکێتی لە هەولێر کرد.[2]
- بەهۆی تەقەکردن لە بارەگاکانی یەکتر، ئاڵۆزیی زۆرتر کەوتە پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و یەکێتییەوە.[2]
- درەنگانێکی شەوی ڕابوردوو تا بەرەبەیانی ئەمڕۆ هەینی 20ی ئەیلول، شەڕە تەقە لەنێوان گوندەکانی جەلکان و مەمکان لە سنووری شارۆچکەی پشدەر ڕوویداو شەڕەکەش ماوەی زیاتر لە کاتژمێرێکی خایاند.[3]
- لە گوندێکی سەر بە شارەدێی جەلەولا لەسنووری شارۆچکەی خانەقین بەهۆی تەقینەوەی دوو بۆمبی چێندراو بە دوو تراکتۆردا، چوار هاووڵاتی جوتیار بریندارببوون و هەردوو تراکتۆرەکەش تێکشکاوە.[3]
- بەرپرسێکی وەزارەتی ناوخۆ رایدەگەیەنێت: لەسەر ڕووداوی ڕێگریکردن لە مەحمود سەنگاوی ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە پێکهێندراوە، لە کاتێکی زوودا ئەنجامەکەی ئاشکرا دەکەین.[3]
- وتەبێژی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی لە سلێمانی رایدەگەیەنێت: هیچ مەترسییەک لەسەر لقی چواری پارتی لە سلێمانی نیە، دەشڵێت: ئە و هێزە ئەمنییەی لە ئێستادا لە دەوری ئە و لقە کۆبوونەتەوە، هێزە ئەمنییەکانی سلێمانین.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ڕانیە (ڕاپەڕین - پشدەر)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ خانەقین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ موش

🏢 شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر

Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان

[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-09-20

[2] ⚫دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

[3] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-09-20

کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02 7:46:59 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 262

**2019-09-21**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190802074659362613




باکووری کوردستان
- لەگەڵ هاتنی یەکەم رۆژی وەرزی پایز، ئەمڕۆ، یەکەم بەفری ساڵ لە پارێزگای ئەردەخانی باکووری کوردستان باری و پلەکانی گەرما بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزین. بەفرەکە لە لووتکەی چیای ساهارای سەر بە پارێزگای ئەردەخان و خانووەکانی گوندی یاڤوزکۆی نزیکی لووتکەکەی سپیپۆش کرد.[3]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- گرووپێک لە کۆڵبەرانی کورد لە بەرزاییەکانی کێلەشینی شنۆدا، کەوتنە بەر دەسڕێژی گوللەی هێزەکانی سپای پاسداران. لەم تەقەکردنەی هێزەکانی سپای پاسداراندا، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی رێبوار عومەرزادە، تەمەن 20 ساڵ، کوڕی عێزەت، خەڵکی گوندی پووشاوێ، گیانی خۆی لەدەست دا و کۆڵبەرێکی تر بە ناوی ڕەسووڵ گوران، خەڵکی گوندی کانی ڕەش، بەتوندی بریندار بوو.[5]
باشووری کوردستان
- لە خوێندنگەی رێباز لە دهۆک مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان زەنگی ساڵی نوێی خوێندنی لێدا.[2]
- لە سەنتەری رۆشنبیریی شاری کەرکوک کۆمەڵێک لە کچان و کوڕانی شارەکە بۆ ماوەی 3 مانگە بەشدارییان کردبوو لە پێشبڕکێی کتێب خوێندنەوەدا و خەڵات کران، ئەم پێشبڕکێیە لەلایەن رێکخراوی کتێب دۆستانەوە ریکخرابوو بە هاوکاریی زانکۆی کتاب لە شاری کەرکوک.[1]
- چەکدارانی داعش بەرەبەیانی ئەمڕۆ (کاژێر 02:00ی بەرەبەیانیی) چوونەتە سەر گوندی قایەی سەر بە شارۆچکەی خانەقین و 57 گامێشی گوندەکەیان بە گوللە کوشتوون، کە نرخی هەر گامێشک پێنج ملیۆن دینارە.[3]
- ئەمڕۆ لە هوتێل چوارچرای شاری هەولێر دووەم کۆڕبەندی سەکۆی بەشداری گشتی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو کە ئینستیتیوتی ریفۆرم بۆ گەشەپێدان رێکیخستبوو تێیدا ژمارەیەک توێژینەوەی تایبەت بە چاکسازی خرایەڕوو.[4]
- ئەمڕۆ کە هاوکاتە لەگەڵ رۆژی جیهانی ئاشتی، بەو بۆنەیەوە لە شانۆی رۆمانی لە پارکی هەواری شاری سلێمانی چەند چالاکییەک بەڕێوەچوو.[2]

رۆژئاوای کوردستان
- هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی منبج لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنەکانیان لە دژی شانە نووستوەکانی داعش یەکێک لە گەورەترین شانە نووستوەکانی داعش-یان تێکشکاند. شانەکە لەلایەن سەرەک چەتەیەک بە ناوی ئەبو موستەفاوە بەڕێوەدەچوو و لە 18 کەس پێکهاتبوو، کە 7 کەسیان ژن بوون.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-09-21
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-09-21
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-09-21
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-09-21
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-09-23

کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02 7:46:59 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 263
**2019-09-22**
https://www.kurdipedia.org/?q=20190802074659362614



باکووری کوردستان
- پارتی دادو گەشەپێدانی تورکیا (ئاکەپە) دۆسیەیەکی دیکە لە دادگا دژی سەڵاحەدین دەمیرتاش دەکاتەوە و دۆسیە نوێکەش پەیوەندی بە ڕۆژئاوای کوردستانەوە هەیە و دەسەڵاتدارانی تورکیا وتوویانە کە دەمیرتاش پشتگیری لە دەسەڵاتداریەتی پەیەدە کردووە و دژی هێرشی سوپای تورکیاش بووە بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان..[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی شەفیع حەمیدی، کوڕی هاشم، لە نزیک گوندی خانێکی شاری ورمێ، لە ئەنجامی تەقەی هێزەکانی سپای پاسداران پێکرا. ئەو کۆڵبەرە کوردە لەو ڕووداودا، لاقی پێکراوە و بۆ چارەسەریی پزیشکی ڕەوانەی ناوەندی دەرمانیی شاری ورمێ کراوە.[6]
- بەشێکی زۆر لە دارستانەکانی ناوچەی دزڵی سەر بە هەورامانی شاری مەریوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاگر سووتانوونی. بەگوێرەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، ئاگرەکان لەلایەن سوپای پاسدارانی ئێرانەوە کراونەتەوە.[1]
باشووری کوردستان
- بەچاودێری ڕاستەوخۆی وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەنتەری رایەڵ بۆ ئاڵوگۆڕی کەلتووری لەشاری رانیەی دەروازەی ڕاپەڕین شەشەمین فیستیڤاڵی کەلتووره جیاوازەکان لە سێ شەودا ئەنجام درا.[3]
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێم رایگەیاند: کاتژمێر 1:29ی خولەکی بەرەبەیانی ئەمڕۆ بومەلەرزەیەک بە گوڕی 3، 3 پلە بەپێوەری ڕێختەرو بە قوڵایی 11 کیلۆمەتر و بە دووری 27 کیلۆمەتر، لە شارۆچکەی خانەقینی داوە و لە هەندێک شوێنی دیکەش هەستی پێکراوە. لەبارەی زیانەکانی بوومەلەرزەکە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی هەرێم، ئاماژەی بەوە کردووە: بوومەلەرزەکە هیچ زیانێکی نەبووە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- بەبۆنەی گرژییەکانی نێوان ئێران و عەرەبستانی سعودیەوە، ئەمریکا هێز بۆ سعودیە و ئیمارات دەنێرێت.[2]
- کۆمیتەی یۆتۆبۆریی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پەژاک) سیمینارێکی لە ژێر دروشمی یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتیک ڕێگای تێکشکاندنی داگیرکەرییە بۆ گەیشتن بە کوردستانێکی ئازاد بەڕێوەبرد.[4]
- پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی ئیمام خومەینی لە تاران دایکی بەهمەنی قوبادی، دەرهێنەری ناوداری کورد لەلایەن هێزێکی ئەمنیەوە دەستگیرکرا، بەهمەنی قوبادیش دەڵێت، دایکی چەند کاژێرێک لەمەوبەر ئازادکراوە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

پارت / لایەن: پارتی ژیانی ئازاد - پژاک

شار و شارۆچکەکان: ◯ ورمێ

شار و شارۆچکەکان: ◯ مەریوان

شار و شارۆچکەکان: ◯ رانیە (ڕاپەڕین - پشدەر)

شار و شارۆچکەکان: ◯ خانەقین

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 22-09-2019
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 22-09-2019
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 23-09-2019
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 23-09-2019
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 23-09-2019

کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02 7:46:59 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 264

**2019-09-23**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190802074659362615



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- خەلیل کەریمی، چالاکی کرێکاری کە لە لایەن دادگای پێداچوونەوەی شاری سنە بە 2 مانگ زیندانیی تەعزیری مەحکووم کرابوو، ڕەوانەی زیندان کرا.[5]
باشووری کوردستان
- لە باریگەی نێودەوڵەتی شاری سلێمانی یەکەمین پاڵەوانێتی تیر و کەوانی یانەکانی عەرەب بۆ یەکەمجار دەستپێکرد.[2]
- لە سلێمانی بەئامادەبوونی لێپرسراوانی حکومی و حزبی و کەسوکاری شەهیدان مەراسیمی یادی 18 ساڵەی شەهیدانی خێڵی حەمە دەستپێکرد کە لەو کارەساتەدا تیرۆرستانی جوندلئیسلام و ئەنسارولئیسلام بە شێوەیەکی درندانە و نامرۆڤانە 43 پێشمەرگەیان لەو گوندە بەدیلی شەهید کرد و دواتر تەرمەکانیان شێواندن.[3]
- ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی حزبە بەشداربووەکانی لیستی کەرکوکی کوردستانی لە شاری کەرکوک کۆبوونەوە و جەختیان کردەوە کە پێویستە تێکڕای حزبە کوردستانیەکان بە یەک لیست بەشداری لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگادا بکەن.[4]
- ئەندامێکی وەفدی دانوستانی هەرێم لەبەغدا ڕاگەیاند: سەرۆک وەزیرانی عێراق بڕیاری دەرکردوە بۆ چۆڵکردنی بارەگاکانی پارتی لەکەرکوک کە ئێستا بەشێکی لەلایەن هێزە عێراقییەکان و حەشدی شەعبییەوە داگیرکراون.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورکی داگیرکەر و چەتەکانی گوندەکانی مالکیە، شەوراخا و لەکا-یان لە ناوچەی شەرای عەفرین بە تۆپ و هاوەن تۆپباران و هاوەنبارانکرد. لەو تۆپبارانەدا شوێنی ژیان و ژینگەی هاووڵاتییان کرایە ئامانج و زیانی بە ژینگە و شوێنی ژیانی هاووڵاتییان گەیاند.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | ئەنسارولئیسلام |
| پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |

شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-09-23]
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-09-23]
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری یوک میدیا - 2019-09-23]
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-09-23]
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری کوردیا - 2019-09-24]

کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02 7:46:59 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 265

**2019-09-24**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190802074659362616




باکووری کوردستان
- لە ناوچەی ئۆمەریان لە نێوان ستەور و نسێبین-ی مێردین ئەو ئاگرەی لە ڕۆژی 7ی ئەیلول / 16ی خەرمانانەوە لەلایەن سوپای تورکەوە بەردراوەتە دارستانەکانی ئەو ناوچەیە تا ئێستا بەردەوامە. دوای 2 ڕۆژ لەو ئاگرکەوتنەوەیە، بۆ جارێکیتر ئەو سوپا داگیرکەرە ئاگری لە چەند شوێنێکی تری دارستانەکانی ئەو ناوچەیە بەردایەوە.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی دلێر نەسری خەڵکی گوندی تەنگیسەر و دانیشتووی شاری سنە، لە شوێنی کارەکەی لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی سەر بە ئیتلاعاتی سپای پاسداران، دەسبەسەر کرا.[5]
باشووری کوردستان
- بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر سەبارەت بە هێرشکردنە سەر بارەگای بەرەی تورکمانی لە هەولێر ڕایگەیاند ڕووداوەکە بەهۆی دەمەقاڵێی نێوان شۆفێرێکی تەکسی و پاسەوانی بەردەم بارەگای بەرەی تورکمانی بووە کە ویستوویەتی ئۆتۆمبێلەکەی لەبەردەم بارەگای ئەو حیزبە ڕابگرێت.[2]
- وەزارەتی ناوخۆی عێراق داوا دەکات عەمید سەرحەد قادر پەیوەندی بە پۆلیسی کەرکوکەوە بکات و دەستبەکار بێتەوە.[2]
- ئەمشەو کاتژمێر 10:00 هێرشی چەکداریی کرایە سەر خاڵێکی سەربازیی حەشدی شەعبی سەر بە لیوای 23 لەنزیک ناوچەی باوەمەحمود لە شارۆچکەی خانەقین-ی سەر بە پارێزگای دیالە، لەئەنجامدا چەکدارێک کوژرا و دوانی دیکە بریندار بوون. دوابەدوای ئەو هێرشە بۆمبێکی چێندراو

لەسەر ئۆتۆمبێلی بارهەڵگرێک لە گوندی شێخ مەهدی لەنزیک باوەمەحمود تەقییەوە، جگە لە زیانی مادیی کە بەر ئۆتۆمبێلەکە کەوت، هیچ زیانێکی گیانی بەدواوە نەبوو. هەورەها، بەپێی وتەی دانیشتوانی گوندی دەکەی مەلا حەمید لە باکوری خانەقین، هەر ئەمشەو نزیک کاتژمێر 11 گوللە هاوەنێک کەوتووەتە ناو تەویلەیەکی ئاژەڵ و زیانی لێکەوتووەتەوە.[4]

- بۆجاری یەکەم لە شارۆچکەی کەلار لە هۆڵێکی ئامادەکراو بۆ سینەما، فیلمی سینەمایی کوردی پەیکەری دڵ بە ئامادەبوونی دەرهێنەر و ئەکتەرانی فیلمەکە نمایشکرا و بینەرێکی بەرچاو پێشوازییان لێکرد.[4]

رۆژئاوای کوردستان

- ئەنتۆنیۆ گۆتێرەس سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاند، 'کۆمیتەی نووسینەوەی دەستووری بنەڕەتیی سوریا دامەزراوە'. 30 حیزب و لایەنی باکوور و رۆژهەڵاتی سوریا لەوبارەیەوە راگەیاندراوێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە و رایانگەیاند: ئێمە لە نووسینەوەی دەستوورێکی بنەڕەتیدا بەشدار نەبین ئەو دەستوورە قبوڵ ناکەین.[1]

دەرەوەی کوردستان

- گوتارەکەی سەرۆککۆماری تورکیا لە 74ەمین کۆبوونەوەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کە تێیدا هێرشی کردە سەر سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل و بە داگیرکردنی خاکی فەلەستینییەکان تۆمەتباریکرد، کاردانەوەی لێکەوتەوە. دوای کەمتر لە کاژێرێک، بنیامین نەتەنیاهوو لە هەژماری خۆی لە توویتەر وەڵامی ئەو گوتانەی رەجەب تەیب ئەردۆغانی دایەوە و رایگەیاند ئەو کەسەی کە لە درۆکردن ناوەستێت لەبارەی ئیسرائیل، کوردەکان لەنێو خاکی خۆی کۆمەڵکوژدەکات و کۆمەڵکوژی ئەرمەنییەکان رەتدەکاتەوە، ئێستا نابێت هێرشبکاتە سەر ئیسرائیل.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| پارت / لایەن: | بەرەی تورکومانی ئێراق |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | نوسەیبین |
| شار و شارۆچکەکان: | خانەقین |
| شار و شارۆچکەکان: | کەلار (گەرمیان) |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-09-24
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-09-24
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-09-25
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-09-24

[5] 🌡️ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-09-28


کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02 7:46:59 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 266

**2019-09-25**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190802074659362617



باشووری کوردستان

- بەهۆی بۆردوومانی فڕۆکەکانی تورکیا بۆ سەر ئۆتۆمبێلێکی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە نزیک دووکانێکی گوندێکی سەر بە شارەدێی چەمانک-ی پارێزگای دهۆک، سێ کەس بوونە قوربانی.[1] هەندێک سەرچاوە باس لەوە دەکەن یەک لە قوربانییەکان گیانی لەدەستداوە.[2]

- کاژێر 10:30 خوولەکی ئەمشەو فڕۆکەیەکی جەنگی تورکیا گوندی زێوکەی سەر بە شارۆچکەی ژاراوەی لە شارۆچکەی پشدەر بۆردوومانکرد و بەهۆیەوە دوو کەس بریندارببوون.[3]

- حکومەتی عێراق ژمارەی چەکدارانی حەشدی شەعبی لە سنووری خانەقین زیاتر دەکات و باس لەوەش دەکرێت دۆسیەی ئەمنی ناوچەکە لە سوپا وەربگیرێتەوە و رادەستی ئە و چەکدارانە بکرێت.[1]

- لە هەولێر لوتکەی دەرمانسازان سازدەدرێت.[2]

- قوتابیە یەکەمەکانی خوێندنی کوردی لە شاری کەرکوک لەلایەن نووسینگەی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە خەڵاتکران.[3]

- شاندێک لە ژنانی رۆژئاوای کوردستان لە باشوری کوردستان-ن و پێشنیوەرۆی ئەمرۆ لەگەڵ یەکێتی ژنانی کوردستان لە شاری سلێمانی کۆبوونەوە. شاندی ژنانی رۆژئاوا پێکهاتبوو لە ئاسیا عەبدوڵا کۆردیناسیۆنی کۆنگرەی ستار، ئەستێرە قاسم چالاکوانی کۆمەڵگەی مەدەنیی، نارین مەتین سەرۆکی شەپۆلی پێشەرۆژی کوردستان و شیراز حەمۆ هاوسەرۆکی رێڤەبەری مەجلیسی خۆبەڕێوەبەری هەرێمی عەفرین.[4]

- بە بەشداری 48 کۆمپانیای ناوخۆیی و نێودەوڵەتی، ئەمرۆ یەکەمین پێشانگای نێودەوڵەتی نەوت و غاز و وزە لە هۆڵی رۆشنبیری کەرکوک کرایەوەو بڕیارە ماوەی دوو رۆژ بخایەنێت.[4]

- دوابەدوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی تێکچوونی باری تەندروستی خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد لە هەندێک پەیج و ماڵپەڕدا، هەر ئێستا د. محەمەد سابیر ئەندامی بنەماڵەکەیان رایگەیاند ئەو هەواڵانە سەر لەبەری دوورن لە راستییەوە و هێرۆ خان لەدۆخێکی زۆر باشی تەندروستیدایە.[1]

- ئەمرۆ لە مەراسیمێکدا بە ئامادەبوونی فەرماندەکانی یەبەشە، پارێزگاری نەینەوا، بەرپرسانی خۆبەڕێوەبەری شەنگال و چەندین بەرپرسی عێراق، لە شارۆچکەی تلعزێر، پاککردنەوەی شارۆچکەکە و دەوروبەری لە پاشماوەی چەتەکانی داعش راگەیەندرا.[4]

- بە ئامادەبوونی سەدان خوێندکار و هەزاران کەس، لە شارۆچکەی رانیە ئاهەنگی خولی هەشتەمین دەرچوانی زانکۆی راپەڕین لە ژێر ناونیشانی (زانکۆ لە ناوەندی زانست و داهێنانەوە بەرەو بەگەڕخستنی توانستە ئەکادیمی و پیشەییەکان لە دامەزراوەکاندا) بەڕێوەچوو.[1]

- دامەزراوەی میدیایی کوردسات بەهۆی نەبوونی کرێی مانگانەی پەخش لەلایەن کۆمپانیای دابینکەرەوە پەخشی راگیرا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: رانیە (راپەڕین - پشدەر)
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-09-25
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-09-25
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-09-25
کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02 7:46:59 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 267
**2019-09-26**
https://www.kurdipedia.org/?q=20190802074659362618

رۆژهەڵاتی کوردستان
- ژنە هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی لەیلا زەرێەفشان، پاش 5 ساڵ مانەوەی لە زیندانی ناوەندیی سنە، لەسێدارە درا.[2]
- سێ زیندانی بە تاوانی کڕین و فرۆشتنی ماددەی سڕکەر، بە ناوەکانی ڕەئووف (ئازاد) ئازادیخا کوڕی حاجی سدیق خەڵکی دزەی مەرگەوەڕی ورمێ، شەماڵ (ئیبراهیم) مەحموودپوور خەڵکی شاری مەهاباد و شەهابەدین محەممەدپوور خەڵکی گوندی حاجی بایرام لە ناوچەی ئەنزەلی ورمێ، لە زیندانی ناوەندیی ئەو شارەدا، لەسێدارەدران.[2]
باشووری کوردستان
- کاتژمێر 04:00ی ئێوارەی ئەمڕۆ، دوو فڕۆکەی جەنگی دەوڵەتی تورک بۆردوومانی دەوروبەری گوندی زێوکەی سەر بە شارەدێی ژاراوەی بناری قەندیلیان کرد. خەڵکی گوندی زێوکەش لە ترسی بۆردوومان لەماڵەکانیان هاتوونەتە دەرەوەو ڕوویان لە ئەشکەوت و دۆڵەکان کردووە.[3]
- بەڕێوەبەری هاتوچۆی پارێزگای هەڵەبجە ئاشکرایکرد: لە ئەمڕۆوە هاووڵاتیان دەتوانن دەستبکەن بە گواستنەوەی مامەڵەکانیان لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی پارێزگای سلێمانی بۆ

پارێزگای هەڵەبجە بەمەبەستی وەرگرتنی ژمارەی نوێ بەناوی عێراق – هەڵەبجە، هاوکات لە ژمارە 10 هەزار و یەکەوە ژمارە دەدرێتە هاووڵاتیان.[1]
- بەهۆی نەبوونی بودجە و مووچەی مۆزەخانەکە و پارەی کارمەندانی ئەو دامەزراوەیە، لە ئەمڕۆوە مۆزەخانەی نیشتمانی ئەمنە سوورەکەی شاری سلێمانی دادەخرێت.[1]
- جارێکی تر دادگای کەرکوک فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ ڕێبوار تاڵەبانی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک دەرکرد، ناوبراویش دەڵێت: دادوەرەکە بەبێ ئاگادارکردنەوەم لە دۆسیەکە راستەوخۆ فەرمانەکەی دەرکردووە.[1]
- هەزاران هاوڵاتی کامپی شەهید ڕۆستەم جودی لە مەخموور، دژی گەمارۆی سەر کامپەکەیان کە 71 ڕۆژە بەردەوامە بەرەو ناو ناوەندی شارۆچکەی مەخموور دەستیان بە ڕێپێوان کرد.[3]
- کۆنسێرتی هونەرمەندان هانی و فرمێسک لە سلێمانی بە هۆی دیارنەمانی پارەی بلیت و دیارنەمانی خاوەنی کۆمپانیای جێبەجێکاری کۆنسێرتەکە هەڵوەشایەوە.[4]
- کەناڵی بی ئێم سی (BMC) پەخشکردنی درامای تورکی ڕاگرت و بڕیاریدا بە شێوەیەکی فەرمی بە هیچ جۆرێک درامای تورکی پەخش نەکات.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-09-26
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-09-26
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-09-26
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-09-26

کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02 7:46:59 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 268
**2019-09-27**
https://www.kurdipedia.org/?q=20190802074659362619




باشووری کوردستان
- لەسەر ڕێگەی هەولێر-کەرکوک وێستگەیەکی دابەشکردنی بەنزین بەناوی وێستگەی زانکۆ گڕی گرت.[1]
- دوو منداڵی ڕفێنراوی ئێزدی کە خوشک و بران، چارەنووسیان ئاشکرا دەبێ و ئێستا لە خانەیەکی بێسەرپەرشتانن لە شاری نەفشەهیری تورکیا. شاندێکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا سەردانی ئەو دوو منداڵەیان کردووە. سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگاکە دەڵێت: مانگی داهاتوو لەڕێی دادگاوە بڕیار لە چارەنووسیان دەدرێت کە ئایا لەوێ دەمێننەوە یان دەگەڕێنرێنەوە بۆ کەسوکاریان.[2]
- ئەمڕۆ بە دروشمی ڕێزگرتن لە شەهیدان، پاراستنی بەهاکان و دامەزراندنی ژیانێکی ئازادە، 10ەمین کۆنفرانسی ڕێکخراوی خانەوادەی شەهیدان، بە بەشداریی 400 ئەندام لە هۆڵی کۆنفرانسەکانی کامپی پەنابەرانی شەهید ڕۆستەم جودی لە مەخموور دەستپێکرد.[3]
- بەهۆی قەیرانی داراییەوە دوێنێ مۆزەخانەی نیشتمانی ئەمنەسوورەکە داخرا، فراکسیۆنی گۆڕانیش لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت، سەرچاوەی دارایی مۆزەخانەکە دابیندەکات و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری ڕەزامەندییان نیشانداوە.[2]
- کاتژمێر 05:00ی ئێوارەی ئەمڕۆ، ناوەندی ڕۆشنبیری قەسرێ لەهۆڵی ناوەند، ئێوارە کۆڕێکی لەژێر ناونیشانی''گۆڕان، و گۆڕانی کۆمەڵایەتی''بۆ 'ئیحسان وەلزی' نوسەر و وەرگێڕ بەڕێوەبرد.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | بزووتنەوەی گۆڕان |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | مەخموور |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 27-09-2019
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 27-09-2019
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 27-09-2019

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2019-08-02 7:46:59 AM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 269

**2019-09-28**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190802074659362620



باکووری کوردستان
- بە بڕیاری پارێزگاری تورک ئەمڕۆ لە ناوەند و ناوچەکانی جۆلەمێرگ 15 هەرێم بۆ ماوەی 15 ڕۆژ بە پاساوی هەرێمی ئەمنیی تایبەت قەدەغە کران و هەموو جۆرە هاتووچۆیەکی هاووڵاتییانی لەو ناوچەدا قەدەغە کرد. بە پێی ڕاگەیەنراوەکەی پارێزگاری جولەمێرگ هەرێمەکانی ئاکاسی، چگل، کریک داغ، بووزوول، کاندل، ئالاندۆز، ئۆقوول، جەیلانێ، چەمەنلی، کازان و گردی سوارا، گردی مەولا حسێن و چیای ئۆزپناری گەڤەر و گۆل کوچوگگەلکا لە ڕۆژی 29ی ئەیلوول هەتا 13ی تەشرینی یەکەمی 2019 لە هاووڵاتیانی مەدەنی قەدەغەکراوە.[4]
- هونەرمەندی کورد دۆدان ئۆزەر، لەکاتی پێشکەشکردنی کۆنسێرتێک لە کافتریایەکی شاری باتمان-ی باکووری کوردستان، هێزەکانی ئاسایش بەسەر کافتریاکەیان داداوە و کۆتاییان بە کۆنسێرتەکە هێناوە. بە گوێرەی چەند میدیایەکی تورکیا، هێزەکانی ئاسایشی باتمان مایکرۆفۆنیان لە دەستی هونەمەرمەند دۆدان ئۆزەر دەرهێناوە و ڕێگەیان نەداوە گۆرانی بە زمانی کوردی بڵێت و پێیان گوتووە گۆرانی گوتن بە زمانی کوردی لە تورکیا قەدەخەیە.[7]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزە ئەمنییەکانی رژێمی ئێران، ئیبراهیم پیری نوێنەری شۆفێرانی ناوەندی تەندروستیی شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان دەستگیرکرد و ڕەوانەی شوێنێکی نادیاریان کرد. راگەیاندرا، ئیبراهیم پیری پێشتر بەشداریی لە چالاکیی نارەزایەتیی شۆفێران دا کردبوو.[4]
- چالاکێکی مەدەنی و ژینگەپارێزیی کورد بە ناوی سیروان ڕەحیمی، تەمەن 30ی ساڵ خەڵکی شارستانی دێولان، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا. دەسبەسەرکردنی ئەم چالاکە ژینگەپارێزییە بەبێ نیشاندانی مۆڵەتی یاسایی بووە و ناوبراو دوای دەسبەسەرکرانی بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.[8]
باشووری کوردستان
- کاتژمێر یەکی بەرەبەیانی ئەمڕۆ، ژمارەیەک چەکداری داعش هێرشیان کردەسەر گوندی مێخاس کە دانیشتوانەکەی کوردە و دەکەوێتە سەر ڕێگای سەرەکی نێوان شارۆچکەی خانەقین و کەلار. بەهۆی دەستڕێژی گوللەی ئە و چەکدارانە سێ هاووڵاتی گوندەکە شەهید بوون کە دووانیان بران و چەکدارەکانیش دوای پەلامارەکەیان بەرە و ناوچەیەکی نادیار هەڵاتوون.[1][2]
- شەوی رابردوو 12:21 بومەلەرزەیەک بە 3.1 پلەی ڕێختەر لەنێوان قەسری شیرین - خانەقین روویدا. بەپێی ئاژانسەکانی تایبەت بە بومەلەرزە و کەشوهەوا، بومەلەرزەکە لە قوڵایی 7 کیلۆمەتر لەژێر زەوی روویداوە و 47کم لە سەنتەری کەلارەوە دوور بووە.[3]
- نۆ حیزبی کوردستانی، کە پێکهاتوون لە (پارتی، یەکێتی، گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ، بزووتنەوە، شیوعی، سۆسیالیست و زەحمەتکێشان)، ئەمڕۆ لە هەولێر کۆبوونەوە و بڕیاریان دا بە یەک لیست بەشداری لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراقدا بکەن لە پارێزگاکانی: کەرکوک، نەینەوا، دیالا و سەڵاحەدین، هەروەها بانگهێشتی لایەنە کوردستانییەکانی دیکەش دەکەن بێنە نێو لیستەکەیانەوە.[5]
- زیاتر لە 100 خێزانی چەکدارانی پێشووی داعش لە کەرکوک نیشتەجێکراون و سەرۆکی لیژنەی ئەمنی ئەنجومەنی پارێزگاکەش مەترسی ئەو هەنگاوە دەخاتەڕوو و رایدەگەیەنێت: دەستێکی سیاسی لەپشتەوەیە.[1]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە گەلەری مۆزەخانەی شاری سلێمانی، پێشانگایەکی تایبەت بە کارە هونەرییەکانی مامۆستای شێوەکار شیرین محەمەد کرایەوە و بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام دەبێت.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- چەتەکانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر دوێنێ لە گوندی قەستە خدریای ناوچەی بلبلی عەفرین 5 هاوڵاتیان ڕفاندووە. ناوی ئەو هاوڵاتیانەی ڕفێنراون بەم شێوەیەن: زەکەریا محەمەد، زیادە هۆریک ڕەشید، ئاراس حەنان محەمەد، ئیبراهیم حسێن ڕەشۆ و جەلال محەمەد.[4]
- سەربازانی سوپای تورکی داگیرکەر و چەتەکانی لە گوندی بەراد جێگیرکراون و لەوێوە، گوندی

برج قاس و کالۆتەپەی سەر بە ناوچەی شێراوای عەفرین بۆمبەباران دەکەن. بە پێی زانیاریەکان بە دەیان تۆپ بەر دەوروبەری گوندەکان کەوتوون و تۆپباران بەردەوامە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: قەسری شیرین
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: جولەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: باتمان - ئێلح
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-09-28
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-09-28
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-09-28
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-09-28
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-09-28
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-09-28
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-09-29
[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-09-29

کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02 7:46:59 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 270

**2019-09-29**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190802074659362621



باکووری کوردستان
- لە دێرسیم هێزەکانی پۆلیسی تورک هەڵیانکوتایە سەر ژمارەیەک ماڵی هاووڵاتییان و خدر چیچەک و ئوزلەم تۆپراک هاوسەرۆکانی هەدەپەی دێرسیم و یونس ئاراس و جەمیلە ئاتاش بەڕێوەبەرانی پارتەکە و ئوزگە هۆشئۆغلۆ هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە دەستگیران. هەروەها بە بیانووی ئەوەی بڕیاری دەستگیرکردنی هەیە، هێزەکانی پۆلیسی تورک بە سەر ماڵی فەرهاد یڵدز ئەندامی ئەنجومەنی هەدەپەشیاندا دادا.[1]
باشووری کوردستان
- لە خانوویەکی کۆمەڵگەی گرزەک، چوار رووفاتی کوردانی ئێزدی دۆزرانەوە کە لە ساڵی 2014 لەلایەن داعشەوە کوژراون. خێری عەلی ئیبراهیم، بەڕێوەبەری رێکخراوی ئێزدی بۆ بەڵگەنامەکان رایگەیاند: ئەو کەسانە لە ساڵی 2014 لەلایەن داعشەوە کوژراون، بەڵام بەهۆی ئەوەی بێ ناسنامە و جل و بەرگن نازانین کێن.[3]
- بەمەبەستی ئەنجامدانی پرۆژەی هاوبەش لەنێوان کۆمپانیاکانی هەرێم و تورکیا، دیدارێکی بازرگانی لەنێوان بازرگانانی هەرێمی کوردستان و وڵاتی تورکیا ئەنجامدرا و 60 کۆمپانیای تورکی خۆیان ئامادە کردووە رێککەوتنی بازرگانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان واژۆبکەن.[2]
- لە هۆڵی رامادا لە سلێمانی، یەکەمین کۆنفرانسی ئاشتی جیهانی بۆ هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینییەکانی هەرێمی کوردستان دەستپێیکرد. کۆنفرانسەکە بە چاودێری مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە و رێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەنجامدەدرێت.[4]
- بەهۆی کەوتنەوەی ئاگرەوە لە چەمی رێزان نزیکەی 100 دۆنم پوش و پاوان سوتا، بەڕێوبەرایەتی دارستانیش دەڵێت، کە هۆکاری ئاگر کەوتنەوەکە، کردنەوەی ئاگر بووە لەلایەن گەشتیارانەوە.[5]
- وەزارەتی پێشمەرگە ئاشکرایکرد کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یاداشتی پشتیوانی و هاوکارییەکانی لە عێراق و هەرێمی کوردستان بۆهێزەکانی پێشمەرگە بۆ دوو ساڵی تر درێژ کردەوە و کونسڵی گشتی ئە و وڵاتەش لە هەولێر، یاداشتەکەی داوەتە وەزیری پێشمەرگە.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- سەربازانی سوپای تورک لە گوندی کاخرێ لەناوچەی ماباتای عەفرین ئاگریان بەرداوەتە دارستانەکانی ئەو ناوچەیە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| شار و شارۆچکەکان: | دێرسیم |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] 🗣️مالپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-09-29
[2] 🗣️مالپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | مالپەری دوارۆژ - 2019-09-29
[3] 🗣️مالپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | مالپەری رووداو - 2019-09-29
[4] 🗣️مالپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | مالپەری یوک میدیا - 2019-09-29
[5] 🗣️مالپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | مالپەری رۆژنیوز - 2019-09-29

کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02 7:46:59 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 271

**2019-09-30**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190802074659362622




باکووری کوردستان
- لە گەڕەکی ستاسیۆنی ناوچەی ئارتوغلوو-ی مێردین، سەرلەبەیانی ئەمڕۆ پۆلیس هەڵیکوتایە سەرماڵێک. لە هێرشەکەدا کەسێک کوژرا و چەند کەسێک بەناوەکانی ئازاد شیمدی، خالیدە شیمدی، شەمسیە شیمدی و کەسێکی دیکە کە ناوەکەی ئاشکرا نەکراوە، لەگەڵ چوار منداڵ دەستبەسەر کران.[4]
- هاوسەرۆکی (ئیهەدە - ÎHD)ی دێرسم، گوربوز سۆلماز دەستگیرکرا.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- سێ زیندانیی سیاسیی کورد بە ناوەکانی تاهێر خۆرشیدی، فاروق شاروێرانی و ئەمیر پەیغامی، خەڵکی شاری شنۆ، لە زیندانی کرماندا مانیان گرت. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەو سێ زیندانییە سیاسییە، لە هەمبەر هەڵسوکەوتی نەشیاوی بەرپرسی حیفازەت ئیتلاعاتی زیندانی کرمان و گوشارهێنان بۆ ئەو سێ زیندانییە سیاسییە کوردە، نارەزایەتییان دەربڕیوە و دەستیان داوەتە مانگرتن.[3]
- یەکەمین فێستیڤاڵی هەنگوین لە شاری پیرانشار بەڕێوەدەچێت.[2]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی عادڵ یەعقووبی، تەمەن 26 ساڵ، کوڕی سدیق، خەڵکی گوندی بێساران و دانیشتووی شاری مەریوان، بەهۆی تەقینەوەی یەکێک لە مینە چێندراوەکان، لاقی چەپی بریندار بوو.[3]
باشووری کوردستان
- سێزدەمین پێشانگای هەمەجۆری بازرگانی نێودەوڵەتی، لە پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر دەکرێتەوە.[1]
- لە شاری سلێمانی سمینارێک بۆ ئاسیا عەبدوڵلا و ئەندامانی شاندی ژنانی باکورو ڕۆژهەڵاتی سوریا بەڕیوەچوو، تێیدا باس لە بارودۆخی ڕۆژئاوا و ڕۆڵی ژنان کرا و جەخت لە سەر یەکگرتوویی ژنان لە هەر چوارپارچەی کوردستان کرا.[6]
- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان لە ئاسایشی هەولێر لە راگەیێندراوێکدا دەستبەسەراگرتنی نزیکەی 10 کیلۆ ماددەی هۆشبەری راگەیاند و بەپێی راگەیێنراوەکە، دوو تۆمەتبار بەنیازبوون ئەو ماددەیە لە ڕێگەی کۆمپانیایەکی گواستنەوەوە بنێرنە کەنەدا.[7]
- دەستڕێژی گولە کراوەتە سەر خاڵێکی سەربازی حەشدی شەعبی لە شارۆچکەی خانەقین سەربە پارێزگای دیالە.[6]
- کاتژمێر09:00ی ئەمشەو، فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک گەلی سیلێ-یان بۆردوومان کرد، ئەو شوێنەی بۆردومان کراوە نزیکە لە گوندی دڤرێ، کە شوێنێکی گەشتیاریە و هاولاتیان زۆربەی کات لە ڕۆژەکانی پشوو رووی تێدەکەن.[6]
- کاتژمێر 5:00 ی ئێوارەی ئەمڕۆ بە هۆکارێکی نادیار ئاگر لە دارستان و پوش و پاوانی ڕۆژئاوای

شارۆچکەی ئامێدی کەوتەوە و بەهۆیەوە زیاتر لە 15 دۆنم زەوی سوتا.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بەیانی ئەمڕۆ لە ڕێگەی ژنە داعشەکانەوە لەکامپی هۆل لە هەرێمی جزیرە، ئالۆزی کەوتەوە، بەگوێرەی سەرچاوە هەرێمییەکان ژنێک کوژراوە، حەوتی دیکەش بریندارن و 50شیان دەستگیرکراون. بە گوێرەی هەواڵێکی ئاژانسی هاوار، 50 ژنی داعشی لە کامپی هۆل دادگایەکی نهێنی ئیسلامییان بۆ دادگاییکردن و سزادانی چەند ژنی دیکە کردووەتەوە، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆش بە ئاگاداربوونەوە لەو بابەتە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی دۆخەکەیان داوە، بەڵام ژنە داعشەکان بەرامبەر هێزەکانی ئاسایش وەستاونەتەوە و چەکیان بەکار هێناوە، تا ئێستا ڕوون نییە چۆن چەکیان دەستکەوتووە.[6]
دەرەوەی کوردستان
- بە بەشداری جێگری سەرۆکی حکومەتی ئەرمینیا و بەرپرسانی دیکەی حکومەتی ئەو وڵاتە، دەرگای پەرستگایەکی نوێ لە گوندی ئاکنالیچ لە ئەرمینیا بەڕووی ئێزدییەکاندا کرایەوە کە لەڕووی ڕووبەرەوە بە گەورەترین پەرستگای ئێزدییەکان دادەنرێ. ئەو پڕۆژەیە فراوانکردنی پەرستگایەکی بچووک بوو کە حەوت ساڵ لەمەوبەر تەواوکرا و بە یەکەم پەرستگای ئێزدییەکان لە سەردەمی پاش یەکێتیی سۆڤیەت هەژمار دەکرا.[7]
- ژووری ڕاگەیاندنی ئۆپەراسیۆنی سەربازی سەر بە وەزارەتی بەرگری لیبیا بڵاویکردۆتەوە کە سوپای ئە و وڵاتە توانیویەتی فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانی سەر بە سوپای تورکیا لە ئاسمانی لیبیا بخاتە خوارەوە.[2]
- دوای ئەوەی عادل عەبدولمەهدی، سەرۆک وەزیرانی عێراق بە فەرمی رایگەیاند کە لە لێکۆڵینەوەکاندا دەرکەوتووە ئیسرائیل هێرشەکانی سەر بنکەکانی حەشدی شەعبی ئەنجامداوە، کمال حەسناوی، ئەمینداری بزووتنەوەی ئیبدال کە گروپێکی چەکداری سەر بە حەشدی شەعبییە دووپاتیکردەوە، وەڵامی ئیسرائیل دەدەنەوە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: ماردین
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 30-09-2019
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 30-09-2019
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 30-09-2019
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 30-09-2019
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 30-09-2019
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 30-09-2019

کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02 7:46:59 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 272

**2019-10-01**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190802074659362623



باکووری کوردستان
- سەزای تەمەللی هاوسەرۆکی هەدەپە داوای گۆڕینی یاسای تیرۆر لە تورکیا دەکات و ڕایدەگەیەنێت، پێویستە چاکسازی لە دادگاکانی تورکیا بکرێت.[2]
- لە چەولگ لەسەربێدانی زانیاری کەسێک کە ناوەکەی نەزانراوە لە گوندەکانی کزلاگاچ-ی ناوچەی کانی ڕەش و گەرەکی میرزان لە هەڵکوتانە سەرماڵاندا دوێنێ 11 کەس دەستگیرکراون. ئەو 11 کەسەی دەستگیرکراون، لە لقی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیەتی چەولگ ڕاگیراون. ئەو 11 کەسە بە بانگەشەی ئەوەی 'ئەندامی ڕێکخستن' دەستگیرکراون.[7]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هەواڵدەریی فارس ڕایگەیاند کە ئەندامێکی سپای پاسداران بە ناوی ئیبراهیم غوڵامی لە شاری شنۆ کوژراوە.[3]
- ژمارەیەک لە کاسبکارانی کورد لە سنووری شاری سەردەشت، کرانە ئامانجی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سپای پاسداران و لە ئەنجامی ئەو تەقەکردنەدا، کاسبکارێک بە ناوی قادر محەممەدزادە، خەڵکی گوندی توێژەڵی شاری سەردەشت، بریندار بوو.[3]
باشووری کوردستان
- بەکۆی دەنگی حیزبە کوردستانییەکان عەبدولڕەحمان مستەفا فەتاح، پارێزگاری پێشووتری کەرکوک بە سەرۆکی قەوارەی هاوپەیمانی کوردستانی هەڵبژێردرا.[4]
- چوارەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلم لەسلێمانی دەستپێکرد و فیلمي خوشکاني جەنگ وەک فیلمی دەستپێک پەخش دەکرێت. چەندین ئەکتەری جیهانی لەفێستڤاڵەکەدا بەشدارن و بەسەر فەرشی سوردا پێشوازییان لێدەکرێت. لە فێستیڤاڵەکەدا 134 فیلم لە 79 وڵاتەوە بەشدارە و وەک دەستپێک فیلمی خوشکانی جەنگ پەخش دەکرێت.[6]
- ئیخلاس دلێمی ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاشکرایدەکات کە هەرێمی کوردستان قایل بووە ئە و 250 هەزار بەرمیل نەوتەی ڕۆژانە ڕادەستی بەغدا بکات کە لە یاسای بودجەی 2019 دا هاتووە بەڵام ئە و پرۆسەیە بۆ بودجەی 2020 دەبێت.[1]
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەزگای مین لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاشکرای کرد: بە هاوکاری تیمێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین/گەرمیان، ئەمڕۆ، تەرمی هاووڵاتییەکی شاری کفری کە لەلایەن ڕژێمی بەعس شەهید کرابوو دۆزرایەوە. ڕوونکراوەتەوە : ئەوکەسە بەناوی داود سەمەد

فرجی، کوڕی خانەوادەیەکی پێشمەرگە بوو، لە تەمەنی 14 ساڵیدا و لە ڕێکەوتی 1986/10/18 لەلایەن سوپای عێراقەوە لە شوێنێکی سەربازیی و بەشێوەیەکی شاراوە ژێرخاک کراوە. لە دوای ڕاپەڕینەوە، خانەوادەکەی بۆ تەرمەکەی لە گەڕاندان.[2]
- کاتژمێر 2:15 ی ئەمڕو فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا ئۆتۆمبێلێکی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکەیان لە سنووری شارەدێی مانگێشکێ کردە ئامانج و 3 گەریلا گیانیان لەدەستدا.[2]
- بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری هونەری شارەزوور بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە شاعیر و شیعر دۆستان لە ئێوارەیەکی پایز و ئاوێتە بە شیعر لەژێرناوی (پایز ئاوێتەی ئەوینمە) بۆ (باست حەمە غەریب) ڕێکخست.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای داگیرکەری تورک گوندەکانی بەنێ و ئەقیب-ی سەربە ناوچەی شێراوای عەفرینی تۆپباران کرد.[5]
دەرەوەی کوردستان
- لە ئەستەنبوڵ، ئەردۆغان لە مەراسیمی خستنەگەڕی کەشتییەکی سەربازی درووستکراوی وڵاتەکەی، هۆشداری دایە ئە و وڵاتانەی دەیانەوێت سزای تورکیا بدەن و گوتی: ئەوان ئەژدیها خەوتووەکە بە ئاگا دەهێننەوە. هەروەها گوتی: ئێمە فڕۆکەی جەنگی و تانک و مانگی دەستکرد درووست دەکەین و لە پرۆژەی درووستکردنی ئێف 35یش بەشدارین.[2]
- سەرۆک کۆماری تورکیا دووپاتیی دەکاتەوە ئەوان لەگەڵ یەکپارچەیی خاکی سووریان و هەوڵەکانیشیان بۆ پاراستنی سنوور و گەڕاندنەوەی پەنابەرانە. ڕەجەب تەیب ئەردۆغان گووتیشی: ئەوان لەگەڵ هاوپەیمانان زۆر ئارامییان گرتووە و بەڵام چیتر درێژە بە ئارامگرتن نادەن و شەوێک لە ناکاو پلانەکان لە باکووری سووریا جێبەجێ دەکەن. بەهۆی ئەم لێدوانەوە لیرەی تورکی بە ڕێژەی 1.25%ی بەهاکەی لەدەستدا و لەماوەی زیاتر لە مانگێکدا نزمترین ئاستی تۆمارکرد.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| شار و شارۆچکەکان: | دهۆک |
| شار و شارۆچکەکان: | سەیدسادق (شارەزوور) |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سەردەشت |
| شار و شارۆچکەکان: | کفری |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |
| شار و شارۆچکەکان: | شنۆ |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |

Quick Respons Code:

🗄️سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-10-01
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-10-01
[3] 📡ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-10-01
[4] ⚫دیارینەکراو | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] 📡ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-10-01
[6] 📡ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-10-01
[7] 📡ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-10-01

کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02 7:46:59 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 273

**2019-10-02**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190908212955370382




باکووری کوردستان
- پارێزگاری تورکی شرنەخ لە 1ی تشرینی یەکەم / 9ی ڕەزبەرەوە تا 15 ڕۆژ، هەموو کۆبوونەوە، ڕێپێوان و چالاکی و کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی لە ناوەندی شارەکە و ناوچەکانی قەدەغە کرد.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- نۆهەمین پێشانگای نێودەوڵەتی کتێبی کوردستان لە پارێزگای سنە کرایەوە. لە نۆهەمین پێشانگای نێودەوڵەتی کوردستان لە سنە 90 دەزگای چاپ و پەخشی ناوخۆیی ئێران بەشدارییان تێداکردووە و لە هەرێمی کوردستانیشەوە 13 دەزگای چاپ و پەخش بەشدارییان کردووە و پێشانگاکە ماوەی شەش ڕۆژ دەخایەنێت و 30% داشکان بۆ کتێبەکان کراوە.[3]
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ کۆڵبەرێک بە ناوی عەزیز ڕەئیسی لە بەرزاییەکانی کێلەشین سەر بە شاری شنۆ لە پارێزگای ئوروومییە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە تەقەی هێزە ئەمنییەکان کوژراوە. عەزیز ڕەئیسی، خەڵکی گوندی گردیک-ی سەر بە ناوچەی مێرگەوەری شاری ورمێ-یە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.[4]
- ڕژێمی ئێران سزای سێدارەدانی بۆ هونەرمەندی کرماشانی موحسین لوڕستانی، بەتۆمەتی بڵاوکردنەوەی فەساد دەرکرد.[7]
باشووری کوردستان
- کۆنفرانسی دەرخستنی ستراتیژیەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سەقامگیریی عێراق و ناوچەکە لە هەولێر، دەستپێکرد.[2]
- چوارەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی سلێمانی لە دووەم ڕۆژدا بەردەوام دەبێت، بڕیارە ئەمڕۆ 33 فیلمی کورت و درێژ لە 14 وڵاتی جیهانەوە نمایش بکرێن، 13 فیلمیان لە کوردستانەوەیە، پانێڵێکیش دەربارەی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا بەڕێوەدەچێت.[4]
- نیوەڕۆی ئەمڕۆ لە ماڵێکی گەڕەکی ڕاپەڕینی شارۆچکەی چەمچەماڵ دەست بەسەر ژمارەیەک چەک و تەقەمەنیدا گیرا، کە لەنێویاندا بڕێک TNT هەیە.[5]
- لە گوندی تۆپزاوە لە باشووری پارێزگای کەرکوک دوای ڕۆژێک لە بێسەروشوێنبوونی، منداڵێکی شەش ساڵ، تەرمەکەی بە سەربڕدراوی دۆزرایەوە. کەسوکاری منداڵەکەش گومانیان لە چەکدارانی داعش هەیە.[6]

- به دەسپێشخەری ڕێکخراوی ژنانی ڕۆژهەڵات (ڕووناک) سیمینارێک لەسەر هاوسەرگیری لە تەمەنی بچوکدا لە ئێران و ئەفغانستان و هەروەها توند و تیژی بەرامبەر ژنان لە باشووری کوردستان بەڕێوەچو، بە ئامادەبونی ڕێکخراوی ڕوناک، پرۆژەی ژن ژیانە مەیکوژە، حیزبی هەمبەستگی ئەفغانستان سیمینارەکە پێشکەشکرا.[1]
- سەرۆکی لقی سلێمانی یەکێتی بەڵێندەران رایدەگەیەنێت: ڕەوشی بەڵێندەران زۆر ناهەموارە و پێویستە وەزارەتی دارایی و حکومەت ڕەوشیان باش بکات، ئەگەرنا کاریگەریی لەسەر کاری بەڵێندەران دەبێت و مایەپووچ دەبن.[5]
- کاژێر 05:00ی ئێوارەی ئەمڕۆ فڕۆکەکانی تورکیا کوێستانی کونە کۆتریان لە گوندی روستێ لە سنووری شارۆچکەی چۆمان بۆردوومانکرد.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بەهەزاران کەس لە گوندی خراب ئیشکێ لە کۆبانێ کۆبوونەوە و داوایانکرد نوێنەری بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتیکی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا و مەجلیسی سووریای دیموکراتیک (مەسەدە) بەشداری کۆمیتەی نووسینەوەی دەستووری بنەڕەتی سووریا ببن.[1]
دەرەوەی کوردستان
- ڕەزا باران، ئەندامی پێشووی پەرلەمانی بەرلین کوردێکی باکووری کوردستانە و 40 ساڵی تەواوە بەبێ وەستان و ماندوبوون سەرقاڵی کارکردنە بۆ خەڵک و شاری بەرلین، وەک ڕێزێک بۆ ئەو خەباتەی ئەو پیاوە کوردە، لە لایەن پارێزگاری بەرلینەوە بە ئامادەبوونی دەیان کەس خەڵاتی ڕێزلێنانی پێبەخشرا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-10-02
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-10-02

[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەڕی یوک میدیا - 02-10-2019]
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەڕی رۆژنیوز - 02-10-2019]
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەڕی دواڕۆژ - 02-10-2019]
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەڕی رووداو - 02-10-2019]
[7] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | [تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن]

کاتی تۆمارکردن: 2019-09-08 9:29:55 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 274

**2019-10-03**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190908212955370383



باشووری کوردستان
- بەبۆنەی ساڵرۆژی کۆچی دوایی مام جەلال، ئۆرگانەکانی یەکێتی یادی مام جەلال دەکەنەوە.[1]
- پرۆفیسۆر و کەسایەتی ناوداری کورد دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد.[1]
- ئەمرۆ لە سەنتەری رۆشنبیری کەرکوک لە چلانەی ماتەمینی کۆچکردنی مامۆستای مەقام و هونەرمەندی گەورەی گەلی کورد مامۆستا میقداد محەمەد عومەر لە مەراسیمێکی تایبەت یادی ئەو هونەرمەندە بەرز راگیرا. لە یادکردنەوەوکە رۆشنبیران و هونەردۆستان و کەسایەتیەکانی شاری کەرکوک و لایەنە سیاسیەکان بەشداریان لە مەراسیمەکەدا کرد.[4]
- ئەمرۆ کاتژمێر 12:30، فرۆکەکانی دەوڵەتی تورک چیای کورەژاریان لە سنووری شارەدێی شیلادزێ-ی سەربە پارێزگای دهۆک یان بۆردوومان کرد.[5]
- وەزیری هەرێم بۆ کاروباری بەغدا، رایدەگەیەنێت، کەرکوک و ناوچە دابڕێندراوەکان رووبەرووی تەعریب بونەتەوە، بۆیە دەبێت کورد بە بەرنامە مامەڵەی لەگەڵدا بکات، بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری واقیعی ئێستای کەرکوک نەسەپێندرێت.[5]
رۆژئاوای کوردستان
- ئیلهام ئەحمەد، هاوسەرۆکی دەستەی جێبەجێکاری ئەنجوومەنی سووریای دیموکرات بە کوردستان24ی راگەیاند، هێزەکانیان لە شەری داعش دا 11 هەزار شەهید و زیاتر لە 20 هەزار بریندارى داوە، بەڵام نوێنەری ئەوان لە لیژنەی نووسینەوەی دەستووردا بەشداری پێنەکراوە. گوتیشی: نەبوونی نوێنەری ئەوان لە لیژنەی نووسینەوەی دەستوور دەبێتە هۆی سەرنەکەوتنی هەوڵەکانی نووسینەوەی دەستوورێکی نوێ لە سووریا و سەرهەڵدانەوەی شەڕ لە وڵاتدا.[2]
دەرەوەی کوردستان
- بەهۆی خۆپیشاندانەکان و پشێوییەکانی بەغداوە رەوشی ئێراق زۆر خراپە و عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیری عێراق لە کاتژمێر 5ی سەرلەبەیانی ئەمرۆوە قەدەغەی هاتووچۆی راگەیاند و هەروەها خزمەتگوزاریی ئنتەرنێتیش لە ئێراقی عەرەبی راگیرا.[1]
- دکتۆر پێشەوا تاڵەبانی پێشمەرگەی دێرین و تێکۆشەر و رووناکبیری ناو ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە لە تەمەنی 60 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 03-10-2019
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 03-10-2019
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 03-10-2019
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 03-10-2019

کاتی تۆمارکردن: 2019-09-08 9:29:55 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 275

**2019-10-04**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190908212955370384



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی پەیمان، خەڵکی گوندی دەرمانئاوێی شاری سەردەشت، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت بریندار کرا. ئەو کۆڵبەرە کوردە، لە شوێنێک بە ناوی پەلەکان کراوەتە ئامانجی هێزە نیزامییەکان و لە لایەن دانیشتووانی گوندی بێتووش، ڕەوانەی نەخۆشخانەی شاری سەردەشت کراوە. بارودۆخی تەندروستیی ئەو کۆڵبەرە کوردە، بەهۆی قورسیی برینەکانیەوە، نالەبار ڕاگەیەندراوە.[5]
باشووری کوردستان
- شەوی ڕابوردوو لە گوندی پیرڕەشی سنوری پارێزگای هەولێر، خێزانێکی پێنج کەسیی بە ڕەگەز سوری کە باوک و دایک و سێ منداڵبوون (دوو کوڕ و کچێک) کوژران.[3]
- شەوی ڕابردوو، لە سنووری شارۆچکەی خانەقینی سەر بە پارێزگای دیالە، شەڕ و پێکدادان لەنێوان چەتەکانی داعش و هێزەکانی لیوای 8ی پاسەوانی سنوور ڕوویدا، دوای ئەوەی چەتەکان هێرشیان کرد. لەو شەڕەدا ڕزگار عەبدوڵڵا، پۆلیسی پاسەوانی سنوور و پێشمەرگەی دێرین گوڵە بەر سەری کەوت و شەهیدبوو.[4]
دەرەوەی کوردستان
- خۆپیشاندان لە بەشێک لە شارەکانی عێراق بەردەوامە و ژمارەی کوژراوانی خۆپیشاندەران گەیشتووەتە زۆرتر لە 30 کەس و زیاتر لە هەزار برینداریش هەیە. ڕەوشی ئێراق عەرەبی تێکچووە و ئەمریکا و وڵاتانی تر هاووڵاتیانی خۆیانیان ئاگادار کردووەتەوە کە سەردانی ئێراق نەکەن.[1]
- وەزارەتی بەرگری تورکیا لە ڕاگەیەندراوێکدا ڕایدەگەیەنێت، خولوسی ئاکار وەزیری بەرگری تورکیا

لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا، لەگەڵ مارک ئێسپەر وەزیری بەرگری ئەمەریکا ڕەوشی سووریایان تاوتوێ کردووە. هەر لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا، وەزیری بەرگری تورکیا نیگەرانی ئەنقەرەی لەبارەی دواخستنی هەنگاوەکانی دروستکردنی ناوچەی ئارام بە وەزیری بەرگری ئەمەریکا گەیاندووە و هەڕەشەی کشانەوەشی لە ڕێککەوتنی ناوچەی ئارام کردووە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: سەردەشت

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: خانەقین

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-10-04

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-10-04

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-10-04

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-10-05

کاتی تۆمارکردن: 2019-09-08 9:29:55 PM


ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 276

**2019-10-05**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190908212955370385



باکووری کوردستان

- وەزارەتی ناوخۆی تورکیا ڕایگەیاند فەرماندەیی سەربازیی دێرسم و دەزگای هەواڵگری تورکیا لە شارۆچکەی پلەموریێ دژی گەریلاکانی پەکەکە ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەشیان ئەنجامداوە و لە ئەنجامدا دوو گەریلا گیانیان لەدەستداوە. لەلایەکی دیکەوە وەزارەتی بەرگری تورکیا بڵاوی کردووەتەوە، بنکەکانی پەکەکە لە زاپ و ئاڤاشین و گارە بۆردومان کراون و لە ئەنجامدا 17 گەریلای پەکەکە گیانیان لەدەستداوە، بەڵام لەوبارەوە پەکەکە هیچ لێدوانێکی نەداوە.[1]

باشووری کوردستان

- وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەنگۆی کردنە پشووی ڕۆژی شەممانی بۆ وەزارەتی پەروەردە ڕەتکردەوە.[2]

- ئەمڕۆ جوڵانەوەی نەوەی نوێ لە بارەگای سەرۆکیی جوڵانەوەکە لە شاری سلێمانی یەکەمین کۆنگرەی گشتیی بەست و تیایدا شاسوار عەبدولواحید، بە سەرۆکی جوڵانەوەکە هەڵبژێردرایەوە.[3]

- ئۆركسترای سەمفۆنیای سلێمانی بە هاوبەشی زانكۆی سلێمانی، لە هۆڵی كۆنگرێسی زانكۆی سلێمانی كۆنسێرتێكی ئاوازەی میوزیكی پێشكەش بە ئامادەبوانی كرد.[2][3]
رۆژئاوای كوردستان
- ئەنجوومەنی سووریای دیموكرات (مەسەدە) لە نامەیەكدا كە ئاراستەی ئەنتۆنیۆ گۆتێرێس، سكرتێری گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان و گێر پێدەرسن، نێردەی تایبەتی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ كاروباری سووریای كردووە و ئاماژە بەوە دەكات، راگەیاندنی كۆمیتەی دەستووری سووریا و دوورخستنەوەی نوێنەرانی بەڕێوەبەرایەتی خۆسەر، وەک سوپرایزێک دەبینن و ئەو هەنگاوە خزمەت بە چارەسەركردنی دۆخی سووریا ناكات.[1]
- هێزەكانی سووریای دیموكراتی (هەسەدە) رایگەیاند: دوودڵ نابن لە بەرگریكردن لە خۆیان و هەر هێرشێكی توركیا بۆ سەر ناوچەكانیان دەگۆڕن بۆ جەنگێكی گشتگیر لە سنوورەكانی سووریا و توركیا.[1]
دەرەوەی كوردستان
- خەزال سیدۆ، ژنە چالاكڤانی كورد بە ئاڵای كوردستانەوە بەرەو گۆڕستانی شاری بۆن بەڕێكرا و لەوێ بە ئامادەبوونی سەدان كەس كە لە شارە جیاوازەكانی ئەوروپاوە بۆ بەشداریكردن لە رێوڕەسمی بەخاكسپاردنی ئامادەبوون، بەخاكسپێردرا.[4]
- رەجەب تەیب ئەردۆغان لە كۆبوونەوەیەكی راوێژیی پارتی داد و گەشەپێداندا لە ئەنقەرە رایگەیاند: ئامادەكاری تەواومان كردووە و پلانی سەربازیمان داناوە لە رۆژهەڵاتی فورات و رێنمایی پێویستمان لەوبارەیەوە دەركردووە. ئەردۆغان راشیگەیاند: دەستپێكردنی ئۆپەراسیۆنەكە زۆر نزیكە و لەوانەیە ئەمڕۆ یان بەیانی دەستپێبكات بە هەردوو رێگەی وشكانی و ئاسمانی. ئەردۆغان لە درێژەی قسەكانیدا وتی: بەهەموو ئە وكەسانەی بەڕووماندا پێدەكەنن و دەستی دەستیمان پێدەكەن بە گفتوگۆی دیپلۆماسی لەپێناو دوورخستنەوەی وڵاتەكەمان لە و رێكخراوە تیرۆریستییانە دەڵێین قسەكردن كۆتایی هات.[5]
- بەگوێرەی ئامارێكی نوێی كۆمسیۆنی مافەكانی مرۆڤ لە عێراق، ژمارەی كوژراوان گەیشتووەتە 100 كەس و زیاتر لە 4000 كەسی دیكەش لە خۆپیشاندەر و هێزە ئەمنییەكان برینداربوونە.[1]

تایبەتمەندییەكانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەكینەكانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| پارت / لایەن: | پارتی كرێكارانی كوردستان - پەكەكە |
| پارت / لایەن: | جووڵانەوەی نەوەی نوێ |
| شار و شارۆچكەكان: | ◯ سلێمانی |
| شار و شارۆچكەكان: | ◯ دێرسیم |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەكان

[1] مالپەر | كوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری كوردستان 24 - 05-10-2019
[2] مالپەر | كوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 05-10-2019
[3] مالپەر | كوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 05-10-2019
[4] مالپەر | كوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 05-10-2019

[5] 🏰مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | مالپەری دوارۆژ - 2019-10-06

کاتی تۆمارکردن: PM 9:29:55 2019-09-08

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 277

**2019-10-06**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190908212955370386


Office of the Press Secretary

FOR IMMEDIATE RELEASE
October 6, 2019

Statement from the Press Secretary

Today, President Donald J. Trump spoke with President Recep Tayyip Erdogan of Turkey by telephone. Turkey will soon be moving forward with its long-planned operation into Northern Syria. The United States Armed Forces will not support or be involved in the operation, and United States forces, having defeated the ISIS territorial "Caliphate," will no longer be in the immediate area.

The United States Government has pressed France, Germany, and other European nations, from which many captured ISIS fighters came, to take them back, but they did not want them and refused. The United States will not hold them for what could be many years and great cost to the United States taxpayer. Turkey will now be responsible for all ISIS fighters in the area captured over the past two years in the wake of the defeat of the territorial "Caliphate" by the United States.

###

باشووری کوردستان
- هاتووچۆی دەربەندیخان رایدەگەیەنێت: بەهۆی قیرتاوکردنی ڕێگای نێوان دەربەندیخان بۆ سلێمانی، ماوەی 12 رۆژ ڕێگای سەرەکی نێوان گەرمیان بۆ سلێمانی دادەخرێت و بۆ ئە و مەبەستەش ڕێگای لاوەکی بۆ هاتووچۆ بۆ ئەو ناوچانە دیاریکراوە.[3]
- پارێزگاری هەولێر ئاشکرای کرد: کە لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا سەرۆکی هەرێم پێی راگەیاندوە ئامادەیە واژۆی بڕیاری لەسێدارەدان بکات بۆ ئە و کەسەی چەند رۆژێک لەمەوبەر لە شاری هەولێر تەواوی ئەندامانی خێزانێکی پەنابەری خۆرئاوای کوردستانی بەشێوەیەکی دڕندانە کوشت.[3]
- بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی راپەڕین رایگەیاند، پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ تەرمی ژنێکی 17 ساڵ لە ماڵی خۆیدا لە گوندی سەروچاوەی شارەدێی بێتواتە دۆزراوەتەوە.[2]
- بەمەبەستی بە نێودەوڵەتیکردنی زانکۆکانی کوردستان، دووەمین کۆنفرانسی تایگەرس لە سلێمانی بەڕێوەچوو، نوێنەرانی پێنج زانکۆی جیهانیش پاڵپشتی خۆیان بۆ هاوکاریکردنیان دەبڕی و بە گرنگی دەزانن، زانکۆکانی هەرێمی کوردستان پەیوەندییان لەگەڵ زانکۆ پێشکەوتووەکانی وڵاتان هەبێت.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- دوای هەڕەشەکانی تورکیا بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی، هەسەدە هێزەکانی دەخاتە حاڵەتی ئامادەباشییەوە.[1]
- رێکخراوی مافەکانی مرۆڤ لە عەفرین بڵاویان کردەوە، گروپێکی چەکدار بە ناوی پۆلیسی سەربازی و هێزەکانی سووپای تورکیا، بە زرێپۆش و ئۆتۆمبێلی سەربازی گوندی کورزێلێی سەر بە شاری عەفرینی رۆژئاوای کوردستانیان گەمار دا و دەستیان بە رفاندنی هاووڵاتیانی گوندەکە کرد. رێکخراوی مافەکانی مرۆڤ ئاشکراشی دەکات، ئە و چەکدارانە 22 هاووڵاتی کوردیان لە گوندەکە رفاندووە و تاوەکو ئێستاش چارەنووسیان نادیارە.[2]
- بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی هاوار نیوز، ئەمڕۆ چەتەکانی سەر بە بەرەی الشام دەستیان بەهەڵکەندنی گرد و شوێنەواری مێژوویی ناوچەی تل بیرا لە عەفرین کردووە. بە گوێرەی هەواڵەکە چەتەکان نەیان هێشتووە دانیشتوانی گوندەکانی ناوچەکە نزیکی شوێنی هەڵکەندنەکە ببنەوە، هەروەها لە هەڵکەندنی گردەکەدا ئامێری گەورە بەکارهێنراوە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- شۆن رۆبێرتسۆن، گوتەبێژی وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا (پێنتاگۆن) لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند، واشنتن گرنگی بە سەرکەوتنی رێککەوتنی ناوچەی ئارام لە باکووری رۆژهەڵاتی سووریا دەدات و ئەو رێککەوتنەش باشترین رێگەیە بۆ پاراستنی ئارامی ناوچەکە. گوتەبێژی پێنتاگۆن گوتیشی هەر ئۆپەراسیۆنێک بەبێ هەماهەنگی ئەوان لە رۆژهەڵاتی فورات جێگەی نیگەرانی ئەوانە و دەشبێتە هەڕەشە لەسەر بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان و نائارامی بە دوادا دێت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ دەربەندیخان

🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ رانیە (راپەڕین - پشدەر)
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🕊 ئەفرین
Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان
[1] ⬤دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 🗞ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-10-06
[3] 🗞ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-10-06
[4] 🗞ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-10-06

کاتی تۆمارکردن: 2019-09-08 9:29:55 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 278
**2019-10-07**
https://www.kurdipedia.org/?q=20190908212955370387



باکووری کوردستان
- داگیرکەری تورک سزای زیندانی ساڵێک و سێ مانگی بەسەر سەڵاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپەدا سەپاند.[2]
لە ئۆپەراسیۆنێکی قڕکردنی سیاسیدا لە دێرسم، جەلال ئایدین، بەڕێوەبەری پێشووی دەبەپە، موراد پۆلاد هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە، بالابان تورگوت و جەمال گونگۆرموش-ی بەڕێوەبەرانی هەدەپە، محەمەد عەلی یازر-ی ئەندامی ئەنجومەنی گشتی، مستەفا ئاتاچ-ی بەڕێوەبەری فیدراسیۆنی ئەنجومەنە سۆسیالیستەکان (سەمەفە - SMF) ئۆزجان ئاتەش، فەریدە کت و بێریڤان کت گۆنگرومۆش دەستبەسەر کران. بەپێی زانیارییەکان بێریڤان کت گونگۆرموش بە کۆرپەیەکی سێ مانگیی سکپڕە. دەوترێت ئۆپەراسیۆنی دێرسم بەردەوامە و لەوانەیە ژمارەی دەستبەسەرکراوەکان بەرز ببێتەوە.[2]
باشووری کوردستان
- بە چاودێری حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ماوەی سێ رۆژ 12مین کۆنگرەی هەنگەوانانی عەرەب لە پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بەڕێوەدەچێت، تیادا جێگە لە هەنگاوانانی کوردستان، هەنگەوانانی 20 وڵات لە کیشوەرەکانی ئاسیا و ئەوروپا ئەفریقیا ئامادەی کۆنگرەکە دەبن و بەرهەمەکانی خۆشیان نمایش دەکەن.[1]
- رێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان هەشتەمین پێشانگەی ساڵانەی هونەری شێوەکاری و ئیشی دەست بۆ بەرهەمی منداڵانی سودمەندی پرۆژە پەروەردەییە درێژخایەنەکانی کردەوە و بڕیارە تا سەعات 5ی ئێوارە و بۆ ماوەی دوو رۆژ بەردەوام بێت. پێشانگەکە لە هۆڵی نیشتمانی ئەمنە سوورەکە بەڕێوەدەچێت و داهاتەکەشی بۆ (پاراستن و تەندروستی و پەروەردە) یە بۆ هەموو منداڵێک.[4]
- سێرگی لاڤرۆڤ، وەزیری دەرەوەی رووسیا دوای سەردانی بۆ بەغدا گەیشتە هەرێمی کوردستان

و له فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر لەلایەن مەسرووور بارزانی پێشوازی لێکرا. له چوارچێوەی سەردانەکەی بۆ هەولێر، سێرگی لاڤرۆڤ به جیا لەگەڵ مەسعود بارزانی، نێچیرڤان بارزانی و مەسرور بارزانی کۆبووەوە.[7]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، فڕۆکەکانی تورکیا بۆ یەکەمجار گوندی پێشابووریان له سنووری شارۆچکەی رزگاری سەر به شارۆچکەی زاخۆی بۆردوومانکرد، بەڕێوەبەری شارۆچکەی رزگاری دەڵێت: ترس و دڵەڕاوکێی بۆ خەڵکی ناوچەکە دروستکردووە.[6]
- خەڵاتەکانی چوارەمین ڤیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی سلێمانی دابەشکرا.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئەمڕۆ سەرلەبەیانی، هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی له خاڵەکانی له سەر سنوری شاروچکەی سەرێکانی کانتۆنی حەسەکە و گرێ سپی هەرێمی فورات دەستیان به کشانەوە کردووە.[2]
- له ڕۆژبەی شارەکانی فیدراسیۆنی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا دەیان هەزار هاووڵاتی له هەمبەر هەڕەشەکانی دەوڵەتی تورک ڕژانە سەرشەقامەکان.[2]
- هێزەکانی سوریای دیموکراتیک (قەسەدە - QSD) له تویتێکدا ئاماژەی بەوەدا، یەکەمین ئەنجامی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، پێشێلکردنی رێککەوتنی میکانیزمی ئاسایش بوو و هێزەکانی ڕژێم به پشتگیری رووسیا بەرەو منبج پێشڕەوی دەکەن.[2]
- میدیاکانی تورکیا ئاشکرایانکرد: تەقینەوەیەک له شارۆچکەی عەزاز له ڕۆژئاوای کوردستان روویداوە که له ژێر دەسەڵاتی ئەو چەکدارانەدایە که تورکیا پشتیوانی دەکات و بەهۆیەوە کەسێک گیانی لەدەستداوە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- کۆشکی سپی ڕایگەیاند، تورکیا 'له ماوەیەکی نزیکدا' ئۆپەراسیۆن ئەنجام دەدات و ئەوانیش له سنور کشاونەتەوە و له ئێستا به دواوە، تورکیا بەرپرسی ئەو داعشانەیە که زیندانیکراون.[2]
- برێت مەکگۆرک لەبارەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا له ڕۆژئاوای کوردستان ڕایدەگەیەنێت ترا مپ دوای پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ سەرکردەیەکی بیانی، خەڵاتێکی پێشکەش به روسیا و ئێران و داعش کرد.[3]
- ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا رایگەیاند، سوورن لەسەر هێرشکردنە سەر رۆژهەڵاتی فورات له سووریا و هێزەکانی ئەمەریکا دەستیان به کشانەوە کردووە.[1]
- کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان له بەرامبەر هەڕەشەکانی تورکیا له سەر باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا داوادەکات دەبێت هەر کوردێک له کوردستان یان له هەر شوێنێکی جیهان بێت، به گیانی پێکەوەیی، به چالاکی و هەر کارێک که بتوانن له دژی دەوڵەتی تورک بوەستنەوە، بەرگری بکەن و پارێزگاری له ڕۆژئاوای کوردستان بکەن، ئەمڕۆ ڕۆژ ڕۆژی بەرخۆدانە کەنەکە داواش له نەتەوە یەکگرتووەکان و هەموو مرۆڤایەتیش دەکات باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا به تەنیا جێنەهێڵن.[5]
- سەرۆکی ئەمریکا له یەکەم هەڵوێستی سەبارەت به ڕووداوەکانی رۆژئاوای کوردستان و کشانەوەی وڵاتەکەی له سووریا رایگەیاند: ئێمە لەو شەڕە بێمانا و بێ کۆتاییە دێینە دەرەوە. کوردیش بەبێ بەرامبەر شەڕی نەکردووە، دنیایەک پارە و چەکمان پێداون.[6]
- نەتەوە یەکگرتووەکان داوا دەکات له ئەگەری هێرشی تورکیا بۆ باکوری رۆژهەڵاتی سوریا، پێویستە هاووڵاتییانی مەدەنی له ناوچەکە پارێزراوبن.[4]
- یەکێتی ئەوروپا دژایەتی خۆی لەبەرامبەر هەر هێرشێکی تورکیا بۆ سەر باکوری سوریا دەربڕی رایگەیاند: ئەم جەنگە دەبێتە هۆی لەباربردنی تێکڕای هەوڵە دیبلۆماتیەکان که بۆ چارەسەری پرسی سوریا نراون.[4]
- دۆناڵد ترەمپ له تویتێکدا دەنووسێت، هەروەک چۆن پێشتریش گوتوومە و ئێستاش دووپاتیدەکەمەوە، ئەگەر تورکیا کارێک بکات که من به ژیریی بێپایانی خۆم پێموابێت سنووری بەزاندووە، ئەوکاتە ئابوورییەکەی به تەواوی وێراندەکەم و لەناویدەبەم.[6]
- سەرۆکی دادی ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا ڕایگەیاند ئەگەر هێزی ئەمریکا پشت له کورد بکات شکۆی ئەمریکا لەکەداردەبێت.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان - کەنەکە
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە
شار و شارۆچکەکان: زاخۆ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: منبج
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-10-06
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئیف نیوز - 2019-10-07
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-10-07
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-10-07
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-10-07
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-10-07
[7] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2019-09-08 9:29:55 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 279

**2019-10-08**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190908212955370388



رۆژهەڵاتی کوردستان
- ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە سنووری شاری سەردەشت کرانە ئامانجی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی ئازاد قوربانی نژاد خەڵکی گوندی میرشێخ حەیدەر گیانی لە دەستدا و کۆڵبەرێکی دیکە بە ناوی موحسین بەکر عەزیز خەڵکی گوندی دۆلەگەرم بە سەختی پێکرا.[6]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی یووسف دۆڵە، خەڵکی شاری پیرانشار، بە تەقەی هێزە نیزامییەکان بەسەختی بریندار کرا.[6]
باشووری کوردستان
- لەکاتی کارکردن لە پرۆژەیەی خزمەتگوزاری لە یەکێک لە گەڕەکەکانی شاری هەڵەبجە، ئێسک و پروسکی تەرمێکی نەناسراو دۆزرایەوە کە مێژووەکەی بۆ نزیکەی 40 ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە.[1]
- مەسعود بارزانی لە تویتێکدا بە زمانی ئینگلیزی لەبارەی ئەو دۆخەی لە رۆژئاوای کوردستان دروستووە نیگەرانی خۆی دەردەبڕێت و رایدەگەیێنێت: ئەو پەڕی هەوڵدەدەین تاوەکو دڵنیابین لەوەی کە خەڵکی رۆژئاوا نابنە قوربانی هیچ کارەساتێکی دیکە.[3]
رۆژئاوای کوردستان
- درەنگانی شەوی رابردوو، ئاژانسی سانای فەرمی سوریا بڵاویکردووەتەوە کە سوپای تورکیا پێگەیەکی هەسەدەی لە ناوچەی تەل تەویل لە سنوری حەسەکە بۆردومان کردووە بەبێ ئەوەی ئاماژە بە زیانەکانی ئە و بۆردومانە بدات.[1]
- سەرەڕای بڕیاری سەرۆکی ئەمەریکا بۆ کشانەوەی هێزەکانی وڵاتەکەی لە سووریا، شەوی رابردوو هاوپەیمانان کاروانێکی دیکەی هاوکاری سەربازیان بۆ هەسەدە رەوانە کرد.[2]
- لە شاری قامیشلۆ، سەدان کەمئەندام و بریندار لە یاریگەی 12ی ئازار گردبوونەوە. برینداره‌کانی شەڕ هەڕەشە داگیرکارییەکانیان لە خاکەکەیان شەرمەزار کرد، کە بە جەستەی خۆیان ئەو خاکەیان لە دەست چەتەکانی داعش رزگار کرد.[4]
- هاووڵاتیان لە قامیشلۆ، سەرێکانی، گرێ سپی هاوسنووری تورکیا گردبوونەتەوە و نارەزایەتی دەردەبڕن دژی هەڵکردنی گڵۆپی سەوزی ئەمەریکی بۆ سوپای تورکیا تا هێرش بکاتە سەر رۆژئاوای کوردستان و دەسەڵاتی خۆبەڕێوبەری کوردی لە ناوچەکە کۆتایی پێ بهێنێت.[2]
- لە تویتێکدا کە لە هەژماری تایبەتی ناوەندی هەماهەنگی و سەربازی هێزەکانی سووریای دیموکرات لە تۆڕی تویتەر بڵاوکراوەتەوە، ئاشکرای دەکات، کە هێزەکانی تورکیا خاڵێکی سەربازییان لە ناوچەیەکی سنووری لە سەرێ کانیێ بۆردومان کردووە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی بەرگری تورکیا، رایگەیاند، هەموو ئامادەکارییەک بۆ هێرشکردنە سەر ناوچەکانی باکووری خۆرهەڵاتی سووریا تەواو بووە و سوپا هێز و پێداویستی زیاتری رەوانەی سنوور کردووە. وەزارەتی بەرگری تورکیا لە بەیاننامەیەکدا راشیگەیاند، سوپای تورکیا بە هیچ شێوەیەک رێگە بە درووستبوونی رێڕەوێکی تیرۆریستی لەسەر سنوورەکانی نادات.[2]
- رۆژنامەکانی ئیسرائیل بڵاویانکردەوە، ئیسرائیل تاساوە بە دەرچوونی بڕیارە بە پەلەکەی ئەمەریکا بۆ کشانەوەی لە سووریا و رێگەدانی بە رەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆکی تورکیا بۆ ئەوەی لەشکرکێشی بکاتە سەر باکووری سووریا. ئە و بڕیارە بەرپرسە ئەمنی و سەربازییەکانی ئیسرائیلی تووشی تاسان و سەرسوڕمان کردووە.[2]
- فوئاد ئوکتای، جێگری سەرۆک کۆماری تورکیا لە یەکەم کاردانەوەی فەرمی ئەنقەرە دژی گوتەکانی دۆناڵد ترەمپ رایگەیاند، وڵاتەکەی بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی گوێ بە هەڕەشەکان نادات و تورکیاش ئەو وڵاتە نییە دوای هەڕەشەکان هەڵوێستی خۆی بگۆڕێت.[2]
- ئەڵمانیا هۆشداری دەداتە هەر کردەوەیەکی سەربازی تورکیا بەرامبەر بە هێزە کوردیەکان.[5]
- ئەمرۆ لە ئەمەریکا خۆپێشاندانێکی نارەزایەتی بەرامبەر لەشکرکێشیەکەی تورکیا بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان لە بەردەم کۆشکی سپی سازکرا.[2]

- مستەفا شەنتوب، سەرۆکی پەرلەمانی تورکیا رایگەیاند، ئەنقەرە هیچ بەهایەک بۆ هەڕشەکانی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆک ئەمەریکا لەبارەی داڕووخاندنی ئابووری تورکیا دانانێت.[2]
- گوتەبێژی پێنتاگۆن، جوناثان هوفمان، رایگەیاند، پێمان وایە درووستکردنی ناوچەی ئارام لە باکووری سووریا باشترین رێگەی بەدیهێنانی سەقامگیرییە. گوتیشی: بەداخەوە تورکیا رێگەی کارکردنی تاکلایەنەی گرتووەتەبەر. هەروەها گوتی: ئێمە لە ئەنجامی ئە و هەڵوێستەی تورکیا بڕیارمان داوە هێزەکانمان لە ئاراستەی لەشکرکێشی چاوەڕوانکراوی تورکیا دوور بخەینەوە. بۆ ئەوەی ئاسایشی سەربازەکانمان بپارێزین. دووپاتیشیکردەوە، تا ئێستا هیچ گۆڕانکارییەک بەسەر هێزەکانمان لە باکووری سووریا نەهاتووە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ حەسەکە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ هەڵەبجە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ قامیشلۆ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەردەشت
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ پیرانشار - خانە

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-10-08
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-10-08
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-10-08
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-10-08
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-10-08


کاتی تۆمارکردن: 2019-09-08 9:29:55 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 280

**2019-10-09**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190908212955370389



باشووری کوردستان
- مەسعود بارزانی لە تویتێکدا بە ترەمپ دەڵێت: بەڕێز سەرۆک دۆناڵد ترەمپ، بۆ ئاگاداریی جەنابت: گەلی کوردستان هەمیشە داوای مافە ڕەواکانی خۆی کردووە و بەرگریی لە خۆی کردووە. پێشمەرگە ئەفسانەی داعشی تێکشکاند و کورد بەشێکی کاریگەر بوون لە هاوپەیمانیی دژی تیرۆر. خوێنی کورد زۆر لە چەک و پارە، بەهادارترە.[3]
- مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە فەرمی مەرسومی دەستبەکاربوونی بۆ (ئایدن مەعروف) وەزیری هەرێم دەرکرد و لەمەرسومەکەدا ناوی وەک (وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان) دیاریکردووە و لەمەودوا دەستبەکارەکانی دەکات. هەربەپێی مەرسومەکە کارەکانی وەزیری ناوبراو تایبەت دەبێت بە بەدواداچوون و ئاگاداربوون لەکێشە و پرسەکانی تایبەت بە پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هێزەکانی سوریای دیموکراتیک (قەسەدە - QSD) لەبارەی جمووجۆڵەکانی سەربازی دەوڵەتی تورک کە هەڕەشە لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا دەکات ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە. قەسەدە لە ڕاگەیەندراوەکەدا باسی ئەوەی کرد، جمووجۆڵی سوپای تورک و زانیاریەکان کە لە هەرێمەکە دەگەنە دەستمان نیشانی دەدات دەولەتی تورک و گروپە چەتەکانی بەنیازن هێرشێکی فراوان ئەنجام بدەن.[1]
- بەرەبەیانی ئەمرۆ، لە شارەی رەققە، چەکدارەکانی داعش لەناکاو هێرشیان کردووەتە سەر چوار خاڵی هێزەکانی سوریای دیموکرات.[2]
- لەگەڵ دەستپێکردنی جوڵەی سوپای تورکیا و گروپە چەکدارەکان، ئیدارەی خۆبەڕێوەبەرێتی ڕۆژئاوای کوردستان ئامادەباشی گشتی لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا ڕاگەیاند.[2]
- فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک گوندی مشرەفای سەرێکانی بۆردومان دەکات.[1]
- بە بڕیاری بەڕێوەبەرایەتی خۆسەر، دەروازەی سێمالکا لە نێوان باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان داخرا.[4]
- هێزەکانی سووریای دیموکرات ڕایگەیاند، لە چوارچێوەی هێرشی تورکیادا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان، 25 فڕۆکەی جەنگیی ناوچە سنوورییەکانی رۆئاوای کوردستان بۆردومان دەکەن.[4]
- هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) بەهۆی هێرشەکانی تورکیاوە ئۆپراسیۆنەکانی دژی تیرۆرستانی داعش وەستاند.[6]
دەرەوەی کوردستان
- فەخرەدین ئاڵتون بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانی سەرۆکایەتی تورکیا لە تویتێکدا ڕایگەیاند: سوپای تورکیا و لە گەڵ سوپای سوریای ئازاد بەمنزیکانە دەپەڕێتەوە سنوری تورکیا-سوریا.[2]
- ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە توویتێکدا ڕایگەیاند: سوپای تورکیا پێکەوە لەگەڵ سوپای میلی سووریا ئۆپەراسیۆنی کانی ئاشتی یان لە دژی ڕێکخراوەکانی تیرۆریستی پەکەکە/یەپەگە و داعش لە باکووری سووریا دەستپێکرد.[5]
- وەزارەتی بەرگری تورکیا، ڕایگەیاند، هێزە چەکدارەکانی بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگای هەواڵگری توانیویانە لە ناوچە سنوورییەکانی باکووری عێراق 9 چەکداری پەکەکە بکوژن. لە بەیاننامەیەکدا، وەزارەتی بەرگری تورکیا ڕاشیگەیاند، ئە و چەکدارانە لە ئاکامی بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بۆ سەر خواکوڕک و حەفتانین لە باکووری عێراق (هەرێمی کوردستان) کوژراوون.[4]
- بە پێی هەواڵی ئاژانسی هەواڵی فرانسا لە کۆشکی ئیلیزە، ماکارۆن لەگەل ئیلهام ئەحمەد دانیشتووە و ئەوەی خستووتە ڕوو کە لە ئەگەری هێرشی دەوڵەتی تورکیادا دەوڵەتی فەرانسا هەڵوێست نیشان دەدات. سەرچاوەکانی نزیک لە سەرۆک کۆماری فەرانسا وتیان، ئەوەی کە ئاشکرایە فەرانسا لەگەل قەسەدە دایە. بۆئەوەی کە یەکێک لە هاوکارە گرینگەکانی ئێمە بوون لە دژی داعش.[1]
- ڕێس ڤان هۆلین، کۆنگرێسمانی ئەمەریکی دەمی هەڕەشەی لە ئەنقەرە کرد و گوتی: دەبێت تورکیا باجی ئە و هێرشەی بداتەوە، کە بۆ سەر باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا دەستی پێکردووە.[4]

- یەکێتی ئەوروپا داوا لە ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆک کۆماری تورکیا دەکات هێرشەکانی بۆ سەر باکوری سوریا رابگرێت و لەناوچەکەش بکشێتەوە.[6]
- سەرۆکی کۆمکاری عەرەبی ئەحمەد ئەبو غەیت بێزاری و نارەزایی خۆی لەبەرامبەر خۆئامادەکردنی تورکیا بۆ هێرش و بەرپاکردنی شەڕ لەناو خاکی سوریا دەربڕیی.[6]
- وەزارەتی بەرگری تورکیا دەستپێکردنی هێرشی زەمینی بۆ سەر ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستان ڕاگەیاند.[4]
- عێراق، سعوودیە، ئیمارات، میسر و بەحرەین ئیدانەی هێرشەکەی تورکیا دەکەن بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| شار و شارۆچکەکان: | سەرێکانی |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-10-09
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-10-09
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-10-09
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-10-09
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-10-09

کاتی تۆمارکردن: 2019-09-08 9:29:55 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 281

**2019-10-10**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190908212955370390




باشووری کوردستان
- وەک هەڵوێست وەرگرتن لە دژی لەشکرکێشی و پەلاماری تورکیا بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان، 14 حیزب و لایەنی سیاسی هەرێمی کوردستان بڕیاریاندا رۆژی شەممە لە بەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر خۆپیشاندان ئەنجام بدەن.[1]
رۆژئاوای کوردستان
- هێرشی داگیرکەری تورک بۆسەر رۆژاوای کوردستان لە رۆژی دووەمدا بەردەوامە و سەرچاوەکان باس لە ئاوارەبوونی دەیان هەزار کەس دەکەن.[1]
- شەوی رابردوو سوپای تورکیا هێرشی کردەسەر خاڵە سنووریەکانی سەرێ کانی، دوای شەڕ و پێکدادان هەسەدە هێرشەکەی تێکشکاند.[1]
- راگەیاندنەکانی هەسەدە باس لە کوژرانی دەیان چەتەی داگیرکەری تورک و سووتاندنی چەندین تانک و زرێپۆشی تورک دەکەن. لەبەرامبەریشدا راگەیاندنەکانی تورک باسی کوژرانی زۆرتر لە 100 شەڕڤان و داگیرکردنی 7 گوندی رۆژاوا دەکەن.[1]
- تەقینەوەیەک لە بارەگای بەرەی شامیە-ی سەربە سوپای تورک لە عەفرین روویدا کە بووە هۆی کوژران و برینداربوونی ژمارەیەک چەتە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- ترەمپ رایگەیاند: ئێمە یەکێک لە و سێ بژاردەمان لەبەردەستە، یان ناردنی هەزاران سەرباز و بردنەوەی سەربازییانە، گورزی دارایی و سەپاندنی سزا، یان نێوەندگیریکردن لە نێوان و کورد و تورکیا بۆ گەیشتن رێککەوتن
- جگە لە قەتەر، زۆرینەی وڵاتە عەرەبییەکان لەدژی داگیرکاریی تورکن لە رۆژاوای کوردستان.[1]
- بنیامین نەتانیاهۆ، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل دەستوەردانی سەربازیی تورکیای دژی هێزە کوردییەکانی باکوری خۆرهەڵاتی سوریا مەحکوم کرد و هۆشداریی دا لە بەرامبەر ئەگەری پاکتاوی رەگەزی.[1]
- ئەردۆغان رایگەیاند: ئەگەر حکومەتەکانی ئەوروپا ئۆپراسیۆنەکەی ئێمە لە سوریا بە داگیرکاری ناوبنێن، ئەوا دەرگا بۆ پەنابەرەکان دەکەینەوە و بچنە ناو ئەورووپاوە.[1]
- بەهۆی داگیرکاریی تورک بۆ رۆژاوا، نرخی لیرەی تورکی دابەزی.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2019-09-08 9:29:55 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 282

**2019-10-11**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190908212955370391




ڕۆژی 3یەمی داگیرکاریی تورک بۆ ڕۆژاوا
- بۆردوومان و هێرش بۆسەر هەردوو ناوچەی گرێ سپی و سەرێکانی بەردەوامە.[1]
- وەزارەتی بەرگری تورکیا، رایگەیاند، سەربازێکی سوپای تورکیا، بەیانی ئەمڕۆ کوژراوە و 3 سەربازی دیکە بریندار بوون. بە گوێرەی زانیاری راگەیەندراوەکەی وەزارەتی بەرگری تورکیا، ئە و سەربازە بە فیشەکی قەناسی شەڕڤانانی کورد کوژراوە.[1]
- تەقینەوەی گەورە لە قامیشلۆ روویداو کوژراو و برینداری لێکەوتەوە.[1]
- ژمارەی ئاوارەکانی ڕۆژاوا 100 هەزاری تێپەڕاند.[1]
- هەڤرین خەلەف، ئەمینداری گشتی پارتی سوریای ئایندە لەسەر رێگای سەرەکی نێوان قامیشلۆ و رەققە لەلایەن داعشەوە کوژرا.[1]
ڕۆژهەلاتی کوردستان
- هاووڵاتییانی کورد لە شارەکانی مەریوان، سنە، بانە و پیرانشار، کۆبوونەوەی نارەزایەتییان سەبارەت بە هێرشی دەوڵەتی تورکیە بۆ سەر ڕۆژئاوا بەڕێوەبرد.[3]
باشووری کوردستان
- لە وتاری ئەمڕۆدا مامۆستایانی ئایینی لە هەرێمی کوردستان دژی هێرشی تورکیا بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان داوای هەڵوێست و هاوکاری بۆ رۆژئاوا دەکەن.[1]
- لە پەرلەمانی کوردستان ڕێورەسمی بەرێکردنی تەرمی پەرلەمانتاری خولی سێیەمی پەرلەمان ئاهەنگ عارف بەڕێوەچوو.[2]
دەرەوەی کوردستان
- نارەزاییە نێودەوڵەتییەکانی لە دژی داگیرکاری تورک بۆ ڕۆژاوا بەرزتر دەبێتەوە و هەندێک وڵات باسی گەمارۆی ئابووری و راگرتنی فرۆشتنی چەک بۆ تورک دەکات.[1]
- سکرتێری ناتۆ لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا ریگەیاند؛ تورکیا هاوپەیمانێکی بەهێزی ئێمەیە و لە رابردوودا 5 ملیار دۆلار یامەتیی تورکیامان داوە بۆ بەهێزکردنی ژێرخانە سەربازییەکەی.[1]
- 58 کۆنگرێسمانی سەربە هەردوو پارتی باڵادەستی ئەمریکا نامەیەکی نارەزایی ئاراستەی ترەمپ دەکەن سەبارەت بە هێرشی تورک بۆسەر رۆژاوا.[1]
- ڤلادمیر پوتن، سەرۆکی رووسیا، لەبارەی هێرشی تورکیا بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان رایگەیاند، رەنگە هێرشی تورکیا بۆ سەر باکوری سووریا ببێتە هۆی دووبارە سەرهەڵدانەوەی داعش. سەرۆکی رووسیا لە میانی سەردانیدا بۆ تورکمانستان لە لێدوانێکی تەلەڤزیۆنیدا رایگەیاندووە، کوردەکان کە پاسەوانی هەزاران زیندانی داعشیان دەکرد، ئێستا ناوچەکە جێدەهێڵن. ئاماژەی بەوەشدا، ئێمە دڵنیا نین لەوەی تورکیا بتوانێت کۆنترۆڵی دۆخەکە بکات. ئەمە هەڕەشەیەکی راستەقینەیە بۆ ئێمە.[1]
- مارک ئێسپەر، وەزیری بەرگری ئەمەریکا داوا لە تورکیا دەکات هێرشەکانی لە باکووری سووریا (رۆژئاوای کوردستان) رابگرێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د |
| شار و شارۆچکەکان: | قامیشلۆ |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | پیرانشار - خانە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ گرێ سپی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەرێکانی
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ⚫دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 11-10-2019
[3] مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 12-10-2019

کاتی تۆمارکردن: 08-09-2019 9:29:55 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 283

**2019-10-12**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190908212955370392




ڕۆژی 4ەمی داگیرکاریی تورک بۆ ڕۆژاوا
- مانگی سووری کورد ناوی ئەو هاوڵاتیە مەدەنیانەی ئاشکرا کرد کە لە ئەنجامی بۆردومانی سوپای تورکی داگیرکەر بۆ سەر باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا شەهید و بریندار بوون. ڕاشی گەگەیاند، لە 3 ڕۆژی ڕابردوودا 14 هاوڵاتی مەدەنی شەهید بوون و 46 هاوڵاتی مەدەنیش بریندار بوون.[1]
- مانگی سووری کوردی ڕایگەیاند، سوپای تورکیا ئەو ئامبولانسانە دەکاتە ئامانج کە ڕەوانەی سەرێ کانی دەکەن بۆ گواستنەوەی بریندارەکان.[1]
- دوای ئەوەی بڵاوکرایەوە گرووپە چەکدارەکانی سەر بە تورکیا ڕێگای نێودەوڵەتییان لە ڕۆژئاوای کوردستان کۆنترۆڵکردووە، هەسەدە دەڵێت، هێرشمانکردووەتە سەریان و ڕێگاکەمان کۆنترۆڵکردووتەوە.[1]
- وەزارەتی بەرگریی داگیرکەری تورک ڕایگەیاند: شاری سەرێکانیی داگیرکرووە، بەڵام هێزەکانی سووریای دیموکرات، هەسەدە، ئەو هەواڵەی ڕەت کردەوە..[1]
- لە بەرەبەیانی ئەمڕۆوە سوپای تورکیا چەند کاروانێکی دیکەی سەرباز و تانک و زرێپۆشەکانی ڕەوانەی ناوچە سنوورییەکان کردووە.[1]
- لە ڕاگەیەندراوێکدا، ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ ئاشکرایکرد، گروپە چەکدارە میلیشیاکانی ئۆپۆزسیۆنی سووریا، کە لە لایەن ئەنقەرەوە پشتگیری دەکرێن، 9 هاووڵاتی کوردی سڤیلیان لە ناوچەیەکی سەر بە دەڤەری گرێ سپی گوللەباران کرد.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزە ئیتلاعاتییەکان لە شاری مەریوان دەستیان بە دەسبەسەرکردنی ژمارەیەک لە هاووڵاتییانی شاری مەریوان کرد کە لە کۆبوونەوەی پشتیوانیی ڕۆژئاوادا بەشدارییان کردبوو. هەواڵنێری کوردپا ژمارەی هاووڵاتییانی دەسبەسەرکراوی 15 کەس ڕاگەیاندووە کە بەپێ بەڵگەی یاسایی لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کراون. سەرچاوەی باوەڕپێکراوی کوردپا شوناسی هەندێک لە دەسبەسەرکراوەکانی: کەماڵ کۆنەپۆشی، ئەندامی هەیئەتی بەڕێوەبەریی ئەنجومەنی سەوزی چیا، هیمەت کەریمی، دیاکۆ تابا، موبین نادری، ئومید حەق پەرەست و موبین کەریمی،

ڕاگەیاندووە.[4]
باشووری کوردستان
- پەردە لەسەر پەیکەری د. جەمال ئەحمەد ڕەشید ناسراو بە (باوکی منداڵان) لەبەردەم نەخۆشخانەی د. جەمال ئەحمەد ڕەشید لە سلێمانی لادەدرێت.[2]
- لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان، خۆپیشاندان دژی داگیرکاریی تورک بۆ ڕۆژاوا کرا.[1]
دەرەوەی کوردستان
- کوردستانییانی دەرەوە، لە زۆربەی شارە گەورەکانی ئەوروپا خۆپیشاندان دژی داگیرکەری تورک دەکەن.[1]
- سەمیح شوکری وەزیری دەرەوەی میسر هەڵویستی بەرامبەر هێرشی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر نیشاندا و وتی، ئەردۆغان بکوژە.[3]
- کۆبوونەوەی نائاسایی کۆمکاری عەرەبی سەبارەت بە داگیرکارییەکانی دەوڵەتی تورک دەستپێکرد و ئەمینداری گشتیی کۆمار ڕایدەگەیەنێت، تورکیا دەیەوێت دیمۆگرافیای ناوچەکە بگۆڕێت و داواش لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی دەکات یەک هەڵوێستبن لەبەرامبەر ئەو داگیرکارییە.[3]
- وەزارەتی دەرەوە و بەرگری فەرەنسا لە ڕاگەیێندراوێکی هاوبەشدا ڕایانگەیاند، وڵاتەکەیان فرۆشتنی چەکی بە تورکیا ڕاگرت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ◯ گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: ◯ مەریوان
شار و شارۆچکەکان: ◯ سەرێکانی
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ⬤ دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-10-12
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-10-12
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-10-12
کاتی تۆمارکردن: 2019-09-08 9:29:55 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 284
**2019-10-13**
https://www.kurdipedia.org/?q=20190908212955370393




ڕۆژی 5ەمی داگیرکاریی تورک بۆ ڕۆژاوا
- هەسەدە رایدەگەیێنێت، تەواوی گەڕەکەکانی سەرێ کانی و گرێ سپی لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانیانە.[1]
- ئەو یەکە سەربازییەی هێزەکانی ئەمریکا کە لەدوای دەستپێکردنی هێرشی داگیرکاریی تورک لە ڕۆژئاوای کوردستان لە نزیک گرێ سپی جێگیر ببوون، بەرەبەیانی ئەمڕۆ ناوچەکەیان جێهێشت و بەرەو عەین عیسا گەڕانەوە.[2]
- سوپای داگیرکەری تورک کاروانێکی ئۆتۆمبیلی خەڵکی مەدەنی کە لە جەزیرە بەرەو سەرێکانی دەچوون کردە ئامانج. ژمارەیەکی زۆر کوژران و برینداربوون. هێرشەکە لە ڕێگەی فڕۆکەوە ئەنجامدرا. ڕۆژنامەوانێکی ئۆکراییی و بەڕازیلی لە ناو کوژراوەکاندان.[4]
- هەسەدە و سووریا ڕێککەوتن لە دژی داگیرکارییەکانی تورک.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- گرووپی ژنانی گەلاریسی شاری کرماشان، لە هەمبەر هێرشی دەوڵەتی تورکیە بۆ سەر ڕۆژئاوا هەڵوێستیان گرت و سەرەڕای دوو مانگ تەمرینکردن، بانگهێشتی کاناڵیTRTی تورکیەیان ڕەت کردەوە. ئەو گرووپە پاش ڕەتکردنەوەی بانگهێشتی کاناڵی TRTی تورکیە، پشتیوانیی خۆیان لە ڕۆژئاوا دەربڕی و هێرشی دەوڵەتی تورکیەیان مەحکووم کرد.[3]
- دوو کۆڵبەری کورد بە ناوەکانی عەبدوڵڕەحمان و سادق مورادی خەڵکی گوندی قەبری حوسێن، سەر بە شاری پیرانشار، بەهۆی تەقەی هێزەکانی سپای پاسداران گیانیان لەدەست دا. ئەو دوو کۆڵبەرە کوردە، برا بوون و بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوو لە لایەن هێزەکانی سپای پاسدارانەوە، تەقەیان لێکراوە. هێزەکانی سپای پاسداران لە سنووری کۆترانی لە شاری پیرانشار، تەقەیان لەو دوو کۆڵبەرە کوردە کردووە.[3]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی دیاکۆ شەریفی، تەمەن 21 ساڵ، کوڕی بورهان، خەڵکی گوندی تشاری شاری پاوە، بە تەقەی هێزە نیزامییەکان پێکرا.[3]
دەرەوەی کوردستان
- سەرۆککۆماری قوبرسی تورکی (باکوور) پشتیوانیی لە لەشکرکێشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان ناکات و داوا دەکات لە بری جەنگ، زمانی گفتوگۆ و دیپلۆماسییەت زاڵ بێت. جێگری سەرۆککۆماری تورکیاش وەڵامی توندی دەداتەوە و دەڵێت، ئە و هەڵوێستە ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوونی قوبرسی تورکی نییە.[2]
- ڕاوێژکاری ئەڵمانیا داوای وەستانی هێرش و پەلامارەکان بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان دەکات و هۆشداری ئەوەش دەدات کە دەبێتە هۆی گەڕانەوەی داعش.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د

شار و شارۆچکەکان: ◯ پیرانشار - خانە

شار و شارۆچکەکان: ◯ پاوە (هەورامان)

شار و شارۆچکەکان: ◯ گرێ سپی

شار و شارۆچکەکان: ◯ کرماشان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] 🔗 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 🔗 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 13-10-2019
[3] 🔗 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 13-10-2019
[4] 🔗 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 13-10-2019

کاتی تۆمارکردن: 08-09-2019 9:29:55 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 285

**14-10-2019**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190908212955370394



ڕۆژی 6ەمی داگیرکاریی تورک بۆ ڕۆژاوا
- داگیرکەری تورک هێزی زۆرتر ڕەوانەی بەرەکانی شەڕ دەکات.[1]
- سوپای داگیرکەری سووریا چووەناو شاری تەبقەوە و نزیک دەبێتەوە لە سنوورەکانی باکوور و ڕۆژاوا.[1]
- سەربازانی سووپای سوریا بە دروشمی (بیلروح، بیلدەم نفدیک یا بەششار) و (ئەڵلا، سوریا، بەششار و بەس) بەرەو ڕۆژاوای کوردستان بەڕێدەکەون.[1]
- ڕوانگەی سوری بۆ مافەکانی مرۆڤ ئاشکرایکرد کە هێزە سەربازییەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش دەستیان بەکشانەوە کردووە لەسەربازگەیەکی ناوچەی خەراب عەشک لەشاری کۆبانێ لە ڕۆژئاوای کوردستان و هاوکات هێزێکی زۆری سەربازی سوپای سوریا بەرە و ئە و ناوچەیە بەڕێکەوتوون.[4]
باکووری کوردستان
- لە چیای جوودی لە ناوچەی سلۆپی سەر بە شرنەخ، شەوی ڕابردوو ئاگر لە دارستانەکان کەوتەوە. پارێزگاری تورک لە شرنەخ، دوێنێ بە بیانووی ناوچەی ئارام چیای جوودی لە خەڵکی سڤیل قەدەغە کردبوو. ڕاگەیاندرا لە دەرەنجامی بۆردومانی سەربازانی تورک ئاگر لە دارستانەکانی چیاکە بەربووە. بە هیچ شێوەیەک ناکوژێندرێتەوە، لەناوەندی شاریشەوە دووکەڵی سووتانەکە دیارە.[2]
باشووری کوردستان
- ژمارەیەکی زۆر لەخوێندکارانی زانکۆی سلێمانی لەبەردەم سەرۆکایەتی زانکۆ گردبوونەوەیەکیان بۆ پشتیوانی لە بەرخۆدانی شەرڤانان و هێزی هەسەدە و خەڵکی خۆڕاگری ڕۆژئاوای کوردستان ساز کرد و تێیدا وێڕای شەرمەزارکردنی هێرشە داگیرکارییەکەی تورکیا، خوازیاری ڕاگرتنی جەنگ بوون لە ڕۆژئاوای کوردستان.[3]
- بە هەماهەنگیی نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا، کۆنسوڵخانەی ئەمریکا لە هەولێر و زانکۆی کوردستان - هەولێر، کۆنفرانسی هەرێمی کوردستان و ئەمریکا:
هاوبەشیکردن بۆ ئاشتی و سەقامگیری بەڕێوەچوو.[5]
دەرەوەی کوردستان
- دۆناڵد ترامپ سەرۆکی ئەمریکا لە نوێترین تویتیدا کورد تۆمەتبار دەکات بەوەی بەنیازە دیلەکانی داعش لە ناوچەکانی ژێر دەستی ئازاد بکات بۆ ئەوەی گوشار لە واشنتن بکەن دەستوەردان لەدۆخەکە بکات و ڕێگر بێت لە هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر ئە و بەشەی کوردستان.[4]
- یەکێتی ئەوروپا داوای لە وڵاتانی ئەندامی یەکێتیەکە کرد کە بڕیاری بەهێز بدەن لەبارەی وەستاندنی پرۆسەی فرۆشتنی چەک بە تورکیا و داوای ڕاگرتنی هێرشی سەربازی تورکیاشی کرد بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان.[4]
- ئەمڕۆ دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا لە تویتەر بڵاویکردووەتەوە، هەرکەسێک کە دەیەوێت

یارمەتی سووریا بدات بۆ پاراستنی کوردەکان بەلای منەوە باشە، ئەگەر رووسیا بێت یان چین یان ناپلیۆن پۆناپارت بێت.[1]
- لێندسی گراهام، سیناتۆری بەناوبانگی ئەمەریکی لە دوا قسەکانیدا دووپاتیکردەوە، رەجەب تەیب ئەردوغان، سەرۆک کۆماری تورکیا گەورەترین هەڵەی لە ژیانی سیاسی خۆیدا کرد، کاتێک کردەی سەربازیی لە دژی کورد راگەیاند.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ شرناخ
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ کۆبانی
🏢 شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ⬤ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 14-10-2019
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 14-10-2019
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 14-10-2019

کاتی تۆمارکردن: 08-09-2019 9:29:55 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 286

**2019-10-15**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190908212955370395





رۆژی 7ەمی داگیرکاریی تورک بۆ رۆژاوا
- شەرڤانان دەستبەسەر هەمەرێکی سوپای تورکدا دەگرن.[1]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- بەپێی راپۆرتی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، لە چەند رۆژی رابردوودا، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی سمکۆ خەلیلی باغچە، خەڵکی شاری سەڵماس، بە تەقەی هێزەکانی سپای پاسداران، لە سنووری ئەو شارەدا، بەسەختی پێکرا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەڵماس

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [مالپەری کوردیا - 2019-10-16](https://www.kurdipedia.org/?q=20190908212955370396)
کاتی تۆمارکردن: 2019-09-08 9:29:55 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 287
**2019-10-16**
https://www.kurdipedia.org/?q=20190908212955370396




ڕۆژی 8ەمی داگیرکاریی تورک بۆ ڕۆژاوا
- دوای ئەوەی چەتەکانی داعش لە کەمپی عەین عیسا هەڵهاتن بەیارمەتی چەتەکانی سەربە دەوڵەتی تورک کەمپەکەیان سوتاند.[1]
- لە بەیاننامەیەکدا کە ئاراستەی رای گشتی کراوە، بەڕێوەبەرایەتی خۆسەر لە ڕۆژئاوای کوردستان تورکیا بە بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراو لە هێرشەکانیدا تۆمەتبار دەکات.[1]
- سوپای سووریا گەیشتە کۆبانێ.[1]
- شەڕڤانان 17 گوندی سنوری ناوچەکانی عەین عیسا و گرێ سپی-یان لە دەستی چەکدارانی هاوپەیمانی تورکیا ئازادکرد.[1]
باکووری کوردستان
- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ پۆلیسی تورک سینان چیفتیورەی سەرۆکی گشتی پارتی کۆمونیستی کوردستان (کەکەپە-KKP)یان دەستگیرکرد.[1]
باشووری کوردستان
- تۆپخانەکانی ڕژێمی ئێران تۆپبارانی ناوچە سنورییەکانی باڵەکایەتی دەکەن.[1]
- ئەمشەو لە نزیک تێرمیناڵی شارەزوور لە سلێمانی ئامانج بابانی، پیشکێشکاری کەناڵی ئێن ئارتی و هاوژینەکەی لانە محەمەد ساڵح و منداڵەکەی لەناو ئۆتومبیلەکەیاندا بە کوژراوی دۆزرانەوە.[1]
- کەمپینەکانی هاوکاری بۆ ڕۆژاوای کوردستان لە شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان بەردەوامن.[1]
- بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی رایدەگەیەنێت: ڕووداوی کوژرانی هەردوو پێشکەشکارەکە و منداڵەکەیان خۆکوژی بووە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- لە نوێترین هەڵوێستیدا لەبارەی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان، دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمەریکا گوتی، کورد فریشتە نییە و جەختیشی کردەوە، سەپاندنی سزا بەسەر تورکیادا باشترە لەوەی شەڕ لە ناوچەکەدا بەردەوام بێت.[1]
- ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا بڕیاری دۆناڵد ترەمپ بۆ کشاندنەوەی هێزەکانی وڵاتەکەی لە سووریا بە زۆرینەی ڕەها شەرمەزار کرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏢 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ چۆمان (باڵەکایەتی)
Quick Respons Code:


🗄سەرچاوەکان
[1] ⬤دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2019-09-08 9:29:55 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 288

**2019-10-17**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190908212955370397


October 17, 2019

JOINT TURKISH-US STATEMENT ON NORTHEAST SYRIA

...

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2019-09-08 9:29:55 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 289

**2019-10-18**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190908212955370398




...

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: PM 9:29:55 2019-09-08


ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 290

**2019-10-19**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190830222944686676




...

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: PM 10:29:44 2019-08-30

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 291

**2019-10-20**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190908212955370399

...

Quick Respons Code:




کاتی تۆمارکردن: 2019-09-08 9:29:55 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 292

**2019-10-21**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190908212955370400




باشووری کوردستان

- لە شارۆچکەی خەبات لە پارێزگای هەولێر کۆمەڵێک گەنجی کورد کە گەنجێکیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ناسراوە بەناوی (مەسعود مەساری) بەردبارانی هێزەکانی سوپای ئەمریکایان کرد لەکاتی گەڕانەوەیان لە ڕۆژئاوای کوردستان.[1]

ڕۆژئاوای کوردستان

- کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ڕۆژاوا. هاووڵاتیان لە قامیشلۆ بەردبارانی ئەو هێزانە دەکەن[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ قامیشلۆ

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ⬤ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2019-09-08 9:29:55 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 293

**2019-10-22**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190908212955370401




...

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2019-09-08 9:29:55 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 294

**2019-10-23**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190908212955370402




دەرەوەی کوردستان

- ئیلهام ئەحمەد، هاوسەرۆکی هەسەدە لە کۆنگرێسی ئەمریکا چەندین دیداری سازدا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2019-09-08 9:29:55 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 295

**2019-10-24**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190908212955370403




...

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: PM 9:29:55 2019-09-08

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 296

**2019-10-25**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190908212955370404




...

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: PM 9:29:55 2019-09-08

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 297

**2019-10-26**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190908212955370405

...



Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: PM 9:29:55 2019-09-08

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 298

**2019-10-27**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190908212955370406



دەرەوەی کوردستان

- کوژرانی خەلیفەی داعش، ئەبوبەکر بەغدادی لەلایەن دۆناڵد ترەمپەوە ڕاگەیەندرا.[1]

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: PM 9:29:55 2019-09-08

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 299

**2019-10-28**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190908212955370407

...




Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: PM 9:29:55 2019-09-08

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 300

**2019-10-29**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190908212955370408

...




Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: PM 9:29:55 2019-09-08

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 301

**2019-10-30**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190908212955370409



باشووری کوردستان
- لە دووریانی هێزۆپ لە رانیە هەزاران کەس لە پێشوازی تەرمی 3 شەرڤانی شەهیدی باشوری کوردستان بوون کە لە بەرخۆدانی جەنگی ڕۆژاڤای کوردستان دژ بە داگیرکاری تورکیا و تاقمە چەتەکانی شەهید ببوون.[1]
- بەبەشداری 33 هەنگەوانی شارەکانی هەرێمی کوردستان بەهاوکاری کۆمەڵەی هەنگەوانانی کوردستان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ لە پارکی ئازادی شاری سلێمانی و بۆ ماوەی سێ رۆژ فێستیڤاڵی چوارەمی هەنگوین دەستی بەکارەکانی کرد.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- چەتە بەکرێگیراوەکانی تورکیا هێرشیان کردەسەر شارەدێی ئەبو راسین لە باشوری شارۆچکەی سەرێکانی و شەڕ و پێکدادان بە سەختی بەردەوامە.[2]
- چالاکوانێکی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان رایگەیاند: چەتەکانی تورکیا پزیشکێکی بە رەگەز مێ لە تیمەکانی مانگی سوری کوردی لە شارۆچکەی سەرێکانی رفاند.[2]
- سوپای تورکیا و چەکدارە هاوپەیمانەکانی بە چەکی قورس هێرشیانکردەسەر شارەدێی تلتەمەر و مەترسی لەسەر داگیرکردنی شارەکە هەیە، شەرڤانانی هەسەدە رووبەڕوویان بوونەتەوە و بەپێی زانیارییەکانیش سوپای سوریا لە و میحوەرە پاشەکشەیانکردووە و شەڕێکی سەخت دەستپێکردووە.[2]
- داگیرکەری تورک هێزی زۆرتر رەوانەی ڕۆژاوای کوردستان کرد.[3]
دەرەوەی کوردستان
- کۆنگرێسی ئەمەریکا، پرۆژەیاسای کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکانی لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە پەسەند کرد.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ رانیە (راپەڕین - پشدەر) |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ سەرێکانی |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-10-30
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-10-30
[3] ⬤دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-11-03

کاتی تۆمارکردن: PM 9:29:55 2019-09-08
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 302

**2019-10-31**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190908212955370410



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی جەماڵ محەممەدی، کوڕی حسەین، خەڵکی شاری بانە، لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی جێگیر لە پایگای بروێشکانی، بەسەختی بریندار بوو. ئەو هاووڵاتییە کوردە، لە کاتی کۆکردنەوەی مازۆ لە لایەن هێزە نیزامییەکانەوە، تەقەی لێکرابوو.[8]
باشووری کوردستان
- بە ئامادەبوونی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری و ژمارەیەک لە بەرپرسان، سەندیکای پارێزەرانی کوردستان شەشەمین کۆنگرەی خۆی لە شاری هەولێر دەبەستێت.[1]
- ڕۆژنامەنووسی شاری هەولێر هێمن مامەند، کە لەسەر سکاڵای مەتین بارزانی برازای نێچیرڤان بارزانی چوار شەو لە زینداندا بوو ئەمڕۆ بە کەفالەتی 8 ملیۆن دینار ئازادکرا.[5]
- لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا گوتەبێژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕایگەیاند، پارتی دیموکراتی کوردستان هیچ کام لە ڕێککەوتنەکانیانی جێبەجێنەکردووە و ئەوان لەو دۆخە نیگەرانن.[2]
- بەبڕیاری وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژانی پێنجشەممان ڕێوەڕەسمی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە سەرجەم قوتابخانەکانی کوردستان بەڕێوەدەچێت.[1]
- لە شارەدێی دەرکاری سەربە شارۆچکەی زاخۆ فڕۆکەیەکی تورکیا ئۆتۆمبێلێکی کردە ئامانج و بەوهۆیەوە سێ گەریلا کوژران و یەکێکی تریش برینداربوو.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو لە نێوەندی بازاڕی عەفرین تەقییەوە، بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان حەوت کەس کوژراون و شەش کەسی دیکە برینداربوون کە یەکێکیان مەدەنییە.[2]
- کاروانێکی هێزەکانی ئەمەریکا، ئەمڕۆ گەیشتە نزیک گوندی شەلومێ لە باشووری خۆرهەڵاتی تربەسپی لە سەر سنووری تورکیا.[3]
- لە حەسەکە تەقینەوەیەک ڕوویدا و بەهۆیەوە چوار هاووڵاتی مەدەنی کە بەهۆی هێرشەکانی تورکیاوە لەناوچە سنوورییەکانەوە ئاوارەی شارەکە بوون بریندار بوون.[4]
- بە پێی هەواڵێکی ئاژانسی ANHA دەوڵەتی تورک 12 گوندی نزیکی ڕێگای (M4)ی نێودەوڵەتی کە دەکەوێتە نێوان گرێ سپی و عەین عیسا ڕادەستی هێزەکانی ڕووسیا کرد.[6]
- سوپای دەوڵەتی تورکی داگیرکەر هێرشی کردە سەر گوندێکی ناوچەی زرگانی سەر بە سەرێکانی و لە ئەنجام دا ژنێک گیانی لەدەست داو چەندین کەسی تریش بریندار بوون.[6]
دەرەوەی کوردستان
- ڕۆژنامەی لیمۆند لە بابەتێکدا باس لە خیانەتی ترامپ بەرامبەر بە کورد دەکات و دەڵێت: ترامپ دەیەوێت بە کوشتنی بەغدادی ئەوەمان لە بیر بەرێتەوە کە چۆن لە سوریا کوردی لە ژێر پێی تورکیا بەجی هێشت. ئەو ناتوانێت بە بێ کورد پیرۆزبایی تێکچوونی داعش بەدەست بهێنێت.[6]
- ڕێکخراوی داعش کوژرانی ئەبوبەکر بەغدادی پشتڕاستدەکاتەوە و خەلیفەیەکی نوێ هەڵدەبژێرێت بەناوی ئەبو ئیبراهیم هاشمی قورەیشی.[7]
- لە ڕۆژی جیهانیی شارەکاندا کە ساڵانە لە 31ی تشرینی یەکەم بەڕێوەدەچێت، ڕێکخراوی یونسکۆ 66 شاری جیهانی خستە ناو لیستی شارە داهێنەرەکانی جیهانەوە، کە یەکێکیان سلێمانییە و وەکو شاری ئەدەب دەستنیشانیکردووە و ئەوی دیکەشیان سنەیە وەک شاری میوزیک.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: زاخۆ
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-10-31
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-10-31
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-10-31
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-10-31
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-10-31
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئیف نیوز - 2019-10-31
[7] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-11-03

کاتی تۆمارکردن: 2019-09-08 9:29:55 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 303

**2019-11-01**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190922084633688l0



باکووری کوردستان

- لە شاری وان و ناوچەکانی توشبا، ڕێگەی ئارمووش و ئەرتەمێنتان پۆلیسی ئاکەپە بەسەر ژمارەیەک ماڵ و باڵەخانەدا گرت و لە ئەنجامدا 15 سیاسەتمەداری ژنی دەستگیر کرد. ئەو سیاسەتمەدارانەی کە دەستگیرکراون ئەمانەن: جازیە دومان هاوسەرۆکی شارەوانی سارای، ئەدیبە بابوور بەڕێوەبەری هەدەپەی وان، ڕۆژبین ئاکداغ کاندیدی پەرلەمانی هەڵبژاردنی 24ی حوزەیران، موقەدەس کاراکۆچ کاندیدی پەرلەمانی هەڵبژاردنی 24ی حوزەیران، خەندان کاراکۆیون ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی ئارتەمێنت، بەرکان کزلبۆغا یاریدەدەری هاوسەرۆکی شارەوانی تووشبا، هاوار دەریا ئەندامی تەڤگەری ژنانی ئازاد، هاتیجە ئاکداغ ئەندامی ئینسیاتیڤی دایکانی ئاشتی و نەریمان ئورار بەڕێوەبەری دەبەپە. سیاسەتمەدارە ژنەکان بۆ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی وان گواسترانەوە.[1]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی پەیمان یووسفی، خەڵکی گوندی دەرمان ئاوێی شاری سەردەشت، لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری ورمێ گیانی لەدەست دا. ئەو کۆڵبەرە کوردە، بەهۆی قورسیی برینەکانیەوە، پاش مانگێک خەواندن بۆ چارەسەریی پزیشکی لە نەخۆشخانە، گیانی لەدەست دا.[4]

باشووری کوردستان

- کاتژمێر 10:00ی بەیانی ئەمڕۆ، فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک، چیای کورتەک و ڕێگای نێوان پشدەر و بناری قەندیل-یان بۆردوومانکرد.[1]

- لە شارۆچکەی چۆمان، ئاسایشی پارتی دیموکراتی کوردستان پێنج چالاکوان دەستگیردەکات کەکارتی هۆشیاری بەمەبەستی بایکۆتی کاڵای تورکی ڕێنمایی لەناو بازاڕدا بەسەر هاوڵاتیاندا دابەش دەکەن.[2]

ڕۆژئاوای کوردستان

- هێرش و داگیرکەریەکانی دەوڵەتی تورک بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان بەردەوامن و لەم چوارچێوەیەدا بە هاوکاری چەتەکانی، هێرشێکی توندی کردە سەر گوندی ئینەگل هاوای ناوچەی زرگانی سەرێکانی.[1]

- دەوڵەتی تورک و چەتەکانی سەر بەو وڵاتە، گوندەکانی مەرەناز و ئەلقەمیە لە ناوچەی شەرا تۆپباران دەکەن.[2]

- وەزارەتی بەرگری تورکیا، ئەمڕۆ هەینی لە بەیاننامەیەکدا، رایگەیاند، لە ئاکامی تەقینەوەی مینێکی چێندراو لە ناوچەکانی ئۆپراسیۆنی سوپای تورکیا لە باکووری سووریا، سەربازێکی تورکیا کوژراوە و (6)ی دیکە بریندار بوون.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە

شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)

شار و شارۆچکەکان: سەردەشت

شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی

شار و شارۆچکەکان: رانیە (راپەڕین - پشدەر)

شار و شارۆچکەکان: وان

Quick Respons Code:

📋سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-11-01
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-11-01
[3] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-11-01
[4] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-11-02


کاتی تۆمارکردن: 2019-09-22 8:46:33 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 304

**2019-11-02**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191001090546373115




باکووری کوردستان
- لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی دەستگیرکردنی سەرۆکی شارەوانییەکان و سیاسەتمەدار و رۆشنبیرانی کورد دا، دەوڵەتی تورک هاوسەرۆکی شارەوانی ناوچەی سارای شاری وان-ی دەستگیرکرد و یەکێکی سەپاند بەسەر شارەوانییەکەدا.[3]
- شەپۆلێکی بەفر بارین روویکردە باکووری کوردستان و بەیانی لە ناوچەی قاموشان سەر بە قەرسی باکووری کوردستان، بەفر باری، بەو هۆیەشەوە شارەکە سپی پۆش بوو. بەشێک لە ئۆتۆمبێلی هاووڵاتییان لە نێو بەفر گیریان خوارد، هەندێک لە هاووڵاتیانیش لە رێگە دووره دەستەکاندا گیریان خوارد. هاوکات لە شارەکانی وان، ئەرزەڕوم، ئاگری و چەند ناوچەیەکی دیکەی باکووری کوردستان بەفر باریووە.[1]
باشووری کوردستان
- بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە لە هەوینەهاواری بێخاڵ دوو کەس کوژران.[2]
- چالاکی و خۆپێشاندانی جەماوەری ئەمرۆ لە رۆژی جیهانی پشتیوانی بۆ رۆژئاوای کوردستان لە باشوری کوردستان بەرێوە چوون، لە چوار چیوەی ئەو چالاکیانە ئەمرۆ لە شاری سلێمانی بە چالاکی جۆر بە جۆر پشتگیری خۆیان بۆ رۆژئاوای کوردستان دووپاتکردەوە دژی داگیر کاری دەوڵەتی تورکیا لەسەر رۆژئاوای کوردستان.[5]
- ئێوارەی ئەمرۆ لەشاری کەلار بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە ئەندام پەرلەمان و چالاکوان و رۆشنبیرو رۆژنامەنووسانی ناوچەکە بۆ رۆژی رۆژئاوا گردبوونەوەیەک ئەنجامجدرا. لە و چالاکییەدا چەند وتار و دروشم خرانەڕوو کە دیارترینیان داواکردن بوو بۆ بایکۆتی کاڵای تورکی و بەردەوامیی دان بە نارەزاییەتییەکان و داواکردنی هاوکاری و کۆمەک بوو بۆ ئاوارەکانی رۆژئاوا. لەلایەکی دیکەوە لە شارۆچکەی خانەقین کەمپەینی تایبەت بە کۆکردنەوەی هاوکاری بۆ کوردانی رۆژئاوا راگەیەندرا.[7]
- سێیەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی زانستی خوێندنی کوردی لە لایەن پەیمانگەی کوردی لە پاریس و زانکۆی زاخۆوە دەستی بە کارەکانی کرد.[1]
رۆژئاوای کوردستان
- لەناوەندی شاری گرێ سپیدا ئۆتۆمبیلێکی بۆرێژکراو تەقییەوە. لەو تەقینەوەیەدا دەیان کەس کوژران و برینداربوون.[4]
- داگیرکەرانی دەوڵەتی تورک ئەم جارە لە سەرێکانی بە شێوازێکی جیاواز هێرشیان کردە سەر هاوڵاتیان. چەتەکانی دەوڵەتی تورک جلی سەربازانی رژێمی سوریایان لەبەر کرد و 4 کەسی مەدەنیان کوشت.[5]

- هەسەدە چەند گوندێکی تلتەمری لە رۆژئاوای کوردستان کۆنترۆڵکردەوە کە کەوتبووە ژێر دەستی چەکدارانی سەر بە تورکیا، ئەو چەکدارانەی لەنێو گوندەکان مابوونەوە خەڵکیان لە ماڵەکانی خۆیان دەرکردبوو و دواتر ماڵەکانیان تاڵانکردبوو و پارە و کەلوپەلیان دزیبوون.[6]
- ئەمرۆ هێزێکی ئەمەریکا گەیشتە شاری قامیشلۆ و بریارە بەرەو کێڵگە نەوتییەکان بەرێبکەوێت.[1]
- لە ئەنجامی تەقینەوەی ئۆتۆمبیلێکی چەتەکانی سەربە دەوڵەتی تورک لەسەر رێگای گوندی حاج سەدوف-ی باکوری منبج، 3 چەتە کوژران.[5]
دەرەوەی کوردستان
- ئەمرۆ لە شاری ئەستەنبول ئەندام پەرلەمانەکانی پارتی گەلانی دیمۆکراتیک هەدەپە لە چوارچێوەی ئامادەکاریەکانی 3یەمین کۆنگرەی ئاسایی خۆیاندا بە مەبەستی بانگی بەشداریکردن، چوونە نێوە شەقام و لە سەر رێگای ئیستیقلال بلاوکراوەیان بلاو کردەوە، بەڵام لە لایەن پۆلیس و هێزە ئەمنیەکانەوە رێگرییەکی توندیان لێ کرا.[5]
- گۆڤاری دیر شپیگلی ئەڵمانی بڵاویکردەوە، وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا لە راگەیەندراوێکدا داوا لە هاوولاتییە کوردەکان دەکات، ئەوانەی رەگەزنامەی ئەڵمانیان هەیە، گەشت بۆ تورکیا نەکەن. گۆڤارەکە ئاشکرایکردووە، لە ماوەی مانگێدا، 14 هاوولاتی کورد کە خاوەن رەگەزنامەی ئەڵمانین لە تورکیا بە تۆمەتی هاوکاریکردنی تیرۆر دەستگیر کراون. ئاماژە بەوەشکراوە، تورکیا ناوی ئەو کوردانەی لایە کە لە ئەڵمانیا چالاکوان و چالاکییەکانیان ئەنجام دەدەن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەرێکانی |
| شار و شارۆچکەکان: | قامیشلۆ |
| شار و شارۆچکەکان: | منبج |
| شار و شارۆچکەکان: | کەلار (گەرمیان) |
| شار و شارۆچکەکان: | خانەقین |
| شار و شارۆچکەکان: | زاخۆ |
| شار و شارۆچکەکان: | ئاگری |
| شار و شارۆچکەکان: | وان |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەرزەروم |
| شار و شارۆچکەکان: | گرێ سپی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-11-02

[2] 🕵️ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 02-11-2019
[3] 🕵️ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 02-11-2019
[4] ⚫دیارینەکراو | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] 🕵️ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 02-11-2019
[6] 🕵️ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 02-11-2019
[7] 🕵️ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 02-11-2019

کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01 9:05:46 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 305
**2019-11-03**
https://www.kurdipedia.org/?q=20191001090546373116



باشووری کوردستان
- لە قاوەخانەی ماڵی کلتوری لە شارۆچکەی خورماتووی سەر بە پارێزگای سەڵاحەدین، پێشانگایەکی شێوەکاری لەلایەن ڕێکخراوی 'جەماوەری خورماتوو بۆ بەهاناوە چوون و گەشەپێدان' کرایەوە. لە پێشانگاکەدا 41 تابلۆ نمایشکران، کە بەرهەمی 21 هونەرمەند بوون و سەرجەم تابلۆکان گوزارشتیان لە ژن، سروشت، ئاشتی و جەنگ دەکرد.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هێرشەکانی دەوڵەتی تورک و چەتە درندەکانی بۆ سەر گەلی گرێ سپی بەردەوامە. بە پێی زانیاریەکان لە گرێ سپی بە دەیان گەنج ڕفێنراون و هەموو ڕێگەکانی شاروچکەکە داخراون.[1]
- ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاند هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) توانیویانە هەشت گوند لە دەوروبەری سەرێکانی، بە ناوەکانی داودیە، سەعید، ڕیحانە، سویدیە، کنبەهر، عەبووش، ئوم شەعیفە و فەیسەڵییە کۆنترۆڵ بکەنەوە.[2]
- ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاند هێزەکانی ڕووسیا دەستیان بەسەر نادی ئەلزراعی کە دەکەوێتە نزیک فڕۆکەخانەی قامیشلۆدا گرتووە و وەک ناوەندێکی سەربازیی بەکاری دەهێنن. ڕوانگەی سووری ئاشکراشی کردووە، کە حکوومەتی سووریا بەنیازە فڕۆکەخانەی قامیشلۆ هاوشێوەی بنکەی سەربازیی حمێمیم بۆ ماوەی 49 ساڵ بە کرێ بداتە ڕووسیا.[2]
- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و چەتەکانی، گوندی ئەلراشدییە و ئەلقاسمییەی سەر بە تل تەمریان تۆپباران کرد و لە ئەنجامدا ئۆتۆمبیلی تیمێکی ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی کە بە کاری تەندروستی و پزیشکیەوە خەریک بوون، بەرکەوت. لە ئەنجامی هێرشەکەدا دکتۆر زاو سەنک کە پزیشکێکی 37 ساڵی تایلەندیە گیانی لەدەست داو و پزیشکێکی تریش بریندار بوو.[1]
- سوپای داگیرکەری تورک و چەتەکانی بەردەوامن لە هێرشەکانیان و گوندەکانی دەوروبەری سەرێکانی و زرگان تۆپباران دەکەن.[4]
- وەزارەتی بەرگریی ڕووسیا دەڵێت، کاروانێکی سەربازیی سوپای ئەمریکا لە ڕۆژئاوای کوردستان لە لایەن چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریای نزیک لە تورکیاوە هێرشیکراوەتە سەر و سەنتەری ڕووسیاش بۆ ئاشتبوونەوەی لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکانی سووریا دەڵێت، لە ئەنجامی هێرشەکەکەس بریندار نەبووە.[3]
دەرەوەی کوردستان
- لە برۆکسل کۆبوونەوەی کۆمیتەی دیپلۆماسی هاوبەشی پارتە کوردستانیەکان بۆ بەستنی کۆنفرانسێک کە سەرجەم پارت و لایەنەکانی کوردستان تێیدا بەشدار بن دۆخۆی ڕۆژاڤای کوردستان بەتایبەتی و کوردستان و ناوچەکە بەگشتی تاوتوێ بکات دەستی پێکرد.[1]
- لە مۆمبای خەڵاتی نێودەوڵەتیی دایکە تێرێزا دەبەخشرێتە ئیمان عەبدوڵلا ڕزگاربووی کوردی

ئێزدی دەستی داعش و نووسینگەی رفێندراوانی کوردی ئێزدی.[3]
- خۆپیشاندەران لە کەربەلا هێرشیان کردەسەر کۆنسوڵخانەی ئێران و ئاڵای ئێرانیان لەسەر باڵەخانەکەی هێنایە خوارەوە و ئاڵای عێراقیان لە شوێنی دانا.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-11-03
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-11-03
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-11-03
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-11-03
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن


کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01 9:05:46 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 306

**2019-11-04**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191001090546373117



باکووری کوردستان
- پۆلیسی تورک، نیلوفەر ئەلیک یڵماز هاوسەرۆکی شارەوانی ناوچەی قۆسەری لە پۆستەکەی دوورخستەوە و حسێن چام قایمقامی قۆسەری لە جێگەی دانا.[1]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- هونەرمەندی ناسراوی کوردستان، شەهرام نازری رایگەیاند، بڕیاربوو دوای 26 ساڵ بە هەوڵی ئەنجوومەنی شانۆی نیشتمانی سوید لە شارەکانی ماڵمۆ و ستۆکهۆڵم کۆنسێرت بەرێوەببات، بەڵام بەهۆی ئەوەیکە لە رۆژئاوای کوردستان شەڕە، کۆنسێرتەکە هەڵدەوەشێنێتەوە.[3]
باشووری کوردستان
- فڕۆکەکانی تورکیا بارەگاکانی یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگال (یەبەشە) ی لە گوندی خانەسۆری کۆنی سەر بە شارۆچکەی شنگال بۆردومان کرد و 2 کەس برینداربوون.[2][3]

- فرۆکە جەنگییەکانی سوپای داگیرکەری تورک کورەژارۆی سەربە ئامێدی-یان بۆردوومان کرد.[5]
- ماوەی دوو ڕۆژە هاوڵاتیانی گوندی شەفیق لە سنووری شارۆچکەی خانەقین لە پارێزگای دیالە، بەهۆی هێرشە چەکدارییەکانەوە گوندەکانیان چۆڵ دەکەن.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- درەنگانی شەوی ڕابردوو کاتژمێر 1:15 خولەک تەقینەوەیەکی زۆر بەهێز شاری جەندەریسی هەژاند. گومان دەکرێت تەقینەوەکە بەهۆی ئوتومبێلێکی گەورەی مینرێژکراو بێت کە لەسەنتەری شار تەقیوەتەوە و بەهۆی بەهێزییەکەیەوە ترس و دڵەڕاوکێی دروستکرد. لەگەڵ تەقینەوەکە تەقەیەکی زۆر کراوە و نازانرێت کێن ئەوانەی تەقەیان کردووە و چەندین کەس لەم تەقینەوەیەدا بریندار بوون، بەڵام نازانرێت ژمارەی کوژراوەکان چەندن.[2]
- لە گوندی رەیحانییەی تل تەمر مینێک تەقییەوەو لە ئەنجامدا دو هاوڵاتی مەدەنی بە ناوەکانی (عیسا محەمەد و موهەنەد حەسیب) بریندار بوون.[1]
- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و چەتەکانی بە چەکی قورس گوندەکانی ئینگەل هەوا و تل وەردی شارەدێی زرگانی سەرێکانی تۆپباران دەکەن.[1]
- کاروانێکی هێزە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە شاری کۆبانێ کشانەوە و بەگوێرەی زانیارییەکانی هێرۆ مەولوودی، پەیامنێری کوردستان 24 لە شاری قامیشلۆ، هێزەکە بەرە و هەرێمی کوردستان هاتوونەتەوە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- لە 40ەمین ساڵڕۆژی داگیرکردنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە ئێران، وەزارەتی خەزێنەی ئەمریکا کوڕی ڕێبەری ئێران و هەشت کەسی نزیک لە خامنەیی خستە لیستی گەمارۆکانییەوە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کۆبانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ قامیشلۆ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ئامێدی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ خانەقین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەرێکانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ شنگال
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-11-04
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-11-04
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-11-04
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-11-04
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-11-04

کاتی تۆمارکردن: AM 9:05:46 2019-10-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 307

**2019-11-05**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191001090546373118



باشووری کوردستان
- کاروانێکی سەربازیی ئەمەریکا کە لە ڕۆژئاوای کوردستان کشاوەتەوە بەیانی ئەمڕۆ گەیشتە سنووری دهۆک و بەرەو هەولێر کەوتوونەتەڕێ، جگە لە ئۆتۆمبێلە سەربازییەکان چەند ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر لەگەڵ کاروانەکەدان.[1]
- هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێم لە هەولێر کۆبوونەوە و دوو بڕیاریان دا: یەکەمیان ئەوەیە کە کورد لەم قۆناخەدا دەبێت یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بێت و بەهێچ شێوەیەک پەرتەوازەیی قبووڵناکرێت. بڕیاری دووەمی کۆبوونەوەی سێ سەرۆکایەتییەکە لەبارەی دەستووری عێراقە، بڕیاری کۆبوونەوەکە لەوبارەیەوە ئەوەیە: کە هەرێمی کوردستان بەهیچ جۆرێک لەگەڵ دەستکاریکردنی دەستوور نییە، بەڵام ئەگەر بڕیاری هەموارکردن و دەستکاریکردنی درا، ئەوا مەرجی هەرێمی کوردستان ئەوەیە فیدراڵییەتی هەرێمی کوردستان و هەر هەرێمێکی دیکەی فیدراڵ کە لەداهاتوودا لە عێراق دروستبێت پارێزراو بێت و سازش لەسەر ئەوە ناکرێت.[4]
- شەوی ڕابردوو، لە سنووری شارەدێی قەرەتەپەی سەر بە شارۆچکەی خانەقین لە پارێزگای دیالە، دوو هاووڵاتی بەناوی حەسەن والی و جەلیل بابان رفێنران. ئەو دوو هاووڵاتییە دانیشتوی شارەدێی ڕزگاری سەر بە شارۆچکەی کەلارن و خەڵکی گوندی نارینی سەر بەقەرە تەپەن.[1]
- لە 24 کاتژمێردا دووجار فڕۆکە جەنگیەکانی دەوڵەتی تورک، بۆردومانی دەڤەری برادۆستیان کردووە، بەهۆی بۆردومانەکانیشەوە ئاگر لەپوش و پاوانی ئەو ناوچانە بەربووە و تاکو ئێستا ئاگرەکە نە کوژێنراوەتەوە.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەوی ڕابردوو لە گوندی قەنتەریە سەربە ناوچەی عەین عیسا، شەرڤانانی قەسەدە دژی سوپای داگیرکەری تورک و چەتەکانی چالاکیان ئەنجامدا. لەو چالاکییەدا ئۆتۆمبێلێکی چەتەکان تێکشکێندرا، 15 چەتە کوژران و 11 چەتەش بریندداربوون. هەر شەوی ڕابردووش لە گوندی تل وەرد لە زرگان شەڕێکی سەخت لە نێوان شەرڤانانی قەسەدە و سوپای داگیرکەری تورک و چەتەکانی ڕوویدا.[2]
- ئەمەریکا لەناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی هەسەدە دوو بنکەی سەربازیی نوێ دادەمەزرێنێت.[1]
- ئاژانسی هەواڵدەری ڕەسمی سووریا(سانا)، بڵاویکردەوە، ئەمڕۆ یەکەکانی سوپای سووریا دەستیان گرتووە بەسەر ژمارەیەک ناوچە لە سنووری پارێزگای حەسەکەی باکووری خۆرهەڵاتی سووریا. لە و بارەیەوە رادیۆی شام ئێف ئێم بڵاویکردەوە، ئەمڕۆ هێزەکانی سوپای سووریا لە نزیک گوندی مەلا عەباس لە باکووری خۆرئاوای رمێلان چوونەتە ناو کێڵگەی نەوتی رمێلان و کۆنترۆڵیان کردووە.[1]
- لە گرێ سپی تەقینەوە ڕوویدا.[3]
- ئەمڕۆ هێزێکی هێزێکی سوپای سووریا لە ناوچە سنوورییەکانی قامیشلۆ بڵاوەی پێکرا، کە یەکەمجارە سوپای سووریا بێتە ئەم ناوچەیە.[1]
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای داگیرکەری تورک گوندی داودیە سەربە ناوچەی تل تەمر-یان بۆردوومان کرد.[2]
دەرەوەی کوردستان
- بەهۆی تێکچوونی باری ناوخۆی ئێراقی عەرەبی و هەڵکشانی خۆپیشاندانەکان، دەستەڵاتی ئێراقی هێڵی ئنتەرنێتی لە بەغدا و شارەکانی تر بڕی.[3]
- ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا ڕەخنەی لە ئەمەریکا گرت و گوتی: تا

ئێستاش هێزەکانی ئەمەریکا لەگەڵ یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگە گەڕی سەربازی لە و ناوچانەی سووریا ئەنجام دەدات، کە هەریەک لە واشنتن و ئەنقەرە لەسەر ئەوە ڕێککەوتبوون، هێزە کوردییەکان لە و ناوچانە بکشێنەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ

شار و شارۆچکەکان: حەسەکە

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: خانەقین

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-11-05

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-11-05

[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-11-05

کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01 9:05:46 AM


ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 308

**2019-11-06**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191001090546373119




باشووری کوردستان

- فرۆکە شەرکەرەکانی دەوڵەتی تورکیا داگیرکەر چیای خامتری بەرامبەر گوندی بێرسڤێ سەر بەشارۆچکەی زاخۆیان بۆردوومان کرد.[3]
- کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو و تێیدا بڕیاری بە هەمیشەییکردنی مامۆستایانی گرێبەست لەسەر میلاکی وەزارەتی پەروەردە پەسەندکرا.[4]
- سەعات 3ی پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ، بەشی هونەرەکانی میوزیکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەری سلێمانی، لەکارگەی جگەرەکە، کۆنسێرتێک بۆ پشتگیریکردنی کوردانی رۆژئاوای کوردستان سازدەکەن.[1]
- لە سلێمانی، لە شوێنی کۆکردنەوەی کۆمەک بۆ رۆژئاوای کوردستان، بەشی هونەرەکانی موزیک سەر بە بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری سلێمانی چالاکییەکیان ئەنجامدا.[5]
- بەڕێوبەری کارگێڕی نەخۆشخانەی گشتی رانیە رایگەیاند: ئەمشەو تەرمی دوو گەنجی کرێکار بە ناوەکانی (سێبور محەمەد و مەحمود سەعید) گەیشتونەتە نەخۆشخانەی رانیە کە بەهۆی بەربوونەوەی بلۆک بەسەریاندا گیانیان لەدەستدابوو.[5]

ڕۆژئاوای کوردستان

- بەرپرسێکی هێزەکانی هەسەدە ڕایگەیاند: لە باشووری سەرێکانی هێزەکانی سوریای دیموکرات هەلیکۆپتەرێکی سوپای تورکیایان خستۆتە خوارەوە.[1]
- شەوی ڕابردوو سایلۆی گەنمی خەفتە سالم سەربە گرێسپی، کە لەلایان سوپای تورک و چەتەکانییەوە داگیرکرابوو، لەلایەن شەڕڤانانی قەسەدەوە ئازاد کرا. هەر شەوی ڕابردوو شەڕڤانانی قەسەدە لە گوندی کەفیفا سەربە گرێسپی، وەڵامی هێرشی سوپای داگیرکەری تورک و چەتەکانی دایەوە و لە ئەنجامی بەرپەرچدانەوەی شەڕڤانان، 11 چەتە کوژران و شەشی دیکەش بریندار بوون، شەڕڤانان هەروەها جبەخانەی چەتەکانیان لە گوندەکە تەقاندەوە.[2]
- لە گوندی بیرعیسای سەر بە ناوچەی عەین عیسا سوپای تورک و چەتەکانی هێرشێکیان ئەنجامداو شەرێکی قورس لە نێوان ئەوان و هێزەکانی سوریای دیمۆکراتیک ڕوویدا.[3]
- لە هێرشەکانی دەوڵەتی تورک و چەتەکانیدا بۆ سەر گوندی هەواڵکۆ-ی سەربە گرێسپی، سەربازێکی سوپای سوریا کوژرا و یەکێکی دیکەش بریندار بوو.[3]

دەرەوەی کوردستان

- نوێنەرێکی پەرلەمانی ئێران ئاشکرایدەکات، فرۆشی نەوتی ئێران 20 هێندە دابەزیوە و داوای لە وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی کردووە ڕێگەیەک بۆ چوونە دەرەوە لەم دۆخە بدۆزێتەوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی

شار و شارۆچکەکان: رانیە (ڕاپەڕین - پشدەر)

شار و شارۆچکەکان: زاخۆ

شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری یوک میدیا - 06-11-2019]
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ڕۆژنیوز - 06-11-2019]
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 06-11-2019]
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ڕووداو - 06-11-2019]
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری دوارۆژ - 06-11-2019]

کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01 9:05:46 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 309

**2019-11-07**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191001090546373120



باکووری کوردستان
- پۆلیسی دەوڵەتی تورک لە ناوچەی ئەلکێ لە شێرناخ هەڵیکوتایە سەر چەندین ماڵ و هاوسەرۆکی هەدەپەی ئەلکێ و 11 کەسی دیکەیان دەستگیر کرد.[4]
باشووری کوردستان
- لە شارۆچکەی کەلار سەر بە ئیدارەی گەرمیان، ژمارەیەک فەرمانبەری گرێبەست گردبوونەوە و لە بەیاننامەیەکدا داوادەکەن هاوشێوەی مامۆستایان دامەرزاندنی هەمیشەییان بۆ بکرێت.[2]
- سکرتێری رۆژنامەوانی، رێواز فایەق، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، رەتیکردەوە، رێگری لە سەرۆکی پەرلەمان کرابێت بۆ بەشداریکردنی لە دیداری مێری 2019.[3]
- وەزارەتی رۆشنبیری رێورەسمێکی تایبەتی بۆ لێزلێنان لە بەخشین و خزمەتەکانی ئەنوەر شێخانی، هونەرمەندی شانۆکار و پێشمەرگە سازکرد.[3]
رۆژئاوای کوردستان
- هێرشەکانی دەەوڵەتی تورک و چەتەکانی بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان بەردەوامن و لە چوارچێوەی توندکردنی هێرشەکانیان بۆ ناوچەی تل تەمر ئەمرۆ بە پشتیوانی فڕۆکەی کەشف و بە ئۆبووس و هاوەن گوندی قاسمیەی تل تەمریان بە خەستی تۆپباران کرد.[1]
- لە ناوچەی عین عیسا لە نێوان داگیرکەران و شەرڤانانی هەسەدە لە ئێستا دا شەڕێکی قورس روو دەدات.[1]
- فڕۆکە بێ فرۆکەوانە جەنگیەکانی سوپای تورکی داگیرکەر، گوندێکی سەر بە ناوچەی زرگانێ سەرێکانیان بوردومان کرد.[1]
- ئەمرۆ تەرمی شەهیدان (محەمەد سۆفی 'رۆهات تلکۆچەر'، عەمران عەلی 'دێرسم بۆتان'، حەیدەر ئەلجەدۆ 'کەدەر بەرخۆدان'، مەحمود ئەحمەد 'بەرخۆدان'، حەمدوڵا ئاراک 'ماسیرۆ'، ئەمیر رندی 'رۆنی'، فەهمی شینگر 'دەروێش' و ساوسانگ-ی ئەندامی رێکخراوی ' Free Burma Rangers') کە لە دەشتایی تەل تەمر شەهید ببوون، لە نەخۆشخانەی شەهید هۆگر وەرگیرانەوە و بە کاروانێک بەرەو گۆڕستانی شەهید خەبات بران و نێژران.[1]
دەرەوەی کوردستان
- جوناسان هۆفمان وتەبێژی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا پنتاگۆن راگەیاند کە بەردەوام دەبن لە پاڵپشتی هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) لە شەڕکردن لەدژی داعش و وتیشی :کار بۆ ئەوە دەکەین داعش دەستی نەگات بە نەوتی باکوری خۆرهەڵاتی سوریا.[2]
- ماکرۆنی سەرۆک کۆماری فەرەنسا بۆ گۆڤاری 'The Economist' قسەی کردووە و رایگەیاندووە کە ئەوەی ئێستا روودەدات، مردنی ناتۆیە. ماکرۆن وتیشی: تورکیا کە هاوبەشی ناتۆیە، هێرش بۆ سەر شوێنێکی وەها دەکات کە بەرژەوەندییەکانمان دەخاتە مەترسیەوە. ئەوە بۆ

ناتۆ کێشەیەکی گەورەیە. بڕیاری ئەمریکا بۆ ئۆپەراسیۆنی تورکەکان، دەمانگەیەنێتە دوو ئەنجام. قەسەدە کە هاوکارمانە و پێکەوە لەدژی داعش شەڕ دەکەین، دەبێتە قوربانی.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: شڕناخ
شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-11-07
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-11-07
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-11-07
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-11-07

کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01 9:05:46 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 310

**2019-11-08**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191001090546373121




باکووری کوردستان
- لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی قڕکردنی سیاسیدا ئازیم یاجان و شەهزادە کورت هاوسەرۆکانی شارەوانی ناوچەی ڕێگەی ئارمووشی وان دەستگیرکران. هاوسەرۆکانی شارەوانی بۆ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی وان گواسترانەوە. پۆلیسی تورک باڵەخانەی شارەوانیان گەمارۆداوە و ڕێگە بە کەس نادەن بچنە ناو باڵەخانەکەوە.[1]
- پۆلیس و هێزە ئەمنیەکان لە شاری ئامەد لە یەک کاتدا هەڵیان کوتایە سەر چەندین ماڵ. لە ئۆپراسیۆنی قڕکردنی سیاسیدا، هەر یەک لە محمد یاڵچین بەڕێوەبەری ڕێکخستنی (هەدەپە) و عەلادین زوگورلی و سەڤیجان یاشار ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی یەنی شەهیر و حیکمەت ئالتوگ و سەنگول داغ کاپانجی ئەندامانی ئەنجومەنی شارەداری ناوچەی پەیاس و ئایسەل توفان ئەندامی دەستپێشخەری دایکانی ئاشتی و کەنان جانپۆلات ڕاوێژکاری سەمیرا گوزەلی ئەندام پارلەمانی (هەدەپە) دەستگیر کران.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ و لەکاژێر 02:17 خولەک بوومەلەرزەیەک بە گوڕی 5.9 پلەی ریختەر

باکووری رۆژئاوای ئێرانی و پارێزگای ورمێی لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەژاند.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- ناوەندی ڕاگەیاندنی هێزەکانی سوریای دیموکراتیک-قەسەدە لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بە دەستگیرکردنی سەرچەتەی جەیش الاسلام بەناوی ئیسماعیل زاییم برای محەمەد زاییم کردووە، کە چەتە محەمەد زاییم لە دیمەنێکدا هێرشی سەر تەرمی شەهیدێکی یەپەژە بەناوی شەهید ئامارا ڕێناس دەکرد.[1]
- لە گوندی مەسعودیە کە دەکەوێتە باشووری رۆژهەڵاتی ناوچەی گرێ سپییەوە، تانکێکی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر لە لایەن شەرڤانانی هێزەکانی سوریای دیمۆکراتیکەوە تەقێنرایەوە.[1]
- دوای ئەوەی دانیشتوانی ناوچەی دێرکی سەر بە کانتۆنی قامیشلۆ کاروانێکی هاوبەشی ئۆتۆمبیلە سەربازییەکانی روسیا و تورکی داگیرکەریان بەردباران کرد، سەربازەکانی تورکی فاشیست دەستڕێژی گولەیان کرد بە ناو هاوڵاتیانی مەدەنیدا و لە ئەنجامدا هاوڵاتیەک بە ناوی (سەرخوەبوون عەلی) شەهید بوو ژمارەیەکیش لە هاوڵاتیان بریندار بوون.[1]
دەرەوەی کوردستان
- مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا داوای کرد کە ئەورووپا هاوکاری کورد بکەن. باسی لەوەش کردووە: سەربازەکانمان لە سوریان و دەمانەوێت ئەورووپاش بێنە پاڵمان بۆ هاوکاریکردنی کورد. هاوکات ئاماژەی بەوەشداوە: دەبێت هاوکاری گەلانی عێراق و لوبنان بکرێت بۆ رزگاربوون لە دەستڕۆیشتوویی ئێران لەو وڵاتانە.[3]
- شارەداری بۆداپیستی پایتەختی هەنگاریا، لەسەر شوێنی کارەکەی ئاڵای کوردستان لە ریزی ئاڵای وڵاتان هەڵدەکات و نارەزایەتی خۆی بەرامبەر بە هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر باکووری رۆژهەڵاتی سووریا (رۆژئاوای کوردستان) دەردەبڕێت.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد
شار و شارۆچکەکان: ○ وان
شار و شارۆچکەکان: ○ ورمێ
شار و شارۆچکەکان: ○ گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: ○ قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: ○ دێرک
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-11-08
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری rووداو - 2019-11-08
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-11-08

[4] 🖉ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-11-08

کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01 9:05:46 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 311

**2019-11-09**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191001090546373122



باشووری کوردستان

- هێزێکی گەورەی وەزارەتی پێشمەرگە ئۆپەراسیۆنێکیان لە ناوچەی پەلکانە و غەرەیان کرد لە سنوری گەرمیان، 7 مۆڵگەی داعش دۆزرانەوە و تێکدران، ناوچەکە لە ژێر کۆنترۆڵی لیوای کۆماندۆ و فەوجی ئاڵتونیە، فرۆکەی بێفرۆکەوانی فەرەنساش کۆنترۆڵی ئاسمانی ناوچەی نەوجول دەکا.[2]

- عوسمان ئەحمەد، بەڕێوبەری کارگێری نەخۆشخانەی فێرکاری شەهیدانی نوێی قەڵادزێ رایگەیاند: سەر لە بەیانی ئەمڕۆ دوو بریندار بە ناوەکانی سیامەند محەمەد عەبدوڵلا تەمەن 19 ساڵ و سیروان حوسێن عەبدوڵلا تەمەن 25 ساڵ گەیەندراونەتە نەخۆشخانەکەمان کە لەکاتی کۆڵبەری، لەلایەن هێزە سەربازییەکانی ئێران لە سنووری گوندی زەڵێی شارۆچکەی پشدەر تەقەیان لێکراوە و بریندار بوون. ئاماژەی بەوەشکرد: برینداەکان خەڵکی گوندی ساوەی شاری سەردەشتی رۆژهەڵاتن و یەکێکیان فیشەک بەر قاچی و ئەوی دیکەیان گوللە بەر سکی کەوتووە و نەشتەرگەریی بۆ دەکرێت.[3]

- ئەمڕۆ کە هاوکاتە لەگەڵ 12ی رەبیعولئەوەل، بەبۆنەی (مەولود) لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام، محەمەد، لە شارەکانی هەرێم بەو بۆنەیەوە مەراسیمی ئاینی جۆراوجۆر بەرێوەدەچێت.[4]

رۆژئاوای کوردستان

- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و چەتەکانی داعش/ئەلنوسرە بە رێنمایی فرۆکە بێفرۆکەوانەکان بە ئۆپۆس و هاوەن گوندەکانی داودیە، ئەریشا و قاسمیەی سەر بە تل تەمر تۆپباران دەکەن.[1]

- لە گوندی دیوەرا و شاروچکەی تل حەلەفی سەرێکانی هاوڵاتیان لەدژی داگیرکەری چالاکیەکیان ئەنجامدا. گەل دروشمی تالانکەران لە سەر خاکەکەمان بڕۆنە دەرەوەیان وتەوە. دەوڵەتی تورک و چەتەکانی هێرشیان کردە سەر هاوڵاتیان و ژمارەیەکی زۆر هاوڵاتیان کۆمەلکوژ کرد.[1]

- هەزاران کەس لە دانیشتوانی دێرک لە رۆژئاوای کوردستان، لە بەردەم نەخۆشخانەی شەهید هۆگر کۆبوونەوە و تەرمی هەریەک لە شەهیدان (عەبدولسەلام حەسەن 'هارون چیا'، سەفقان موسا 'سەفقان دێرک'، مەعسوم مەجد 'بۆتان'، مەلک محەمەد 'بۆتان جەگەر'، سەبری عەبدولڕەحمان 'خەبات دێرک'، بەسل شاوێش 'میتان قەهرەمان'، ئیبراهیم حەسەن 'عەگین دێرک'، ڕەزوان محەمەد 'کۆرتایی ئامەد'، ڕوحولا ترنسا 'شاهان مەلەکشا'، جیهان ئاتیک 'باهۆز'، ئۆکێ ئایدن 'جەرەن کۆنیش'، عمران فێرنتا 'یاسین ئایدین'، گوزەل ئاڵتونوز 'ئاینور ئادا') وێڕای ئەوەش تەرمی شەهیدی هاوڵاتی، سەرخوەبوون عەلی، کە لەلایەن سوپای تورکیای داگیرکەرەوە لە گوندی سەرمساخی سەر بە ناوچەی گرگێ لەکێ شەهید بوو، لەلایەن جەماوەرەوە وەرگیرایەوە. دوای وەرگرتنەوەی تەرمی شەهیدان، دانیشتوان بەرەو گۆڕستانی شەهید خەبات بۆ ناشتنیان بەرێکەتن.[4]

دەرەوەی کوردستان

- ئەمڕۆ کۆنفرانسێک بە ئامانجی تیشکخستنە سەر بارودۆخی کوردان لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە وڵاتی نەرویج بەرێوەدەچێت.[1]

- شاخەوانی ئیسپانی فرناندۆ سانچز گراسا، کە پێشتر بەسەر زۆربەی شاخەکانی ئەوروپا

سەرکەتبوو، چووە سەر لوتکەی هملونگ لە شاخی هیمالایا کە بەرزاییەکەی حەوت هەزار و 160 مەترە و لەوێ وێنەیەکی خۆی بە ئاڵای پەکەکەوە بڵاوکردەوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-11-09
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-11-09
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-11-09
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-11-09
کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01 9:05:46 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 312
**2019-11-10**
https://www.kurdipedia.org/?q=20191001090546373123



باکووری کوردستان
- پارێزگاری شرنەخ لە 15 ناوچەی دەوروبەری شاخی جودیی وەکو ناوچەی تایبەتیی ئەمنی - کاتی ڕاگەیاند و ئەو ناوچانە بە تەواوەتی لە هاوڵاتیانی مەدەنی قەدەغە کران.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی حەسەن، تەمەن 24 ساڵ، خەڵکی گوندیتور سەر بە ناوچەی سنووریی ئەلەندی خۆی لە ئاکامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتدا بریندار بوو.[7]
باشووری کوردستان
- لە سنوری شارۆچکەی کفری ئیدارەی گەرمیان، هێزەکانی پشتیوانی دوو و هێزێکی سەربازی ئیتاڵی، دەستیان بە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێک دژی پاشاوەکانی داعش کرد.[3]
- جووتیارانی کوردستان بەتایبەت ناوچەی شارەزوور و هەڵەبجە، بەرهەمەکانی خۆیان هێناوەتە هەولێر و لەچوارچێوەی پێشانگەیەک بەناوی بەرهەمی خۆماڵی دەیفرۆشنە هاونیشتمانیان. پێشانگەکە لەکاژێر 10:00 بەیانی ئەمڕۆ دەستپێکردووە و تاوەکو کاژێر 22:00ی ئەمشەو بەردەوام دەبێت.[1]

- نووسینگەی راگەیاندنی بەشیر حەداد جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق رایگەیاند
بە هەوڵی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و گشت فراکسیۆنە کوردستانییەکان، ژمارەی ئەندامانی
کوردی نێو لیژنەی نووسینەوەی دەستوور لە سێ کەسەوە بۆ شەش کەس زیاد کران.[2]
- لەنێو لیوای 12ی هێزەکانی پێشمەرگە لە بەردەڕەش شەڕ روویدا و بەهۆی بەکارهێنانی
چەکیشەوە دوو پلەدار کوژران و سێ پێشمەرگەی تریش برینداربوون.[5]
- کاژێر 9:15ی ئەمرۆ فرۆکەی هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی دژی داعش، ژمارەیەک مۆڵگە و بنکەی
چەکدارانی داعشیان لە چیای قەرەچووخ لە سنووری شارۆچکەی مەخمووری باشووری
پارێزگای هەولێر بۆردوومانکرد، بەوهۆیەش چەکدارانی داعش زیانیان بەرکەوتووە، بەڵام زیانەکان
بەتەواوی نەزانراون.[1]
- هێزە ئەمنییەکان لە هەولێر رێگرییان لە گردبووونەوەیەکی گروپی ژنانی کورد کرد، کە بڕیار بوو
لەبەردەم پارکی شانەدەر گردبونەوەکەی تایبەت بە پشتیوانی لە بایکۆتی کاڵای تورکی ئەنجام
بدەن.[3]
- زانا جەلال، ناسراو بە گەنجۆ شارەزووری، لە مەراسیمێکی بەشکۆدا لە شارۆچکەی سەیدسادق
بە خاک سپێردرا.[3]
رۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورکی داگیرکەر و چەتەکانی بەردەوامن لە هێرشکردنە سەر ناوچە مەدەنیەکانی رۆژئاوای
کوردستان. لەم چوارچێوەیەدا کاتژمێر 10:55 خولەکی ئەم بەیانییە داگیرکەرانی دەوڵەتی تورک بە
پشتیوانی فرۆکەی بێفرۆکەوان، بە هاوەن و ئۆبووس هەر یەک لە گوندەکانی قاسمیە و ریحانیە و
مەحمودیەو داودیەی سەر بە ناوچەی تل تەمریان تۆپباران کرد. لە لایەکی ترەوە سوپای تورکی
داگیرکەر و چەتەکانی، چەکی قورسیان گواستەوە بۆ گوندی ئینگیلی سەر بە تل تەمر.[4]
- لە گوندێکی ناوچەی زرگانی سەر بە سەرێکانی بە هۆی تەقینەوەی مینێکی سوپای تورکی
داگیرکەرەوە، 2 سەربازی رژێمی سوریا بریندار بوون و بە پێی زانیارییەکان، بریندارەکان
گواستراونەتەوە بۆ نەخۆشخانەی حەسەکە.[4]
- هێزێکی سەربازی ئەمەریکی بە ژمارەیەک زرێپۆش و تانکی ئەبرامز لەسەر رێگەی نێودەوڵەتی
M4ەوە بەرە و تەلتەمر بەرێکەوتن.[2]
دەرەوەی کوردستان
- بەهۆی تەشەنەکردنی خۆپێشاندان و توندوتیژییەکان، ئێوارەی ئەمرۆ لە شاری بەغدا و چەند
شارێکی دیکەی باشوور و ناوەڕاستی عێراق خزمەتگوزاری ئینتەرنێت بە یەکجاری راگیرا.[2]
- لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی عیراق رایگەیاند لە سەرەتای سەرهەڵدانی نارەزایەتی و
خۆپیشاندانەکانی لە بەغدا و پارێزگاکانی باشووری عیراق لە مانگی رابردووەوە 319 کەس لە
خۆپیشاندەران و لایەنە ئەمنییەکان کوژراون.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کفری
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەرێکانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ حەسەکە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ شرناخ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ مەخموور
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ هەڵەبجە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەیدسادق (شارەزوور)

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-11-10
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-11-10
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-11-10
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-11-10
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-11-10
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-11-10
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-11-11

کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01 9:05:46 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 313

**2019-11-11**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191001090546373124



رۆژهەڵاتی کوردستان
- یەکەمین پێشانگای وێنەی تایبەت بە ژنان لە شاری بانە لەرۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن ژنە وێنەگرێکی کورد کرایەوە. لە و پێشانگایەدا 44 وێنەی وێنەگر ئەوین عەباسی خراوەتەروو کە باس لە رۆڵی ژنی کورد لە کۆمەڵگا و سیاسەت و پەیوەندی لەگەڵ جیهان و هەروەها رۆڵی ژنی کورد لە ئاشتی جیهانی دەکات.[1]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی تاهیر حوسێنی خەڵکی گوندی سەدباری شاری بانە، بەهۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانەوە گیانی لەدەست دا.[7]
باشووری کوردستان
- لە سلێمانی یادی 23یەمین ساڵیادی دامەزراندنی هێزی پێشمەرگەی ژنان کرایەوە.[1]
- لە ناوبازاڕی شارەدێی خورماڵی سەر بەپارێزگای هەڵەبجە تیپی شانۆی خورماڵ شانۆیی ئەوینی خاکی لەسەر شەقام نمایشکرد کە ژمارەیەکی زۆر لە چین و توێژەکانی سنورەکە ئامادەی بینینی بوون.[3]
- یەکەمین کاروانی هاوکاری مرۆیی بۆ پەنابەرانی رۆژئاوای کوردستان لە هەرێمی کوردستان لەلایەن رێکخراوێکی ئەمریکییەوە لەرێگەی فرۆکەیەکی تایبەتەوە گەیێندرایە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر.[4]
- سوپای تورکیا لە دەڤەری برادۆست، تۆپبارانی چیای قەڵەرەش و سپیندارۆک و گوندی گۆرمەمک دەکات و بەو هۆیەوە زیان بە دوو ئوتۆمبێلی هاوڵاتیانی مەدەنی سنورەکە دەگات.[5]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە سنووری حاجی ئۆمەران سوپای پاسدارانی ئێران دەسترێژی گوڵلەیان لە ژمارەیەک کۆڵبەری کورد کرد و بەهۆیەوە دوو کۆڵبەر برینداربوون. بریندارەکان ناویان سیروان ئەحمەد تەمەن 33 ساڵ و سلێمان هەمزە تەمەن 50 ساڵە کە بۆ چارەسەری پزیشک رەوانەی نەخۆشخانەی گشتیی چۆمان کراون.[4]

- ئەمرۆ فرۆکەکانی سوپای عێراق لە سنووری شارۆچکەی قەرەتەپە چەکدارانی داعشیان کردە ئامانج، دوای بۆردومانەکەش هێزێکی سوپای عێراق بۆ زانینی زیانەکانی داعش دەچنە شوێنەکە و دەکەونە کەمینی چەکدارانی داعشەوە، بەهۆیەوە 11 سەرباز کوژران و برینداربوون.[4]
رۆژئاوای کوردستان
- سەربازانی سوپای روسیا و تورکی داگیرکەر لە رۆژئاوای شاری دربێسی بە کاروانێکی ئۆتۆمبیلی سەربازی گەشتێکیان ئەنجام دا. دانیشتوانی ناوچەکە جارێکی تر نارەزایی توندیان پیشاندا و کاروانە سەربازییەکەیان بەردباران کرد.[2]
- چەند تەقینەوەیەک لە ناوەندی شاری قامیشلۆی رۆژئاوای کوردستان رویدا و قوربانی لێکەوتووەتەوە. تەقینەوەکان لەرێگەی دوو ئۆتۆمبێلی مینرێژکراوەوە ئەنجامدراون کە لە ناوەندی شاری قامیشلۆ بوون. بەپێی ئامارە سەرەتاییەکان ژمارەی قوربانیانی ئە و دوو تەقینەوەیە 6 شەهید و زیاتر لە 40 بریندارن.[3]
- پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆش گوندەکانی؛ رەشیدیە، قاسمیە، رێحانیە و عەزیزیەی سەربە تل تەمر بە چەکی قورس لەلایەن سوپای داگیرکەری تورک و چەتەکانیەوە تۆپباران کران.[5]
- ژمارەیەک چەکداری نەناسراو دەسترێژی گوللەیان کردە سەر هوسیب بیدویان، چاودێری کڵێسای کاسۆلیکی ئەرمەنەکانی شاری قامشلۆ و باوکەکەی، لە ئەنجامدا هەردووکیان گیانیان لەدەستدا.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
Quick Respons Code:



سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-11-11
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-11-11
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-11-11
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-11-11
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-11-11
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-11-11
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-11-13

کاتی تۆمارکردن: AM 9:05:46 2019-10-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 314

**2019-11-12**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191001090546373125



باشووری کوردستان
- دەوڵەتی داگیرکەری تورک چیای کاروخ لە سنووری پارێزگای هەولێر بۆردوومان دەکات.[1]
- کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور، ئەمڕۆ لەساڵیادی کۆچی دوای شاعیری گەورەی کورد دڵدار خاوەنی سرودی نیشتیمانی ئەی ڕەقیب سیمینارێکی بۆ جەبار ئەحمەد مامۆستای زانکۆ ڕێکخست.[4]
- ئەمشە و گەریلاکانی پەکەکە هێرشیان کردەسەر قەرەقۆڵێکی سوپای تورکیا لە نزیک دەڤەری ئاڤا گیزێ لە نێوان باکور و باشوری کوردستان سنوری شارۆچکەی زاخۆ.[2]
- بەتۆمەتی تێوەگلانیان لە دۆسیەکانی گەندەڵی، دادگای لێکۆڵینەوەی کەرکوک فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ پارێزگاری کەرکوک راکان جبوری و 6 بەرپرسی دیکەی شارەکە دەرکرد.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- روانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ رایگەیاند، هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دەیان ئۆتۆمبێلی سەربازیی رەوانەی رۆژئاوای کوردستان کردووە و بارهەڵگرەکانیش کەلوپەلی سەربازییان هەڵگرتبوو. روانگەی سووری ئاماژەی بەوەشکردووە کە کاروانە سەربازییەکەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی چووەتە شاری قامشلۆ.[3]
- ئەمڕۆ بۆ جارێکی دیکە کاروانێکی هاوبەشی سەربازیی سوپای روسیا و سوپای تورکی داگیرکەر بە ئۆتۆمبیلی سەربازی و زرێپۆشەوە لە گوندی مارس میلەی کۆبانێوە بەرەو رۆژهەڵاتی شارەکە دەستی بە گەشتێکی سەربازی کرد. دانیشتوانی کۆبانێ کە بە بینینی سەربازانی تورکی داگیرکەر نیگەرانن، زرێپۆشەکانی سوپای تورکی داگیرکەریان بەردباران کرد.[1]
- دوای ئەوەی هاوڵاتیانی کۆبانێ کاروانی ئۆتۆمبیلەکانی سەربازیی روسی و تورکییان بەردباران کرد، دەسترێژی گولە کرا بەناو هاوڵاتیانی مەدەنیدا و لە ئەنجامدا 8 هاوڵاتی بریندار بوون کە دووانیان رۆژنامەنووسن.[1]
- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و چەتەکانی گوندەکانی تل تەمر تۆپباران دەکەن. لە هەرێمەکە شەڕێکی قورس بەردەوامە.[1]
- سێرینا مۆرونی، کۆنسوڵی گشتی ئیتاڵیا لە هەرێمی کوردستان لە تویتێکدا نووسیویەتی حکوومەتی ئیتاڵیا 12 تۆن هاوکاری بەپەلەی لە رێگەی هەرێمی کوردستانەوە گەیاندە کەمپەکانی ئەبو خەشەب و توێنە لە رۆژئاوای کوردستان.[3]
- لە گوندی ئوم کەهف سەربە تل تەمر دلیار جزیری پەیامنێری رۆناهی تیڤی بەهۆی تۆپبارانی سوپای داگیرکەری تورک و چەتەکانییەوە برینداربوو گوازرایەوە بۆ نەخۆشخانە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- تەقینەیەک لە نزیک باڵیۆزخانەی لوبنان لە دمەیشقی پایتەختی سوریا رویداو بەهۆیەوە ژمارەیک کوژرا و برینداری لێکەوتەوە.[2]
- پێکهاتە و رێکخراوەکانی ئەمریکا داوا لە کۆنگرێس و وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دەکەن لەکاتی گەیشتنی سەرۆککۆماری تورکیا بە کۆشکی سپی، هێزە ئەمنییەکان پارێزگاری لە خۆپیشاندانی ئاشتیانە بکەن.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

🏢 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏢 شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ قامیشلۆ
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ کۆبانی
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ زاخۆ
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 12-11-2019
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 12-11-2019
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 12-11-2019
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 12-11-2019
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 12-11-2019

کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01 9:05:46 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 315
**2019-11-13**
https://www.kurdipedia.org/?q=20191001090546373126




باکووری کوردستان
- لە چوراچێوەی زنجیرە چالاکییەکانی رۆژی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژناندا، ئەنجومەنی ژنانی سەر بە هەدەپەی شاری ئێلح و بزوتنەوەی ژنانی ئازاد کە بەنیاز بوون بەیاننامەیەک بڵاو بکەنەوە لە لایەن پۆلیسی تورکەوە رێگریان لێ کراو 10 ژن دەستگیر کران.[1]
- بە فەرمانی وەزارەتی ناوخۆی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر، قیووم لە پۆستی هەر دوو شارەوانیی هەدەپەی ناوچەکانی یەنی شەهیر و حەزرۆی ئامەد و ناوچەی هەزەخی شرنەخ و شارۆچکەی پەرپی سەر بە ناوچەی مازگێردای دێرسم دانا. بە دانانی ئەم چوار قیوومەی ئەمرۆ، ژمارەی شارەوانیەکانی هەدەپە لە شارە گەورەکان و ناوچەکانی باکوری کوردستان کە لە لایەن دەوڵەتی فاشیزمی تورکەوە دەستی بەسەردا گیراون و قیوومیان بۆ دامەزراندوون، گەیشتە 20 شارەوانی.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ژمارەیک لە پەرستارانی شاری سەقز، لەمەڕ دواخستنی گەڵاڵەی دامەزراندنی پەرستارانی خۆجێیی، نارەزایەتییان دەربڕی. ئەو پەرستارانە لە بەخشنامەیەکدا کە واژۆی ژمارەیەک لە پەرستارانی ئەو شارەی پێوەیە، دژی دواخستنی گەڵاڵەی دامەزراندنی پەرستارانی خۆجێیی بوون.[6]
باشووری کوردستان
- لەبەر کەمیی و نەبوونی مامۆستا لە لە شارەدێی سەرقەڵای سەر بە شارۆچکەی کفری

خوێندکاران خۆپیشاندانیان ئەنجامداو ڕێگای سەرەکی کەلار بۆ کفری-یان داخستووە و لایەنی پەیوەندیداریش دەڵێن لە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکەدان.[3]
- لەبەرامبەر دانەمەزراندنیان و خراپی ڕێگا و بانەکانیان، بەشێک لە دانیشتوانی شارەدێی تەکیەی جەباری گردبوونەوە.[5]
- کارمەندانی تەندروستی نەخۆشخانەی گشتی شەهید ڕەئوف بەگ لە شارەزوور، بەمەبەستی خستنەڕووی چەند داواکارییەک گردبوونەوە. داواکارییەکانیان بریتیبوون لە دامەزراندنی کارمەندانی خۆبەخش و خەرج کردنی دەرماڵەی جوگرافی کەنزیکەی ساڵێکە ڕاگیراوە.[7]
- ژمارەیەک لە دەرچووانی تواناسازی شاری هەولێر، بەمەبەستی گەیاندنی داواکاریەکانیان لەبەردەم بینای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم گردبوونەوە و داوادەکەن حکومەت ئەو پارەیەیان بۆ خەرج بکات کە پێشتر بڕیاری لەسەرداوە.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای داگیرکەری تورک و چەتەکانی ئەردۆغان لە درەنگانی شەو هێرشیان بدووەتە سەر گوندی عبدولحەی کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری سەرێکانی و ڕووبەڕووی وڵامێکی توندی شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیمۆکراتیک بوونەتەوەو شەڕەکە نزیکەی نیو کاتژمێر بەردەوام بووە. بە پێی زانیارییەکان، لە ئەنجامی شەڕەکەدا 4 چەتەی ئەردۆغان کوژراون.[1]
- ئەنجامدەری سەرەکی تەقینەوەکەی ڕۆژی دووشەمەی ڕابردووی قامشلۆ دەستگیر کرا و ئاشکرا کراوە کە ژمارەیەک کەسی دیکە هاوکاریان کردووە بۆ کردەوەکە. ئاسایش بڵاوی کردووەتەوە، بەگوێرەی لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوەکانیان، ئەنجامدەری سەرەکی فەرمانەکانی لە کەسێک وەرگرتووە کە لە تورکیا نیشتەجێیە.[4]
- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و چەتەکانی بە چڕی گوندەکانی سەر بە شاروچکەی تل تەمر تۆپباران دەکەن.[1]
- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و چەتەکانی هێرشێکی قورسیان کردووەتە سەر گوندی عەزیزییەی ئاشووری و سوریانیەکانی سەر بە تل تەمر. ئەنجومەنی سەربازی سوریانی وڵامێکی توندی داگیرکەرانیان داوەتەوە. هێرش و بوردومانەکانیش بەردەوامن.[1]
دەرەوەی کوردستان
- سەرۆکی ئەمریکا بە دەرکردنی ڕاگەیەندراوێک، ئاماژەی بەوەدا، دۆخی نائاسایی وڵاتەکەی لە بەرامبەر ئێران بۆ ساڵێکی دیکە درێژ کردووەتەوە.[1]
- بەهۆی سەردانی ئەردۆگان بۆ واشەنتن دی سی، ناڕەزایی زۆر لەلایەن ئەمریکییەکانەوە پێشاندرا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ○ باتمان - ئێلح
شار و شارۆچکەکان: ● ئامەد
شار و شارۆچکەکان: ○ شڕناخ
شار و شارۆچکەکان: ○ دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: ○ سەرێکانی
شار و شارۆچکەکان: ○ کفری
شار و شارۆچکەکان: ○ کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: ○ قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: ○ چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: ○ سەقز


🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەیدسادق (شارەزوور)
🏢 شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر
Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-11-13
[2] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-11-13
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-11-13
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-11-13
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-11-13
[7] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-11-13

کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01 9:05:46 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 316
**2019-11-14**
https://www.kurdipedia.org/?q=20191001090546373127




باکووری کوردستان
- هێزەکانی پۆلیسی دەوڵەتی تورک لە ناوچەی شاهینبەی و شەهید کەمالی شاری دیلۆک لە چوارچێوەی ئۆپراسیۆنەکانی قرکردنی سیاسی دا، بەسەر بنکەو بارەگاکانی ڕێکخستنی هەدەپەدا گرت. بەپێی زانیارییەکان لە ئەنجامی ئۆپراسیۆنەکەدا موسلم کلچ هاوسەرۆکی هەدەپەی شاری دیلۆک و محمد ئوزکان هاوسەرۆکی ناوچەی شاهینبەی و هەر یەک لە هاتیجە کوچوکر و مستەفا تونج بەرێوەبەرانی هەدەپەی ناوچەکە، بە گشتی زیاتر لە 52 کەس دەستگیر کران.[1]
- لە چوارچێوەی ئەو ئۆپراسیۆنە بەرفراوانەی سوپای تورکی داگیرکەر کە لە چەند ناوچەیەکی باکوری کوردستان دەستی پێ کردبوو، ئەمرۆش لە دەوروبەری ناوچەی لجێی شاری ئامەد ئۆپراسیۆنێکی سەربازی ئەنجامدا.[1]
- فراکسیۆنی هەدەپە کە سێ ئەندامی لە کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤی پەرلەمانی تورکیا هەیە، کشانەوەی لە کۆمیسیۆنەکە راگەیاند.[5]
- پۆلیسی تورک لە ناوچەی ئەلبیستان-ی سەربە شاری مەرەش هەڵیکوتایە سەر ماڵی عەلی کیسا بەرپرسی هەدەپەی ناوچەی ئەلبیستان و لە ئەنجامدا، 8 بەرپرسی هەدەپە بە ناوەکانی عەلی کیسا، ئەلیف کیسا، خەلیل خۆشئۆغلوو، بەکر قەرە، هەتون بارک، ئیبراهیم مایر، دیلەک بەکر و محەمەد دیلەکچی دەستگیر کران. لە لایەکی ترەوە هەر ئەمرۆ هێزەکانی پۆلیسی دەوڵەتی تورک لە ناوچەی شاهینبەی و شەهیدکەمالی شاری دیلۆک لە چوارچێوەی ئۆپراسیۆنەکانی قرکردنی سیاسی دا، هەڵیانکوتایە سەر بنکەو بارەگاکانی ڕێکخستنی هەدەپە و بەپێی زانیارییەکان لە ئەنجامی ئۆپراسیۆنەکەدا موسلم کلچ هاوسەرۆکی هەدەپەی شاری دیلۆک و محمد ئوزکان

هاوسەرۆکی ناوچەی شاهینبەی و هەر یەک لە هاتیجە کوچوکر و مستەفا تونج بەڕێوەبەرانی هەدەپەی ناوچەکە، بە گشتی 52 کەس دەستگیر کران.[1]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- کاسبکارێکی کورد بە ناوی کامەران بەیانەک کوڕی مستەفا تەمەن 26 ساڵە، خەڵکی شاری پیرانشار لە سنووری حاجی هۆمەران لە لایەن هێزە نیزامییەکانی حکوومەتییەوە تەقەی لێکراوە و گیانی لە دەست داوە.[7]
باشووری کوردستان
- یەکەمین پێشانگای نێودەوڵەتی کتێب لە سلێمانی دەستپێدەکات. لەم پێشانگایەدا زیاتر لە 180 ناوەند و بڵاوکراوەی نیشتمانی و بیانی و عەرەبی بەشداریی دەکەن کە بریتین لە بەرهەمی وڵاتانی تونس و جەزائیر و سعودیە و ئیمارات و سۆدان و ئوردن و عێراق و ئێران و تورکیا، هەروەها کتێبخانە گشتییەکانی کوردستان-یش بەشدارن.[2]
- لە هۆڵی ئیسماعیل بێشکچی لە کولێژی زمانی زانکۆی سلێمانی یادی 235 ساڵەی دامەزراندنی سلێمانی دەکرێتەوە. لە مەراسیمەکەدا خەڵاتی رێزلێنان دەبەخشرێتە چەند کەسایەتییەکەی شاری سلێمانی کە جێ دەستیان لە رۆشنبیری و ئەدەب و بەرەوپێشچوونی شارەکەدا هەبووە.[4]
- نزیکەی هەفتەیەکە شاری کەرکوک پڕ کراوە لە وێنەی عەلی سیستانی مەرجەعی باڵای شیعە لە نەجەف بەشێوەیەک هەڵواسینی لەناو فەرمانگە و سەر ئۆتۆمبێلە حکومییەکان کراوەتە فەرمان.[2]
- جارێکیتر ئیدارەی کەرکوک داوایکردووە هێزە سەربازییەکان دەستتێوەردان بکەن بەمەبەستی نیشتەجێکردنەوەی عەرەبە هاوردەکانی سەردەمی سەدام لە 12 گوندی سەرگەڕان.[2]
- ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم بڕیاری پلە بەرز کردنەوەی سەربازی بۆ خانەنشینانی پێشمەرگە و کەمئەندامانی سەنگەر لە وەزارەتی پێشمەرگە قەد ةغة دەکات. [2]
- بەرەی تورکمانی سەبارەت بە بڕیاری دادگای فیداڵی بۆ هەڵوەشانەوەی چەند ماددەیەکی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دوای تانەی لیژنەیەکی پەرلەمانی هەرێم، دەسەڵاتدارانی هەرێم بە دەستوەردان تۆمەتبار دەکات.[6]
- وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان رایدەگەیێنێت، کێشەکانی نەخۆشخانەی بەرکەوتووانی کیمیایی لە پارێزگای هەڵەبجە چارەسەر دەکرێن و کۆمەڵێک لە بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی رەوانەی دەرەوەی وڵات دەکرێن.[5]
- هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە بۆ بایکۆتکردنی کاڵای تورکی لە شاری هەولێر بەردەوامە و چالاکوان ڕایدەگەیەنن، بە هەڵمەتی بایکۆتکردنی کاڵای تورکی بەرگری لە رۆژئاوای کوردستان دەکەن.[6]
- لەپاش تەواوبونی یاری نێوان عێراق و ئێران و بردنەوەی ئێراق، بەشێک لە هاوڵاتیانی کەرکوک هاوشێوەی ناوچە جیاجیاکانی تر خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی و هەندێکیان لەڕێگای تەقەکردنی هەڕەمەکی، خۆشحاڵێ خۆیان دەربڕی و بەهۆیەوە سێ کەس برینداربوون.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- شەوی رابردوو، لە سەرێکانی لەو جێگەیەی کە گرووپی سوڵتان موراد و دەوڵەتی تورکی لێیە، تەقینەوەیەکی گەورە ڕوویدا. بە پێی زانیاریەکان زیاتر لە 15 داگیرکەر کوژران.[1]
- هێرشی هێزە داگیرکەرەکانی تورک سەرلەبەیانی ئەمرۆش بۆ سەر گوندەکانی تل تەمر بەردەوام بوو.[1]
- کەناڵی زڤیزدای رووسی بڵاویکردەوە، بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی دەوریە سەربازییەکانی رووسیا لە ناوچەکە ژمارەیەک هێلیکۆپتەر رەوانەی فڕۆکەخانەی قامشلۆ کراوون. کەناڵەکە ئاشکراشیکردووە، رووسیا سیستەمی بەرگری مووشەکی و ئاسمانی ناسراو بە پانتسیر بۆ پاراستنی هێلیکۆپتەرەکان لە فڕۆکەخانەی شارەکە جێگیر دەکات.[3]
- تەرمی فۆتۆگرافەرە بۆرماییەکە لەسەر داوای خێزانەکەی لە تلتەمر سووتێندرا.[5]
- چەتەکانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر ئەمرۆ لە ناوەندی شاری عەفرین 6 هاوڵاتی مەدەنی بەتەمەنیان رفاندوو راشگەیێنراوە کە لەو شەش کەسە پێنجیان ژنن و هەموشیان پیر و بەتەمەنن، هەروها ئاشکرا کراوە کە دوای چەند کاتژمێرێک 2 لەو 5 ژنەی رفێنرابوون، بەربوون،

بەڵام چارەنووسی ئەوانی دیکە نادیارە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- بەهرۆز بوجانی رۆژنامەنووس و پەنابەری کوردی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان کە نزیکەی شەش ساڵە لەدورگەی مانووس زیندانیکراوە، ئە و دورگەیەی بەرە و نیوزلەندا بەجێهێشت.[4]
- جەیمس جێفری، نێردەی تایبەتی ئەمەریکا بۆ کاروباری سووریا رایگەیاند، هۆشداریان لە پاکتاوی رەگەزی دژی کورد داوە لە باکووری رۆژهەڵاتی سووریا (رۆژئاوای کوردستان) و رایگەیاند، پێویستە تەنها خەڵکی ئە و ناوچانە بگەڕێنرێنەوە و لە ناوچەی ئارام نیشتەجێ بکرێن.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەنتاب - دیلۆک |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامەد |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |
| شار و شارۆچکەکان: | هەڵەبجە |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | سەرێکانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | قامیشلۆ |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-11-14
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-11-14
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-11-14
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-11-14
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-11-14
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-11-14

کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01 9:05:46 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 317

**2019-11-15**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191001090546373128



باکووری کوردستان
- خانەوادەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان و گیراوانی تر بۆ ئەوەی سەردانی ئیمرالی بکەن و چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجام بدەن، داواکاریيان پێشکێشی داواکاری گشتی بورسا کرد.[1]
- بەیانی ئەمڕۆ هێزەکانی ئاسایشی تورکیا، چوار سەرۆک شارەوانیی هەدەپە-یان دەستگیرکرد و وەزارەتی ناوخۆی تورکیاش بڕیاری دوورخستنەوەیانی ڕاگەیاند. بەگوێرەی ڕاگەیێندراوێکی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی مێردین، هێزەکانیان هاوسەرۆکی شارەوانییەکانی شارۆچکەکانی ستێور، دێرک و شەمرەخ، بەتۆمەتی تیرۆر دەستگیرکرد کە سەر بە هەدەپەن و بۆ لێکۆڵینەوە ڕەوانەی هۆبەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر کران.[2] ناوی سەرۆک شارەوانییەکان ئەمانەن: گوڵستان ئۆنجو هاوسەرۆکی شارەوانی ستەور و نالان ئۆزئایدن هاوسەرۆکی شارەوانی شەمرەخ و موڵکیە ئەسمەز هاوسەرۆکی شارەوانی دێرک و هاتیجە چەویک هاوسەرۆکی پرسوسی هەدەپە.[1]
باشووری کوردستان
- لە هۆڵی هۆتێل گراند میلینۆم لە سلێمانی، مەراسیمێکی شایستە بۆ چلەی کۆچی دوایی (پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ) بەڕێوەچوو، کە تیایدا ژمارەیەکی بەرچاو لە بەرپرسانی حکومی و بەرپرسی لایەنە سیاسییەکان و ئەدیب و ڕۆشنبیر و هاوڕێیانی و خانەوادەکەی ئامادەبوون.[3]
- وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، خەریکی دروستکردنی بۆردێکن بۆ کارەکانی وەرگرتنی شاری سلێمانی لەلایەن ڕێکخراوی یۆنیسکۆ وەک شاری داهێنەری ئەدەب و داوای لەهەمووان کرد کار بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەرنامانە بکەن.[3]
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک وا بۆ زیاتر لە 3 کاتژمێر، ناوچەکانی قەندیل بوردومان دەکەن.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بە هەزاران هاوڵاتی حەسەکە، تەرمی هەر یەک لە شەهیدانی قەسەدە حسێن ئەلحسێن (لەوەند حەسەکە)، لوئەی محەمەد(گیڤارا حەسەکە)، ئەیاد ئە یۆ (برووسک حەسەکە)، عە لی ئە ل-سەرای (مولازم حەسەکە)، خدر محەمەد (قەیسەر حەسەکە), عە بدولرەزاق سالح (برووسک حەسەکە)یان وەرگرتەوە کە لە چوارچێوەی بەرخۆدانی شکۆدا گیانیان بەخت کردووە. هاوڵاتیان تەرمەکانیان لە ئەنجومەنی بنەماڵەی شەهیدان وەرگرتەوە و بە کاروانێک بەرەو گۆڕستانی شەهید دژوار لە گوندی داودیە بەڕێکەوتن.[1]
- بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی هاوار، سوپای داگیرکەری تورک و گروپە چەتە هاوپەیمانەکانی، لە گوندی عەریشا-ی سەربە تل تەمر، 16 هاوڵاتی مەدەنیان ڕفاندووە کە لەنێویشیاندا ژن و کچی گەنج هەن. ناوی بەشێک لەو هاوڵاتیانەی کە ڕفێندراون، بەمشێوەیەیە: ئیسماعیل محەمەد، ئیسماعیل حەمۆ، خدر عەلی جەمۆ، محەمەد ئەلحەمۆ، برتەقالە عەتیە، جازییە ئەلحەزۆ، زەمۆ ئەلبیۆ، دالیا ئەلحەزۆ تەمەن 15ساڵ، عەبتا ئەلبیۆ، خدر جەمۆ.[6]
دەرەوەی کوردستان
- سەرۆکی سووریا، بەشار ئەسەد، ڕایگەیاند، دەستووری سووریا پیرۆز نییە و ئاساییە دەستکاری بکرێت. دوای شەڕیش ڕێگە بە هیچ جیاخوازییەک لە سووریا نادرێت.[4]
- نرخی بەنزین لە ئێران بۆ سێ هێندە بەرز دەبێتەوە و پشکی هەر شۆفێرێک مانگانە 60 لیتر دەبێت و نرخی ئەو بڕە بەنزینەش بە ڕێژەی لە سەدا 50 بەرز دەبێتەوە.[5]
- حکومەتی ئێران بڕیاریدا بە ڕاگرتنی ئینتەرنێت لە هەریەک لە شارەکانی مەشهەد و ئەهواز و شیراز کە خۆپیشاندانی فراوان لەو شارانە ئەنجام دراوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏛 پارت / لایەن: | هێزەکانی سووریای دیموکرات - هـ. س. د |

🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ ماردین
🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ حەسەکە
Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 15-11-2019
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 15-11-2019
[3] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 15-11-2019
[4] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردستان 24 - 15-11-2019
[5] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی یوک میدیا - 15-11-2019
[6] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 15-11-2019
کاتی تۆمارکردن: 01-10-2019 9:05:46 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 318

**2019-11-16**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191001090546373129



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- خۆپیشاندان شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە و بەهۆیەوە بەلایەنی کەمەوە 8 کەس کوژران و ژمارەیەکی زۆریش بریندارببوون.[6]
باشووری کوردستان
- پرۆسەی کۆنفرانسی کۆمیتەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسنووری مەڵبەندەکانی کەرکوک و شارەزوور و شەنگال و دهۆک و گەرمیان بەڕێوەدەچێت.[1]
- شەوی ڕابردوو فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا گوندێکی بەرواری باڵا-یان بۆردومان کرد و سێ خانووی هاووڵاتیان کراونەتە ئامانج و زیانی ماڵیی زۆری لێکەوتەوە.[2]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لەسەر قەڵای شێروانە لە شاری کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوقافەوە کەرنەڤاڵی گەرمیان بۆ خۆشەویستی پێغەمبەری ئیسلام ئەنجامدرا.[4]
- لە کۆمیتەیەکی یەکێتی لە کفری بەهۆی دروستبوونی گرژی و ئاڵۆزی دوو کەس بە تەقە بریندارببوون.[5]
- دەزگای گشتی کاروباری مین لە گەرمیان ئاشکرای کرد: سەر لە بەیانی ئەمڕۆ، هاووڵاتییەک بە ناوی سەفەر یوسف محەمەد لە دایکبووی 1987 بە ڕووداوی مین لە ناوچەیەکی مینڕێژکراوی سەر شاخی بەمۆ گیانی لەدەستدا.[2]
- بە بەشداری 8 ئاین و ئاینزای جیاواز، کۆنفرانسی فرە ئایینی و پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو. بەلای پێکهاتەکانەوە گرنگە پەرە بە پێکەوەژیان بدرێت و ئەو

ئەزموونەش کە هەیە بپارێزرێت و هەوڵیش بدرێت، لە ڕێگەی دەقە یاساییەکانەوە مافی پێکهاتەکان پارێزراوتر بکرێ.[2]
دەرەوەی کوردستان
- خانەوادەی کایا، هاوژینی تاهر ئەلچی کە 28ی تشرینی دووەمی 2015 لە ئامەد لە لایەن هێزەکانی پۆلیسەوە شەهیدکرا، تورکان ئەلچی نوێنەری دەستەی کوردی دیموکراتیکی فەرەنسا و ئەندامانی ناوەندی کلتوری کوردی ئەحمەد کایا، ئینیستیتوی کورد لە پاریس و ژمارەیەک هەواداری لە گۆڕستانی لاچاسی پاریس ئامادە بوون. لە یادەکەدا گولتەن کایا، تورکان ئەلچی، نەجمەدین دەمیرکاپی هاوسەرۆکی ناوەندی کلتوری کوردی دیموکراتیک و کەندال نەزان لەسەرناوی ئینیستیتوی کوردان لە پاریس قسەیان کرد. لە قسەکاندا ڕاگەیەنرا، بە داواکاری و خەیاڵی هونەرمەند ئەحمەد کایا و شەهیدەکان تێکۆشان بەردەوام دەبێت. یادەکە دوای سەردانی گۆڕی یيلماز گونەی هونەرمەند و دەرهێنەری سینەمای کورد کۆتایی هات.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-11-16
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-11-16
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-11-16
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-11-16
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-11-16
[6] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01 9:05:46 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 319

**2019-11-17**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190823234641369432




ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ماڵپەری هەنگاو بۆ پرسی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاشکرایکردووە کە تاکوو ئێستا زیاتر لە 11 خۆپیشاندەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تەقەی هێزە ئەمنییەکان گیانیان لەدەستداوەو نزیکەی سەد کەسیش بریندار بوون. بەپێی زانیارییەکان 10 کەس لە شاری جوانرۆ، 6 کەس لە مەریوان و خۆپیشاندەرێکیش لە شاری سنە کوژراون. خۆپێشاندانەکان ئەمرۆش لە زۆربەی شارەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوامن.[1]
- کیژێک بە ناوی شلێر دادوەند خەڵکی میراوێی بۆکان، لە خۆپیشاندانەکاندا بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە حکوومەتییەکانی ئێران، کوژرا.[4]
باشووری کوردستان
- یەکەمین دانیشتنی دادگایی کەیسی سێوان قادر و منداڵەکانی بەڕێوەچوو، کەسوکارەکەشی داوای دەرکردنی سزای لە سێدارەدان بۆ تاوانباری کەیسەکە دەکەن.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ بڵاویکردەوە، کە هێزەکانی سووریای دیموکرات بە گوێرەی ڕێککەوتن لەگەڵ ڕووسیا و حکوومەتی سووریا، شارۆچکەی تل تەمر رادەستی هێزەکانی رووسیا دەکات. بەگوێرەی ڕێککەوتنەکەش هێزەکانی ڕووسیا و حکوومەتی سووریا لە شارۆچکەی تل تەمر بڵاودەکرێنەوە و هێزەکانی تورکیا و چەکدارانی ئۆپۆزسیۆنیش لە دەوروبەری تل تەمرەوە تاوەکو سنووری سەرێکانی دەکشێنەوە.[1]
- وتەبێژی فەرمی هێزەکانی سوریای دیمۆکراتیک (قەسەدە) رایگەیاند هێرشەکانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و چەتەکانی بۆ سەر ڕێگای نێودەوڵەتی (M4) و تل تەمر بێ وەستان بەردەوامن.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏢 پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ بۆکان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەرێکانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ جوانرۆ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ مەریوان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-11-17
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-11-17
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-11-17
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-11-18


کاتی تۆمارکردن: 2019-08-23 11:46:41 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 320

**2019-11-18**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191001090546373130




ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- خۆپیشاندان لە شارەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستپێکردەوە، ئێوارەی ئەمڕۆ بە تەقەی هێزەکانی ئێران لە مەریوان سێ کەس بریندارکران.[4]
باشووری کوردستان
- بەڕێوبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر، بەشی میوزیک و گۆرانی لەژێر دروشمی (میوزیک و گۆرانی دەنگێک بۆ نیشتیمان) دووەم فیستیڤاڵی کوردستان بۆمیوزیک و گۆرانی بەبەشداری هونەرمەندو موزسیانانی هەرچوارپارچەی کوردستان سازکرد.[6]
- بۆ هۆشیارکردنەوەی خوێندکاران سەبارەت بە گرنگی بایکۆت و زیانەکانی بەرهەمی تورکی، لە خوێندنگایەکی ئامادەیی شارۆچکەی دەربەندیخان چالاکییەک بە دروشمین کوردم، کاڵای تورکی ناکڕمبەڕێوەچوو.[7]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەی سەخت لەنێوان هێزەکانی سوریای دیموکرات هەسەدە و هێزەکانی نزیک لە تورکیا بە پشتیوانی فڕۆکە هەواڵگیرییەکانی تورکیا لە گوندەکانی دەوروبەری تلتەمەر دەستپێکرد.[1]
- تەرمی هەریەک لە (ئەحمەد عوسۆ 'بەرخۆدان قۆمەلخ'، عەبدوڵا قادر 'برووسک کۆبانێ'، مەروان تورکی 'مەروان' و ئاگر ئامەد 'زووهات')ی شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکراتیک کە لە گوندەکانی سەر بە گرێ سپی لە چوارچێوەی بەرخۆدانی شەرەف لە وەڵامی هێرشەکانی سوپای تورکی داگیرکەر و چەتەکانی شەهید ببوون، بە مەراسیمێکی جەماوەری لە گۆڕستانی شەهید دیجلە لە کۆبانی بەخاک سپێردران.[2]
- لە چالاکییەکی شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) لە گوندەکانی عەین عیسا، ئەحمەد حسێن جاسم ناسراو بە (ئەبو حەفز شەرقیە)کوژرا. ئە و فەرماندە سەربازییەی ئەحرار ئەلشەرقیە، سەرپەرشتیاری ئە و گروپە بووە کە هەڤرین خەڵەف- یان تیرۆر کرد.[3]
- لە گوندی شرگراک-ی باشوری گرێ سپی، لەکاتی تێپەڕبوونی ئۆتۆمبێلێکی چەتە هاوپەیمانەکانی سوپای داگیرکەری تورک بەناوچەکە مینێک تەقییەوە. بەپێی زانیارییەکان، ژمارەیەک چەتە کوژراون و برینداربوون.[7]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکا سزای بەسەر (5) قەوارە و (4) کەسایەتییدا سەپاند، کە زۆربەیان لە تورکیان و تۆمەتبارن بە هاوکاریکردنی دارایی داعش.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د

شار و شارۆچکەکان: کۆبانی

شار و شارۆچکەکان: مەریوان

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی

شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ⬤دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-11-18
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-11-18
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-11-18
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-11-18
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-11-18
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-11-18

کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01 9:05:46 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 321

**2019-11-19**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191001090546373131



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- خۆپیشاندان لە شارەکانی ڕۆژهەڵات بەردەوامن و هێزەکانی داگیرکەری ئێرانیش کوێرانە خۆپیشاندەران گوللەباران دەکەن، زۆرترین شەهید و بریندار لە شاری مەریوانە.[2]
باشووری کوردستان
- ئەمڕۆ فڕۆکە بێفڕۆکەکانی تورکیا شارەدێی خانەسۆری شەنگالیان بۆردوومان کرد و خانویەکیان لە سەنتەری کومەڵگای خانەسۆر کردە ئامانج.[2]
- ژمارەیەک چەکداری دەمامکدار تەواوی مووچەی فەرمانبەرانی بەڕێوبەرایەتی کشتوکاڵی کەرکوکیان برد و هێزە ئەمنیەکانیش بەشێوەیەک چڕ لەناو شاردا بڵاوەیان پێکراوە بۆ دۆزینەوەیان.[3]
- دیداری ئاشتی و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی ئەمریکی کوردستان لە دهۆک دەستپێکرد و بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام دەبێت.[4]
- لە ساڵۆنی کوردستانی نوێ ڕێورەسمی ناساندن و بڵاوکردنەوەی نامیلکەی (بەرەو کۆنگرەی چارەنووسسازی بڕیاردان) بۆ حاکم قادر حەمە جان کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەڕێوەچوو.[5]
- لە هەولێر، لە فێستیڤاڵێکدا چەندین پەرتوکی دەستنووس نمایشکران کە مێژووی نوسینەکانیان بۆ 500 ساڵ پێش ئیستا دەگەڕیتەوە، بە وتەی بەرپرسی هۆبەی دەستنووسەکان نزیکەی 700 پەرتوکی دەستنووس لە کوردستان هەیە و تائیستا پارێزراون.[3]
- لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی ناوەندی حەوت ڕەنگە بەهاوکاری بەڕێوەبەرایەتی هونەری شێوەکاری سلێمانی 11یەمین پێشانگای تایبەتی هونەرمەند ئاری بابانی کردەوە، بەڵام ناوبراو بەهۆی باری تەندروستییەوە نەیدەتوانی قسە بۆ میدیاکان بکات.[3]
- بۆ هۆشیارکردنەوەی خوێندکاران سەبارەت بە گرنگی بایکۆت و زیانەکانی بەرهەمی تورکی، لە

شارۆچکەی دەربەندیخان چالاکییەک بە دروشمی (من کوردم، کاڵای تورکی ناکڕم)
بەڕێوەچوو.جەختیش کرایەوە بەشێکی کاڵای تورکی مەترسی نەخۆشی جۆراوجۆریان لەسەرە.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورکی داگیرکەر و چەتەکانی دوێنێ شەو هێرشیان کردە سەر گوندەکانی دەوروبەری هەرێمی دبسی سەر بە عەین عیسا و هەوڵیاندا ڕێگەی نێودەوڵەتی (M-4) داگیر بکەن.
شەڕڤانانی هەسەدە وڵامی هێرشەکانیان دایەوە و لە ئەنجامدا چەتەیەکی داگیرکەر کوژرا.[1]
- ماڵی هاووڵاتییانی سەرێکانی لەلایەن گرووپە چەکدارەکانی سەر بە تورکیا تاڵان دەکرێن و چەندین خانووی کورد کراونەتە بارەگای سەربازیی میلیشیاکان. خەڵکیش ناتوانن بگەڕێنەوە شوێنەکانیان، هاوکات دیاردەی ڕفاندن دەستی پێ کردووە و دواتر بە بڕە پارەیەکی زۆر ڕفێندراوەکان ئازاد دەکرێن. ئەوەی ئێستا لە سەرێکانی ڕوو دەدات، پێشتر بەرامبەر بە خەڵکی عەفرین کراوە.[5]
- هاوڵاتیەک بە ناوی عەلائەدین ئەلحسێن بە هۆی تەقینەوەی مینێکی سوپای تورکی داگیرکەر و چەتەکانی داعش و ئەلنوسرە لە گوندی هۆشانی عەین عیسای کانتۆنی گرێ سپی هەرێمی فورات بریندار بوو.[1]
- سەرەڕای ئەوەی ئەمریکا بەڵێنی پاراستنی پێکهاتەکان و بەتایبەت کریستیانەکانی ڕۆژئاوای کوردستانی لە سەرۆکی تورکیا وەرگرتووە، بەڵام گرووپە چەکدارەکانی سەر بە تورکیا لە چەند شوێنێک لە دژی کورد و کریستیانەکان کۆمەڵکوژییان کردووە. ژمارەیەک لە کریستیانەکان لەدوای هێرشەکەی تورکیا ناوچەکانیان چۆڵکردووە، بەڵام بەشێکیان چەکیان هەڵگرتووە و شانبەشانی هەسەدە پارێزگاری لە گوندەکانیان دەکەن.[4]
- بەگوێرەی ماڵپەڕی چەتەکانی سەربە دەوڵەتی تورک، لە گوندێکی نزیک سەرێکانی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێکراو لە نزیک بارەگایەکی سوپای تورک تەقێندراوەتەوەو کوژراو برینداری لێکەوتووەتەوە.[7]
دەرەوەی کوردستان
- ئەمرۆ فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی لیبیا لە ڕاگەیەندراوێکدا تێکشکاندنی 19 زرێپۆشی دەوڵەتی تورک کە بۆ هاوکاری چەتەکانی ڕەوانەی لیبیای کردبوو، ڕاگەیاند. لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: دوای خستنە ژێر کۆنترۆڵی 19 زرێپۆش کە بۆ هاوکاری گروپە چەتەکانی گرێدراوی دەوڵەتی تورک بە کەشتیی لە تورکیاوە ڕەوانەی بەندەری مسراتە کرابوون، لە ئاسمانەوە بە فڕۆکە کرانە ئامانج و تێکشکێندران.[7]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د |
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ گرێ سپی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ مەریوان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ دەربەندیخان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♜ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ شنگال |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ دهۆک |

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەرێکانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🕊 ئەفرین
Quick Respons Code:

📄سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-11-19
[2] ⚫دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-11-19
[4] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-11-19
[5] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-11-19
[6] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-11-19
[7] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-11-19

کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01 9:05:46 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 322
**2019-11-20**
https://www.kurdipedia.org/?q=20191001090546373132



باکووری کوردستان
- موسلیم کلیچ، هاوسەرۆکی هەدەپە لە دیلۆک و عەبدوڵا ئینجە هاوسەرۆکی دەبەپە، سەلمان تونومڵو، هاوسەرۆکی هەدەپەی ناوچەی شەهید کامیلێ، موسلم ئۆزگان، ئەمین کاڤاک، محەمەد گوموشتەکین، سلێمان یاگز و سەردار یلدرم کە لە 14ی تشرینی دووەم لە ماڵەکانی خۆیان دەستبەسەر کرابوون، لە ئاسایش دەرهێنران و ڕەوانەی دادگای دیلۆک کران. دوای وەرگرتنی وتە لێیان، 8 کەس بە تۆمەتی ئەندامبوون لە ڕێکخستن لە لایەن دادگاوە بڕیاری زیندانیکردنیان بۆ دەرچوو. سیاسەتمەدارەکانیان ڕەوانە گرتووخانەی پیتی Aی دیلۆک.[7]
- هاوسەرۆکی شارەوانی سوروج-ی هەدەپە 'خەدیجە چەڤیک' کە لە ئۆپەراسیۆنی قڕکردنی سیاسیدا دەستبەسەر کرابوو، بڕیاری زیندانیکردنی بۆ دەرچوو.[7]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بارودۆخی تەندروستیی 4 کەس لە بریندارەکانی بۆکان ناجێگیرە و 2 کەس لە بریندارەکان ڕەوانەی نەخۆشخانەی شاری ورمێ کراون. هێزەکانی سپای پاسداران لە نەخۆشخانەی قولی پووری بۆکان جێگیر کراون و ئیزن بە چوونە ژوورەوەی کەس نادەن و نەخۆشخانە بووەتە پادگانی نیزامی.[5]
- خەلیل ئەسەدی بوژانی، چالاکی فەرهەنگیی پەیڕەوی ئایینی یارسان، لە گەڕەکی جەعفەرئاوای کرماشان، بێ پیشاندانی مۆڵەتی یاسایی لەلایەن ئیتلاعاتی سپای پاسدارانەوە دەسبەسەر کرا. هێزە ئیتلاعاتییەکان هێرشیان کردووەتە سەر خانووی ئەم چالاکە فەرهەنگییە و دوای پشکنین، کەرەستەی کەسی، مۆبایل و کتێبەکانی ناوبراویان لەگەڵ خۆیان بردووە.[5]

باشووری کوردستان
- بەپێی ڕاگەیێندراوێکی دەستەی دەستپاکی عێراق، فەرمانی دادگا دەرچووە بۆ هەریەک لە: یاریدەدەری پارێزگاری کەرکوک بۆ کاروباری تەکنیکی، سەرۆکی پێشووی زانکۆی کەرکوک و یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و ڕاگری پێشووی کۆلێژی یاسا و سەرۆکی پێشووی بەشی یاسایی لە زانکۆی کەرکوک.[1]
- کەناڵی ئێن ئارتی دوو پەخشکردنی زنجیرە فیلم و کلیپی تورکیی بایکۆتکردووە، دوو زنجیرە فیلمی تورکیش کە بەنیازبوو دۆبلاژیان بکات دەگەڕێنێتەوە بۆ تورکیا.[4]
- دوایین کاروانی کەمپەینی هاواری نیشتیمان کە بۆ پشتیوانی ڕۆژئاوای کوردستان لە هەولێر ڕاگەیەندرابوو، کە پێنج تۆن دەرمان و پێداویستی پزیشکی بوو، ڕەوانەی ڕۆژئاوای کوردستان کرا.[4]
- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان فەرمانی گەڕانەوەی 53 فەرمانبەری سەر بە یەکێتی لە دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم دەرکرد، وەک قۆناغی یەکەمیش 27 فەرمانبەر گەڕانەوە سەر کارەکانیان، دوای ئەوەی لە ماوەی ڕابوردوو فەرمانی گواستنەوەی ڕاژەیان بۆ کرابوو.[1]
- هەرچەندە هاوڵاتیانی باشوری کوردستان بەبەردەوامیی داوای بوژاندنەوەی بەرهەمی ناوخۆیی دەکەن، بەڵام ئەمڕۆ بەهاوکاری بەرپرسانی حکومەتی هەرێم و بەشداربوونی وەزیری بازرگانی هەرێم، کونسوڵی دەوڵەتی تورک لە هەرێم، پارێزگاری هەولێر، 21ەمین پێشانگای نێودەوڵەتی بۆ بەرووبووم و ئامێرەکانی کشتوکاڵی تورکیا و چەند وڵاتێکی دیکە کرایەوە. لە پێشانگاکەدا زۆرترین کۆمپانیای بەشدار کۆمپانیاکانی دەوڵەتی تورکن، هەروەها کۆمپانیای چەند وڵاتێکی دیکەی بیانی و ناوخۆیی بەشدارن.[4]
- پرۆژەی کلتوریی 'ئێمە دیارین' کە پرۆژەیەکی هاوبەشی کۆمەڵەی مێسلا و مس گەلەرییە و خۆی لە دروستکردنی خشتی نەخشێندراو بە وێنە و نووسراو دەبینێتەوە و بۆ مۆزەخانەی کۆبانێ دروستکراوە، لە مەراسیمێکدا لە شاری سلێمانی نمایشکرا.[4]
دەرەوەی کوردستان
- هەواڵگری ئەمریکا لە ڕاپۆرتێکدا رایدەگەیەنێت: ڕێکخراوی داعش لە ناو سوریادا بە ئاشکرا دەرکەوتووەتەوە و لە توانایدایە هێرش بکاتە سەر خۆرئاوا، ئەوەش لەئەنجامی بڕیارێکی مانگی ڕابوردووی دۆناڵد ترامپ بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە باکوری سوریا.[1]
- وتەبێژی نەتەوە یەکگرتووەکان داوا لە هێزە ئەمنییەکانی ئێران دەکات، دەستڕێژی گوللە لە خۆپیشاندەران نەکەن و لە زووترین کاتدا هێلەکانی ئەنتەرنێت بگەڕێننەوە.[1]
- سوپای ئیسرائیل لە ڕاگەیاندراوێکدا ئاماژەی بەوەکردووە، وەڵامی ئەو مووشەکانەیان داوەتەوە کە لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە لە سووریاوە ئاراستەی ئیسرائیل کراون و بەیانی ئەمڕۆ فڕۆکەکانیان چەندین بنکەی فەیلەقی قودس و چەکدارانی سەر بە ئێرانیان لە سووریا کردووەتە ئامانج. سوپای سووریاش لەسەر ئەو هێرشانە بڵاویکردووەتەوە، بەرگری ئاسمانی وڵاتەکەیان لە دەروبەری دیمەشق چەند مووشەکێکی ئیسرائیلیان خستووەتە خوارەوە.[3]
- گوتەبێژی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا ''پێنتاگۆن رایدەگەیێنێت، سەرچاوەی داهاتی کێڵگە نەوتییەکانی باکووری سووریا بۆ هەسەدە دەچێت، نەک ئەمریکا.[2]
- داگیرکەری ئێران، کوژرانی 13 خۆپیشاندەری پشتڕاستکردەوە.[6]
- حکومەتی سوریا بڵاویکردەوە، بۆردوومانەکانی ئیسرائیل کۆگای چەکی سەر بە ئێرانی لە ریفی پارێزگای دیمەشق کردۆتە ئامانج و بەهۆیەوە 11 کەس کوژراون، کە 7 یان ئێرانین. راگەیاندنی ڕەسمی سوریا ئەوەشی بڵاوکردۆتەوە، بۆردوومانەکە سەرباری زیانە گیانییەکان زیانی ماددی گەورەشی هەبووە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ئەنتاب - دیلۆک
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: بۆکان
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 20-11-2019
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 20-11-2019
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 20-11-2019
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 20-11-2019
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 20-11-2019
[6] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[7] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 20-11-2019

کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01 9:05:46 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 323
**2019-11-21**
https://www.kurdipedia.org/?q=20191001090546373133




باکووری کوردستان
- ئاژانسی هەواڵدەری تورکیا (ئەنادۆڵ)، گرتەی ڤیدیۆی دەستگیرکردنی کادیرێکی پارتی کرێکارانی کوردستانی لە باکووری کوردستان بڵاوکردەوە. بە گوێرەی گرتە ڤیدیۆییەکە، سەمرا تونجەر، کە ناوی لە لیستی خۆڵەمێشی داواکراوانی تورکیایە، لە سەر رێگەی سەرەکی دیاربەکر کەوتووەتە بۆسەیەکی هێزە ئەمنییەکانەوە و دەستگیرکراوە. سەمرا، لە لایەن دەوڵەتەوە داواکراو بووە و بڕی (52) هەزار دۆلاری ئەمەریکیش وەک خەڵات دەستنیشان کرابوو، بۆ هەر کەسێک زانیاری لە بارەوە بداتە دەزگاکانی دەوڵەت.[3]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- بەهۆی نارەزایەتی دەربڕینی هاووڵاتییانی کورد لە شارەکانی کوردستان، هێزە نیزامی و ئیتلاعاتییەکانی سپای پاسداران، بە شێوەی بەربڵاو لە شارەکانی کوردستاندا، دەستیان بە رەشبگیریی هاووڵاتییانی کورد کردووە.[5]
- هەریەک لە عوسمان مستەفاپوور، بەندکراوی سیاسی خەڵکی پیرانشار دوای 28 ساڵ بەندکران و محەمەد نەزەری بەندکراوی سیاسی خەڵکی سایین قەڵا دوای 25 ساڵ بەندکران لە بەندیخانەی ناوەندی ورمێ ئازاد کران.[2]
- حکومەتی ئێران زۆربەی ئەو خۆپیشاندەرانەی دەستگیرکردوون کە هەفتەیەکە لەسەر نەبوونی و گرانکردنی نرخی سووتەمەنی نارەزایی دەردەبڕن. ئامارە نافەرمییەکان دەڵێن سێ هەزار کەس گیراون. تەنانەت برینداره‌کانیش لە نەخۆشخانە و ماڵەکاندا دەستبەسەرکراون و چارەنووسیان نادیارە.[6]
باشووری کوردستان
- بەبۆنەی رۆژی شەهیدی یەکێتییەوە لەشاروشارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان چەندین چالاکی و مەراسیمی تایبەت بە و بۆنەیەوە بەڕێوەدەچێت.[4]
- رێکخراوی ناوەندی رەگ بۆ هۆشیاری و راگەیاندن رێورەسمێکی یادکردنەوەی بۆ هەشتەم ساڵیادی کۆچی دوایی دانیال میتران لە هەولێر سازکرد کە نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان و وڵاتی فەرەنسا و نوێنەری سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی تیادا بەشداربوون.[2]
- گەڕی پێنجەمی خولی نایابی کوردستان گۆڕانکارییەکی گەورەی لە ریزبەندی خولەکە دروست کرد، برایەتی لە دەرەوەی یاریگەی خۆی سەرکەوتنی تۆمار کرد و پێشەنگی بە سیروانی نوێ چۆڵ کرد، یانەکانی دهۆک و زێرەڤانی یەکەمین سەرکەوتنیان لەم وەرزە تۆمار کرد.[3]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، لە شارۆچکەی دەربەندیخانی سەر بە پارێزگای سلێمانی، لەکاتی بەڕێوەچوونی یارییەکی تۆپی پێ، لەنێوان یانەی دەربەندیخان و یانەی زاخۆ، لەیاریگای مەحموی مامەعەزە لەشارۆچکەی دەربەندیخان، کۆمەڵێک گەنجی خۆبەخش بەمەبەستی فراوانکردنی هەڵمەتی بایکۆتکردنی کاڵای تورکی بڵاوکراوەیان بەسەر ئامادەبوواندا بڵاوکردەوە و دروشمی من کوردێکی دڵپڕم کاڵای تورکی ناکڕم-یان دەوتەوە.[1]
رۆژئاوای کوردستان
- وەزارەتی بەرگری تورکیا، رایگەیاند، لە دەوروبەری کوبانێ، فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانی تورکی بۆردومانی ژمارەیەک شەرڤانی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە)ی کردووە و حەوت شەرڤان کوژراوون.[3]
- ئەمەریکا کاروانێکی دیکەی هێزی سەربازی رەوانەی بنکە سەربازییەکانی خۆی لە باکووری تەل تەمری رۆژئاوای کوردستان دەکات.[3]
دەرەوەی کوردستان
- بەدەستپێشخەری رێکخستنەکانی پژاک لە بەریتانیا، خۆپیشاندانێک لە بەردەم باڵیۆزخانەی ئێران لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا ئەنجامدرا.[1]
- ئاژانسێکی رەسمی ئێران رایدەگەیەنێت: لەکاتی خۆپیشاندانەکاندا ژمارەیەک کچ و ژن لە سلێمانییەوە بۆ گێرەشێوێنی و ئاڵۆزکردنی زیاتری بارودۆخەکە هاتوون و لە خۆپیشاندانەکانی شارە جیاوازەکانی ئێراندا هاندەری خۆپیشاندەران بوون.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی ژیانی ئازاد - پژاک

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

شار و شارۆچکەکان: ◯ زاخۆ

شار و شارۆچکەکان: ◯ دەربەندیخان

شار و شارۆچکەکان: ◯ پیرانشار - خانە

شار و شارۆچکەکان: ◯ ورمێ

شار و شارۆچکەکان: ◯ کۆبانی

شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-11-21

[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-11-21

[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-11-21

[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-11-21

[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-11-21

[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-11-21

کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01 9:05:46 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 324

**2019-11-22**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191001090546373134




باکووری کوردستان
- خانەوادەی ئوجالان و گیراوانی تر بۆ ئەوەی سەردانی ئیمرالی بکەن و چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجام بدەن، داواکارییان پێشکێشی داواکاری گشتی بورسا کرد.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئەمنییەتیی پارێزگاری سنە و فەرماندەی هێزە نیزامییەکانی ئەو پارێزگایە، هاووڵاتییانی نارازیی بە ئەندامبوون و هاوکاری لەگەڵ حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران تۆمەتبار کردووە.[4]
باشووری کوردستان
- زیاتر لە 50 ڕێکخراو لە هەرێمی کوردستان داوا لەپەرلەمانی کوردستان دەکەن لە نووسینەوەی دەستوری کوردستان بەشدارییان پێ بکەن.[1]
- بە بەشداری نزیکەی 600 کەس لە 64 گرووپی جیا جیای شاخەوانی، فیستیڤاڵی ساڵانەی شاخەوانانی کوردستان لە ئاکرێ بەڕێوەدەچێت کە لەلایەن فیدراسیۆنی شاخەوانی هەرێمی کوردستان ڕێکخراوە.[2]
- بەبەشداری 370 ئەندام کارەکانی دەیەمین کۆنگرەی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە شاری هەولێر دەستیپێکرد، لەو کۆنگرەیەدا تەنیا ئەنجومەنێک بۆ بەڕێوەبردنی حیزب دیاری دەکرێت.[1]
- لە کامپی پەنابەرانی شەهید ڕۆستەم جوودی (مەخموور) بە درووشمی (دروستکردنی سیستەمی دیموکراتیک، دروستکردنی ژیانی ئازادە) بە بەشداری 320 ئەندام لە ڕۆژی دووەمیدا بەردەوامە، کۆنگرەکە بە هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتی کار و خەباتی دوو ساڵی هەر دامەزراوەیەک دەستی بە چالاکییەکانی دووەمین ڕۆژی کرد.[3]
- یەکگرتووی ئیسلامی داوا لە سەرۆکاتی هەرێمی کوردستان دەکات بکوژانی مەلا وشیار ئیسماعیل بە سزایی عادیلانە و یاسایی خۆیان بگەیەنن و حوکمی یاسایی لەسێدارەدانیان کە لە دادگاوە بۆ دەرچووە جێبەجێبکریت.[1]
- لە شارۆچکەی دەربەندیخان شانۆیفەرشی سور بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان نمایشکراو پێشانگایەکی فۆتۆگرافی گوزارشتکردن لە ئازارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان کرایەوە.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ڕوانگەی سوری بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕایگیاند: دەوڵەتی تورکی داگیرکەر دەستی کردوە بە گواستنەوەی خیزانی چەتەکان لە شاری جەرابلوسی کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای ئاوی فوراتەوە بۆ شاری گرێ سپی واتە ڕۆژهەڵاتی ئاوی فورات.[5]
دەرەوەی کوردستان
- ئۆلیگ سیرومۆلۆتۆڤ، جێگری وەزیری دەرەوەی رووسیا هۆشداری لەبارەی بەردەوامی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا دەدات و دەڵێ هێرشەکانی تورکیا هاوکارن بۆ سەرهەڵدانەوە و بەهێزبوونەوەی چەکدارانی داعش.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
پارت / لایەن: یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ئاکرێ
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: سنە

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ گرێ سپی

:Quick Respons Code

🗄️سەرچاوەکان

[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 22-11-2019

[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 22-11-2019

[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 22-11-2019

[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 22-11-2019

[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 22-11-2019

[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 22-11-2019

کاتی تۆمارکردن: AM 9:05:46 2019-10-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 325

**2019-11-23**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191001090546373135




باشووری کوردستان

- لە گردبونەوەیەکدا لە هەولێر، ژمارەیەک لە مامۆستایانی ئاینی داوا لە سەرۆکی هەرێم دەکەن پابەندی ئەو بەڵێنە بن کە داویانە بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری لەسێدارەدان بۆ بکوژانی مەلا وشیار ئیسماعیل.[2]

- وەزارەتی کارەبای هەرێمی کوردستان رایدەگەیێنێت، بەهۆی گرفتێکی تەکنیکی لەناکاو لەبۆری غازی کۆرمۆر بەرهەمهێنانی کارەبا کەمبووەتەوە و کاریگەریی تووندی کردووەتەسەر تۆڕی کارەبای نیشتمانی.[3]

- بەبۆنەی رۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژی دژی ژنان دوای نیوەرۆی ئەمرۆ لە شاری سلێمانی رێکخراوەکانی بواری ژنان لە شاری سلێمانی چالاکیەکی رێپێوانیان رێکخست.[1]

- مایک پێنس جێگری سەرۆکی ئەمریکا، سەردانی هەولێری کرد و لەلایەن نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لێکرا. مەسروور بارزانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، مستەفا سەید قادر، جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، فەوزی هەریری، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و ژمارەیەک بەرپرسی هەرێمی کوردستان لەو پێشوازی و کۆبوونەوە لەگەڵ جێگری سەرۆکی ئەمریکادا بەشداربوون.[3]

- دوا نیوەرۆی ئەمرۆ لە گوندەکانی سنوری ناوچەی شێخ باوەی جەلەولا تەقینەوەیەک روویداو جوتیارێک برینداربوو.[6]

- کاتژمێر 03:00ی دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ، بەشێک لە ڕێکخراوەکانی بواری مافەکانی ژنان بە دروشمی لە دژی داگیرکاری و ژن کوشتن بێدەنگی بشکێنە گردبوونەوەیەکیان لە باخچەی قەڵا لە شاری کەرکوک بەڕێوەبرد.[7]

ڕۆژئاوای کوردستان

- له نزیک کەمپی پەنابەران و جادەی نێودەوڵەتی (M4) هێرشکرنێکی بەهێز ئەنجام دەدرێت. هەروەها ناوەندی ناوچەی عەین عیسا تۆپ باران دەکرێت. شەڕڤانانی قەسەدە و ئەندامانی هێزی سوپای رژێمی سوریا وڵامی هێرشەکان ئەدەنەوە. هێرش بە مەبەستی داگیرکردنی ناوچەکە لە لایەن سوپای داگیرکەری تورکیاوە بەردەوامە.[1]
- بەهۆی تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو لە شارۆچکەی گرێ سپی 10 کەس کوژران و 20ی دیکە بریندارببوون.[2]
- بەگوێرەی ئاژانسی سانای سەر بە حکوومەتی سووریا، گرووپە چەکدارەکانی سەر بە تورکیا دوو هاووڵاتیان لە گوندی عریشەی سەر بە سەرێکانیان گوللەباران کردووە. ئاماژەی بەوەشکردووە، هێزەکانی سوپای تورکیا و گرووپە چەکدارەکان لە گرێ سپی و سەرێکانی دەستیان بە تاڵانکردنی ماڵی هاووڵاتیانی کورد کردووە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئەهواز ڕایگەیاند، بە تەنیا لە پارێزگای خوزستانی ئێران 60خۆپیشاندەر کوژراون.[1]
- لە زۆرێک لە شارە گەورەکانی ئەوروپا خۆپیشاندان دژی داگیرکەری ئێران ئەنجامدرا.[5]
- فەرەنسا لەسەر هەژموونی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەراست هاتەدەنگ و وەزیری بەرگری ئەو وڵاتە دەڵێت، ئەمریکا خەریکە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پاشەکشە دەکات.[3]
- حەیدەر عەبادی، سەرۆکی هاوپەیمانی نەسر ئیدانەی سەردانەکەی مایک پێنس، جێگری سەرۆکی ئەمریکا بۆ عێراق دەکات و دەڵێت: بەغدا پایتەختی عێراقە نەک هەولێر.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
شار و شارۆچکەکان: ◯ گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: ◯ سەرێکانی
شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ◯ خانەقین
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 23-11-2019
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 23-11-2019
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 23-11-2019
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 23-11-2019
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 23-11-2019

[7] 🖉 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 23-11-2019

کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01 9:05:46 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 326

**2019-11-24**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191001090546373136




ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- سەرچاوەیەک لە بۆکانەوە ڕایگەیاند، خۆپیشاندانی هاوڵاتیان لە بۆکان دوێنێ شەممە لە جادەی مونتەهی بەرەو مەیدانی فەرمانداری دەستپێکرد، بەڵام خۆپیشاندەران ڕووبەڕووی هێرشی هێزە ئەمنیەکان بوونەوە و لەنێوانیاندا شەڕ ڕوویدا. بە پێی سەرچاوەکە. هێزە ئەمنیەکان ساچمەزەنیان بەکارهێناوە کە لە ئەنجامدا ژمارەیەک خۆپیشاندان کوێر بوون و ژمارەیەکیش بریندار بوون. لە ئێستادا لە بۆکان باری نائاسایی ڕاگەیەنراوە و هێزە ئەمنیەکان هەموو جادەکانی شاریان تەنیوە.[1]
- دوکتور ئازاد محەممەدیان، وتەبێژی بەرەی یەکگرتووی کورد، دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ، لە شوێنی کارەکەی لە بۆکان، لەلایەن مەئموورانی ڕێکخراوی ئیتلاعاتی سپای پاسدارانی ورمێوە دەسبەسەر کراوە و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزاوە. هێزە ئیتلاعاتییەکان پاش پشکنینی ماڵی ناوبراو، لەبتاب، چەند فلاش، چەند کتێب و هەروەها هەندێک نامیلکە و نووسراوەی دەسنووسی ڕۆژانەی ناوبراویان لەگەڵ خۆیان بردووە. بەرەی یەکگرتووی کورد لە بەیاننامەکەی خۆیدا، وێڕای نارەزایەتی دەربڕین لە دەسبەسەرکردنە نارەواکان کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا بە شێوەی بەربڵاو لە کوردستان ڕوویداوە، خوازیاری ئازادکردنی هەرچی زووتری دوکتور ئازاد محەممەدیان بوون.[6]
باشووری کوردستان
- گوتەبێژی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی کوردستان رایگەیاند: لە ئەمڕۆوە دەست بە دابەشکردنی واپارەی گەنمی ئەمساڵی جووتیاران دەکرێت.[2]
- سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لەسەر داوای ئەندامانی پەرلەمان، کەمپینێکیان بۆ ئاوارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان ڕاگەیاند و داوایان لە هاووڵاتیان و ڕێکخراوە ناوخۆیی و دەرەکییەکان و سەرمایەداران کرد کە بەشداری کەمپینەکە بکەن.[3]
- کارمەندانی تەندروستی سەرجەم نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکانی سنوری (پێنجوێن، سەید سادق، شارەزوور، دوکان، قەرەداغ، شارباژێر و چەند بەشێکی ناوەندی شاری سلێمانی)، بەهۆی کێشەی تایبەت بە دەرماڵەی تەندروستی و وەڵامەنەدانەوەی داواکارییەکانیانەوە لە بەردەم بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی مانگرتنی درێژخایەنیان راگەیاند. کارمەندانی تەندروستی بڕیاریان دا تا وەڵامیان نەدرێتەوە بایکۆتی دەوام رابگەیەنن.[3]
- ئەمڕۆ لە شاری کەرکوک لە بارەگای دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی تورکمان، بە ئامادەبوونی کەسایەتیەکانی تورکمان و بەرپرسی ڕێکخراوەکانی تورکمانی عێراق، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی ئەنجامدرا، سەبارەت بە دامەزراندنی پێکهاتەکانی شارەکە لە دامودەزگاکانی کەرکوک بەپێی سیستەمی ٪32ی پێکهاتەکانی شارەکە و وەستاندنی بەعەرەب کردنی شاری کەرکوک و دانانی عەرەبی پارێزگاکانی دیکەی عێراق لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی شاری کەرکوک.[1]
- بەشێک لە پەنابەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەردەم نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر گردبوونەوە و پاڵپشتییان بۆ خۆپیشاندانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران دەربڕی.[2]
- ئەمڕۆ حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە شاری هەولێر کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی ئەنجامدا و تیایدا ئاشکرا کرا، کە لە کۆنگرەی حزبەکەیاندا، کە ڕۆژی هەینی دەستپێکردبوو، هەریەکە لە بەڵێن عەبدوڵڵا و سەعد خالید وەک سکرتێر و جێگری سکرتێری هەڵبژێردراوە و بەهمەن حسێن-یش وەک سەرۆکی ئەنجومەنی گشتیی، کە لە 25 کەس پێکهاتوون، هەڵبژێردراوە.[4]

- بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ لە هۆتێل رامادا لەشاری سلێمانی ئاهەنگێکی خێزانی بەبۆنەی ناساندنی شاری سلێمانی لەلایەن ڕێکخراوی یونسکۆوە وەک شاری داهێنەری ئەدەب سازکرد و لەبەشێکیدا لەلایەن هێمن جەمیل فۆتۆگرافەر، پێشانگەیەکی شێوەکاری کرایەوە.[5]
- ئەمشەو چەکدارانی داعش هێرشیان کردە سەر گوندی ئیسلاح لە سنووری شارۆچکەی گولالە و بەهۆیەوە چوار کەس کوژران و هەشت کەسی دیکەش بریندارببوون.[2]
- دژی توندوتیژی دژ بە ژنان و بۆ پشتگیریکردن لە ژنان و منداڵانی ڕۆژئاوای کوردستان گردبونەوەیەک لەلایەن ژنانی هەڵەبجەوە بەڕێوەچوو.[4]
- لە شارۆچکەی رانیە، بە دەستپێشخەری ڕێکخراوی ژنانی ئازادی کوردستان، ڕێپێوانێکی جەماوەری بۆ ڕۆژی 25ی نۆڤەمبەر ساڵرۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان بەڕێوەچوو.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هێرشی سوپای داگیرکەری تورک و چەتەکانی بۆسەر گوندەکانی باکوری ڕۆژئاوای عەین عیسا، ڕووبەڕووی بەرخۆدانی گەورەی شەڕڤانانی قەسەدە بوەوە و تێکشکێنرا.[1]
- یەکینەیەکی دژە تیرۆری سەر بە ئەنجومەنی سەربازی منبج، شانەیەکی داعشیان دەستگیرکرد کە خانەوادەکانی داعشیان لە کەمپی هۆڵ بۆ تورکیا دەبرد.[1]
- بە مەبەستی شەرمەزارکردنی هێرشەکەی 20ی ئەم مانگەی گوندی قرنفولی سەر بە گرێ سپی سوپای دەوڵەتی تورک و چەتەکانی کە تییایدا 2 کەس گیانیان لەدەست دا و 3 کەسیش بریندار بوون، هەروەها ئیدانەکردنی پێشێلکارییەکانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و چەتەکانی لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا، بە سەدان هاوڵاتی شاری کۆبانێ لە گۆڕەپانی ژنانی ئازاد گردبوونەوەیەکیان ساز کرد.[1]
- هاوڵاتیانی گەڕەکی جسر-ی سەر ب ناوچەی گرێ سپی لە دژی هێرشەکانی چەتەکانی ئەردۆغان بەرامبەر بە ژنان، ڕژانە ناو شەقام و کۆڵانەکان و نارەزاییەکی توندیان پشاندا. هاوڵاتیان هێرشیان بردە سەر بارەگای چەتەکان و بارەگاکەیان سوتاند و لە ئەنجامیشدا 3 چەتە کوژران.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت)
شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)
شار و شارۆچکەکان: قەرەداغ
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: رانیە (راپەڕین - پشدەر)

شار و شارۆچکەکان: بۆکان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-11-24

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-11-24

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-11-24

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-11-24

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-11-24

[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-11-25

کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01 9:05:46 AM

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 327

**2019-11-25**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191001090546373137




باکووری کوردستان

- لە شاری وان بڕیاری قەدەغەی ئەنجامدانی چالاکی کە 1100 ڕۆژە بەردەوامە، جارێکی دیکە درێژ کرایەوە. هەواڵی درێژکردنەوەی بڕیارەکە لە لایەن پارێزگاری شاری وانەوە درا و بەم بڕیارە ڕێگا نادرێت لەو شارە هیچ چالاکییەک ئەنجام بدرێت و لە حاڵەتی ئەنجامدانی هەر جۆرە چالاکییەکی مەدەنیدا هێزەکانی پۆلیسی تورک ڕێگری لێدەکەن.[3]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- لە سنووری شنۆ، هێزە نیزامییەکانی حکوومەت تەقەیان لە ژمارەیەک کاسبکارێکی کوردی مەهابادی کرد و لە ئاکامدا کاسبکارێکی خەڵکی ئەو شارە کوژرا. هەواڵنێری کوردپا، شوناسی ئەو کاسبکارە کوردەی بە ناوی سمکۆ (ئیسماعیل) قادرنیا کوڕی عەلی و خەڵکی گەڕەکی پشت تەپی مەهاباد ڕاگەیەندراوە. ئەو کاسبکارە کوردە لە سنووری شاری شنۆ تەقەی لێکراوە. لە لایەکی دیکەوە و لە هەمان ڕۆژدا، کۆڵبەرێکی کوردی خەڵکی یەکێک لە گوندەکانی شاری سەڵماس، لە سنووری پیرانشار، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت گیانی لەدەست دا. شوناسی ئەو کۆڵبەرە کوردە بە ناوی ناسر مورادپوور کوڕی عەبدوڵلا و خەڵکی گوندی کۆزە ڕەشی سەڵماس ڕاگەیەندراوە. ئەو کۆڵبەرە لە سنووری شاری پیرانشار تەقەی لێکراوە.[6]

- مۆژگان کاووسی، نووسەر و چالاکی مەدەنیی کوردی خەڵکی کەلاردەشتی مازەندەران، لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعاتەوە دەسبەسەر و لە چارەنووسی ناوبراو هیچ زانیارییەک لەبەر دەستدا نییە. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، هێزە ئیتلاعاتییەکان هێرشیان کردووەتە سەر ماڵی مۆژگان و بەبێ پیشاندانی مۆڵەتی یاسایی، ناوبراویان دەسبەسەر کردووە.[6]

باشووری کوردستان

- گروپی ژیان و هاوبەشەکانی لە ساڵیادی 25ی نۆڤەمبەر هەفتە چالاکی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، لە پارکی هەواری شار لە سلێمانی چالاکییەکیان ڕێکخست تیایدا وتاری

گرووپی ژیان و شانۆییەک بەڕێوەچوو.[1]
- لە هەولێر هەڵمەتی شانزە ڕۆژەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان ڕاگەیەندرا، بڕیارە لەو ماوەیەدا چەند چالاکییەکی جۆراوجۆر و هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە بەڕێوەبچێت، سەرۆکی پەرلەمانیش، دەڵێت: یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان کەموکورتی تێدایە و پێویستی بە هەموار کردنەوەیە، دەشڵێت: لە ماوەی نۆساڵدا نزیکەی هەزار ژن کوژاون یان خۆیان کوشتووە.[2]
- لە گەرمیان سەرجەم ڕێکخراوەکانی ژنان بە هەماهەنگی، 25ی نۆڤەمبەر دەکەن بە هەفتەچالاکی دژ بە توندووتیژی و داگیرکارییەکانی تورکیا بەرامبەر بە ژنان لە ڕۆژئاوای کوردستان، هەروەها نوێترین ئامار باس لەوە دەکات، کە ئەمساڵ لە گەرمیان هیچ ژنێک بە سوتان و کوشتن گیانی لەدەست نەداوە.[2]
- یەکینەی هەڵۆکانی هاوڵگری عێراق لە بەیانامەیکدا ڕایگیاند: لە ئەنجامی ئۆپراسیۆنیکی هاوبەش لەگەڵ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش توانیومانە سێ حەشارگەی تیرۆستانی داعش لە شارۆچکەی حەویجەی سەر بەپارێزگای کەرکوک لە ناو ببەین. هەروەها لە بەیانامەکەدا ئاماژەیان بەوەداوە: لە ئۆپرسیۆنەکە پێنج چەکداری داعش کوژراون چەتەیکش بە بردینداری دەستگیرکراوە، یەکێک لە کوژراوەکان (ئەبوو بەرا) سەر چەتەی داعش بوو.[3]
- بەڕێوەبەرایەتی چاککردنەوە و پاراستنی ڕێگاوبانی کۆیە بڵاویکردەوە، بەهۆی کارکردن تێیدا لەئەمڕۆوە بۆ ماوەی دوو هەفتە ڕێگای کۆیە - کلکە سماق دادەخرێت، کە بەشێک لە شۆفێران ئەم ڕێگەیە لە نێوان پارێزگاکانی سلێمانی -هەولێر بەکاردەهێنن.[5]
- بڕیاربوو ئەمڕۆ، ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، ڕژاک گردبووناوەیەکی نارەزایەتی لە بەردەم پارکی شانەدەر لە شاری هەولێر بەڕێوەببات، بەڵام بە بیانووی نەبوونی مۆڵەت ڕێگا نەدرا گردبوونەوەکە ئەنجام بدرێت.[2]
- بە تۆمەتی گەندەڵی ئیداریی لەلایەن دەستەی دەستپاکی پارێزگای دیالەوە بەڕێوەبەری کشتوکاڵی خانەقین و جێگرەکەی دەستگیرکران کە هەردوکیان کوردن و لە خانەقینەوە گواسترانەوە بۆ بەعقوبە.[1]
- ڕێککەوتنی سەرەتایی لەنێوان هەولێر و بەغدا لەسەر پرسی نەوت و جێگیرکردنی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجە و ئامادەکردنی پرۆژەیاسای بودجەی 2020 ئەنجامدرا، بڕیارە هەفتەی داهاتوو جارێکی دیکە شاندی هەرێمی کوردستان بچێتەوە بەغدا بۆ ئەوەی ڕێککەوتنی کۆتایی ئەنجامبدەن.[4]
- سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئەمڕۆ لە دەفتەری یادگارییەکانی ئارامگەکەی، پەیامێکی بۆ مام جەلال، سکرتێری کۆچکردووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان نووسیوە و تێیدا نووسیویەتی: پەرتەوازەین و ئەم کۆنگرەیەی یەکێتی خوا بە باشی بگێڕێ.[5]
- لە شارۆچکەی کفری، کۆڕێک بۆ ئەبو کاروان، بەڕێوەچوو و تێدا باسی لە داگیرکاری تورکیا کرد بۆ ڕۆژئاوایی کوردستان و ئاماژەی بەوەشدا، ئەو وڵاتە ئامانجی قڕکردنی گەلی کوردە لە هەر پارچەیەک کوردستان بێت، ڕایشیگەیاند: هەڵەیەکی گەورەیە بڵێن تورکیا بەهۆی پەکەکەوە هێرش دەکاتە سەر باشوور.[2]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، لە باخچەی تەنیشت قەڵای شاری کەرکوک، کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان گردبوونەوەیەکیان بەبۆنەی 25ی نۆڤەمبەر ساڵرۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەڕێوەبرد.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئەمڕۆ زیاتر لە 20 تەرمی چەکدارانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا گەیەندراونەتە شاری ئۆرفای باکوری کوردستان و شەڕ لە عەین عیسا بە سەختیی بەردەوامە.[1]
- لە ڕۆژئاوای کوردستان دۆخی تەندروستی ڕوو لەخراپییە، ئاوی خواردنەوەی 700 هەزار کەس لە دوو شاری تلتەمر و حەسەکە گیراوەتەوە و مەترسیی لەسەر ژیانیان هەیە.[4]
- بە هەزاران ژن لە شەهبا و عەفرین، لە گوندی تەل سوسن بەرەو کامپی سەردەم ڕێپێوانیان کرد.

له ڕێپێوانەکەدا دروشمەکانی 'بەو سوێندەی خواردومانە بە باوەڕ، هەڤرین، بارین و ئاماراکان، تۆڵەتان دەکەینەوە' و 'داگیرکەریی توندوتیژییە، فاشیزم دەڕوخێنین' بەرز کرانەوە.[3]
- فڕۆکە جەنگییەکان شەوی ڕابردوو کاتژمێر 9:30 خولەک، گوندەکانی باشوری شاری جەرابلوس و گوندی بورج و شارەدێی ئەختەرین لە باکوری شاری باب و ناوچەی ڕاعی-یان بۆردوومان کرد. سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەداوە کە ئەو فڕۆکە جەنگییانە، شوێنی پاڵاوتنی نەوت و بارەگای چەتەکانی ئەحرار شەرقیەی سەر بە دەوڵەتی تورکیان بۆردوومان کردووە. ناوەندی ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی سەربازیی باب لەسەر بابەتەکە ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند کە لە بۆردوومانی فڕۆکە جەنگییە نەناسراوەکاندا ژمارەیەک زۆر چەتە کوژراون و برینداربوون.[2]
دەرەوەی کوردستان
- ئاژانسی میللەت دەیلی تورکی بڵاوی کردووەتەوە، تورکیا دەست بە تاقیکردنەوەی سیستمی بەرگری ئێس- 400ی رووسی دەکات.[5]
- ڕژێمی سوریا بەهۆی ئەوەی لە کۆبوونەوەکەی جنێڤ کە لەسەر نووسینەوەی دەستووری نوێ سوریا بەڕێوەدەچێت، دژی داگیرکارییەکانی تورکیا هەڵویست نیشان نادرێت، مێزی کۆبوونەوەکەی جێهێشت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: سەڵماس
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: روحا
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 25-11-2019
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 25-11-2019
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 25-11-2019
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 25-11-2019
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 25-11-2019
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 26-11-2019

کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01 9:05:46 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 328

**2019-11-26**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191001090546373138



باکووری کوردستان
- بەدیعە ئوزگوکچە ئەرتان هاوسەرۆکی شارەوانی وان دوای ئەوەی لە لایەن ڕژێمی تورکەوە لە پۆستەکەی دوور خرایەوەو لە شوێنی ئەو قەیومی جێگیر کرد، بڕیاری گرتنی بۆ دەرچوو.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی گیانبەختکردنی 143 خۆپیشاندەری ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی پشتڕاست کردووەتەوە.[4]
- ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە سنووری سەردەشت کەوتنە بۆسەی هێزەکانی سپای پاسداران و لە ئەنجامی تەقەی ئەو هێزانە، کۆڵبەرێک بە ناوی حەسەن ساڵحپوور بەسەختی پێکرا.[7]
- هێزە ئیتلاعاتییەکان لاوێکی کوردیان بە ناوی سوهەیب ئەسەدی، خەڵکی سنە، دەسبەسەر کرد. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، هێزە ئیتلاعاتییەکان بە هێرش کردنە سەر ماڵی باوکی ئەو لاوە کوردە، پاش دەسبەسەرکردنی، بۆ شوێنێکی نادیاریان ڕاگوێزراوە.[7]
- هێزە ئیتلاعاتییەکان 6ی هاووڵاتیی کوردیان بە ناوەکانی بورهان سوبحانی، سەرکەوت ئەحمەدی، عوبەید ئەحمەدی، سالار نەورۆزی، ئاکۆ ئەیازی و بورهان کاکەییان لە سەلاسی باوەجانی دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگواست.[7]
باشووری کوردستان
- ئێوارەی ئەمرۆ لە مەراسیمێکدا لە هۆڵی سینەما سالم، کە ژمارەیەکی بەرچاو هونەرمەند و توێژە جیاجیاکان بەشدارییان کردبوو، هونەرمەند عەدنان کەریم نوێترین ئەلبوومی خۆی بڵاوکردەوە. ئەلبوومەکە سێ گۆرانی لەخۆدەگرێت و تێکستی گۆرانییەکان لە هەرسێ هۆنراوەی گریانی نیوەی شەو، ئەشق و ئازادی و گۆمی خوێن-ی هێمن موکریانی وەرگیراوە.[4]
- بەهۆی بۆردومانی گوندەکەیان لەلایەن فڕۆکەی تورکیاوە، دانیشتووانی گوندی سەرگەینێڵی سنووری سەنگەسەر/ پشدەر، بەتەواوی ئاوارە دەبن. نەهرۆ عەبدوڵڵا، بەڕێوبەری شارەدێی سەنگەسەر بە کوردستان 24ی ڕاگەیاند، بۆردومانەکە ئێوارەی ئەمرۆ بووە و فڕۆکەکان 3 تا 4 جار دەوروبەری گوندی سەرگەینێڵی لە قەندیل بۆردوومان کردووە. ئاماژەی بەوەشکرد زیانە گیانیەکان نەزانراون، بەڵام زیانی ماڵی زۆریان بە ناوچەکە گەیاندووە.[3]
- لە بازگەیەکی هەولێر دەست بەسەر 81 تۆن هێلکەی تورکی-دا گیرا کە نەشیاوە بۆ خواردن و لە دەروازەی سنووری باشماخ هێنراوەتە ناو خاکی هەرێمی کوردستان.[3]
- بەبۆنەی 25ی نۆڤەمبەر ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، لە کەمپی پەنابەرانی شەهید ڕۆستەم جودی لە مەخموور، ژنان خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا.[1]
- بەهۆی بڕینی دەرماڵەی جوگرافی (هاتوچۆ) پزیشکان و کارمەندانی نەخۆشخانە گەورە تاقانەکەی سنووری شارۆچکەی پێنجوێن، بایکۆتی دەوامیان ڕاگەیاندوە و بەرپرسێکی

تەندروستیش، دەڵێت:پەککەوتنی کەرتی تەندروستی پێنجوێن، لەئەستۆی حکومەت و لایەن پەیوەندیدارەکانە.[2]
- نێچیرڤان بارزانی بە یاوەریی جێگرەکانی سەردانی سلێمانی دەکات.[5]
- ساڵۆنی کوردستانی نوێ لەدرێژەی کاروچالاکییەکانی خۆی مەراسیمێکی بۆ ناساندن و بڵاوکردنەوەی کتێبی سەرەتاتکێی سەربردان بۆ نووسەر ئارێز عەبدوڵلا رێکخست.[6]
- ئەمڕۆ لە زانکۆی ڕاپەڕین لە شارۆچکەی رانیە و لەدرێژەی چالاکییەکانی تایبەت بە ڕۆژی جیهانیی بەرنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان-دا، سیمپۆزیومی بەشداریی ژن و سنوردارکردنی دەسەڵاتەکانیان لە کایە گشتییەکاندا بۆ هەر یەک لە بەسمە محەمەد کۆمیسار لە کۆمیسیونی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق، د. چۆمان هەردی بەڕێوەبەری گشتی سەنتەری جێندەرناسی لە زانکۆی ئەمریکی، شۆخان حەمەڕەشید پارێزەر و بەڕێوەبەری رێکخراوی هاریکاری یاسایی، بەڕێوەچوو.[4]
- لە رووداوێکی هاتووچۆدا لە ڕێگای نێوان دهۆک - موسڵ، 20 خوێندکار برینداربوون. سەرجەم بریندارەکان خەڵکی دهۆکن.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئاژانسی سای سەر بە حکوومەتی سووریا بڵاویکردەوە کە سوپای تورکیا خاڵێکی سەربازی نوێی لە گوندی حەمامات لە دەوروبەری سەرێکانی داناوە و دەیان ئۆتۆمبێلی سەربازیشی ڕەوانەی خاڵی سەربازی گردی ئەبوو بەکر لە هەمان ناوچە کردووە.[3]
- وەزارەتی بەرگری تورکیا، ڕایگەیاند، لە شارۆچکەی سەرێکانی، توانیویانە تۆڕێکی تونێلی سەربازی بدۆزنەوە، کە هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) بەکاریان هێناوە.[3]
- لە ڕێگەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراوەوە، تەقینەوەیەک لە کۆڵانی سیاسی ناوەندی شاری عەفرین ڕوویدا.[4]
- سوپای تورکی داگیرکەر و چەتەکانی بە ڕێگانی فرۆکەی جەنگی بێفرۆکەوان گوندی دبس-ی سەر بە ناوچەی عەین عیسایان بوردومان کرد.[1]
- لە شارۆچکەی تل خەلەفی سەر بە سەرێکانی کە لە ژێر داگیرکەریی دەوڵەتی تورک و چەتەکانی دایە، ئۆتۆمبیلێکی بۆمبڕێژکراو تەقییەوە. بە پێی زانیارییەکان تەقینەوەکە کوژراو و بریندار لێکەوتووەتەوە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- لە ئەنقەرە پۆلیس بەسەر ماڵی بێریڤان ئاڵتان پەیامنێری ئاژانسی میزۆپۆتامیادا گرت. هێزەکانی پۆلیس ماڵی ئاڵتانیان پشکنی و دواتر دەستگیریان کرد.[1]
- دوای ئەوەی تورکیا دەستیکرد بە تاقیکردنەوەی ڕادارەکانی سیستمی بەرگری مووشەکی (ئێس400)ی ڕووسی، سیناتۆری ئەمەریکی، کریستۆڤەر ڤان هولین، ڕایگەیاند، تورکیا سنووری ڕێگەپێدراوی خۆی بەزاندووە.[3]
- بەهۆی کێشە سیاسیەکانی نێوان واشنتن و ئەنقەرە، لیرەی تورکی بەهای خۆی لەدەستداوە و جیاوازی زۆری لەگەڵ چەند ساڵی رابردوو هەیە. لەم بارەیەوە، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا داوا لە خەڵکی تورکیا دەکات: دۆلار بەجێبهێڵن. ئەردۆغان دەڵێت: دۆلار جێبهێڵن، با رووبکەینەوە دراوی خۆمان، لیرەی تورکی. لیرەی تورکی چیدی بەهاکەی لەدەست نادات. بە نیشتمانپەروەریی خۆمان وا نیشان بدەین.[3]
- سەنتەری ئەورووپی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر و ئاڵوودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان (EMCDDA) لە ڕاپۆرتی ئەمساڵی خۆیدا، کە لەگەڵ پۆلیسی ئەورووپا سەبارەت بە بازاری ماددەی هۆشبەر ئامادەیکردووە، ڕایگەیاندووە، پەکەکە تێوەگلاوە لە تاوانی ڕێکخراو و بەشداریکردووە لە بەقاچاغبردنی ماددەی هۆشبەر بۆ ئەوروپا.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەردەشت
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ مەخموور
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ پێنجوێن
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەرێکانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🕊 ئەفرین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ رانیە (راپەرین - پشدەر)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ وان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ دهۆک
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-11-26
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-11-26
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-11-26
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-11-26
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-11-26
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-11-28


کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01 9:05:46 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 329

**2019-11-27**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191001090546373139



باکووری کوردستان
- ئەمڕۆ ساڵڕۆژی دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)یە و 41 تێدەپەڕێت بەسەر دامەزراندنیدا، لە ساڵڕۆژی حیزبەکەیاندا پەکەکە ڕایدەگەیەنێت کە: لە و ماوەیەدا 40 هەزار شەهیدی پێشکەش بە ئازادی کردووە.[2]
- لە ئەنقەرە ئەندام و بەڕێوەبەرانی هەدەپە، ئیهادە، سەندیکای سەس بە ئۆپەراسیۆنی قڕکردن چاویان کردەوە. لە ئەنجامی سەرداگرتنی ماڵاندا 11 کەس دەستگیرکران. لە ئەنجامی سەرداگرتندا، فاتیح کانات هاوسەرۆکی ئیهادەی ئەنقەرە، فیکرەت چالاگان و بەلکیسە یورتسەڤەر بەڕێوەبەرانی سەس و بەرەکەت کار ئەندامی ئەنجومەنی هەدەپە، مەزهەر یەرلیکایا ئەندامی هەدەپە، شەهریبان باشاک، ئەتهەم ئوزگان، سەباحەدین کارلی، کەمال ئاکالان، پەرفوم چۆلاک و زیا جەبەجی دەستگیرکران. هەروەها بەهجەد یلدرم پەرلەمانتاری پێشووی هەدەپەی سەمسوریش دەستگیرکرا. حاجی یوسف تۆپالئۆغلۆ پەیامنێری ئاژانسی دیهاش لە ناوچەی کەهتای سەمسور لە لایەن هێزەکانی پۆلیسەوە دەستگیرکرا. ڕاگەیەنرا لە کاتی دەستگیرکردندا هێزەکانی پۆلیس چەکیان لەسەر سەری تۆپالئۆغلۆ داناوە. لە ناوچەی وێرانشاری ڕوحالە گەرەکی شرنەخ لە ئەنجامی سەرداگرتنی ماڵاندا عیرفان ئەردەم کە باوکی دوو منداڵە دەستگیرکرا. لە ئامەدیش محەمەد شێرین تونچ یاریدەدەری هاوسەرۆکی هەدەپە، سونگول داغ ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی پەیاس دەستگیرکران. لە ناوچەی کەرجەوسی ئێلح محەمەد یلدرم نوێنەری کەجەدە لە کەرجەوس دەستگیرکرا. بەم شێوەیە ماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا 61 کەس دەستگیرکران و دواتر ژمارەیەکیان ئازادکران.[1]
باشووری کوردستان
- سەرۆکی تیمی لێکۆڵەرەوانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەنجومەنی ئاسایشی ئاگادارکردووەتەوە کە تیمەکەیان ناسنامەی 160 ئەندامی داعشیان ئاشکراکردووە کە تۆمەتبارن بە کوشتنی ئێزدییەکانی شەنگال لە ساڵی 2014.[2]
- بەبەشداری زیاتر لە 200 کۆمپانیا، فێستیڤاڵی پایز لە شاری سلێمانی کرایەوە کە بەشێکی زۆری کۆمپانیاکان ئێرانین.[2]
- بە دروشمی (خاک و ئاومان دەکەینە سەرچاوەی ئابووریمان) سێهەمین پێشانگای کشتوکاڵی بۆ بەرووبومە خۆماڵییەکان بۆ 80 جوتیاری گەرمیان کرایەوە و وەزیری کشتوکاڵیش بەڵێنی پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵی و تەواوکردنی پرۆژە تەواونەکراوەکانیدا.[2]
- بوومەلەرزەیەک چەند ناوچەیەکی خانەقینی هەژاند و زیانی گیانی و ماددی نەبووە. چەقی بوومەلەرزەکەش 34 کیلۆمەتر لە باشووری ڕۆژهەڵاتی خانەقینەوە دوور بووە.[3]
- هیومان رایتس وۆچ ڕاپۆرتێکی لەبارەی مامەڵەی هێزە ئەمنییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئاوارەکانی باکووری کوردستان لە کەمپی مەخموور و سنووردارکردنی هاتووچۆی ئاوارەکانی ئەو کامپە بڵاوکردووەتەوە. هیومان رایتس وۆچ لە ڕاپۆرتەکەیدا ئاماژەبەوەدەکات، هێزە ئەمنییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ناوەڕاستی مانگی تەمووزی 2019ەوە، بە شێوەیەکی هەڕەمەکیانە گەمارۆیان خستووەتە سەر جموجۆڵ و هاتووچۆی ئاوارەکانی کامپی مەخموور کە کوردانی باکووری کوردستانی تێدا نیشتەجێن.[4]
- لە شاری هەولێر لە هۆڵی چالاکی قوتابخانەکان هونەرمەند عەدنان کەریم نوێترین ئەلبومی گۆرانی خۆی بە ناوی شەوبا بڵاوکردەوە.[3]
- بە بڕیاری دادگای کەرکوک 50 دۆنم زەویی کشتوکاڵی لە جووتیارێکی کورد وەرگیرایەوە و بە عەرەبێکی هاوردە درا. ئەویش بەچاودێریی هێزە ئەمنییە عێراقییەکان زەوییەکەی کێڵا.[4]
- لە زانکۆی کۆیە دووەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی بەشی یاسا سەبارەت بە نووسینەوەی دەستوورێکی هاوچەرخ بۆ هەرێمی کوردستان دەستی بە کارەکانی کرد و سەرۆکی پەرلەمان و ژمارەیەک لە بەرپرسان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی پرسی دەستوور لە کۆنفرانسەکەدا بەشدارن.[5]
- ئەمڕۆ، ڕێکخراوی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی خانزاد بەهاوکاری ڕێکخراوی هاوکاری ئەڵمانی، لە هۆڵی هۆتێل لەندەن ئای، لە شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان، لە هەفتەی

بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، کۆنفرانسێکیان ئەنجامدا.[6]
- لە ناوچەی حەفتەغاری شارۆچکەی داقوق، بەدەستڕێژی گوللەی کەسانی نادیار پێشمەرگەیەک و هاوسەرەکەی کوژران. وتیشی: کوژراوەکە ناوی (لەتیف مەجید)ە و پیشەی پێشمەرگەیە لە هێزەکانی حەفتا، هاوسەرەکەشی ناوی (ئەمەل ئەحمەد رۆستەم)ە و دانیشتووی گوندی مەنسورن.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورکی داگیرکەر و چەتەکانی، گوندەکانی قزعەلی و بیرکەت-ی سەر بە گرێ سپییان تۆپباران کرد.[1]
- ناوەندی راگەیاندنی قەسەدە ڕایگەیاند، هێرشەکانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر بەردەوامن. قەسەدە وتی، دەوڵەتی تورکی داگیرکەر هێرشی کردە سەر زرگان و عەین عیسا.[1]
دەرەوەی کوردستان
- کونسوڵخانەی ئێران لە نەجەف سووتێنرا.[7]
- ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا رایگەیاند، ئۆپراسیۆنی سوپای تورکیا بۆ سەر باکووری خۆرهەڵاتی سووریا بەردەوام دەبێت تا سەرجەم ئامانجەکانی بەدیدەهێنێت.[5]
- رێکخراوی نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ، هیومان رایتس وۆچ رایدەگەیەنێت؛ تورکیا و گروپە چەکدارەکانی سەر بە ئۆپۆزسیۆنی سووریا دوور لە یاسا خەڵکی لەسێدارەداوە و پێشێلکارییان بەرامبەر کورد کردووە. هیومن رایتس وۆچ لە راپۆرتێکدا روونیکردووەتەوە؛ گروپە چەکدارەکان لە ناوچەکانی سەرێکانی و گرێسپی رێگریان لە گەڕانەوەی خێزانە کوردییەکان کردووە و بە شێوەیەکی نایاسایی دەستی بەسەر ماڵ و موڵکی هاووڵاتیانی ناوچەکەدا گرتووە.[5]
- سەید نەقوی حسێنی وتەبێژی کۆمسیۆنی ئاسایشی نەتەوەیی پەرلەمانی ئێران لە لێدوانێدا بەر لە دانیشتنی هاوبەشی کۆمسیۆنەکانی ئاسایشی نەتەوەیی و سیاسەتی دەرەوەی پەرلەمان و شۆرا و ناوخۆی وڵات، ڕایگەیاند، لە ئەنجامی خۆپیشاندانەکاندا نزیکەی 7 هەزار کەس دەستگیرکراون. ئەمەش لە کاتێکدایە چالاکوانان ڕایدەگەیەنن، ژمارەی دەستگیرکراوەکان زیاترە.[1]
- وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی مەغریب ڕایگەیاند، بەهۆی ئەوەی کاڵای تورکی بازاڕەکانیانی داگیرکردووەو بەپێی پێویست کاڵای ئەوان ڕێگەی نادرێت بچێتە تورکیاوە، پەیوەندییە بازرگانییەکانیان لەگەڵ تورکیادا ڕادەگرن.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

- پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
- پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
- پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
- پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
- شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
- شار و شارۆچکەکان: کۆیە
- شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
- شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
- شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
- شار و شارۆچکەکان: مەخموور
- شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی
- شار و شارۆچکەکان: هەولێر
- شار و شارۆچکەکان: ئامەد

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ سەمسوور
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ روحا
Quick Respons Code:

🗄️سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-11-27
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-11-27
[3] 📡ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-11-27
[4] 📡ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-11-27
[5] 📡ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-11-27
[6] 📡ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-11-27
[7] ⚫دیارینەکراو | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01 9:05:46 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 330
**2019-11-28**
https://www.kurdipedia.org/?q=20191001090546373140


یانەی کوردی لە هۆڵەندە "میدیـــــا"
Koerdische Vereniging in Nederland - Midia
MIDIA
بەبەگەیشتن و دیدارێک لەگەڵ ڕێکخراوی جیرۆکەکانی ئەنفالدا
Mallwegstraat 2, 2516 AJ Den Haag

باکووری کوردستان
- لە ئاگری 5 کەس گیران، لە موش و مێرسینیش 2 کەس دەستگیر کران و لە ئێلحیش سزای زیندانی بەسەر رۆژنامەنووسێکدا سەپێنرا.[6]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- لەماوەی دوو رۆژی رابوردوودا سێ کۆڵبەر لەناوچە سنوورییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بوونە قوربانی. یەک لە کۆڵبەرەکان بە ناوی ناسیح پورە و باوکی دوو منداڵ بووە و گیانی لەدەستداوە.[2]
باشووری کوردستان
- پەرلەمانتارانی کەرکوکی فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر کوشتنی پێشمەرگەیەک و هاوسەرەکەی لەناوچەی حەفتەغار هاتنە دەنگ و داوای پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە دەکەن.[2]
- جموجۆڵی بازرگانی و گەشتیاری لە دەروازەی سنووری نێودەوڵەتی باشماخ بەهۆی خۆپیشاندانەکانی ئێرانەوە، بەڕێژەی 90% کەمی کردووە. چاوەڕوان دەکرێت بە هێوربوونەوەی بارودۆخی ناوخۆیی ئێران ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکان و گەشتەکانی ئە و سنوورە ئاسایی ببێتەوە.[3]
- بەمەبەستی راگرتن و قەدەغەکردنی پەخشی دراما تورکییەکان لە تەواوی کەناڵەکانی هەرێمی کوردستان. کۆمەڵێک لە پارێزەرانی و چالاکوانانی هەولێر یاداشتێکیان پێشکەش بە سەرۆکایەتی داواکاری گشتی هەرێم کرد.[2]
- شەوی رابردوو ژنانی گەنجی تێکۆشەر و گەنجانی وڵاتپارێزی کوردستان بە کردنەوەی ئاگر و

نووسینی ناوی پەکەکە لەسەر چیای ئەزمەڕی شاری سلێمانی، 41ەمین ساڵیادی دامەزراندنی پەکەکەیان پیرۆز کرد.[4]
- ئە و دوو هاووڵاتییەی شەوی رابردوو، لە نزیک گوندی حەفتەغار، تەقەیان لێ کرا و شەهید بوون، ئەمڕۆ تەرمەکانیان لە لایەن کەسوکاریانەوە بەخاک سپێردرا.[3]
- بەهۆی ئە و شەپۆلە سەرمایەی رووی لەهەرێمی کوردستان کردوە، لە بەیانی ئەمڕۆوە بەفربارین لە حاجی ئۆمەران دەستیپێکردوە.[5]
- سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەدوای کۆبوونەوەی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی تورکیا، رایگەیاند: لە رابردوودا ئێمە دژی بوونی پەکەکە بووین لە شەنگال، لەگەڵ ئەوە نین هێزەکانی پەکەکە لە شەنگال و ناوچەکانی دیکە هەبن.[2]
- دوای پێنج ساڵ لە ئەنجام نەدانی ئەمڕۆ شەشەمین فێستیڤاڵی گوڵە هەنار بۆ شیعری لاوان لە هۆڵی دکتۆر مستەفا زەڵمی لە شاری هەڵەبجە بەڕێوەدەچێت. فێستیڤاڵەکە بە ناونیشانی (گوڵە هەنار باخێک بۆ چرۆی قەڵەمەکان) بەڕێوەدەچێت و بریارە ماوەی دوو رۆژ بەردەوام بێت.[4]
- لە هۆڵی رۆشنبیری لە شاری سلێمانی، لە لایەن دەزگای میدیایی نالیا، چلەی ماتەمینی بۆ رۆژنامەنووس ئامانج بابانی و هاوسەر و منداڵەکەیان، ئەنجامدرا.[4]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە سەنتەری رۆشنبیری شاری کەرکوک، پێنجەمین فیستیڤاڵی شانۆی سەرشەقام بە بەشداری پێنج وڵات و هەشت گروپ لە هەرێمی کوردستان و چوار شاری عێراق دەستی بە کارەکانی کرد. ڤیستیڤاڵەکە بە نمایشکردنی شانۆیەک دەستپێکرد، کە گوازرشت بوو لە ژیانی هونەرمەندی کەرکوکی حوسێن میسری، پاشان وتاری سەرپەرشتیاری فیستیڤاڵەکە خوێندرایەوە و تێیدا کار و چالاکی سێ رۆژی فیستیڤاڵەکە خرایە روو.[4]
رۆژئاوای کوردستان
- روانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ ئاشکرای کرد، ئەمەریکا نزیکەی 60 بارهەڵگری سەربازیی رەوانەی ناوچەکانی ژێر دەستی هێزەکانی هەسەدە کردووە، کە چەندین تانک و زرێپۆشان هەڵگرتبوو و هێزەکەش لە شاری قامشلۆ جێگر کران.[3]
- دوو تەقینەوە شارەکانی عەفرین و باب کە لەلایەن سوپای تورک و چەتەکانییەوە داگیرکراوە، هەژاند. تەقینەوەکەی عەفرین لە رێگەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراوەوە لە گەڕەکی ئەشرەفیە روویداوە، بەڵام ئەنجامی تەقینەوەکە روون نەبووەتەوە. تەقینەوەکەی شاری باب-یش لە ناوندی شار و لە نزیک نەخۆشخانەی فارابی روویداوە و بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان لە ئەنجامی ئەو تەقینەوەیە چەند کەسێک برینداربووە.[4]
- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و چەتەکانی ئەردۆغان گوندی دبس و دەوروبەری عەین عیسا تۆپباران دەکەن.[6]
- ئاژانسی دەنگوباسی سانای فەرمی سوریا ئاشکرایکرد کە یەکەی بەرگری ئاسمانی ئە و وڵاتە فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانی تورکیایان لە سنوری شاری قامیشلۆی رۆژئاوای کوردستان خستووەتەخوراوە.[2]
- بەریتانیا هێزەکانی خۆی لە بنکەیەکی قەسرک لە تەلتەمر کشاندنەوە و لە ناوچە نەوتییەکانی دێرزوور جێگیریان دەکات.[3]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی دەرەوی عێراق سوتاندی کۆسوڵخانەی ئێران لە شاری نەجفی باشوری عیراق لەلاین خۆپێشاندەرانەوە بە توندی ئیدانە دەکات.[1]
- وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران، بانگهێشتی باڵیۆزی عێراقی لە تاران کرد و نامەی نارەزایی توندی خۆی سەبارەت بە سووتاندنی کونسوڵخانەی وڵاتەکەی لە نەجەف پێدا.[3]
- دوناڵد ترامپ سەرۆکی ئەمریکا لە میانەی سەردانە کتوپڕەکەیدا بۆ ئەفغانستان چەند پەیامێکی سەبارەت بە پاراستنی کورد لە رۆژئاوای کوردستان راگەیاند. ترامپ ئاماژەی بەوەدا کە داعشیان بەتەواوی تێکشکاندووە و دەشڵێت:دەتوانین یارمەتی کورد بدەین.[2]
- دوای ئەوەی سایتێکی ئەمەریکی، ناوی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان-ی بە بابەتی کڕینی دوو ڤێلا لە ئەمەریکا لێکاندبوو. سایتەکە بە فەرمی داوای لێبوردنی لە سەرۆکی

حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد و بابەتەکەشی لە سایتەکەدا سڕیەوە.[3]
- موقتەدا سەدر لەکاردانەوەی بەرامبەر کوشتنی ژمارەیەکی زۆری خۆپێشاندەران لەلایەن هێزەئەمنیەکانەوە، ڕایگەیاند:ئامۆژگاری حکومەت دەکەم بۆ ڕێگریکردن لە خوێنڕشتن دەستبەجێ دەستلەکاربکێشێتەوە، سەدر هۆشداریشی داو وتی: دەستلەکارنەکێشانەوەی حکومەت واتە سەرەتای کۆتایی هاتنی عێراق.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | شنگال |
| شار و شارۆچکەکان: | هەڵەبجە |
| شار و شارۆچکەکان: | ئاگری |
| شار و شارۆچکەکان: | باتمان - ئێلح |
| شار و شارۆچکەکان: | قامیشلۆ |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | چۆمان (باڵەکایەتی) |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 28-11-2019
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 28-11-2019
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 28-11-2019
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 28-11-2019
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 28-11-2019

کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01 9:05:46 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 331

**2019-11-29**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191001090546373141




باکووری کوردستان
- پارێزگاری شاری جۆلەمێرگ لە راگەیێنراوێکدا، بڕیاری قەدەغەکردنی هەموو جۆرە چالاکی و گردبوونەوەیەک، کە بە دەیان جارە لەو شارە درێژ دەکرێتەوە، بۆ ماوەی 15 رۆژی دیکە درێژ کردەوە.[1]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- ئێران دەروازەی میهرانی سنووری لەگەڵ عێراق داخست و وادەی داخستنەکەشی دەستنیشان نەکردووە. یاریدەدەری پارێزگاری ئیلام بۆ کاروباری سیاسی و ئەمنی، محەمەد نوزەری رایگەیاند، هیچ کێشەیەک لە دیوی ئێران نییە و هۆکاری داخستنی ئە و دەروازەیە بۆ رەوشی ئاڵۆزی عێراق دەگەڕێتەوە. گوتیشی: وەزارەتی دەرەوەی ئێران ئامۆژگاری هاووڵاتیان دەکات سەردانیان بۆ مەزارگەکانی عێراق بۆ کاتێکی دیکە دوابخەن.[4]
- فریشتە چراغی، رۆژنامەنووس و چالاکی ژینگەپارێزیی خەڵکی سەرپێل زەهاو، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا. هێزە ئیتلاعاتییەکان بە هێرش کردنە سەر ماڵی ئەو رۆژنامەوانە، بەبێ بەڵگەی یاسایی ناوبراویان دەسبەسەر کردووە. ئەو رۆژنامەنووسە کوردە، پاش دەسبەسەرکردنی بۆ گرتنگەی ئیتلاعاتی سپای پاسداران لە کرماشان ڕاگوێزراوە.[5]
باشووری کوردستان
- لە ناوچەی تاسڵوجەی نزیک شاری سلێمانی ژنێکی بەتەمەن بە چەقۆ کوژرا.[2]
- چلەی ماتەمینی رۆژنامەنوس لانە محەمەد سالح لە هۆڵی تەوار لە سلێمانی بەڕێوەچوو.[5]
- داعش هێرشی کردە سەر گوندی کوڵەجۆ و بەهۆیەوە چەند کەسێک بریندار بوون. بە وتەی شایەتحاڵەکان، هێرشەکە سەرەتا بە چەند گوللە هاوەنێک دەستی پێکرد و دوای ئەوەی هێزەکانی ئاسایش بەدەم رووداوەکەوە چوون بۆمبی چێنراویان پێدا تەقێنراوەتەوە و تەقەیان لێ کراوە. لە ئەنجامدا چەند ئەندامێکی هێزی ئاسایش بریندار بوون کە یەکێکیان بەڕێوەبەری ئاسایشی کوڵەجۆیە.[2] زۆرینەی سەرچاوەکان باس لە شەهیدبوونی 3 کارمەندی ئاسایش و برینداربوونی 4ی تر دەکەن. پاشتر راگەیەندرا کە لە ئاکامی ئە و هێرش و پەلامارانەدا رائید سمکۆ عەلی، بەڕێوەبەری ئاسایشی شارەدێی کوڵەجۆ و پێنج کارمەندی ئاسایش و سێ هاووڵاتی کە ماڵیان نزیک تەقینەوەکە بوو برینداربوون، بەڵام لەبەر سەختی برینەکەیان رائید سمکۆ و دوو کارمەندی ئاسایش بە ناوەکانی (جومعە عەبد، مەحمود جومعە) دوای گەیاندنیان بە نەخۆشخانە شەهیدبوون. [3]
- لە گەرمیان بڕیاری بەکارهێنانی زەرفی کاغەز بەسەر نانەواخانە و سەمونخانەکان جێبەجێدەکرێت و قایمقامیەتی کەلاریش دەڵێت: لەبەر گرانی نرخی زەرف پێشتر چاوپۆشیان کردووە و لەمەودا هەرکەس پابەند نەبێت سزای دەدەن.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- لە ئەنجامی شەڕی نێوان شەرڤانانی قەسەدە و سوپای داگیرکەر و چەتەکانی لە گوندەکانی کۆرعەلی سەتانی و کەفیفا کە دەکەونە دەشتایی گرێ سپی، 4 سەربازی تورک و 2 داگیرکەر کوژران، 11 کەسیشیان بریندار بوون.[1]
- لە ناوەندی شاری عەفرین کە لە ژێر داگیرکەریی دەوڵەتی تورکی فاشیستدایە، تەقینەوەیەکی بەهێز روویدا.[1]
- ئەمڕۆ لە کاتژمێر 15:50 خولەک گوندەکانی لەقلەق و زەنۆبیا و کەفیفا و برزناری سەر بە ناوچەی گرێ سپی بە سەختی تۆپباران کران.[1]
دەرەوەی کوردستان
- عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی عێراق رایگەیاند: دەستلەکاردەکێشێتەوە و دەستلەکارکێشانەوەکەشی پێشکەشی پەرلەمان دەکات.[3]

- پوتین لە میانی کۆبوونەوەی ئەمڕۆ هەینی، لەگەڵ ئەنجوومەنی پەیوەندییە نەتەوەییەکان، لە شاری نالچیک، گوتی: ئەوەی ئێستا لە سووریا روودەدات، کە ئەنجامی ئەرێنی سنوورداری هەیە و لەسەر سنووری سووریا و تورکیا بەدیهاتووە، بە هاوکاری و پشتیوانی کورد بووە و لە بەرژەوەندی ئەواندایە، خەڵکانێک هەن لەوە تێدەگەن و دۆستانە مامەڵە دەکەن. پوتن دەشڵێت: پۆلیسی سەربازی رووسیا، مامەڵەیەکی باشیان لەگەڵ دەکرێت، لەلایەن کوردی نیشتەجێی ناوچەکە، ئەوان دەبینن کە سوپای رووسیا بۆ پارێزگاری ئەوان چووەتە ئەوێ، ئەوەش شتێکی راستە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: زەهاو
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ئیلام
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 29-11-2019
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 29-11-2019
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 29-11-2019
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 30-11-2019



کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01 9:05:46 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 332

**2019-11-30**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191001090546373142





ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی نادر زیایی فەرِ کوڕی محەممەد و خەڵکی گوندی مەلا عیسای ناوچەی دەشتەبێڵی شنۆ، دەسبەسەرکرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوازرا.[3]
- بەپێی ڕاپۆرتی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەرِی کوردپا، پێنج هاووڵاتیی کوردی خەڵکی جوانڕۆ بە ناوەکانی ئاریا عەزیزی، دیاکۆ میرئەحمەدی، عومران وەلیدی، هێرش میرئەحمەدی و زەکریا ئەحمەدی، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کران. ئەو 5 هاووڵاتییە پێنج ڕۆژ پێش بە تۆمەتی بەشداری لە کۆبوونەوە نارِەزایەتییەکان دەسبەسەر و بۆ زیندانی دیزڵئاوای کرماشان ڕاگوێزران.[3]
باشووری کوردستان
- سەرچاوەیەک لە ئاسایشی گەرمیان ئەمرۆ ڕایگەیاند: لە ئاکامی ئە و هێرش و پەلامارانەدا رائید سمکۆ عەلی، بەرِێوەبەری ئاسایشی شارەدێی کوڵەجۆ و پێنج کارمەندی ئاسایش و سێ هاووڵاتی کە ماڵیان نزیک تەقینەوەکە بوو بریندار‌بوون، بەڵام لەبەر سەختی برینەکەیان رائید سمکۆ عەلی و دوو کارمەندی ئاسایش بە ناوەکانی (جومعە عەبد، مەحمود جومعە) دوای گەیاندنیان بە نەخۆشخانە شەهیدبوون.[1]
- دوو تەقینەوە لە شاری کەرکوک ڕوویدا کە بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان لەرِێی بۆمبی چێندراوەوە ئەنجامدراوە. تەقینەوەی یەکەم لە مەزادخانەی سەر شەقامی ئەتڵەس ڕوویداوە و لەگەڵیدا بۆمبێکی دەنگی تەقیوەتەوە. هی دووەم تەقینەوە لەنزیک پردی ڕەشید لە گەرِەکی دۆمیز بووە. بەهۆی هەردوو تەقینەوەکەوە 16 کەس بریندار‌بوون کە سەرجەمیان هاووڵاتی مەدەنین.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بەگوێرەی میدیاکانی نزیک لە هەسەدە، درەنگانی شەوی ڕابردوو سوپای تورکیا و گرووپە چەکدارەکانی سەر بە ئەنقەرە، بە چەکی گران هێرشیان کردووەتە سەر خاڵەکانی سوپای سووریا لە گوندی ئوم کێف لە دەورووبەری شاری تل تەمری ڕۆژئاوای کوردستان و هێزەکانی حکوومەتی سووریاش بە چەکی گران وەڵامی هێرشەکەیان داوەتەوە و هێرشەکە تێکشکێندراوە.[2]
- تەقینەوەیەکی بەهێز لە گەرِەکی عەین ئاروس لە باشوری شاری گرێ سپی داگیرکراو ڕوویدا.[3]
دەرەوەی کوردستان
- عادل عەبدولمەهدی، سەرۆک وەزیرانی عێراق ئەمرۆ لە دوای کۆبونەوەیەکی بەپەلەی ئەنجومەنی وەزیران دەستلەکارکێشانەوەی بە ڕەسمی ئاراستەی پەرلەمان کرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: جوانڕۆ
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-11-30
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-11-30
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-11-30

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2019-10-01 9:05:46 AM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 333

**2019-12-01**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191001090546373143



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دوای تێپەڕینی دووهەفتە بەسەر دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرکوت و دەستگیرکردنی خەڵک لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی ئێرانەوە بەردەوامە.[5]
- فریشتە چراغی، ڕۆژنامەنووس و ژینگەپارێزی کوردی خەڵکی سەرپێڵ زەهاو، لە گرتنگە ئازاد کرا.[8]
باشووری کوردستان
- نێچیرڤان بارزانی، واژۆی لەسەر یاسای تاپۆکردنی خانووە زێدەڕۆکان نەکرد و ناردییەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان. پەرلەمانتارێکیش دەڵێت: چەند تێبینییەکی لەسەر یاساکە هەبووە و دوای دەنگدانی لە پەرلەمان، جارێکی دیکە ڕەوانەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان دەکرێتەوە.[2]
- هاوکات لەگەڵ ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، لە هەولێر هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی ڕاگەیەندرا و پارێزگاری هەولێریش دەڵێ: هەوڵدەدەین لە ریزی پێشەوە بین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی.[3]
- بەمەبەستی دەربڕینی هاوخەمی بۆ قوربانیانی بەغدا و پارێزگاکانی باشور، لەچەند شوێنێکی کەرکوک ماتەمگێڕی و گردبوونەوەی ناڕەزایەتی ڕێکخرا.[6]
- هەموارکردنی دەستوور بووەتە مژارێکی گەرمی عێراق و هەرێمی کوردستان. لەو چوارچێوەیەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوئاهەنگی لەگەڵ نوێنەرانی کورد لە لیژنەی هەموارکردنی دەستووری عێراق لە سلێمانی وۆرکشۆپێکی ڕێکخست، تێیدا ئامادەبووان سەرنج و تێبینییەکانی خۆیان لەبارەی ئەو بابەتە خستەڕوو.[2]
- شاندێکی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان-کەنەکە لەگەڵ هەریەک لە شاناز ئیبراهیم ئەحمەد، کۆسرەت ڕەسوڵ و مەلا بەختیار کۆبۆیەوە.[7]
ڕۆژئاوای کوردستان
- تەلەڤزیۆنی فەرمی سووریا بڵاویکردەوە، نزیکەی 20 بارهەڵگری ئەمەریکی لە عێراقەوە چوونەتە سووریا (ڕۆژئاوای کوردستان). بە گوێرەی ئە وکەناڵە، ئە و بارهەڵگرە ئەمەریکیانە لە پارێزگای حەسەکە جێگیر بوونە و مەبەستیانە پارێزگاری لە کێڵگە نەوتییەکان بکەن.[3][4]
- لە نزیک فولکەی گەڕەکی خوێرانی شاری حەسەکە ماتۆرسکیلێک بە کاروانێکی هێزە ئەمنیەکانەوە تەقیوەتەوە و لە ئەنجامدا دوو ئەندامی هێزە ئەمنیەکان بریندار بوون.[7]
دەرەوەی کوردستان
- شاندی هەرێمی کوردستان بۆ ڕێککەوتنی کۆتایی لەسەر بودجە و نەوت گەیشتە بەغدا.[1]
- پەرلەمانی عێراق بە زۆرینەی دەنگ دەست لەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدیی پەسەندکرد و داواشی لە بەرهەم ساڵح کرد کاندیدێکی نوێ بۆ ئەو پۆستە دیاری بکات.[1]
- جارێکی دیکە کونسڵخانەی ئێران لە نەجەف سوتێندرایەوە.[1]
- لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا بە بەشداریی هاوسەرۆکانی هەدەپە و بەشێک لە سیاسەتڤانانی

کورد، پێنجەمین کۆنگرەی ئاسایی پارتیی هەرێمی دیموکرات (دەبەپە) بەڕێوەچوو. سالیحە ئایدەنیز و کەسکین بایندر وەکو هاوسەرۆکی نوێی دەبەپە هەڵبژێردران. کۆنگرەکە لەژێر چاودێرییەکی توندی هێزەکانی ئاسایشدا بە بەشداریی 134 ئەندام بەسترا. ئەوەش لەکاتێکدایە کە سێ هەزار و 631 ئەندامیان لە زینداندان. سەباحەت تونجەل، هاوسەرۆکی دەبەپە لەبەرئەوەی لە زینداندابوو، نەیتوانی بەشداریی کۆنگرەکە بکات.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان - کەنەکە |
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە |
| شار و شارۆچکەکان: | زەهاو |
| شار و شارۆچکەکان: | حەسەکە |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان


[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-12-01
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-12-01
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-12-01
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-12-01
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-12-01
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-01
[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-12-03


کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01 9:05:46 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 334

**2019-12-02**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191101185805374850



باکووری کوردستان
- سەڵاحەدین دەمیرتاش لەهۆش خۆی چوو و رەوانەی نەخۆشخانە کرا.[7]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- زارا محەمەدی، مامۆستای دەسبەسەرکراوی زمانی کورد و ئەندامی ئەنجومەنی فەرهەنگی-کۆمەڵایەتیی نۆژین، بە دانانی بارمتەی 700 ملیۆن تەمەنی، بە شێوەی کاتی ئازاد کرا.[5]
- چالاکێکی فەرهەنگیی خەڵکی کرماشان بە ناوی مەحیەدین ئەسغەری، لەلایەن رێکخراوی ئیتلاعاتی سپای پاسدارانەوە دەسبەسەر کرا.[5]
- ئەنوەر حوسێن پەناهی، چالاکی مەدەنیی کوردی خەڵکی سنە و دانیشتووی تاران، لەلایەن ستادی خەبەریی ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە بانگهێشت و بۆ ماوەی دوو کاتژمێر لێپرسینەوەی لەگەڵ کرا.[5]
- کاسبکارێکی کورد بە ناوی مەهدی یووسفی، خەڵکی گوندی مێرگەدرێژی مەریوان، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت گیانی لەدەست دا و کاسبکارێکی دیکە بە ناوی یەعقووب رەزایی بریندار کرا.[5]
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی ئارمان شاکری خەڵکی مەریوان لە ماڵەکەی خۆیدا، لە لایەن ئیتلاعاتی سپای پاسدارانەوە، دەسبەسەر و و بۆ شوێنێکی نادیار راگوێزرا.[5]
باشووری کوردستان
- درەنگانی شەوی رابوردوو لە ناوچەی نەفتخانەی نزیک خانەقین لەئەنجامی هێرش و پەلاماری چەکدارانی داعش بۆ سەر چەکدارانی حەشدی شەعبی و لە ئاکامی شەڕ و پێکدادان، پێنج چەکداری حەشد کوژران و 14ی دیکەش برینداربوون.[1]
- جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان قوباد تاڵەبانی سەردانی گەرمیان دەکات و لەگەڵ لیژنەی ئەمنی و فەرماندە سەربازییەکان کۆدەبێتەوە.[3]
- هەریەک لە نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەسەر داوای فەرمیی شێخ محەمەد بن زاید ئال نهەیان جێنشینی ئەبوزەبی، جێگری فەرماندەی باڵای هێزە چەکدارەکانی ئیمارات و سەرۆکی ئەنجومەنی راپەڕاندنی ئیمارەتی ئەبوزەبی، بۆ بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمی پێشبڕکێی خەڵاتی ئیمارات فۆرمۆلا یەک، پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ یەکشەممە 2019/12/1 بە سەردانێکی یەک ڕۆژە گەیشتنە ئەبوزەبی.[2]
- زانکۆ و شارەوانی هەڵەبجە لەڕێگەی چاندنی 200 نەمام و حەوت هەزار بەرووەوە هەڵمەتی سەوزکردنی سنوورەکەیان دەستپێکرد و خوێندکارانیش بەشدارن لە چالاکییەکەدا.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- وەزارەتی بەرگری رووسیا بڵاویکردەوە، بۆمبێکی چێنراو بە ئۆتۆمبێلێکی سەربازیی رووسیادا لە کاتی خۆئامادەکرنیان بۆ مانۆڕێکی سەربازیی لەگەڵ سوپای تورکیا لە کۆبانێ تەقیوەتەوە.
ئاشکراشی کردووە، سێ سەربازی رووسیا لەو تەقینەوە برینداربوون، بەڵام برینەکانیان سووکە و مەترسی لەسەر ژیانیان نییە.[2]
- سوپای داگیرکەری تورک ناوچەی تل رەفعەت سەر بە کانتۆنی شەهبای تۆپباران دەکات و بەپێی زانیارییەکان دوو کەسی سڤیل شەهیدبوون و چەندین کەسی دیکەش برینداربوون.[4] لە ئەنجامی هێرشەکەدا 9 هاوڵاتی شەهید بوون کە یەکێکیان منداڵە. هاوکات 10 هاوڵاتی دیکەش بریندار بوون کە زۆربەیان منداڵن.[6]
- سوپای تورک و چەتەکانی، ئەو گوندانە بۆردومان دەکەن کە دەکەونە رۆژئاوای شاری گرێ سپی. بۆردومانەکە رووبەرێکی نزیکەی 15 کیلۆمەتری لەخۆ گرتووە.[6]
- تەرمی 5 شەرڤان کە لە هێرشەکانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر لە عەفرین شەهید ببون، لە لایەن هەزاران کەسەوە بە مەراسیمێک بەخاک سپێردران.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ هەڵەبجە
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ کرماشان
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ کۆبانی
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ گرێ سپی
🏙️ شار و شارۆچکەکان: 🕊️ ئەفرین
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ خانەقین

Quick Respons Code:

🗄️سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-12-02
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-12-02
[3] 📡ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-12-02
[4] 📡ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-12-02
[5] 📡ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-12-02
[6] 📡ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-02
[7] ⚫دیارینەکراو | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01 6:58:05 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 335

**2019-12-03**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191101185805374851




رۆژهەڵاتی کوردستان
- ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە سنووری شاری پیرانشار، لە لایەن هێزە نیزامییەکانە دەدرێنە بەر دەسڕێژی گوللە کە لە ئەنجامی تەقەی ئەو هێزانەدا، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی جەلال خالیدی خەڵکی شاری مەهاباد، پێکراوە.[7]
- رەشید ناسرزادە هەواڵنێر و چالاکی ژینگەپارێزی خەڵکی شاری شنۆ ئەندامی گرووپی شاخەوانەیی پێشرەو لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا. ناوبراو کاتی گەڕانەوەی لە هەرێمی کوردستان لە جاددەی پیرانشار شنۆ دەسبەسەر کراوە و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراوە.[7]
باشووری کوردستان
- بەبۆنەی رۆژی جیهانی کەمئەندامانەوە، دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان کە سەرجەمیان نابینان لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لە سلێمانی داوای دامەزراندنیان ئاراستەی حکومەتی هەرێم کرد. داواشیانکرد کە حکومەت هاوکاریان بێت لە رەخساندنی هەلیکار بۆیان، بۆ ئەوەی بتوانن

لەرێگەی بڕوانامەکانیانەوە ژیانێکی شایستە بۆ خۆیان دابین بکەن.[3]
- ژمارەیەک لە رۆژنامەنووس و چالاکوانی مەدەنی بەمەبەستی جێبەجێکردنی پرەنسیپەکانی یاسای کاری رۆژنامەگەری لەگەڵ ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە و لەبەیاننامەیەکدا مەترسی سەر کاری رۆژنامەگەریان لە حاڵەتی جێبەجێنەکردنی یاساکە خستەڕوو.[5]
- لەپێناو خزمەتکردن بە پرۆسەی پەروەردە و خوێندنەوە و گرنگیدان بەخاوەن پێداویستی تایبەت، لە رۆژی خاوەن پێداویستی تایبەتدا، لەمەراسیمێکی تایبەتدا رێکخراوی (پەروەردەیەکی هاوچەرخ) بەهاوکاری (کتێبخانەی گشتی سلێمانی) بەشێکی تایبەتیان بە نابینایان لە کتێبخانە کردەوە.[3]
- حکومەتی هەرێم رایگەیاند، لەگەڵ بەغدا لەسەر پرسی بودجە و نەوت رێککەوتن.[6]
- لە شارۆچکەی کفری چوارەمین فێستیڤاڵی مەقام بەڕێوەچوو، کە تێیدا 9 گرووپ و 60 ژەنیار لە عێراق و هەرێمی کوردستان بەشداریان تێداکردووە، دەسپێکی فێستیڤاڵەکەش بە مەقامی قەتار و خاوکەر دەستی پێکرد کە یەکێکە لە مەقامە رەسەنەکانی کورد لە ناوچەی گەرمیان و کەرکوک دەوترێتەوە.[2]
- ساڵۆنی کوردستانی نوێ رێوڕەسمی ناساندن و بڵاوکردنەوەی کتێبی لە و دیو سنوورەکانی مەرگەوە، بیرەوەرییەکانی زیندان بۆ مامۆستا مەحمود قەرەداغی پێشمەرگە و تێکۆشەری دێرین رێکخست.[3]
- وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ڕایگەیاند: لە هەنگاوێکی زانستیدا و بەئاراستەی کرانەوە بەرووی دونیاو ئاشنابون بەکلتور و فەرهەنگ و مێژوی وڵاتی چین، کردنەوەی بەشی زمانی چینی لە زانکۆی سەڵاحەدین دەبێتە تەنها بەش لەسەر ئاستی کوردستان و عیراق، بۆ پیشکەشکارانی کوردستان و عیراق کەدەتوانن بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زمانی چینی وەربگرن.[3]
رۆژئاوای کوردستان
- بۆ شەهیدانی کۆمەڵکوژییەکەی دوێنێی تل رەفعەت، ئەمڕۆ خۆبەڕێوبەریی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە و دوو ڕۆژ ماتەمینی ڕاگەیاند.[7]
- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر کاتژمێر 9:30 خولەک دەستی بە تۆپبارانکردنی گوندەکانی سوخانەک و ئاقیبێی ناوچەی شێراوای عەفرین کردووە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- کچێکی دیکەی کوردی ئێزدی خەڵکی گوندی کوچو لە شاری روممادی لەلایەن سوپای عێراقەوە لەدەست داعش رزگارکرا و نووسینگەی رزگارکردنی رفێندراوانی دەستی داعش دەڵێت، بەمنزیکانە دەیگێڕنەوە بۆ نێو کەسوکاری.[1]
- وەزیری بەرگریی ئەمریکا رایدەگەیێنێت، پشتگیری لەوە ناکات کە یەکینەکانی پاراستنی گەل - یەپەگە، بە رێکخراوێکی تیرۆریستی بناسرێت.[1]
- ئیسحاق جەهانگیری، جێگری یەکەمی سەرۆک کۆماری ئێران دەڵێت: بارودۆخی ئێستای ئێران یەکێکە لە قورسترین ئە و بارودۆخانەی لە پاش شۆڕشی ئیسلامی ئێران لە ساڵی 1979 وڵاتی پێدا تێدەپەڕێت، و هۆکارەکەشی بۆ فشارەکانی ئەمەریکا لەسەر سەچاوەکانی ژیان و گوزەرانی خەڵکی ئە و وڵاتە دەگێڕێتەوە.[2]
- بەر لە دەستپێکردنی کۆبوونەوەی لووتکەی ناتۆ، سەرۆکی ئەمریکا رایگەیاند، تورکیای بەدڵە و پەیوەندیی لەگەڵ سەرۆکەکەی باشە، لێدوانەکانی سەرۆکی فەرەنسایشی بە بێڕێزی ناوبرد کە پێشتر رێکخراوی ناتۆی بە عەقڵێکی مردوو وەسفکردبوو.[1]
- ئەرۆغان پێش بەرێکەوتنی بۆ بەشداریکردن لە لوتکەی ناتۆ لە لەندەن بەبۆنەی 70 ساڵەی دامەزراندنی ئەو رێکخراوە لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند، پلانی وڵاتەکەی بۆ دروستکردنی ناوچەی ئارام لە گرێ سپی و سەرێکانی پێشکەشی فەرەنسا و بەریتانیا و ئەڵمانیا دەکات. گوتیشی، داوا لە وڵاتانی ئەندام لە ناتۆ دەکەم یەپەگە وەک رێکخراوێکی تیرۆریستی بناسێنێت.[2]
- ناکۆکییەکانی نێوان ئەندامانی ناتۆ لە بەریتانیا باشتر روونبوونەوە کاتێک سەرکردەکان چاویان بەیەک کەوت. ماکرۆن روونکردنەوە لەسەر قسەکانی پێشووتری دەدات و سەبارەت بە تورکیاش

رایگەیاند تورکیا یەپەگە و ئەوانیدی بە تیرۆریست دادەنێت. کە ئەمە پێناسەی ئێمە نییە.[1]
- نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق ڕایگەیاند: لە خۆپیشاندانەکانی عێراقدا تا ئێستا 400 کەس کوژراون.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 03-12-2019
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 03-12-2019
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 03-12-2019
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 03-12-2019
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 03-12-2019
[6] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 04-12-2019

کاتی تۆمارکردن: 01-11-2019 6:58:05 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 336

**2019-12-04**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191101185805374852



باکووری کوردستان
- هاوسەرۆکی شەمرەخ نالان ئوزئایدن، هاوشارەداری دیرک مولکیە ئەسمەز و هاوسەرۆکی شارەوانی ستەور گولستان ئونجو، لە زیندانی پیتی (ئە)ی مێردین بۆ زیندانی پیتی (ت) ی تارسوس دوورخرانەوە.[1]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- لقی 101ی دادگای کەیفەریی شاری بۆکان دوکتور رەشید کرمانج، مامۆستای زانکۆی بە 5 ساڵ زیندان مەحکووم کرد. ئەو مامۆستای زانکۆیە بە تۆمەتی بێڕێزی بە رێبەری نیزام و هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران تاوانبار کراوە.[3]
باشووری کوردستان
- لە هەولێر کۆنفرانسی ئاوەدانکردنەوەی موسڵ بە بەشداری کۆمپانیاکانی عێراق و کوردستان و وڵاتانی کەنداو و ئەمریکا بەڕێوەدەچێت. لە کۆنفرانسەکەدا وەبەرهێنەرانی ئەمریکا، وڵاتانی عەرەبیی کەنداو، عێراق و هەرێمی کوردستان بەشداردەبن.[2]
- ئەو 12 گەنجەی لە لە باشووری کوردستانەوە بۆ پشتگیری لە بەرخۆدانی رۆژئاوا لەدژی داگیرکەری دەوڵەتی تورک بەشداریان لە شەڕدا کردبوو و لە کاتی گەڕانەوەدا لە لایەن ئاسایشی دهۆکەوە دەستگیرکرابوون، ئازاد کران.[1]
- ئەمشە و جارێکی تر تیرۆرستانی داعش پەلاماری هێزەکانی پێشمەرگەیان لە سنوری دەکە و قەرەبڵاغ لە سنوری کوڵەجۆ و خانەقین داوە و تێکشکاون.[7] سەرچاوەکان باس لە قوربانیی ریزەکانی پێشمەرگە دەکەن بەڵام ئامارێکی دروست لەمڕۆدا نەدراوە بەدەستەوە.
- حەشدی شەعبی ئاماژە بەوەدەکات کە هێرشێکی چەتەکانی داعشی لە نزیک خانەقین تێکشکاندووە و رایگەیاند کە چەکدارێکیان لەلایەن چەتەکانەوە کوژراوە.[4]
- رێکخەرانی کۆکردنەوەی واژوو بۆ پرۆژە یاسای دەستوری هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنن، واژوەکانیان ئاڕاستەی پەرلەمان کردووە و لیژنەی یاسایی پەرلەمانیش بەڵێنیان پێداون لەکاتی گفتوگۆی دەستور بانگهێشتی رێکخراوەکان دەکەن.[6]
- عەتا سەراوی چەند زانیارییەک لە بارەی شەهیدکردنی 48 پێشمەرگەی یەکێتی دەخاتەڕوو، مەلا کرێکاریش تۆمەتبار دەکات بەوەی بەرپرسە لە شەهیدکردنی ئەو پپێشمەرگانە، ئەوەش دەخاتەڕوو کە هەندێک کەس و لایەن هەوڵ دەدەن مەلا کرێکار بهێننەوە هەرێم.[4]
رۆژئاوای کوردستان
- لە ناوچەی فافین لە شەهبا، مەراسیمی بەخاک سپاردنی شەهیدانی کۆمەڵکوژییەکەی ناوچەی تل رەفعەت کە بە تۆپبارانی سوپای داگیرکەری تورک و چەتەکانی شەهیدبوون دەستپێکرد. مەراسیمەکە بە ئامادەبوونی هەزاران کەس لە هاوڵاتیانی کانتۆنی شەهبا و ئاوارەکانی عەفرین کە لە کامپی شەهبا دەژین، بەڕێوەدەچێت.[4]
دەرەوەی کوردستان
- داداگای مافەکانی مرۆڤی ئەوروپا لەسەر دەستگرتن بەسەر زانیارییە ئەلکترۆنییەکانی پارێزەرانی عەبدوڵلا ئۆجەلان، رێبەری پەکەکە کە لە پەیوەندیی نێوان پارێزەر – بریگرتە وەک رازی پیشەیی دەپارێزرێت و لەسەر رادەست نەکردنەوەیان یان لەناوبردنیان، سزای بەسەر دەوڵەتی تورکدا سەپاند.[1]
- شەوی رابردوو کۆنسوڵگەری ئێران لە شاری نەجەف بۆ جاری سێیەم لەلایەن خۆپیشاندەرانی عێراقییەوە سووتیندرا.[4]
- رۆژنامەی تایمزی بەریتانی بڵاویکردەوە، دوای شەڕی سارد، بەردەوام پرسی عێراق هەژموونی هەبووە بەسەر کۆی ئە و گفتوگۆ سەربازییە ستراتیژیانەی لە وڵاتانی خۆرئاوا بەڕێوەچوون. ئێستا ئە و عێراقەی لە دوای (2003)ەوە، بنیاتنراوەتەوە، لە لێواری دارمانە.[5]
- یەنس ستۆڵتنبێرگ، ئەمینداری گشتیی هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی ناتۆ رایگەیاند، لە لوتکەی ناتۆدا پرسی ناوهێنانی یەپەگەیان لە سووریا پێشنیاز نەکرد، کە پێشتر رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا داوای لە هاوپەیمانێتییەکە کردبوو بیخەنە لیستی تیرۆرەوە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| شار و شارۆچکەکان: | خانەقین |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | بۆکان |
| شار و شارۆچکەکان: | دهۆک |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-04
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-12-04
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-12-04
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-12-04
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-12-04
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-12-04
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-12-04

کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01 6:58:05 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 337

**2019-12-05**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191101185805374853



باکووری کوردستان
- پۆلیسی تورک لە موش هەڵیانکوتایە سەر ماڵان و ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی هەدەپەی شارەکەیان دەستگیر کرد بە ناوەکانی محەمەد دەمیر و محەمەد شاکر تۆغروول کە پێشتر لەسەر کار لادرابوون.[1]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- لە رووداوێکی تەقینەوە گاز لە ئاهەنگی هاوسەرگیری لە سەقز 11 کەس کوژراون و تاوەکو ئێستا 34 کەس بریندارن. بە گوتەی حوسێن خۆش ئێقباڵ جێگری، سیاسی، ئەمنی و کۆمەڵایەتی پارێزگاری سنە، لە تەقینەوەکەدا 11 کەس گیانیان لەدەستداوە کە پێنجیان منداڵن، پێنجیان ژنن و یەکێکی دیکە لە کوژراوەکان پیاوە. 34 کەسی دیکەش برینداربوون و دۆخی 3 لە بریندارەکان باش نییە.[4]
باشووری کوردستان
- لە هێرشەکەی دوێنێ شەوی داعش بۆسەر دەکەی سەرچەم لە باشووری رۆژئاوای خانەقین لە گەرمیان، 3 پێشمەرگە بە ناوەکانی لوقمان نەجم تاهیر لەدایکبووی 1986ە و خەڵکی شارۆچکەی دەربەندیخان، زیاد خەلیفە سوڵتان لەدایکبووی 1986ە و خەڵکی شارۆچکەی کفری و مەعروف محەمەد مەحمود لەدایکبووی 1957ە و خەڵکی شارۆچکەی چەمچەماڵە. بریندارەکانیش ناویان شوان مەجید و سەڵاح ئیبراهیم محەمەدە.[3]
- چالاکییەکانی شەشەمینساڵیادی تیرۆری رۆژنامەنووس کاوە گەرمیانی دەستپێکرد، لە یەکەم چالاکییشد لەسەر مەزارەکەی تاجە گوڵینە دانرا و خانەوادەکەی ئاشکرایانکرد، کە لەبەر ئەوەی بڕوایان بە دادگا نەماوە، خۆیان دەستیان بە لێکۆڵینەوە کردووە لە کەیسەکەدا و چەند سەرەداوێکیان دەستکەوتووە و لە داهاتوودا ئاشکرای دەکەن.[6]
- ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڕیاریدا کۆنگرە بۆ 21-12-2019 دوابخات.[3]
- بەشێک لەکادران و لایەنگرانی یەکێتی بۆ دووپاتکردنەوەی هەڵوێستیان لەسەر بەستنی کۆنگرە و دوانەخستنی، لەبەردەم مەکتەبی سیاسی یەکێتی گردبوونەوە و ئاماژە بۆ ئەوەشدەکەن، تا سەرکردایەتی یەکێتی بڕیاری بەستنی کۆنگرە نەدات لەئەمساڵدا بەردەم مەکتەبی سیاسی چۆڵناکەین.[5]
- تەرمی ژنێکی 35 ساڵە لە خورماتوو دۆزرایەوە کە بە فیشەک کوژراوە.[5]
- لەژێر دروشمی ئەگەر چەک نەبم هونەر ئەبم بۆ رۆژئاوا، رێکخراوی نوێگەر بۆ گەشەپێدانی هونەری پێشانگایەکی شێوەکاری بۆ پشتیوانی لە رۆژئاوای کوردستان کردەوە.[6]
- کاتژمێر 04:00ی ئێوارەی ئەمرۆ، لە گوندی سوڵتانێ دێ-ی سەر بە شارەدێی ژاراوەی شارۆچکەی پشدەر، رێکخراوی ژنانی ئازادی کوردستان-رژاک سمینارێکی لە سەر 25ی نۆڤەمبەر و وشیارکردنەوەی ژنان لەسەر توندووتیژییەکان بەرێوە چوو.[6]
- لە مەراسیمی شەشەمین ساڵیادی تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس کاوە گەرمیانی-دا، شەشەمین خەڵاتی کاوە گەرمیانی بەخشرایە نوسەر و سیاسەتمەداری کورد لە باکوری کوردستان، سەڵاحەدین دەمیرتاش، خەڵاتەکە لەلایەن نوێنەرایەتی هەدەپەوە وەرگیرا.[6]
- لە دوایین چالاکی بۆ شەشەمین ساڵیادی تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس کاوە گەرمیانی، ئەمشەو لەو خانووەی کە کاوە گەرمیانی تێیدا شەهیدکرا، لە گەرەکی سەرکەوتن لە شارۆچکەی کەلار-ی ناوەندی ئیدارەی گەرمیان، کاتژمێرێک پێش کاتی تیرۆرکردنی کاوە گەرمیانی تا کاتی تیرۆرکردنەکەی گردبوونەوەیەک بەرێوەچوو. لە گردبوونەوەکەدا، لە ساتەوەختی تیرۆرکردنی کاوە گەرمیانیدا، هەموو ئامادەبووان ساتێک بە بێدەنگی بۆ بەرزراگرتنی رۆحی کاوە و سەرجەم شەهیدانی رێگای ئازادی وەستان.[6]
رۆژئاوای کوردستان
- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و چەتەکانی لە شەوی رابردووەوە هێرش دەکەنە سەر گوندی ئاریدای گرێ سپی. هێرشی داگیرکەری لە لایەن قەسەدەوە تێکشکێنرا و داگیرکەرەک کوژرا.[1]
- شەوی رابوردوو لە ئەنجانی تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو بە کاروانێکی ئۆتۆمبێلە

سەربازییەکانی تورکیا لە جەرابلوس 5 سەرباز کوژران و 12ی دیکە برینداربوون.[2]
- لە هەریەک لە شارەکانی (قامشلۆ، حەسەکە، تەل کۆچەر، دێرە زۆر، تەل حەمیس، گرکێ لەگێ، ترپەسپی، عامودا، رەقا، دربێسی) رێپێوانی جەماوەری بەرێوە چوو و بە دروشم و بەرزکردنەوەی پانکارت کۆمەڵکوژیی تەل رەفعەت شەرمەزار کرا.[1]
- دوای نێوەرۆ لە ناوەندی شاری سەرێکانی دوو تەقینەوە رویداوە. بە گوێرە زانیاریەکان بە هۆی تەقینەوەکە کوژراو بریندار هەیە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- بابەتی کوشتنی کچێک بەناوی وێلما، تەمەن 17 ساڵان و پارچەپارچەکردنی تەرمەکەی و ئاشکرابوونی بکوژەکەی کە کوردێکی باشووری کوردستانە بەناوی تیشکۆ شاباز، بووەتە بابەتی گەرمی مێدیاکانی سەید و دیسان هەستی تووڕەیی بەشێک لە سوێدییەکانی بەرامبەر کۆچبەران جوڵاندووە.[4]
- لە شاری شاریقەی ئیمارات دەرهێنەرێکی کوردی خەڵکی شاری دهۆک بە ناوی زانکۆی دهۆکەوە بە بەڵگەفیلمێک بەشداریی فیستیڤاڵی فیلمی زانکۆکانی کرد و خەڵاتی یەکەمی بەڵگەفیلمی وەرگرت.
دەرهێنەری بەڵگەفیلمەکە ناوی رێبەر روشدییە و بە بەڵگەفیلمی چاڵێنج بەشداریی فیستیڤاڵەکەی کردووە.[4]
- وەزیری بەرگریی ئەمریکا رایدەگەیێنێت، پرۆسەی کشاندنەوەی سەربازەکانیان لە باکووری رۆژهەڵاتی سووریا کۆتاییهاتووە و ئێستا 600 سەربازیان لە چەند ناوچەیەکی دیکەی سووریادا جێگیرکردووە.[4]
- زیاتر لە 100 هونەرمەند، رۆشنبیر، سیاسەتمەدار و نوێنەری رێکخراوەکان ئاشکرایان کرد، کە لەپێناو پێکهاتنی یەکێتی نەتەوەیی کورد رێپێوانێک لە لۆزانەوە بۆ جنێف ئەنجامدەدەن.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سەرێکانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سەقز |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ کەلار (گەرمیان) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ گرێ سپی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ چەمچەماڵ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ خانەقین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ دەربەندیخان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ کفری |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ خورماتوو |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ حەسەکە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ دهۆک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ قامیشلۆ |

🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ موش
:Quick Respons Code

🗄سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-05]
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-12-05]
[3] ⚫دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | [تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن]
[4] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ڕووداو - 2019-12-05]
[5] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری یوک میدیا - 2019-12-05]
[6] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-12-05]

کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01 6:58:05 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 338
**2019-12-06**
https://www.kurdipedia.org/?q=20191101185805374854



باکووری کوردستان
- یلماز شاڵان هاوسەرۆکی شارەوانی بێگر و یاکوب ئالماچ هاوسەرۆکی شارەوانی قەلقەلی و ئەرکان ئاجار هاوسەرۆکی ناوچەی ئەلباک لە شاری وان، لە ئەنجامی ئۆپراسیۆنی قرکردنی سیاسیدا لە ناو ماڵەکانیان دەستگیر کران و گواستیانەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی شارەکە.[1]
- دایک و باوکی سەڵاحەدین دەمیرتاش، تاهیر دەمیرتاش و سەعدیە دەمیرتاش لەکاتی سەردانیکردنیان بۆ لای سەلاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی پێشووی (هەدەپە) تووشی ڕووداوی هاتوچۆ بوون و بەوهۆیەوەش بریندابوون.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- چوار هاووڵاتی بە ناوەکانی مستەفا خەیری، یاسین خەیری، نافێع مینایی و ئیبراهیم حوسێن نژاد، خەڵکی سەقز، بەبێ بەڵگەی یاسایی لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کران. ئەو چوار هاووڵاتییە کوردە، لە گەڕەکی تازاوای سەقز دەسبەسەر و بۆ گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە ڕاگوێزراون.[5]
باشووری کوردستان
- وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان، فەوجەکانی لیوای (16)ی پێشمەرگەی بەرە و سەنگەرەکانی پێشەوەی بەرگری لە سنووری گەرمیان جوڵاند.[3]
- تەقینەوەیەک لە گەڕەکی پەنجا عەلی لە کەرکوک لە نزیک هێزێکی پۆلیسی شارەکە ڕوویدا.[4] تەقینەوەکە بوەتەهۆی بریندابوونی پۆلیسێکی کورد بەناوی (کاروان یاسین عوسمان) و پاشان بەهۆی سەختیی برینەکەیەوە گیانی لەدەستدا.[6]
- لە سنووری جەلەولا چەکدارانی داعش هێرشیان کردەسەر پۆلیسی فریاکەوتنی ناحیەکە و لە ئاکامدا شەش پۆلیس کوژران و بریندابوون.[4]
- کۆنسوڵخانەی ئێران لە سلێمانی دەڵێت، ئەوکەسانەی تۆمەتباربوون بە دەرمانخوارکردن و

سووتاندنی خێزانێکی هەڵەبجەیی لە ورمێ دەستگیرکراون.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- کەناڵی RTی ڕووسیا بڵاویکردەوە، کاروانێکی گەورەی پۆلیسی سەربازی ڕووسیا گەیشتووەتە فڕۆکەخانەی قامشلۆ. بە گوێرەی زانیاری کەناڵەکە، کاروانە ڕووسییەکە بە یاوەری هێزە کوردییەکان لە شارۆچکەی عەین عیساەوە چووەتە قامشلۆ.[3]
- دانیشتوانی شاری حەسەکە لە دژی کۆمەڵکوژییەکانی دەوڵەتی تورکی داگیر ڕژانە ناو شەقامەکان و بە یەک دەنگ وتیان، تا دوا هەناسە لە دژی ئەوانەی منداڵەکانمان دەکوژن، تێدەکۆشین.[1]
- لە شارۆچکەی عەلی بابجەلی کە دەکەوێتە باکوری ناوچەی عەین عیسا هاوڵاتیان لە دژی داگیرکەرانی دەوڵەتی تورک خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا.[1]
دەرەوەی کوردستان
- جارێکی دیکە (زەیتی عەفرین) دەبێتە ڕۆژەڤی پەرلەمانی تورکیا. دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە بۆ یەکەمجار دان بەوەدا دەنێن کە بازرگانیی نایاسایی بە زەیتی عەفرینەوە کراوە. پەرلەمانتارانی جەهەپە و هەدەپە دەڵێن: داهاتی بە قاچاخبردنی زەیت دیار نییە و بە لۆژیکی (غەنیمەت) بازرگانی بە زەیتەوە دەکرێت.[2]
- هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی توندوتیژی دژ بە خۆپیشاندەران لە عێراق چەند سەرچاوەیەکی ئەمریکی ڕایدەگەیەنن: واشنتن سزا بەسەر ژمارەیەک بەرپرسی عێراقیدا دەسەپێنێت.[4]
- تەقە لە خۆپیشاندەرانی بەغدا دەکرێت و زۆرتر لە 10 کەس دەکوژرێن.[6]
- وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکا، سزای بەسەر 4 بەرپرسی عێراقیدا سەپاند، کە 3 لەوانە بەرپرسی حەشدی شەعبین و لە ئێران نزیکن. بە گوێرەی ڕاگەیەندراوی وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکا، هەریەک لە قەیس خزعەلی سەرۆکی میلیشیای عەسائیبی ئەهلولحەق لەیس خزعەلی برای، خەمیس خەنجەر و حوسێن فالح عەزیز لامی لە لیستی سزا داراییەکانی ئەمەریکان.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سەقز

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-06

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-12-06

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-12-06

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-12-06

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-12-06

[6] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01 6:58:05 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 339

**2019-12-07**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191101185805374855




باکووری کوردستان
- لە گوندی سۆگوکپنار (مووشیان)ی سەربە ناوچەی توتاکی ئاگری، سەربازانی تورک ئۆپەراسیۆنێکیان دستپێکردبوو، لە پێدادانی دوای ئۆپەراسیۆنەکە، کەسێک بەناوی موراد کایا کە باوکی 3 منداڵە، کوژرا. ئەوەش زانراوە کە لە گوندەکە 10 کەس دەستگیر کراون، کەسێک بەناوی جەمال ئاکسۆی-ش بریندار بووە و ڕەوانەی نەخۆشخانەی لێکۆڵینەوەی وان کراوە. هەروەها ئەوەش وتراوە کە سەربازانی تورک هاوڵاتیانی گوندەکەیان ئەشکەنجە داوە.[6]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دوو ئەندامی گرووپی شاخەوانی هەڵۆی شاری سەقز بە ناوەکانی فایەق یووسفی و هادی محەممەدزادە، لە لایەن دادسەرای گشتیی و ئینقلابی ئەو شارەوە بە زیندان مەحکووم کران. بە پێی ئەو بڕیارە، ئەو دوو کەسە بەتۆمەتی پڕوپاگەندە دژی نیزام لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی تراکتەوە بە تاوانبار ناسراون.[4]
باشووری کوردستان
- سەرچاوەیەکی ئەمنی ڕایدەگەیەنێت: شەوی ڕابوردوو چەکدارانی داعش لە سنوری شارەدێ گوێر جوڵەیان کردووە و هێزەکانی پێشمەرگەش خراونەتە ئامادەباشی.[1]
- شەپۆلێکی بەفر بارین سنووری حاجی ئۆمەران و چیای ئەزمەڕ و چیاکانی شارباژێڕ و چەند ناوچەیەکی دیکەی هەرێمی گرتوەتەوە و بەپێی پێشبینییەکانی کەشناسیش، باران بارین بەردەوام دەبێت و لە ناوچە شاخاوییە سنورییەکانیش ئەگەری بەفربارین هەیە.[3]
- مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و جەیمس جێفری، نوێنەری سەرۆکی ئەمەریکا لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش کۆبوونەوە. لە کۆبوونەوەکە، هەریەک لە وەزیری پێشمەرگە و وەزیری ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کونسوڵی ئەمەریکا لە هەولێر و چەند بەرپرسێکی دیکەی هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا بەشدارن.[5]
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ چەکدارانی داعش بەقۆستنەوەی کەشوهەوا ی ناوچەکە هێرشیانکردوەتە

سەر چەکدارانی لیوای 56ی حەشدی حەویجە لەناوچەی دەنادیشی قەزاکە. روبەڕوبونەوە لەنێوانیان رویداوە و بەهۆیەوە دوو چەکداری حەشد کوژراون.[1]
دەرەوەی کوردستان
- ڕەوشی ناوخۆیی ئێراق عەرەبی زۆر خراپ تێکچووە بە تایبەتی شاری بەغدا، لە پاش ڕووداوەکانی شەوی رابردوو کە زۆرتر لە 30 کەس کوژران و زۆرتر لە 100یش برینداربوون، سوپا هێزەکانی خۆیی لە گەڕەکەکانی بەغدا بڵاوە پێکردووە.[2]
- فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوان بارەگای موقتەدا سەدر لە نەجەف بۆردومان دەکات.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: شارباژێر (چوارتا و ماوەت)
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-12-07
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-12-07
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-12-07
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-12-07
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-08

کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01 6:58:05 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 340
**2019-12-08**
https://www.kurdipedia.org/?q=20191101185805374856




باکووری کوردستان
- هێزە سەربازییەکانی رژێمی تورک هەڵیان کوتایە سەر گوندەکانی سەر بە ناوچەی رێزان و پەیاس و چناری سەر بە ئامەد و لە ئەنجامی ئەو ئۆپراسیۆنەدا زیاتر لە 13 هاوڵاتی دەسگیر کران.[1]
باشووری کوردستان
- وەکو کاردانەوە بەرامبەر دەرکردنی فەرمانی دەستگیرکردن دژی سەرۆکەکەی، بەرەی عەرەبی یەکگرتوو لە کەرکوک هۆشداری دەدات لە تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی شارەکە.[2]
- ژمارەیەکی بەرچاوی میدیای عێراق و ناوچەکە بە بایەخەوە وتارەکەی مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڵاودەکەنەوە کە بە بۆنەی تێپەڕبوونی 100 رۆژ بەسەر کارکردنی کابینەی نۆیەم پێشکەشی کرد و دەستکەوتەکانی حکوومەتی بۆ هاووڵاتیانی کوردستان خستەروو.[3]
- هەڵمەتی کۆکردنەوەی ئیمزا بۆ پاراستنی گەرەکە کلتورییەکانی شاری سلێمانی دەستپێکرد.[4]
- لە چوارچێوەی چالاکییەکانی تایبەت بە رۆژی مافی مرۆڤ و دژی ئەو کۆمەڵکوژییەی دووی ئەم مانگە، سوپای داگیرکەری تورکیا لە تل رفعەت ئەنجامیدا، کە بووە هۆی شەهیدبوونی 10 کەس و برینداربوونی 10 کەسی دیکە، کە زۆرینەیان منداڵ بوون، ئەمرۆ ژمارەیەک لە هاوڵاتیانی شاری هەڵەبجە لەبەردەم نوسینگەی مافی مرۆڤ لە شاری هەڵەبجە گردبوونەوە.[5]
- لەسەر سکاڵای سەرۆکی زانکۆی سلێمانی، رۆژنامەنووس شوان عادل دەستگیرکرا.[5]
- مایلز کاگینز، گوتەبێژی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ سەنتەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ راپۆرت و شرۆڤە دەڵێت، زیاتر لە 100 هەمەری سەربازی و ژمارەیەک پارچەی کەرەستە سەربازییەکان و هاوەن و فیشەک و بێتەل دەدەنە هێزەکانی پێشمەرگە.[6]
- لە میانەی هەڵمەتی 16 رۆژەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، سەنتەری یەکسانی جێندەری زانکۆی هەڵەبجە، دیداری ژنانی شایستەی بۆ 5 ژنی بەتوانای شارەکە لەژێر ناونیشانیمن دەتوانم بەڕێوەبرد. دیدارەکە بۆ هەریەک لە دکتۆرە مهاباد کامیل سەرۆکی زانکۆی هەڵەبجە، دادوەر سۆزان حەمەشەریف، دادوەر لەدادگای بەرایی هەڵەبجە، دادوەر شەونم محێدین دادوەر لەدادگای بەرای هەڵەبجە، دکتۆرە هەتاو حەمە ساڵح مامۆستای زانکۆی هەڵەبجە و پارێزەر شۆخان حەمەڕەشید سەرۆکی رێکخراوی هاریکاری یاسایی ژنان ساز درابوو.[5]
- شەوی رابردوو، بەشێک لە بازاڕی قەیسەریی کفری بەهۆی بارانبارینەوە دادەڕمێت.[6]
رۆژئاوای کوردستان
- لە ناوەندی پارتی یەکێتی دیموکراتیک (پەیەدە) کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان لە نێوان نوێنەرانری حزب و لایەنە سیاسییەکانی کورد، عەرەب و سریان لە باکور و رۆژهەڵاتی سوریا و نوێنەرانی حزب و لایەنە سیاسییەکانی ناو سوریا دەستپێکردووە. بە ئامانجی وتوێژکردن لەسەر رێبازەکانی نزیکبوونەوەی تێڕوانینەکان و لەوەش زیاتر وتوێژکردن لەسەر پرۆژەی خۆبەڕێوەبەری و یاسای خۆبەڕێوەبەری هەرێمی سوریا، ئەو کۆبوونەوەیە بەڕێوە چوو.[1]
دەرەوەی کوردستان
- رۆبێرت کۆڵفیڵ وتەبێژی کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاند، لەگەڵ ئەوەی ئاگربەست راگەیەنراوە، هێرشی سەر رۆژئاوا و باکووری سوریا بەردەوامە و وتی، ئێمە بە هۆی رووداوەکان کە راستەوخۆ خەڵکی مەدەنی دەکرێتە ئامانج، نیگەرانین.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: کفری

شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-08
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-12-08
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-12-08
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-12-08
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-12-08
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-12-08


کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01 6:58:05 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 341

**2019-12-09**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191101185805374857




باکووری کوردستان
- بۆ لێسەندنەوەی مافی پارێزبەندی لەبارەی 18 پەرلەمانتاری هەدەپە 21 دۆسیە ئامادەکران و بۆ پەرلەمانی تورکیا نێردران.[2]
- لەو هاوسەرۆکی شاروانیانەی لە 6ی کانونی یەکەمدا لە وان لە ئەنجامی هەڵکوتانە سەر ماڵان دەستبەسەر کرابوون کە پێکهاتبوون لە هەریەک لە هاوسەرۆکی شارەوانی بێگری یلماز شالان، هاوسەرۆکی شارەوانی قەلقەلێ دیلان ئۆرەنجی و یاقوب ئالماچ بڕیاری زیندانیکردنیان بۆ دەرچوو، هاوسەرۆکی شارەوانی ئەلباک ئەرکان ئاجار و هاوسەرۆکی شارەوانی بێگرێ لەیلا بالکان بە مەرجی چاودێریی دادگا، ئازاد کران.[2]
- هاوسەرۆکی پێشووی پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە سەلاحەدین دەمیرتاش کە ئێستا لە گرتووخانەیە دەڵێت، دەمێکە نەخۆشە و گرفتی تەندروستی هەیە، هێشتا نەخۆشییەکەیشی دەستنیشاننەکراوە.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی یادگار ئیسماعیلی خەڵکی گوندی زلێی بانە، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکان بریندار کرا.[8]
- لە ڕێوڕەسمێکی تایبەت لە زانکۆی کوردستان لە شاری سنە، بە سەرپەرشتی د. ڕەحمەت سادقی، سەرۆکی زانکۆ و ئامادەبوونی مامۆستا و خوێندکاران، بروانامەی ڕێزلێنان بەخشیرایە هەڵمەت عاسی حوسێن، مامۆستای زانکۆی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان.[5]

- چالاکێکی ژینگەپارێزی بە ناوی سابیر قادری تەمەن 43 ساڵ و خەڵکی دێولان، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.[8]
باشووری کوردستان
- لە سەعات 8ی بەیانی ئەمڕۆوە کۆنفرانسی مەڵبەندەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سەرتاسەری باشووری کوردستان و ئێراق دەستپێکرد.[1]
- دوای زیاتر لە چوار مانگ لە دەستگیرکردنی رۆژنامەنووس زوبێر برادۆستی لە لایەن ئاساییشی دهۆکەوە، ئازاد کرا.[2]
- بەمەبەستی ئیدانەکردنی ئەو دەستدرێژیەی کرایە سەر خێزانێکی هەڵەبجەیی لە شاری ورمێ و دەربڕینی هاوخەمی بۆیان، بەئامادەبوونی کەسوکارەکەیان فەرمانبەرانی شارەوانی هەڵەبجە بۆ ماوەی کاتژمێرێک کارەکانیان راگرت. هێمن باقی یەک لە ئەندامانی ئەو خێزانە بووە و کارمەندی شارەوانیی هەڵەبجەیە.[3]
- لە ناو بنکەی پۆلیسی کفری پۆلیسێک تەقە لە برایەک و براژنی خۆی دەکات و هەردووکیان دەکوژێت.[4]
- بەیانی ئەمرۆ، دژی کەمبوونەوەی کارەبای نیشتمانی بەشێک لە هاووڵاتیانی شارۆچکەی پێنجوێن گردبوونەوە و رێگەی سەرەکی هاتوچۆیان داخست.[1]
- شێخ سدیق عەبدولعەزیز رابەری پێشووی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان لە شاری سلێمانی کۆچی دواییکرد.[4]
- دادگای سلێمانی رایدەگەیەنێت، ناتوانن هیچ کاتێک دیاری بکەن بۆ کۆتایی هاتنی دۆسیەکەی سێوان قادر و سێ منداڵەکەی، بەڵام هەموو لایەک دڵنیا دەکەنەوە دادگا بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بڕیار دەدات و هیچ لایەنگرییەکی پێوە دیار نابێت.[3]
- سەرۆکی دەستەی دەستپاکی هەرێم لە کۆتایی هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا رایگەیاند: لەساڵی 2014 وە تا ئێستا قەبارەی گەندەڵی 423 ملیار دیناری تێپەڕاندووە و توانیومانە لە و رێژەیەدا بڕی 17 ملیار و 790 ملیۆن دینار بۆ حکومەت بگەڕێنینەوە و بڕی 2 ملیار و 770 ملیۆن دیناریش دەستی بەسەرداگیراوە.[3]
- گرێبەستی خزمەتگوزاری راوێژکاری بۆ پرۆژەی دروستکردنی ئاوەڕۆی هەولێر واژۆکرا و بەگوتەی پارێزگاری هەولێر، یەکێک لەگرفتە گەورەکانی شارەکە چارەسەر دەکات.[5]
- ئەمشەو لە رێگەی سێ گوڵلە هاوەنەوە گوندی تۆپزاوای کاکەیی لە سنوری داقوق موشەک باران کرا، هاوەنەکان بەر چەند ماڵێک کەوتون و زیانی مادی زۆری لێکەوتوتەوە، بەڵام هیچ زیانێکی گیانی نەبووە.[3]
- دانیشتوانی گوندی دەکە لە سنووری خانەقین داوا دەکەن، هێزە ئەمنییەکان سەر و ماڵیان لە مەترسییەکانی چەکدارانی داعش بپارێزن، هەروەها دەڵێن: خەریکە داعش وەک سەرەتای دروستبوونی دەبێتەوە بە هێزێکی مەترسیدار لە سنووری شارۆچکەی خانەقین و پارێزگای دیالە، ئەمەش وایکردووە تا ئێستا 25 گوندی کوردنشین ماڵەکانیان بەتەواوی چۆل بکەن.[6]
- ئەمرۆ کاتژمێر 10:30ی سەرلەبەیانی، لەبارەگای رێکخراوی ژیانەوەی گەنجان، سمینارێک بە بەشداری 150 خوێندکاری زانکۆ، سەبارەت بە کێشەکانی ژن لەلایەن رۆزە تاتانی چالاکوان و رۆژنامەنووس، بەرێوەچوو.[7]
رۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورکی داگیرکەر و چەتەکانی گوندی تەل وەرد و شاروچکەی زرگانی سەرێکانی تۆپباران دەکەن.[2]
- خوێندکار و مامۆستایانی عەفرین و شەهبا بە رێپێوان و راگەیەنراوەکانیان لە بەرامبەر بارەگای سەربازانی رووسیا لە شەهبا کۆمەڵکوژی تەل رەفعەتیان شەرمەزار کرد کە لە ئەنجامیدا 10 کەس شەهید بوون کە 8 کەسیان منداڵ بوون.[2]
دەرەوەی کوردستان
- سەرۆکی تورکیا، رەجەب تەیب ئەردۆغان رایگەیاند، دەستمان کردووە بە نیشتەجێکردنی یەک ملیۆن کەس لە ناوچەکانی سەری کانی و گرێ سپی باکووری سووریا.[6]

- دوای ئەنجامدانی چەند هێرشێک بۆ سەر چەند بارەگایەکی لە عێراق لە ڕۆژانی ڕابردوودا، ئەمرۆ ئەمریکا 500 ئۆتۆمبێلی سەربازیی ڕەوانەی عێراق کرد و لە بنکەی سەربازیی عەین ئەسەد لە پارێزگای ئەنبار جێگیرکردن.[7]
- باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە عێراق داوای لە هاووڵاتییەکانی کرد سەردانی عێراق نەکەن، ئاماژەی بۆ ئەوەشکردووە کە ئەو داواکارییە هەرێمی کوردستان ناگرێتەوە.[3]
- ئەحمەد سەحاف، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی عێراق لە راگەیاندراوێکدا ئاماژەی بەوەکردووە، وەزارەتەکەیان ئەمرۆ بانگهێشتی باڵیۆزی هەریەک لە وڵاتانی فەرەنسا، بەریتانیا، ئەڵمانیا و کەنەدای کردووە و نارەزایەتی خۆیان لەبارەی دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی عێراق پێ راگەیاندووە.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
پارت / لایەن: بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] 🖋️ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 09-12-2019
[2] 🖋️ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 09-12-2019
[3] 🖋️ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 09-12-2019
[4] ⚫دیارینەکراو | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] 🖋️ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 09-12-2019
[6] 🖋️ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 09-12-2019
[7] 🖋️ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 09-12-2019
[8] 🖋️ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 10-12-2019

کاتی تۆمارکردن: 01-11-2019 6:58:05 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 342

**10-12-2019**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191101185805374858



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لاوێکی کورد بە ناوی عوسمان ڕۆستەمزادە کوڕی مەحموود خەڵکی گوندی شمشێری پاوە، بەهۆی تەقینەوەی یەکێک لە مینە بەجێماوەکانی شەڕی ئێران و عێراق، بریندار بوو.[3]
باشووری کوردستان
- بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ-ەوە، ئەمڕۆ، بە دەستپێشخەریی نووسینگەی مافی مرۆڤ لە سلێمانی، لەبەردەم تەلاری هونەرەوە بۆ بەردەم نووسینگەی مافی مرۆڤ، ڕێپێوانێک بەڕێوەچوو.[4]
- بۆ ڕێکخستنی یەکهەڵوێست و کاری هاوبەشی فراکسیۆنەکان نێوەڕۆی ئەمڕۆ، کۆبوونەوەی سەرۆکایەتی هەرێم لەگەڵ لایەنەکانی (یەکێتی، پارتی، یەکگرتوو، گۆڕان و کۆمەڵ) دەستپێکرد.[5]
- بەتۆمەتی وەرگرتنی پارە و جیاوازیکردن لەدامەزراندنەکاندا، ژمارەیەک بەرپرسی تەندروستی کەرکوک لەلایەن دەستەی دەستپاکیەوە دەستگیرکران و دواتر بەکەفالەت ئازادکران کە یەکێکیان کوردە.[5]
- ئەمڕۆ لە هوتێل شیراتۆن لە شاری هەولێر، لە مەراسیمێکدا کە لەلایەن ڕێکخراوی ئاشتی خێرخوازییەوە ڕێکخرابوو، خەڵاتی ئەڵتوونی بە خشرایە دایکە شەریفە کە ناسراوە بە دایکی ڕامین حوسێن پەناهی.[7]
- جیاواز لە هەڵمەتەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان، ئەمڕۆ هونەرمەند ئازاد سەوزە لە ناوبازاڕی سەیدسادق و بە هەڵواسینی چەند وێنە و کردنەوەی پێشانگاو بەکار هێنانی بڵندگۆ بۆ بانگەشەی نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ژنان.[5]
- شەپۆلێکی بەفر بارینی چڕ شاخی زینی وەرتێی گرتۆتەوە، بەو هۆیەشەوە ڕێگای هاتوچۆ لە نێوان سنوری شارۆچکەی ڕانیە و شارەدێی وەرتێ گیراوە.[5]
- بەهۆی بەفربارینی زۆر دەروازەی سنووری سەرزێڕ لە دەڤەری ئامێدی داخرا.[2]
- یەکێک لە ئەندامانی ئەو خێزانە هەڵەبجەییەی لە وڵاتی ئێران لەلایەن گروپێکی تاوانکارەوە جەستەیان سوتێنرا لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.[6]
- وەزیری کارەبای هەرێم ڕایگەیاند: هاووڵاتی و حکومەت ترلیۆنێک و 107 ملیار دینار قەرزارن. لەحاڵەتی ئاساییشدا چوار تا پێنج هەزار مێگاوات خواست لەسەر کارەبا هەیە.[5]
- ئەمڕۆ لە ڕۆژی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و لەکۆتا ڕۆژی هەڵمەتی 16 ڕۆژ بۆ بەرەنگاربوونەوەی

توندوتیژی دژی ژنان، بەدروشمی لاوان داکۆکی لەمافەکانی مرۆڤ دەکەن، مەراسیمێک لە شاری هەڵەبجە بەڕێوەچوو. مەراسیمەکە بەئامادەبوونی نوێنەری وڵاتان و ڕێکخراوە جیهانیەکانی مافی مرۆڤ بوو، تێیدا کورتە فیلمێکی دیکۆمێنتاری نمایش کرا کە باسی لەپاراستنی مافەکانی مرۆڤ دەکرد.[7]
- یەکەمین پێشانگەی کشتوکاڵ و کەرەستەی پیشەسازیی خۆراک لە پێشانگەی نێودەوڵەتیی سلێمانی کرایەوە. 105 کۆمپانیا تێیدا بەشدارن کە زیاتر لە نیوەیان لە وڵاتانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانەوە هاتوون.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا عەلی مەملووک، سەرۆکی ئاسایشی نیشتمانی سووریا سەردانی سەرۆک هۆزە عەرەبەکانی قامیشلۆی کردووە و داوایلێکردوون کوڕەکانیان لەناو هێزەکانی سووریای دیموکرات - هەسەدە بکێشنەوە، ئەوەش کاردانەوەی لایەنەکانی ڕۆژئاوای لێکەوتووەتەوە. پارتی یەکێتیی سووریا لە بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر پارتی دووەمە، سەنحەریب بێرسۆم، هاوسەرۆکی پارتی یەکێتیی سووریا دەڵێت، ئاماژەکان باش نین و هەوڵدەدرێت ناکۆکی لەنێوان پێکهاتەکانی ناوچەکەدا دروستبکرێت و هەسەدە دابەشبکەن.[1]
دەرەوەی کوردستان
- ڕاوێژکارێکی سوپای پاسدارانی ئێران ڕایگەیاند: ئەگەر ئیسرائیل بچووکترین هەڵە بەرامبەر ئێران بکات، لە لوبنانەوە، تەلئەڤیڤی پایەتختی ئە و وڵاتە لەگەڵ زەوی تەخت دەکەین.[2]
- لیژنەی پڕچەککردن لە ئەنجوومەنی نوێنەران و پیرانی ئەمەریکا، لە پڕۆژە بودجەی 2020دا قەدەغەیکردووە، واشنتن فڕۆکەی ئێف35 بفرۆشێت یان بیگوازێتەوە بۆ تورکیا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د |
| شار و شارۆچکەکان: | قامیشلۆ |
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | سەیدسادق (شارەزوور) |
| شار و شارۆچکەکان: | ڕانیە (ڕاپەڕین - پشدەر) |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامێدی |
| شار و شارۆچکەکان: | هەڵەبجە |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |

Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 10-12-2019
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 10-12-2019

[3] 🗣 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری کوردیا - 10-12-2019](#)
[4] 🗣 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 10-12-2019](#)
[5] 🗣 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری دوارۆژ - 10-12-2019](#)
[6] 🗣 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری یوک میدیا - 10-12-2019](#)
[7] 🗣 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری رۆژنیوز - 10-12-2019](#)

کاتی تۆمارکردن: PM 6:58:05 2019-11-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 343
**2019-12-11**
https://www.kurdipedia.org/?q=20191101185805374859




باکووری کوردستان
- لە ناوچەی قۆسەر، نوسەیبین و ئەرتوکلوی مێردین پۆلیسی تورک هەڵیکوتایە سەر ماڵان و ژمارەیەک کەسیان دەستگیرکرد. لە ناو دەستگیرکراوەکاندا ساڵح کودای هاوسەرۆکی هەدەپەی ئەو شارە، دەریا ئەتهەم سەرۆکی ژووری پزیشکانی مێردین و نەدا ئالپەر و ئەمەل ئۆرهان ئەندامانی هەدەپە هەن.[4]
- سەربازانی تورک لە گوندەکانی چەمێ ئەلیکا و سپێنیی ناوچەی لیجەی ئامەد، 4 کەسیان دەستگیرکرد کە یەکێکیان باوکی رۆژدا نازلیئەر هاوسەرۆکی شارەوانی کارازە. سەربازان لە گوندی چەمێ ئەلیکا فەرمان نەرگیز و هارون ئۆیونلو و لە گوندی سپێنیش ئادەم نازلیئەر باوکی رۆژدا نازلیئەر هاوسەرۆکی شارەوانی کاراز و کەسێکی تریان دەستگیرکرد. دەستگیرکاوەکان بۆ فەرماندەیی جەندرمەی ئامەد گواسترانەوە.[4]
- هونەرمەند یلماز چەلیک کە لە شاری دێرسم دەستگیر کرابوو، سزای زیندانی بەسەردا سەپێنرا.[4]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڕی پەردەلادانی کتێبی چریکەی دڵ، دووهەمین بەرهەمی مەهدی فەللاحی رۆستەمان، ناسراو بە سەرمەس، بە بەشداریی مامۆستایان، شاعیران، نووسەران و ئەدەبدۆستانی شارەکانی سەقز، بۆکان، مەهاباد، پیرانشار، بانە، مەریوان، سنە و ساحێب و دەوروبەری بەڕێوە چوو.[6]
- سمکۆ مەعروفی، چالاکی ئەدەبیی خەڵکی بۆکان، لەلایەن لقی 101ی دادگای کەیفەریی ئەو شارەوە بە 2 ساڵ زیندان مەحکووم کرا.[6]
باشووری کوردستان
- شەشەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی شانۆ لە هەولێر دەستپێیکرد و لە ماوەی شەش رۆژدا 12 کاری شانۆیی کورستان و چەندین وڵاتی بیانیش تیایدا نمایش دەکرێ.[1]
- بەهۆی دواکەوتن و تەواو نەکردنی پرۆژەکەیان، بەشداربووانی پرۆژەی لانە سیتی لە شارۆچکەی کەلار، گردبونەوەیەکیان ئەنجامدا و داوای دیاریکردنی کاتی تەواوبوونی پرۆژەکە و دابینکردنی پرۆژەی خزمەتگوزاری دەکەن.[3]
- لە سنووری گەرمیان کارەبای نیشتیمانی هەرسێ شارەدێی مەیدان و پێباز و شێخ تەویل و نزیکەی 300 گوند دەپچرێت و لایەنی پەیوەندیداریش دەڵێت: کەوتنی تاوەرێکی 33 کەی ڤی هۆکاری پچڕانی کارەباکەیە. [5]
رۆژئاوای کوردستان
- فەرماندەی سوپای سووریا لە حەسەکە رایگەیاند، گرووپە چەکدارەکانی سەر بە تورکیا لە رێگەی ئێم 4 پاشەکشەیان کرد و سوپای سووریا تەواوی رێگەی نێودەوڵەتی ئێم 4 کۆنترۆڵ دەکات.[2]

دەرەوەی کوردستان
- لە پەرلەمانی ئەوروپا کۆنفرانسی پشتگیری لە ڕۆژئاوا و لەدژی داگیرکەری دەوڵەتی تورک دەبەسترێت.[4]
- بەهای تومەنی ئێرانی بەرامبەر دۆلاری ئەمریکی بۆ کەمترین ئاستی شەش مانگی ڕابردووی دادەبەزێت، دەگاتە ئاستی 13 هەزار و 800 تومەن بەرامبەر دۆلارێک.[1]
- کۆمیتەی پاراستنی ڕۆژنامەنووسان (سی پی جەی-CPJ) لە ڕاپۆرتێکی تایبەتدا ڕایگەیاند، زۆرترین ڕۆژنامەنووس لە چین، تورکیا، سعودیا و میسر لە زیندان دان.[4]
- نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق هێزە ئەمنییەکان و میلیشیاکان بەدەستگیرکردنی هەڕەمەکی خۆپیشاندەران و چالاکوانانی مەدەنی تۆمەتبار دەکات.[1]
- مایک پۆمپێۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ئاشکرایکرد، کۆشکی سپی سزای نوێی بەسەر ژمارەیەک بەرپرسی ئێراندا سەپاند و گوتیشی: هەر کۆمانیایەک مامەڵە لەگەڵ ئێران بکات، سزای دەدەین. سەبارەت بە عێراقیش دووپاتیکردەوە، بە وردی چاودێری خۆپێشاندانەکان دەکەین هەوڵیش بۆ کەمکردنەوەی ڕۆڵی ئە و وڵاتانە دەدەین، کە هەژموونیان بەسەر عێراقەوە هەیە.[1]
- لێژنەی کاروباری دەرەوە لە کۆنگرێسی ئەمەریکا پرۆژە بڕیاری سەپاندنی سزای بەسەر تورکیادا پەسەند کرد، ئەمەش بەهۆی هێرشی ئە و وڵاتە بۆ سەر باکووری سووریا و کڕینی دژەمووشەکی S-400ی ڕووسی.[1]
- فەرماندەی هێزی دەریایی لیبیا، ڕایگەیاند: فەرمانمان پێکراوە، هەر کەشتییەکی تورکیا نزیک کەناراوەکانمان بێتەوە، نوقمی ئاوی بکەین.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ماردین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ دێرسیم
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ بانە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ بۆکان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ پیرانشار - خانە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەقز
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ مەریوان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ مەهاباد
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ حەسەکە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)
Quick Respons Code:

🗄️سەرچاوەکان
[1] 🖇️ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-12-11
[2] 🖇️ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-12-11
[3] 🖇️ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-12-11
[4] 🖇️ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-11
[5] 🖇️ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-12-11
[6] 🖇️ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-12-14

کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01 6:58:05 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 344
**2019-12-12**
https://www.kurdipedia.org/?q=20191101185805374860




باکووری کوردستان
- لە ناوچەی قۆسەری مێردین سەرلەبەیانی ئەمڕۆ پۆلیسی تورک هەڵیانکوتایە سەر ماڵی نیلوفەر ئەلیک بیلماز هاوسەرۆکی شارەوانی قۆسەر کە 4ی تشرینی دووەم قەیوم لە جێگاکەی دانرابوو و دەستگیرکرا. لە لایەکی تر دیلبەر سولهان جێگری هاوسەرۆکی شارەوانی قۆسەریش دەستگیرکرا.[1]
- پۆلیسی شارۆچکەی بایەزیدی سەر بە پارێزگای ئاگری، عەزیز ئۆروچ، ڕۆژنامەنووس و عەبدوڵا ئەکلەک، هاوسەرۆکی هەدەپەی لە بایەزید و هاوڵاتییەک بە ناوی ئەکرەم موفتئۆغلۆی دەستگیرکرد.[3]
- هەر یەک لە ڕازیە تورگوت و ڕەزان ساریجا و سەربای کۆکلو و ئیبراهیم بیلمەز پارێزەرانی ڕێبەری پەکەکە، عەبدوڵا ئۆجەلان بۆ ئەوەی سەردانی ئیمرالی بکەن و چاوپێکەوتنی لەگەڵدا ئەنجام بدەن، داواکاریان پێشکێشی داواکاری گشتی بورسا کرد. لە 7ی مانگی ئابی ئەمساڵەوە تا ئێستا وەڵامی داواکاری پارێزەرانی ئوجالان نەدراوەتەوە.[1]
- تیمەکانی بەشی دژە تیرۆری ئاسایشی ئامەد لە ناوچەی پەیاس هەڵیان کوتایە سەر دوو گوند و لە ئەنجامی لێپرسینەوەدا 22 کەسیان دەستگیر کرد. بە پێی پرۆپاگەندەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش لە ئەنجامی هەڵمەتی گەڕان و لێپرسینەوەدا 271 کیلۆ و 475 گرام تەقەمەنی و 8 بۆمبی دەستی و 12 گولە ئارپیجی و 7 چەک و ژمارەیەکی زۆر فیشەک و کەپسولی ئەلەکتریکی و کۆنترۆلی تەقاندنەوەو دوربینی سەر چەک و کەلەپەلی ڕێکخستن و چەندین کەلوپەلی دیکە، دەستیان بەسەردا گرتووە. بە دەستگیرکردنی ئەو 22 کەسە، تەنها لە ماوەی حەفتەیەکدا ژمارەی ئەو کەسانەی لە ئامەد دەستگیر کراون، گەیشتە 59 کەس.[1]
باشووری کوردستان
- ئەمڕۆ پردی گوێر دوای نۆژەنکردنەوەی کرایەوە، کە درێژترین پردە لە باشووری کوردستان، درێژیەکەی هەزار و 350 مەترە، هەولێر و مووسڵ و کەرکوک بە یەکەوە دەبەستێتەوە، جگە لەوە مووسڵ بە هەموو شارەکانی عێراق گرێ دەدات. ئەم پردە داعش ساڵی 2014 تەقاندییەوە.[2]
- ماوەی 17 کاتژمێرە بە بەردەوامی چەندین فڕۆکەی جەنگی کە گومان دەکرێت فڕۆکەی جەنگی تورکیا بن زۆر بە نزمی بەسەر ئاسمانی دەڤەری ڕاپەڕیندا دەسوڕێنەوە و ترس و دڵەڕاوکێیان لای هاووڵاتیان دروستکردووە.[4]
- بە دروشمی (جوانی پایز لە هەڵەبجە و هەورامان) بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری

هەڵەبجە بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوی کوردستان فۆتۆ و سەنتەری ژیوا، پێشانگەیەکی وێنەیی بۆ 27 فۆتۆگرافەری سنووری پارێزگای هەڵەبجە و دەوروبەری کردەوە کە وێنەکان گوزارشت بوون لە پایزی هەڵەبجە و هەورامان.[4]
- بەدروشمی ژن، ئاسایش، ئاشتی و ڕەنگکردنی جیهانی پرتەقاڵی کۆمەڵەی ژنانی ئاشتی بەغدا بە هاوکاری پەیمانگای هونەرەجوانەکانی کەرکوک، بە کردنەوەی پێشەنگایەکی شێوەکاری و پانێلێک لە هۆڵی ڕۆشنبیری کەرکوک، کۆتایی بە چالاکییەکانی 16 ڕۆژەی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان هات.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هێزێکی سوپای سووریا، کە پاسەوانی فڕۆکەخانەی قامشلۆن، ڕێگەیان نەدا کاروانێکی سوپای ئەمەریکا بە ناوچەکەدا تێپەڕێت و کاروانەکەیان ناچار بە گەڕانەوە کرد.[2]
دەرەوەی کوردستان
- کۆنفرانسێکی تایبەت بە بەشداریی نوێنەری نەتەوەکانی ئێران، چالاکانی مافی مرۆیی و نوێنەرانی یەکیەتیی ئورووپا، سەبارەت بە بارودۆخی نەتەوەکانی ئێران لە بارەگای سەرەکیی یەکیەتیی ئورووپا لە برۆکسێل بەڕێوە چوو.[7]
- وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لە ڕاگەیەندراوێکدا وەڵامی ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکای داوەتەوە و ڕایگەیاندووە واشنتن بێ ڕێزیی بە سەروەری ئاسایش و نەتەوەیی تورکیا دەکات. ئاماژەی بەوەشکردووە، ئەمەریکا بەنیازی جێبەجێکردنی پرۆژەیەک بووە لە ڕۆژئاوای کوردستان، بەڵام تورکیا گورزێکی کوشندەی لە پرۆژەکەی ئەمەریکا داوە و نەیهێشتووە سەر بگرێت.[2]
- خۆپیشاندەران لە گۆڕەپانی وەسبەی شاری بەغدا تەقەکەرێک دەکوژن و بە ستوونی ترافیکلایتەوە هەڵیدەواسن.[5]
- وەزیری بەرگری ئەمریکا ڕایگەیاند: هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا هەماهەنگییەکی پتە و فراوانیان لەگەڵ هێزەکانی سوریای دیموکرات هەیە.[6]
- لە ناوەندی کەلتوری سەر بە شارەوانی نۆرنبێرگ، پێشانگای وێنە کرایەوە و وێنەیەک لە ڕۆژئاواش لە پیشانگاکە نمایش کرا. لەسەر گوشاری لۆبی تورک، شارەوانی وێنەکەی لە پیشانگا لابرد.[1]
- ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا بەفەرمی دانی نا بەوەی کە کوشتاری ئەرمەن لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە ئەنجامدراوە. ئەم بڕیارە تورەیی دەوڵەتی تورکی لێکەوتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین - پشدەر)
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: ماردین
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا
شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-12

[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-12-12

[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-12-12

[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-12-12

[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-12-12

[7] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-12-12

کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01 6:58:05 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 345

**2019-12-13**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191101185805374861



باکووری کوردستان

- لە ناوچەی پانۆسی ئاگری جەندرمەکان هەڵیانکوتایە سەر گوندەکانی گامیشڤان، سوڵیانموت، نەنەجانی و لە ئەنجامدا 9 هاوڵاتیان دەستگیرکرد. هۆکاری دەستگیرکردنی هاوڵاتیان نەزانرا و بۆ فەرماندەیی جەندرمەی پانۆس گواسترانەوە. ناوی 3 کەس کە دەستگیرکراون ئاشکرا بوو کە ئەمانەن: ئادەم رەزا ییڵدز، رەمەزان دینچ و دورسون ئاکتەپە.[4]

باشووری کوردستان

- ئەمرۆ، سێ رۆژە، بەبەردەوامیی چەند فرۆکەیەکی جەنگی نەناسراو بە سەر ئاسمانی رانیە، قەڵادزێ و کۆیەدا دەسووڕێنەوە بێ ئەوەی هیچ شوێنێک بۆردوومان بکەن.[1]

- ئەمرۆ سوپای تورکیا بە دوو فرۆکەی جەنگی و تۆپ بۆردوومان و تۆپبارانی ناوچە ئاوەدانییەکانی سنووری شارۆچکەی سیدەکانی سەر بە شارۆچکەی سۆرانی کرد.[3]

- دوای نزیکەی شەش ساڵ، منداڵێکی کوردی ئێزدی گەڕێندرایەوە لای کەسوکارەکەی لە کەمپی مام رەشان لە شارۆچکەی شێخان. بێوار قاسم لە تەمەنی شەش مانگیدا کەوتووەتە دەستی داعش و لە تەلەعفەر لای خێزانێکی تورکمانی داعش بووە.[3]

- رێورەسمی جەژنی فەقیرانی کوردانی ئێزدی بەرێوەدەچێت.[3]

- لە چوارچیوەی هەڵمەتی رووبەرو بوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە کەرکوک پێشەنگایەکی وێنەکێشان بۆ کچانی شارەکە کرایەوە.[4]

- بەهۆی خۆپیشاندانی خەڵکی گوندی قەرەنی ئاغا لە سنوری شارۆچکەی رانیە دژی کەمی کارەبای نیشتیمانی و دابەشنەکردنی نەوت، رێگای هاتوچۆی نێوان رانیە سلێمانی داخرا.[2]

- دوای کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەی دوێنێی بەرێوەبەری گشتی پەروەردەی کەرکوک کە حەشدی

شەعبی بەوە تۆمەتبارکرد هەڕەشەیان لێ کردووە، لایەنگەرانی حەشدی شەعبی ڕێگای سەرەکی کەرکوک – بەغدایان داخست. حەشدی شەعبی هەڕەشەی ئەوەیان کردبوو، لە ئەگەری بڵاوکردنەوەی ناوی دامەزراوان، ئەگەر هاتوو بەدڵی ئەوان نەبوو، هەڵدەکووتنە سەربینای بەڕێوەبەرێتی پەروەردە.[5]

- ماراسۆنی بایسکلسواری (ڕاید ئۆن) بۆ ساڵی دووەم لەسەریەک و بە بەشداری ژمارەیەک لە پەرلەمانتار و هونەرمەند و کەسایەتییەکانی هەولێر و ژمارەیەکی بەرچاو لە ئافرەتان لە هەولێر بەڕێوەچوو. مەودای پێشبڕکێیەکە حەوت کیلۆمەتر و لە شەقامی 40 مەترییەوە بەرە و پارکی شار و بەردەم قەڵا بوو، لە پێشبڕکێیەکەدا زیاتر لە 500 بایسکلسواری کوڕ و کچ بەشداریان کرد.[5]

- حکومەتی عێراق مووچەی مانگی کانوونی یەکەمی 2019ی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانی نارد و بەڕێوەبەری لقی هەولێری بانکی ناوەندیی عێراق دەڵێت، لە ڕۆژی پێنجشەممەوە پارەکە خراوەتە سەر ژمارە بانکیی وەزارەتی دارایی.[3]

- چیرۆکنووس محەمەد ئەمین ئەحمەد کۆچی دوایی کرد.[6]

ڕۆژئاوای کوردستان

- لە نیوەڕۆی ئەمڕۆوە، سوپای تورکی داگیرکەر و چەتەکانی، لە گوندی کەندالا، گوندەکانی دەشتایی ڕۆژئاوای گرێ سپی بۆردومان دەکەن. بە هۆی تۆپبارانەکەوە چەندین ماڵ لە گوندی قزەلی، بیرکانێ و سارنجێ ڕووخاون.[4]

دەرەوەی کوردستان

- لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی بریتانیادا دوو کورد توانیان لە دوو پارتی ڕکابەری ئە و وڵاتە سەرکەوتن بەدەست بهێنن و ببنە ئەندامی پەرلەمان. نەدیم زەهاوی پاڵێوراوی پارتی پارێزگاران و فرياڵ کلارک پاڵێوراوی پارتی کرێکارانی بریتانیا ئە و دوو کوردە بوون کە توانیان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئە و وڵاتە سەرکەوتن بەدەست بهێنن.[2]

- ئەحمەد داودئۆغلو، سەرۆک وەزیرانی پێشووی تورکیا، بەڵێنی ئەوەیداوە کۆتایی بە فەرمانڕەوایی پارتی داد و گەشەپێدانی (ئەکەپە) بهێنێت و رایگەیاندووە، دیموکراسییەت لە تورکیا گەڕاوەتەوە دواوە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: ئاگری

شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: سیدەکان

شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین - پشدەر)

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ

شار و شارۆچکەکان: کۆیە

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-12-13
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-12-13
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-12-13
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-13
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-12-13
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-12-13

کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01 6:58:05 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 346

**2019-12-14**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191101185805374862




باکووری کوردستان
- پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) دەنگی بە و ڕەشنوسە نەدا کە لەلایەن ژمارەیەک پارتی تورکیاوە ئامادەکرا و تیایدا ناڕەزاییان بەرامبەر بڕیاری ناساندنی کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان بەجینۆساید لەلایەن ئەمریکاوە نیشاندا.[1]
- حەیرانبێژ (دەنگبێژ) سلۆ قز کە هەموو خزمەکانی لە کۆمەڵکوژی دەرسیم لە ساڵی 1938 گیانیان لەدەستدا، لە تەمەنی 104 ساڵیدا کۆچی دوای کرد.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کاسبکارێکی کورد بە ناوی عەزیز مەعرووفی کوڕی حوسێن و خەڵکی گوندی بێمزووڕتێ، سەر بە شاری شنۆ، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت لە سنووری ئەو شارەدا بوو بە قوربانی.[6]
باشووری کوردستان
- بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە هاوڵاتیانی شاری هەڵەبجە گرووپی زەریاب، بە هاوکاریی بەڕێوبەرایەتی ڕۆشبیری و هونەری هەڵەبجە، یادی هونەرمەند حوسێن عەلی کردەوە.[3]
- سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان رایدەگەیەنێت: لە پرۆژەی چاکسازیدا، ژمێرە و حسابی سەرجەم هێزە سەربازی و ئەمنییەکان دەکەونە ژێر دیوانی چاودێری دارایی هەرێم و یەکەی ژمێریاری بۆ هیچ هێزێکی سەربازی و حیزبی نامێنێت، جگە لە هەڵوەشاندنەوەی مووچەی هەزاران خانەشنینی، هەر حەوت فەرمانگەکانی خانەنشینی هەرێم نامێنن و یەک فەرمانگەی خانەنشینی دروستدەکرێت.[1]
- سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان هەڵمەتێکی بۆ پشتگیریی لە بەرهەمی نێوخۆیی ڕاگەیاند و پێشوازی لە هەموو دەستپێشخەرییەک دەکات بۆ پشتیوانیکردن لە هەڵمەتەکە، داواش لە هەموو لایەک دەکات سەرنج و بۆچوونەکانیان لەبارەی پرۆژەیاسای پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەکان بنێرن.[2]
- لە شاری هەولێر کۆنفرانسێک بۆ ئامادەکردنی پرۆژەیەک بۆ گفتوگۆکردنی کێشە و گرفتەکانی

بەردەم سیتەمی دادوەریی لە هەرێمی کوردستان بەرێوەچووە، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ئە و کێشانە چارەسەر بکرێن و دادگا و سیستەمی دادوەری لە هەرێمی کوردستان سەربەخۆ و سەروەر بێت.[5]
- حکومەتی هەرێمی کوردستان لیژنەیەکی بۆ پرسی ماددەی 140 پێکهێناوە و داوای کاراکردنەوەی ماددەی 140 لە بەغدا دەکات، ئەرشەد سالحی، سەرۆکی بەرەی تورکمانیش دەڵێت، دەبێت کورد لەگەڵ عەرەب و تورکمان رێکبکەوێت پاشان بچێتە بەغدا.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- مەزلوم کۆبانێ، فەرماندەی گشتیی هەسەدە لە توویتێکدا ئاماژەی بەوەکردووە، بڕیارەکەی ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا دەبێتە هۆکاری ئەوەی تورکیا نەتوانێت گەلی کورد کۆمەڵکوژ بکات و وادەکات تورکیا واز لە داگیرکردنی رۆژئاوای کوردستان بهێنێت.[2]
- بەسەدان دانیشتووی ناوچەی تەل تەمر، تەرمی شەهید ئەحمەد ئەلبیکەییر (دڵشێر)یان بە مەراسیمێک بەخاکسپارد کە لە بەرخۆدانی شەرەفدا شەهید ببوو.[4]
- بەگوێرەی سەرچاوە خۆجێییەکان، شەوی رابردوو تۆپخانەکانی تورکیا و گرووپە چەکدارەکان گوندەکانی تل وەرد و تل شەعیریان لە باکووری رۆژهەڵاتی تل تەمر تۆپباران کردووە. لە میحوەری رۆژئاواش، هێزەکانی حکومەتی تورکیا و گرووپە چەکدارەکان بە چەکی قورس هێرشیان کردووەتە سەر سایلۆی گوندی قز عەلی کە بە دووریی 40 کیلۆمەتر لە باشووری رۆژهەڵاتی کۆبانێ هەڵکەوتووە.[2]
- لە ناوچەی تەبقای سەر بە فیدراسیۆنی باکور و رۆژهەڵاتی سوریا بە هەزاران کەس رژانە سەر شەقام و داگیرکەرییەکانی دەوڵەتی تورکیان شەرمەزار کرد. خەڵکی تەبقا پشتیوانی خۆیان بۆ هێزەکانی سوریای دیمۆکراتیک دووپات کردەوەو وەک هێزی پاراستی پێکهاتەکان ناویان برد.
دەرەوەی کوردستان
- ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی داوا لە حکومەتی عێراق دەکات، لێکۆڵینەوە لە توندوتیژییەکان و سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران و رفاندنی چالاکوانان بکات.[3]
- لە مۆسکۆ پێشانگای ئەو وێنانەی لە لایەن منداڵانی رۆژئاواوە کێشرابوون، کرایەوە. منداڵان بە کێشانی وێنەیان ئاماژەیان بە تاوانی مرۆڤایەتی بەرامبەر باکوور و رۆژهەڵاتی سوریا کرد.[4]
- هاوپیشەکانی رۆژنامووس عەزیز ئۆروچ کە لە لایەن رژێمی تورکەوە دەستگیر کراوە، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ژێر ناوی عەزیز ئۆروچ رۆژنامەنووسە "AzizOruçGazetecidir" کەمپینێکیان دەست پێکرد.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د |
| پارت / لایەن: | بەرەی تورکومانی ئێراق |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ شنۆ |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ دێرسیم |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ کۆبانێ |
| شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری دوارۆژ - 2019-12-14]
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ڕووداو - 2019-12-14]
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-12-14]
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-14]
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-12-14]
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری کوردیا - 2019-12-15]

کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01 6:58:05 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 347

**2019-12-15**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191101185805374863



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- شەوی ڕابردوو لە شاری سەقزی سەربە پارێزگای سنە، لەلایەن دوو کەسەوە تێزاب کراوە بە سەر دایک و کچێکدا. بەپێی هەواڵێکی هرانا، ئەو دایک و کچە لە شەقامی سەعدی لەلایەن دوو کەسی نەناسراوەوە کە لەسەر ماتۆڕسکیل بوون، لە پشتەوە تێزابیان پێدا کراوە.[4]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی هادی حەسەنی کوڕی عوسمان، تەمەن 19 ساڵ و خەڵکی ڕەبەت، بوو بە قوربانیی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکان.[5]
- هێزە ئیتلاعاتییەکان بە هێرش کردنە سەر ماڵی کەسیی سێ چالاکی فەرهەنگیی کورد بە ناوەکانی سۆهراب موڕادی، داریووش موڕادی و ئەحمەد بەساتی و پاش پشکنینی ماڵەکەیان، ئەوانیان دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیاریان ڕاگواستووە. سۆهراب و داریووش موڕادی لە ئەندامی دەستەی نووسەرانی ماڵپەری هەسارەن و ئەحمەد بەساتی لە شاعیرانی خەڵکی شاری شائابادی کرماشانە و هەتا ئێستا چەندین بەرهەمە شێعریی ئەو شاعیرە چاپ و بڵاو کراوەتەوە.[5]
باشووری کوردستان
- ژنێکی گەنج لە شارەزوور بە ناوی (خ ی ع)، کە تەمەنی 23 ساڵە، بەهۆی سووتانەوە گیانی لەدەستدا، کە بانگەشە دەکرێت خۆی سووتاندبێت.[1]
- هێزەکانی لیوای 16 و 5ی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە لە دەوروبەری کوڵەجۆ ئۆپەراسیۆنێکیان بۆ ئەو ناوچانە دەستپێکرد کە گومان دەکرێت چەکدارانی داعش خۆیان لێ حەشار دابێت.[2]
- زیندانیانی سیاسی لە قەڵادزێ گردبوونەوە و بەیاننامەیەکیان ئاڕاستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان کردو داوایان کرد، بەناوی پرۆژەی چاکسازی مافەکانیان لێ زەوت نەکرێت.[3]
- ئەمڕۆ لە هۆڵی سەعد عەبدوڵا لە شاری هەولێر، کۆنفرانسی ڕاگەیاندنی پلانی گۆڕینی هەڵسوکەوت بەمەبەستی نەهێشتنی خەتەنەکردنی مێینە، لە هەرێمی کوردستان لە ژێرناونیشانی (کۆمبی پلان) بە پێشەنگایەتی سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدانی دانیشتوان و ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان بەڕێوەچوو، تێیدا بڕیاری هەڵمەتێکی 18 مانگی بۆ نەهێشتنی خەتەنەکردنی مێنە درا.[4]
- شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی عێراق ئەمڕۆ ڕایگەیاند: دوو ئەندامی پۆلیسی فیدراڵی عێراق لە شاری کەرکوک لەلایەن چەکدارانی داعشەوە کوژراون.[2]
- لە شارۆچکەی کەلار، بەرەی نیشتیمان دژی داگیرکاری لە گەرمیان، پێشانگایەکی فۆتۆگرافیان کردەوە، بۆ نیشاندانی وێنەی برینداران و قوربانیانی داگیرکارییەکانی دەوڵەتی تورک لە ڕۆژئاوای

کوردستان.[4]
- لە شارۆچکەی ڕانیە-ی ناوەندی ئیدارەی ڕاپەڕین لە هۆڵی 5ی ئازار چلەی دوو شەڤانی یەکینەکانی پاراستنی گەل-یەپەگە دەلیل خالید و کارزان خورشید بە مەراسیمێکی شکۆدار بەڕێوە چوو.[4]
- مامۆستایانی وانەبێژی خوێندنی کوردی لە خورماتوو لەبەرامبەر دانەمەزراندنیان لە بەردەم پەروەردەی خورماتوو گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای داگیرکەری تورک و چەتەکانی گوندی هۆشانان لە ڕۆژئاوای ناوچەی عەین عیسا تۆپباران دەکەن.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین - پشدەر)
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-15
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-12-15
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-12-15
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-12-15
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-12-16


کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01 6:58:05 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 348

**2019-12-16**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191101185805374864



باکووری کوردستان
- پارێزگاری شاری مێردین بڕیاری قەدەخەکردنی چالاکی و گردبوونەوەی لە شارەکەو ناوچەکانی دەوروبەری درێژ کردەوە.[3]
- دانیشتنی دادگاییکردنی سەڵاحەدین دەمیرتاش و فیگەن یوکسەکداغ بێ ئەوەی پارێزەرەکانیان لێ ئاگادار بکرێنەوە، بەڕێوە چوو، لە دانیشتنی دادگاشدا، سەلاحەدین دەمیرتاش رایگەیاند: "لە کاتێکدا کە بکوژ ئازاد دەکرێت من داوای ئازادبوون ناکەم".[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوکانی کاوە ساڵحی و حەمزە عەزیزی، خەڵکی جوانڕۆ، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزران.[2]
- شەوی رابردوو، ئاکۆ جەلیلیان، نووسەر، زمانزان و فۆلکلۆرناسی بەتوانای کورد لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا. هێزە ئیتلاعاتییەکان، پاش هێرش کردنە سەر ماڵی ئەو نووسەرە کوردە و پشکنینی ماڵەکەی، ناوبراویان دەسبەسەر کردووە. هێزە ئیتلاعاتییەکان بەبێ نیشاندانی بەڵگەی یاسایی ئەم نووسەرە کوردەیان دەسبەسەر و هۆکاری دەسبەسەرکردنی ناوبراو ناڕوونە.[2][5]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی ئازاد خوسرەوی کوڕی عوسمان و خەڵکی گوندی نێی مەریوان، لە بەرزاییەکانی تەتەی هەورامان، بەهۆی سەرمابردووییەوە گیانی لەدەست دا و فەرهاد خوسرەوی کە برایەتی لەو ڕووداوەدا ون بووە. لەو ڕووداوەدا، کۆڵبەرێکی دیکە بە ناوی حوسێن کەرەمی بەسەختی تووشی سەرمابردوویی بووە و بۆ چارەسەریی پزیشکی ڕەوانەی ناوەندی دەرمانی کراوە. بە وتەی شایەتحاڵەکان، چەند کۆڵبەرێکی دیکە لەو ڕووداوەدا بێسەروشوێنن و گەڕان بە دوای کۆڵبەرانی ونبوو درێژەی هەیە.[2]
باشووری کوردستان
- سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە ئاشکرایکرد، ئەنجامی ئەو پشکنینانە گەڕاونەتەوە کە بۆ منداڵێکی ونبووی هەڵەبجە بەناوی خەلیل محەمەد ساڵح ئەنجامدرابوو، دەرکەوتووە کە لە100% منداڵی ونبووی هەڵەبجەیە و خەڵکی شارەدێی بیارەیە.[1]
- ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دوایین کۆبوونەوەی خۆی بەرلە بەستنی کونگرەی چوارەمی یەکێتی بەست و تاوتوێ ئامادەکارییەکانی کۆنگرەی کرد.[4]
- بەهۆی ئەو تەمومژەی شەوی رابردوو هەولێری گرتەوە و بۆ پاراستنی گیانی هاووڵاتیان سەرجەم گەشتەکانی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر ڕاگیرا.[4]
- بە مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی خانەنشینی پلە باڵاکان و پێداچوونەوە بە یاسای چاکسازی گردبوونەوەیەک لەبەردەم پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ئەنجامدرا.[5]
- پەرلەمانی کوردستان لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆی خۆیدا پرۆژە یاسای ریکلامی بازرگانی پەسەند کرد.[4]
- وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری حکومەتی هەرێم رایدەگەیەنێت، پرۆژەی دروستکردنی شەقامی 100 مەتری سلێمانی لە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانە و لەداهاتوویەکی نزیکدا بەئەنجام دەگات.[1]
- ڕێورەسمی دابەشکردنی خەڵاتەکانی شەشەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی شانۆی هەولێر بەڕێوەچوو. خەڵاتی باشترین ئەکتەری کوڕ بە شانۆکار نەهرۆ محەممەد لە شاری سلێمانی بەخشرا، هەروەها خەڵاتی باشترین ئەکتەری کچ بە خانمە شانۆکاری مەغریبی رەشیدە بەخشرا. خەڵاتی باشترین دەرهێنەری شانۆیی بە ئیدریس شەوکەت لە شاری چەمچەماڵ بەخشرا، هەروەها خەڵاتی باشترین چارەسەری درامی بە محەممەد جەمیل لە شانۆگەری شەرەف بەخشرا، دوایین خەڵاتیش خەڵاتی باشترین بەرهەم بوو، کە بە سینان عەزاوی لە بەغدا بەخشرا.[6]
- دەستەی دەستپێشخەری بۆ کۆنفرانسی یەکێتی نەتەوەیی، لە لایەن کۆمەڵێک چالاکوان و

نووسەر و کەسایەتییەوە بە خستنەڕووی نەخشە ڕێگایەک ڕاگەیەندرا، بڕیارە لە باشوری کوردستان بەشێوازی جیاواز کار بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی بکات و بۆ ئەو مەبەستەش لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان کۆبونەوە ئەنجامدەدات.[5]

رۆژئاوای کوردستان

- جەنەراڵ مەزلوم کۆبانێ فەرماندەی گشتی هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) لە تویتێکدا لەتۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر دوایین هەڵوێستی خۆیانی سەبارەت بە چەکدارە زیندانیکراوەکانی داعش ئاشکراکردو رایگەیاندووە، گومانی تێدانییە کێشەی 12 هەزار چەکداری دەستگیرکراو لای ئێمە چارەسەر ناکرێت، ئەگەر لە جنێڤ و لەسەر مێزی گفتوگۆی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیار لەسەر چارەنووسیان نەدرێت لەچوارچێوەی چارەسەرە سیاسیەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سوریا.[4]

- هەزاران خوێندکار و مامۆستا لە کۆبانێ هێرشە داگیرکارییەکانی دەوڵەتی تورکیان شەرمەزار کرد.[3]

دەرەوەی کوردستان

- رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی راپۆرتێکی دیکەی لەسەر خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی ئێران و رۆژهەلاتی کوردستان بلاوکردەوە و رایگەیاند کە لە خۆپیشاندانەکاندا 304 کەس کوژراون.[3]

- تادێت گرژییەکانی نێوان ئەمریکا و تورکیا زیاد دەبێت و کەشتییەکی جەنگی و مووشەک هاوێژی ئەمریکا گەیشتووەتە دەریای رەش.[5]

- شانەی راگیاندنی ئەمنی عێراقی رایگەیاند، لە هێرشێکی چەکدارانی رێکخراوی داعش لە سنووری پارێزگای دیالە 5 ئەندامی هێزە ئەمنیەکان کوژران.[6]

- سەرۆکی سووریا، بەشار ئەسەد، رایگەیاند، تورکیا تێوەگلاوە لە فرۆشتنی نایاساییانەی نەوتی سووریا.[6]

- رەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆک کۆماری تورکیا بە مەبەستی بەشداریکردن لە یەکەمین لوتکەی جیهانی پەنابەران کە لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە جنێڤ بەرێوە دەچێت، سەردانی جنێڤی کرد، بەڵام لە لایەن هیچ بەرپرسێکی سویسراوە پێشوازی لێنەکرا.[3]

- همایون عەباسی سەرنووسەری گۆڤاری ژیلوان لە تاران لەلایەن هێزە ئەمنیەکانی ئێرانەوە دەستگیر کرا.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏛 پارت / لایەن: | هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د |
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکێتی نیشتمانیی کوردستان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ چەمچەماڵ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ کۆبانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ماردین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ مەریوان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ بیارە (هەورامان) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ هەڵەبجە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ جوانرۆ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-12-16
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-12-16
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-16
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-12-16
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-12-16
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-12-16

کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01 6:58:05 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 349

**2019-12-17**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191101185805374865



باکووری کوردستان
- لە 46 گوندی ناوەندی بەدلیس قەدەغەی هاتوچوو راگەیەنرا. پارێزگاری بەدلیس لەبارەی قەدەغەکەوە راگەیەنراوێکی بڵاوکردەوە و ئاماژەی بەوەدا لە 46 گوندی سەر بە ناوەندی بەدلیس تا فەرمانی دووەمین قەدەغەی هاتووچوویان راگەیاندووە.[1]
- هێزەکانی پۆلیس لە مەڵەتی هەڵیانکوتایە سەر ژمارەیەک ماڵی تر و عایشە ئیشک هاوسەرۆکی پێشووی ئەسەپەی مەلەتی و سایمە تونجەل بەرێوەبەری کۆمەڵەی کلیوری پیر سوڵیان عەبداڵ، هاتیجە زەنگین و بەتول کورناز کاندیدی پەرلەمانی هەدەپە و گوڵێ دۆغان، رەیهان باکیر و خاتون ئایدن ئەندامانی هەدەپەیان دەستگیرکرد.[1]
- رۆژنامەنووسان و رێکخستنە پیشەییەکان لە شاری ئامەد، لەسەر دەستگیرکردنی رۆژنامەنووس عەزیز ئۆروچ لێدوانیاندا و داوایانکرد کە دەستبەجێ سەربەست بکرێت.[6]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- لە شاری شاباد لە پارێزگای کرماشانی رۆژهەڵاتی کوردستان، هێزێکی دەمامکدار هەڵیان کوتایە سەر ماڵی ژنە چالاکوان، ئانیسا جەعفەری مێهر و دەستگیریان کرد. بەپێی وتەی کەسوکارەکەی، ئەو هێزە دەمامکدارە لەکاتی هەڵکوتانە سەر ماڵی ئانیسا جەعفەری مێهر، دەستیان گرتووە بەسەر کەلوپەلی تایبەتی، مۆبایل، لابتۆپ و کتێبەکانی-دا.[6]
- تەرمی هاووڵاتییەکی خەڵکی سەوڵاوا بە ناوی ئێرشاد رەحمانیان کە لە خۆپێشاندانەکانی مەریوان دەستبەسەر کرابوو، لە بەنداوی گاڕان دۆزرایەوە.[2]
- والی دروودی و عومەر ئیمامی، دوو زیندانیی سیاسیی کورد، بە رەزامەندیی دادستانی و ئیدارەی ئیتلاعاتی یەزد لە زیندان ئازاد کران.[7]
باشووری کوردستان
- رۆژی ئاڵای کوردستان لە باشووری کوردستان بەرز رادەگیرێت. لە زۆرینەی خوێندنگا و فەرمانگەکان ئاڵای کوردستان بەرزکرایەوە.[4]

- دوو منداڵی شەهید هوجام سورچی ئاڵای کوردستان لە ئەنجوومەنی وەزیران بەرزدەکەنەوە.[4]
- ماوەی زیاتر لە دووساڵە لە زانکۆی کەرکوک ڕێگری لەخوێندکارانی کورد دەکرێت، کە بۆنە نەتەوایەتییەکانیان ئەنجام بدەن وەکو هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و پۆشینی جلی کوردی و ڕۆژی ئاڵا و بۆنەکانی نەورۆز. [2]
- پاش یەکلاکردنەوەی کەیسی بێسەروشوێن بوێکی دیکەی کیمیابارانی هەڵەبجە لە دادگا و کەرتەکانی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان، ئەمرۆ لە ڕێوڕەسمێکدا خەلیل ساڵح محەمەد، بەخێزانەکەی شاد بووەوە و لەلایەن پارێزگاری هەڵەبجەوە ناسنامەی پێ بەخشرا.[5]
- هاوڵاتیانی کامپی پەنابەرانی شەهید ڕۆستەم جودی لە مەخموور، خۆپیشاندانێکی فراوانیان لە دژی هەڕەشەکانی دەوڵەتی تورک بەڕێوەبرد و بانگەوازییان لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد هەڵوێست بنوێنن و بە ئەرکی خۆیان هەڵسن.[6]
- بەرپرسانی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێن ئامادەکارییەکان بۆ بەستنی کۆنفرانسی نیشتمانیی بزووتنەوەکە تەواو نەبوون، بۆیە ئەم مانگە فریای بەستنی کۆنفرانسەکە ناکەون کە پێشتر بڕیاریان لێ دابوو، بەرپرسێکی بزووتنەوەکەش پێشبینی دەکات کۆنفرانسەکە بکەوێتە مایسی 2020.[3]
- فەرماندەیەکی پێشمەرگە رایدەگەیەنێت: لە سنووری چیای قەرەچووغ لە شارۆچکەی مەخموور لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە، مۆڵگەی چەکدارانی داعش بۆردومان کران.[2]
- لە خانەقین لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە چەکدارێکی داعش دەستگیر کرا کە پێشتر لەبەر تێوەگلانی لە چەند کردەوەیەکی تیرۆریستی لە لایەن دادگاوە داواکراوبووە.[2]
- ئەندامانی کوردی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق رایدەگەیەنن: کە مەترسی هەیە ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و بەغدا لەبارەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم لەرێگەی بەغداوە و ناردنی پشکی هەرێم لە بودجەی گشتی عێراق، هەڵبوەشێندرێتەوە.[2]
- بەشی سێیەمی شەقامی (120م)ی شاری هەولێر، کە بازنەییە و بە دەوری هەولێردا دەسوورێتەوە، لە ڕێوڕەسمێکدا بە ئامادەبوونی مەسرور بارزانی، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان کرایەوە.[5]
- لە یادی 34 ساڵەی شەهیدان ئارام و سەردار و هیوادا، بە ئامادەبوونی شاناز ئیبراهیم ئەحمەد و قوباد تاڵەبانی و خانەوادەی شەهیدان و لێپرسراوانی حزبی و حکومی و ژمارەیەک لە کەسایەتی و مامۆستا و خوێندکارانی ئامادەیی رۆشنبیری کوڕان لە سلێمانی ڕێوڕەسمێک بۆ ڕۆژی ئاڵا ڕێکخرا.[8]
- هیمداد سەباح سەرۆکی فراکسیۆنی بەرەی تورکمانی لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی بەرزڕاگرتنی ئاڵا، ئامادە نەبوو ئاڵای هەرێمی کوردستان لە مل بکات.[6]
- لە گەڕەکی تەیراوای شاری هەولێر پیاوێک بەناوی حەیدەر ئەسعەد تەمەن 34 ساڵ، هاوسەرەکەی خۆی و خوسووەکەی کوشتووە، دواتریش خۆی کوشتووە. هاوسەری بکوژەکە ناوی وەلا موحسین بووە و تەمەنی 26 ساڵ بووە، دایکیشی، کە دەکاتە خەسووی وەلا، ناوی سەمیرە کازم بووە و لە ساڵی 1964 لەدایکبووە.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هێرشەکانی سوپای تورکی داگیرکەر بۆ سەر باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا بەردەوامە. سوپای تورکی داگیرکەر گوندی قزەلیی گرێ سپی تۆپباران کرد. لە لایەکی ترەوە سوپای داگیرکەر بە چەکی قورس هێرشی کردە سەر گوندی خربەت کە 15 کیلۆمەتر لە کۆبانیەوە دوورە.[1]
- مەزڵوم عەبدی، فەرماندەی گشتی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تویتەر رایگەیاند، خەباتی ئەوان بۆ دروستکردنی یەکڕیزی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان بەردەوامە و لە چەند ڕۆژی داهاتوودا، هەنگاوی دروستکردنی متمانە لەنێوان لایەنە کوردییەکانی ڕۆژئاوی کوردستان دەستپێدەکات. مەزڵوم عەبدی ئاماژەی بەوەشکرد، سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی گرنگی لەمبارەیەوە هەبووە و سوپاسی هەرێمی کوردستان دەکات.[5]

- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر لە عەین عیسا هێرشی کردە سەر ئۆتۆمبێلێکی هێزەکانی ڕژێمی سوریای داگیرکەر.[1]
دەرەوەی کوردستان
- مارک ئیسپەر، وەزیری بەرگری ئەمەریکا گوتی: پێویستە من قسە لەگەڵ هاوتا تورکەکەم بکەم، بۆ ئەوەی بەڕاستی لە مەبەستی لێدوانەکانی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا تێبگەم، کە گوتبووی بنکەی سەربازی ئینجەرلیک دادەخەم، کە هێزی سەربازی ئەمەریکا لە و بنکەیە جێگیرکراون.[5]
- عەبدولفەتاح سیسی، سەرۆکی میسر لە وەڵامی پرسیاری کچە کوردێک ڕایگەیاند، هیچ کەسێک ناتوانێت ناسنامەی نەتەوایەتی کورد بسڕێتەوە و گوتی: گەلی کورد بە درێژایی 60 ساڵی ڕابردوو ناڵاندوویەتی.[5]
- یاسین ڕەئووف، نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە قاهیرە، سوپاسنامەیەکی ئاڕاستەی عەبدولفەتاح سیسی سەرۆکی میسر کرد لەپای هەڵوێستە دیارەکانی و پشتیوانییەکانی بۆ پرسی کورد و مافە ڕەواکانی.[8]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | بزووتنەوەی گۆڕان |
| پارت / لایەن: | هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | بەرەی تورکومانی ئێراق |
| شار و شارۆچکەکان: | مەخموور |
| شار و شارۆچکەکان: | بەدلیس |
| شار و شارۆچکەکان: | گرێ سپی |
| شار و شارۆچکەکان: | کۆبانی |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| شار و شارۆچکەکان: | هەڵەبجە |
| شار و شارۆچکەکان: | کرماشان |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامەد |
| شار و شارۆچکەکان: | خانەقین |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 17-12-2019
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 17-12-2019
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 17-12-2019
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 17-12-2019
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 17-12-2019
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 17-12-2019
[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 17-12-2019

کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01 6:58:05 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 350

**2019-12-18**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191101185805374866




باکووری کوردستان
- هاوسەرۆکی شارەوانیەکانی هەدەپەی گومگم ئولکو کاراٹاسلان، هاوسەرۆکی شارەوانی ناوچەت کۆپ عەدنان تۆپچو و هاوسەرۆکی شارەوانی شاروچکەی لیز دلاوەر کەسکین دوێنێ لە شاری موش لە ئەنجامی هەڵکوتانە سەر ماڵان دەستگیرکران و بە بیانوی پرۆپاگاندە بۆ ڕێکخستن لە لایەن وەزارەتی ناوخۆوە لە پۆستەکانیان دوورخرایەوە. لە جێگەی هاوسەرۆکی شارەوانیەکان قەیوم دامەزرێنران. قایمقامی کۆپ محەمەد ئیلیدی بووەتە سەرۆکی شارەوانی کۆپ و لیز، قایمقامی گمگم ئەرتوغرول ئاڤجی بووەتە سەرۆکی شارەوانی گورگم.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- زیاتر لە 2 هەزار کەس لە خەڵکی مەریوان و دەوروبەری، بۆ دۆزینەوەی کۆڵبەرانی ونبوو، لە بەرزاییەکانی تەتە-ی هەورامان لە حاڵی گەڕاندان.[3]
- بە تۆمەتی بەشداریکردن لە خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکانی ئەمدواییەدا، پۆلیسی کرماشان 250 کەسی لە پارێزگای کرماشان ڕاگەیاند. عەلی ئەکبەر جاویدان، فەرماندەی پۆلیسی پارێزگای کرماشان ئەمڕۆ ڕایگەیاند، 250 کەس کە لە خۆپێشاندانەکاندا بەشداربوون یان هانی خەڵکیان داوە نارەزایەتی دەربڕن، دەستبەسەرکراون. دەشڵێت، زۆربەی گیراوەکان، تەمەنیان لەنێوان 20 بۆ 35 ساڵ دایە.[5]
- کۆنسێرتی گرووپی مۆسیقای ژنانی گلاریسی کرماشان لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی ئەو شارەوە بۆ شەوی یەڵدا، پێشی پێگیرا و هەڵوەشایەوە.[3]
- لە شاری کرماشان، 'فوئاد موزەفەری' و 'فەرزاد سەفەرە' لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێرانەوە لە ماڵەکانی خۆیان دەستگیرکران.[2]
باشووری کوردستان
- تەرمی شەڕڤانی یەپەگە زەردەشت گەرمیانی کە لە بەرخۆدانی سەرێکانیی ڕۆژئاوای کوردستان شەهیدببوو، لە شاری سلێمانییەوە بەڕێکرا بۆ شارۆچکەی کەلار.[2]
- لە شارۆچکەی کەلار فەرمانبەرانی گرێبەست گردبونەوەیان ئەنجامدا و داوای دامەزراندنیان بەشێوەی هەمیشەیی دەکەن.[2]
- بەهۆی هەڕەشە و مەترسییەکانی چەکدارانی داعش، هاووڵاتیانی کوردی نیشتەجێی سنووری زەنگاباد ناچار بوون چەک هەڵگرن و پاسەوانی و پارێزگاری لە گیان و ماڵی خۆیان بکەن. داواکارن

پێشمەرگەی زیاتر رەوانەی سنوورەکەیان بکرێت و بنکە و بارەگای زیاتری سەربازیی بکرێنەوە.
فەرماندەیەکی پێشمەرگەش دەڵێت لە هەنگاوی یەکەمدا چواردە بنکەی سەربازییمان دامەزراندووە و ژمارەی بنکەکانیش زیاتر دەکەین.[1]
- بەسەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەری سلێمانی/ بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری و هونەری چەمچەماڵ، چوارەمین فێستیڤاڵی شانۆی قەزاکان لە چەمچەماڵ دەستپێکرد و بڕیارە دوو رۆژ بەردەوامبێت.[6]
- نیوەرۆی ئەمرۆ بەسەدان هاووڵاتی شاری کەرکوک بەشداربوون لە پێشوازی کردن لە تەرمی شەرڤانی شەهید محەمەد حوسێن ناسراو بە ناڤدار کەرکوک کە لە بەرخۆدانی رۆژئاوای کوردستان دژ بە داگیرکاری دەوڵەتی تورکیا شەهید ببوو، پاش گەرانەوەی تەرمی پیرۆزی شەهید ناڤدار کەرکوک بە مەراسیمێکی شکۆدار بە دروشمی شەهید نامرن لە گۆرستانی رەحیم ئاوای شاری کەرکوک بەخاک سپێردرا.[4]
- بەهۆی نەگەڕانەوەی ئەنجامی ئەو پشکنینانەی کە بۆ 74 خێزانی هەڵەبجەیی کرابوو لەزانکۆی شاهانەی بریتانی، دادگای هەڵەبجە دۆسیەی منداڵە ونبووەکانی داخست و سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجەش لەو کارە هۆشداری دەدات.[7]
- دەستەیەک لە هونەرمەندان، رۆشنبیران و کەسایەتییەکانی شاری سلێمانی بە گردبوونەوەیەک لە دژی رووخاندنی ماڵی هونەرمەندی کۆچکردوو کەریم کابان، نارەزایەتییان دەربڕی و داوا دەکەن ماڵەکەی کەریم کابان ببێتە گەلەرییەکی هونەری و بۆ دروست کردنی تەلار و تاوەری بەرز نەروخێنرێت.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- ئیدارەی خۆبەڕێوبەرایەتی باکوور و خۆرهەڵاتی سووریا گەڵاڵەیەکی ئاشتی و دەستپێشخەرییەکی ئاشتەوایی بە ئامانجی کرانەوەی سیاسی و گەڕانەوەی ئەنەکەسە بۆ گۆڕەپانی سیاسی باکووری سووریا راگەیاند.[1]
- بە سەدان هاوڵاتی شارۆچکەی شەداد جەنازەی شەهید موهەنەد شعێبی شەرڤانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ کە لە ناوچەی ئەلسوور-ی سەر بە دێرزۆر شەهید بوو، لە ناوەندی ئەنجومەنی کەسوکاری شەهیدانەوە وەریانگرت و گواستیانەوە بۆ گۆڕستانی شەداد.[4]
- سوپای داگیرکەری دەوڵەتی تورک رۆژانە بەردەوامە لە تۆپبارانکردنی ناوچە جیا جیاکانی فیدراسیۆنی باکور و رۆژهەڵاتی سوریا و لەم چوارچێوەیەشدا ئەمرۆ گوندی جەپهەی سەر بە ناوچەی عەین عیسای تۆپباران کرد.[4]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی دەرەوەی تورکیا رەخنەی توند لە بڕیاری ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکا لەبارەی گەمارۆخستنە سەر تورکیا دەگرێت و رایدەگەیەنێت، ئەنقەرە بێدەنگ نابێت.[1]
- پەرلەمانی عێراق لە کۆی 50 مادده، 14 ماددەی نێو پرۆژەیاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق پەسندکرد، کاتێک دەنگدان گەیشتە سەر ماددەکانی 15 و 16 نوێنەرانی کورد داوایان کرد دەنگدان لەسەر ئەو دوو ماددەیە دوابخرێت، بەڵام ئەو داوایەی کورد نادیدەگیرا، بۆیە نوێنەرانی کورد و زۆربەی نوێنەرانی سوننە و بەشێک لە پەرلەمانتارەکانی دیکە لە هۆڵەکە چوونەدەرەوە بەمەش رێژەیی یاسایی ئامادەبوون نەما. دواتر سەرۆکی پەرلەمان لەگەڵ نوێنەرانی کورد کۆبووەوە بەڵێنی دا ئەو دوو ماددەیە نەخاتە دەنگدان، جارێکی دیکە نوێنەرانی کورد گەڕانەوە، بەڵام کاتێک هەستیان کرد جارێکی دیکە هەوڵێک هەیە بۆ ئەوەی ئەو دوو ماددەیە بخرێتە دەنگدانەوە، نوێنەرانی کورد بەتەواوی لە دانیشتنەکە کشانەوە بۆیە لە کۆتاییدا سەرۆکایەتیی پەرلەمان بڕیاریدا دانیشتنەکە کۆتایی پێبێهێنرێت و بۆ رۆژی دووشەممەی داهاتوو دوابخرێت.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-12-18
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-12-18
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-12-18
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-18
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-12-18
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-12-18
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-12-18

کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01 6:58:05 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 351
**2019-12-19**
https://www.kurdipedia.org/?q=20191101185805374867




ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ماوەی سێ ڕۆژە هاووڵاتییانی خەڵکی مەریوان و گوندەکانی مەریوان و هەورامان، لە ملەی تەتە، بە دوای کۆڵبەرێکی ونبووی خەڵکی گوندی نێی مەریوانن و هەتا ئێستا هەوڵەکانیان بێئاکام ماوەتەوە. هاووڵاتییانی خەڵکی مەریوان و گوندەکانی ئەو شارە و هەورامان، بۆ سێهەمین ڕۆژە کە لە حاڵی گەڕان بە دوای کۆڵبەری ونبوو فەرهاد خوسرەوین کە لە ملەی تەتە بەهۆی سەرما و سۆڵەوە ون بووە.[5]
- موژگان کاووسی، نووسەر و چالاکی فەرهەنگیی خەڵکی شاری کەلاردەشتی مازندەران بۆ دادگای نەوشەهر و دادگا ئەو ژنە نووسەرە کوردەی بە 69 مانگ زیندان مەحکووم کرد.[5]
باشووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو، فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر بۆردوومانی ناوچەی برادۆست لە سنوری پارێزگای هەولێریان کردووە. بەهۆی بۆردوومانەکەشەوە زیانی زۆر بەر موڵک و زەوی هاوڵاتیان کەوتووە و ئاگرێکی زۆر لە ناوچەکە کەوتووەتەوە. بە پێی زانیارییەکان تا درەنگانێکی شەو، فڕۆکە جەنگییەکان زۆر بە نزمی بەسەر ئاسمانی ناوچەکە سووڕاونەتەوەو ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆری بۆ هاوڵاتیانی سنورەکە دروووست کردووە.[1]
- نیوەڕۆی ئەمڕۆ فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر دەستیان بە بۆردوومانکردنی گوندەکانی وەڵاتوکان، سێوێس، شێخان و خۆڕانی-یان لە بناری قەندیل کرد. دواتریش فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکی داگیرکەر دەستیان کرد بە بۆردوومانکردنی ناوچەکانی قوبەی سەرداران، شاخی دەرەبی، گۆڕی قەڵاتی و کۆسپی کەوەتێ-ی سەر بە شارەدێی وەرتێ سەر بە شارۆچکەی ڕواندز لە پارێزگای هەولێر.
- هاوکات لەگەڵ بۆردوومانی گوندەکانی قەندیل، فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک دەستیان بە بۆردوومانکردنی وەرتێ کرد.[4]
- چالاکوانان و ڕێکخراوەکانی ژنان لە هەولێر لەدژی ڕوونکردنەوەیەکی لیژنەی فەتوا خۆپیشاندانیان ئەنجامدا. لەخۆپیشاندانەکەدا چالاکوانان و ڕێکخراوەکانی ژنان داوایان لە پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد کە ڕێگە نەدەن لیژنەی فەتوا لەدژی تاک، فەتوا بدات و ئازادییەکانی تاک کەمبکاتەوە.[3][1]
- دژ بە 'فەتوای تەکسی'ی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان، لە شاری سلێمانی ڕێپێوانێک بۆ بەردەم نووسینگەی پەرلەمان ئەنجامدرا و هیچ پەرلەمانتارێکیش ئامادەنەبوو پێشوازیی لە چالاکوانان بکات.[4]
- فەرماندەیەکی هێزەکانی پێشمەرگە ڕایدەگەیەنێت: درەنگانی شەوی ڕابوردوو، فڕۆکەکانی هاوپەیمانان 12 بنکە و بارەگای داعشیان لە سنوری چیای قەرەچوغ بۆردومان کردووە.[2]
- لەبارەی سەوز کردنی چیای گۆیژەوە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی بۆ پارێزگارو قائیمقامی سلێمانی ئەنجامدراو تێیدا پرۆسەی سەوزکردنی چیای گۆیژە ڕاگەیەنرا.[3]
- لە مۆزەخانەی نیشتمانیی ئەمنە سوورەکە، لە مەراسیمێکدا مۆزەی خۆڕاگری کرایەوە، کە تێیدا مێژووی زۆرێک لە و جوامێر و قارەمانانی کوردی بەرجەستەکراوە کە ڕۆژگارێک لەژێر چەپۆکی درندانەی ڕژێمی بەعسی رووخاودا و لەکونجی زیندانەکاندا کوردستانیان لەناو دڵیاندا دەپاراست.[3]
- بەهۆی ڕێگەنەدان بە دروستکردنی خانوو، لە ڕانیە هاووڵاتیەک لەناو بیانی سەرۆکایەتی شارەوانی ڕانیە ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا.[2]
- لە شەنگال چەتەیەکی داعش لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی ئێزدیخانەوە دەستگیرکرا و دوای لێپرسینەوە، ڕادەستی پۆلیسی عێراق کرا.[4]
- لەبەرامبەر داخستنی گەراجی پاسەکانی داون تاون، خاوەن پاسەکان لەبەردەم بازاڕی داون تاون گردوبوونەتەوەو مانگرتنیان ڕاگەیاند و شەقامی 30 مەتریان داخست.[2]
- کۆبەندی ژنان دەتوانن – کوردستان بە هاوکاریی ریکخراوی خەڵک بۆ گەشەپێدان گفتوگۆیەکی کراوەی لەژێر ناونیشانیوێنای ژنان لە ریکلامە بازرگانییەکاندا لە ئەمنە سوورەکەی سلێمانی بۆ هەریەک لە د.ئاشتی حەمەساڵح، مامۆستای بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆی سلێمانی، هانا شوان

ڕۆژنامەنووس و لوقمان وەرتی، ئەندامی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، رێکخست. لە گفتوگۆ کراوەکەدا باس لە بەکارهێنانی ژنان کرا بە شێوەیەکی نەشیاو دوور لە دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان، کە زۆرێک لە بازرگان و خاوەن کۆمپانییە ڕیکلامییەکان، بۆ بەدەستهێنانی داهات و دوور لە بەها مرۆییەکان، وەک کاڵا مامەڵە لەگەڵ ژن دەکەن.[4]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، چەکدارانی داعش هێرشیان کردە سەر گوندی عەلییە رەش سەر بە شارۆچکەی مەخموور لە سنووری نێوان هەولێر و موسڵ. [2]
- بەڕێوەبەری ژینگەی پارێزگای دهۆک رایگەیاند، لە سنووری پارێزگای دهۆک 12 پاڵاوگەی نایاسایی داخران.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شاندێکی دانیمارکی بەسەرۆکایەتی سوندەر سورین کە پەرلەمانتارێکی دیاری دانیمارکە سەردانی خۆسەری دیموکراتی لە ڕۆژئاوا دەکەن، جەختیشیان کردۆتەوە کە پاڵپشتی هاوکاری ڕۆژئاوای کوردستان دەکەن و ئیدانەی هێرش وپەلامارەکانی سوپای تورکیا بۆ سەر ناوچەکە دەکەن.[3]
- بە ئامادەبوونی سەدان هاوڵاتیی شاری رەقا و گوندەکانی دەوروبەری تەرمی شەهید عەبدولعەزیز محمد ناسراو بە 'مۆرۆ رەقا' لە گۆڕستانی شەهیدان بەخاک سپێردرا.[1]
- وەزارەتی بەرگریی تورکیا بڵاویکردەوە، لە ئەنجامی تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبرێژکراو لە تل حەلەف لە باشووری ڕۆژئاوای سەرێکانی لە ڕۆژئاوای کوردستان، پێنج کەسی سڤیل گیانیان لەدەستدا.
وەزارەتی بەرگریی تورکیا لە راگەیێندراوێکدا تەقینەوەکەی خستە ئەستۆی شەڕڤانانی یەپەگە و ئاماژەی بەوەشکرد، سێ کەس لەوانەی گیانیان لەدەستداوە منداڵ بوون. [6]
دەرەوەی کوردستان
- چوار کۆنگرێسمان داوایەکیان ئاڕاستەی کۆنگرێسی ئەمریکا کردووە کە بەپەلە لێپێچینەوە لە تورکیا بکرێت بەهۆی بەکارهێنانی چەکی فسفۆری سپی لە دژی کوردەکان لە باکوری سوریا.[2]
- وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئاشکرایکرد لەبەر هۆکاری ئەمنی، ژمارەی دیپلۆماتکارەکانی لە عیراق، کەمدەکاتەوە.[3]
- وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا لە راگەیێندراوێکدا بڵاویکردەوە، عەبدولقاسم سەڵاواتی و موحەممەد موقەیسە سزادراون، ئەوەش لەبەرامبەر ئەشکەنجەدانی هاووڵاتیانی ئێرانی و کەسانی خاوەن دوو وڵاتینامە.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏣 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏣 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سەرێکانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ دهۆک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♜ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ مەخموور |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ شنگال |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ مەریوان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ رانیە (راپەڕین - پشدەر) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ رواندز |

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-19
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-12-19
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-12-19
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-12-19
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-12-19
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-12-19

کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01 6:58:05 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 352

**2019-12-20**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191101185805374868



باکووری کوردستان
- پۆلیسی تورکیا، لەشاری ئامەدی باکوری کوردستان، فیلیز بۆلۆتەکین، هاوسەرۆکی شارەوانی ناوچەی سوری ئامەدیان لە سەر لیستی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) لە ماڵەکەی دەستگیر کرد. لەهەمانکاتدا، پۆلیسی تورک، یەلماز ئیکەن، ئەندامی شارەوانی سوریان لە ماڵەکەی خۆی دەستگیر کردووە و هەڵیانکوتاوەتە سەر شارەوانی سوری ئامەد و دەستیان بە گەڕان و لێکۆڵینەوە کردووە.[1]
- پارێزگاری روحا بۆ مانگێک ڕێپێوان، لێدوانی ڕۆژنامەنووسی، میتینگ و هەموو چالاکیەکی قەدەغەکرد. پارێزگاری روحا ئاماژەی بەوەدا، بڕیارەکە ئەو چالاکیانە ناگرێتەوە کە لە لایەن قایمقام و پارێزگارەوە ڕێگەیان پێدەدرێت. قەدەغە تا 17-01-2020 بەردەوام دەبێت.[6]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دوای 4 گەڕان، تەرمی کۆڵبەر فەرهاد خوسرەویی و تەمەنی 14 ساڵ لە بەرزاییەکانی تەتەی هەورامان دۆزرایەوە. ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی ئەو کۆڵبەرە تەمەن 14 ساڵەیە، بە بەشداریی هەزاران کەس لە هاووڵاتییانی مەریوانی بەڕێوە چوو و هاووڵاتییان، دژی گیانلەدەستدانی ئەو کۆڵبەرانە، دژی حکوومەتی ئێران دروشمیان دا.[4]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی ڕەحیم عەباسی خەڵکی هەرزەنێی سەردەشت، لە کاتی کۆڵبەریدا لە بەرزایی بەربووەوە. ئەو کۆڵبەرە کوردە، لە کاتی ڕاودوونانی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت تووشی ئەو ڕووداوە بووە.[8]
باشووری کوردستان
- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان زۆرینەی ئامادەکارییەکانی بۆ بەستنی کۆنگرەی چوارەمی حزبەکەی تەواوکردووە و سەرکردەکان و دەزگای هەڵبژاردنی ئەو حزبەش جەخت دەکەنەوە کە کۆنگرە لە کاتی دیارکراوی دا دەبەسترێت.[2]
- ئەمڕۆ تیروپشک بۆ ڕیزبەندی ناوی ئەو کاندیدانە دەکرێت کەخۆیان بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی

گشتی یەکێتی کاندید کردووە و ئەندامێکی لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکانیش دەڵێت، تیروپشکەکە لە کەشێکی ئازاد و بەئامادەبوونی میدیاکانی یەکێتی دەکرێت.[3]
- لە سلێمانی، پەردە لەسەر پەیکەری محەمەد عومەر عوسمان ناسراو بە جەنەڕاڵی پایز لادرا.[3]
- لە جەلەولا، سێ برا لەلایەن ئامۆزایەکیانەوە کوژران، چونکە ئامادەنەبوون خوشکەکەیان بدەنە ئەو ئامۆزایەیان.[4]
- لە هەولێر، دیداری گەشەپێدانی حەج و عومرە لەلایەن وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینییەوە سازکرا.[2]
- لە شنگال و ناوچە ئێزدی-نشینەکان، جەژنی رۆژوو بەڕێوەدەچێت.[4]
- لە کەلار، وەک دەربڕینی ناڕەزایەتی دژ بە پرۆژەی چاکسازیی حکومەتی هەرێم، بەتایبەت لە خانەنشین و مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان، کەسوکاری ئەنفالکراوەکان گردبوونەوە.[5]
- بەشێک لە کەسوکاری شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە لەبەردەم ماڵی عومەری خاوەر گردبوونەوە و لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا ئەوەیان خستەڕوو، دەستبردن بۆ موچە و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان بەناوی چاکسازییەوە هێڵی سورە و هەڵوێستی توندمان دەبێت.[1]
- دەزگەی خێرخوازیی بارزانی بڕی یەک ملیۆن دیناری عێراق دەدات بە هەر خێزانێک لە خێزانی خۆپیشاندەرە کوژراوەکانی بەغدا، سەرۆکی دەزگەکەش دەڵێت، ناوی 115 خانەوادەیان تۆمارکردووە و لە بەرنامەیاندایە هاوکارییەکان بگەیەننە دەست کەسوکاری سەرجەم کوژراوەکان.[7]
- مەراسیمی شەوی یەڵدا لەهۆڵی تەلار شاری سلێمانی ئەنجامدرا، کە تێیدا چەندین چالاکی جۆراو جۆر و کوردەواری ئەنجامدرا.[3]
- لە شارۆچکەی کەلار، بەبۆنەی شەوی یەڵداوە، ئاهەنگێکی گۆرانی و مۆسیقا و شیعر خۆێندنەوە ئەنجامدرا، کەتێدا ژمارەیەکی بەرچاو لە هاوڵاتیان ئامادەبوون.[5]
- مەراسیمی شەوی یەڵدا لەقاوەخانەی ماڵی کلتوری خورماتوو بە ئامادەبوونی گەنجان و هاووڵاتیانی سنوورەکە بەڕێوەچوو، کە تێیدا چەندین چالاکی رۆشنبیری و کلتوری و پارچە میوزک و شیعر و گۆرانی پێشکەش کران.[3]
- هاوشێوەی شار و شارۆچکەکانی دیکە، لە چۆمان-یش بە مەراسیمی ئەدەبیی و هونەریی شەوی یەڵدا بەرێکرا.[5]
رۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورکی داگیرکەر و چەتەکانی لە گوندی کەفیفای داگیرکراوەوە گوندی قزەلیی گرێ سپییان تۆپباران کرد.[6]
دەرەوەی کوردستان
- بەهۆی ناکۆکی لایەنە سیاسییەکان، راسپاردنی کەسێکی بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێ، بۆ رۆژی یەکشەممەی داهاتوو دواخرا. بەرهەم ساڵح سەرۆک کۆماری عێراق، پەیامێکی بەپەلەی بۆ دادگای فیدراڵی ناردووە، بۆ یەکلاییکردنەوەی دیاریکردنی گەورەترین کوتلەی پەرلەمانی.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏠 پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

🏠 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

🏢 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد

🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی

🏢 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ خانەقین

🏢 شار و شارۆچکەکان: ◯ شنگال

شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: ◯ هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: ◯ روحا
شار و شارۆچکەکان: ◯ گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: ◯ خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: ◯ چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: ◯ سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: ◯ مەریوان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-12-20
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-12-20
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-12-20
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-12-20
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئیف نیوز - 2019-12-20
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-12-20
[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-12-21

کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01 6:58:05 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 353
**2019-12-21**
https://www.kurdipedia.org/?q=20191101185805374869




باکووری کوردستان
- بەبۆنەی 41 ساڵەی کۆمەڵکوژیی مەرعەش، چالاکییەکی یادکردنەوە بەڕێوەچوو. سەدان کەس لە گۆڕەپانی نەخۆشخانە لە گەڕەکی یۆرک سەلیمس مەرعەش کۆبوونەوە، یادی شەهیدانی کۆمەڵکوژی کرایەوە و هەتا جەمخانەی ئەرنلەران بە ڕێپێوان چوون. نوێنەرانی کۆمەڵە و فیدراسیۆنەکانی عەلەویان، پەرلەمانتەرانی هەدەپە زەینەل ئوزەن، کەمال پەکۆز و سەمرا گوزەلیش بەشداری چالاکی یادکردنەوەکە بوون.[2]
باشووری کوردستان
- کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەبەشداریی زۆرتر لە هەزار ئەندام لە شاری سلێمانی بەڕێوەدەچێت. لەم کۆنگرەیەدا 121 ئەندامی ئەنجوومەن هەڵدەبژێردرێت.[1]
- کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بە سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای سیاسی ئە و حزبە هەڵبژێردرا. هاوکات هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، مەلا بەختیار، قادرحەمەجان و جەعفەر شێخ مستەفا و عیماد ئەحمەد و عومەر فەتاح و ئەرسەلان بایز و دلێر سەید مەجید ئەندامن لەو ئەنجوومەنەدا تێیدا.[1]
- کارەکانی ڕۆژی یەکەمی کۆنگرەی یەکێتی بە دەستنیشانکردنی هەریەک لە بەرهەم ئەحمەد ساڵح، قوباد تاڵەبانی و ڕێواز فایەق، بۆ سەرکردایەتی حزبەکە کۆتایی هات.[1]
- مەلا یاسین وتەبێژی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رایگەیاند: یەکێتی دەتوانێت بەسەرکەوتوویی کۆنگرەی خۆی ببەستێت و بەفۆرمێکی نوێوە دێتەوە مەیدانی کوردایەتی. وتیشی: سەرکردایەتییەکی بەهێز لەناو یەکێتییەکی بەهێزدا بارودۆخەکان باشتر دەکات و ئاشتی و ئارامی مسۆگەر دەکات. هەر لەکۆنگرەکەدا مەلا یاسین ئاماژەی بەوەشدا، لەکۆنگرەکەدا هیچ بڕیارێکی مەرکەزی نەدرا و بڕیارەکان بە دەنگدان دەرچوون.[5]
- لە چوارچێوەی هەڵمەتی بایکۆتکردنی کەلوپەلی تورکیدا ژنانی گەنج لە ناوچەی ڕانیەی سلێمانیی لە ژمارەیەک کۆڵان پۆستەری بایکۆتیان هەڵواسی. لە سەر پۆستەرەکان ناوی هەموو کۆمپانیا و مارکەی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر نووسراون بۆ ئەوەی گەل کەلوپەل و خواردەمەنیەکانیان بایکۆت بکەن.ژنانی گەنج پۆستەرەکانیان لە زۆر دەڤەری شارەکە هەڵواسی.[2]
- لە کۆمەڵگای شاوێسی شاری هەولێر برایەک هەستاوە بەکوشتنی براکەی خۆی کە هۆکارەکەی کێشەی کۆمەڵایەتی بووە.[3]
- بەهۆی ئاژاوەی نێو یاریگەکان فیدراسیۆنی تۆپی پێی کوردستان سەرجەم چالاکییەکانی بۆ کاتێکی نادیار ڕاگرت، خولەکە دەست پێناکاتەوە تاوەکوو سەرجەم یانەکان بەڵێنی سەلامەتی یاریزانان و هاندەران و ناوبژیوانان نەدەن.[4]
- وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان مەراسیمێکی بۆ شەوی یەڵدا ڕێکخست. لە مەراسیمەکەدا 200 کەس بەشداربوون و چەندین شیعر و گۆرانییەک پێشکێشکران. دواتر خەڵاتی ڕێزلێنان بەخشرایە چەند هونەرمەند و شاعیرێک. [6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هێرشەکانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر بۆ سەر ناوچەکە بەردەوامەو بەم چورچێوەیەدا گوندی سەیدای سەر بە ناوچەی عەین عیسای بۆردومان کرد و لە ئەنجامدا 3 کەسی مەدەنی بریندار بوو.[2]
- سەدان هاوڵاتی دانیشتووی ناوچەی عەفرین، تەرمی هەردوو شەهید بەناوەکانی (ڕەمەزان عەفرین- جوان عەفرین) و (ئیبراهیم ئەحمەد- جوودی چیا) کە لە 18 کانونی یەکەم لە قۆناغی دووەمی بەرخۆدانی سەردەم شەهید ببوون، لەبەردەم نەخۆشخانەی ئاڤرین-ی ناوچەی فافین-ی کانتۆنی شەهبا وەرگیران و بە کاروانێک بەرەو گۆرستان بەڕێکران.[2]
دەرەوەی کوردستان
- باری ناوخۆیی ئێڕاقی عەرەبی خراپتر دەبێت و شەوی رابردوو لە ناسریە چەندین بارەگای حیزبی سووتێندران.[1]
- دۆناڵد ترامپ پێشنیارنامەی بودجەی 2020ی وڵاتەکەی واژۆکرد. لەو پێشنیارنامەیەدا

دەوڵەتی تورک لە بەرنامەی بەرهەمهێنانی فڕۆکەکانی 'ئێف-35' دەرکراوە، جگە لەوەش لە پێشنیارنامەکەدا چەند سزایەکی دیکەش بەسەر دەوڵەتی تورکدا سەپێنراوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: رانیە (راپەڕین - پشدەر)

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-21

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-12-21

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-12-21

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-12-21

[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-12-21

کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01 6:58:05 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 354

**2019-12-22**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191101185805374870




باکووری کوردستان

- رۆژنامەیەکی نوێی کوردی، بەناوی خوەبوون لە ئامەد، دەستی بە چاپ و بڵاوکردنەوە کرد. رۆژنامەکە بە دەستپێشخەری ژمارەیەک نووسەر و رۆژنامەوانی کورد, بە شێوەیەکی هەفتانە بە زمانی کوردی دەردەچێت. رۆژنامەکە هەوڵێکە بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمی نووسەران لە تەواوی بەشەکانی کوردستان، بە کوردانی کازاخستان و ئەرمەنستانیشەوە. ئە و رۆژنامە 12 لاپەڕەییە، بە زاراوەی کرمانجی و زازاکی چاپ و بڵاودەکرێتەوە.[2]

- سارا کایا هاوسەرۆکی پێشووی شارەوانی نسێبین کە لە لایەن رژێمی تورکەوە دەستگیرکرابوو، بۆ زیندانی پیتی (ت) تارسوس دوورخرایەوە.[1]

- میتینگی پلاتفۆرمی رەنج و دیمۆکراسیی لە ئامەد بە مەبەستی بەدیهێنانی ژیانێکی شکۆمەندانە و ئاشتیی کۆمەڵایەتی، بەڕێوە چوو. هێزە ئەمنییەکان و پۆلیسی تورک لە بەردەم بەرزکردنەوەی پانکارتەکانی دژی شەڕ، رێگریان خستە بەردەم چالاکییەکە.[1]

- بە بۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی پلاتفۆرمی ژنانی کوردی یەکگرتوو لە ئامەد کۆبوونەوەیەک ڕێکخرا. لەیلا گوڤەن هاوسەرۆکی کەجەدە، سالیحا ئایدەنیز هاوسەرۆکی دەبەپە، پەرلەمانتارانی هەدەپە، ئەرەن کەسکین هاوسەرۆکی کۆمەڵەی مافی مرۆڤ، چالاکڤانانی بزوتنەوەی ژنانی ئازاد، ئەندامانی پێنووسی ژنانی میزۆپۆتامیا، ئەنجومەنی دایکانی ئاشتی ئامەد، شانۆی شاری ئامەد بەشداریان لە کۆبوونەوەدا کرد.[1]
- کوردیناسیۆنی کۆمەڵەی ژنانی کوردستان (کەژەکە) ڕایدەگەیەنێت: کە ژیان و سەلامەتی و تەندروستی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە مەترسیدایە، پەرلەمانتارێکی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە)ش دەڵێت: دیداری نێوان ئۆجەلان لەگەڵ کەسوکار و پارێزەرەکانی قەدەغە کراوە.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێک بە ناوی کەیهان ئەکرەمی کوڕی مەجید و خەڵکی گوندی کوێرەگوێزی سەر بە سەقز، پاش 97 ڕۆژ لە خەواندن لە نەخۆشخانە، بەهۆی قورسیی برینەکانیەوە، لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی تاران گیانی لەدەست دا. ئەو کۆڵبەرە کوردە، ڕۆژی یەکشەممە، 24ی خەرمانان، لە سنووری سێفی سەقز و لە شوێنێک بە ناوی گناوە، کرایە ئامانجی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت.[6]
- ئاکۆ جەلیلیان، نووسەر، لێکۆڵەر و فۆلکلۆرناسی بەتوانای کورد، پاش حەوتوویەک دەسبەسەری، بە دانانی کەفاڵەت ئازاد کرا.[6]
- مێرمنداڵێکی مەریوانی بە ناوی میلاد فەیزی پوور، تەمەن 15 ساڵ، لە سەرەتای بێلواری بێعسەتی مەریوان لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا. هێزە ئیتلاعاتییەکان لە کاتی دەسبەسەرکردنی ئەو مێرمنداڵەدا، ناوبراویان ئازار و ئەشکەنجە داوە. ئەو مێرمنداڵە کوردە بە هەڵگرتنی پلاکارت، بەنیسبەت کوشتاری کۆڵبەران و گیانلەدەستدانی فەرهاد و ئازاد خوسرەوی، دوو کۆڵبەری کوردی خەڵکی گوندی نێ کە بەهۆی سەرمابردوویییەوە لە کاتی کۆڵبەریدا گیانیان لەدەست دابوو، دژکردەوەی نیشان دا.[6]
باشووری کوردستان
- کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ڕۆژی دووەمیدا بەردەوامیی هەیە و ئەمڕۆ بڕیاربوو ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی هەڵدەبژێردرێن بەڵام دواخرا بۆ سبەینێ.
هەڵبژاردنەکە لەلایەن چەند دادوەرێکەوە سەرپەرشتی دەکرێت کە هیچ پەیوەندییان بە کۆنگرەوە نییە. بەرهەم ئەحمەد ساڵح بەهۆی بارودۆخی زۆر خراپی بەغدا و ئێراقەوە، گەڕایەوە بەغدا و ئەمڕۆ لە کۆنگرە ئامادە نەبوو.[3]
- پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی لە کۆنگرەی چواردا پەسەندکرا.[3]
- درەنگانی شەوی ڕابوردوو لە نزیک شارەدێی سەعدییەی سەر بە شارۆچکەی خانەقین چەکدارانی داعش هێرشیان کردە سەر بنکەیەکی چەکدارانی حەشدی شەعبی. لە ئاکامی شەڕ و پێکدادانی نێوانیان چەکدارێکی حەشدی شەعبی کوژرا و سێ چەکداری دیکەش بریندار بوون کە هەموویان خەڵکی خوارووی عێراقن.[1]
- شەوی ڕابردوو چوار هێلیکپتەر بۆردوومانی چەمی ڕووباری سیروانیان کرد لە سنووری گوندەکانی ئیسلاح، ئوم حونتە، شیرک و قایە، کە دەکەونە ڕۆژئاوای شارۆچکەی خانەقین-ی سەر بە پارێزگای دیالە. تا ئێستا نازاندرێت ئەو هێلیکۆپتەرانە سەر بە چ وڵاتێکن کە بۆردوومانیان کردووە.[4] پاش بۆردوومانەکە تەرمی 8 چەکداری داعش لە ناوچەکە دۆزرانەوە.[5]
- لە هۆڵی سەعد عەبدوڵڵا لە هەولێر، ئۆرکێسترای کوردستان بە هاوبەشی لەگەڵ ئۆرکێسترای جۆرجیا، چەند پارچە میوزیکێکی کوردی و کلاسیکیان پێشکەشکرد.[7]
- وتەبێژی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لە ڕوونکردنەوەیەکدا ئەو دەنگۆیە ڕەتدەکاتەوە کە دەگوترێت لە وەزارەتی ڕۆشنبیری نوکتە و پێکەنین لە فەرمانبەران قەدەغە کراوە.[2]
- شارەوانی سلێمانی لە گەڕەکەکانی بای شاری سلێمانی، بە بیانووی زیادەڕۆیی، شەقامێکی بە دەیان بەقاڵ چۆڵکرد و مێز و عارەبانەکانیانی بە شۆفڵ ڕامائی.[4]
- خۆپیشاندانی پشتیوانی بۆ یەکینەکانی بەرخۆدانی شەنگال-یەبەشە، و یەکینەکانی ژنانی شەنگال-یەژەشە، بە بەشداربوونی سەدان کەس و بە بەرزکردنەوەی ئالاکانی یەبەشەو یەژەشە و ئاسایشی

ئێزیدخان لەبەردەم ئەنجوومەنی گەل لە خانەسۆر دەستیپێکرد و تا بەردەم ناوەندی سەردان و پێشوازیکردنی یەبەشە بەردەوامی کرد.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هاوڵاتیانی شەداد و گوندەکانی باکووری دێرە زۆر تەرمی شەرڤان حەمود لەتیف ئەلئەربیدیان بە مەراسیمێک لە گۆرستانی شەهیدانی شەداد بەخاکسپارد کە لە 16ی کانونی یەکەمدا شەهید ببوو.[1]
- ڕوانگەی سووریا بۆ مافەکانی مرۆڤ بڵاوی کردووەتەوە، زیاتر لە 100 بارهەڵگر هاوکاری سەربازی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە دەرگای سنووری وەلیدی هاوسنوور لەگەڵ هەرێمی کوردستان، گەیشتە ناوچەکانی دەست هێزەکانی سووریای دیموکرات. ئاماژەی بەوەش کردووە، هاوکارییەکان پێکدێن لە زرێپۆش، ئۆتۆمبێلی سەربازی، لەگەڵ چەک و تەقەمەنی.[2]
دەرەوەی کوردستان
- ئەمرۆ سەرلەشکر فەرەج مەهدەوی فەرماندەی هێزی دەریایی لیبیا لە کاردانەوەیەک دژی ڕێککەوتنەکەی دەوڵەتی 'هاوپەیمانی لیبیا لە تەرابلوس' و دەوڵەتی تورک بۆ ناردنی سەرباز و چەک لەلایەن تورکیاوە بۆ تەرابلوس و دەستێوەردانەکانی تورکیا لە ولاتەکەی هەڕەشەی کرد. مەهدەوی بە 'عەرەبیە'ی ڕایگەیاند:هێزی دەریاییمان بۆ هەر ئەگەرێک ئامادەیە و توانای باشی هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پێشلکردنی سنووری کەناراوەکانی لیبیا لەلایەن دەوڵەتی تورکەوە، هەموو ئەو کەشتییانەش بەرەو لیبیا دێن دەخرێنە ژێر کۆنترۆڵ.[4]
- سەرۆک کۆماری تورکیا دووپاتی کردەوە، وڵاتەکەی تەنیا هەنگاوێکیش لە پلانەکەی لە سووریا پاشگەز نابێتەوە، و لەسەر جێبەجێکردنی ئە و یاداشتەش سوورە، کە لەگەڵ حکوومەتی ویفاق لیبیا لە دژی سوپای خەلیفە حەفتەر واژۆیان کردووە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: نوسەیبین
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 22-12-2019
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 22-12-2019
[3] ⚫دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[4] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 22-12-2019
[5] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 22-12-2019
[6] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 22-12-2019
[7] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 22-12-2019

کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01 6:58:05 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 355

**2019-12-23**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191101185805374871



باکووری کوردستان
- دوای ئەوەی ئەمڕۆ فیلیز بولوت تەکین و جەمال ئوزدەمیر هەر دوو هاوسەرۆکی شارەوانی ناوچەی سوور راپێچی بەردەم دادگا کران و بڕیاری گرتنیان بۆ دەرچوو، هەر یەک لە سالیحا ئایدەنیز هاوسەرۆکی پارتی هەرێمە دیمۆکراتەکان و زەیات جەیلان هاوسەرۆکی هەدەپەی شاری ئامەد و ئەندامانی شارەوانی ناوچەی سوور و بەرێوەبەرانی هەدەپە ویستیان لە بەردەم دادگا لێدوانێک بۆ رای گشتی بڵاو بکەنەوە، بەڵام رووبەرووی هێرشی هێزەکانی پۆلیسی تورک بوونەوە. ئەندامانی هەدەپە کە لە لایەن هێزەکانی پۆلیسەوە گەمارۆ دران، بە دروشم و چەپڵە گەمارۆ و گرتنەکانیان شەرمەزار کرد. هەروەها هێزەکانی پۆلیس رێگایان نەدا رۆژنامەنووسان رووداوەکە بگوازنەوەو چالاکییەکە تۆمار بکەن و بە لێدان لە ناوچەکە دووریان خستەوە و هەتا مایکی هەندێک رۆژنامەنووسیش لەدەستی ئەندامانی هەدەپەدا مانەوە.[4]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- مانگرتنی مامۆستایان لە ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان دژی جێبەجێ نەبوونی داخوازییەکانیان دەستپێکرد.[3]
باشووری کوردستان
- کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سێیەم رۆژیدا بەردەوامە و ئەمڕۆ ئەندامانی سەرکردایەتی هەڵدەبژێردرێن و وەفدێکی باڵای کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق چاودێری پرۆسەی دەنگدانەکە دەکات..[1]
- مەلا یاسین رەئوف وتەبێژی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند، درەنگانێکی ئەمشە و پرۆسەی دەنگدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی گشتی سەرکردایەتی لەناو کۆنگرە کۆتایی دێت و سبەینێ ئەنجامی دەنگدانەکە رادەگەیەنین. وتیشی: یەکێتی بەسەرکەتوانە هەنگاوەکانی کۆنگرەی خۆی بەرێ کردو لەماوەی سێ رۆژی رابردوودا هیچ کێشە و گرفتێک نەهاتوەتە پێشەوە و کۆنگرە زۆر بەباشی بەرێوەچووە.[5]
- بە ئامادەبوونی نوێنەری زانکۆکانی هەولێر و رێکخراوە مەدەنییەکان، ئەمڕۆ لە هۆتێل دیدمان لە شاری هەولێر، یەکەمین دیداری زانکۆکانی هەولێر کە لەلایەن رێکخراوی چاوی زانکۆ سازکرابوو بەرێوەچوو. دیداری زانکۆکانی هەولێر، لە شاری هەولێر بە پشتیوانی سندوق نیشتمانی ئەمریکی بۆ دیموکراسی بەرێوەدەچێت، بڕیاریشە لە داهاتوودا دیداری هاوشێوە لە شاری سلێمانی بەرێوەبچێت.[3]
- ئەمڕۆ لە بەردەم بەرێوبەرایەتی پەروەردەی گشتی گەرمیان، لە شارۆچکەی کەلاری ناوەندی

ئیدارەی گەرمیان، مامۆستایانی وانەبێژ، دژی دانەمەزراندن و بە هەمیشەیی نەکردنیان گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا و داواکارییەکانیان خستە روو.[3]
- دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان بە مەبەستی ئاشکراکردنی ناوی دامەزرێندراوەکان جارێکی دیکە لەبەردەم پەروەدەی کەرکوک خۆپیشاندانیان ئەنجامدا، بەڕێوەبەری پەروەدەی کەرکوکیش دەڵێت: لەم هەفتەیەدا ناوەکان ئاشکرا دەکرێت.[3]
- لاهور شێخ جەنگی رایدەگەیەنێت ئێستا بەرەی سەرەکی چەکدارانی داعش زنجیرە چیاکانی حەمرینە و شارەزاییان زیاترە و مەترسیشیان لە رێکخراوی قاعیدە زیاترە و ئەگەر دۆخەکەش وا بڕوات داعش لەساڵی 2020دا باشتر خۆیان رێکدەخەنەوە.[5]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە ئێوارە یادێکدا بەهاوکاری ماڵی سۆفی کەریم، ناوەندی رۆشنبیری سارا، کۆمەڵەی هونەرمەندانی کوردستان، دەنگی رەسەنی کوردی هونەرمەندی کۆچکردوو، محەمەدی ماملێ بەبیرهێنرایەوە.[3]
- یاداشتنامەی هەماهەنگی و هاوکاری لەنێوان دەستەی گشتی گومرگەکانی ئێران و گومرگی هەرێمی کوردستان، لە لایەن میر ئەشرەفی، بریکاری وەزیری دارایی و ئابووری و سەرۆکی گشتی گومرگەکانی ئێران و ساماڵ عەبدورەحمان، بەرێوەبەری گشتی گومرگەکانی هەرێمی کوردستان لە تارانی پایتەختی ئێران واژۆ کرا.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- گروپە چەتەکانی سەمەرکان کە سەر بە دەوڵەتی تورکی داگیرکەرە، لە گوندی ئاشکان-ی سەر بە ناوچەی جندرێس، دوو هاوڵاتیان رفاند بە ناوەکانی محمد کەماڵ عومەر و عبدۆ کەماڵ عومەر. هەروەها لە گوندی ئانقەلی سەر بە ناوچەی شیێ-ی سەر بە عەفرینیش دوو هاوڵاتی دیکە رفێنران بە ناوەکانی رەشید جەرکۆ و محمد جەرکۆ.[4]
دەرەوەی کوردستان
- شاندێکی پێشمەرگەی کوردستان بەسەرۆکایەتی عەزیز وەیسی، فەرماندەی هێزەکانی زێرەڤانی بە فەرمی بانگهێشتی پاریس کراون و لە رێورەسمێکدا لەگەڵ هێزی سەربازیی فەرەنسا ئاگری سەرکەوتنیان لەسەر مەزاری سەربازی ون کردەوە.[6]
- بەگوێرەی هەواڵی میدیا عێراقییەکان کە لە زاری سەرچاوەیەکی سیاسی نزیک لە سەرۆکایەتی کۆمارەوە بڵاوکراوەتەوە، بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆک کۆماری عێراق هەڕەشەی دەست لەکارکێشانەوەی کردووە، ئەگەر گوشاری زیاتری بخرێتەسەر، بۆ راسپاردنی کاندیدێکی سەرۆک وەزیران، کە دژی خواستی خۆپیشاندەران بێت.[2]
- کوردانی فەیلی لە گۆرەپانی تەحریر خێوەتێکیان داناوە و داوا دەکەن کە کۆتای کورسی پەرلەمانیان بۆ زیاد بکرێت لە یەک کورسیەوە بۆیان بکرێت بە سێ کورسی و دابەش بکرێت بەسەر شارەکانی بەغدا, دیالە و کوت. ئەمەش لە کاتێکدایە کە کوتلە شیعیەکان هەواڵی ئەوەیان دەدا ئەو کورسیە کۆتایەش کەم بکەنەوە و بە هاوبەشی بیدەن بە کوردانی ئێزیدی و فەیلی، فراکسیۆنە کوردیەکانیش ئەوەیان رەتکردەوە.[2]
- پۆلیسی یۆنان رایگەیاند ئوتۆمبێلێکی دیبلۆماسی تورکیا لە یۆنان سوتێنراوە، رووداوەکەش هاوکاتە لەگەڵ ئەو بارگژییە توندەی کەوتۆتە نێوان وڵاتی تورکیا و یۆنان، کە هەردووکیشیان ئەندامن لەپەیمانی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ).[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏣 پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
🏣 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
🏣 پارت / لایەن: پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە
🏣 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)
🏙 شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ⬤ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-12-23
[3] ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-12-23
[4] ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-23
[5] ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-12-23
[6] ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-12-23

کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01 6:58:05 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 356
**2019-12-24**
https://www.kurdipedia.org/?q=20191101185805374872




باکووری کوردستان
- سەزای تەمەلی، هاوسەرۆکی هەدەپە لە کۆنفراسێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، سەرۆک کۆماری تورکیا دژایەتی گەلی کورد گەلانی دیکە دەکات، بە دڵێکی ئارام وڵاتێکی دیکە داگیر دەکات. ئەو دەیەوێت مێژوو دووبارە بکاتەوە.[2]
- ئەمڕۆ پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان ڕێبەری پەکەکە، ڕازیە تورگوت، سەربای کۆکلو و ڕێزان ساریجا و ئیبراهیم بیلمەز، بۆ دیدار لەگەڵ بریگرتەکەیان لە زیندانی ئیمرالی، داواکارییان پێشکەشی سەرۆکایەتیی داواکاری گشتیی شاری بۆرسا کرد.[4]
- حەسیبە مەنگیرکائون هاوسەرۆکی دەبەپەی شاری مێردین لە چوارچێوەی لێپرسینەوەیەکدا کە بۆ وەرگرتنی وتەی چووبووە ئاسیش، دەستگیر کرا.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- تۆڕی مافەکانی مرۆڤی کوردستان ڕایگەیاند دوو لە ناوچە سنوورییەکانی خۆی دوو کۆڵبەر و کاسبکاری کورد لە ناوچە سنووریەکانی سەردەشت و خۆی بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی پاسەوانیی سنووری کۆماری ئیسلامی بریندارببوون. "حامد عابد"، کاسبکاری کوردی خەڵکی شارۆچکەی "کۆتول"ی خۆی و "هیوا سەدیق زادە"، کۆڵبەری سەردەشتی لە ناوچە سنوورییەکانی ئەو شارانەدا دراونەتە بەر دەستڕێژی گوللە و بریندارببوون.[1]

- کۆڵبەرێک بە ناوی عەزیز عەزیزی خەڵکی گوندی 'بەنەژاژی' سەربە شاری بانە لە پارێزگای سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ئاوایی گۆمانی سەر سنووری چۆمان بە تەقەی هێزە ئەمنیەکانی دەوڵەتی ئێران لە بە سەختی بریندارببوو و گوازراوەتەوە بۆ نەخۆشخانەی شاری بانە. هەر ئەمڕۆ لە ناوچە سنوورییەکانی هەورامان، کۆڵبەرێک بە ناوی سەلاح دەرزیانی لە بەرزاییەکانی کوێستانی تەتە لە ناوچەیەی 'قەتڵگا' کەوتووەتە خوارەوە و بە سەختی بریندار بووە.[4]
- عەلی بەدرخانی نووسەری کورد پاش کۆتاییهاتنی سزای 3 ساڵ بەندکرانەکەی لە بەندیخانەی ناوەندیی ورمێ ئازادکرا.[1]
باشووری کوردستان
- بڕیارە ئەمڕۆ ئەنجامی کۆنگرەی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڵاوبکرێتەوە. بەگوێرەی ئەنجامە بەراییەکان، لە بازنەی سلێمانی ئەم کەسانە دەرچوون، شاناز ئیبراهیم ئەحمەد، ئاراس شێخ جەنگی، سالار عومەر نوری، سەرکەوت زەکی، شوانەی نۆکان، وەستا حەسەن، تەلار لەتیف، هەڵۆ پێنجوێنی، مستەفا چاوڕەش، ئاسۆس عەلی. لە بازنەی هەولێریش کوڕەکانی کۆسرەت ڕەسوڵ زۆرترین دەنگیان هێناوە. لە کەرکوکیش سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە بافڵ تاڵەبانی و لاهور شێخ جەنگی زۆرترین دەنگەکانیان هێناوە. وتەبێژی کۆنگرەش ڕایگەیاند، لەبەرئەوەی دەنگەکان زۆرن ئەمڕۆ ناتوانین ئەنجامی هەڵبژاردنەکە ڕابگەیەنین و سبەینێ پاش تەواوبوونی هەژماردنی هەموو دەنگەکان، سەرئەنجامەکەی ڕادەگەیەنین[3]
- لە دانیشتنی ئەمڕۆی، پەرلەمانی کوردستان بە دەنگی 77 پەرلەمانتار، خولی پاییزەی بۆ ماوەی 30 ڕۆژ درێژ کردەوە. ئامانج لەمەش پەسەندکردنی پرۆژە یاسای چاکسازییە.[3]
- دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، لە ئەمساڵدا 75 دۆسیەی گەندەڵیی ڕەوانەی بەردەم دادگاکان کراون و یەکلا کراونەتەوە، هەروەها زیاتر لە دوومانگیشە پرۆژە یاسای هەموارکردنەوەی یاسای دەستەی دەستپاکی ئاراستەی پەرلەمان کراوە بەڵام تا ئێستا پرۆژەکە نەخراوەتە بەرنامەی کارەوە.[4]
- ئەمڕۆ کاتژمێر 10:00 دەرچوانی بەشی ئەندازیاریی کارەبا، نەوت و گاز و کیمیایی، لە زانکۆ و پەیمانگاکانی کەرکوک، لەبەردەم بینای ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک گردبوونەوە و ماوەی سێ کاتژمێر لەبەردەم بینای ئەنجومەن مانەوە. دەرچوانی بەشی ئەندازیاریی داوای دامەزراندن دەکەن و دەڵێن، لە ئەگەری جێبەجێنەکردنی داواکارییەکەیان، ڕێکاری تر دەگرنە بەر.[4]
- بەهۆی ڕووداوێکی تەقەکردن لە بانکی شیمالی شاری هەولێر کەسێک بریندارەدبێت، تەقەکەرەکە بۆ شوێنێکی نادیار هەڵاتووە و گوتەبێژی پۆلیسی هەولێریش دەڵێت شەڕەکە بەهۆی کێشەیەکی تایبەتەوە بووە.[5]
- ئەمشەو چەکدارانی داعش هێرشیان کردووەتە سەر کێڵگەی نەوتی خەبازە لەسنوری شارۆچکەی دوبز و لە ئەنجامدا پۆلیسێک بەناوی (وەلید حەمید) بە ڕەگەز کورد کە خەڵکی شارۆچکەی خورماتووە شەهید بووە و دوو پۆلیسی دیکەش بریندارببوون.[6]
- سەرچاوەیەک لە هێزەکانی پێشمەرگە لە سنوری شارۆچکەی مەخموور ڕایگەیاند: بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی چێندراو بە ئۆتۆمبێلی هاوڵاتیەک لە گوندی عەتیرە لە سنوری شارەدێی سەرگەرانی شارۆچکەی مەخمور، 3 کەس کوژراو 2ی دیکەش بریندارببوون.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بە سەدان هاوڵاتیی ناوچەی دربێسی بە مەراسیمێکی شایستە تەرمی شەڕڤانی هێزەکانی عەلەوی ناوخۆیی شەهید ئەیاز عومەریان لە ئەنجومەنی کەسوکاری شەهیدان-ی دربێسی وەرگرت و بە کاروانێک بەرەو گۆڕستانی شەهید ڕوستەم جودی بەڕێکرد.[1]
دەرەوەی کوردستان
- ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاند، سوپای سووریا خاڵێکی چاودێری سوپای تورکیای لە گوندی سەرمانی باشووری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای ئیدلب گەمارۆ داوە، ئەمەش دوای ئەوەی هێزەکانی سوپای سووریا لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بە هاوکاری هێزەکانی ڕووسیا پێشڕەوی لە و ناوچەیە کردووە.[2]
- وێڕای هەڕەشەکانی سەرۆک کۆماری تورکیا بۆ داخستنی بنکەی سەربازی ئینجەرلیک - ئامەد،

له وڵاتەکەی کە لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکاوە بەکاردەهێنرێت، وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا پێنتاگۆن گرێبەستێکی بۆ دروستکردنی تەلارێک لە و بنکەیە لەگەڵ ژمارەیەک کۆمپانیای تورکی واژۆ کرد.[2]
- فراکسیۆنە کوردستانییەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بایکۆتی پرۆسەی دەنگدانیان لەسەر ماددەکانی 15 و 16ی پرۆژە یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق کرد. بە گوێرەی ناوەرۆکی ماددەی 15ی پرۆژەیاساکە، بازنەی هەڵبژاردن لە پارێزگاوە بچووک دەکرێتەوە بۆ قەزا و تێیدا یەکەم و زۆرینە سەردەکەوێت و سەرجەم دەنگەکانی دیکە دەفەوتێن.[2]
- سوپای نیشتیمانی لیبیا ڕایگەیاند، فڕۆکە جەنگیەکانیان زرێپۆشێکی تورکیایان لە تەرابلوس تێکشکاندووە.[4]
- وەلید موعەلیم وەزیری دەرەوەی ڕژێمی سوریا ئاشکرایکرد، کە ئەوان چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵ لایەنی تورک ئەنجامداوەو ڕاشیگەیاندووە: تورکیا لە باکورو ڕۆژهەڵاتی سوریا سوود لە ڕێککەوتنی لەگەڵ ڕووسیا وەردەگرێت و پاکتاوی ئەتنیکی پەیڕەو دەکات.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| شار و شارۆچکەکان: | خورماتوو |
| شار و شارۆچکەکان: | مەخموور |
| شار و شارۆچکەکان: | سەردەشت |
| شار و شارۆچکەکان: | ورمێ |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | چۆمان (باڵەکایەتی) |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامەد |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |

Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-24
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-12-24

[3] ⬤ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] 🖧 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 24-12-2019
[5] 🖧 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 24-12-2019
[6] 🖧 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 24-12-2019

کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01 6:58:05 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 357

**2019-12-25**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191101185805374873




باکووری کوردستان
- لە شاری وانی باکووری کوردستان قەدەغەی چالاکی و خۆپیشاندان کە سێ ساڵە بەردەوامە، 15 ڕۆژی تر درێژ کرایەوە.[2]
- سەڵاحەدین دەمیرتاش رایدەگەیەنێت، دەسەڵاتی ئاکپارتی تاوانبارترین دەسەڵاتی کۆماری تورکیایە و بۆ بەردەوامیدان بە دەسەڵاتەکەی، سەرجەم زیندانییە سیاسییەکان وەک بارمتە بەکاردەهێنێت. دەمیرتاش دووپاتیشدەکاتەوە، ئەردۆغان بڕیاری زیندانیکردنی بۆ دەرکردووە و ئەگەر تاهەتایەش لە زیندان بمێنێتەوە، داوای ئازادکردن لە ئەردۆغان ناکات.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هاووڵاتییەکی ئیلامی بە ناوی ئەحمەد شاهد کوڕی رەزا، لەلایەن دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە بە ساڵێک زیندانیی تەعزیری مەحکووم کرا و نابێ چالاکیی میدیایی هەبێت. دادگای ئینقلابی ئیلام، بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی حکوومەتی ئێران، ئەو حوکمەی بەسەر ئەو هاووڵاتییە کوردەدا سەپاندووە.[6]
- سێ هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی فەرامەرز فەتاح نژاد کوڕی فەتاح، شاپوور حەبیبی کوڕی عیسا و فەرزین رۆستەمی کوڕی عەلی، خەڵکی گوندی ئەویهەنگی سەر بە سنە، لە دەماوەند لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کران.[6]
باشووری کوردستان
- لەمڕۆوە تا 04-01-2020 پشووی فەرمیە لە باشووری کوردستان.[1]
- پرۆسەی جیاکردنەوەی دەنگەکانی ئەنجومەنی گشتی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دە بازنە کۆتایی هاتووە و لە چوار بازنەی دیکەش دەست بەجیاکردنەوەی دەنگەکان کراوە.[5]
- دەزگای خێرخوازی بارزانی بە هاوکاری رێکخراوی ئێل دی ئێسی ئەمەریکی پرۆژەیەکی تەندروستی رادەگەیەنن بۆ دابینکردنی پێداویستی پزیشکی بۆ نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان. لە قۆناغی یەکەمیشدا پێداوستی پزیشکی دەگەیەننە نەخۆشخانەکانی هەریر و باسرمە و دارەشەکران و پرۆژەکە بۆ ماوەی ساڵێک بەردەوام دەبێت.[4]
- بە پێی زانیاریەکان، کاتژمێر 12:00 هێرشێکی قورس بە چەکی قورسەوە بەرامبەر گوندەکانی گرێ سپی ئەنجامدراوە. داگیرکەران گوندەکانی شۆربە نیسک و بیرکەتی گرێ سپییان تۆپباران کرد.[2]
دەرەوەی کوردستان
- لە شاری فلۆرانس 'Rîseûp4 Rojava' دەستی بە کەمپینی بایکۆتکردنی کەلوپەل و خواردەمەنی تورکیا کرد. لە کۆڵانە قەڵەباڵخەکانی فلۆرانس پانکارت و بلاوکراوە بڵاوکرانەوە و بانگەوازی بۆ خەڵکی ئیتاڵیا کرا، بانکی یونیکرێدی، کۆمپانیای چەکی لیئۆناردۆ و کۆماپانیای چۆکۆلاتەی تورکی بایکۆت بکەن. پانکارتی نا بۆ شەڕ، لەم سەری ساڵەدا فەریرۆ بایکۆت بکەن' لە ناو کۆڵانەکان هەڵواسرا.[2]

- شەوی رابوردوو، خۆپیشاندانی بەرفراوان لە دیوانیە بەڕێوەچوو و خۆپیشاندەران بارەگاکانی حیزبی دەعوە و رەوتی حیکمە و عەسائیبی ئەهلی حەق و رێکخراوی بەدریان سووتاند.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئیلام
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-25
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2019-12-25
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردستان 24 - 2019-12-25
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی یوک میدیا - 2019-12-25
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردیا - 2019-12-25



کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01 6:58:05 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 358

**2019-12-26**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191101185805374874




باکووری کوردستان

- لە کەناراوەکانی عادلجەوازی بەدلیس-ی دەریاچەی وان، کەشتییەکی کۆچبەران نوقم بوو. تیمەکانی فریاکەوتن گەیشتنە شوێنی رووداوەکەو 64 کەسیان رزگار کرد، بەڵام 7 کەس گیانیان لەدەستدا. پارێزگاری بەدلیس رایگەیاند، کەشتییەکە کە پەنابەری پاکستانی و بەنگلادێشی و ئەفغانی هەڵگرتبوو، کاتێک نزیک بووەتەوە لە کەناراوەکە، نوقم بووە.[1]

رۆژهەڵاتی کوردستان

- کۆنسێرتی ئۆرکێسترای مەریوان کە بڕیار بوو ئەمڕۆ و سبەینێ، 5 و 6ی بەفرانبار بەڕێوە بچێت، لەلایەن ئەندامانی ئەو گرووپەوە بەو هۆیەوە کە ڕێکەوتی بەڕێوەچوونی بەرانبەر بوو لەگەڵ چلەی شەهیدانی خەزەڵوەر و بۆ ڕێزگرتن لەو شەهیدانە و بنەماڵەکانیان و هەموو خەڵکی مەریوان، هەڵوەشێندرایەوە.[6]

- بەپێی ڕاپۆرتی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدریی کوردپا، لە ماوەی رۆژانی رابردوودا، چوار هاووڵاتیی کورد لە پاوە بە ناوەکانی کەیهان عەزیزی، ئاشنا حەسەنزادە، سروش ئەمینی و ئەکبەر محەممەدی، بانگهێشت و لێپرسینەوەیان لێکراوە. ئەو چوار هاووڵاتییە کورد لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە هەڕەشەیان لێکراوە و پاش چەند کاتژمێرێک لێپرسینەوە، ئازاد کراون.[6]

- لە شارۆچکەی پیرانشاری سەر بە پارێزگای ورمێی رۆژهەڵاتی کوردستان، ژنێکی تەمەن 20 ساڵ بە ئاگر سووتا و گیانی لەدەستدا. ئەو ژنە گەنجە بەهۆی رێژەی زۆری سووتاوییەکەیەوە لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا، کەسوکارەکەشی دەڵێن، خۆی خۆی سووتاندووە.[1]

- چالاکێکی سیاسیی کورد بە ناوی عادل بەهرامی، خەڵکی کامیاران و دانیشتووی تورکیە، لەلایەن کاربەدەستانی ئەو وڵاتەوە دیپۆرتی ئێران کرایەوە.[6]

- دوکتور ناسر هیمەتی، دەروونناس، نووسەر و شاعیری ئیلامی، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە لە ئیسفەهان دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار راگوێزرا. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەو چالاکە کوردە بەهۆی ڕەخنەگرتن لە بارودۆخی کۆمەڵگە و پشتیوانی لە گیانبەختبووانی خۆپیشاندانەکانی مانگی خەزەڵوەر، دەسبەسەر کراوە.[6]

باشووری کوردستان

- بەرەبەیانی ئەمڕۆ، پرۆسەی جیاکردنەوەو هەژمارکردنی دەنگەکانی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەسەرکەوتووی کۆتاییهات و لیژنەی دادوەریش لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا ناوی ئەندامانی دەرچووی بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی راگەیاند.[2]

- لە کافێ نێتی مۆزەخانەی نیشتمانی ئەمنەسورەکە بە ئامادەبونی چەند کەسەیاتییەکی شارەزای مێژوویی ئەمرۆ وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی سەربە بەرێوەبەرایەتی رۆشنبیری و هونەری سلێمانی پانێلی دیرۆکی بابانەکان و پاراستنی یادەوەریمانی سازکرد.[2]

- سوپای فینلەدا لە راگەیێندراوێکیدا رایگەیاندووە، لە سەرەتای ساڵی داهاتوو هێزەکانی لە عێراق دەگوازێتەوە هەرێمی کوردستان و لە هەولێر جێگیریان دەکات.[3]

- بەهۆی ناجێگیری بارودۆخی ئەمنییەوە، لەکۆی 12هەزار خێزانی کریستیان لە کەرکوک تەنیا 1500 خێزان ماون، بۆ ئەمساڵیش وەکو هاوسۆزییەک بۆ خانەوادەی شەهیدانی خۆپێشاندانەکانی عێراق و ناجێگیری بارودۆخی ئەمنی، بڕیاریاندا هیچ جۆرە ئاهەنگێک نەگێرن، سەرۆکی ئەساقیفەی کەرکوک و سلێمانی دەڵێت ئەزموونی هەرێمی کوردستان سەرکەوتووە و پێویستە بۆ هەموو ناوچەکانی عێراق بگوازرێتەوە.[4]

- لە بازگەی دێگەڵە دەستبەسەر زیاتر لە 22 تۆن هێلکەی بەسەرچوودا گیرا و قائیمقامی شارۆچکەی ناوەندی هەولێریش داوا لە سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی کشتوکاڵ دەکات لیژنەیەک لەسەر ئاستی باڵا پێکبهێندرێت بۆ لێکۆڵینەوە لەو حاڵەتەو دەشڵێ ئەمە جاری یەکەم و دووەم نییە ئەو هێلکانە هاوردەدەکرێن.[3]

- پارێزەرانی شاری هەولێر، رایدەگەیەنن، ئەگەر داواکاری گشتی هەرێم وەڵامی یاداشتەکەیان لە بارەی راگرتنی زنجیرە فیلمە تورکییەکانەوە نەداتەوە، ئەوا هەنگاوی دواتریان بۆ ڕاگرتنی پەخشکردنی ئەو زنجیرە فیلمە تورکییانە، تۆمارکردنی سکاڵا دەبێت.[5]

- شەوی رابردوو، لەسەر رێگای نێوان سەیدسادق - هەڵەبجەی تازە مەیخانەیەک سوتا.[2]

- دوای ئەوەی ناوی دامەزراوانی پەروەردەی کەرکوک ئاشکراکران و پشکی زۆرینە بەر عەرەب کەوتبوو، تورکمانەکانی کەرکوک دژی کەمیی پشکەکانیان و پشتگوێخستنیان خۆپیشاندانیان کرد.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورکی داگیرکەر ناوچەی تل رەفعەت، کە بە هەزاران خەڵکی مەدەنیی تێیدا دەژیت، بە تۆپ و چەکی قورس تۆپباران کرد.[1]
- سوپای تورکی داگیرکەر و چەتەکانی، بە چەکی قورس هێرشیان کردووەتە سەر گوندی ئەریدای سەر ب ناوچەی عەین عیسا و تۆپبارانی دەکەن.[1]
دەرەوەی کوردستان
- سەرچاوەکان باس لەوەدەکەن، بەرهەم ئەحمەد سالح دەستی لەکارکێشاوەتەوە.[7]
- رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا لە لێدوانێکی لە ئەنقەرە رایگەیاند، لە 7 کانوونی دووەم، دوای رەزامەندی پەرلەمان، هێز بۆ لیبیا دەنێرین.[4]
- روانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ بڵاویکردەوە کە درەنگانی شەوی رابردوو کاروانێکی سەربازی تورکیا لە رێگەی دەروازەی سنووری کەفەر لووسین لە باکووری ئیدلبەوە چووەتە نێو سووریا، کە لە 85 ئۆتۆمبێلی سەربازی و زرێپۆش پێکهاتوون.[4]
- بەپێی هەواڵێکی سایتی سۆمەریەنیوز باری نائاسایی لەنێو هێزەکانی حەشدی شەعبی راگەیاندراوە وەک ئامادەکارییەک بۆ وو بەرووبونەوەی هەندێک لە جموجۆڵەکانی سوپای ئەمریکا.[8]
- گوتەبێژی سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا، ئیبراهیم کالن، رەخنەی لە وڵاتانی کەنداو گرت بە هۆی مامەڵەکردنیان لەگەڵ مەزلوم کوبانێ، فەرماندەی گشتیی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە). ئیبراهیم کالن رایگەیاند، وڵاتەکەی بێدەنگ نابێت لە ئاست ئە و دیدار و کۆبوونەوانەی لەگەڵ فەرهاد عەبدی شاهین ناسراو بە مەزلووم کوبانێ ئەنجام دەدرێن. گوتیشی: ئێمە هەندێک وڵاتی کەنداو دەبینین کە لەگەڵ مەزلوم کوبانێ کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی دژی تورکیا بەکاری بهێنن و ئەوە بە بێ وەڵام لە لایەن تورکیاوە تێناپەڕێت.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏣 پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
🏣 پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ پیرانشار - خانە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کامیاران
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ئیلام
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەیدسادق (شارەزوور)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ هەڵەبجە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ مەریوان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ بەدلیس
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ وان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ پاوە (هەورامان)

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-26
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-12-26
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-12-26
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-12-26
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-12-26
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-12-26
[7] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-12-26

کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01 6:58:05 PM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 359

**2019-12-27**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191101185805374875



باکووری کوردستان
- بە پێی ناوەندی بوومەلەرزەزانی لە ناوچەی سویرجەی شاری خارپێت کاتژمێر 10:02 بە قوڵاتی 7 کیلۆمەتر لە ژێر زوقیەوە بوومەلەرزە روویداوە. بە ئەنجامەکان زیانی گیانی دروست نەبووە. لە دیلۆک، مەڵەتی، ئامەد، ئەرزەرۆم و روحاش هەستپێکراوە. لە لایەکی ترەوە راگەیەنرا، بوومەلەرزەکە هێزەکەی 5.1 بووە و 3، 8 کیلۆمەتر لە قوڵاتی زەویدا بووە. بوومەلەرزەکە ترسێکی زۆری لەناو خەڵکدا دروست کردووە و هاوڵاتیان ماوەیەکی زۆر لە کۆڵانەکان مانەوە.[1]
- لە کۆڵانی گەڤرانی گەڕەکی ئۆفیسی ناوچەی یەنیشەهیری ئامەد ژنێک بە ناوی دەنیز، ک. کە لە بینایەک دەژیا بە هۆی هێرشی چەکداریەوە کوژرا. راگەیەنرا کاتێک منداڵە ساڵ و نیوەیەکی لە باوەشدا بووە، دەنیز، ک. کوژراوە.[1]
- لە شارەوانی ناوچەی قەرەیازی، تاتۆس و قەرەقۆچانی ئەرزەرۆم 15 ئەندامی ئەنجومەنی هەدەپە لە لایەن رژێمی ئەنقەرەوە لە پۆستەکانیان دوورخرانەوە.[1]
- لەسەر بڕیاری پارێزگاری جوڵەمێرگ هاتوچۆ لە پێنج ناوچەی پارێزگاکە قەدەغە کرا، ماوەی قەدەغەکە 15 رۆژ دیاریکراوە لەو هەرێمانە کە ناویان نراوە هەرێمی ئاسایشی تایبەت.[4]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- کاسبکارێکی کورد بە ناوی سەعدی سەفایی، خەڵکی دیواندەرە، لە جادەی ئەندیمشک بە تەقەی هێزە نیزامییەکان گیانی لەدەست دا. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، هێزە نیزامییەکانی حکوومەت لە کاتێکدا تەقەیان لەو کاسبکارە کوردە کردووە کە ناوبراو هیچ جۆرە شتومەکێکی قاچاخی پێ نەبووە.[7]
باشووری کوردستان

- گەنجێکی دانیشتووی خانەقین تەرمەکەی لە نێو ئاوی رووبارێکدا دۆزرایەوە و پێش فڕێدانی بۆ نێو ئاوەکە بەچەند گوللەیەک کوژراوە.[2]
- لەناوچە شاخاوییەکانی سنووری شارۆچکەی ئامێدی لە پارێزگای دهۆک، تا کاتژمێر 11:00ی ئەمرۆ، 40 سانتیم بەفر بارییوە.[2]
- بوومەلەرزەیەک بە گوڕی 3.2 پلەی ڕێختەر بە دووری نۆ کیلۆمەتر لە قەڵادزێ روویدا و هاونیشتمانییان هەستیانپێکردووە.[6]
- لە رێگەی چەند گوللە کاتیۆشایەکەوە سەربازگەی کەیوان لەخۆرئاوای شاری کەرکوک کرایە ئامانج، هێزە ئەمنیەکانیش دەڵێن: دەست بەسەر ئەو ئۆتۆمبێلەدا گیراوە کە بۆردومانەکەی ئەنجامداوە.[2]
- لەماوەی چل و هەشت کاتژمێردا (40)سم بەفر لە حاجی ئۆمەران و رێگای هاملتۆن بارییوە، کۆی گشتی بەفربارین لەگەل هاتنی وەرزی زستان تائێستا گەیشتۆتە (70)سم، ئەم شەپۆلەی سەرماوسۆڵە پلەکانی گەرمای بۆ 7 پلەی ژێرسفری سیلیزی دابەزاندووە، جووتیارانیشی لەدڵەڕاوکێی وشکەساڵی و کەمئاوی رزگارکرد.[3]
- ئێوارەی ئەمرۆ جارێکی دیکە، بەفربارین رێگەی زینی وەرتێی داخست و هاتوچۆی لەنێوان سنووری راپەڕین و ناوچەکانی سۆران و ڕواندز و چۆمان لەو ڕێگایەوە وەستاند.[3]
رۆژئاوای کوردستان
- لە دێرک بە هەزاران کەس بەشداریان لە پرسەی شەهید محەمەد حەمۆ بە نازناو سیپان عەفرین کرد.[1]
- ئەمەریکا هەوڵەکانی چڕ کردووەتەوە بۆ ئەوەی لایەنە ناکۆکەکانی کورد لە رۆژئاوای کوردستان بگەنە رێککەوتن و بەیەکەوە ئیدارەیەکی هاوبەش دروووست بکەن و گوتاری سیاسییان یەکبخەن و نوێنەرایەتی خۆیان بۆ کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە پرسی سووریا یەکبخەن.[3]
- سوپای داگیرکەری تورک و چەتەکانی ناوچەی تل رەفعەت و گوندێکی عەین عیسایان بە تۆپ و چەکی قورس تۆپبارانکرد.[4]
- کاروانێکی سەربازی ئەمریکا کە دەیان بارهەڵگری کەلوپەلی سەربازی و لۆجیستی لەخۆگرتووە سنورەکانی هەرێمی کوردستانی بەرە و پارێزگای حەسەکە بەڕێوەچوو.[2]
دەرەوەی کوردستان
- 170 ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق نامەی دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆک کۆماری عیراق رەتدەکەنەوە. لە بەیاننامەیەکدا ئەندامانی ئەنجومەن رایانگەیاند: ئێمە ئەو ئەندامانەین کە ئیمزامان لەسەر تایبەتمەندییەکانی سەرۆک وەزیرانی پێشوو کردوە، وە دوای ئەوەی نامەی دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆک کۆمارمان بینی کە ئاڕاستەی ئەنجومەنی نوێنەران کراوە، ئێمە بەتەواوی ئەو داوایە رەتدەکەینەوە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: رانیە (راپەڕین - پشدەر)
شار و شارۆچکەکان: رواندز

شار و شارۆچکەکان: ◯ سۆران
شار و شارۆچکەکان: ◯ دیواندەرە
شار و شارۆچکەکان: ◯ حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد
شار و شارۆچکەکان: ◯ ئەرزەروم
شار و شارۆچکەکان: ◯ روحا
شار و شارۆچکەکان: ◯ خانەقین
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-27
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-12-27
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-12-27
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-12-27
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2019-12-27
[6] ڕووبەڕوو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2019-12-28

کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01 6:58:05 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 360

**2019-12-28**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191101185805374876




باکووری کوردستان
- بە بۆنەی ساڵیادی کۆمەڵکوژیی ڕۆبۆسکی کە لە 28-12-2011 لە لایەن فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورکەوە ئەنجامدرا و تێیدا 34 ڕۆڵەی کورد کۆمەڵکوژ کران، لە گوندی ڕۆبۆسکی مەراسیمێکی یادکردنەوە بەڕێوە چوو.[1]
- داواکاریی خانەوادەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان و کەسوکاری گیراوانی سیاسی بۆ سەردانکردنی دوورگەی ئیمراڵی، لەلایەن داواکاری گشتیی بورساوە ڕەتکرایەوە.[7]
باشووری کوردستان
- ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرس ڕایگەیاند بەهۆی کەوتنە خوارەوەی موشەکێک لە سەربازگەی کەیوان (K1) لە باشوری ڕۆژئاوای شاری کەرکوک کارمەندێکی گرێبەستی ئەمریکی لەو سەربازگەیە کوژرا.[1]
- هەشتەمین کۆنگرەی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە هەولێر بە بەشداری 900 ئەندام

دەستی بەکارەکانی کرد و سەلاحەدین بەهادین جارێکی دیکە وەک ئەمینداری گشتی یەکگرتوو هەڵبژێردرایەوە.[2]
- لەناوچە شاخاوییەکانی سنووری شارۆچکەی ئامێدی لە پارێزگای دهۆک بەفربارین بەردەوامی هەیە. بەپێی سەرچاوە کەشناسییەکان لە سنوری شارەدێ کانی ماسێ سەر بە شارۆچکەی ئامێدی زیاتر لە 50 سم بەفر باریوە.[3]
- ئەمرۆ لە هۆڵی بۆنەکان لە شارۆچکەی سەیدسادق، مەراسیمێک لەلایەن رێکخراوی کوردیۆ بۆ خەڵاتکردنی 203 کەسایەتی ساڵی 2019 لە شارو شارۆچکەکانی، سلێمانی، دەربەندیخان، هەڵەبجە، سەیدسادق، شارەزوور و گەرمیان. ئەو 203 کەسایەتیە وەک کەسایەتی ساڵ دەستنیشان کران لە بوارەکانی راگەیاند، بەڕێوەبەری فەرمانگە و خوێندنگاکان، شاعیر و نوسەر.[7]
- بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی رەوشی ئەمنی و دوای زیاتربوونی کردەوەکانی داعش، هێزێکی سەربازی سوپای عێراق رەوانەی سنووری کەرکوک کران. ئەمەش لە کاتێکدایە، لە هێرشەکەی سەر سەربازگەی (کەی1)، بەڵێندەرێکی ئەمەریکی کوژرا و ژمارەیەک ئەندامی هێزی سەربازی ئەمەریکا و عێراقیش برینداربوون.[5]
- لەلایەن لیژنە هاوبەشەکانی قائیمقامیەتی سلێمانییەوە و بەهۆی هەبوونی دەرمانی ماوەبەسەرچوو دەرمانخانەی دایک داخرا.[6]
- ئەمرۆ لە شارەدێی رزگاری (تۆپزاوە)ی سەر بە شارۆچکەی خەبات لە سنووری پارێزگای هەولێر، پیاوێک بە فیشەک هاوسەرەکەی خۆی کوشت.[7] قوربانییەکە ناوی ئاواز عەبدوڵلا یە و لەدایکبووی 1971ە کە نزیکەی 30 ساڵە هاوژینی یەکدین.[4]
- بەمەبەستی خستنەڕووی داتای پێشێلکاریی و داواکاری پێکهاتەکانی دەشتی نەینەوا لە شاری هەولێر کۆنفرانسێک بەڕێوەچوو.[3]
- ئەمرۆ لە رێورەسمێکدا لە شاری سلێمانی بەبەشداری ژمارەیەکی زۆر لەهونەرمەندان و هونەر دۆستان یادی رۆژی جیهانی سینەما کرایەوە. هاوکات لەمەراسیمەکەدا لەپای ئەنجامدانی کارە هونەرییەکانیان خەڵاتی رێزلێنان بەخشرایە هەریەک لەهونەرمەندان (ئازاد پێنجوێنی، رۆژان محەمەد، شەونم محەمەد، ناز ساڵەح و کرمانج فەرەج).[6]
- چەند حاڵەتێکی ئەنفلۆوەنزای بەراز لە پارێزگای سلێمانی تۆمارکراوە و بۆ رێگریکردن لە زیاتر بڵاوبونەوەی پەتاکە چەندین رێککار گیراونەتەبەر.[5]
رۆژئاوای کوردستان
- شەهید سدیق رەمەزان ناسراو بە جودی ملیتان کە لە 25ی تشرینی دووهەم لە سەرێکانی شەهید ببوو، بە مەراسیمێکی شایستە بە بەشداری هەزاران هاوڵاتی لە قامشلۆ بەخاک سپێردرا.[1]
دەرەوەی کوردستان
- وەزیری دەرەوەی ئەمریکا رایدەگەیێنێت، خەڵکی ئێران مافی خۆیەتی پرسە بۆ ئەو قوربانییانە دابنێت کە لەلایەن خامنەییەوە کوژراون و رژێمی ئێران لە خەڵەکەکەی خۆی دەترسێت.[4]
- قەیس خەزعەلی، سەرکردەی گروپی عەسائیب ئەهلی حەق، هەڕەشەی لە بەرهەم ساڵح، سەرۆک کۆماری عێراق کرد بەهۆی رەتکردنەوەی راسپاردنی کاندیدی هاوپەیمانی بینا بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی عێراق. قەیس خەزعەلی، هێرشی کردە سەر بەرهەم ساڵح و رایگەیاند، ئەنجێندای ئەمریکا پیادە دەکات کە یان دەبێ دەستلەکاربکێشێتەوە یان لەکارلادەبرێت.[5]
- کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤ لە عیراق لە راگەیەنراوێکدا، ئەوەی ئاشکراکردووە لە سەرەتای خۆپیشاندانەکانەوە لە مانگی تشرینی یەکەمی رابردووەوە تا ئێستا، 166 خۆپیشاندەر رفێنراون یان چارەنووسیان نادیارە، داواشی لە دەزگا ئەمنییەکان کرد چارەنووسی دەستگیرکراوەکان، ئاشکرا بکات.[6]
- میدیا رۆژئاوایی و عەرەبییەکان بڵاویانکردەوە، تورکیا ئامادەکاری دەکات، بۆ ئەوەی هێزی سەربازی پیادە، دەریایی و ئە و گروپە چەکدارانەی سووریا بۆ لیبیا دەکات، کە فەرمان لە ئەنقەرە

وەردەگرن، ئەمەش وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ داواکاری حکوومەتی ویفاقی لیبیا، کە داوای لە ئەنقەرە کردووە لە دژی هێزەکانی حەفتەر پشتیوانی سەربازی بکات.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان
شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا
شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 28-12-2019
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 28-12-2019
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 28-12-2019
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 28-12-2019
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 28-12-2019
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 28-12-2019


کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01 6:58:05 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 361

**2019-12-29**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191101185805374877




باکووری کوردستان
- عەدنان تۆپچوو هاوسەرۆکی شارەوانی ناوچەی کۆپی مووش کە لە لایەن رژێمی ئاکەپەوە دەستگیرابوو لە مووشەوە بەرەو مەراش دوورخرایەوە.[1]
باشووری کوردستان
- عەمید سامان تاڵەبانی، بەرپرسی هەمئاهەنگیی نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق، کرایە فەرماندەی فیرقەی ئاڵتوونی دژەتیرۆری عێراق و شوێنی فازڵ بەرواریی گرتەوە.[3]
رۆژئاوای کوردستان
- لە نزیک ناوچەی عەین عیسا لە نێوان گروپە چەتەکانی سەر بە دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و هێزەکانی رژێمی سوریا شەڕ و پێکدادان روویدا.[1]
- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و چەتەکانی دوای ئەوەی هێرشیان کردە سەر گوندەکانی بیرکەتیک و کۆپرلیکی گرێ سپی، هێرشیان کردە سەر گوندی سەلیبێی ئەو ناوچەیەیش. هەروەها گوندەکانی مەراناز و ئەلقاسمیەی ناوچەی شەرای عەفرینیش بە سەختی تۆپباران دەکرێن.[1]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا رایگەیاند، هێزەکانیان هێرشێکی ئاسمانیان بۆسەر پێنج بنکەی کەتاییب حیزبوڵڵا لە سووریا و عێراق ئەنجامداوە.[2]
- شانەی راگەیاندنی ئەمنی عێراق، رایگەیاند، لە ئاکامی بۆردومانی فڕۆکەکانی ئەمەریکا بۆ سەر بارەگای لیوای (45)ی حەشدی شەعبی لە قائیم (4) چەکداری حەشد کوژران و (30)ی دیکە بریندار بوون.[4]
- ئەمرۆ روانگەی سوری بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاند، کە تا ئێستا 300 چەتەی دەوڵەتی تورک خۆیان گەیاندووەتە لیبیا و هەزار چەتەی دیکەش کە لە ئێستادا لە بارەگاکانی سوپای تورک پەروەردە دەبینن، چاوەڕێ دەکەن بگوازرێنەوە لیبیا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
شار و شارۆچکەکان: موش
شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 29-12-2019
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 29-12-2019
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 29-12-2019

کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01 6:58:05 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 362

**2019-12-30**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191101185805374878



باکووری کوردستان

- پارێزگاری ڕژێمەکەی ئاکەپەی شاری دیلۆک 48 ناوچە کە دەکەونە سەر سنووری باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا، بۆ ماوەی 15 ڕۆژ وەکو 'ناوچەی تایبەتی ئەمنی' ڕاگەیاند.[2]

باشووری کوردستان

- کۆچی دوایی ئەکتەر و پێشکەشکاری دیاری کوردستان، ئاسۆ عومەر سوارە بە نۆبەی دڵ لە سلێمانی.[1]

- دوای ئەوەی ئاسایشی سلێمانی سینەما سالمی ئاگادارکردەوە کەنابێت ئەو فیلمە نمایش بکرێت، لە ڕاگەیەندراوێکدا، سینەما سالم ئەو کارەی ئاسایشی بە مامەڵەیەکی میلیتاری ناوبرد و ڕاشیگەیاند: ئاسۆکانی ئازادی ڕادەربڕین و فەزای گشتی تاریکتر دەکات.[2]

- سامان بەرزنجی، وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ نوێنەرانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لەبارەی بڵاوبوونەوەی ئەنفلۆنزای وەرزیH1N1 لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەڤانی لە شاری هەولێر ڕایگەیاند، سێ نەخۆشی هەڵگری ڤایرۆسی H1N1 کە دووانیان خەڵکی موسڵ و شرگات و نەخۆشێکی دیکەیان خەڵکی سووریا بووە هاتوونەتە هەرێمی کوردستان و بەهۆی ئەوەی بەتووندی توشی ئەنفلۆنزابووبوون گیانیان لەدەستداوە.[4]

- هاوڵاتیانی کەمپی پەنابەرانی شەهید ڕۆستەم جودی لە مەخمور، بە خۆپیشاندانێکی فراوان گۆشەگیری سەر عەبدوڵلا ئۆجەلان ڕێبەری پەکەکە و هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیان ئیدانە کرد.[5]

- ئێوارەی ئەمڕۆ لە ناو بازاڕی شارۆچکەی کفری سەربە ئیدارەی گەرمیان، بەشێک لە چالاکوانانی شارۆچکەکە، هەڵسان بە کردنەوەی پێشانگایەکی فۆتۆگرافی، بۆ نیشاندانی درندەیی و داگیرکارییەکانی دەوڵەتی تورک لەسەر ڕۆژئاوای کوردستان و وێنەی بریندارن و قوربانیانی چەکی فسفۆڕ. زۆربەی وێنەکان پێکهاتبوون لە بریندارن و قوربانیانی مەدەنی هاوڵاتیانی ڕۆژئاوای کوردستان، لە بەرکەوتووانی چەکی فسفۆڕ و کیمیاوی.[5]

ڕۆژئاوای کوردستان

- هاوڵاتییانی شاری حەسەکە و گوندەکانی دەوروبەری، تەرمی سێ شەهیدی قەسەدە بە ناوەکانی ئالان دەروێش، نەجدەت حەمادە و جاسم ئەل-لوێد-یان بە مەراسیمێکی شایستە لە گۆڕستانی شەهید دژوار لە گوندی داودییە، بەخاک سپارد.[2]

دەرەوەی کوردستان

- عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی کاربەڕێکەری عێراق هۆشداریدا لەدەرەنجامە خراپەکانی ئە و هێرشەی کە هێزەکانی ئەمریکا کردیانە سەر یەکەیەکی حەشدی شەعبی لە شاری قائیم و دەشڵێت :ئە و هێرشەی ئەمریکا مەترسدارە.[3]

- دوای هێرشەکانی ئەمریکا بۆ سەر بارەگای دوو لیوای حەشدی شەعبی لە خۆرئاوای عێراق، بەرپرسانی ئەمریکا جارێکی تر هەڕەشەی گرتنەبەری ڕێگەی تر دەکەن لەدژی حەشد.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د |
| پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ کەلار (گەرمیان) |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ کفری |

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ موسڵ و دەشتی نەینەوا
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ ئەنتاب - دیلۆک
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ حەسەکە
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ⬤ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 30-12-2019
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 30-12-2019
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 30-12-2019
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 30-12-2019

کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01 6:58:05 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 363

**2019-12-31**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191101185805374879




باشووری کوردستان
- دوای ئەوەی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە، ئاماژەیان بە مانەوەی شەش ژێرزەمین کرد کە هێشتا کاریگەریی چەکی کیمیاییان لەسەر ماوە جێگری پارێزگاری هەڵەبجە دەڵێتئەو ئەنجامانەی کە لایەنە نێودەوڵەتییەکان ڕایانگەیاندووە، دەربدەخەن ژینگەی هەڵەبجە مەترسی لەسەر نەماوە، بەڵام نازانین ئەو ژێرزەمینانە لەکوێن کە باس لە ژەهراویبوونیان دەکرێت.[3]
- ئەمڕۆ دووجار لەسەر یەک فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیا بۆردومانی پاوانی گوندی کێستەیان لە سنووری ناوچەی بەرواری باڵا کرد و زیانی ماڵی بەر خانووبەرەی هاووڵاتیان لە ناوچەکە کەوت.[4]
- بۆ ڕێگریکردن لە کارەکانی بەڕێوەبەری شارەوانی نوێی کەرکوک، کە دوو ڕۆژە بە بڕیاری بەنگین ڕێکانی، وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێبوون و شارەوانیەکانی عێراق دەستبەکاربووە، هێزێکی ئەمنی گەمارۆی شارەوانی کەرکوکیان داوە.[4]
- بارودۆخی ئەمنی کەرکوک وەک هاوڵاتیانی کەرکووک دەڵێن: ساڵ بەساڵ بەرەو خراپی زیاتر دەچێت، بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی کەرکووک، لەماوەی ساڵی 2019دا، هەزار و 668 ڕووداوی ئەمنی ڕوویانداوە، لەدوای 16ی ئۆکتۆبەریشەوە 25 هەزار خێزانی عەرەب لە ناوچە جیاوازەکانی عێراقەوە هاوردەی کەرکووک کراون.[4]
- لە شاری سلێمانی لە مزگەوتی حاجی محەمەدی کۆڵەک، پرسەی هونەرمەند ئاسۆ عومەر سوارە بەڕێوەچوو، ئەم پرسەیە بە یەک لە گەورەترین پرسەکانی شاری سلێمانی دادەنرێت لە

رووی ئاپۆڕای سەردانکەرانی پرسەکەوە.
ڕۆژئاوای کوردستان
- دوا نیوەڕۆی ئەمڕی لە کاتژمێر 15:55 خولەک سوپای تورکی داگیرکەر گوندەکانی مالکییە و مارانازو سۆخانەک و عاقیبی سەر بە ناوچەی شێراوا و شەڕای تۆپباران کرد.[2]
- ئەمڕۆ دوای ئەوەی دەوریەی هاوبەشی روسی - تورکی لە نێوان گوندەکانی عالیا و لەیلان گەڕا و تێپەڕی، سوپای داگیرکەری تورک و چەتەکانی گوندی ئوم خیر سەربە تل تەمریان تۆپباران کرد. لە ئەنجامی ئەو تۆپبارانانەدا، زیانێکی زۆر بە ماڵ و موڵکی هاوڵاتیان کەوت.[2]
دەرەوەی کوردستان
- هەوادارانی حەشدی شەعبی هێرشیان کردەسەر باڵوێزخانەی ئەمریکا لە ئێراق و پرسگەکەیان سووتاند. ئەم رووداوە باری ناوخۆیی ئێراقی بەتەواوەتی تێکدا و ترەمپیش رایگەیاند کە ئێران لەم کارەدا تاوانباری یەکەمە.[1]
- بەرهەم ساڵح، سەرۆک کۆماری عێراق گوتی: عێراق لەرووی ئەمنی و سەروەرییەکەی و ئایندەی گەلەکەیەوە، رووبەڕووی تەحەدیاتی مەترسیدار کراوەتەوە. ئەم گوتانەی سەرۆک کۆماری عێراق لە بەیاننامەیەکدا هاتوون و دووپاتیکردەوە، هەڵکوتانە سەر باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا پێشێلکردنی پرەنسیپ و رێککەوتنە نێودەوڵەتییەکانی عێراقە.[4]
- وەزیری بەرگری تورکیا، خلووسی ئاکار، رایگەیاند، وڵاتەکەی دەستی بە ئامادەکاری کردووە بۆ ناردنی هێزی سەربازی بۆ لیبیا.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ هەڵەبجە
🏙 شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ئەفرین
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ⬤دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-31
[3] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-12-31
[4] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-12-31

کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01 6:58:05 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---